# مەلا تایەری یاروەیسی جاف

دیرۆکی هەشتا و پێنج ساڵ تەمەن

دەزگای فام
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
FAMpublication
بەڕێوەبەری گشتی: سەنگەر زراری

مافی چاپ و بڵاوکردنەوەی بۆ **نووسەر** پارێزراوە.

**چاپی یەکەم - ٢٠٢٠**

# مەلا تایەری یاروەیسی جاف

دیرۆکی هەشتا و پێنج ساڵ تەمەن

ئامادەکردنی

**سەرحەد یونس محەمەد**

بابەت: **بیرەوەری**

**پێوانە**

١٣.٥*٢١سم (٤٦٤) لاپەڕە

**پێداچوونەوە و لێکۆڵینەوە لە بەروارە مێژووییەکان:**

- ئەندازیار عەبدولڕەحیم مەلا تاهیر یاروەیسی
- ئالان شەوکەت حاجی مشیر

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان، ژمارە سپاردنی (٤٥٧)ی ساڵی ٢٠٢٠ی پێ دراوە.

# مەلا تایەری یاروەیسی جاف

## دیرۆکی هەشتا و پێنج ساڵ تەمەن

ئامادەکردن

**سەرحەد یونس محەمەد**

# ناوەڕۆک

**ناوەڕۆک............................................................................................ ٥**

**پێشەکی.............................................................................................. ٢٠**

## بەشی یەکەم

## گوندی تەپی سەفا و مەلا تایەری یاروەیسی  لە دیدی هاوڕێ و دۆست و ناسراوەکانییەوە.............................................................. ٢٦

وتەی مامۆستا مەلا تایەر بامۆکی.................................................................... ٢٨

وتەی مامۆستا ڕزگار حەسەلیم حەیدەر.............................................................. ٣٢

وتەی مامۆستا مەلا حەسەن شەمێرانی ............................................................. ٣٦

وتەی دکتۆر تەها تاهیر زەڵمی......................................................................... ٣٨

وتەی مامۆستا جەمال عەبدولجەبار (ئاکام)....................................................... ٤٢

وتەی ئامانج شێخ ناجی شێخ عەلائەدین نەقشبەندی............................................ ٤٤

وتەی مامۆستا سەلاحەدین محەمەد بەهائەدین................................................... ٤٧

## بەشی دووەم

## ڕەچەڵەکی مەلا تایەر یاروەیسی  لەگەڵ قۆناغی منداڵی و خوێندنی.... ٥٠

* مەلا تایەر کێیە، کەی و لە کوێ لەدایك بووە؟.................................................. ٥٢

* تۆ هەموو جار باسی میمکە ڕەعنات ئەکەیت، واتە پورە ڕەعنا خوشکی دایکت لە جێگای دایکت بووە، ئایا دایکی خۆت بینیوە، یان تۆ مناڵ بویت، ئەو کۆچی دوایی کردووە؟.................................................................................................. ٥٢

* میمکە ڕەعنات چەند مناڵی هەبوون؟.............................................................. ٥٣

* هۆزی یاروەیس و نەوە و وەچەکانی مەحمودی یاروەیس کێن و لە چ شوێنێك نیشتەجێن، بۆچی پێتان ئەوترێت کەڵئاشی؟.................................................... ٥٣

* هەموو جار باسی مەحمودی یاروەیس دەکەیت، کە کوڕی ناودار و دەستڕۆشتووی

باوە یاروەیس بووە، حەز ئەکەم خۆم و خوێنەرانیش زیاتری لەبارەوە بزانین؟.......... ٦٩
* باس لە هاوڕێیەتی و خزمایەتی کاك ئەحمەد مەجزووب پریسی و مەحمودی یاروەیس دەکرێت کە نێوانیان خۆش بووە و هەردوکیشیان لەگەڵ حەزرەتی مەولەوی و میرزا یەعقوبدا برایەتییان گەرم بووە، وەکو بزانیت ئەو پەیوەندییە چۆن بووە؟...... ٧١
باسی شەهید بوونی عەبدولڕەحمانی مەحمودی یاروەیس........................................ ٧٥
* باس لەوە دەکرێت کە کوڕێکی مەحمودی یاروەیس بە ناوی عەبدولڕەحمان لەلایەن هیدایەتی کوڕەزای شێخ عوسمانی تەوێڵەوە بە کوشتنی هەڵە شەهید بووە، ئەو ڕووداوە چۆن بووە؟ ........................................................................................ ٧٥
* ئایا حاجی مەحمودی یاروەیس خۆی دەستی شیعر نووسینی هەبووە؟................ ٧٩
* ئایا مەحمودی یاروەیس لە شاری هەڵەبجە موڵکی هەبووە؟................................ ٨١
* کەی گوندی تەپی سەفا ئاوەدان کراوەتەوەو ناوەکەی لە چییەوە هاتووە؟.......... ٨١
* جافەکان بە چ تۆمارێك وەکو هاوڵاتی عێراقی قەید کراون؟ ............................... ٨٥
* باس لە شەهید بوونی (مامە حەمە) مامەی باوکتان دەکرێت لە شەڕی ڕووسدا()، ئەو ڕووداوە چۆن بووە؟ ........................................................................................ ٨٥
* تۆ کە زەمەنێك لە دوای داگیرکردنی عێراق لە لایەن بەریتانیانەوە لە دایك بوویت، هیچ شتێکت لە بیر ماوە کە باوکت سەبارەت بە هاتنی ئینگلیز باسی کردبێت:......... ٩١
* کەی خرایتە بەر خوێندن، ئایا لە قوتابخانەی دەوڵەتدا خوێندووتە یان لە حوجرەدا؟ ٩٣ ........................................................................................................
* ئێوە کە بە عەرەبی دەتانخوێند، ئەی چۆن زمانی کوردی فێر دەبوون، خۆ کتێبەکانی ئەو سەردەمە هەموو عەرەبی و فارسی بوون؟........................................... ٩٤
* تۆمارتان چۆن دروست دەکرد، وە بەچی دەتاننووسی؟........................................ ٩٤
* شێوازی مۆڵەت پێدانی زانستی و بوون بە مەلا چۆن بوو؟ هەروەها ناوی ئەو قوتابی و مامۆستایانەت لە یاد ماوە کە لە مەدرەسەکەی تەپی سەفا پێکەوە بوون؟.............. ٩٥
* مەلا مەحمودی کەلجی کێ بوو؟................................................................... ٩٦
* مامۆستا مەلا کەریمی سەدباری خەڵکی کوێ بوو؟ .......................................... ٩٧
* ئەم گۆڕستانەی سەر گردی تەپی سەفا گۆڕی کێی لێیە کە ناودار و مەلا و شێخ بێت؟ ........................................................................................................ ٩٧
* مامۆستا مەلا حەمەئەمینی شانەزەر کێ بوو؟...................................................... ٩٨
* بۆچی نەچویتە قوتابخانەی میری، خۆ ئێوە خاوەن موڵك و دەسەڵاتدار بوون، یان هۆکاری وازهێنانت چی بوو لە قوتابخانە؟ ........................................................... ١٠٠

* ئەو کاتەی تۆ لەویَ دەتخوێند هەڵەبجە چەند گەڕەك بوو، وە ئایا کارەبای هەبـوو؟ ......................................................................................................... ١٠١
* دواتر پەشیمان نەبوویت لەو وازهێنانەت، کە تۆ قوتابییەکی وا زیرەكو سـەرکەوتوو بویت، ئەگەر بەردەوام بوویتایە دڵنیـام شـانت دەدا لە شـانی کەسـانێکی وەکـو دکتـۆر مستەفا زەڵمی، کە ئەو بە کوێرەوەری و کەمدەستی خوێندنی تەواو کرد و بە پلەکـانی زانستدا سەرکەوت؟ ........................................................................................ ١٠١
* کاتێ قوتابخانەی (پەڕۆ) ت لە هەڵەبجە بەجێهێشت و هاتیتەوە بۆ تەپی سەفا، چیـت کرد، دەستت کردەوە بە خوێندن، یان هەر یارمەتی باوکت ئەدا؟ ........................١٠٨
* ئەی دواتـر پەیوەنـدیت کـرد بە هـیچ مەدرەسـەیەکی تـری شـەرعییەوە لە شـوێن و جێگاکانی تری کوردستان، یان هەر ئەوەت بەس بوو کە لە تەپی سەفا خوێنـدبووت؟ ...........................................................................................................١٠٨
باسی مەلا ئەحمەدی کۆڵەسار ......................................................................... ١٠٩
* باسـی مەلا ئەحـمەد ناوێکـت دەکـرد کە لە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتانەوە هـاتووەتە گوندی تەپی سەفا، ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی کۆماری مهاباد بـووە، ئەو زاتە کـێ بوو، بۆچی لەویَ مایەوە و دواتر چی بەسەر هات؟ ...............................................١٠٩
* ئەی چۆن هەواڵی مەلا ئەحمەدتان زانی کە گەیشتووەتە نوگرە سەلمان؟ ........... ١١١
* ئەی ئێوە لێتان پرسی چۆن ڕزگاری بووەو ئازاد کراوە؟ .................................. ١١٢
* دوای ئەوەی مەلا ئەحمەد گەڕایەوە بۆ ئێران، هیچ پەیوەندییەکی پێـوە کـردن، یـان ئێوە چۆن هەواڵیتان زانی کە لە تارانەو پۆستی وەرگرتووە؟ ................................... ١١٦
* مامۆستا مەلا مەعـروف سـلێمان یـان مەلا مـارف کێـیەو لە کەیەوە هـاتووەتە تەپـی سەفا؟ ........................................................................................................... ١١٨
* کێ خەرجیو پیتاکی مەدرەسە شەرعییەکەی گوندی تەپی سەفای لەئەستۆ گرتبوو؟ ........................................................................................................... ١١٩
باسی بڵاو بوونەوەی ڕەوتی ئیخوان موسلیمین ...................................................... ١٢٠
* ئایـا ئێـوە هەسـتتان بەوە دەکـرد کە ڕەوت و بزاوتێکـی نـویَ بە نـاوی ئیخـوان موسـلیمینەوە، لە مزگەوتەکـانی تەپـی سـەفاوە خەریـك بـووە چەکەرە بکـات و بەناوچەکەدا بڵاو بێتەوە؟ ........................................................................................ ١٢٠
* ئایا مامۆستا شێخ عەزیز پارەزانی لە تەپی سەفا زەماوەندی کردووە؟ ................ ١٢٣
* مامۆستا مەلا مارف ماوەیەك گوندی تەپی سەفای بەجێ هێشتووە، لەو مـاوەیەدا بـێ مەلا مانەوە یان لە شوێنو جێگای ترەوە مەلاتان بۆ هات؟ .................................. ١٢٤

* مامۆستا سەید نەجمەدین تەها خەڵکی کوێ بوو، وە ئایا کاتێ هاتە تەپی سەفا خێزانی هەبوو، وە تا کەی لەوێ مایەوە؟ ............ ١٢٥
* نەخۆشی چاوە قووڵە چی بوو؟ ............ ١٢٦
* بۆ چارەسەری نەخۆشی ڕووتان لە کوێ دەرکرد؟ ............ ١٣٠
* وەکو بیرت مابێت خەڵکی جولەکە هەبوو لە نێو ئەو کەسانەی کە لە ماڵی ئێوەدا کاریان دەکرد؟ ............ ١٣٠
* ئایا مەحمود کوڕی پورە ئەمنەی ئەحمەدی فەتاح کە دەڵێن کەسێکی بلیمەت بووە لە حیساب و ژمارەدا لە باوکەوە کوڕی کێ بوو، وە چی بەسەرهات؟ ............ ١٣٥
* مام حاجی هەیەر کەی ئەو باڵەخانەیەی دروست کرد، کێ نەخشە و کاری تێدا کرد، وەستا و کرێکارەکانی کێ بوون؟ ............ ١٣٥
* ئیشوکاری ئەو کاتەتان چی بوو؟ ............ ١٣٩
* یەکەم جار کەی سواری ئۆتۆمبێل بوویت؟ ............ ١٣٩
* مام فایەق کوڕی کێیە و بۆچی هاتن بۆ شارەزوور؟ ............ ١٤٠
* ئەو قاتی و گرانییە چۆن بوو، چیت لە بیر ماوە؟ ............ ١٤٠
* مامە حاجی مستەفا کەی تەپی سەفای سەرووی ئاوەدان کردەوە؟ ............ ١٤٣
* با بێینەوە بۆ لای جوتیار و گۆخڵەکان، دەڵێن سۆفی شامراد جوتیارێکی شارەزا بووە، تا چەند وەها بووە؟ ............ ١٤٤

**بەشی سێهەم**

**مەلا تایەر لە قۆناغی لاوی و هاوسەرگیریدا ............ ١٤٦**

* لە ساڵی ١٩٥٢ تۆ ئەو کاتە تەمەنت حەڤدە ساڵان بووە و لاو بوویت، ئەو کۆبوونەوەیە چی بوو لە ماڵی ئێوەدا کرا، مەبەستەکە سیاسی بوو یان کۆمەڵایەتی؟ ١٤٨
* خاڵۆ تۆ سەربازییت کردووە، یان (بەدەلت) داوە و نەگیراویت، بۆچی خەڵکی قەڵس بوون لە سەربازیی؟ ............ ١٥٠
* کەی خێزانت پێکەوەنا و زەماوەندت کرد، ژن داواکردن و زەماوەند چۆن بوو لەو کاتەدا؟ ............ ١٥٢
* ئاشنایەتی و خزمایەتی ئێوە و خەزوورەت لالە حەمەی عەلی سان ئەحمەد دەگەڕێتەوە بۆ کەی؟ ............ ١٥٤
* ناوی گوندی شەکرالی لە چییەوە هاتووە؟ ............ ١٥٤
* کاتێ ژنت گواستەوە خانووی سەربەخۆت هەبوو، یان لەسەر ماڵ بوویت؟ ............ ١٥٥
* باوکت کەی مەکینە تراکتۆرە مۆلینەکەی کڕی، نرخی بەچەند بوو، وەکێ شۆفێری

بۆ دەکرد؟..................................................................................................... ١٥٥
* ئەی مام حاجی مستەفا کێی کرد بە شۆفێری مەکینەکەی؟.................................. ١٥٦
* پێش کڕینی مەکینە تایە تەور چۆن جوتتان دەکرد؟ کەرەستەکانی جوتکردن چی بوون؟............................................................................................................ ١٥٧
* جۆری تۆوی گەنمەکان چی بوون لەو کاتەدا؟................................................ ١٥٨
* ئەو تۆوە چی بوو حەزرەتی شێخ عوسمان هێنای بۆ باپیرم بیچێنێت؟ لەکوێوە هێنابووی؟ ........................................................................................................ ١٥٨
* خالۆ ئێوە کە خاوەن موڵك بوون بۆچی باوکت و مامەت و ئامۆزاکانیان پێش ئەوەی بڕیاری دابەشکردنی زەوی بدرێت بە یاسای چاکسازی کشتوکاڵ (قانون الاصلاح الزراعي) لەساڵی ١٩٧٣دا زەوییەکانیان دابەش نەکرد بەسەر مناڵەکانیاندا تاوەکو لە کیسیان نەچێت؟.............................................................................. ١٥٩
* ئایا لە ساڵانی چلەکان و پەنجاکاندا مێشوولە و مەگەز و دوپشك و مار لەشارەزووردا چۆن بوو، حکومەت قەلاچۆی دەکردن؟......................................... ١٦٠
* چۆن دەچوون بۆ شار؟ ............................................................................... ١٦١
* کاك فەتاح کە لەگەڵ پورە ئامینەی دایکیدا لە قاتی خوارەوەی باڵەخانەکەدا بوون، کەی هاتن بۆ تەپی سەفا؟ ............................................................................... ١٦٢
* ئایا توتنتان دەچێنا؟ یان ئەو ڕووەکە درەنگتر لای ئێوە بوو بە کەسابەت و بژێوی جوتیارەکان؟................................................................................................. ١٦٣

## بەشی چوارەم

## قۆناغی چوونە ناو کایەی حیزبایەتی و ڕێکخراوەیی لە ناو پارتی و شۆڕشی ئەیلوولدا ................................................................... ١٧٠

* کەی چوویتە ناو کایەی حیزبایەتی و ڕێکخستنەوە؟............................................ ١٧٢
* ئەو کادیر و چالاکوانانەی پارتی لە ناوچەی هەڵەبجە و شارەزوور و هەورامان کێت لە بیر ماوە؟ ........................................................................................ ١٧٣
* کەی چالاکی ئێوە وەکو پارتی پەرەی سەند و ئەستێرەی بەختتان درەوشایەوە؟ ١٧٤
* ئێوە کە حیزبی بوون ئابوونەتان کۆ دەکردەوە؟ .............................................. ١٧٦
* لالە حەمدی ئەهات بۆ ئێرە، دەچووە ماڵی کێ، وە لە شەکرالی چی ئەوت بە باپیرم؟............................................................................................................ ١٧٧
* ڕۆڵی بنەماڵەی مەلا عەبدولعەزیز پریسی چی بوو لە ناوچەکەدا، دەڵێن ئەوان بەربەست بوون لە تەشەنە سەندنی فیکرەی شیوعییەت لە قەزای هەڵەبجەی ئەو کاتەدا؟

...................................................................................................... ١٧٧
* ئێوە لەو زەمەنی ململانێی پارتی و شیوعییەدا چالاکیتان هەبوو؟ ........................ ١٧٩
* هەڵەی شیوعییەکان لەو کاتەدا چی بوو؟ .......................................................... ١٧٩
کۆبوونەوە گەورەکەی گوندی تەپی سەفا ......................................................... ١٨٠
* کاتێ شۆڕشی ئەیلوول هەڵگیرسا کێ بوون ئەوانەی لە گوندی تەپی سەفا سوێندی پابەندبوون بەکوردایەتی و خیانەت نەکردنیان خوارد؟ ............................................ ١٨٠
* دوای شکانی هێزی کوردی و عەشایرەکان، چی ڕوویدا؟ ئایا حکومەت هەڵمەتی دەستگیرکردنی دەست پێکرد؟ ...................................................................... ١٨٨
* کەی باڵی مام جەلال لە پارتی جیابوویەوە، ئایا ئەو جیابوونەوەیە کاریگەری نەرێنی هەبوو بەسەر کوردستان بەگشتی و ناوچەی هەڵەبجە و شارەزوور و هەورامانەوە؟.. ١٩١
* ئێوە بە هۆی هێرشی حکومەت و زەعیم سدیقەوە دوو جار ئاوارە بوون و تەپی سەفاتان چۆڵ کرد، لەو کاتانەدا ڕووتان لە کوێ کرد؟.......................................... ١٩٢
* ئایا پارتی دیموکراتی کوردستان هیچ کات ویستوویانە وەکو وەفایەك، یادی ئەو کۆبوونەوە و ڕۆژە مەزنە بکەنەوە، کە ئێوە و بنەماڵە و هۆزەکەتان لە هەردوو گوندی تەپی سەفا سپۆنسەرتان کرد و هەستان بە ئەنجامدانی؟.......................................... ١٩٥
* بەڕای ئێوە بۆچی کورد نەیتوانی کیانێك یان قەوارەیەکی سەربەخۆ دروست بکات، ئایا پەیوەندی بە کورد خۆیەوە هەبوو کە خۆخۆر بوون و هەمیشە لەسەنگەری یەکتردا بوون، یان بارودۆخی نێودەوڵەتی ڕێگەی بەوە نەداوە، کورد لەسەر پێی خۆی بوەستێت؟................................................................................................... ١٩٦
* کەی بە سەرۆکی کۆمەڵەی جوتیارانی بێساران هەڵبژێرایت؟.............................. ١٩٩
* تا کەی بەردەوام بویت لەسەر ئەو بەرپرسیارێتییە؟.............................................. ٢٠٠
* ئەڵێن ساڵی ١٩٧٣زەویت داوە بە چەند فەرماندەیەکی شۆڕشی ئەیلول، ئەو کارەت چۆن کرد و لەبەرچی بوو؟ ............................................................................. ٢٠٠
* بۆچی شۆڕشی کورد هەرەسی هێنا، لە کاتێکدا لە ڕووی دارایی و هێزی چەکداری و پشتیوانی جەماوەرەوە هیچ کەموکورپییەکی نەبوو، ئەو هێزە گەورەیە چی بەسەر هات؟ .......................................................................................................... ٢٠١
* لە ساڵی ١٩٧٤ جارێکی تر ئاوارەی ئێران بوونەوە، تا کەی لەوێ مانەوە؟.......... ٢٠٢
* دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول کەس داوای لێکردن بین بە بەعسی؟ .............. ٢٠٣

## بەشی پێنجەم

**سەردەمی هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێ و پەیوەندی مەلا تایەر و بنەماڵەکەی لەگەڵ شۆڕشدا........................................................٢٠٨**

* پێش ئەوەی بێینە سەر باسی شۆڕشی نوێ و دروستبوونەوەی هێزی چەکدار لە کوردستانی باشوردا، دەمەوێت باسی حیزبی بەعسی عەرەبی عێراق بکەین، کە ئەم شۆڕشەی دوایی کورد لە دژی ئەو حیزبە هەڵگیرسا، بەعس چۆن حیزبێك بوو؟.... ٢١٠

* ئایا ڕۆڵی ئێوە و بنەماڵەکەتان لە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول و هەڵگیرسانی شۆڕشی نوێ چی بوو ؟........................................................................................ ٢١٣

* کاتێ مەفرەزە چەکدارە حەوت کەسییەکە خۆیان کۆکردەوە بچنە شاخ ڕۆڵی ئێوە چی بوو لەوەدا، ئایا بەچەك یان هەر جۆرە کارێکی تر هاوکاریت کردن؟............٢١٣

* لە خانەوادە و کەسوکارتان چەند کەستان لە پێناوی یەکێتی دا لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە زیندانی کراون؟........................................................................................ ٢٢٠

* خالۆ حەمە کە برا گەورەی ئێوەیە لەساڵی ١٩٧٧ دەستگیر کرا، هاوڕێکانی کێ بوون، وە چۆن ئازاد کرا؟........................................................................................ ٢٢١

* دواتر خالۆ حەمە و هاوڕێکانی چۆن ئازاد کران؟............................................... ٢٢٢

* لە هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوودا جارێکی تر شەڕی ناوخۆ لە نێوان هێزە کوردیەکاندا لە باشووری کوردستان دروستبوو چی لەوبارەیەوە دەزانی؟ ئەو شەڕی ناوخۆیە چ کاریگەریەکی نەرێنی لەسەر بنەماڵەی جەنابتان و خەڵکی بەگشتی هەبوو؟ ........................................................................................................................ ٢٢٨

* پیاوێکی کەڕولاڵ بەناو ئەم گوندانەدا دەگەڕا، بەناوی سەید مستەفا، هەر بکات بهاتایە بۆ تەپی سەفا لە ماڵی ئێوە نانی دەخواردو پشووی وەردەگرت، ئەو پیاوە خەڵکی کوێ بوو؟ ........................................................................................ ٢٣٠

## بەشی شەشەم

**ئاوارەبوون و ژیانی ناو ئۆردوگاکانی ئێران.......................................٢٣٢**

* گوندی تەپی سەفا چەند جار ڕوخێنراوە و چەند جار ئاوارە بوون؟.................. ٢٣٤

* پێش ئەوەی بێینە سەر باسی ڕاگواستنی گوندەکان لە ساڵی ١٩٨٧و کیمیابارانی هەڵەبجە و ئاوارەبوون و نیشتەجێ بوونتان لە ئۆردوگاکانی ئێران، حەز ئەکەم باسی ڕووخانی هەردوو گوندی تەپی سەفام بۆ بکەیت لە هاوینی ١٩٨٦دا، بۆچی ڕوخێنران و ئێوەش لەگەڵ شەهید عەبدولڕەحمانی کوڕت و ناجی کاکە حەمەی مام حاجی

موشیر بەهەشت جێگایان بێت، بۆچی دەستگیرکران؟ ................................ ٢٣٤
* هۆکاری ئەم دەستگیرکردنە چی بوو؟ ................................ ٢٣٥
* ساڵێك دوای ڕووخانی تەپی سەفا جارێکی تر ڕژێمی بەعس زۆربەی زۆری گوندەکانی کوردستانی تەختی زەوی کرد، تەپی سەفاش جارێکی تر کاول کرایەوە، ئێوە چوونە کوێ؟ ................................ ٢٣٦
* لە ساڵی ١٩٨٧دا سەردانی ئێرانت کرد، ئەو سەردانە بۆ چی مەبەستێك بوو؟ ...... ٢٣٧
* لە هێرشەکەی ئێراندا بۆ سەر هەڵەبجە ساڵی ١٩٨٨ بۆچی ئێرانتان هەڵبژارد، ئایا دەرفەتی دەرچوونتان نەبوو، یان ئەویێتان بەسەلامەت زانی؟ ................................ ٢٤١
* ئێوە کەی لە شار دەرچوون؟ ................................ ٢٤١
* لە کانی دینار کار و کاسبیتان چی بوو، ئایا حیزب یارمەتی دەدان؟ ................ ٢٤٦
* مام جەلال لە ئۆردوگا سەردانی کردن؟ ................................ ٢٤٨
* ئایا حکومەتی ئێران هاوکاری دەکردن؟ ................................ ٢٤٨
* کەی لە کانی دینارەوە گەڕانەوە بۆ عێراق؟ ................................ ٢٤٩
* خاڵۆ چەند ساڵ پێشتر هۆنراوەیەکت بۆ خوێندمەوە بەدەستنووس لەدوو پارچە کاغەزدا نووسرابوویەوە، فەرمووتان ئەمە شیعرێکی بڵاو نەکراوەی مامۆستا قانعە، وە منیش لە دیوانەکەیدا بەرچاوم نەکەوتووە، ئایا تۆ لە کێ وەرت گرتووە؟ .............. ٢٤٩
* دوای ڕاپەڕین کێ تەکلیفی لێ کردیت ببیتەوە بە ئەندامی یەکێتی جوتیاران لە هەڵەبجە؟ ................................ ٢٥٥
* پەیوەندیت چۆن بوو لەگەڵ مامۆستا مەلا عوسمان عەبدولعەزیزدا؟ .................... ٢٥٦
* ساڵی چەند بوو وازت لە ڕێکخراوی یەکێتی جوتیاران هێناو هۆکارەکەی چی بوو؟ ................................ ٢٥٦
* لەشەڕی ناوخۆدا ئێوە پشکی شێرتان بەرکەوتووە لە زەحمەت و ناخۆشی و کوڕ و کەسوکار شەهید بوون و هەڵکوتانە سەر و ئیهانە کردن، ئایا ئەمە بۆچی؟ .............. ٢٥٧
* لە دوای ڕاپەڕین و هاتنە خوارەوەی حیزبە کوردییەکان بۆ ناو شارەکان و حوکمڕانی کورد، بۆچی نەتوانرا ئیدارەیەی باش و حکومەتێکی یەکگرتوو دروست بکرێت؟ ٢٦١
* مام جەلال لە ساڵی ٢٠٠٩ دا جارێکی تر هاتەوە بۆ تەپی سەفا، مەبەستی سەردانەکەی چی بوو؟ ................................ ٢٦٣

**بەشی حەوتەم**

**باس و بەسەرهاتەکانی جاف و کۆچ و ڕەوی گەرمیان و کوێستان لە پێش نیشتەجێبوونیاندا ................................ ٢٦٦**

* جافەکان کێن و چەند تیرە و هۆزن و ئەو ناوەش لە چییەوە هاتووە؟ ............... ٢٦٨
* ئێوە کە لە زەمەنی نیشتەجێبوونی جافدا لەدایك بوون، ئەم هەموو زانیارییە چییە دەربارەی جاف هەتانە، ئەڵێی بست بەبستی گەرمیان و کوێستان لەگەڵیاندا بوویت، ئەم زانیارییانەت لەکوێوە هێناوە و کێ بۆی باس کردوویت؟ ....................................... ٢٧٢
* دەواری جافنشین یان ڕەشماڵ لەچی دروست دەکرا و کەرەستەکانی چی بوون؟ ........................................................................................................ ٢٧٨
* ئەی چیخ چییە و جۆرەکانی چین و چۆن و لەچی دروست دەکرا؟ ................. ٢٨١
* ئێوە لە زەمەنی نیشتەجێبوونیشدا لە گوندی تەپی سەفا و گوندەکانی دەوروبەری، بۆچی لەبەهاردا گوندەکەتان بەجێ دەهێشت و لە دەواردا نیشتەجێ دەبوون؟......... ٢٨٢
* ئەی حەسیر لەچی دروست دەکرا؟ ................................................................ ٢٨٢
* گیای (وش) چییەو چۆن بەرهەم دەهات؟ ......................................................... ٢٨٣
* بەرهەمی جاف لە پیشەی دەست و خۆراك هەڵگرتن چی بووە؟ ........................ ٢٨٤
* با بچینە لای باوە یاروەیس و عێلی جاف و بوونی حەمە پاشا بەسەرۆکی ئەو عێلە، ئایا نەخشەکەی باوە یاروەیس چی بوو بۆ ڕادەستکردنەوەی سەرۆکایەتی جاف لە وەڵەدبەگییەکانەوە بە زاهیر بەگییەکان؟ ................................................................. ٢٨٤
* ئەو شوێنانە کوێ بوون کە جاف لەکاتی کۆچ و ڕەودا پشوویان تێدا دەدا؟..... ٢٨٨
* ئەو ناوچانەی سەر شیوی سەقز کە عێلی جافی بەسەردا دابەش دەبوون، ناویان چی بوو؟ ........................................................................................................ ٢٨٩
* با بگەڕێینەوەبۆ لای پلانەکەی باوە یاروەیس، ئەو نەخشەڕێگایە چی بەسەر هات، ئایا گەیشتن بە ئامانج؟........................................................................................ ٢٨٩
* خاڵۆ مەلا بۆچی بەگزادەکانی جاف باسی ئەم چاکەکاری و پەیوەندییە پتەوە و هەموو ئەم حیکمەت و سیاسەتانەی باوە یاروەیس و مەحمودی کوڕی و نەوە و وەچەکانی ناکەن؟ واتە لە کتێب و نووسراوەکانیاندا لەکەسیانمان نەبیستووە باس لەو پەیوەندییە پتەوانە بکرێت، یان هیچ نەبێت لە دێڕێکیشدا باس لە سەرووەرییەکانی ئەو کەسانە نەکراوە کە لەکاتی گلانیاندا ئەمان ڕاستیان کردوونەتەوە و نەیانهێشتووە لە هەندێ شوێندا بکوژرێن و لە هەندێ کاتی تریشدا سەرۆکایەتی جافیان لەدەست دەربکرێت؟ ........................................................................................................ ٢٩٥
* دوای ئەوە حەمەپاشا خۆی گرت و جێ پێی خۆی لە سەرۆکایەتی جافدا قایم کرد، چی بەسەر هات؟ ............................................................................ ٢٩٦
* ئەی دواتر کەرەم وەیسییەکان چییان بەسەرهات؟............................................. ٢٩٨

* مەحمودی یاروەیس کەی ئەو موڵکانەی شارەزوور و هەڵەبجەی کڕیوە؟......... ٣٠٠
* دوای حەمەپاشا کێ بوو بە سەرۆکی عێلی جاف؟............................................ ٣٠٢
* جاف چەند جار مەحزوور بووە؟.................................................................... ٣٠٢
* چی ترت سەبارەت بە مەحمودی یاروەیس بیر ماوە؟....................................... ٣٠٥
* دەسەڵاتی مەحمود پاشای جاف لە کۆتاییدا بەکوێ گەیشت؟ .......................... ٣٠٦
* ئایا جافەکان بەشدارییان کردووە لە شۆڕشە ڕزگاریخوازەکاندا، یان وەکو هێزێکی شەڕکەر بەکارهێنراون بۆ بەرژەوەندی خەلیفە و میرەکان؟...................................... ٣٠٨
* پەیوەندی جاف لەگەڵ شێخ مەحمودی حەفید چۆن بوو؟................................ ٣١١
* پەیوەندی باوکتان (حاجی عوسمانی یاروەیسی) و حەسەن بەگی جاف چۆن بوو؟ ........................................................................................................... ٣١٤
* باس لە پەیوەندی مامە عەزیزی فەتاحی مەحمودی یاروەیس دەکرێت لەگەڵ حەسەن بەگی جافدا، ئەو پەیوەندییە چۆن بوو؟.......................................................... ٣١٥
* دوای مەحمود پاشا کێ سەرۆکایەتی جافی گرتە دەست؟................................ ٣١٧
* تیرەو هۆزەکانی جاف لە نێو خۆیاندا چۆن بوون، ئایا ڕەچاوی برایەتییان دەکرد، یان ناکۆکی دەکەوتە نێوانیانەوە؟.......................................................................... ٣١٧
* لە دوای مەحمودی یاروەیس کێ بوو بە برا گەورەی یاروەیسییەکان؟.............. ٣١٩
* لەسەرەتای سەدەی بیست و یەکەم و بە تایبەت ساڵی ٢٠٠٢دا جاف هەوڵیدا خۆی کۆ بکاتەوە و هێزی مەعنەوی بۆ خۆی بگێڕێتەوە، کێ ڕۆڵی سەرەکی لەم هەوڵەدا هەبوو؟ ...................................................................................................... ٣١٩
* بۆچی شانازی بە جافەوە دەکەن، ئەو خەسڵەتانە چی بوون کە لە باب و باپیرانتاندا هەبوون، تاوەکو شانازی پێوە بکەن؟ ................................................................ ٣٢٤
بەرواری چەند ڕووداوێکی مێژوویی ....................................................................... ٣٢٧

## بەشی هەشتەم

**پەیوەندی و تێکەڵاوی مەلا تایەر و بنەماڵەکەی لەگەڵ شێخانی نەقشبەندیدا.......................................................................... ٣٣٠**
* یەکەم مەدرەسەی شێخانی نەقشبەندی لەکوێ بوو، وە کام لە نەقشبەندییەکانی کوردستان یەکەم مورشید بوو، ئەو لەکێ ئەو زانستەی وەرگرت؟.......................... ٣٣٢
*چیت دەربارەی حەزرەتی سیراجەدینی یەکەمەوە بیستووە لە کەرامات؟.............. ٣٣٧
* بۆچی خواناس و عاریفێکی گەورەی وەکو حەزرەتی مەولەوی هێندە شێخانی تەریقەتی نەقشبەندی خۆش ویستووە و خۆی بە موریدیان زانیوە؟.......................... ٣٣٩

* ئایا پەیوەندی خزمایەتی و ژن و ژنخوازی لەنێوان ئێوە و شێخانی نەقشبەندیدا هەبووە؟ ..................................................................................................... ٣٤٠
* چی لە بارەی حەزرەتی شێخ عومەری بیارەوە دەزانیت؟ .................................... ٣٤٠
* ئایا چاوتان بە حەزرەتی شێخ عەلائەدین کەوتووە، چی لەبارەیەوە دەزانیت؟ ..... ٣٤٣
* ئەی چی دەربارەی شێخ ئەحمەدی برای شێخ عەلائەدین دەزانیت؟ .................. ٣٤٥
* ئەی دەربارەی شێخ حیسامەدین چیت بیستووە؟ ................................................ ٣٤٦
* ئەی دەربارەی حەزرەتی شێخ عوسمان چی دەزانیت، ئەو لە سەردەمی خۆتدا بووە و هاتووە بۆ تەپی سەفا و لەوێ ماوەتەوە، تۆش چەندین جار سەردانی بیارەت کردووە؟ ................................................................................................. ٣٥٥
* خانەقای بیارە لە چلەکاندا چەند فەقێی هەبوو، کێ خەرجی و خۆراکی ئەو قوتابیانەی دابین دەکرد؟ .......................................................................... ٣٦٢
* مۆڵەتی مارگرتن چی بوو، ئایا تۆ هەتبوو؟ ........................................................ ٣٦٣
* لە کۆتا ڕشتەی بنەماڵەی شێخانی هەروامانـدا لەدوای حەزرەتی شێخ عوسمانەوە پەیوەندیت لەگەڵ کامیاندا ماوە لە کوڕ و براکانی؟ ............................................ ٣٦٤
* جگە لە ڕووگە مەعنەوییەکەی کە پاك کردنەوەی دڵ و فەرمان کردن بە چاکە و دوورەپەرێزی لە خراپە و بەها جوانەکانی ئایینە کە لە شێخانی تەریقەتەوە فێری بوون، ڕووگە مادییەکە و سوودە دنیاییەکەی ئەوان بۆ خەڵکی ناوچەکە چی بوو؟ .......... ٣٦٦
* لە نەوە و وەچەکانی تریان کێ دەهات بۆ تەپی سەفا؟ ....................................... ٣٦٧

## بەشی نۆیەم

**پیاوماقوڵانی شارەزوور و ڕاووشکار.................................................. ٣٦٨**
* ئەم ناوچانەی دەشتی شارەزوور و شاخ و گوندەکانی هەورامان و نەورۆڵی و شەمێران و تاوگۆزییە چەند جۆر گیانەوەری کێوی هەبوو؟ ...................................... ٣٧٠
* ئەی جۆری مارەکان، لەم ناوچەیەدا چەند جۆر بوون؟ ...................................... ٣٧١
دەمی گورگ بەستن.................................................................................. ٣٧١
* خاڵۆ بیرمە زۆر جار ئێواران خەڵکی ئاوایی منالێکیان بە چەقۆوە دەنارد بۆلای تۆو ئەیان وت باوکمان وتوویەتی مانگاکەمان یان گوێرەکەکەمان ئێوارە نەهاتووەتەوە، دەمی گورگمان بۆ ببەستە، چۆن دەمی گورگت ئەبەست؟ ...................................... ٣٧١
* بۆچی ڕاوی بەراز دەکرا، زەرەر و زیانی بۆ کشتوکاڵ هەبوو، یان هەر وەکو ئارەزووری شکار و تفەنگچێتی و تاقی کردنەوەی دەست و بازوو ئەمەیان دەکرد؟ ................................................................................................. ٣٧٢

* چۆن ڕاوتان دەکرد، کێ بوون ئەوانەی پێکەوە کۆدەبوونەوە و ئەسپ و ماین و چەکیان هەبوو، بەشداری پڕۆسەی کەمکردنەوەی توخمی بەرازیان پێکەوە دەکرد، ئەگەر بکرێت دیمەنی یەکێ لەو ڕاوە بە کۆمەڵەمان بۆ بگێڕیتەوە؟........................ ٣٧٤
* خۆراکی ئەو ڕۆژە چی باو بوو بۆ خواردن؟........................................................ ٣٨١
* بۆچی خواردنی برنج لەو سەردەمەدا کەم بووە، لەکاتێکدا دەشتی شارەزوور یەك پارچە قاڵبە مەرەزە بوو؟.................................................................................. ٣٨١
باسی گوندی هەجیج و مانەوەی مێجەرسۆن لەو ئاواییەدا....................................... ٣٨٣
* خالۆ بیرمە هەجیجییەکان کەلوپەلیان بار دەکرد لە وڵاخ و دەهاتن بۆ لادێکان بۆ فرۆشتنی، ئەو شتانە چی بوون، وە چییان کە لەگەڵ خۆیان دەبردەوە؟.................... ٣٨٣
* خالۆ ئایا ئەوە ڕاستە کە دەڵێن مێجەر سۆن لە لایەن شێخ نەجمەدینی بیارەوە پێی زانراوە کە سیخوڕە و موسڵمان نییە؟.................................................................. ٣٨٦
* لە سەردەمی منالّی و لاوی تۆدا سەردان و هاتوچۆ و خزمایەتی چۆن بوو؟.... ٣٨٩
* کەی ڕادیۆتان کڕی؟............................................................................... ٣٩٢
* ئەو کەسانەی ئەم ناوچەیەی خۆمان کە بارودۆخی ئابورییان باش بوویێت کێ بوون، لە ساڵانی چل و پەنجاکاندا؟.......................................................................... ٣٩٢
* باوکت کەی چوو بۆ تاران، خۆی هەموو جار دەیوت چاوێکم لە بەغدا نەشتەرگەری کردووە و چاوێکیشم لە تاران؟....................................................... ٣٩٤
* تۆ چۆن فێری جگەرەکێشان بوویت؟............................................................. ٣٩٥
* ئەم گردەی کە گوندەکە پالّی پێیەوە داوە و بە گردی سەفا مەشهوورە، هیچ شوێنەوارێکی مێژوویی لێ دۆزراوەتەوە، وەکو زێڕ و زیو و توحفەی گرانبەها؟.... ٣٩٥
* لەم پارێزگای هەڵەبجەیەدا()لە شار و شارۆچکە کوێت *لەم پارێزگای هەڵەبجەیەدا لە شار و شارۆچکە زیاتر کوێت پێ خۆشە؟.................................................... ٣٩٦
* ئەوەی هەستی پێ دەکەم جەنابت و خالۆ مەعروف هۆگرییەکی زۆرتان بۆ یەکتری هەیە، وە هەمیشە بۆ کۆڕ و کۆبوونەوە و پرسە و بۆنەکان پێکەوەن، ئەم هۆگرییە چۆن دروست بووە؟ ..................................................................................... ٤٠٤
**بەشی دەیەم بەڵگەنامە و وێنەکان..................................................... ٤٠٦**
**نووسەر لە چەند دێڕێکدا:.......................................................................... ٤٦٦**
**بەرهەمەکانی نووسەر............................................................................. ٤٦٦**

# پێشەکی

بسم الله الرحمن الرحیم

سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورەی میهرەبان، خاوەن و بەدیهێنەری زەوی و ئاسمان، بارێنەری باران، ڕۆزیدەری بەهیمەو ئینس و جان، مرێنەری کۆی زیندەوەران، زیندووکەرەوەی هەمووان و دادوەری ڕۆژی پەسڵان. صەڵات و سەلام لەسەر پێغەمبەرە خۆشەویستەکەی ﷺ کە گەردوونی لە نووری نبووەتەکەی دروست کردووەو کردوویەتی بە شافیعی ڕۆژی مەحشەر تا تکا بۆ نەتەوەکەی بکات و لە ئاگری دۆزەخ بیانپارێزێت، وە لەسەر یارو یاوەران و ئەهلی بەیتەکەی تا ڕۆژی قیامەت.

شـــــــــــەوی درێـــــــــــــــــژی پایزوکتێـــــــــــــــــب.. کتێـب ؛ ئەو هـاوڕێ و مامۆسـتایەی کەدەسـتت ئەگرێـت و بەکـونج و کەلەبەرەکانی ژیاندا ئەتگێڕێ، هەرلەماڵەوە دانیشـتوویت و کـاتێ بەخـۆت ئەزانـی لەسـەفەری ئەوسـەری دنیـاوە خـۆت پێچـاوەتەوەو بەرەومـاڵەوە ئەگەڕێـتەوە. ئـاخر



کتێبـــیش ڕێـــک وەک هـاوڕێ وایە، ئەوە خۆتی هاوڕێی بـاش یـان ناپەسـەند هەڵئەبژێـــــــری. لەئێســـــتادا مـــــن دیرۆکـــی پیـاوێکی دەست بەدەستنوێژی بـۆ خـوا سـوڵحاوم کردووە بەهـاوڕێ، پیاوێـک کە هەرگیـز سـەحەر پـێش ئەم نەکەوتـووەو هەتـا ڕەچەڵەکـی ئەڕوات خـاوەنی بنەمـاڵەیەکی مـرۆڤ دۆسـتی نانبـدەی خۆنەویست بوون کە لەسەر دەسـت و نـان و نمەکیـان چەنـدین خەڵکـی هەژار حەواونەتەوەو هەمیشـە مەدرەسـە شـەرعیەکانی ئەوکـات بە نـان وتفاقیان ئاوەدان بوون و پشت و پشتیوانی شۆڕشـەکانی کـوردو خەڵکـی ئاوارەو دەربەدەری خوارووی عێراق و تەنـانەت وڵاتـانی دراوسـێ بـوون، ئەویش کتێبی (خالۆ مەلا تایەر یاروەیسی)یە کە بەڕاستی خوێندنەوەی تام و چێـژی خـۆی هەیەو لەگەڵ خوێنـدنەوەی هەر پەرەگرافێـک هەسـت ئەکەیت بەرامبەر پیـاوێکی دەم بەخەنـدەی نـوورانی کە کڵـۆ شـەکرێکی خسـتبێتە لالێـویەوەو لەتەنیشـت گیـزەی سـەماوەرێکی مانـدوودا فـوو لەچـایەکی دیشـلەمەبکات و بەدەم خـواردنەوەی قومێـک و پرسـیاری کوڕێکی ڕۆح شیرینی وەک کاک سـەرحەد یونسـەوە کەوەک کوانـوی

ئاگردانێک بگەشێنێتەوە پرسیارێکی جوڵێنەر ئاراستەی خالۆ مەلا ئەکات و ئەویش پاش زەردەخەنەیەکی بەمانا وەک ئەوەی بڵێت کاکە سەرحەد خۆشت نیوەی باسەکە ئەزانیت درێژە بەگێڕانەوە بەچێژەکانی بدات کە بەڕاستی مرۆڤ سەرسام دەکات بەو بیرتیژی و ڕاستگۆییەی کە بەجۆرێک ڕووداوەکان پەیوەست دەکات و دادەڕێژێ تێربوونت لێیان زەحمەتە.

لێرە لەوە زیاتر درێژەی نادەمێ، ئەگەر عومر باقی بێت، لەڕۆژانی داهاتوودا یەک دوو بابەت لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك ئەخەمە خزمەتتان و ئێوەش بێ بەش ناکەم لەم شەوچەرەی شەوی پایزە.

هیوای تەمەن درێژی بۆ خالۆ مەلاتایەر یاروەیسی ئەخوازم، لەپەروەردگار ئەپاڕێمەوە تەمەنی پڕ بەرەکەتیان ئیدامەی هەبێت و سایەوسێبەری ئەو بەسەر مناڵەکانیەوەو خانەوادەکەی بەسەر ئەوەوە بمێنێ، دەستخۆشی زۆریشم بۆ برای جوان نووس کاك سەرحەد هەیەو هیوادارم هەمیشە قەڵەمی لەبڕشتا بێت.

ئێوەش شەوگارێکی بەبەرەکەت بەسەر بەرن.

ئەندازیار/ ناجح عەلی ڕەسول
هەڵەبجە ٣-١١-٢٠٢٠

# پێشەکی چاپی یەکەم

بسم الله الرحمن الرحیم

سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری جیهانیان، بەدیهێنەری مرۆڤ و ئاسمانو زەوی و سەرجەم بەدیهاتووان، سەڵات و سەلام بۆ سەر گیانی پاکی پێغەمبەری خۆشەویستمان حەزرەتی محەمەد ﷺ و بۆ سەر یار و یاوەرانی هەتا ڕۆژی دوایی، امین.

خۆم بە خۆشحاڵ دەزانم کەوا خوای گەورە مۆڵەتی دام و توانیم، پوختەیەك لە ژیاننامە و چەردەیەك لە بیرەوەرییەکانی کەسایەتییەکی گەورەی جاف لە دەڤەری هەڵەبجە و شارەزوور و هەورامان و ناسراو لە ناوچە جیاوازەکانی تری کوردستاندا وەکو گەرمیان و سلێمانی بنووسمەوە و لە دوو توێی کتێبێکدا تۆماری بکەم.

ئەوەی من نووسیومە بەشێکە لە خەرمانی بیر و ئەندێشەی ئەو زاتە مەزنە و نەمتوانیوە و بۆم نەڕەخساوە هەموو وێستگەکانی ژیانی تۆمار بکەم، چونکە لەیەك دوور بووین و هەریەکەمان لە شوێنێك نیشتەجێ بووین، وە هەرکاتێکیش دەرفەتی دیدارمان بۆ هەڵکەوتایە، لەبەختی مندا میوانی تری بۆ پەیدا دەبوون و کاتەکەمان بەقسەوباسی تر دەکوژرا و بەشی لاپەڕەیەك زانیاریم لێی چنگ نەدەکەوت. تەنها سودم لەو ساتانە دەبینی کە ئەو میوانی نەبوایە، یان خۆی تەشریفی بهێنایە بۆ ماڵمان، ئیتر لەو کاتانەدا هەرچی پرسیارێك دەهات بە خەیاڵمدا لێم دەکرد و بە مۆبایلەکەم سەیڤم دەکرد.

خاڵۆ مەلا تایەری حاجی عوسمان یاروەیسی ئەستێرەیەکی درەوشاوەی ئاسمانی کوردەواری و مێژووزانێکی شارەزای عێلی جاف و چاکەخوازێکی کۆمەڵایەتی ناوچەی هەڵەبجە و شارەزوور و هەورامان و گەرمیانە، توحفەیەکی گرانبەهای وایە ساڵانە سەدان کەس لە مامۆستایانی

ئـایینی و کەسـایەتی کـۆمەڵایەتی و کەسـانی ئەکـادیمی لە مامۆسـتایان و قوتابیـانی زانکـۆ و تەنـانەت ئەوروپییەکـانیش سـەردانیان کـردووە و تـا ئێستاش سەردانی دەکەن و وەکو سەرچاوەی ڕەوانی مێـژووی کوردسـتان و عێلی جاف و دەوارنشین زانیاری لێ هەڵدەگۆزن. ئەو پڕی دەیان کتێب زانیاری لە ڕەفەکانی مێشکیدا هەڵگرتووە، بەڵام خۆی بۆ خۆی هیچی لـێ نەخستوونەتە سەر کاغەز و بە دەماودەمی ماونەتەوە، کەسیش نەهاتووە ئەم خەرمـانە گەورەیەی زانیـاری دەربـارەی شۆڕشـە یەك لە دوای یەکەکـانی کورد و مێژووی بنەماڵە و هـۆز و تیرەکـانی کـورد و جـاف بخـاتە سـەر کـاغەز و لە دوو تـوێی کتێبێکـدا لە چـاپی بـدات، بـۆ ئەوەی لە فەوتـان بیپارێزێـــت، جـــگە لە کـــورتەیەکی ژیاننـــامەکەی کە لەلایەن کـــاك عەبــدولڕەحیمی کــوڕییەوە لە تــۆڕی کــۆمەڵایەتی فەیســبوك پەخــش و بڵاوکــراوەتەوە و چەنــد بــاس و بەســەرهاتێکی تــر کە مــن لە کتێبــی (لەشارەزوورەوە بۆ ناسرییە)دا تۆمارم کردوون، ئەوەش تەنها مشتێك بـووە لە خەرمانی زانیاری ئەو کەڵە پیاوە مێژووزانە ورد و بە دیقەتە.

تەمەنی مرۆڤ شەرمی لەکەس نیـیە، کەسـیش لەم دنیـایەدا بە نەمریـی نامێنێتەوە، خاڵۆ مەلا تایەریش ئەمساڵی ٢٠٢٠ تەمەنی گەیشتووەتە هەشتا و پێنج ساڵ و وەکو خۆی دەفەرموێت: "هاوڕێ و هاوتەمەنەکـانم زۆربەیـان کۆچی دواییان کردووە و منیش چاوەڕێی گەڕانەوەم بـۆلای پەروەردگـار و خۆشم بۆ ئامادە کردووە". هەر بە ڕاستییش ئەو پیـاوێکی لەخـواترس و ئیماندار و دەسـت ودەم و داوێـن پـاك و خزمدۆسـت و کـوردپەروەرە و بەشـایەتی هەمـوو دۆسـتان و خەڵکـی نـاوچەکە ئامـادەیە بە ڕووسـووری بچێتەوە دیوانی خوای پەروەردگار و ترسی لە مـردن نیـیە، چـونکە مـردن سەرەتای گەشـتێکی هەمیشـەیی و مـانەوەی هەتاهەتـاییە، مـردن ئیعـدام و لەناوچوون نییە کە بێباوەڕان وای دەبینن، بەڵکو بلیتی گەشت و سەفەرە بۆ خانەی مانەوەی هەمیشەیی.

هەرکەس لە کۆڕی خاڵۆ مەلا تایەردا دابنیشێت هەسـت بە دڵتەنگـی و

ناخۆشــی ناکــات، ئەو هەرچەنــدە لە کۆتــایی ســەردەمی کــۆچ ورەوی جافایەتیدا و لەکاتی نیشتەجێ بوونی بەشێکی زۆری ئەو عێلە گەورەیەدا لەدایك بـووە، بەڵام ئەوەنـدە زانیـاری لەسـەر ئەو عێلە هەیە ئەڵێـی بسـت بەبستی گەرمیان و کوێستان لەگەڵیاندا بووە و پەروەردەی نـاو دەوارنشـینە و یەکێك بووە لە شۆڕەسوارانی ئەو هۆزە گەورەیە.

ئەو زانیاریـانەی مەلا تـایەری یاروەیســی دەربـارەی عێلــی جـاف و ڕووداوەکانی جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی و بارودۆخی کوردستان و عێراق هەیەتی، بەشێکی زۆری خۆی بینیونی و لەناویاندا بووە و بەشەکەی تری ڕاستەوخۆ لە دەمـی بـاوكو مـام و خـاڵ و ئـامۆزا و کەسـوکارییەوە بیستوونی کە ئەوانەی پێش خۆی، ڕاستەوخۆ خۆیان لە نـاو ڕووداوەکانـدا بوون و کاراکتەری سەرەکی بوون تیایدا.

هونەرەکەی مەلا تایەر لەوەدایە بیرێکی تیژ و حافیزەیەکی زۆر باش و دڵێکــی ڕوونــاکی وای هەیە، ورد و درشــتی ڕووداوەکــان وەکــو خــۆی دەگێڕێتەوە و قسەکانی لە دوو کۆڕی جیاوازدا زیاد و کەم ناکەن، چونکە شــتانێك کە دەســتکرد بــن، هەر ڕۆژەی پــارچەیەکی لــێ دەبێــتەوە و پارچەیەکی دەخرێتە سەر.

ئەوانەی دەچــنە کــۆڕ و مەجلیســی مەلا تــایەر حەز دەکەن کــات بوەستێت و نەجوڵێت، چونکە تێرنابن لە قسە و پەند و ئامۆژگاری و بـاس و بەسەرهاتەکانی و گەر چەندین کـاتژمێر لە خزمەتیـدا بـن هەر بەکەمـی دەزانــن و تاســەیان لێــی ناشـکێت، چـونکە نـاوبراو پیـاوی قـاڵبووی نـاو دیوەخــان و ڕەشــماڵی کــوردەواری و باوباپیرانیشــی بە درێژایــی مێــژوو دەوارنشینی جاف و شۆڕەسواری گەرمیـان و کوێسـتان بـوون و هەرچـی دەگێڕێتەوە یان خـۆی بەچاوەکـانی خـۆی بینیـونی، یـان لەدەمـی ئەوانەی پێشــی خــۆیەوە ڕاســتەوخۆ وەری گرتــوون و لەنــاو ڕەفەی مێشــکیدا پارێزگاری لێ کردوون و بە تەڕ و پاراوی ماونەتەوە.

کاتێ لە خزمەتیدا دادەنیشیت لە زەمەنـی عەولەمە و جەنجـاڵی دنیـاوە

دەتباتەوە بۆ گەرمیان و لەوێشەوە گەشتێکی دوور و درێژت پێ دەکات بۆ ناوچەی شارەزوور و پێنجوێن و تا سەر شیوی سەقز ناتوەستێنێت، مەگەر بۆ ئەو وچانە دوو ڕۆژ و سێ ڕۆژیانە نەبێت، کە لە ڕێگادا بۆ حەوانەوەی خۆیان و ماڵیاتەکەیان کردوویانە. لەوێشەوە دووبارە قۆناغ بە قۆناغ بە گەشتێکی ئەندێشەیی دەتهێنێتەوە بۆ وڵاتی گەرمەسێر.

مەلا تایەری یاروەیسی جافێکی سینەسافی دڵ و دەروون جوانی سۆفی مەشـرەبە، کـۆڕ و دانیشـتنەکانی بە وتە زێڕینەکـانی شـێخی سـەعدی دەڕازێنێـتەوە و لەوێشـەوە دەتبـاتەوە بـۆ نـاو پەنـدنامەی عەتتـار و دواتـر شانامەی فیردەوسی و هۆنراوەکانی مەولەوی و قانع. ئەو هەموو کاتەکـانی ژیانی دەستی بە دەستنوێژە و شـەوانە یاسـینی خـۆی دەخوێنێـت و دواتـر دەخەوێت. هەر شەوێك لە ماڵی ئێمە مابێتەوە، پێش نوێژی بەیانی هەستاوە و چووەتە سەر بەرماڵ نوێژ و زیکر و ویردی خوێندووە و پاڕاوەتەوە، تـا ئەو کاتەی بانگی فەرمووە و دوای نوێژی بەیانی چـووەتەوە نـاو جێگـای خەوەکەی.

یەکێکی تر لە خەسڵەتە جوانەکانی مەلا تایەری یاروەیسی پشـودرێژی و تـاقەت و حەوسـەڵە و مانـدوو نەبـوونە، بەو تەمەنەوە هەرکـات و لە هەرشوێنێکدا پرسیارت لێ بکردایە بە ڕوویەکی خۆش و بزەیەکی جوانی سەر لێوەکـانییەوە وەڵامـی دەدایـتەوە و بێـزار نەدەبـوو، هەرکـات پـێکەوە دابنیشتینایە پێی ئەوتم: " دەی چیت ماوە بپرسە" ئەیویست تا لە ژیاندا ماوە ئەو ئەمانەتە مێژوویەی لە لایەتی و زەخیرەی کردووە بگات بە نەوەکـانی دوای خۆی و نەفەوتێـت، هەر لەبەر ئەوەبـوو لەگێـڕانەوەی ڕووداوەکانـدا ماندووبوونی پێوە نەدەبینرا.

مەلا تـــایەر لەگەڵ گەورەدا گەورە و لەگەڵ بچوکـــدا حەکیمـــانە دەدوێت، منالانی زۆر خۆش دەوێت و دەیاندوێنێت و هانیان ئەدات بەرەو کاری چاکە بچن. گوێم لێ نەبووە بەکەس بڵێت خراپ، نە زەمـی کەس دەکات و نە لە پاشملە قسە بە خەڵکی دەڵێت، غەیبەت کـارێکی قێـزەونە

لەلای، ئەمانەت پارێزە و پەنجا شەست ساڵ لەمەوبەر کەسێك نهێنییەکی پێ وتووە، ئێستاش نیازی نییە بیدرکێنێت، بەمەرجێك زیان لە درکاندنیشیدا نەماوە.

ئەم کتێبەی بەردەستتان بیرەوەرییەکانی مەلا تایەری حاجی عوسمانی یاروەیسییە و بەشێوەی پرسیار و وەڵام داڕێژراوە و کراوە بە (دە) بەش و قۆناغی جیاجیاوە، بەشی یەکەم تایبەت کراوە بە دیدو بۆچوونی هاوڕێ و دۆست و ناسراوەکانی دەربارەی خودی خۆی و گوندەکەی. بەشی دووەم تایبەتە بە ڕەچەڵەك و قۆناغی مناڵی و خوێندنی. بەشی سێهەم قۆناغی لاوی و هاوسەرگیری و بەشی چوارەم چوونە ناو کایەی حیزبایەتی و ڕێکخراوەیی لەناو پارتی دیموکراتی کوردستاندا و بەشی پێنجەم هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێ و بەشی شەشەم ئاوارەبوون و ژیان لەناو ئۆردوگاکانی ئێران و بەشی حەوتەم باس و بەسەرهاتەکانی جاف و بەشی هەشتەم تێکەڵاوی لەگەڵ تەسەوف و شێخانی نەقشبەندیدا و بەشی نۆیەم پیاو ماقوڵانی شارەزوور و ڕاو و شکار و بەشی دەیەم بەڵگەنامە و وێنەکان، هەموو ئەمانە لە خۆ دەگرێت.

وەکو پێشتر ئاماژەم پێکردووە ئەم کتێبە بەشێکە لە بیرەوەرییەکانی مەلا تایەر یاروەیسی و هەموو وێستگەکانی ژیانی نییە، کە لەوانەیە چەند کتێبێکی تر پڕ بکاتەوە، ئێمە تەنها دەستمان بەوەندە گەیشتووە و لەدوو توێی ئەم کتێبەدا خستوومانەتە بەردەستی خوێنەرانی ئازیزی کورد زوبان، بەهیوای ئەوەی گۆشەیەکی بچوك لە کتێبخانەی کوردی پڕ بکاتەوە و مێژوونووسانی کورد و قوتابیانی ئەو بوارەش بۆ هەر توێژینەوە و لێکۆڵینەوەیەك سەبارەت بە مێژووی گەلەکەیان سودمەند بن لە زانیارییەکانی. خوای گەورە یار و یاوەری هەموو لایەك بێت و تەمەنی خاڵۆ مەلا تایەریش درێژ بکات بە تەندروستییەکی باشەوە سێبەری بەسەرمانەوە بمێنێت.

لە کۆتاییدا ئەوە ماوە بڵێم کە زۆر سوپاسی هەردوو پورزا و خاڵۆزای

خۆشەویستم ئالان شەوکەت حاجی موشیر و ئەندازیار عەبدولڕەحیم مەلا تایەر دەکەم، کە هەستان بە پێداچوونەوە و ڕاستاندن و لێکۆڵینەوە لە بەروارە مێژوویەکانی ناو کتێبەکە و وروژاندنی چەند باس و بابەتێکی تر کە بۆ کتێبەکەی زیاد بکەین، لەمەشدا بە ئەوپەڕی سنگ فراوانییەوە خۆیان ماندوو کرد و بە پەرۆشەوە هەوڵی تەواوکردنی کتێبەکەیان دا، دووبارە دەستخۆشییان لێ دەکەم و هیوای لەش ساغییان بۆ دەخوازم.

**سەرحەد یونس محەمەد**

شارەزوور

٦ی حوزەیرانی ٢٠٢٠

# بەشی یەکەم


## گوندی تەپی سەفا و مەلا تایەری یاروەیسی

## لە دیدی هاوڕێ و دۆست و ناسراوەکانییەوە

## وتەی مامۆستا مەلا تایەر بامۆکی

**بسم الله الرحمن الرحیم**

ڕەفاقەت و برایەتی هەردوو مەلا تایەر



دانسقەو دەگمەنن ئەو کەسانەی تەمەنێك دەبەنەسەرو بەساڵا دەچن، دوچاری لەبیرچوونەوەو کەم حەوسەڵەیی و کەنارگیری نابن، وەك دەڵێن: تاپۆی ڕەش و لیرەی عوسمانلی دوو شتی بەنرخ و دێرینن، خوێندەوار و مەلا و میرزای قەییمیش دەخەمە پاڵ تاپۆی ڕەش و لیرەی عوسمانلییەکە. لە زەمانێکدا قوتابخانە و کۆلێژ و قەڵەم و کاغەز نەبووە یا دەگمەن و گران بووە، خوێندن و خوێندەواربوون وەك بە قولەی قافدا هەڵگەڕان وابووە، فێربوونی زمانی فارسی و عەرەبی بۆ کوردێکی شارەزووری ئەگەر تەوفیقاتی ئیلاهی نەبێت مەحاڵە، لەبەرکردنی چەندین مەتنی نەحو و سەرف و فقە و بەلاغە لە حوجرەیەکی تاریك و پڕ لە دۆرنجی دوکەڵ دا، لەگەڵ خواردنی دۆینە و شێلم و ساوەر و نانی ماڵاندا بلیمەتی و توانای گەلی کورد دەردەخات و خۆشەویستی ئەم گەل بۆ (کلام الله) و سونەتەکانی (رسول الله) بەیان دەکات.

بەڕێزان نەوەك بێزار ببن لەم پێشەکییە، دێمەوە سەر باسەکەم (مەلا تایەری بامۆکی و مەلا تایەری تەپی سەفا)، تەمەنمان زۆر جیاوازی هەیە، ناوبراو زیاتر لە سی ساڵ لە من گەورەترە، خوا بەرەکەت بخاتە تەمەنی و بە لەشی ساغ و عاقیبەت خێری، بەڵام زەوق و سەلیقە و هەڵس و

کەوتمان زۆر لە یەك دەچێت، سەردان و سوڵح و پرسە و زوو خەوتن ئەگەر میوانمان نەبێت، زوو لە خەوهەڵسان، خواردنی کوردی و قەییمی کە لێمان نابڕێت ان شاءالله.

شارەزایی لە نەسەب و ڕەچەڵەکی خزمان و عەشیرەت و زۆرێك لە خەڵکی ناوچەی هەڵەبجە و هەورامان و شارەزوور، پابەند بوون بە نوێژ و جەماعەت و دینداریيەکی میانەڕەوانەی ڕەسەنەوە، گەنج مامەڵەکردن لەگەڵ گەنجان و پیر هەڵس‌و کەوت کردن لە گەڵ پیران و کەمخۆری هەمیشە خۆر و خزم دۆستی، حەزکردن لە نوکتە و قسەی خۆش لە قاڵبی ئەدەبدا، ئەمانە هەندێکن لە خاڵە هاوبەش و نزیکەکانماندا هەرچەندە من بە ئەو ناگەم لەزۆرێکیاندا و ئەویش لە هەندێکیاندا پاش بەگە.

من بەحوکمی ئەوەی هەر بە گەنجی عاشقی دینداری و ڕابوونی ئیسلامی بووم و خزمەتی مامۆستایانی مێزەر سپی و دڵسۆزم بە عیبادەت دەزانی و چونە خزمەت پیاوانی ڕیش سپی خاوەن ئەزمون و قسەخۆشی گوند و ئاواییيەکان و ناو تیرە و هۆزەکانم بە فرسەت دەزانی بۆ بەهرەمەند بوون لە خەرمانی تەمەنیان، هەروەها زوو دەرکەوتنم لە کۆڕ و کۆبونەوە ئاینی یەکاندا، پیاوانێکی بەڕێزی وەك کاك مەلا تایەرم ناسی، لەبەر ئەوەی چەند خزمێکمان هەبوو لە تەپی سەفای خواروو لە بۆنەکاندا سەردانی یەکترمان دەکرد وەك: مامە حەمە ئەمینی مستەفای مراوەیس پاشا (حەمەئەمینی ساڵحی ڕەیحان) کە لە دایە ڕەیحانەوە برازای باپیرم (کوێخا مەحمودی ڕەیحان) بامۆکی بوو، هەروەها پورە فاتمەی حەمەڕەشیدی حەمە ئەمینی قادری وەسمانی هۆمەر ئاغا، کەدایکی ناوی خاتونی حەمەی دەروێش مستەفایە و خوشکەزای کوێخا مەحمودی ڕەیحانی بامۆکە، بەخزمەتی کاك مەلا تایەر و پیاوە بەڕێزەکانی ناودێ دەگەیشتم، مەرحەبا و هەواڵ پرسینمان هەبووە، بەڵام زیاتر لە پاش کیمیاباران و ڕاپەڕین و ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتنم و ڕۆشتن بۆ ئۆردوگای باریکە من دەرکەوتم و دۆستایەتی و تێکەڵیم لەگەڵ پیاوانێکی بەڕێزی وەك کاك

مەلا تایەری مامە عوسمان زیاتر و تۆکمە تر بوو.

لەخـزمەت ئەنـدازیار جەلالـی حـاجی تـایەر بەگ و مامۆسـتا حەمە فەریقـی شـەکرالی و ئەنـدازیار عەبـولڕەحیم کـوڕی مەلا تـایەرو چەنـد خۆشەویستێکی ترماندا چەند خوان و کۆڕێکمان سازداوە بە ئامادەیی کاك مەلا تایەر و کاك مارفی برای بۆ بەهرەمەنـد بـوون لە عەقڵ و زانسـت و ئەدەب و ئەزمونی ئەم پیاوە بەڕێزە و شیعرەکانی حافز و سەعدی شیرازی و مەولەوی و خانای قوبادی و چەندین ڕووداو و بەسەرهاتی عەجایـب و سەیر و سەمەرەی ڕۆژگار، کە بە چاوی خۆی دیویەتی و یەکێك بووە لە کاراکتەرەکانی، یا بە سـەنەدی نەبچـڕاو وەری گرتـووە لە گەورەکـانی و باوکو باپیرانی.

لە خەسڵەتە جوان و باشەکانی ئەم پیاوە: خاکی بـوون و کەم تەمـاحی و پابەندی بە ئیسلامەوە و خۆشویستنی کەسـانی دینـدار و زانایـان لەلایەن ئەم پیـاوە و کـوڕ و کـچ و خێـزانەکەیەوە لە نـاو بنەماڵەیەکـدا کە لە سەرەتای شۆڕشـی ئەیلـوولەوە هەتـا ئەم کـاتە زۆربەی ئـامۆزا و خزمـانی بەرپرس و دەستەڵاتدار و کەسایەتی ناو حیزب و حکومەتی ئەم دەڤەرەن، گەورەیی ئەم پیاوە و پاکی مەعدەنەکەی دەردەخەن. وە نەبێ کـوردایەتی و خۆشویستنی نیشتمان لەلای کاك مەلا تایەری تەپـی سـەفا پشـت گـوێ خرابێت یا گرنگی پێ نەدرابێت، بە پێچەوانەوە کوردێکی عەیارە بیست و چوار و نیشتمان پەروەرێکی ڕاستەقینە و بێ فێڵ و بێ فیزە، کە بەنی دڵی لە پێناوی کوردایەتیدا دانـاوە کە شـەهید (عەبـدولڕحمان)ی کـوڕی بـوو، لەماڵ و میوانیشدا کوڕی باوکی خۆیەتی، خاوەن سـفرە و نـانە بەبـێ عەن عەنە و تەن تەنە، ئەوەی لە دەستی بێ درێغی ناکات بۆ میوانەکانی، کورد واتەنـی: ئەم بەڕێـزە ئەگەر ڕۆژگـارێکیش نـانی جـۆین بوویێـت بەردەوام خوڵکی گەنمین بووە و زەردەخەنە و بـزە و ڕوخۆشـی مانـدویێتی مرۆڤـی دەرکردووە و تینویێتی و برسێتی ڕێبواریان ڕامـاڵیوە، خـوا بۆمـان بهێڵـێ بە قنج و قیتی و بیر و هۆش و شەوق و زەوقەوە، خوا کاکە عەبدولڕەحیم و

کچەکەی و هاوسەرە سەلارەکەی لێ نەسێنێ، یاخوا کاك مارفیش لەش ساغ و بەرز و بەڕێز بێت بۆ گەیاندنی کاکە مەلا تایەری بە پرسە و سولْح و کۆڕ و کۆبونەوە و سەردانەکان، تۆیش کاکە سەرحەد یونس موحەمەدی شەکرالیی لە تەپی سەفا ئیقامە وەرگرتوو لای خاڵوان، خوشکەزای ژیر و زیرەك و زیتەڵ و خوێندەوار و قەڵەم ڕەنگین خوا بتهێڵێ بۆمان تا ئەم گەنجینانەمان پێ بناسێنی و بیری گەل و وڵات و خزمانیان بخەیتەوە، لەگەڵ ڕێزی مامۆستا مەلا تایەری بامۆکی دا، ئەوە یەکەم جارە بنووسم مەلا تایەری بامۆکی چونکە من ناوم طاهرە، بەڵام بۆ حورمەتی کاك مەلا تایەر و گەورەیی ناوەکەی خۆم کردە هاوناوی بەڕێزیان.

مامۆستا مەلا تایەر بامۆکی

پێشنوێژ و وتارخوێنی

مزگەوتی پێشەوا عومەری کوڕی خەتتاب

هەڵەبجە ٢٠١٩/١٢/٩ز، بەرامبەر١٢/ربیع الاخر/١٤٤١ك

## وتەی مامۆستا ڕزگار حەسەلیم حەیدەر

بسم الله الرحمن الرحیم



لەگەڵ سەرهەڵدانی مرۆڤایەتی و ژیانی کۆمەڵایەتی بە تایبەتی لە گوندەکاندا کە بۆ زیاتر لە هەزار ساڵ دەگەڕێتەوە ڕیش سپی و پیاوماقووڵ ڕێز و بەهای خۆی هەبووە و هەمیشە جێگای گرنگیپێدانی خەڵکی بوون.

پیاوماقووڵ بە ئەندازەی خەمخۆری و دڵسۆزی بۆ دانیشتوانی گوند، ڕۆڵی کاریگەری بینیوە و لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و فەرهەنگییەوە ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە و جێگا دەستیان دیار بووە. وە خەڵکی کوردستانیش سودی زۆریان لەو کەسایەتییانە بینیوە و بە جێگای ڕاز و نیازی خۆیانیان زانیون و کێشە و گرفتەکانی خۆیان بۆ لای ئەوان بردووتەوە، بۆیە حەق وایە ماندوو نەبوونیان لێ بکرێت و ڕێز و شکۆیان بپارێزرێت.

کاری مەلایەتی لە هەرکوێ و هەر جێگایەکدا بێت چەندە لە ڕووی زانست و پێ بوونەوە گرنگ بێت، لەوە زیاتر و گرنگتر پێویستی بە پشتیوانی و دڵدانەوەی کەسانێکە لەو شوێن و جێگایانەدا کە نرخی ئەو پیشەیەیان لەلا بێت و دەست بدەنە بن باڵی مەلا و بانگخواز و شەوق و

حەزی بـۆ پیشـەکە بجـوڵێنن و ئەرکـی سەرشـانی لە ڕووی دارایـی و بژێوییەوە سوك بکەن، بەو شێوەیە کامڵ و تەواو دەردەچێت.

گەر سەرێك لە مێژووی دوور و نزیکی هەردوو گوندی تەپی سـەفای خـواروو و سـەروو بـدەین ئەوا لەگەڵ یەکەم بەردی بنـاغەی ئاوەدانیـدا مزگەوتێکیش بنیات نراوە و حوجرەکەشی کـراوە بە قوتابخـانە و بـووە بە جێگای بایەخی شـێخانی تەریـقەت و مامۆسـتایان بـۆ ڕەوانە کـردووە، تـا لەوێ وانەی شەریعەت بە فێرخوازانی نـاوچەکە بڵێـنەوە، بە تـایبەت تەپـی سـەفای خـواروو کە مێـژووەکەی کـۆنترە و چەنـدین مامۆسـتا و زانـای خواناس لەوێ وانەبێژییان کـردووە و کەسـانی دەسـت و دەم پاکیـان پـێ گەیاندووە.

مامۆستا تاهیر یەکـێکە لە خانەدانەکـانی گونـد و قوتـابییەکی زیرەکـی حوجرە و مەدرەسەی تەپی سەفا بووە لە چلەکانی سەدەی ڕابوردوودا، وە باوك و مامە و ئامۆزاکانی خەرجی و مەسرەفی ئەو قوتابخـانە شـەرعییە و مامۆســتا و فەقێکانیــان کێشــاوە و بەوپەڕی دڵســۆزی و خەمخــۆرییەوە نەیانهێشتووە چرای زانست لە گوندەکەیان بکوژێتەوە.

پاش ئەوەی لە وڵاتی ئێران گەڕاینەوە لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٨دا قەدەر وابوو یەکەم بارگە و بنەی پیشەی مەلایەتیم لە شارەزوور و گوندی تەپی سەفای خواروو بێت، بەوەش ئەو گوندە بوو بە یەکەم مەنزڵـی وتـاربێژییم و لەوێ تا ساڵی ٢٠٠٢ بەوپەڕی خۆشحاڵی و زەوق و شەوقی دینداریيەوە مامەوە.

وەك لە پێشەوە ئاماژەم پێکرد، مامۆستا تاهیر سەردەمانێك خۆی قوتـابی حـوجرە بـووە و تـا ڕادەیەکـی بـاش زانسـتی شـەرعی خوێنـدووە، بـۆیە لەسەرەتای چوونمەوە بۆ ئەوێ بوو بە مایەی دڵ خۆشیم و لە ئەزمـوون و قسە و باسـە پـڕ حیکمەتەکـانی بەهرەمەنـدی کـردم، هەروەهـا دانیشـتن و وتوویژ لەگەڵیدا تام و چێژی خۆی هەبوو، چونکە لە یەکتر تێدەگەیشـتین

و هاوکوفیی لە دید و بۆچونماندا هەبوو.

زیادەڕەوی ناکەم گەر بڵێم مامۆستا تاهیر لە ڕووی ڕەوشت و هەڵسوکەوتەوە کەسێکی نمونەییە و نمرەی نایاب دەهێنێت و عەیارەکەی باشە، هەروەها کەسێکی ئیماندار و پاك و خاوێنو نەرم و نیانەو گوێگرتن بۆ بەرامبەرەکەی یەکێکە لە سیما دیارەکانی ئەو زاتە.

مامۆستا تاهیر لەبەر ئەوەی ڕەمزێکی دیاری گوندەکەیە ئەوا لە ڕووی میوانداری و خانەخوێییەوە ئەرکی سەرشانی خەڵکی گوندەکەی سوك کردووە بەوەی زۆربەی میوانەکان لە ماڵی ئەودا لادەن و دەمێننەوە، بەوەش برا گەورەیی خۆی سەلماندووە، ئەمە جگە لەو بەهرە خواییە و ئەو حافیزە باشە و ئەو باکگراوەندە زانستییەی کە پێشتر و لە کاتی قوتابێتیدا هەموو ئەو شیعر و پەندو حیکمەتە زۆرانەی لەبەر کردوون و ئێستاش بە تەڕ و پاراوی لە مێشکیدا ماون و کۆڕ و مەجلیسەکانی پێ دەڕازێنێتەوە.

یەکێکی تر لە سیفاتە جوانەکانی مامۆستا تاهیر کە خۆم لەو ماوەیەدا لەوێ بووم و کەسانی تریش باسی دەکەن، لەو کەسانەیە کە لە مەجلیسدا کەسایەتی خۆی دەپارێزێت و بە قسەی بەسود و مانادار کاتەکە دەگوزەرێنێت، ان شاءالله پیرێکی عاقیبەت خێرە. سەرەڕای ئەو سیفەت و ئاکارە جوانانە نابێت ڕۆڵی گرنگی خێزانی بەڕێزیان لەبیر بکەین کە دەستەڕاستی ناوبراو بووە و هاوسەنگی خانەوادەکەی پاراستووە، بەوەی کە ئافرەتێکی سەنگین و سەلار بووەو هەیە، کە بەشێك لە جوانییەکانی کەسایەتی مامۆستا تاهیر بۆ ئەو دەگەڕێتەوە.

ماوەتەوە بڵێم کە مامۆستا تاهیر کەسێکی موحافیزکارە و زۆر شت بە عەیبە و گوناح دەزانێت، حەز ناکات کەسایەتی پێ لەکەدار بێت، ئەم سیفەتەش شۆڕ بووەتەوە بۆ تەواوی خانەوادەکەی و کاریگەری هەبووە لەسەر خێزان و مناڵەکانی و زۆر جار باجی ئەوەشیان داوە.

لە کۆتاییدا دەڵێم: هیچ کات باس کردنی جوانی و سیفاتی بەرزی کەسێك ئەوە ناگەیەنێت کە (عیسمەت) بدرێتە پاڵی، چونکە عیسمەت بە تەنها تایبەمەندی پێغەمبەرانە سەلامی خوایان لێ بێت، بەڵام وەکو کەسێکی ئیماندار و دەست و دەم پاك لە زۆر بابەتدا بە پێشەنگی دەزانم و حورمەت و ڕێزی هەیە لە لامان و هیوای لەش ساغی و تەمەن درێژی بە عاقیبەتی خێرەوە لە خوای گەورە بۆ دەخوازین.

مامۆستا ڕزگار حەمەسەلیم حەیدەر
پێشنوێژ و وتاخوێنی مزگەوتی
ئوسامەی کوڕی زەید لە هەڵەبجە
٢٠١٩/١٢/١١

## وتەی مامۆستا مەلا حەسەن شەمێرانی

بسم الله الرحمن الرحیم

لە بارەی کاك مەلا تایەری تەپی سەفاوە



کەمن ئەوانەی مرۆڤ ئاشنا بێت پێیان و دواتر زۆر خۆشحال بێت بە هاوڕێیەتییان، جەنابی کاك مەلا تایەر یەکێکە لەو پیاوە ئێسك سوك و ڕووخۆش و قسەخۆش و بە ئارام و لە سەرخۆیانەی کە من ئاشنایی و نزیکیم بۆ دروست بوو

لەگەڵیدا، چەند جارێك بینیومە و زیارەتمان کردووە لە ماڵی خۆیاندا و دەعوەتی کردوین بۆ سەر خوانی ڕازاوە و سفرەی پڕی، کە نیشانەی ڕەسەنی و بەخشندەیی ئەو زاتەیە. وە لە کاتی مەجلیس و گفتوگۆکانماندا، خواناسی و دینداری پێوە دیار بوو، نووکتەی خۆش و بە لەزەت بوو، لەبەر ئەوەی شارەزایی یەکی باشی هەبوو لە زمانی فارسیدا و شیعری فارسی زۆری لەبەر بوو، مەجلیسی زۆر خۆش ئەکرد و مرۆڤ بێ تاقەت نە ئەبوو لە دانیشتن لە گەڵیدا، وە لەناو کەس و کارو بنەماڵەیدا کەسێکی دیار بوو، وە خزمەتی مامۆستا و فەقێ و مزگەوتی ناو دێیان زۆرباش کردووە و یادەوەری ڕۆژانی لاوی و

خزمانی ناو دێ و ژیانی ڕابردووی زۆر لابوو خوازیارم تەمەن درێژ بێت و عاقیبەت خێر بێت.

مامۆستا حەسەن شەمێرانی

پێشنوێژ و وتارخوێنی مزگەوتی

گەورە لە هەڵەبجەی تازە

٢٠١٩/١٢/١١

## وتەی دکتۆر تەها تاهیر زەڵمی

بسم الله الرحمن الرحیم
شنەیەك لە شەماڵی وەفا



لە بەهاری ساڵی (١٩٩٥ز)دا هاوکات لەگەڵ ئاوێزان بوون بە نزیك بوونەوەی ساتە بەهەشت ساز و لەحزە فریشتە ئاساییەکانی مانگی پڕ لە خێری ڕەمەزان، بە سەردانێك گوندی تەپی سەفای خواروموم لە شارەزوور بەسەر کردە. گوندێکی ڕازاوە و ئاوەدان، سروشتی جوان و دیمەنی ڕەنگینی دڵڕفێن. خەڵکێکی ماندوو بەدەست ئازارەکانی ڕۆژگار، گیان لەسەر دەست بۆ بەدەستهێنانی پارووی حەڵاڵ و بژێوی ڕۆژانەی ژیان. لەگەڵ ئەوەشدا دارای چەندین خەسڵەتی بەرزی نیشتمانپەروەری و ئاکاری جوانی ئایینداری و کلتووری ڕەسەنی کوردەواری. دڵاوا و میهرەبان، سادە و خاکی و سینەساف، پەنای غەریب، ئامێزی گەرمی ڕێبوار و میوان. پاش فەرمووی وچان لەدیوەخان بۆ یەکەم جار بەدیداری کاك مەلا تاهیر گەیشتم. پیاوێکی سەلار و سەنگین بە بۆن و بەرامەی پیاوانی ناوداری نوورین، خاوەن هەگبەی پڕ لە پەند و هۆنراوە و ئەدەب و چیرۆکی دێرین. بە یەکەم نیگا و بینین هۆگری ئاشنایەتی و مەیلی نزیکی کۆڕ و دیدارەکانی دەکەیت. لەو ساتە وەختەوە تا ئیستاشی لەگەڵدا بێت

پەیوەنــدی نێوانمــان تونــدو تــۆڵەو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە گەشــەکردن و پەرەسەندندایە. ئەگەر چــی ســەرقاڵیەکانی ژیـان شـتێك دوور خستنەوە و دابڕانی دروسـت کـردووە، بەڵام هەرگیـز نەیتوانیـوە مەودا لە نێـوان دڵ و هەستەکانماندا دروست بکات.

ئەمێستاش چاوم ڕوون و دڵم گەش و ناخم ئۆقرە دەگرێـت بەبینـین و بیسـتن و باسـکردنی ئەو مێـژووە زێـڕین و پرشـنگدارە کە بە بەشـێکی گرنگی سەروەری ژیانمی دەزانـم. جێـی خـۆیەتی لێـرەدا هەڵوەسـتەیەکی ڕاگـوزەر بـکەم بە لاپەڕەکـانی سـاڵانی نزیکـی و سـەرەتاکانی ڕۆژانـی ئاشـنایەتیم بە بەڕێزیـان، بەو ئومێـدەی ببێـتە مەڵـۆیەك بـۆ سـەر خەرمـانی ئەزمـوونی دەوڵەمەنـدی مێـژووی کەسـایەتی و ئەسـتێرە پرشـنگدارەکانی ئاسمانی خزمەت و ئەدەب و عیرفانمان. دەکرێت بە دیاری کردنی چەنـد سەرەقەڵەمێك تیشك بخەینە سەر چەند ڕەهەنـدێکی کەسـایەتی کـاك مەلا تاهیر و بە نەوەی نوێ و خوێنەرانی ئاشنا بکەین:

بەڕێزیــان خــاوەنی کەســایەتیەکی ســەنگین و ســەلار و ڕێــزدارە. بیرکردنەوەیەکی میانڕەوانەی هەیە بۆ دین و ژین، کە هەردەم لە کـردارو گوفتاریدا ڕەنگیداوەتەوە. چەندین جار لە لێکـدانەوە و هەڵسـەنگاندنی بـۆ ڕەوتــی ڕووداوەکــانی ڕۆژگــاردا پێــی وابــوو: کە شــەڕو شــۆڕەکان دەرهاویشـتەی بیـری پەڕگیـری و تونـدڕەوین. ئەو هەمـوو کـات وتەی گونجـاو و لەبـاری ئامـادەیە، بـۆ هەربـاس و پەیڤێـك و بـۆ هەر پرسـێك نمونەیەکی شیاوی لایە کە لە ئاستێکی بەرزدا تەعبیری لێ دەکات. ئەمە و کۆڕ و دیدارەکانی وەك کەسێتی خـۆی شـێلراوی هـزر و هـۆنراوە پەنـد ئامێزەکـانی سـەعدی شـیرازی و مەولەوی و شـێخانی خـاوەن خـامەی ڕەنگینی بواری ئەدەب و عیرفانە.

بەڕێزیــان بــوونەتە شــوورەی پــارێزەری گونــدی تەپــی ســەفا و، پڕکەرەوەی بۆشایی و کەم و کورتییەکانی.

خــاوەن مــاڵێکی کوانــوو گەرم و، دیوەخــانێکی ئــاوەدان و، دڵ و

دەروونێکـی لێـوان لێـوە لە میهرەبـانی و مەیـل و مەحەببەتـی غەریبـان و میوانان و هەژارانە. ساتێك وچان گرتن لای بەڕێزیان واتە بەهرەوەر بـوون بە بەرچنەیەك لە ئەدەب و شیعر و پەند و قسەی نەستەق و چیرۆکی چێـژ بەخشی پەند ئامێز. زۆر بیری تیژە و زیرەکی و بەهرەیەکـی وای هەیە کە گوێبیسـتانی سەرسـام دەکـات و بە ئاسـانی دەتوانێـت بگەڕێـتەوە بـۆ لاپەڕەکانی تەمەن و بەسەرهاتەکان وەك خۆیان بیگێڕێتەوە. زۆر جار ( ناو و بەروار و شوێن)ی ڕوداوەکان وەك خۆی بەیان دەکات. هەردەم بـزە و خەنـدە لەسـەر لێوەکـانیەتی و، جارجـاریش بە شـۆخیەکی ڕێـزدارانەوە دەوروبەری دەدوێنـێ. بە شـکۆمەندییەوە دەڕوانێـتە خەڵکـی و مەیـل و تامەزرۆیی بۆ زێد و نیشتمانەکەی و ژیان لەگەڵ هاوماڵ و خزمانیـدا وای لێ کردوە کە گوندەکەی بەجێ نەهێڵێ و بە خۆشحاڵییەوە بەشداری خەم و ژانەکانیان بێت و خۆشییەکانیان لەگەڵـدا بەش بکـات. کـاك مەلا تـاهیر کـۆڕی زانایـانی ئـایینی زۆر پـێ خۆشـە و بەشـەوقەوە گـوێ لە وتە و وتارەکانیـان دەگرێـت و ئامۆژگاریەکانیـان بە هەنـد وەردەگرێـت. زۆر بەقەدر و ڕێـزەوە نـاوی زانـا و مەلاکـانی دێـرین دەهێنـێ و لە ترۆپکـی سـەروەریدا بـاس و خواسـەکانیان دەگێـڕێتەوە. لە مێـژووی نزیکـدا زۆر سەرسامی کەسایەتی زانسـتی و پـێگەی بەرزی مەلاباشـی کـورد، جەنـابی مامۆستای کۆچکردوو سەیید نەجمەددین بوو، کە بەڕێزیان سـاڵانێك وەك پێشـنوێژ و وتـاربێژ و چاکسـاز و پێشـەنگی هەردوو بـواری دیـن و ژیـن خزمەتـی بە خزمـانی تەپـی سـەفا و خەڵکـی ئـایین پەروەری شـارەزوور کردوە. هەر لەو سۆنگەیەوە بوو کە بەندەش شەرەفی بەخزمەت گەیشتن و خزمەت کردنی تەپی سـەفا و شـارەزوورم دەسـتکەوت، کە هەتـا هەتـایە خۆم بە قەرزداری جەنابی مامۆستا سەیید نەجمەددین و خزمانی میهرەبـان و خانەدانی تەپی سەفا دەزانم. گەرەکە ئەو ڕاستییەش بـدرکێنم کە بەنـدە وەك قۆناغی یەکەمی کاری مەلایەتیم زۆر سوودمەند و بەهرەوەر بووم لە ئاشـنایەتی و دۆسـتایەتی و برایەتـی و نزیکـی جەنـابی کـاك مەلا تـاهیر،


هەمـوو کـات بەدەم شـۆخی کـردنەوە دەیـوت: مامۆسـتا تـۆ بـۆ مـن وەك ڕەحیمی کوڕم وایت و برای ئەوی (رحیم طاهر) (طه طاهر). ڕاشکاوانەتر بڵـێم زۆر هەڵەی بـۆ ڕاسـت کـردومەتەوە و لە زۆر شـتی نائاسـایی و نەخوازراودا دەستی گرتـووم و خەمخـۆرانە پشـتی بەر نەداوم. هەروەك لە باری نالەباری دارایی ئەو ڕۆژگارەدا هەردەم دەسبارم بـوو، بـۆیە خـۆم بە قەرزاری خانەدانی و لوتف و میهرەبانییان دەزانم. ئەمە و زۆرشـتی تـریش هەن کە شـیاوی وتـن و ئـاوڕ لێـدانەوەن. ڕەنـگە ئەم خوێنـدنەوە خێـرایە هەرئەوەندە دەرفەت بدات. لە خوای باڵادەست دەخوازم کـاك مەلا تـاهیر لەش ساغ و تەندروست و ئاخیر خێـر بێـت، وە تەپـی سـەفاش ئـاوەدان و شـارەزووریش هەردەم لانـکەی پیـاوانی بەخـزمەت و کەسـانی خـاوەن هـیممەت بێـت، وە بە ئومێـدی دیـدار و بە هیـوای لە نـزیکەوە پێـك شادبوونەوە.

دکتۆر تەها تاهیر زەڵمی
پێشنوێژ و وتارخوێنی مزگەوتی
شەهیدانی مامۆستایان لە شاری سلێمانی
٢٠٢٠/٢/٧

## وتەی مامۆستا جەمال عەبدولجەبار (ئاکام)

بسم الله الرحمن الرحيم

کاك مەلا تاهیری مامە عوسمانی هۆمەر مێژوویەك پڕاوپڕ لە نیشتیمان پەروەری، دۆست و خۆشەویست و دڵسۆزی کەس و کار و خزم و ئاشنا و نەناس.



کەسایەتییە گەورە و مەزنەکان زۆر جار ڕێزیان ناگیرێت هەتا کۆچی دوایی ئەکەن، ئەسڵ و ڕەسەنایەتی ئەوەیە پێش کۆچی دواییان ڕێز و حورمەتیان بگیرێت و لە میدیا و ڕاگەیاندنەکانەوە ڕێز و مەکانەیان باس بکرێت و هەتا لە توانادا هەیە مێژووی سەربەرزی و چاکە و پیاوەتیەکانیان لە پێش چاو بگیرێت.

وەکو وەفایەك، نابێت ئەو جۆرە کەسانە فەرامۆش بکرێن، ئەم پیاوە چاو و عەقڵ و فام و ژیری دەڤەری شارەزوورە، کەم کەسی ناوداری دەڤەری شارەزوور هەیە ئاشنا نەبێت بە وتە بە نرخەکانی، بە باسە مێژووییەکانی، بە قسە نەستەق و ئامۆژگارییە ئاڵتونیەکانی لەبارەی دنیاو دینەوە، بە مەجلیسە گەرم و گوڕە پڕ مەوعیزە ناوازەکانی، لەسوڵح و نێوەندگیری کێشە کۆمەڵایەتیەکان بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتی و ئاشتەوایی ناو کۆمەڵگای کوردەواری.

هەڵـبەتە ئەم پیـاوە چـونکە باسـەکانی بەرەو بـارگەی هەق و بنیادنـانی کۆمەڵگـایەکی ژیـر و پێشـکەوتوو بـووە و هەمـوو جارێـك هەڵ ئەکشـا، کەسانێکیش هەن و ئەبن کە بەرژەوەنـدیە دنیاییەکانیـان لەگەڵ حەقیقەتـدا نایەتەوە لە کۆمەڵگادا، وە حەز بە سەروەریەکانی نەکەن، بەڵام ئەو خـۆی کێوێك بوو لە زانست و زانیاری و دینداری، کە نەتوانرێت ئەستێرەی هزر و ژیـری فەرامـۆش بکرێـت، هەمیشـە وەکـو ئەسـتێرەیەك لە ئاسـمانی کوردەواریدا گەشاوە و دیاربووە.

مـن لەئێسـتادا ئەمەوێـت زۆر سوپاسـی بەڕێـز کـاك سـەرحەد یـونس محەمەد بکەم و دەستخۆشی لێ بکەم کە هەستاوە بە نرخانـدنی ئەو پیـاوە مەزن و خۆشەویسـتە، کە توانیـویەتی کەسـایەتی ئەو پیـاوە و مێـژووە پـڕ سەروەرییەکەی لە دووتوێی کتێبێکدا کە تایبەتە بە مامۆستا، وەکـو ئەوەی هەیە بنرخێنێتو بناسێنێت، کە لەگەڵ شکۆی مامۆسـتا مەلا تـاهیری تەپـی سەفا لە تیرەی یاروەیسی لە عەشیرەتی جاف بێتەوە و ڕەفەیەك لە مێژووی کوردەواری پڕکاتەوە.

سوپاس بۆ خوا ئەو بەخـتەی پـێ بەخشـیم کە ئەو پیـاوە لەژیانـدایە و منیش ئەم چەند پەیڤەم بۆ نووسی، کە بە شانازی لە مێژووی ژیانی خۆمدا لە قەڵەمی ئەدەم.

لە خوای بەخشـندە داواکـارم تەمەنـی مامۆسـتا درێژبکـات و عـاقیبەت خێری دنیاو قیامەتی بکات.

مامۆستا جەمال عەبدولجەبار ئەحمەد


(ئاکام)

سلێمانی

٢٨ی شوباتی ٢٠٢٠

## وتەی ئامانج شێخ ناجی شێخ عەلائەدین نەقشبەندی

بسم الله الرحمن الرحیم



پەیوەندیی دێرین و پتەوی نێوان بنەماڵەی شێخانی نەقشبەندی هەورامان و عەشیرەتی جاف بە گشتی و خزمانی یاروەیسی بەتایبەتی، پەیوەندییەکە دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی دوو سەدە پێش ئێستا، کە باپیرە گەورەی ئەوان

(حاجی مەحمودی یاروەیس) و باپیری ئێمە (حەزرەتی شێخ عوسمانی سیراجەدینی یەکەم) لە تەوێڵە، دۆست و هاوڕێ و تێکەڵاوی یەکتر بوون و ئەو پەیوەندییە شۆڕ بووەتەوە بۆ نەوە و وەچەکانیان و بەردەوامیی هەیە. بەهەمان شێوەش پەیوەندی و تێکەڵاوییەکی دەیان ساڵەی نێوان هەردوو خودا لێیان خۆش بێت و فیردەوس جێگایان بێت (شێخ ناجی شێخ عەلائەدین نەقشبەندی باوکم) و (خاڵۆ حاجی عوسمانی هۆمەری مەحمودی یاروەیس) تەپی سەفا، جگە لەوەی پەیوەندیەکی ئایینیی و ڕۆحی و عیرفانی بوو، پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتیشە کە تاوەکو ئەمڕۆ درێژەی هەیە و جێگەی شانازیمانن.

دێتەوە یادم لە کۆتایی ساڵانی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکانی سەدەی پێشوودا، ئەو کات خاڵۆ عوسمان و مامۆستا مەلا تایەری کوڕی تەشریفیان دەهێنا بۆ شاری سلێمانی و سەردانیان دەکردین، لە خزمەتیدا دادەنیشتین، لە گوێگرتن و وورد بوونەوە لە قسەو باس و چیرۆك و

سەرگوزەشتەکانیدا مرۆڤێکی جوامێر و گەورە و کارامە و بوێرمان دەهاتە پێش چاو، کە ئەزموونەکانی ژیان بە تاڵ و شیرینیەوە تایبەتمەندیەکی سەرنجراکێشی پێ بەخشی بوو. لەو سەردەمەدا باوکم و براکانم جەختیان لەوە دەکردەوە کە ئەم زانیاری و چیرۆك و بەسەرهاتانە پێویستە تۆمار بکرێن و بپارێزرێن، بە تایبەت مێژووی جاف و خزمانی یاروەیسی و پەیوەندیەکانی نێوان خالۆ عوسمان لەگەڵ هەریەك لە حەزرەتی شێخ نەجمەدین و حەزرەتی شێخ عەلائەدین، دواتریش پەیوەندی بتەو و بەهێز و هەروەها رێز و خۆشەویستی نێوان خالۆ عوسمان و حەزرەتی شێخ عوسمانی سیراجەددین نەقشبەندی و کۆمەڵێك چیرۆك و یادەوەری سەبارەت بە رۆڵ و بەشداری ئەم دوو بنەماڵەیە لە جەنگی جیهانی یەکەم و رووبەڕووبوونەوەی سوپای رووسیای داگیرکەر، کە لەم ناوچەیەی ئێمەدا بە (غەزای رووس) ناسراوە. بەڵام نەهامەتیەکانی ئەم ناوچەیە و جەنگ و راگواستن و ئاوارەیی مەودای بە تۆمار کردنی ئەو یادەوەریانە نەدا .

لە ئێستاشدا نووسینەوە و بە چاپ گەیاندنی یادەوەریەکانی جەنابی مامۆستا مەلا تایەری کوڕی خالۆ عوسمان هەواڵێکی دڵخۆشکەر و موژدەبەخشە، وەك عەرەب دەڵێن (خير خلف لخير سلف)، ئەوەی نەتوانرا لە ژیانی خالۆ عوسماندا ئەنجام بدرێت بە دڵنیاییەوە مامۆستا مەلا تایەر کاری لەسەرکردووە و بە پشت و پەنای خودای گەورە سەرکەوتوو دەبن لە ئەنجام گەیاندنیدا .

بەڕێزیان دەریایەکی بێ بنە لە زانیاری و چیرۆك و بەسەرهات، لە سۆنگەی شارەزایی و نزیکی بەڕێزیەوە لە رووداو و ووردەکاریەکانی شۆڕشی کوردی و مێژووی ئەم ناوچەیە، جگە لە لێهاتوویی لە زمانی عەرەبی و فارسی و شیعر و ئەدەب دا، کارامەیی و ئەزموونی دەیان ساڵ لە بواری زەویوزار و کشتوکاڵو پەیوەندیە کۆمەڵایەتییە هەمە لایەنەکەیەوە، دڵنیام کە ئەم کتێبە کەلێنێکی دیار و بەرچاو لە کتێبخانەی

کوردییدا پڕ دەکاتەوە و زۆر شتی نادیار و شاراوە بـۆ نەوەی نـوێ ڕوون دەکاتەوە.

لەگەڵ هیوای لەش ساغیو تەمەن درێژی بۆ جەنابیان .

ئامانج شێخ ناجی شێخ عەلائەدین نەقشبەندی
سلێمانی
٣ی ئاداری ٢٠٢٠

## وتەی مامۆستا سەلاحەدین محەمەد بەهائەدین

مامۆستا سەید نەجمەدین و مەدرەسەکەی تەپی سەفا

لە ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی بیستەم دا گوندی (تەپی سەفا) لانکەی چەنـــد کەســـایەتییەکی نـــاوداری هـــۆزی یاروەیســـی بـــوو، حـــاجی حەیـــدەر، حـــاجی مستەفا، حاجی عوسمان و حاجی موشیر.



مزگەوتیان هەبـوو، مەلای باشـیان هەبـوو، وەکو مامۆستا شێخ عەبـدولعزیز پـاڕەزانی کە ماوەیەك لەوێ ئیمـام و وتـاربێژ بـووە، پاشـان بووە بە مامۆستای قوتابخـانە و ئەوێـی بەجـێ هێشتووە.

مامۆستا سەید نەجمەدین تەها کە لە مەدرەسەی بیارەی شەریفە ئیجازە وەردەگرێت و بە ڕێککەوتن لەگەڵ ئەم پیاوە ناودارانەی شارەزوور ئەبێتە مەلا لە گوندی تەپی سەفا کە پێی وتراوە تەپـی سـەفای حـاجی حەیـدەر (خواروو).

حـاجی مسـتەفای یاروەیسـی کە کەسـایەتییەکی بەخشـندە و زانسـت دۆسـت بـوو، هەر لە نـاو زەوی و زاری خۆیانـدا گونـدێکی تـر بنیـات دەنێت، بە ناوی تەپی سەفای حاجی مستەفا (ژووروو).

بۆ پەرەپێدانی مەدرەسە و مزگەوتەکەی مەرحومی مامۆسـتا مەلا سـەید نەجمەدین ئەچێتە ئەوێ و مزگەوت و مەدرەسەیەکی فراوان و بە خزمەت دەست پێ دەکات.

هەمیشە پڕ لە فەقێ و دەرس، هەمیشە ئاوەدان لە میوان و سەردان.

لێـرەدا دەبـێ بـوترێ کە تەپـی سـەفا و مەدرەسـەکەی مامۆسـتا سـەید

نەجمەدین هەروەك مەڵبەندێکی علومی شەرعی بوو، چەندین مامۆستای تێدا بڕوانامەیان وەرگرتووە، وە دوای ئەوە دەچوونەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و باشوور. هەروەها بوو بە بنکەیەکی دەعوەتی برایانی موسڵمان و ڕابوونی ئیسلامی نوێ. چونکە مەرحومی مامۆستا یەکێك لە زانا چالاك و مودەریسە سەرکەوتووەکانی بواری ڕابوونی ئیسلامی بوو، هەمیشە بە دەرسەکانی و وتارەکانی خەریکی بانگخوازی و پەروەردە و ڕێنمایی بوو.

بێگومان مەرحومی حاجی مستەفای یارەوەیسی پشتیوان و هاوکارێکی گەورە بوو بۆ مامۆستا و بۆ مەدرەسەکە و بۆ فەقێکان، نەك تەنها لە تەپی سەفا، بەڵکو دەستی بەخشندەیی و ئاوەدانکردنەوەی لە شوێنەکانی تریش هەبووە. لەبیرمە کە دەهاتە خورماڵ و سەردانی مەرحومی باوکمی دەکرد، نێوانیان زۆر خۆش بوو. ڕیزە دوکانێکی دروست کردبوو بۆ وەقفی مزگەوتی خورماڵ. هەروەها لە هەڵەبجە و شوێنی تریش دەستی خێری هەبوو.

هەر ئەم بنەماڵە بەڕێزانە لە هەردوو گوندەکە پشتیوان و ئیدارەی مزگەوت و مەدرەسەیان بەردەوام بوو. پاش مەرحومی حاجی حەیدەر لە تەپی سەفای خواروو، مەرحومی حاجی عوسمان ئیدارەی کاروباری مزگەوت و مامۆستا و ڕیش سپییەتی گوندەکەی ئەکرد. لەوبەریش مەرحوومی حاجی مستەفا خۆی لە ژیاندا بوو، تا لە ساڵی ١٩٨٧ ئەم گوندانە تەرحیل کران و نیشتەجێیان کردن لە هەڵەبجە و سیروان. پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ ئاوەدان کراونەتەوە.

بەم شێوەیە ناوی مامۆستاکان بە تایبەتی مەرحومی مامۆستا شێخ عەبدولعەزیز و مەرحومی مامۆستا سەید نەجمەدین، هەروەها ناوی کەسایەتییە خێرخواز و ناودارەکانی هەردوو تەپی سەفا، مەرحومی حاجی حەیدەر و حاجی مستەفا و حاجی عوسمان، هەروەها نەوە و بنەماڵەی عەشیرەتی یارەوەیسی و خزمانی جاف بە گشتی ناویان نەمر و جێدەستیان لەو دەشت دەر و گوند و شارۆچکانەی شارەزوور و هەوراماندا نمایان و

بەرقەرارە.

کاك مەلا تاهیری کوڕی خالۆ عوسمان ئێستە لە ژیاندایە و خەمخۆری ئەو مێژووەیە. ئەوەندەم لە بیرەوەرییەکانی ئەو سەردەمە لە بیرە.

سەلاحەدین مەلا محەمەدی خورماڵ
٢ی حوزەیرانی٢٠٢٠

# بەشی دووەم

## ڕەچەڵەکی مەلا تایەر یاروەیسی

## لەگەڵ قۆناغی منداڵی و خوێندنی

## * مەلا تایەر کێیە، کەی و لە کوێ لەدایك بووە؟

- ناوم محەمەد تاهیر عوسمان عومەر مەحمود یاروەیس کەمال ئیسماعیل یوسف مەلا ئەیوبی کەڵئاشییە و مەشهورم بە مەلا تایەر، لە بەرواری ١٩٣٥/٢/٥ لە گوندی تەپی سەفای خواروو لەدایك بووم. گوندەکەمان سەر بە شارەدێی خورماڵە و ئەویش سەر بە پارێزگای هەڵەبجەیە لە هەرێمی کوردستانی عێراق، دایکیشم جەمیلەی کچی محەمەد حەسەنی یاروەیس کە بە سێ پشت دەگاتەوە پێمان، خوشکی حاجی خالید ئامۆزای باوکم بووە لە بەشارەت. لەبەر ئەوەی مامەم حاجی هەیەر کەسێکی خوێندەوار بووە ئەوا بەرواری لەدایك بوونەکەم وەکو خۆیەتی و ئەو لە کاتی خۆی دا تۆماری کردووە.

ئەو ڕۆژەی من تیایدا لە دایك بووم، شاعیری کورد ئەحمەد موختار جاف لە سەر چەمی سیروان لە لایەن دەستێکی ڕەشەوە تیرۆر کراوە.

من سێ ساڵ لە کاکە حەمەم - خوا لێی خۆش بێت- بچوکترم کە ئەو برای گەورەمە و ساڵی بەفرە زۆرەکە[1] لە دایك بووە.

## * تۆ هەموو جار باسی میمکە(٢) ڕەعنات ئەکەیت، واتە پورە ڕەعنا خوشکی دایکت لە جێگای دایکت بووە، ئایا دایکی خۆت بینیوە، یان تۆ مناڵ بویت، ئەو کۆچی دوایی کردووە؟

(١) لەو ساڵەدا کە دەکاتە ٥ی شوباتی ١٩٣٢ بەفرێکی زۆر لە شاری سلێمانی و دەوروبەری باریوە، کە پێی دەوترێت ساڵی بەفرە زۆرەکە.

(٢) میمك: لە ناوچەی شارەزوور و گەرمیاندا بە مانای پور هاتووە، چ خوشکی باوك بێت یان دایك.

- دایکم فیردەوس جێگای بێت ناوی (جەمیلە)ی کچی محەمەدی حەسەنی یاروەیسە، لە دەوروبەری ساڵی ١٩٤٠دا و کاتێ کە من تەمەنم پێنج ساڵان بووە ئەو کۆچی دوایی کردووە، دواتر خاڵۆ حاجی خالیدم لەبەشارەت، میمکە ڕەعنا (ڕەعنا محەمەد حەسەن یاروەیس)ی داوە بە باوکم، بۆ ئەوەی من و کاکە حەمەی برا گەورەم بێ سەرپەرشت نەمێنینەوە، واتە باوکم دوو خوشکی حاجی خالیدی ئامۆزای خۆی یەك لە دوای یەك مارە کردووە و دواتریش دادەمان (بەهیە کچی حسێنی کاکەسور)ی هاروونی هێناوە، کە دەکاتە دایکی خوشك و براکانی ترم دڵستان و گەردە و خورشیدە و مستەفا و سەرکەوت - خوا لێی خۆش بێت-.

## * میمکە ڕەعنات چەند مناڵی هەبوون؟

- میمکە ڕەعنام کە خوشکی دایکمە و لەهەمان کاتیشدا دایکی دووهەممە منالی زۆری هەبوو، بەڵام نیوە زیاتریان کۆچی دواییان کردووە و بۆی نەماونەتەوە، لەوانە: (سلێمان، عەلی، عومەر، تاریق، فاروق، عەزیز، بەناز، لەعلە، ئامینە)، ئەوانەش ماونەتەوە لە ژیاندا ( فاتمە و ئافتاو و بەگزاد و مارف)ن.


## * هۆزی یاروەیس و نەوە و وەچەکانی مەحمودی یاروەیس کێن و لە چ شوێنێك نیشتەجێن، بۆچی پێتان ئەوترێت کەڵئاشی؟

- هۆزی یاروەیس تیرەیەکن لە عەشیرەتی کەڵئاشی، کە پێگەی سەرەکییان ئەکەوێتە کڵاش و بنجۆی سەر بە شاری جوانڕۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. کەڵئاشییەکان بە شێوەیەکی گشتی لە سنوری جوانڕۆ نیشتەجێن، وە چەندگوندێکیان لەو سنورەدا پێکهێناوە و تاوەکو سنوری چیای ماکۆك و سەرپێڵی زەهاو دەڕۆن.

ناوی کەڵئاشی لە دوو بڕگە پێك هاتووە: یەکەم (کەڵ) کە

گیانداریێکی کێوییە و دووەم (ئاش) واتە خواردن، کەڵیان ڕاو کردووە و هێناویانەتەوە وتوویانە بە دایك، یان ئاشپەزەکانیان ئادەی ئەم کەڵەمان بۆ بکە بە ئاش، ئیتر ناویان لێ ناون کەڵئاشییەکان، یان کەڵاشییەکان.

ئەم عەشیرەتە لە سەردەمی سوڵتان مورادی عوسمانیدا چەند بنەماڵەیەکیان لەگەڵ چەند هۆز و تیرەی ناو جاف دا هاتونەتە سنوری کوردستانی عێراق و بوون بە جافی مورادی، کە ئەوانیش واتە کەڵئاشییەکان زۆربەیان لە سنوری پارێزگای هەڵەبجەدا نیشتەجێن، وە هەندێکیان لە ئیستادا کەوتونەتە هەڵەبجەی تازە و ناحیەی زەڕایەن و گوندی بیرکێ و باریکە و قەزای کەلار، وە چەند بنامەڵەیەکیشیان لە هەردوو گوندی دەڵەمەڕ و کۆساوا بەشێوەیەکی سەرەکی نیشتەجێ بوون. وە ئێمەش وەکو هۆزی یاروەیس کە تیرەیەکی گەورەی ئەو عەشیرەتەین لە هەردوو گوندی تەپی سەفا و بەشارەت و کولکنی فەقێ کەرەم و بنەماڵەیەکیشمان لە بەغدا و هەروەها بنەماڵەیەکی تریشمان لە وڵاتی شام نیشتەجێین.


تیرەی کەڵئاشی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەردوو پارێزگای سنەو کرماشان نیشتە جێن
هۆزو بنەماڵەکانی عەشیرەتی کەڵئاشی لە باشووری کوردستان
(بنەماڵەی ئەبوبەکر) لە باشووری کوردستان لە سەنتەری پارێزگای هەڵەبجەو گوندەکانی کۆساواو دەڵەمەڕ نیشتە جێن
بنەماڵەی مەلا صالح لە باشووری کوردستان لە پارێزگای سلێمانی لە قەزای دەربەندیخان و لە گوندی بیرکێ نیشتەجێن
بنەماڵەی یەعقوب لە باشووری کوردستان لە پارێزگای سلێمانی لە قەزای شارەزوورو گوندی وەرمن نیشتەجێن
بنەماڵەی حاجی عبدوڵای کەڵۆش لە باشووری کوردستان لەپارێزگای سلێمانی لە ناحیەی قەرەداغ لە گوندی مچە کوێر نیشتەجێن
مەلا ئەیوب
یوسف
ئیسماعیل
کەمال
یاروەیس
زۆراب
هۆزی یاروەیس لە باشووری کوردستان لە سەنتەری هەردوو پارێزگای هەڵەبجە و سلێمانی وقەزاکانی شارەزوور و سیدصادق و لە ناحیەکانی سیروان و خورماڵ لە هەردوو گوندی تەپی سەفا و کولکنی و بەشارەتی خواروو یشتەجێن
بنەماڵەی زۆراب لە باشووری کوردستان لە سەنتەری پارێزگای هەڵەبجەو لە ناحیەی خورماڵ لە هەردوو گوندی تەپی سەفا نیشتەجێن
دیزاین و ئامادەکردنی ئەندازیارعبدالرحیم ملا طاهر حاج عثمان
سەرچاوەی سەرەکی زانیارییەکان ملا طاهر حاج عثمان عمر محمود یاروەیس

باپیرە گەورەمان (یاروەیس) کە هۆزەکەشمان ناوی ئەوی وەرگرتووە، کوڕی کەمالی ئیسماعیلی یوسفی مەلا ئەیوبی کەڵئاشییە و لە ساڵی ١٧٦٠ی زایینیدا لەدایك بووە و بیست ساڵ دواتر و لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەدا هاتووەتە سنوری قەڵەمڕەوی عوسمانی و گەرمیان و کوێستانی کردووە، وە لەگەڵ پاشا و بەگزادەکانی جافدا پەیوەندی باشی هەبووە، وە لە تەمەنیدا نۆ ژنی هێناوە و وەچە و نەوەیەکی زۆری لە دوا بەجێ ماوە، یەکێ لەوان حاجی مەحمودی یاروەیسە، کە باپیرە گەورەی منە.


باوە یاروەیس پێشتر ژنێکی هەبووە و مناڵی لێی نەبووە، حەوت شوانی هەبووە بۆ ماڵیاتەکەی، سەروەت و سامانی زۆر بووە، شوانەکانی زۆر خۆشیان ویستووە و بێ تاقەت بوون لەوەی کە باوە یاروەیس مناڵی نییە و ئەم سەروەت و سامانەی خەڵکی بێگانە بیخوات، هاتوون نمایشێکیان ساز کردووە، بۆ ئەوەی سەرنجی باوە یاروەیس ڕابکێشن و ئەوەی بیر بخەنەوە کە ئەو سەروەت و سامانێکی زۆری هەیە و کەسی لەدوا بەجێ نامێنێت، خزم و کەس و کاری تەپ دەدەنە سەری و نۆشی گیانی دەکەن.

نمایشەکە بەم شێوەیە بووە: دێن دەستێك کەوا و سەڵتەی باوە یاروەیس دەهێنن دەیکەن بەسەر دارێکدا و مێزەری بۆ دەبەست و دەیکەن بە کۆتەڵی یاروەیس و دەیخەنە سەر ئەسپێك، دەیخە پێش خۆیان و دەست دەکەن بە گریان و لە خۆدان و شیوەن، باوە یاروەیسیش لە ڕەشماڵ دێتە دەرەوە بۆ لایان دەبینێت، شیوەن و گریانە و داهۆڵێك بە جلەکانی خۆیەوە بەسەر ئەسپێکەوەیە و شوانەکانیش خەریکی لەخۆدان وگریانن، دەپرسێت، بۆچی وا دەکەن؟ ئەمە کۆتەڵی کێیە؟ ئەوانیش دەڵێن، باوە گیان کۆتەڵی تۆیە، ئەوە چەند ساڵێکی تر ئاوا کۆچی دوایی دەکەیت و ئێمەش شیوەنت بۆ دەگێڕین، هیچ مناڵێکت نییە بکەوێتە شوێنی تەرمەکەت و دوای ئەوەی لە گۆڕستان هاتینەوە سەروەت و سامانەکەت لە نێو خۆماندا دابەش دەکەین و دوعایەکی خێریشت بۆ ناکەین.

باوە یاروەیس هەڵوەستەیەك دەكات و لە نمایشەكە ڕادەمێنێت، ئەڵێت بەخوا ئێوە ڕاست ئێژن، شەرتبێ تا ماوم بە پێی شەرعی ئیسلام چوار ژن بێنم. جگە لە ژنی یەكەمی كە پیر بووە، سێ ژنی تر لە سێ هۆزی ناو عێلی جاف دەهێنێت، پاش ئەوەش هەر ژنێكی نەمابێت ژنێكی تری خستووەتە جێگاكەی تا ژمارەیان بووە بە نۆ ژن. بەم فرە ژنییە جگە لە كچ كە بەداخەوە ناوی هیچ كامیان نازانم، نۆ كوڕی دەبێت، كە ئێمە ئێستا وەچە و نەوەی ئەوین و پێمان دەڵێن هۆزی یاروەیس.

باوە یاروەیس برایەكیشی هەبووە بە ناوی زۆراب، نەوە و وەچەی زۆری لە دوا بەجێماوە و لە ئامۆزاكانی ئێمەن و پێیان دەڵێین بەرەی مامە زۆراب.

باوە یاروەیس نۆ كوڕی هەبووە بە ناوەكانی: موحەمەد، ئەحمەد، حەسەن، مستەفا، قادر، ئیسماعیل، مەحمود، عەلیو سەعید. لەناو ئەم كوڕانەدا ئیسماعیل و عەلی و سەعید مناڵ و نەوەیان لە شوێن بەجێ نەماوە، ئەوانی تر مناڵ و نەوەی زۆریان هەیە و بە هۆزی یاروەیس ناو دەبرێن.


شەجەرەی هۆزی یاروەیسی جاف
یاروەیس
حسن
محمود
ئەحمەد
قادر
محمد
مصطفی
ئیسماعیل
سعید
علی
دیزاین و ئامادەکردنی ئەندازیارعبدالرحیم ملا طاهر حاج عثمان
سەرچاوەی سەرەکی زانیارییەکان ملا طاهر حاج عثمان عمر محمود یاروەیس

ئەمانەی خوارەوە ناوی کوڕەکانی یارووەیس‌و نەوەو وەچەکانی ئەون:

**یەکەم/ مستەفای یارووەیس:** (عەلی و قادر و ڕەزا)ی لەشوێن بەجێماوە.

قادر مستەفا: باوکی هەریەکە لە(عەبدوڵا و حەمەئەمین و فاتمە و کچێکی ترە).

ڕەزا مستەفا: باوکی(عەلی و محەمەد)ە

عەبدوڵا قادر مستەفا: باوکی موحەمەد لە کوڵکنی و فاتمەی خوشکی کە خێزانی ئەحمەد محەمەد ڕەزایە لە تەپی سەفا.

حەمەئەمین قادر مستەفا: باوکی قادرە لە کوڵکنی).

فاتمە قادر مستەفا: دایکی (حاجی حەمەفەرەجی حاجی حەمەنەسیم)ە لە تەپی سەفا.

کچەکەی تری قادر مستەفا: ناوی نەهاتووە، دایکی ئەحمەدی حاجی ئەوڕەحمان نەورۆلی بووە.

**دووەم/ حەسەن یارووەیس:** هەریەکە لە (ئیبراهیم و محەمەد و مەحمود)ی لەدوا بەجێماوە.

محەمەد حەسەن یارووەیس: (قادر، خالید، سادق[١]، جەمیلە[٢]، سوعات، ڕەعنا)ی لە دوا بەجێماوە.

مەحمود حەسەن یارووەیس: عەلی لە دوا بەجێماوە، کە دەکاتە باوکی محەمەد و مستەفا و ناهی لە گوندی بەشارەت.

خالید محەمەد حەسەن یارووەیس: ناسراو بە (حاجی خالید) باوکی هەریەکە لە (حامید، ئەحمەد، ئەمجەد، بەهجەت، ناجی و فاتمە)یە لە گوندی بەشارەت.

---

(١) دایکی سادق: کچی فەرەجی حەمەی ڕەسوڵ بووە واتە خوشکی مام سابیر سەرۆک عەشیرەتی وردە شاتری لە سەیدسادق خوالێی خۆش بێت.


(٢) جەمیلە دایکی مەلا تایەرە کە لە دەوروبەری ساڵانی ١٩٣٩-١٩٤٠ کۆچی دوایی کردووە.

ئیبراهیم حەسەن یاروەیس: فەتاحی لەدوا بەجێ ماوە.

**سێهەم/ قادر یاروەیس:** یاروەیسی لەدوا بەجێماوە لەگەڵ ئالتون[1]، یاروەیسیش عەلی و ئامینەی لەدوا بەجێماوە.

**چوارەم/ محەمەدی یاروەیس:** باوکی مەحمود و ئالتون بووە، ئالتونیش دراوە بە سەرۆك عەشیرەتی گلاڵی لە میاندواوی کوردستانی ئێران.

(١) ئاڵتوون: دایکی حاجی نەجیبمی ناوگردانە.




دیزاین و ئامادەکردنی ئەندازیارعبدالرحیم ملا طاهر حاج عثمان

سەرچاوەی سەرەکی زانیارییەکان ملا طاهر حاج عثمان عمر محمود یارەویس

**پێنجەم/ ئەحمەدی یاروەیس:** باوکی هەریەکە لە (حەمەعەلی[١] و مەلا سەعیدو فەتاحو محەمەد) بووە.

مەلا سەعید: باوکی هەریەکە لە (مەحمود) کە لە ساڵانی چلەکانەوە لە وڵاتی سوریا نیشتەجێ بووە، لەگەڵ (محەمەد) و (مستەفا) و (ئەحمەد) و (حەمەعەلی) و (سنییە)یە

فەتاح: باوکی (عەبدولکەریمو فاتمە)ەیە.

محەمەد: باوکی (مارف)ە.

حەمەعەلی: باوکی (سەعیدو ڕەشید)ە.

مستەفا سەعید: باوکی (ماجیدە، ساجیدە، عالیە، سەعید، کەمال، ماجید)ە.

ئەحمەد سەعید: باوکی (سەبیحە، سەلیمە، مەدیحە، حەسیبە)یە.

مەحمود سەعید: باوکی (عەبدولوەهاب، عەبدولسەلام، عەبدولحەکیم، سەلاح، مونزیر، سەمیرە، مەقسود، نەزیرە، مونیرە)یە لە وڵاتی سوریا.

محەمەد سەعید: باوکی (ڕەبیعە)یە.

حەمەعەلی سەعید[٢]: باوکی (فاتیمە، فوئاد، بورهان، فریال، فەوزی،

---

(١)حەمە عەلی ئەحمەد یاروەیس لە ١٩٠٠/١٢/٢ لە دایك بووە.

(٢) مامۆستا و ڕۆژنامەنووس : محەمەد عەلی سەعید ئەحمەد یاروەیس لە ١٩٢٥/٧/١ لە شاروچکەی قەزرەبات (سەعدیە)ی سەر بە قەزای خانەقین لە دایك بووە .

باوکی مەلا سەعید ئەحمەد یارویس لە سالی ١٨٨٢ لە گەڵ جەمیل بەگ کوڕی محەمەد عەلی بەگی جاف بە فەرمانی دەوڵەتی ئەو کاتەی عوسمانی بەرەو ناوی زاویە- قەزرەبات _سەعدیە ڕۆشتوون بۆ سەرپەرشتی کردنی زەوی و زار و باغەکانی ئەو دەڤەرە.

مەلا سەعید لەوێ وەکو جیگری جەمیل بەگ کاری کردووە. لەبەر ئەوەی پیاوێکی خوێندەوار بووەو چوار زمانی زانیوە، لەوانە (کوردی، عەرەبی، فارسی، تورکی). وەك مامۆستا و خوێندەوار و ڕۆشنبیرێکی ئەوکاتە ڕۆڵەکانی بەگزادەی جاف لە ژێر دەستیدا فێری زانستی قورئان و زمانی عەرەبی بوون. وە هەر لەوێ خانوو و باغی خۆی هەبووە و ژنی یەکەمی هیناوە بەناوی خاتوو پەریخان جاف، کە خەڵکی شاری کەلار بووە، دوای کۆچی دوایی پەریخان لە ساڵی ١٩١٥ ژنی دووەمی هیناوە، کە لە بنەماڵەی یاروەیسی بووە بە ناوی عائیشە ئەحمەد فەتاح یاروەیسی لە دەڤەری شارەزوور. مەلا سەعید کەسێکی خوێندەوار و ڕۆشنبیر بووە، لە ساڵی ١٩٣٦دا کۆچی

←

فەرهاد، تەها)یە.


عەبـدولکەریم فەتـاح: بـاوکی هەریەکە لە (حەمیـد، فـاتمە، مـحەمەد، ئەحمەد، عەلی) یە.

مەعروف محەمەد: باوکی (وەردە، مەحمود، گەردە، ئەحمەد)ە.

---

دوایی دەکات، لە گۆڕستانی قەزرەبات بە خاك دەسپێردرێت .
ماموستا محەمەد عەلـی سـەعید ئەحـمەد یارویسـی کـوڕی لە سـاڵی ١٩٣١دا خوێنـدنی سەرەتایی لە خویندنگای سەعدیە بۆ کوڕان دەست پێکردووە و لە سـاڵی ١٩٣٨ دا ئەو قۆناغەی تەواو کـردووە. وە لە سـاڵی ١٩٤٠ وە تـا سـاڵی ١٩٤٥ لە پەیمانگـای خـانەی مامۆستایان -دار المعلمين —ی بەغدا درێژەی بە خوێنـدنی داوە و بـووە بە مامۆسـتا. لە ساڵی ١٩٤٦دا لە قوتابخابەی قۆرەتوو لە قەزای خانەقی دامەزراوە. وە لە سـاڵی ١٩٤٨دا گوازراوەتەوە بۆ قوتابخـابەی جەلەولا و دوای ئە وەش بـۆ سـەعدیە، لەو دوو جێگـایە بۆ ماوەی ٦ ساڵ مامۆسـتا بـووە . لە سـاڵی ١٩٥٠دا ژیـانی هاوسـەرگیریی پێـك هینـاوە لەگەڵ خاتوو (بەهیە حەمید دەلۆیی)دا، کە لە بنەماڵەیەکی ناسراوی خـانەقی بـووە. لەو کاتەدا محەمەد عەلـی بەرێـوبەری قوتابخـابەی نەفتخـانە بـووە کە دەکەوێـتە باشـووری شاری خانەقییەوە، تا ساڵی ١٩٥٧ لەوێ مـاوەتەوە. دوای شۆڕشـی عەبـدولکەریم قاسـم وەکو گەنجێکی ڕووناکبیری ئەو سەردەمە درێژەی بە خوێنـدی دواناوەنـدی داوە و لە تاقیکردنەوەی دەرەکی لە شاری بەعقوبە بە نمرەی ٧٣ لە سەد دەرچووە. پاشان هەوڵی داوە لە زانکۆی بەغدا وەربگیرێت، بەڵام گرفتی بۆ هاتووەتە پێش و بەیتوانیـوە درێـژە بە خوێنـدن بـدات . لە سـاڵی ١٩٥٩دا ماموسـتا مـحەمەد عەلـی لە شـاری بەغـدا و لە ناوچەی ئەعزەمییە نیشتەجێ بووە، کە لەو کاتەدا بـاوکی سـێ کـوڕ بـووە بە ناوەکـانی (فوئاد، فەرهاد، فەوزی). وە لە شاری بەغـدا دەبێـت بە بەڕێـوەبەر لە قوتابخـابەی (ابـن المعتز) و بەردەوام دەبێت تا لە ساڵی ١٩٨٣دا خانەنشـین کـراوە. وە هەر لە بەر فـراوان کردنی ئاستی ڕوشنبیری خۆی ساڵی ١٩٦١ لە زانکۆی ئەمریکـی بەیـروت بەشـی یاسـا وەرگیراوە، بەڵام ئەمجارەشیان لە بەر چەند هۆکارێکی کۆمەڵایەتی نەڕوشـتووە بە دەم خوێندنەکەیەوە . بەڵام دواتر و لە ساڵی ١٩٦٣دا لە زانکۆی موستەنصـەرییە وەرگیـراوە و لە ساڵی ١٩٧٦دا کۆلیژی ئاداب بەشی (علـم الـنفس) بە پـلەی بـاش تەواو دەکـات. دوای خانەنشین بـوونی پیشـەی ڕۆژنامەنووسـیی هەڵبـژاردووە و لە سـاڵی ١٩٨٤دا وەك زمانەوانێکی کورد لە گۆڤارەکانی (بەیان، ڕۆشنبیری نوێ، ڕەنگـین)دا چەنـدین بـابەتی ڕۆشـنبیری و ئەدەبـی و دەروونیـی نووسـیووە و لەگەڵ ئەوەشـدا کـاری وەرگێڕانـی کردووە. لە ساڵی ٢٠٠٣دا دەستی لە کاری ڕۆژنامەنووسـی هەڵگـرت، ئەوەش بە هـۆی پیری و هەڵکشانی تەمەنی و بـاری نـاجێگیری تەندروسـتییەوە بـووە. ماموسـتا مـحەمەد عەلی سەعید ئەحمەد یـاروەیس بـاوکی پێـنج کـوڕ و دوو کـچە بە ناوەکـانی (فوئـاد، فەرهـاد، فەوزی، بورهـان، تەهـا، فەوزیـیەو فـاتمە). نـاوبراو لە ڕۆژی ٢٠١٩/١٢/٢٣ لە شاری بەغداد کۆچی دوایی کردووە و هەر لەو شارەدا بەخاکیان سپاردووە.

سەعید حەمەعلی: باوکی (مەحمود)ە کە بە مەحمودی مامە سەعە بەناوبانگە.



**شەشــەم/ مەحمــودی یــاروەیس (١٧٨٥-١٩٠٢):** بــاوکی هەریەکە لە (محەمەد) و (عەلی)و (عومەر)و (ئیسماعیل)[١]و (فەتاح) و کوڕێکی تریش بەناوی (عەبدولڕەحمان[٢])ە.

محەمەد مەحمود: کە لە شەڕی ڕووسدا لە ١٩١٧/٧/١٢ لە بـانە شـەهید بووە: (ئەحمەد، موشیر، مەحمود، عەبدوڵا، مستەفا، حەسـەن، خورشـیدە)ی لێ بەجێماوە.

عەلی مەحمـود: کە لە سـاڵی ١٩٠٤ کـۆچی دوایـی کـردووە: (حـاجی مستەفا)ی لەدوا بەجێماوە کە ئەویش باوکی فاتمەو کافییە بووە.

عومەر مەحمود[٣]: کە لە بەرواری ١٩٠٨/٩/٥ کۆچی دوایـی کـردووە: (عەبدوڵا[٤]، هەیەر، عوسمان، ئامینە، خەدیجە)ی لەدوا بەجێماوە (خەدیـجە خێزانی حاجی ناجی مورادخان بووە لە هەڵەبجە).

فەتاح مەحمود[٥]: (ئەحمەد، عەزیز، فاتمە)ی لە دوا بەجێ ماوە.

عەبــدولڕەحمان مەحمــود: بەلاوی‌و لەو کــاتەدا کە خوێنــدکاربووە لە خانەقای تەوێڵەدا لەلایەن شێخ هیدایەتی کـوڕی شـێخ ئەحـمەدی کـوڕی شـێخ عوسـمانی سـیراجەدینی یەکەمەوە لەسـاڵی ١٨٧٨ بە (کوشـتنی هەڵە) شەهید کراوە.

کوڕ و نەوەکانی محەمەد مەحمود یاروەیس:

موشیر محەمەد: ناسراو بە حـاجی موشـیر: بـاوکی هەریەکە لە (هـادی،

---

(١) ئیسماعیل مەحمود یاروەیس لە ساڵی ١٩٠٥ کۆچی دوایی کردووە.
(٢) عەبدولڕەحمان مەحمود یاروەیس لە ساڵی ١٨٧٨ شەهید بووە.
(٣) خێزانـی عـومەر نـاوی ئایشـێی ئەحـمەدی حەمەی فەقێـی مـرادوەیس، لە هـۆزی مرادوەیس پاشا بووە.
(٤) عەبــدوڵا عــومەر مەحمــود یــاروەیس لەبەرواری ١٩١١/٩/١٠دا کــۆچی دوایــی کردووە.
(٥) فەتاحی مەحمودی یاروەیس لە ١٨٨٧/٨/٢٩دا کۆچی دوایی کردووە.

بەختیار، نەسرین، فاتمە، عائیشە، ئامینە، پەروین، شەوکەت، محەمەد، عومەر)ە.

مەحمود محەمەد: باوکی هەریەکە لە (محەمەد، ئەحمەد، قادر، لەیلا، خەدیجە، خاوەر)ە.

عەبدوڵا محەمەد: باوکی هەریەکە لە (جەواهێر، ئاسکە، نایلە، حاجی عەبولمحەمەد)ە.

حەسەن محەمەد: باوکی (ئیبراهیم و زێبا) بووە.

ئەحمەد محەمەد: (حەمە عەلی) لەدوا بە جێماوە کە ئەویش باوکی هەریەکە لە (نوری، بەهیە، ئەنوەر، خەلیل) بووە.

(عەلی، وەهاب، شەهاب، ئاوات) کوڕ و کچی حاجی عەبدولمحەمەد عەبدوڵا محەمەدن.

(ئارام، ئالان، ئەسیر، ئامانج) کوڕانی شەهید شەوکەتی حاجی موشیرن.

(ڕەعنا، ناجی، کەمال، جەمال، شەهلا، شیرین، جەلال، چنور، ڕەنگین، کامیل، کاروان) کوڕ و کچی محەمەدی حاجی موشیرن.

(زەیتون، نارین، سورێن، زریان، سەفین) کوڕ و کچی عومەری حاجی موشیرن.

نەوەکانی عومەر مەحمود یاروەیس:

حەیدەر عومەر: ناسراو بە حاجی هەیەر: باوکی هەریەکە لە (گوڵاڵە، نوری، سورەییا، فاروق، ڕەشید، عەلی، تەڵعەت) بووە کە کەسیان لە ژیاندا نەماون و هیچ منداڵێکی بۆ نەماوەتەوە.

عوسمان عومەر: ناسراو بە حاجی عوسمان: ئەم کوڕ و کچانەی لە دوا بە جێماوە (محەمەد، مەلا تایەر[١]، مەعروف، تاریق، فاروق، عومەر، مستەفا، سەرکەوت، سلێمان، عەلی، خورشیدە، دڵستان، بەگزاد، فاتمە،

(١) مەلا تایەر: کاراکتەری ئەم بیرەوەریانەیە.

گەردە، بەناز، لەعلە، ئامینە، حاجی ئافتاو[١] ).

(عەبدولڕەحمان، عەبدولڕەحیم، هومەیلا، لەیلا) کوڕو کچی مەلا تایەر حاجی عوسمانی عومەرن.

(عەبدوڵا، دڵشاد، شوکریە، ساڵح، عومەر، کەژاڵ، بێخاڵ، مەریوان، هەورامان، ئالان) کوڕ و کچی محەمەد حاجی عوسمان عومەرن.

(کاروان، کاروون، جوان) کوڕ و کچی مستەفا حاجی عوسمان عومەرن.

(دانا، شەهلا) کوڕ و کچی سەرکەوت حاجی عوسمان عومەرن.

نەوەکانی فەتاح مەحمود یاروەیس:

ئەحمەد فەتاح: (کەریم، ئەمنە، ئەختەر، ئامینە، حەمەئەمین، فەتاح، محەمەد)ی لەدوا بەجێماوە.


عەزیز فەتاح: هەریەکە لە (فاتمە، بەدیعە، درەخشان، نەجات، فەرولەقا)ی لەدوا بەجێماوە.

محەمەد ئەحمەد فەتاح: ناسراو بە مامە حەمۆل: (سەعدیە، حەسەن، شەهید حسێن، حاجی خالید، حاجی عومەر، مامۆستا لوقمان)ی لە دوا بەجێماوە.

فەتاح ئەحمەد فەتاح: باوکی هەریەکە لە (نازەنین، عوسمان، ڕوناك)ە.

---

(١) حاجی ئافتاو: دایکی ئامادەکاری ئەم بیرەوەریانەیە.




دیزاین و ئامادەکردنی ئەندازیارعبدالرحیم ملا طاهر حاج عثمان

سەرچاوەی سەرەکی زانیارییەکان ملا طاهر حاج عثمان عمر محمود یاروەیس

*** هەموو جار باسی مەحمودی یارووەیس دەکەیت، کە کوڕی ناودار و دەستڕۆشتووی باوە یارووەیس بووە، حەز ئەکەم خۆم و خوێنەرانیش زیاتری لەبارەوە بزانین؟**

- حاجی مەحمود بەناوبانگترین کوڕی باوە یارووەیس بووە، لە ساڵی ١٧٨٥ لە سنوری قەڵەمڕەوی عوسمانیدا لەدایك بووە، کەسێکی خوێندەوار و زیرەك و لەخواترس بووە، سوێندی خواردووە کە لە تەمەنیدا سەحەر پێشی نەکەوتووە، واتە ئەم لە خەو هەستاوە دواتر سەحەری بەیانی ڕوناکی خۆی پەخش کردووە. وە هەرگیز بەبێ دەستنوێژ نەچووەتە ناو جێگای خەوەوە، ساڵانە زەکاتی ماڵەکەی بە زیادەوە دابەش کردووە بە سەر هەژاراندا، وە لەسەر ئەرکی خۆی حەجی بە سیازدە کەسی هەژار کردووە کە توانای ئەوەیان نەبووە بچن بۆ مەراسیمی حەج، هەروەها شارەزاییەکی باشی هەبووە لە چارەسەرکردنی دەردو نەخۆشیدا بە دەرمان و گژ وگیای سروشتی، خەڵکێکی زۆر بۆ ئەو مەبەستە ڕوویان تێکردووە و چارەسەری زام و نەخۆشییەکانی کردوون.

مەحمودی یارووەیس لە پەنجاکانی سەدەی نۆزدەدا خەزنەدار (مەسرەف)ی مەحمود پاشا و عەشیرەتی جاف بووە، جێگای متمانەی پاشا و هۆزەکە بووە، هەروەها هاوەڵی مەولەوی و کاك ئەحمەدی غەیبی یان پریسی و میرزا یەعقوبی جافیش بووە و لەهەمان کاتیشدا لەگەڵ کاك ئەحمەددا پورزای یەکتری بوون. حاجی مەحمود لە ژیانیدا پێنج ژنی هێناوە، ژنیشی داوە بە هۆزەکانی تر لەوانە ژنی سەیالی کوڕی لالە سەرحەدی گەورە لە عەشیرەتی ڕۆغزایی لە هۆزی یارووەیس بووە، ژنی داوە بە هاروونی، میکائیلی، شاتری، عەمەڵە. حاجی مەحمود لەو کاتەی دەوڵەتی عوسمانی زەوی و زاری کوردستان دەفرۆشێت، چەند هەزار

دۆنم زەوی بەراو لە بەردەم هەر چوار جۆگەی (تەوێلەجۆ، سەرگەتەجۆ، شێخ موسێ، چۆڵمەك)ی شارەزوور و چەند پارچەی تر لە ناوچەی نەورۆڵی تا گوندی عەنەب و لە هەڵەبجەوەشەوە تا گوندی گورگەچیا بەتاپۆی ڕەشی عوسمانییەوە دەكڕێت، ڕەوگە ئەسپ و ماین و هێستر و باربەرەكانی لە ژمارە نەهاتوون و لە سەرەتایی بەهاردا لەگەرمیانەوە بەرەو كوێستانەكانی شیوی سەقز كۆچیان كردووە و لە كۆتایی پاییزدا هاتوونەتەوە بۆ گەرمەسێر.

ئەو ژمارە زۆرە لە ڕەوە ئەسپ و ماین و هێستر و باربەر كە هەیبووە، لەنزیك شێروانە حەفرێكی بۆ كردوون بە حەوشە، هیچ وڵاخێكی نەیتوانیوە لەو حەفرە دەربچێتە دەرەوە، تەنها یەك دەرگای بۆ هێشتوونەتەوە، لەكاتی كۆچدا وڵاخەكانی بە سێ تاقم كەوتوونەتەڕێ، هەر تاقمێك وڵاخێكی ڕەسەن پێشیان كەوتووە و بەدەم لەوەڕەوە بەبێ ئەوەی ڕێگا ون بكەن بەرەو شوێنی مەبەست ڕۆشتوون.

جارێكیان ڕەوە وڵاخەكانی مەحمودی یاروەیس بەرەو گەرمیان دێنەوە، شێخ حەمە سەعیدی جۆمەرەسی میوانی شێخ عەبدولی سەركان بووە، ڕەوە ئەسپ و وڵاخەكانی مەحمودی یاروەیس دەبینێت بە سێ بڕكە و هەر بڕكەی ئەسپێك بووە بە پێشەنگی قەتاریان و كەسیان لەگەڵ نییە، بەرەو گەرمیان ملی ڕێگایان گرتووەتە بەر، دەپرسێت ئەم ڕەوە زۆرە هی كێیە؟ شێخی سەركان دەڵێت: ئەوە ڕەوە ئەسپ و ماینی مەحمودی یاروەیسە و ئاوا خۆیان گەرمیان و كوێستان دەكەن و كەسیان ناوێت چاودێریان بكات، شێخی جۆمەرەسی ئەڵێت ئادەی ئەو ئەسپەی خۆمم بۆ بێنن! ئەسپەكەی بۆ دێنن بە زین و لەغاوەوە لەقەیەكی لێ دەدات و دەیكاتە ناو ڕەوەئەسپی مەحمودی یاروەیس و سوێندیش دەخوات و دەڵێت: جارێكیتر ئەو ئەسپە ناخەمەوە ژێری خۆم، دەبێ بۆ ئەو خواپێداوە بێت. كاتێ ئەم قسەیە دەگاتەوە بە مەحمودی یاروەیس، بەگلەر بانگ دەكات و پێی دەڵێت: بڕۆ ئەو ئەسپە ڕەش كوێتە بێنە، زینێكی كرماشانی

لێ بکەو بیبە لە بەردەم ماڵی شێخ حەمە سەعیدی جۆمەرەسیدا بیبەستەوە و پێـی بڵـی: ئەمە دیـاریی مەحمـودی یاروەیسـە بـۆ جەنابتـان و ئەسـپەکەی خۆیشی بۆ بەرنەوە، بەو شێوەیە ڕێز لە شـێخ دەنێـت و لەگەڵ ولاخەکەی خۆیدا ولاخێکی باشتریشی بۆ دەنێرێتەوە.

مەحمودی یـاروەیس لە تەمەنـی ١١٧ سـاڵیدا و لە ڕۆژی هەینـی ٥ی شەوالی ١٣١٩ی کۆچی بەرامـبەر ١٤ی کـانونی دووەمـی ١٩٠٢ی زایینـی کـۆچی دوایــی کــردووە، وە لە گۆڕسـتانی سـەید خەلیـل لە گەرمیـان بەخاکیان سپاردووە. وە لە دوای خـۆی کەشـکۆڵێکی دەستنووسـی بەجـێ هێشـتووە کە بەرهەمـی شـیعری خـۆی و زۆرێـك لە شـاعیرە کوردەکـانی وەکو مەولەوی و سالم و نالی تێدا تۆمار کردووە.

*** بـاس لە هـاوڕییەتی و خزمـایەتی کـاك ئەحـمەد مەجـزووب پریسی و مەحمودی یاروەیس دەکرێت کە نێوانیان خۆش بـووە و هەردوکیشـیان لەگەڵ حەزرەتـی مەولەوی و میـرزا یەعقوبـدا برایەتییان گەرم بووە، وەکو بزانیت ئەو پەیوەندییە چۆن بووە؟**

- بەڵی ڕاستە مەحمودی یاروەیس و کاك ئەحمەد مەجـزووب پریسـی هاوڕێ و خۆشەویستی یەکتری بـوون و لە هەمـان کاتـدا پـورزا بـوون و دایکی هەردوکیان خوشکە و لە عەشیرەتی میکائیلین، وە کاك ئەحـمەد لە بنەچەدا نەورۆڵی نییە، تەنها ئەوەیە کە لە پریسدا ژیاوە.

مەحمودی یـاروەیس لە گونـدی نـووەر لە نـاوچەی نەورۆڵـی مـوڵکی هەبووە، لەوێ خانوویەکی دروست کردووە، زۆر جار کە لە کوێسـتانەوە هاتووەتەوە لەوێ لایـداوە و تـا دنیـا بە تەواوی سـاردی نەکردبێـت بەرەو گەرمیان نەڕۆشتووەتەوە، ئا لەو مەسافەدا کە یەك دوو مانگێك بووە، کـاك

ئەحــمەد و حەزرەتــی مەولەوی و میــرزا یەعقــوبی جــاف[1] ســەردانیان کــردووە و لەلای مـاونەتەوە، قسـەی خـۆش و شـەڕە شـیعر و سـەرودڵی یەکگرتن لە نێوانیاندا هەبووە.

زۆر جار خەڵکی دەم بەتاڵ وتوویانە ئەم کـاك ئەحـمەدە دینـدار نیـیە، کەس نایبینێت نوێژ بکات، لەخۆیەوە قسەی جۆراوجۆر دەکـات، تـا کـار گەیشتە ئەوەی شێخی سیراجەدین شایەتی باشی و سەلاحەتی بـۆ بـدات و دوای ئەویش مەولەوی ئەم بەیتە شیعرەی پیادا هەڵئەدات:

بـــڕیا وە بــاڵای کاڵای ڕەیســـی
(رجــال الغیب)ە ئەحمەد پریســـی

دوای ئەوە خەڵکی بۆیان دەرکەوتووە کە کاك ئەحمەد پیاوی خوایە و وەلییە، ئیتر پەشیمان بوونەتەوە لەو زەنە خـراپەی پێیـان بـردووە و تۆبەیـان کردووە.

ڕۆژێکیـان حەزرەتـی مەولەوی و کـاك ئەحـمەد پریسـی و مەحمـودی یاروەیس و میرزا یەعقوب دەکەونە ڕێ بۆ خانەقای تەوێڵە بۆ لای شێخی سیراجەدین، مستەفا خانی سنجاوییش میوانی مەحمودی یـاروەیس دەبێـت و، هاوسەفەری ئەو گەشتەیان بـووە، نـاوبراو پێشـتر دوو ژنـی هێنـاوە، لەم ژنانە هیچ مناڵی نەبووە و لێیان جیابووەتەوە، پاشان دوو ژنـی تـری هێنـاوە لەوانیش تا ماوەیەك هەر وەجاغی کوێر بـووە، ئەو دیـدەنییەی مەحمـودی یاروەیس بۆ ئەوە دەکات تاوەکو لەگەڵ مەولەویدا بیـبەن بـۆ لای شـێخی سیراجەدینی تەوێڵە بۆ ئەوەی دوعای مناڵبوون بۆ خۆی و ژنەکانی بکات. کاك ئەحمەدی پریسـیش مـاوەی سـێ مانـگ دەنگـی لە حەزرەتـی شـێخ دابڕیوە و نەچووە بە نزیکـی خانەقـای تەوێـڵەدا، دەیەوێـت ئاشـت بێـتەوە

---

(١) میـرزا یەعقـوب کـوڕی سـەید وەیسـە لە گونـدی قەمەشـەی دەشـتی مایدەشـتی کرماشانەوە هاتووەتە دنیاوە، سەید یاقۆشیان پێ وتووە، شاعیر و میـرزا بـووە، شـاعیری تایبەتی مامە هەسەن خـانی حـاکمی کەلهـوڕ بـووە، بەڵام خـۆی لەو جافـانەی دەشـتی مایدەشت بووە (عوسمان محەمەد هەورامی، کەشـکۆڵی حـاجی مەحمـودی یاروەیسـی لاپەڕە/١٢٤).

لەگەڵیدا و موچەکەی خۆی وەربگرێت کە مانگانە سێ قەران بووە لەگەڵ شانەیەك هەنگوینی گرێ گوێزدا، بۆ ئەو مەبەستە دەکەونەڕێ بەرەو هەورامان.

کاك ئەحمەد گوێدرێژێکی نێری ڕەشی دەبێت، هێندەی بارگیرێك گەورە بووە پێی وتووە ڕەخش، مەحمودی یاروەیس پێی وتووە ئەسپێکی باش لەوانەی من بخەرە ژێرت و ئەم گوێدرێژە مەهێنە لەگەڵ ئێمەدا دەرناچیت، ئەویش ئینکاری کردووە و وتوویەتی ڕەخشی خۆم ناگۆڕمەوە بە دە ئەسپو ماینی تۆ، وەکو دلّدلّی ئیمامی عەلی وایە و پێشی هەمووتان دەدەمەوە، ئێوە خەمی خۆتان بخۆن. ئەمانیش وازی لێ دێنن و سواری ئەسپی خۆیان دەبن، بە دۆڵو هەردی ناوچەی نەورۆڵی و هەڵەبجە و عەنەب و دەرەشیش و خەرپانی و هەوراماندا بەرەو سەر دەکەونەڕێ، لە ڕێگادا لە نزیکی مێشلە لادەدەن بۆ نوێژکردن و پشودان، هەر لەوێدا دەکەونە شەڕە شیعر و تابلۆ جوانەکانی نەخشی دەستی پەروەردگار وەك دەنکی تەسبیح تێکەڵ بە ئیمانی ناو دڵیان دەکەن و شاکاری نایابی لێ دەهۆننەوە و دەیدەن بە گوێی شاخ و کێو و باڵندەکاندا، فریشتەکانی ئاسمانیش گوێ بیستیان دەبن و لە خۆشی قدومی ئەواندا هەواڵ دەدەن بە حەزرەتی شێخ کەوا میوانەکانت لە ڕێگادان و پاش ئەوەندە کاتی تر دەگەنە بەرەوە و دێنە خزمەتت.

میرزا ئەحمەدی هەورامیش لە تەوێلەوە دەگەڕێتەوە، لا دەداتە لایان، ناوبراو تەمەنی لەسەرووی حەفتا و پێنج ساڵەوە بووە، مەچەك و دەست و بازووی ئەستوور بووە و جوتێك شواربیشی پێوە بووە لاڵی کردووە لە خەنە و وسمەدا، وەکو شەوە ڕەشی کردووە، وە کلیشی کردووەتە چاوەکانی، لەو کاتەدا بە چەند بەیت هۆنراوە هەجووی عێلی جاف دەکات -کە بە داخەوە ئەو هۆنراوەیەم بیر نەماوە- حەزرەتی مەولەوی دەڵێت: میرزا یەعقوب بڕوانە، میرزا ئەحمەد ئەم شیعرەی بەسەر جافدا هۆنیوەتەوە، ئەگەر بەسەر شێخ و سەییدا بیوتایە من وەڵامم دەدایەوە، ئێستا

ئەبێ تۆ وەڵامی بدەیتەوە، میرزا یەعقوبیش ئەم هۆنراوەیە بەسەر میرزا ئەحمەد دا هەڵئەدات، کە چۆن بەو تەمەنەوە پرچو سمیڵی ڕەش کردووەتەوە و خۆی بە گەنج زانیوە و نەیویستووە مووە سپییەکانی دەربکەوێت، ئەلێت:

دڵـــــه هـــــۆبەتەن، دڵــــــه هــۆبەتـــەن
وەسـەن بـازیی بەخـت، سـراط هۆبـــــــەتەن
سکەت سەفــید کـــــەرد، یـانێ نـــۆبەتەن
تۆبـــەی نەسـوح گەر، نۆبـــــەی تۆبـــەتەن
وەی ســـاڵو سـەنەی پەنجــــاو بیـــسەوە
وەی سـکەی سـەفیــد کـــــەس نەویـــسەوە
وەی قەوســـی قـامەت قەوســی پـەشـــــتەوە
وەی ڕوخسـاری زەرد، ڕەنگـــی ڕەشـــــتەوە
وەی زارو زەبـــــــوون زارانیـــــتـــــــەوە
هـــــاڵای هـــای وە فیکــــــر جوانـــیتەوە
گـــا چەم وە چەشـمەك مـدەری بــــــازی
هـــاڵای هـای وە فیکـر چەشمەکئەنـــــدازی
گا ڕیش وە وسـمە ڕوو ڕەش مەکـــــــەری
وەی مسـی ڕووکەش دڵ وەش مەکــــــەری
دڵـــە جەی دمـــا ڕەویـــەی پیرانگیـــر
هەر ڕەویــــــەی پیــران وەشـنومان پەی پیـــر
نـــه پیـــــری جە تـۆ جـــیا مـــــەبۆوە
نـــــه سـکەی سەفیـــــد ســـیا مــــەبۆوە
تۆفــی جوانـیت نمەبـــو بـــاز گەشــــت

ها ئەجەل پای تەوق بێ ئەجەل پێت ڕەشت[1]

کاتێك دەگەن بە تەوێڵە، خانەقا پڕ بووە لە میوانی زۆر کە لە چەندین جێگای دوور و نزیکەوە بوونەتە میوانی شێخی سیراجەدین، ئەویش دێت بە پیرییانەوە و زۆر بە گەرمی بەخێریان دەهێنێت. دوای میوانداریيەکی گەرم و شایستە دوعا بۆ مستەفاخان دەکات و کاك ئەحمەدیش ئاشت دەکاتەوە و موچەی سێ مانگی بۆ دەگەڕێنێتەوە کە نۆ قەران بووە لەگەڵ شانەیەك هەنگوینی گرێ گوێز.

لە پاش حەزرەتی شێخ، بەهەمان شێوە مەولەویش دوعا دەکات بۆ مستەفا خان و نامەیەکیشی بۆ دەنووسێت بۆ ئەوەی بیگەیەنێت بە ڕۆحی مەلا مستەفای بێسارانی زاهید و خواناس و بۆی دەکات بە نویشتە و ئەڵێت بە مستەفا خان زیارەتێکی سەر گۆڕەکەی بکە کە لە گۆڕستانی پیرە هەژاردایە لە گوندی مەحمودئاوای نزیکی سەوڵاوا، تا خوای گەورە لەبەر خاتری ئەو منالێتان پێ ببەخشێت، ئەمەش ئەو بەیتەیە کە لە نویشتەکەدا بۆ مستەفا خان و ژنەکانی نووسیوە:

پاشای بەحر و بەڕ پاشای بەحر و بەڕ
ئاما وە یانەت یەکانە و دوو دەڕ
جە دەوری یانەت مەکەران هۆڵە
پێشا عەتاکە دوو توتەکۆڵە

## باسی شەهید بوونی عەبدولڕەحمانی مەحمودی یاروەیس

*** باس لەوە دەکرێت کە کوڕێکی مەحمودی یاروەیس بە ناوی عەبدولڕەحمان لەلایەن هیدایەتی کوڕەزای شێخ عوسمانی**

(١) (عوسمان محەمەد هەورامی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە/١٣٢).

## تەوێڵەوە بە کوشتنی هەڵە شەهید بووە، ئەو ڕووداوە چۆن بووە؟

- عەبدولڕەحمان یەکێك بووە لە جوانترین و پێکەوتووترین کوڕەکانی حاجی مەحمودی یاروەیس، لەکاتی جافداریدا، شێخ محەمەد بەهائەدینی کوڕی حەزرەتی شێخ عوسمانی سیراجەدینی تەوێڵە (قدس الله سره) بە حاجی مەحمود دەفەرموێت با ئەم کوڕە لە خانەقادا بمێنێتەوە و بخوێنێت، بەمەش باوکی ڕازی دەکات و کوڕەکەی لای باشترین مامۆستای ئەو سەردەمە و لە ژێر چاودێری حەزرەتی شێخ خۆیدا دەست دەکات بە وانە خوێندن و پەروەردەی ڕۆحیی.

عەبدولڕەحمان هاوتەمەنی هیدایەتی کوڕی حاجی شێخ ئەحمەد شەمسەدینی کوڕی حەزرەتی شێخ عوسمانی تەوێڵە بووە، وە زۆریش هۆگری یەك بوون و یەکتریان خۆش ویستووە و بەردەوام پێکەوە بوون، تا ئەوەی ڕۆژێك دەچن بۆ ڕاو و شکار، ساچمەزەنێکیان پێ دەبێت، دایدەگرنەوە و پڕی دەکەن لە ساچمە و باروت و ترەقەی لێ جێگیر دەکەن و چەکوشی بۆ دەخەوێنن، بەتەمای ئەوەی نێچیر پەیدا ببێت.

ساچمەزەن لە کۆشی شێخ هیدایەت دا بووە و بەدەم قسەکردنەوە ئاگای لەوە نەماوە چەکوشی بەرزکردووەتەوە، لەپڕ پەنجەی بەر پەلەپیتکەی تفەنگ دەکەوێت، لەگەڵ گڕگرتنی باروت دا چیاکە وەکوو گرامافۆنێکی گەورە دەنگی ساچمەزەن دەکاتەوە بە چەندین دەنگی یەك لەدوای یەك، مەلەکان دەدەن لەشەقەی باڵ و فڕەی باڵەکانیان دۆڵ و بەندەنەکان پڕ دەکات، جوتیارەکان لەناو تەلان و باخەکانیانەوە تەماشای ڕوخساری خەماوی ئاسمان دەکەن، چرای خانەقا لەتاق دەکەوێتە خوارەوە و ئاگرەکەی دەکوژێتەوە. ماینە کوێتی حاجی مەحمود لە کوێستان دەحیلێنێت و لوتی بەرز دەکاتەوە بۆ ئاسمان، وەکوو بیەوێت هەواڵی مەرگی عەبدولڕەحمانی جوانەمەرگ بە باوکی بگەیەنێت، شێخ هیدایەتیش پاش چەند خولەکێك حەپەسان و وشك بوون، تفەنگ

لەدەستی دەکەوێتە خوارەوە و پەلاماری عەبدولڕەحمان دەدات و باوەشی پێدا دەکات.

عەبدولرەحمان چاوەکانی بە ئەستەم بەرز دەکاتەوە و تەماشای ڕوخساری هاوڕێ لەدڵا شیرینەکەی دەکات و دەیەوێت پێی بڵێت: ئەزانم هاوڕێ ئەو ساچمانەی کەلەکەی منی هەڵتەکاندووە، دڵی تۆشی خوێناوی کردووە و بەم زووانە ساڕێژ نابێتەوە. ئەزانم هاوڕێکەم نیازت نەبوو نێچیرەکەت من بم، تۆ کوشتنی هەڵەت کردووە و هیچ نیاز و نییەتێکی خۆتی تێدا نەبووە، قەدەری من وابوو کۆتایی بە گەشتەکەم بێنم و بچمەوە بۆ قیامەت، بەدەم ئەم قسانەوە وردە وردە چاوەکانی لێك دەنێت و گیان دەسپێرێت.

کاتێ حەزرەتی شێخ بەهائەدین و دەست و دایەرەی خانەقا بەمە دەزانن، تەرمی جوانەمەرگ دەهێننەوە و شێخ هیدایەتیش لە ژورێکدا بەند دەکەن، وە بە پەیکێکدا هەواڵ بۆ حاجی مەحمودی یاروەیس دەنێرن کە بێت بۆ خانەقای تەوێڵە بۆ ئەوەی فریای جەنازەی کوڕە جوانە مەرگەکەی بکەوێت و ماڵئاوایی لێ بکات، دواتریش ئەم بابەتی کوشتنەش بەلایەکدا بخات.

حەزرەتی شێخ بەو نیازەوە هیدایەت بەند دەکات کە حاجی مەحمود لەبری کوشتنی کوڕەکەی بیکوژێتەوە و فەرمانی شەرع (قصاص) جێ بەجێ بکات.

ئەوە بوو تا حاجی مەحمود دەگاتە بەرەوە زۆر درەنگ دەبێت و گەرمای هاوین ڕێگا نادات تەرمێك ئەوەندە بمێنێتەوە، پیاوانی خانەقا و میوانەکان کە لە چەندین شاروجێگای دوورەوە هاتبون، تکا لە حەزرەتی شێخ دەکەن با ئەو جەنازەیە بنێژن. ئەوە بوو پێش گەیشتنی حاجی مەحمود تەرمی عەبدولڕەحمانیان ئەسپەردەی خاك کرد.

دوای ئەوە حاجی مەحمود دەگاتە خانەقا، حەزرەتی شێخ و سۆفی و موریدەکان دەچن بە پیرییەوە و پێشوازی گەرمی لێ دەکەن، حەزرەتی

شێخ دەفەرموێت: انا لله وانا الیه راجعون. **من** قتلَ قُتِلَ، واته بکوژ دەبێت بکوژرێتەوە. حاجی مەحمود دەفەرموێت: من قَتَلَ مُتَعَمِدا قُتِلَ، واتە هەر کەس بە ئەنقەست کەسێ بکوژێت دەکوژرێتەوە، ئێمە تۆڵە و قەرەبوو و لێبوردنمان لەبەردەمدایە لێبوردن هەڵدەبژێرین.

بەمەش فرمێسکی خەم و خۆشی و لێبوردن و برایەتی و ئیمان تێکەڵ بەیەکتری دەبن و باوکی بکوژ و کوژراو باوەش دەکەن بە یەکدا و دڵی یەکتر دەدەنەوە.

لێبووردەیی حاجی مەحمود دەبێتە هۆی ئەوە کە ئاو بکرێت بەسەر ئەو ئاگرەکەدا و تەبایی و برایەتی و دۆستایەتی لە نێوان هەردوو بنەماڵەدا بۆ سەدەیەك زیاتر درێژ بکەنەوە، ئێستاش ئەو پەیوەندی و تێکەڵاویە هەر بەردەوامە.

حەزرەتی مەولەوی (قدس الله سره) هاورێی نزیکی حاجی مەحمودی یاروەیس بووە بە بۆنەی ئەو ڕووداوەوە لە قەسیدەیەکدا دەفەرموێت:

پـــزیزکەی چەخمـــــاخ کافی کارمەن
ئیـــنە چ وەختـــــی ئـــی گرفتەمــــەن

یان ئەڵێ:

پــــــــەردەی سەبوریـم دڕیا ڕۆڵەڕۆ
ڕیشەی جەرگەکەم بڕیـا ڕۆڵــــــەڕۆ
وە ناکام هیجـــرەت کەردەم ڕۆڵەڕۆ
داخان گشـــت وەخاك بەردەم ڕۆڵەڕۆ
خـــانو مـــان خامۆش بێ تۆ ڕۆڵەڕۆ
ئەتفالان مــــــەدهۆش بێ تۆ ڕۆڵەڕۆ
تەڵمــــیت سیـــاپۆش بێ تۆ ڕۆڵەڕۆ
خاتـــــونان بێ هۆش بێ تۆ ڕۆڵەڕۆ

*** ئایا حاجی مەحمودی یاروەیس خۆی دەستی شیعر نووسینی هەبووە؟**

- بەڵێ باپیرە گەورەمان مەحمودی یاروەیس جگە لەوەی کە میرزا و خوێندەوار بووە، لەهەمان کاتیشدا شاعیر بووە، شیعرەکانی خۆی لە دوو دەستنووسدا تۆمار کردوون، یەکێکیان (بەیاز) بووە و کاتی خۆی فەوتاوە، ئەوی تریان (کەشکۆڵ)ە بەناو بانگەکەی خۆی بووە، کە شیعری خۆی و حەزرەتی مەولەوەی و سالم و چەند شاعیرێکی تری تێدا تۆمار کردووە، ئەمەی خوارەوە شیعرێکی خۆیەتی بۆ کۆچی دوایی عەبدولڕەحمانی کوڕی نووسیوە کە لە ساڵی ١٨٧٨ لە تەوێڵە بە قەزاو قەدەری خوای گەورە و بە لە دەست دەرچوونی ساچمەزەنەوە شەهید بووە:

ڕۆڵــــە ڕۆ ڕۆمـــەن ڕۆڵـــە ڕۆ ڕۆمـــــەن
ڕۆڵـــــە تـا ئەبـــــەد مـن هەر ڕۆ ڕۆمـــەن
ڕۆڵــــــە ئەوڕەحمـان بـێ وادە مـــــــەردی
سـەر وە پایــەنداز (شـا ســــراج) کــەردی
ئیسـتە تـۆ دڵشـــــــاد وە جـای وەفـــــاوە
چەم وە ڕای کــــەرەم پیــــــری (بەهـــا)وە
من خۆ شـــەو تــا ڕۆ وا وەیـلا و ڕۆمـــەن
داخدار و زامـــدار زامـــەکـــــەی تۆمـــەن
سەرعیــم پەی حەسـرەت کـزەی زامـی تـۆ
هەر ڕۆڵە ڕۆمـــــەن هـــــەر ڕوێ جـــە نـۆ
شــــــەو و ڕۆ یاد بـاڵای عـــەرعـــەر تەرز
دەور مـــدەون ماچـــــووم وە زایەڵەی بەرز
شکیــــاوە ڕۆڵـــــــە بڕیــــــاوە نامـــــەت
بەشـتم پەی زامەت تـــا ڕوی قیامـــــەت

قرچــــە و چۆقـــەی زام جــەرگم کـاییەن
داخـــــــی لـــــوای تـۆم نادیـارییـــەن
کـوورەی زامـــــانم بڵیســـــە بەستـــــەن
جە بـۆنەی ئەو زام تـــویٚ جـیٚ نەڕەســتەن
گـلاراوی زام جـــیٚ نـەڕەستـــــەمــــەن
گــڕەی ســوچیای جــەستەی خەستەمـــەن
ڕۆڵـــــە قەقنەســـــی بـاڵای ئاڵاتـــــــم
هیجـــران بـــاری تۆز گــەردی باڵاتــــم
ڕۆڵـــە دێوانـــــەی دیــدە و خاڵتـــــم
کۆسکـــــەفتەی هــــــەوار سیـاماڵتـــــم
ڕۆڵـــە ئەو جەمـین وێنـــەی پەڕەی گـــوڵ
پەی چـێش وە بـیٚ مـن بەردەنـــی وە گـــڵ
ڕۆڵە ئەر هەر ســـات بـــدەوم وە ســـــەرد
دەریـــۆتـــــەر هەنـــــی مەیــــۆ وە وەردا
دڵەی کۆسـکەوتەم تەمـکەرد و مـــــــەوات
هەی داد هەی بـیٚ داد ڕۆڵە ڕۆ هەرســـات

حاجی مەحمود درێژە بەم لاواندنەوەیە (مرثیە) دەدات تا سی و چـوار بەیـــت ناوەســـتێت، کەف و کـــوڵی دڵـــی خـــۆی هەڵــــدەڕێژێت و جوانەمەرگەکەی دەلاوێنێتەوە، تا ئەوەی دەڵێت:

پەی تەســکینی زام وەی چەنــد فەردەوە
ڕۆڵـــــە فەنای تۆم تیکرار کـــــەردەوە
دڵ پـەی تەئریخ وات وە دەم دەردەوە
وەی داخ حەیـــف دنیای وێرانکەردەوە

هەروەها لەکاتی کۆچی دوایی محەمەد پاشای جاف دا لە ساڵی ١٨٨٢دا هۆنراوەیەکیشی بۆ شینی ناوبراو نووسیوە، کە لە شوێنی خۆیدا دایدەنێین.

## * ئایا مەحمودی یاروەیس لە شاری هەڵەبجە موڵکی هەبووە؟

- بەڵێ بێگومان مەحمودی یاروەیس هەر لە پریسەوە تاوەکو گوندی عەنەب موڵکی ئەو بووە بە تاپۆی ڕەشی عوسمانییەوە، وە ئاشەکەی لە هەڵەبجە بەناوبانگ بووە، لەو چەمەدا بووە لەگەڕەکی پیرمحەمەد، دەوروبەری ئەو شیوە بۆ خوارەوە هەموو موڵکی خۆی بووە، تاپۆشی هەبووە، ئێمە وەکو وەرەسەی ئەو هەرکات بمانەوێت دەتوانین لە دادگا ئەو موڵکانە ساغ بکەینەوە و بەڵگەی پێویست بخەینە ڕوو، وە تاپۆی ڕەشی عوسمانییمان ماوە و بە دڵنیاییەوە دادگا لەبەرژەوەندی ئێمە بڕیار دەدات، دەیان هەزار دۆنم زەوی بە باخ و شوێن ئاشەوە موڵکی باو باپیرانمان بووە و لە کاتی ئیفراز کردنیاندا ١٢%ی ئەو موڵکانە دەگەڕێتەوە بۆ ئێمە کە ئێستا بووە بە چەند گەڕەکێکی شاری هەڵەبجە.

## * کەی گوندی تەپی سەفا ئاوەدان کراوەتەوەو ناوەکەی لە چییەوە هاتووە؟

- گوندی تەپی سەفا[1] لە مێژووی هاوچەرخدا لە ساڵەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەدا ئاوەدان کراوەتەوە، ناوەکەشی دوو بڕگەیە (تەپ) واتە گردو بەرزایی، (سەفا)ش واتە خۆشی و شادی و سەیران دەگرێتەوە. دیارە کاتی خۆی لە کۆندا شوێنی نیشتەجێ بوون بووە و شوێنەواری ئاوەدانی پێوە دیارە، هاتوونەتە سەر گردەکە شنەی شەماڵ لێی داون و

(١) لە زۆربەی بەڵگە مێژووییە کۆنەکاندا ناوی تەپی سەفا بە گردی سەفا هاتووە.

دنیایان بە جوانو دڵڕفێن هـاتووەتە بەرچـاو، وتوویـانە بە خـوا ئەم گـردە شوێنی سەفا و سەیرانە، ئیتر لەوەوە ناونراوە گردی سەفا، یان تەپـی سـەفا. هەروەها ئەوەش دەڵێن کە مەحمودی یاروەیسی بابە گەورەمان کـاتێ ئەم موڵکانەی (چۆڵمەکو شێخ موسێ، تەویڵەجۆو سەرگەتەجۆ)ی لە دەوڵەتـی عوسمانی کڕیوە، خۆی جافداری کردووە، خزمێکی خۆی بەناوی (حاجی (مستەفا[1]) ناردووەتە ئێرە، وتوویەتی تۆ تاقەتی گەرمیان و کوێستانت نییە، لەم گردە دابنیشە و ئاوەدانی بکەرەوە، حـاجی مسـتەفاش یەك دوو ماڵێـك بوون، لەوێ ماوەتەوە و بەم شوێنەیان وتووە گردی مستەفا، دواتر بـووە بە گردی سەفا، بەڵام ڕای یەکەمیان زیـاتر مەقبـوڵە کە لە شـوێنی سـەیران و سەفاوە ناونرابێت[2].

گوندی تەپـی سـەفا لە ڕووی کـارگێرییەوە سـەر بە نـاحیەی خورمـاڵە ئەویش سەر بە پارێزگای هەڵەبجەیە[3] ٥٣٧ مەتر لە ئاستی دەریـاوە بەرزە.

---

(١) مسـتەفا: بـاوکی مەلا مـحەمەدە و ئەویـش بـاوکی نەجـیم بـوو، کە مەشـهورە بە نەجیمی سۆفی.

(٢) تەپەسوو/ تەپی سەفا- گردێکە لە شارەزوور، دەکەوێـتە سـەر شـاڕێی نێـوان(پردی زەڵم و ناوەندی ناحیەی سیروان) لە نزیکـی و لە دامێنیـدا دوو گونـد بە نـاوی (تەپـی سەفای سەروو، تەپی سەفای خواروو) هەن ئەم شـوێنە لای یارسـانەکان زۆر پیـرۆزە و پیرۆزییەکەشی لە ڕازێکی دینییەوە هاتووە، ... بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە بۆ کتێبی ئەیوب ڕۆستەم، (یارسان دینێکی کوردییە) لاپەڕە/١٦٥-١٦٦.

(٣) ناوەنـدی پارێزگـای هەڵەبـجە لە٣ نـاحیە و ١٤١ گونـد پێکهـاتووە، دواتـر نـاحیەی بەمۆشی خرایە سەر بوو بە چوار ناحیە کە ئەویش چەندین گونـد لەوبەری سـیروانەوە لەخۆ دەگرێت.

یەکەم/ سـیروان لە ٦٧ گونـد پێکهـاتووە. سـیروان (ناوەنـد) بەکـراوا، ئیمـامی زامـن، بانەبانان، باوەکۆچەك، بەشارەتی خواروو، بەشارەتی سەروو، بەشی پیرك، بۆین، بیاوێڵە، بێژاوا، بێلەنگە، پریسی خواروو، پریسی سـەروو، پـێگە، تـریفە، تـلەوەرێ، تەپەتـۆڵەکە، تەپەگوڵاوی، شەکرالی، تەپەسەرقوڵە، تەوەنەبەل، تونی حاجی حەسەن، جەلیلە، چاوگی کۆکۆیی، چروستانە، چنارەی کۆکۆیی، حەسەن ئاوا، حەمەوغان، خاکوخۆڵ، دەڵەمەر، دەڵێن، دوانزەئیمام، ڕیشاو، زەلەکێ، زەمەقی خواروو، زەمەقی سەروو، سـازان، سـەراو، سـەرچاوگی کۆکـۆیی، عەبـابەیلێ، عەنەب، خـوڵامی خـواروو، خـوڵامی سـەروو، قارەمانی، قشڵاخەڕووتە، قوڵی متکان، کاگردەڵ، کانی توو، کانی گـوێز، کـانی شـێخ، کەوتە، کۆساوا، گردەناوێ، گورگەچیا، گوندە، لامەرکەزی، لمە، مامەشەیی، مۆردین، ←

ئەم گوندە لە سەرەتاوە جگە لە یاروەیسییەکان، ماڵی خەزوورەم حەمەی عەلی سان ئەحمەد و کەسوکاری لێرە بوون، ئەوان ساڵی **١٩٤٦** گوندی شەکرالییان ئاوەدان کردەوە و تەپی سەفایان بە جێ هێشتووە، هەروەها ئەحمەدی حەمەویس باوکی حاجی جەبار لەگەڵ حاجی مەحمود زاوای خەزوورم بوو، عەولقادری حەمەی سەلیم مێردی پورە حەلاو بوو، ئەمانە لە گەڵ ئێمەدا لە گوندی تەپی سەفا دا نیشتەجێ بوون، هەموویان لە هۆزی وەڵی بوون، مام عەولقادر دواتر ڕۆشتە گوندی بیرکێ لە نزیکی دەربەندیخان. ئەو بنەماڵە و تیرە و هۆزانەی تر کە ئێستا نیشتەجێن، لەدوای ساڵی **١٩٤٦**ەوە لەگەرمیان و شوێنەکانی تر و هێندێکیان لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە هاتوون و بەیەکجاری لێرە ماونەتەوە و ئەم گوندە بووە بە زێدی هەمیشەییان[(١)].

---

میراولی، نوەر، نەیجەڵە، نێرگزەجاڕ، هانەژاڵە(کانی کەروێشکان)، هانەسوورە.

دووەم/ خورماڵ لە ٤٦ گوند پێکهاتووە. خورماڵ (ناوەند)، ئاوایی حەمەی فەرەج، ئاوایی ڕۆستەم بەگ، ئەحمەدئاوا، ئێلانپێ، بانی بنۆك، بانیشار، بەردەبەل، تازەدێ، تەپەزێڕینە، تەپەسەرقوڵە، تەپەکوڕە، تەپی سەفای خواروو، تەپی سەفای سەروو، تەکیە، چنارە، خێڵی حەمە، دەرەشیشی خواروو، دەرەشیشی سەروو، دەرەگوڵان، دێکۆن، ڕیشێن، زەڵم، سەرکەن، شەشکی خواروو، شەشکی سەروو، شیرەمەڕ، عامورە، قاجر، قەڵبەزە، قولخورد، کانی ئاسکان، کشەدەری، کولکنی ئیسماعیل خەسرەو، کولکنی حاجی حەمەسوور، کولکنی ئەحمەدی فەقێ کەرەم، گردی گۆ، گردی قازی، بانی بنۆك، گوڵەخانە، گۆمەلار، گێڵەك، مەلاوەیسە، میری سوور، ناوباخان، نەوێ، هانەی قووڵ.

سێهەم/ بیارەلە ٢٨ گوند پێکهاتووە. بیارە (ناوەند)، باخەکۆن، بنجۆی درە، بەڵخە، پالانیان، تاوێرە، تەوێڵە، جاوری، خارگێلان، خەرپانی، دەرەتفێ، درەکێ، دەرەقەیسەر، دەرەی مەڕ، دەگاشێخان، دۆڵبیان، زەردەهاڵ، سەرگەت، سۆسەکان، کۆڵێژە، گریانە، گەچێنە، گوڵپ، نارنجلە، هانەنەوتێ، هانەی دن، هاوار، هەوارەکۆن.

چوارەم/ بەمۆ لە ١٢ گوند پێك هاتووە: گلێجاڕ(ناوەند)، بەڕوێن، بەلەسوو، چواردارانی خواروو، چواردارانی ژووروو، پشتە، تووەوشکی، کانی پاشا، کانی وەیسکە، حاجی ئاوا، گمە، قەڵپ.

(١) ناوی ئەو ماڵانەی لە ساڵی **١٩٨٦**دا لە گوندی تەپی سەفای خواروو نیشتەجێ بوون، ئەمانە بوون: "ماڵی حاجی عوسمان یاروەیسی، شەهید شەوکەت حاجی مشیر (تەنها خانوەکەیان مابوو خۆیان لە قەرەداغ بوون)، محەمەد حاجی عوسمان، مامۆستا ←

مەلا تـایەر حـاجی عوسـمان، مـارف حـاجی عوسـمان، مسـتەفا حـاجی عوسـمان، عەبدولرەحمان مەلا تایەر، عەبدوڵا مـحەمەد حـاجی عوسـمان، حـاجی عەبـدولمحەمەد عەبدوڵا و شەهابی کوڕی، مـحەمەد حـاجی مەحمـود، عەلـی حـاجی عەبـدولمحەمەد، وەهاب حاجی عەبدولمحەمەد، ئەحمەد محەمەد ڕەزا، عوسمان فەتاح، محەمەد ئەحمەد فەتاح (خالید و عومەر و لوقمان و دایکیان) حەسەن مـحەمەد ئەحـمەد، ئافتـاو حـاجی عوسـمان خێزانـی شـەهید یـونس مـحەمەد عەلـی، حـاجی حەمەفەرەج حەمە نەسـیم، حەمەجافر حاجی حەمەفەرەج، سەلام حاجی حەمەفەرەج، محەمەد حاجی حەمەفەرەج، مەجید حاجی حەمەنەسیم، حەمە ڕەوف مەجید، محەمەد حـاجی حەمەنەسـیم، ئیبـراهیم محەمەد، حاجی عەلی ئیبراهیم، عوسمان حاجی عەلی، عەبدوڵا حاجی عەلی، ئەحـمەد حاجی عەلی، حەبیب ئیسماعیل، حەسەن حەبیب، کەریـم حەبیـب، ڕەحـیم ئیسـماعیل، حاجی سەید عەلی، حەسەن حاجی سەید عەلی، جەلال حاجی سـەید عەلـی، ئەحـمەد مـحەمەد (جـاف)، حەمە فەرەج مـحەمەد سـەلیم، ئـازاد حەمە فەرەج، عەلـی هەسـەن، کەریم نادر، پورە بەگیجە و مستەفای کوڕی، مامە قادر حەمە، حەمە ساڵح مـامە قـادر، حەمە ئەمین مامە قادر، عومەر ئەحـمەد، عوسـمان ئەحـمەد، مـحەمەد ئەحـمەد، حـاجی سـەید نەجمەدیـن، حەمەڕەشـید حـاجی سـەید نەجمەدیـن، حەمەئەمـین حـاجی سـەید نەجمەدیــن، حەمەئەمــین ســاڵح (ڕزگــارو دایکــی)، شــەهید حەمە سیاســی، جەلال حەمەئەمین ساڵح، حەمەفەرەج مـحەمەد سـەید ئەحـمەد (حەمیـد و مەجیـد و دایکـی)، حامید حەمەفەرەج، (محەمەد حەمەفەرەج، ئەحـمەد عەلـی، حەمە سـاڵح ژیـرە، حـاجی مـحەمەد ئیسـماعیل (شـێخ قـادر)، پـورە تەلـیعە، پـورە ئەمـنە و ئەحـمەدی کـوڕی، حەمەئەمین سەید حەسەن سوور، حاجی حەمەشەریف و ئەڵاکەرەمی کوڕی، مـحەمەد حەمەشـەریف، مسـتەفا حەمەشـەریف، حەمە ئەمـین حەمەشـەریف، شـاوەیس حەمە شـەریف، عەبـدوڵا حەمە شـەریف، پـورە فەزیـلە، جەمـال حەمەفەرەج عەبـابەیلێی و عومەری برای، لالە حەمەی فەرەج و عەبدولکەریمی کـوڕی، عەبـدولرەحمان حەمەی فەرەج، حسـێن نـادر، فـایەق ئەحـمەد، نەسـرەدین سـەید مـحەمەد، نەجمەدیـن سـەید مـحەمەد، بەکـر سـەید مـحەمەد، مامۆسـتا مەلا مـارف، سـەید کەریـم سـەید مـحەمەد، حەسەن عەبدوڵا، فەرەج ئێرانی و ڕەوفی کوڕی، میرزا فەرەج، عارف محەمەد، مسـتەفا عەزیز و مەهدی کوڕی، هادی مستەفا، مەحمودی ماڵ مامە حاجی، مام فەتاح و پـورە ئامینەی دایکی، ئەحمەد مـحەمەد سـلێمان، مەحمـود مـحەمەد سـلێمان، عەبـدولرەحمان محەمەد سلێمان. حاجی ڕەشید، ناسر حاجی ڕەشـید، حـاجی عەبـدول، کەمـال حـاجی عەبدول، حەمە جوانڕۆیی، حسێن قاسم، مامە عەلی مەلا محێدین دواتر بـاری کـرد بـۆ گوندی خێڵی حەمە، عەلی سەید مەجید، وە چەند مـاڵێکی ئـاوارەی خورمـاڵ کە وەك خەڵکی گوندەکە وابوون لەوانە ماڵی مام حەمە یوسـف، مـامە سـەعید، وەسـتا سـدیق، وەستا فەرەج، عومەر و عوسمان خورماڵی، مام سادق یـاڵانپێیی، عەریـف تـایەر، حەمە ئەمـین سـۆفی، مـامە عەزیـز، عەبدولسـەمەد. حەمە خـان" سـەرچاوە/ سـەرحەد یـونس محەمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە/٢٢١-٢٢٢ .

### * جافەکان بە چ تۆمارێك وەکو هاوڵاتی عێراقی قەید کراون؟

- زۆربەی کورد و جافەکانیش بە قەیدی ساڵی ١٩٣٤ وەکو هاوڵاتی عێراقی تۆمار کراوین، دواتر بە قەیدی ساڵی ١٩٤٧ و ١٩٥٧ بەڵگەی عێراقی بوونی خەڵکی سەلماوە[١].

### * باس لە شەهید بوونی (مامە حەمە) مامەی باوکتان دەکرێت لە شەڕی ڕووسدا[٢]، ئەو ڕووداوە چۆن بووە؟

- بەڵێ مامە حەمە کە مامەی باوکمو باوکی مام حاجی موشیرو مام حاجی مەحمودو مامە عەبدوڵامان بووە، لەگەڵ باپیرە هۆمەرم برا بوون و کوڕی مەحمودی یاروەیس بوون، لەگەڵ کەسوکار و برا و ئامۆزاکانیاندا بەشداری شەڕی ڕووسیان کردووە، ئەوەش لەو کاتەدا بووە کە

---

(١) ئیدمۆند ئەڵێت: لە ساڵی ١٩٣١ دەوڵەتی ئێرانی بە یەکجاری ڕێگای گرت لەو تیرە و هۆزانەی جاف کە تا ئەو کاتە نیشتەجێ نەبوون و ویستوویانە بۆ دیوی ئێران کۆچ بکەن و لە هاویندا لە هەوارەکانی خۆیان نیشتەجێ ببن. وە ئەو تیرە و هۆزانەی پێش ئەو بەرواره لە ئێران نیشتەجێ بوون، بە هاوڵاتی ئێرانی تۆمار کران و ئەوانەش هاتبوونەوە بۆ عێراق و ئەوانەش عێراق ڕێگەی لێ گرتبوون بچنەوە ئەو دیو هەموویان بە هاوڵاتی عێراقی تۆمار کران. بە مەزەندی ئیدمۆند تا ئەو کاتە ٥٤٠٠ ڕەشماڵ نشین بە کۆچەری مابوونەوە.

(٢) لەبەهاری ١٩١٦ دا، سوپای ڕووسیا بە سەرکردایەتی جەنەراڵ چیورنزوبوف بەرەو شاری ڕەواندوز هێرشی برد، کە جگە لە سەربازانی سوپای ڕووس، چوار فەوجی خۆبەخشی ئەرمەنییەکانیش لەگەڵی بوون، ڕەواندوزی داگیرکرد، کوشتارو کاولکارییەکی گەورەیان ئەنجامدا، ژمارەی کوژراوەکانی شاری ڕەواندوز نزیکەی پێنج هەزار کەس بوون لە پیاوو ژن و منداڵ، زۆربەی زۆریشیان بە بێ فیشەك کوشتوون و، هەر بەزیندوویی لە خەرەندەکانەوە فڕێیانداونە خوارەوە، زۆرێك لە ژن و کچانیش هەر خۆیان لەحەیبەتی شەرەف و بۆ پاراستنی ناموسییان، خۆیان لە خەرەندەکانەوە فڕێداوەتە خوارەوە.

ئەوکات کە خانووەکانی شارەکە نزیکەی دوو هەزار خانوو بووە، جگە بیست خانوو کە بۆ بەکارهێنانی خۆیان هێشتبوویانەوە، هەموو خانووەکانی دیکەیان کاول کردووە.

سەرچاوە/ د.کمال مظهر، کردستان فی سنوات الحرب العالمیە الاولی، ص/٢٩١.

ڕووسەکان شاری بانەیان داگیر کردووە و، لەپێشڕەویدا بوون بەرەو شاری پێنجوێن.

لە دەیەی دووەمی سەدەی بیستەم و لەکاتی داگیرکردنی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا[1] ڕووسەکان شاری بانەیان داگیر کردووە و، بەرەو ناوچەی

---

(١) لە سەرەتای سەدەی بیستەم ڕووسیای قەیسەری هێرشی کردە سەر کوردستانی باکوور و قەتڵ و عامێکی زۆری لەناوچەکەدا کرد، وە شارەکانی بەدلیس و وا نو چەندین شار و گوندی ناوچەکەی خاپوور کرد، وە لەبەرەیەکی تریشەوە وڵاتی ئێران و کوردستانی ڕۆژهەڵاتی داگیرکردبوو، وە لە وڵاتی ئێراندا ناسەقامگیری و سەرهەڵدان لەکایەدا بوو، بەرەی شای قاجاڕ و بەرەی پەرلەمان لە بەرامبەر یەکدا وەستابوونەوە، ئینقیلابی دەستووری لە دژی محەمەد عەلی شا و براکانی ڕاگەیەنرابوو، بەریتانیا لە باشوورەوە و ڕووسیاش لە باکوورەوە هاتبوونە ناو وڵاتەوە و بە دوای بەرژەوەندییەکانی خۆیانەوە بوون.

پیاوانی مەردی کورد هەروا لێ نەگەڕان ژن و منداڵیان بە بەرچاویانە بکوژرێن و ئەتك بکرێن، چەکی شەرەف و مەردایەتیان کردە شان و لەسەنگەرەکانی بەرگریدا ئەژنۆی خۆیان بەستەوە بۆ ئەوەی دوژمن بەسەر لاشەی ئەماندا بێت. ئەو شێرە کوردانە توانیان ئازایەتییەکی بێ وێنە ئەنجام بدەن و بەر بە پێشڕەوییەکانی ڕووس بگرن کە لەڕووی ژمارەی سەرباز و چەکەوە زۆر بێ بەرامبەر و ناهاوسەنگ بوون. ئۆردووی ڕووس خاوەنی هیزێکی بێ شوماری سەربازی و کەرەستەی جەنگیی پێشکەوتوو بوون لە تانك و تۆپ و زرێپۆش و چەکی قورس، لە بەرامبەردا موجاهیدانی کورد تفەنگێکی وەرەندڵ ئەگەر هەبوایە و خەنجەری بەرۆکیانەوە، بەڵام بە ئازایەتی و غیرەتەوە تا دوا دڵۆپی خوێن دەجەنگان و دواتر یان سەردەکەوتن یان شەهید دەبوون.

ڕاستە بەشێکی زۆر لە هۆزە کوردەکان بوونە سوارەی حەمیدیی و پاراستنی سنووری خۆرهەڵاتی قەڵەمڕەوی عوسمانییان پێ سپێردرابوو، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەو سوپایە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم تا دەگاتە جەنگی یەکەمی جیهانیی خزمەتێکی زۆری بە پاراستنی کورد و کوردستان کرد، لەو کاتەدا هیزەکانی ڕووسیا و ئەرمەنە هاوپەیمانەکانیان هیرشیان کردە سەر ناوچە کوردنشینەکان، چونکە هەر شوێنێك لەلایەن ئەو هێزانەوە داگیر کرابێت لە گۆمی ورمێ و ناوچەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان تا دەگاتە ڕەواندز، هەموویان سوتاند و خەڵکەکەشیان قڕکرد، کە نووسەری ئەمەریکیی (ئەستان شۆ) ژمارەی کوردە موسوڵمانە کوژراوەکان بە " ٦٠٠ " هەزار کەس مەزەندە دەکات، تەنیا ئەو هۆزانە توانییان ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتیانی کورد بپارێزن، کە سوارەی حەمیدیی بوون .

ئەڵبەتە کاتێ باسی ئەم حاڵەتە دەکەین ١٠ ساڵ بوو کە سوڵتان عەبدولحەمید لەسەر کورسی دەسەڵات نەمابوو، ناوەکەش لە لایەن ئیتیحادیەکانەوە کرابوو بە فەوجەکانی پاراستنی سنوور، هەروەها تەلعەت و ئەنوەر و جەمال پاشای ئیتیحادیی

←

گۆڕەپانەکانی جەنگیان بەڕێوە دەبرد .
کاتی خۆی پتریارك گریگۆری لە ئەستەنبوڵ دادەنیشت و چاودێریی کاروباری ئەرمەنی دەکرد، لەلایەن سوڵتانەوە زۆر ڕێزی لێدەگیرا، بەڵام لە سەدەی نۆزدەیەمەوە ڕووسیا و ئەوروپییەکان دەستیان وەردایە کاروباریان و هاندانیان بۆ فیکریی نەتەوەیی، تەنانەت لە ڕووسیا دوو ڕێکخراوی تیرۆریستیان بە ناوی " هاجناق – ١٨٨٦ " و " داشناق – ١٨٩٠( دروستکرد، کە شەوانە لە ئازەربایجانی ڕووسیاوە هێرشیان دەکردە سەر گوندە کوردنشینەکان و منداڵیان سەر دەبڕین و دەستدرێژییان دەکردە سەر ژنان و گوندەکانیان دەسوتاند بۆ ئەوەی لە ترسان چۆڵی بکەن . ئەمەش بۆ ئەوەی گیانی تۆڵە سەندنەوە لەناو کوردەکانیشدا دروست بکەن و مەسەلەی ئەرمەن بە نێودەوڵەتیی بکەن .
کەواتە ئەوەی سوڵتان عەبدولحەمید کردی – بە هەر هۆکارێك بێت – کوردی لە جینۆسایدی ڕووس و ئەرمەن پاراست و خاکی کوردستانیشی لە قوتدانی پاراست بە قازانجی ئەرمەنستانی گەورە. دەبێ ئەو ڕاستیەش بزانین هەروەکو چۆن ڕووسەکان سوپای نیمچە فەرمیی "قۆزاق "یان هەبوو بۆ هێرشکردنە سەر ئێران و عوسمانیی، سوارەی حەمیدییش بە هەمان میکانیزمی نیمچە سوپایی دروستکرابوو، کە جوڵاندن و چالاکییان خێراتر و کاریگەرتر بوو .
مێژوونووسی بەناوبانگی کورد (ئەمین زەکی بەگ)، لە یەکەمین پەرەگرافی مێژووەکەیدا (خولاسەیەکی تاریخی کوردو کوردستان( ئاماژە بەوە دەدات کە لە سایەی عوسمانیدا کەس هەستی بە ستەمی نەتەوایەتیی نەکردووە، تا ئەو کاتەی تورانیەکان ئەو درووشمەیان بەرز کردەوە، ئیتر کوردیش هەستی بە نەتەوەی خۆی کردووە و کەوتووەتە تویژینەوە لە ڕەگ و ڕیشەی خۆی و مێژووەکەی . ئەوەش حەقیقەتە کە بیری نەتەوایەتیی لەگەڵ هاتنەوەی شاندە خوێندکارییەکاندا هاتەوە ناو قەڵەمڕەوی عوسمانیی، کە لە ئەوروپا خوێندبوویان و ئەو مۆدێلەی ئەوروپایان لەگەڵ خۆیاندا هینایەوە، کە لە مێژوودا ئەم بیرە ترسناکە دەیان ملیۆن خەڵکی ئەوروپا و جیهانیی قڕکرد .
خۆرئاواییەکان چونکە نەخشەی " سایکس – پیکۆ " یان هەبووە بۆ دابەشکردنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیی، بۆ ئەمەش پشتیوانیی ئەرمەنە هاوئاینەکانیان کردووەتە ئامانج، بۆیە هەموو چەواشەکارییەکانی ئەرمەنیان وەکو بەڵگەی ڕاست وەرگرتووە، بەڵام هەموو دیکیۆمێنتە زانستیەکانی کوردییان ڕەتکردووەتەوە، لێرەدا تەنیا نامەیەکی ئەمین عالی بەدرخان بە بەڵگە دەهێنمەوە کە باسی چەواشەکاریی ئەرمەنەکان دەکات لە کۆنگرەی ئاشتی پاریسدا، کە دەقی ئەم نامەیەش جارێکی تر لە لایەن شەریف پاشای خەندانەوە پێشکەشی کۆنگرەی ئاشتی پاریس کراوە، ئەم بەڵگەنامەیە لە دیکیۆمێنتەکانی هەردوو وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا و بەریتانیادا بە مێژووی ١٨ ئازاری ١٩٢٠ تۆمار کراوە، لە نامەکەدا باسی ئەوە دەکات بە پێی بەڵگەنامەکانی ڕووسیاش ئەو ناوچانەی کە ئەرمەنەکان داوای دەکەن، زۆرینەی ڕەهایان کورد و موسوڵمانن، کەچی ڕاپۆرتی ئەرمەنەکان لەلایەن کۆنگرەی ئاشتیەوە وەکو ڕاستیەکی
←

حاشـا هەڵنەگـر هەژمـار كـراون و ڕاپـۆرتی كوردەكـانیش كە پشـت ئەسـتوورە بە بەڵگەنامەی ڕاستیی مێژوویی و دیموگرافیی پشتگوێ خراوە .

ئەوەی دەیەوێـت لەو بـارەوە ڕاسـتیەكانی بـۆ دەربكەوێـت بـا كتێبـی " كـۆمەڵە و ڕێكخراوە كوردییەكان ١٩١٨ – ١٩٣٣ لە بەڵگەنامەكـانی هەردوو وەزارەتـی دەرەوەی بەریتانیا و فەرەنسادا – بەرگی یەكەم : د . نەجاتی عەبدوڵڵا " بخوێنێتەوە .

ئەرمەنەكان بە درێژایی مێژووی خۆیان – لەسەر بنەمای ئاینیی – هاوپەیمـانی ڕووسـیا و ئەوروپاییەكـان بـوون، تەنـانەت وەكـو هـاوڵاتیی عوسـمانیی لەلایەن ئەو وڵاتـانەوە بەرژەوەنـدییەكانیان پـارێزراوە و زۆر جـاریش ئەم بنەمـایە بـووەتە هـۆی بەكارهێنانیـان لەلایەن ئەوانەوە، كە لە پێش كودەتای عوسمانیدا چەنـدین ڕێكخراویـان لە ئەوروپـادا هەبـووە و بەردەوام كاریـان كـردووە بـۆ ئـاژاوە نـانەوە لەنـاو وڵاتـی عوسـمانیدا، كە دواتریش بوونەتە هاوپەیمـانی ڕێكخـراوی زایۆنیسـتیی، بەتـایبەتی دوای ڕەتكـرانەوەی داواكەی تیـۆدۆر هیرتـزڵ بـۆ كڕینـی خـاكی فەلەسـتین لە سـوڵتان عەبدولحەمیـد، كە گەورەتـرین چالاكیـان تەقانـدنەوەی بۆمبـایەك بـوو لە ٢١ ی تەمـووزی ١٩٠٥ دا، بە كـاروان و كەژاوەی سـوڵتان عەبدولحەمیـددا كە بـووە هـۆی كـوژرانی (٢٦) كەس و بریندار بوونی (٥٨) كەسی تر .

ئایا لە كاتێكدا پێكهاتەیەك یا بەشێك لە پێكهاتەیەك ببێتە هاوپەیمـان و لە دژی وڵات و ئەو نیشتمانەی تێیدا دەژی كاری تێكدەرانە بكـات لە هێرشـكردنە سـەر بانكەكـان و كارگە و سەربازگە و تیرۆری كەسایەتیەكان، دەبێ ئەنجامی ئەو جۆرە كردەوانە چۆن بێـت؟ دوای ئەوەی ئەرمەنەكـان لەگەڵ سـوپای ڕووسـیادا هێرشـێكی گەورەیـان بـۆ وێرانكردنی خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵ دەست پێكـرد، دەبـوو سـوپای عوسـمانیی و سـوارەی حەمیدیی چۆن مامەڵەیان لەگەڵ هیرشی ئەواندا بكردایە؟

خۆرئاواییەكان بەردەوام پشـتیوانییان لە ئەرمەنەكـان كـردووە، لە كاتێكـدا گەلانـی تری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست تووشی قڕكردن و ماف زەوتكردن بـوونەتەوە، بەڵام هـیچ كاتێ بەرگرییان لە مافیـان نەكـردووە، هەروەكـو بـۆ ئەرمەن و جولەكەكـان دەیـكەن، كـاتێ پەرلەمـانی فەرەنسـا كوشـتاری ئەرمەنەكـان لە جەنگـی جیهـانیی یەكەمـدا بە جینۆسـاید دەناسـێنێت، ئەمە هەڵوێسـتێكی سیاسییە لە حكـومەتی توركیـا، دەنـا بـۆچی داوای لێبووردنی داگیركردنی جەزائیر لە گەلی ئەو وڵاتە ناكات كە لە ساڵی ١٨٣٠ – ١٩٦٢ درێژەی كێشا، كە بووە هۆی قڕكردنی زیاتر لە " ١٠ " ملیۆن كەس؟

ئەوروپاییەكان لە دوو جەنـگەكەی جیهانیـدا دەسـتیان سـوورە بە خـوێنی ملیۆنـان كەس و ئامادەش نین داوای لێبووردن لە گەلانی ستەم لێكراویان بـكەن، تەنـانەت ئەم لافاوی خوێبەی ئێستای خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و گەڕاندنەوەی دیكتاتۆرەكان بـۆ سـەر گەلانی ناوچەكە - لە دوای بەهاری عەرەبیی – تـاوانێكی تریـانە كە ڕۆژانە ڕووبـاری خوێنیان بەردەوامە و بۆ دەستەسرێكی ئەوروپا ئاگریان بەرداوەتە قەیسەریی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، دیتمان چۆن بەناوی چەسپاندنی دیموكراسییەوە (جۆرج بۆش) ئەفغانستان و عێراقی كردە گۆمی خوێن، چۆن بۆ بڵاوكردنەوەی بەها دیموكراسیەكانیان بەهاكانیـان لە ئەبوغرێب و گوانتانامۆدا نمایش كرد و تا ئێستاش بەردەوامن لەسەری !!

←

دەبێ حەقیقەتێکی تریش ئاماژە پێبدەین، ئەویش بە هۆی ستەمکاریی ئینگلیزەکانەوە گرانیەکی گەورە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی گرتەوە، ئێرانیەکان توانیویانە بە کۆکردنەوەی بەڵگەنامە فەرمیەکانی بەریتانیا خۆی، بیسەلمێنن کە لە گرانیی گەورەی ساڵی ١٩١٧ دا " ٩ " ملیۆن و " ٥٠٠ " هەزار ئێرانیی لەبرساندا مردوون، هۆکارەکەش ئەوە بووە کە بەریتانیەکان هەموو گەنجینەکانی دانەوێڵەی ئێرانیان بۆ ئەوروپا و شەڕی جیهانی دەگوێزنەوە و بە هۆی وشکەساڵییەوە ئەو نەهامەتیە گەورەیە ڕوو دەکاتە ئێران (بۆ ئەم بابەتە کتێبی مێژوویی: قحطی بزرگ سالهای ١٩١٧ – ١٩١٩ ی محمد قلی مجد بخوێنەرەوە)، کە پێموایە هەموو قەڵەمڕەوی عوسمانیشی گرتووەتەوە بە کورد و ئەرمەنیشەوە، بۆیە تا ئێستا مێژوونووسانی کورد ئەوەیان ساغنەکردووەتەوە کە لەو گرانیەدا چەند کورد بوونەتە قوربانیی، کە قوربانیەکانیان بە ڕێژە ئەگەر لە ئێرانیەکان زیاتر نەبوویێت کەمتر نەبووە. کەواتە بۆچی تەنیا قوربانیەکانی ئەرمەن پیرۆز دەکرێن و قوربانیەکانی گەلانی تر پشتگوێ دەخرێن ؟!

کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقیی کۆمەڵەیەکی خائین بوون بە دەوڵەتی عوسمانیی، بۆ نمونە : تۆرگۆت ئۆزال (١٩٨٧ – ١٩٩٣)ی سەرۆکی پێشووی تورکیا لە کاتی سەردانێکی بۆ وڵاتانی ڕووسیا و ئۆکرانیا لە ساڵی ١٩٩١ دا، لە وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەی "ستار"ی تورکیدا کە بۆچی پەیوەندیی تورکیا و جیهانی عەرەبیی خراپە؟ وتی : لە حەسەن جەمال بپرسن . ئەو کاتە وەڵامی پرسیارەکە بۆ ڕۆژنامەنووسەکە تەمومژاویی بوو، حەسەن نەوەی جەمال پاشای فەرماندەی سوپای چوارەمی عوسمانیی بوو لە شام، دواتر ئۆزال زانیارییەکەی بۆ ڕۆژنامەنووسەکە تەواو کرد و بەڵێنی لێوەرگرت، دوای ٢٥ ساڵ بڵاوی بکاتەوە، کە لە ١٩ ی نیسانی ٢٠١٦ دا بڵاوی کردەوە، ئەویش ئەوە بوو وتی: جەمال پاشا وەکو زۆرێك لە ئەفسەر و فەرمانبەرانی عوسمانیی بوو بوو بە نۆکەری بێگانە، جەمال لە ئینگلیزەکان مووی نۆکەرایەتیی وەردەگرت بۆ تێکدانی پەیوەندیی نێوان پێکهاتەکانی دەوڵەتی عوسمانیی، بۆ نمونە کچ و ژنی زانایان و گەورە پیاوانی شامی پەلکێشی تەلاری والی دەکرد و لەوێ جۆرەها بێڕێزیی پێدەکردن و مەی دەرخوارد دەدان، ئینجا بەرەڵای دەکردن، بۆ ئەوەی عەرەب و موسڵمانەکان بکاتە دووژمنی دەوڵەت و بیانکاتە دۆستی ئینگلیزەکان، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە پێگەی " هانتیگتۆن عەرەبیی " محەمەد ئیزدوتن، ڕۆژی ٢٠ / ٤ / ٢٠١٦.

ناوی مارشەمعون نازناوە بۆ پۆستی پاتریارکی نەستۆریەکان، لە ساڵی ١٩٠٣ دا مارشەمعونی پێشوو کۆچی دوایی کرد، میراتگری ڕاستەقینەی مەتران ئیبراهیمی برای بوو، بەڵام چونکە ئینگلیزەکان ئیبراهیمیان دەناسی کە پیاوێکی یەکتاپەرست و ئاشتیخواز بوو، نەدەچووە ژێرباری ئینگلیزەکان، بە پەلە توانییان قەناعەت بە سەرۆك هۆزەکانی نەستۆرییەکان بکەن کە کوڕی برای دووەمی مارشەمعونی کۆچکردوو بە ناوی ئیشای – کە تەمەنی ١٦ ساڵ بوو – بکەنە مارشەمعونی نوێ، ئەحمەد سوسە لە کتێبەکەیدا (مفصل العرب و الیهود فی التأریخ – ل : ٥٩٦ – ٥٩٧) دەڵێت : شاندێکی مژدەدری ئینگلیکانی نێردرانە لای مارشەمعونی پێشوو، هەوڵیاندا ئەم کۆمەڵە مەزهەبی نەستۆرییان بگۆڕن بە مەزهەبی پرۆتستانتی، وەکو دەرکەوت لەوەدا سەرکەوتوو

←

پێنجوێن هاتوون، شێخانی نەقشبەندی لە هەورامان بە ڕابەرایەتی شێخ نەجمەدین و مامۆستایانی ئایینی ئەو کاتە وەکو مامۆستا مەلا قادری گەورەی بیارە، فتوای جیهادیان لە دژی داگیرکاری و بێناموسییەکانی ڕووس دەرکردووە، لە نوێژی هەینیدا بانگی خەڵکی موسڵمانی ناوچەکەیان کردووە، کە بەماڵ و بە گیان بەشداری ئەو جیهادە بکەن دژی دەوڵەتی ڕووس. لە هۆزی یارەویس محەمەد مەحمود یارەویس و عەزیز فەتاح مەحمود یارەویس و پێنج تا شەش کەسی دیکە خۆیان

---

نەبوون، بەڵام قەناعەتیان پێکردن نەستۆریی شایستەی ناوبانگی ئەوان نیە، پێویستە ناویان بگۆڕن بە ئاشووریی بۆ ئەوەی ناوبانگیان لە ناوەندە جیهانیەکاندا بەرز بکەنەوە، بە تایبەتیی ئەو کاتەی ناویان ببەنەوە سەر ئاشوورییەکانی مێژووی دێرین .

ویکرام – نوێنەری کەنیسەی ئەنگلیکانی - هەموو کارێکی کرد بۆ گۆڕینی ئەم ناوە و پێناسەی ئەو نەهامەتیانەی کە هاتووە بەسەر نەوەکانی "شەلمانسەر"دا، لە کاتێکدا ئەو گەلە تا ئەو کاتە ئەو ناوەیان نەبیستبوو. مارشەمعونی نوێ بە پێی مێژووی خۆیان کەسێکی زۆر دڕندە بووە و زۆربەی ئەوانەی کە بە لەمپەری زانیون لە ڕێگەی دەسەڵاتیدا بە شێوەی ڕەشەکوژیی لەناوی بردوون. ئەم کەسە بە پەیوەندیی کردن بە کونسوڵەکانی بەریتانیا و ئەمەریکا و وڵاتانی تری خۆرئاواییەوە، جۆرێك لە پشتیوانیی وەردەگرێت کە لە ناوی ورمێ و لەسەر حسابی خاکی کوردستان دەوڵەتێکی ئاشووریی دامەزرێنێت. بۆ ئەوەش دەیان گوندی کوردنشین لەو ناوەدا قڕ دەکات، تەنانەت باسی ئەوە کراوە کە لەو کوشتارانەدا ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتەی برسیی کوردیشی نەبواردووە، ئەم ویستەی مارشەمعون دەگاتەوە گوێی سمکۆی شکاك، ئەویش دەزانێت ئەگەر دەستی خۆی پێش نەخات خۆرئاواییەکان داهاتووی گەلەکەی لەو ناوەدا دەخەنە مەترسییەوە و لەسەر حسابی کورد دەوڵەتێك بۆ ئاشوورییەکان دروست دەکەن، بۆیە بە پلانێك دەیکوژێت .

ئایا ئەوە دەزانرێت کە ئەرمەنستان لە جەنگی ناوی " ناگۆرنی قەرەباغ "دا (١٩٩٤) گوندو ناوچە کوردنشینەکانی داگیرکردن و هەموو کوردە موسوڵمانەکانی ئەو ناوچە بە پیت و دڵگیرە ئەوە زیاتر لە بیست ساڵە ئاوارەی ناوچەکانی تری ئازەربایجان کراون؟ ئەگەر هەر کوردێك ئاگادارە لەمە و لەبەر هەر هۆیەك باسی ناکات خیانەتە لە گەلەکەی خۆی، ئەگەریش ئاگادار نیە لە حاڵی نەتەوەکەی لە قەرەباغ، چۆن حەق بە خۆی دەدات باسی ئەفسانەی سەدەیەك لەمەوبەرمان بۆ بکات و بیکاتە ڕاستیەکی مێژوویی، لە کاتێکدا ئەوەی ئەرمەن لە جەنگی یەکەمدا بە پشتیوانیی ڕووسەکان بەسەر کوردیاندا هیناوە، زۆر زیاترە لەو کوشتارەی کە ئەوان گوێی هەموو دونیایان پێ کەڕ کردووە". (سەرچاوە/ مامۆستا شوان هەورامی نوسەر، لە وتارێکیدا کە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك لەساڵی ٢٠١٦ دا بڵاو کراوەتەوە).

بەستووە و، بەسواری ئەسپ وماینی خۆیان تێکەڵاو بە موجاهیدانی بیارە و هەورامان و جاف بوون و، بەرەو سنوری پێنجوێن کەوتوونەتەڕێ، لەوێ نزیکی شاری بانە بوونەتەوە و، لەگەڵ ڕووسەکان کەوتوونەتە شەڕەوە، لەو شەڕانەدا زەرەر و زیانێکی زۆریان لە ئۆردووی پڕ چەك و تفاقی ڕووس داوە، چەندین کەس لە موجاهیدانی کوردستان شەهید بوون، یەکێ لەوانە محەمەد مەحمود یاروەیس باوکی مام حاجی موشیر و مام حاجی مەحمود بووە لە گوندی تەپی سەفا.

مامە حەمە و هەسەن سڵەمانی گلاڵی لە ملەی ئەربابای بانە لە ڕۆژی ١٢ی تەموزی ساڵی ١٩١٧ دا شەهید دەبن، لەوێ تەرمی مامە حەمە دەدەن بەسەر ئەسپەکەی خۆیدا و، مامە عەزیزی برازای لەگەڵ دەنێرنەوە تا شارۆچکەی پێنجوێن، لە شاری پێنجوێن بەئامادەبوونی مامۆستایان و شێخانی تەریقەت دەیشۆن و نوێژی لەسەر دەکەن، پاشان بەخاکی دەسپێرن. دەڵێن فەقیانەکانی مامە حەمە لەخوێندا سور بوو بوون، هەرکەس هەوڵی داوە پارچەیەکی لێ ببڕێت و هەڵی بگرێت بۆ تەبەڕوك و موبارەکی و، بۆ کاتی مردنیان بیخەنە ناو کفنەکانیان چونکە خوێنی شەهیدی پێوەیە، شەهیدیش لای خوای گەورە پلەی بەرزە، بە هیوای ئەوەی بە بۆنەی ئەو خوێنە موبارەکەوە خوا بیانبەخشێت.

## * تۆ کە زەمەنێك لە دوای داگیرکردنی عێراق لە لایەن بەریتانیانەوە لە دایك بوویت، هیچ شتێکت لە بیر ماوە کە باوکت سەبارەت بە هاتنی ئینگلیز باسی کردبێت:

- بەڵێ باوکم بە ڕەحمەت بێت، وتی ئەو کاتە هێشتا بە تەواوی نیشتەجێ نەبووبووین، دڵمان هەر لای گەرمیان و کوێستان بوو، لە هەروارگەکەی خۆمانەوە لە نزیکی کەلار ڕۆشتین بۆ شارەبان بۆ شتومەك کڕین، هەموو جار یان لەوێ یان لە خانەقی کەلوپەل و پێداویستیمان

دەکرێ، ئەوەندەمان لەگەڵ خۆماندا دەهێنایەوە کە بەشی هاوینمان بکات کاتێك کە لە کوێستانەکانی سەقزدا بۆ وەرزێك دەماینەوە. کاتێك چووین بۆ شارەبان و لە نزیك بەلەدرووز چەمێك هەبوو ئینگلیزەکان کردیان بە بەنداو، لە قەراخی ئەو چەمەدا لە خوارەوە بۆ سەرەوە، ئینگلیزەکان لە چەندین شوێن، پارەیان بە ڕوپێ و دوو ڕوپێ و سێ ڕوپێ دانابوو، چونکە دەیانزانی جافەکان لەوێوە دێن بۆ شتومەك کڕین، بۆ ئەوەی هەڵی بگرنەوە و دڵیان بەرامبەری حکومەتی ئینگلیز بگۆڕێت، بە کافر و داگیرکەری نەزانن و لە بری ئەوەی تف و لەعنەتی بۆ بنێرن و شەڕی لەگەڵدا بکەن، بە فریادڕەس و ئاوەدانکەرەوەی وڵاتەکەی بزانن، چونکە پێشتر عوسمانییەکان لەکۆتایی حوکمیاندا بە سەندنی باج و سەرانە خەڵکی ناوچەکەیان هەراسان کردبوو.

ئەیوت: عەلی ئەحمەد پیاوێکی جاف بوو بە هەڵەداوان هات وتی کاك عوسمان لە قەراخی ئەو چەمە سێ ڕووپیەم دۆزیوەتەوە، دوای ئەو قادری ڕەزا هات ئەویش وتی منیش دوو ڕووپیەم دۆزیوەتەوە. یەك دوو کەسی تریش بە هەمان شێوە باسی پارە دۆزینەوەیان کرد، منیش وتم با منیش بڕۆم، سەرووتری ئەوان گەڕام ئەزانم پاکەتێك کەوتووە و سێ ڕوپیەی تێدایە هەڵم گرت و هاتمەوە بۆ لای هاوڕێکانم.

بەڵێ ئینگلیز بەو شێوەیە سەرنجی خەڵکی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە.

دەگێڕنەوە کە خەڵکی کورد زۆر ڕقیان لە ئینگلیز بووە و بە کافر و گڵاویان زانیون، ئەو شتوومەکانەیان نەخواردووە کە ئەوان هێناویانە، بۆ نموونە شەکریان هێناوە تا بە چاوە بخورێت و کەڵکی تری لێ وەربگیرێت، خەڵك بە گڵاویان زانیوە، تا ئەوەی ئینگلیزەکان لە کوردستانی ئێران مەلایەك بانگ دەکەن و بەڵێنی پارەیەکی باشی پێ دەدەن تا لە وتاری هەینیدا بڵێت شەکر سڵپۆت[1] نیە و حەڵاڵە و هیچ

---

(١) سڵپۆت- بەمانای گڵاو دێت.

مەترسییەك لە سەر عەقیدە و باوەڕی موسڵمانان دروست ناكات. مەلا وتار دەدات و (قەند) واتە شەكر لای خەڵك خۆشەویست دەكات، بەڵام دواتر تەماشا دەكات ئینگلیزەكان درۆیان كردووە و پارەكەیان بۆ نەهێناوە. لە وتاری داهاتوودا ئەڵێت خەڵكینە من پێم وتن قەند سڵپۆت نییە و حەڵاڵە، بەڵام پەشیمانم لەو قسەیە و تكام وایە لێی نزیك مەبنەوە، چونكە سڵپۆتە و حەرامە. كاتێك ئینگلیزەكان دەبیستنەوە كە چی پەنێكیان داوە، بە پەلە پارەیەكی باش دەهێنن بۆ مامۆستا، ئەویش تەماعی پارەكە شلی دەكات و بۆ وتاری داهاتوو بە خەڵكەكە دەڵێت: موسڵمانان من جاری پێشوو وتم قەند سڵپۆتە و حەرامە، بەڵام ئەگەر قەندەكە بژەنن بە چاییەكەدا و بیخەنە دەمتان سڵپۆتییەكەی نامێنێت، ئا بەو شێوەیە ڕەشە خەڵكی داماویان فریو داوە.

## * كەی خرایتە بەر خوێندن، ئایا لە قوتابخانەی دەوڵەتدا خوێندووتە یان لە حوجرەدا؟

- ساڵی ١٩٤٣ لە گوندی تەپی سەفا دەستم كرد بە خوێندنی زانستە شەرعییەكان لە مەدرسەی زانستی شەرعی كە لەلایەن حاجی عوسمانی باوكم و حاجی حەیدەری مامەم و حاجی مستەفای ئامۆزای باوكمەوە سەرجەم خەرجیەكانی مەدرەسەكە دابین دەكرا. لە سەرەتادا لەلای مامۆستا مەلا كەریمی سەدباری كە خەڵكی ڕۆژهەڵاتی كوردستان بوو فێری نووسین و خوێندنەوەی فارسی و عەرەبی بووم و چوار جوزئم لەقورئانی پیرۆزم تەواو كرد، وە پاش ئەوەی مامۆستا مەلا كەریم كۆچی دوایی كرد بۆ ماوەی ساڵێك لەخوێندن دابڕام، پاشان دووبارە لە ساڵی ١٩٤٤ هەر لەگوندی تەپی سەفا لەلای مامۆستا مەلا سەید نەجمەدینی سەرگەتی كە دەكاتە مامەی مامۆستا شێخ سدیق سەرگەتی، دەستم كردەوە بە خوێندن و، بۆماوەی دوو ساڵ بەردەوام بووم، دوای دوو ساڵ نەخۆشییەك هات

مامۆستا سەید نەجمەدین و خێزانەکەی هەردوکیان کۆچی دواییان کرد، هەر لە گۆڕستانەکەی تەپی سافا لەسەر گردەکە ناشتنیان، جێگایان فیردەوس بێت، لەوماوەیەدا چەند کتێبێکی فارسی بە ناوەکانی (ناگەهان، یاداود، سەنتەراش، نان وماس، ئەیشودە) لەگەڵ کتێبی (ئەحمەدی)و (فتح القریب)م تەواو کرد و لە خوێندن دابڕامەوە.

لە ساڵی ١٩٤٦ جارێکی تر لەلای مامۆستا مەلا سەید مەحمودی کەلجی دەستم کردەوە بەخوێندن و، کتێبی (گوڵستان)ی سەعدی شیرازیم خوێند. وە لە بواری مێژووشدا کتێبی (مشاهیر الاکراد)م خوێند و شارەزای زمانی فارسی و عەرەبی بووم.

## * ئێوە کە بە عەرەبی دەتانخوێند، ئەی چۆن زمانی کوردی فێر دەبوون، خۆ کتێبەکانی ئەو سەردەمە هەموو عەرەبی و فارسی بوون؟

- بۆ فێربوون و خوێندنەوە و نووسینی زمانی کوردی، لەبەرئەوەی زۆرینەی کتێبەکانی ئەو سەردەمە بەزمانی فارسی و عەرەبی نووسرابوون، بەناچاری پەنامان دەبردە بەر کۆکردنەوەی ئەو نامە کوردیانەی بۆ باوکم و مامۆستاکانمان هاتبوون، نامەکانمان بە سرێش دەخستە سەر یەك، پێیان دەوت (تۆمار)، چەند جارێك لەگەڵ قوتابییەکاندا ئەو نامانەمان نووسیوەتەوە، بەو شێوەیە فێری خوێندنەوە و نووسینی زمانی کوردی بووین.

## * تۆمارتان چۆن دروست دەکرد، وە بەچی دەتاننووسی؟

- ئەو نامانەی بۆ خۆمان یان بۆ کەسوکارمان دەهات، کۆمان دەکردنەوە و سرێشمان دەکردە ئاو تا بەیانی ڕەنگی دەدایەوە و وەکو هەنگوین شیلەی دەدایەوە و دەبوو بە چەسپ، دە تا پازدە کاغەزمان

دەخستە سەر یەك و پێکەوە چەسپمان دەکردن، بەوەیان دەوت تۆمار، لەبەری ئەو تۆمارانە کاغەزمان دەنووسییەوە و خۆمان فێری نووسینی کوردی دەکرد.

قەڵەمیش نەبوو پێی بنووسین، کەسێك بڕۆشتایە بەرەو عارەوان کە ئێستا ئەو شوێنە کەوتووەتە ژێر دەریاچەی دەربەندیخانەوە، پێمان دەوت فڵان کەس کاتێ لەو سەرەوە هاتیتەوە، چەپکێ نەیجولمان بۆ ببڕە و بۆمان بێنەرەوە، نەیجول باریکە و ساقەکەی سورە و بەهێزیشە ناشکێت، نوکەکەیمان دەتاشی و مورەکەبمان دەکردە شوشەیەکەوە و پارچەیەك خاممان دەکردە ناوی بۆ ئەوەی نوکی نەیجەکە پان نەبێتەوە، بەو شێوەیە دەماننووسی. لەو بڕوایەدام گەر وەکو ئێستای سەردەمی ئێوە ئەو هەموو قەڵەمە جۆراو جۆر و هۆکارە ئاسانانەی نووسین هەبوایە، شاکاری زۆر و بێ وێنە بەرهەم دەهات.

## * شێوازی مۆڵەت پێدانی زانستی و بوون بە مەلا چۆن بوو؟ هەروەها ناوی ئەو قوتابی و مامۆستایانەت لە یاد ماوە کە لە مەدرەسەکەی تەپی سەفا پێکەوە بوون؟

- شێوازی کارپێکراوی مۆڵەتی زانستی لەو زانستانەی مەشهورە بە علومی شەرعی و زانستی ئیسلامی لەکوردستاندا بەم شێوازە بوو: کە سوختە پاش تەواوکردنی قۆناغی بنەڕەتی دەبووە فەقێ، پاشان کە دەگەیشتە وانە قورس و گرانەکان دەبوو بە موستەعید، دواتر کە ئەو قۆناغەیشی بە سەرکەوتویی دەبڕی و لە بواری کردەییشدا مامۆستاکەی شێوازی دەرس وتنەوەکەی ببینیایە و دڵنیا بوایە لە ئاستی زانستیی ئەو کەسە، لە ئاهەنگێکی شیاودا ئیجازەی علمی پێ دەدرا و جبەی لەبەر دەکرد و مێزەری سپی دەبەستەوە و دەبوو بە مەلا.

ئەو وانانەش کە دەخوێنران بریتیی بوون لە: فێربوونی پیتەکان لە

سەرەتاوە، خوێندنی قورئان، زانستە ئالییەکانی وەکو عەوامیلی جورجانی بۆ فێربوونی نەحو، تەصریفی جورجانی، انموذج کە کۆمەڵێک بابەتی نەحو بوو، اظهار، تەصریفی مەلا عەلی و کافیة، جامی، سیوطی، وانەی مەنطق و بەلاغە و جەمعی جەوامیع، فەلەکیات و کتێبی عەقیدە.

لە ساڵانی چلەکاندا ئەوانەی بیرم ماون لە مامۆستا و فەقێ و موستەعید و سوختە، ئەمانە بوون: مامۆستا مەلا کەریمی سەدباری، مامۆستا مەلا مەحمودی کەڵجی، مامۆستا سەید نەجمەدینی سەرگەتی، مامۆستا مەلا سەید نەجمەدینی سەید تەها درەنگتر هات، مامۆستا مەلا ئەحمەدی کۆڵەسار، مامۆستا مەلا مارف، هەروەها قوتابی و سوختە زۆر بوون، لەوانە مامۆستا مەلا حەمەئەمینی وەستا قادر لەگەڵ مەلا سەعید نارنجڵەیی، هەردوکیان موستەعید بوون، مەلا عەلی شامراد گردی گۆیی و مەلا حسین بەشارەتی سوختە بوون، من و حاجی ئەحمەدی سۆفی قادر و کاکە حەمەی برام و عەبدوڵای شامراد ئەمانەم بیرماوە قوتابی قورئان بووین.

## * مەلا مەحمودی کەلجی کێ بوو؟

- مامۆستا مەلا مەحمود خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات بوو، لە ساداتی کەلجی بوو، لە ساڵی ١٩٤٦ هاتە گوندی تەپی سەفا، باوکم و مامەم وتیان مامۆستا با ژنت بۆ داوا بکەین، ئەویش وتی بەخوا خۆتان ئەزانن من جگە لە جبە و مێزەرەکەم هیچی تر شك نابەم، لوتفی خۆتانە، ئەوەبوو چون لە خورماڵ داوای کچی کاك ئەحمەدی پۆلیس باوکی نەجیمی ئاسنگەریان بۆ کرد، کاك ئەحمەد وتی بە باوکم و مامەم ئێوە بێنە ماڵی من و داوای کچی من بۆ مەلایەك بکەن، هەروا بە کراسی بەری خۆیەوە دەینێرم لەگەڵتانا، کچ کچی خۆتانە و پیرۆزتان بێت.

ئەوەبوو زەماوەندی بۆ کراو بوکی بۆ گوازرایەوە، مام حاجی مستەفاش پارچەیەك زەوی پێدا کردی بە توتن، ئێمەش مناڵ بوین ئاومان بۆ دەدا و

یارمەتیمان دا تا گەیاندی بە بەرهەم.

## * مامۆستا مەلا کەریمی سەدباری خەڵکی کوێ بوو؟

- مامۆستا مەلا کەریم فیردەوس جێگای بێت لە ئەسڵدا خەڵکی ناوچەی تاوگۆزی بوو، بەڵام کاتی خوێندنی فەقێیەتی چووەتە شاری بانە و لەوێ خوێندنی تەواو کردووە، دواتر لەسەر داوای خەڵکی گوندی (سەدبار)ی بانە دەچێتە ئەو گوندە و ئەو نازناوە وەردەگرێت، ساڵی **١٩٤٣** لە گوندی تەپی سەفا مامۆستا بوو، بیرمە ماینی ژێری خۆی هەبوو، دەمانچەیەکی حەوت تیری بە قەدەوە بوو، لەگەڵ باوکم و مامەم دەچوو بۆ ڕاوو شکار، حەزی بە ڕاوی بەرازیش هەبوو، ئەیوت بە باوکم خاڵۆ عوسمان بەخوا منیش دێم بۆ ئەوە ڕاوە. خێزانەکەی ناوی پیرۆز بوو، خەڵکی گوندی شیرەمەڕ بوو، کچەکە ناوی ڕابیعە بوو، لەم ساڵانەی دواییدا مەلا عەبدولکەریم لە زەڕایەنەوە هاتبوو بۆ ماڵمان هەواڵی مەلا کەریمی دەپرسی، ئەیوت ئامۆزای دایکمە و بە ئەسڵ خەڵکی ناوچەی گڵێجاڵو بەرِوێنە. مامۆستا مەلا کەریم هەر لێرە لە گوندی تەپی سەفا کۆچی دوایی کرد و لە قەبرستانی سەرگردەکەی تەپی سەفا بەخاکیان سپارد.

ئەوانەی لە لای مامۆستای سەدباری دەیانخوێند عەلی حەمەی کاکەسور و حەسەنی حەمەی کاکە سور کە برای خاوەر بوون دایکی عەبدلڕەحمانی مامە عەودە لە تەپەسەرقوولە، لەگەڵ کاکە حەمەم قوتابی مامۆستا بوون، من منالتر بووم ڕام دەکرد لێم تورە دەبوو.

## * ئەم گۆڕستانەی سەر گردی تەپی سەفا گۆڕی کێی لێیە کە ناودار و مەلا و شێخ بێت؟

- گۆڕستانی تەپی سەفا کە لە پشتی ماڵی خۆمانەوەیە، مامۆستا فەقێ

محەمەدی قەڵبەزە لێرە ئەسپەردە کراوە، ئەم پیاوە سەری باوکی شاترییە و سەری دایکی بەیداخییە، مەنسووبی شێخ عومەری بیارە بووە، جێگایان فیردەوس بێت، باوکم دەیگێڕایەوە و ئەیوت ئەم مامۆستا فەقێ محەمەدە هەموو جار جەزبەی لێ دەهات جبەکەی خۆی دەدا بەسەر خۆیدا و لە ژێرەوە تەسبیحاتی دەکرد، دەچووە لای تەپۆڵکەی پشتی گۆڕستانەکە، پێم دەوت مامۆستا تۆ بۆچی دێیتە ئەم شوێنە بۆ زیکر؟ ئەیوت ئەم جێگایە بۆنێکی زۆری خۆشی لێ دێت، کەسێکی زۆر خواناسی ئیمانداری لێ ئەسپەردە کراوە، زۆر کەسیش ئەو نوور و ڕوناکییەیان بینیوە کە لەو جێگایە بەرزبووەتەوە.

جگە لە مامۆستا فەقێ محەمەد، گۆڕی مامۆستا مەلا سەید نەجمەدینی سەرگەتی و مامۆستا مەلا کەریمی سەدباریشی تێدایە، خەڵکی ئاوایی و گوندەکانی دەوروبەریشمان لێرە مردووەکانیان ئەسپەردە کردووە، گۆڕی خوشك و براکانی تۆش[1] هەر لێرەدان کە باوکت بە ڕەحمەت بێت لە شەکرالییەوە دەیهێنان لێرە دەیناشتن.

## * مامۆستا مەلا حەمەئەمینی شانەزەر کێ بوو؟

- ئەم زاتە مامۆستای تایبەتی مەحمودی یاروەیس و کوڕەکانی بووە، کە لە سەر ئەرك و مەسرەفی خۆی ئەم مامۆستایەی وەکو وانەبێژ بۆ خۆی و مناڵ و برا و برازاکانی گرتووە، وانەی نەحو و سەرف و شەریعەتی پێ وتوونەوتەوە، باوە عومەر و عەلی و محەمەد کوڕانی خۆی، هەروەها حەسەنی برای و مەلا سەعیدی برازای کە لە وڵاتی سوریا نیشتەجێ بوو، قوتابی ئەم مامۆستا مەلا حەمەئەمینی شانەزەرە بوون.

ئەم مامۆستایە هێندە ڕێزدار بووە لای مەحمودی یاروەیس، کە

(١) مەبەستی خوشك و براکانی نوسەرە (شلێر، لەیلا، شیرین، ئەکبەر) ئەمانە لەو گۆڕستانە ئەسپەردە کراون.

ئەسپێکی پێداوە بۆ ژێری خۆی و ماینێك بۆ خێزانەکەی، بۆ ئەوەی لە کۆچ و ڕەوی جافایەتیدا بە پێ نەڕۆن و وڵاخی تایبەتی خۆیان هەبێت، دە سەر مێ و بەرخ و دوو مانگا و گوێرەکەی پێداوە، سێ گای داوەتێ باری لێ بنێت، دوو گوێدرێژ و هێسترێکی پێداوە، ئەمە جگە لە خەرجی و مەسرەفی تر، هەموو ئەمانەی لەبەر ئەوە کردووە چونکە ڕێزی زانست و ئەهلی زانستی زانیوە.

ئەم مامۆستایە سۆفی و خواناس و زاهید و لەهەمان کاتیشدا شاعیر بووە، من ئەم چەند بەیتەم لە چەند هۆنراوەیەکی لەبیر ماوە:

شوتر[١] چوون مەیمون بچێ وە دارا
مەیمون وەك شوتر بچێ وە غارا
شوتر لان بکات وە موغارەوە
پەخشە[٢] بجەڕێ وە بزمارەوە
هێستر بزایەو کەیکف بگرێ بەر
مەر ئەوسا بوێنم باڵای شا پەروەر

یان ئەڵێت:

شکار[٣] وە بەختەن شکار وە بەختەن
من کەڵێکم دی چەنای چەن وەختەن
سای جەسەر نییەن مەوای نەسەختەن
سای جەسەر نییەن مەوای نەتاشەن
پەڕوپۆش دەرکەرد وادەی لواشەن

(١) شوتر: واتە حوشتر.
(٢) پەخشە: واتە مێشوولە.
(٣) شکار: واتە ڕاوچی.

یان ئەڵێت:

عــەین وە نگــای عــەین ئـاهوی بـــەڕەوە
هـــــاوە گەردی میـــل ئـــاوان هــەڕەوە
وە میقراس دا پاچ وە چلچەنگ کرد کـەچ
نەرمتــەر نە تـــوك کوردیی کەرگەز بــەچ
قـــەرار دا وەبـــان چەتری بۆرچین بــەت
نـــەرمتەر نە تـوك سەر سەوزانی شـــەت
ســـــەر وە کـڵاوچەی قـەڵەمکـــارەوە
ســـــەرپۆشـەن وە تـــوك تـاوستـــارەوە

## * بۆچی نەچویتە قوتابخانەی میری، خۆ ئێـوە خـاوەن موڵـك و دەسەڵاتدار بوون، یان هۆکاری وازهێنانت چی بوو لە قوتابخانە؟

- لە ساڵی ١٩٤٧دا بە ڕەحـمەت بێـت حـاجی نـاجی کە مێـردی پـورە خەدیـجەم بـوو لە هەڵەبـجە، وتـی بە بـاوکم بـا تـایەر بێـت لێـرە لەگەڵ کوڕەکانی خۆم (حەمە و نەجیـب) بخوێنێـت، ئەوەبـوو لەشـاری هەڵەبـجە خـرامە بەر خوێنـدن لە پـۆلی یەکەمـی سـەرەتایی لە مەکتەبـی (پەڕۆ[1])، بەڕێـوەبەرەکەی نـاوی تـایەر بەگ بـوو، ئەو مامۆسـتایانەی ناوەکەیـانم بیرمابێت، بەهنام مەسیحی بوو، عەزیز خەڵکی سلێمانی بـوو، محەمەدیـش پێنجوێنی بوو، پاش دوومانگ لەخوێنـدن بەهـۆی زیرەکـی لەڕادەبەدەر و

(١) لەبەر ئەوە بەو مەکتەبەیـان وتـووە پەڕۆ چـونکە شەخسـەکەی پیـرمحەمەد نزیکـی بـووە، پەڕۆیەکـی زۆر کـراوە بە دارەکەدا و قوتابخـانەکەش ئەو نـاوەی وەرگرتـووە. سەرەتای دروست بوونەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٢٥.

ئەو خوێنــدنی حــوجرەیەوە کە پێشــتر خوێنــدبووم، بەبڕیــاری لیــژنەیەك لەمامۆسـتایانی قوتابخـانەکە خـرامە پـۆلی دووەم، بەڵام پـاش سـێ مانـگ بەهـۆی بـارودۆخی کـۆمەڵایەتی خێزانەکەمـانەوە نەمتـوانی لە خوێنـدن بەردەوام بم و گەڕامەوە بۆ گوندی تەپی سەفا.

*** ئەو کاتەی تۆ لەوێ دەتخوێند هەڵەبجە چەند گەڕەك بوو، وە ئایا کارەبای هەبوو؟**

- هەڵەبجە لەو کاتەدا سێ گەڕەکی فەرمیی هەبـوو، ئەوانـیش سـەرا و پاشا و پیر محەمەد بـوون، جـگە لە گەڕەکـی جولەکەکـان، کە ئەوانـیش گەڕەکێکی خۆیان هەبوو، وە گۆڕستانیشیان جیاواز بوو لە هی موسڵمانان. وە شارەکە هیچ جۆرە کارەبایەکی حکومی و ئەهلـی نەبـوو، لە فـولکەی عومەری خاوەرەوە تا مەرکەزی پۆلیس لەسەرا ئەو شەقامە بە چرا فـانۆس ڕوونـاك دەکـرایەوە، ئەمـبەر و ئەوبەر دار داکوترابـوو، لای تەنەکەچـی سـندوقیان دروسـت کردبـوو شوشـەیان دەکـردە هەر چـوار ڕووەکەی و دەرگایەکیشـیان بـۆ کردبـوو، چـرا فانۆسـێکیان کردبـووە نـاوی، ئێـواران کەسـێك دەگەڕا بەسـەریاندا دایدەگیرسـاندن و بەیانیـانیش کەسـێك دەیکوژاندنەوە، دوای ئەوە مۆلیدەیەکیان هێنا بۆ هەڵەبـجە بە نەوت کـاری ئەکرد پێیان ئەوت عەلەکتریك.

*** دواتر پەشیمان نەبوویت لەو وازهێنانەت، کە تۆ قوتابییەکی وا زیرەكو سەرکەوتوو بویت، ئەگەر بەردەوام بوویتایە دڵنیام شانت دەدا لە شانی کەسانێکی وەکو دکتۆر مستەفا زەڵمی، کە ئەو بە کوێرەوەری و کەمدەسـتی خوێنـدنی تەواو کـرد و بە پلەکـانی**

**زانستدا سەرکەوت؟**

- بەڵێ بێگومان حەسرەت و پەشیمانی دواتر یەخەی مرۆڤ دەگرێت، لەو کاتەدا کەمتر هەستی پێ دەکرێت، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ گەورە و بەخێوکەرەکان، ئەوان دەبێ لەو کاتەدا لەخەمی ڕۆڵەکانیاندا بن و ئاگایان لە پاشەڕۆژیان بێت، ئێمە کەمدەست و هەژار نەبووین، باوکم جگە لە خانەوادەی خۆی خەرجی و مەسرەفی چەندین خێزانی تری هەژاری کێشاوە و قوتابخانە زانستییەکانی بەڕێوە بردووە و خاوەنی پێنج سەد و پەنجا دۆنم زەوی بەراو بووە، هەروەها چەندین خزمەتکار و مەکینەچی یارمەتیدەری هەبووە، بەڵام چونکە لە ژینگەیەکی وادابووە وەکو کەسێکی شارنشین گرنگی خوێندنی قوتابخانە نوێکانی نەزانیوە و لە ژیانی ناو جاف و کۆچەرییەوە بووە بە جوتیارێکی نیشتەجێ و خاوەن موڵك، ئەوا بەو چەند ساڵەی حوجرە ئیکتیفای کردووە. ئەو وەك پێشتر ئاماژەم پێدا چونکە خاوەن موڵك بووە منیشی بینیوە فێری حیساب و کیتاب بووم، ئەوەی بە سەروزیاد زانیوە و منی لە قوتابخانەی (پەڕۆ)[(١)] هێناوەتە دەرەوە

(١) پێش ئەوەی قوتابخانەی میری لەشاری هەڵەبجەدا بکرێتەوە، مەڵبەندی خوێندەواریی لە حوجرە و مالاّندا بووە. بە پێی لێکدانەوەکان یەکەم قوتابخانەی کوڕان، لە دوای ساڵی (١٨٩٢) وە کراوەتەوە. سەرەتا ئەو قوتابخانەیە لە خانویەکی بەڕێز حامید بەگی مەجید بەگی وەسمان پاشادا بووە، ناوی قوتابخانەی (ئەوەلی) هەڵەبجەی سەرەتایی کوڕان بووە. یەك مامۆستا و ٣٠ قوتابی بوون. قوتابی بە (شاگرد)و مامۆستا بە(ئەفەندی) ناو براون. لە سەردەمی عوسمانیەکاندا قۆناغی سەرەتایی (٤) ساڵ و قۆناغی ناوەندی (ڕوشدی) یە (٤) ساڵ و ئامادەیی (سوڵتانی) یە (٢) ساڵ بووە و خوێندنیش بە زمانی تورکی بووە. یەکەم بەڕێوەبەر بەڕێز (تاهیر ئەفەندی مەلا ئەمینی جەففار) بووە. دەڵێن زۆر جار تاهیر بەگی وەسمان پاشا، سەردانی قوتابخانە تاقاناکەی هەڵەبجەی کردووە، قوتابیەکانی تاقیکردۆتەوە، خەڵاتی زیرەك و سەرکەوتوەکانی کردووە. ئەم قوتابخانەیە بەم شێوەیە بەردەوام بووە، هەتا ساڵی (١٩١٨)، دەستەڵاتی تورکەکان لەم ناوچەیە بە تەواوەتی کۆتایی پێهات، ئینگلیزەکان جێگەیان گرتەوە. لە تۆمارەکانی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٩ وە مامۆستا (عەبدولعەزیز زولاڵی) وەك بەڕێوەبەری قونابخانەی سەرەتای هەڵەبجە ناوی هاتووە. ئەم قوتابخانەیە لە ئەنجامی ئاڵۆزبوون و تێکچونی بارودۆخی ناوچەکە، بە هۆی شۆڕشی یەکەمی شێخ مەحمودەوە، بۆ ماوەی ساڵێك داخراوە، دوای ئەو ساڵە کراوەتەوە. مامۆستا

←

عەبـدولعەزیز زولاڵـی، بـۆ جـاری دووەم بەڕێـوەبەر و مامۆسـتای بـووە. هەروەهـا لە ١٩٢٠/٦/١٠ دا تەنها ٣ پۆلی کراوەتەوە. قوتابیەکـان زۆربەیـان جـولەکە و هەورامـی و گوندنشینەکان بوون و بەشێکێن خەڵکی ناو شار بوون. وانەکان بریتی بوون لە حساب و هەندەسـە و مێـژو و جوگرافیـا. پاشـان وانەی کشـتوکاڵ خـراوەتە نـاو پرۆگرامـی خوێنـدنەوە. وانەی کشـتوکاڵ نـاوەکەی گـۆڕاوە بـۆ (الاشـیاء و الصـحة) و دواتـر بـۆ (زانست). لە ناو ئەو قوتابیانەدا ئەم ناوانە ناسرابوون. ئەحـمەد موختـار جـاف، گـۆرانی شاعیر، شێخ محەمەد شێخ حسێن (حیلمـی شـاعیر)، شـێخ مـارفی قەرەداغـی، مـحەمەد مەحمود مەلا ئەمین (حەمەی باول)، تۆفیقی حەمە عەلـی ناسـراوە بە (ڕەیسـی بەلەدیە)، بەهیەی تـاهیری مەلا ئەمینـی جەففـار. لە پـاڵ خوێنـدن بە ڕۆژدا، خوێنـدن بە شـەو لە سەردەمە جیاجیاکاندا هەبووە. خوێندنی شەو زیاتر ئەو کەسـانەی لە خـۆ گرتـووە، کە کاری ڕۆژانەیان ڕێگای نەداوە بە ڕۆژ بخوێنن، یاخود بە هۆکـاری تـر، وەك درەنـگ چونە قوتابخانە. واتە تەمەنیان تێپەڕیـووە. ئەو کـات بـۆ وەرگـرتن، منـداڵ دەبـوایە (٧) ساڵی تەواو بکردایە. زۆر جار منـداڵ هەبـووە لەو تەمەن زیـاتر بـووە، واتە (٨، ٩، ١٠) یـش بـووە، چاوپۆشـی لێکـراوە و وەریـان گرتـووە. دیـارە زۆربەی ئەوانەی خوێنـدنی سەرەتایان تەواو دەکرد، باڵا و تەمەنیان، لە قۆتـابی ئێسـتای هاوتـای خۆیـان بەرزتـر و زیاتر بووە. ئەو سەردەمە لە دوای تەواوکردنـی قۆنـاغی سـەرەتایی، بە ئاسـانی چانسـی دامەزراندن لە فەرمانگەی میریدا باش بووە.

لە دوای سـاڵی (١٩٢٠) ئەم قوتابخـانەیە گواسـتراوەتەوە بـۆ خـانوەکەی بەڕێـز(کەریم بەگی داود بەگ( شوێنی ئێستای مەڵبەندی یەکێتی. ئەم قوتابخانەیە نـاوی قوتابخـانەی (ئەوەل(ی سەرەتای کوڕان بووە. بە کورتی لە پێش پەنجاکانی سـەدەی ڕابـردودا، (٢) قوتابخانەی سەرەتایی کوڕان و (١) قوتابخانەی سەرەتایی کچان و ناوەندییەك هەبوون. هەردوو قوتابخـانە سـەرەتاییەکەی کـوڕان لە دەروازەی شـار لە گەڕەکـی پیـرمحەمەد، بەرامبەر یەکتری بـوون. ئەو تەلارانە هەتـا سـەرەتای پەنجاکـان سـەدەی ڕابـردوو، هەر قوتابخـانە بـوون. تەلاری قوتابخـانەی سـەرەتایی دووەم، حکـومی بـوو. بە قوتابخـانەی پەڕۆش نـاو بـراوە. دواتـر نـاوەکەی بـۆ سـیروان گـۆڕاوە. وشـەی (پەڕۆ) لێکـدانەوەی جیاوازی لەسەر هەیە. یەکێك لەوانە شـوراکەی تەلـی دڕکـاوی بـووە، بە درێـژای ئەو شورایە پەڕۆ بە سەرەوەی تەلەکانەوە کراوە. یاخود دەرگای ژورەکان بە بەتانی و لـێفە ڕووپـۆش کـراوە. ئەو قوتابخـانەیە لە سـەر زەوییەکـی ڕووبەر فـراوان دروسـتکراوە، سەرەتا شورای نەبووە، بە تەلی دڕکاوی شورای بۆ کراوە. دواتر شـورای بە دیـوار بـۆ کراوە. بە چواردەوریدا درەختی بەرزە باڵایـان تیـادا ڕوانـدووە، گۆڕەپـانێکی گەورەی هەبووە، شوێنی یاری بالە و باسکە و دوو گۆڵی تیادابووە، جگە لەو زەویـیە فـراوانەی قوتابخانەکەی لە سەر دامەزراوە، لەو بەریشەوە شوێنێك (تەیارەخانەیان) پێدەوت، چەند دۆنمێك لە زەوی ئەو شـوێنە، مـوڵکی ئەو قوتابخـانەیە بـووە. ئەو سـەردەمە دوو دەوام بووە، ئێواران لە کاتژمێر (٢ بۆ ٤) دوامیان کردووە. وانەی کشتوکاڵ هەبووە و گرنگی پێدراوە. قوتابیانیان فێری کێڵان و گۆلبڕین و تۆ و وەشاندن و پاچەکۆڵە و ئاودێرانیـان کردوون. ساڵانە بەرهەمی باشیان هەبووە. بەرهەمەکانیش بریتی بوون، لە نیسك و نـۆك

←

و پاقلە و گەنم و جۆ و شتی تر. دیارە قوتابیەکان لەو بەرهەمانە سودمەند بوون. دواتر لەسـاڵی (١٩٥٢) تەلاری قوتابخـانەی تەنیشـت سـەرای سـەرەوە دروسـتکراوە. ئەم قوتابخانەیە چەند ناوێکی هەبووە، وەك (هەڵەبـجەی یەکەم، هەورامـان، ڕاسـتی، زەڵـم، سدق و بێسـارانی). دیـارە قوتابخـانەیەکی تـر هەبـووە، بە نـاوی هەڵەبـجەی سـەرەتایی دووەم. لە دوای دروستکردنی قوتابخانەی (بێسارانی) تەنیشت سەرا، قوتابخانەی تـر کە چەند ناوێکی هەبووە. (سیروان و ئاشتی و سـەرکەوتن، مەرزەبۆتـۆ) خـوار کتیبخـانەی گشتی لە گەڕەکی پیرمحەمەد دروستکرا. دوای بەڕێزان (تـاهیر ئەفەنـدی، مەلا ئەمینـی جەففار و عەبدولعەزیز زوڵاڵی)، ژمارەیەك بەڕێزی تـر بەڕێـوەبەر بـوون، کە ئەمانەیـان ناسـراون. مامۆسـتا تـاهیر یەحیـا بەگ، هاوسـەری عالیەخـانی کچـی شـێخ ڕەشـیدی عەبابەیلێ، مامۆستا فەرەجی حاجی حەمە عەلی پاڵەنیـایی، مامۆسـتا نـوری حەمە ئەمـین ئاغا، عەزیز شاڵی. خورشیدە فەنی، چەند کەسی تر. .

ئەو مامۆستایانەی لە سەردەمە جیاجیاکاندا خزمەتیان کـردووە، بریتـی بـوون لەم مـرۆڤە دڵسۆز و بەڕێزانە : عەلی بەگی حەمە سەعید بەگ، کازم جەواد (کازمە فەنی)، عەلـی عەبدوڵا (ع. ع. شەونم)، حەمەلاو بەرزنجی، خورشـیدە فەنـی، حەمە سـەعید ڕەشـید سادق، عومەر محەمەد ئەمین (عومەر پۆتێ)، عیسا پـۆڵص (عەرەب و خەڵکـی موصـڵ بـوو)، فەیسـڵ عەوفـی (فەیسـەڵە فەنـی)، مامۆسـتا ئەحـمەد مەحـمـود مـام عەزیـز، داود جەرجیس (خەڵکی بەعشیقە و عەرەب بوو)، ڕەئوف زوهدی، ڕەئوفی حەمەی ئەمـین، مەحمود شەریفی هەلاج، شێخ سەفائەدین، ئەحمەد حەمە ڕەشید ئەفەندی، حەمەسەعید ڕەشـید بـانەیی، حەمە ئەمـین غەفـور، شـێخ حەمە ئەمـین کـاردۆخی، عـومەر عاشـق. ژمـارەیەك بـۆ مـاوەیەك لە دەرەوەی شـار مامۆسـتا بـوون، پێیـان دەوتـن (موسـەقەف شەعبی)کە بریتی بوون لەم بەڕێزانە : مەلا حەسەنی عەریـزە نـووس، عـومەری سـەعید جەواهیر، حەمەئەمینی مامە سەعید حاجی فەرەج، عەلی حەمە کەریم چایچی.

لە دوای نەوەی یەکەم ژمارەیەك قوتابی لەم قوتابخانەیەدا وەك نەوەی دووەم و سێیەم خوێندویانە، کە بریتی بوون لەم بەڕێزانە: مستەفای حامید بەگ، بورهان حامیـد بەگ، شێخ عارفی شێخ ئەحمەدی عەبـابەیلێی، (ع.ع. شـەونم)، شـێخ نـوری شـێخ ئەحـمەد، حەمەعەلی حەمەسەعید بەگی دەرەشـیش، سـەید کەریمـی حـاجی شـێخ حەمەئەمـین، شێخ مستەفا حاجی شێخ حەمەئەمین، محەمەد حەمەکەریم کوردسـتانی، ڕۆسـتەم بەگ (بـاوکی سـیروان و سـامان( مـامە عـومەری حـاجی فەرەج، مـام والـی حـاجی فەرەج، ڕەئوفی حەمەی ئەمین، مەحـمـود شـەریف (مەحـمـودی شـەفە هەلاج). سـاڵحی حـاجی سەعید (ساڵح بەزاز)، محەمەدی مەلا ئەمینی چایچی، فەرەج مەلا ئەمین، کەریم بەگـی داودبەگــی عەبــابەیلێ، فەرەجــی حــاجی حەمەعەلــی، ڕەئــوفی حــاجی حەمەعەلــی، حەمەڕەشید ئەحمەدی عەبابەیلێی، شێخ فاتیح شێخ ئەحـمەد عەبـابەیلێی، حەمەڕەشـیدی مەلا عەلی، عەبدوڵای مەلا عەلی برای، ئەحمەد مەحمود مام عەزیز، قادر مەحمود مام عەزیز، عەول قادر عەبدوڵا (مام عەول)، عەلی مەلا محەمەد، مەحـمـود بەگـی ئەحـمەد بەگی بابان، حیکمەت ئەحمەد بەگی بابان، عوسمانی کەریم عـارف، ئەکرەمـی حامیـد بەگی جاف، تۆفیقی وەستا محەمەدی نالبەند، مـحەمەدی مەلا کەریـم (کـوڕی نـاتیقی

←

شاعیر)، ڕەشیدی مەلا کەریمی برای، توفیقی حەمەی حەسەن (تۆپل)، عەلی حەمە کەریمی چایچی، شێخ عوسمانی شێخ عومەر (برای شێخ ئەنوەر و شێخ محەمەد) حەمەسەعید حسێن بانەیی، حەمەڕەشیدی حسێن بانەیی برای، تۆفیق خاڵۆ ئەوڕەحمان، واحید حسێن عەزیز، ماجید محەمەد مەحمود (ماجیدی حەمەی باول)، مەحمود بەگ ئەوڕەحمان ئەفەندی، کەریم بەگی ئەوڕەحمان فەنی برای،، ئەحمەدی مرادخان، فەرەجی مام عەبۆل، قادر ئەحمەد شیرین، تۆفیقی مارف، عەلی مارفی برای، مەلا مەحمودی کویخا مستەفا، محەمەدی کوێخا مستەفای برای، توفیقی حەمە برا،، حەمە ئەمینی مامە سەعیدی حاجی فەرەج، ساڵح شارەزووری، ساڵح هەژاری شاعیر، ساڵح مەلا محەمەد، عومەری مەلا محەمەد، سەید حەسەنی سەید محەمەدی نانەوا، سەید ئیراهیمی سەید عەلی، نەجیب حاجی ناجی، غەریبی حاجی ناجی برای، نوری حەمەی نانەوا، ئەحمەدی ڕەشیدە ئەفەندی، تۆفیقی مەلا محەمەدی باش کاتب، هۆگری مەحمود ئەحمەد (خولە درێژ)، نوری حەمەی مەحمود ئەفەندی، عەلی لەواش، ئەحمەد لەواش برای، ساجیدی حەمە عەلی دەلاك (ساجید ئاوارە)، عوسمانی حەمە خانی چایچی، محەمەد نوری حەلاو (دکتۆر محەمەد)، عەلی ئیسماعیلی قەساب، مەنسوری براخاس هاواری، ئەنوەر هاواری، ڕەشید عەبدولقادر (ڕەشیدی قالە چەتە)، عومەری خاڵۆ ئەحمەد، لەتیف حەمەی ڕەشید ئەفەندی، مەحمود حەمە ساڵح. محەمەدی شێخ کەریمی باخەوان، حەمە نەجم مەلا ئەحمەدی خانم.

نەوەی چوارەم و پێنجەم..

فوئادی ئەحمەد بەگی بابان (دکتۆر فوئاد)، نوری شێخ ئەحمەد شێخ ئەمین (دکتۆر نوری) شێخ ڕەئوفی شێخ ڕەشید (حاکم ڕەئوف کە دادگایی سەدام حسینی کردوو و بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەرکرد)، موعتەسەم شێخ ڕەشید، نەوڕەز شێح ڕەشید، حەمە ئەمینی ئەحمەد بەگی حەمەساڵح بەگ (ماوەیەك باڵوێز بوو لە چین و یابان)، حەمەسەعیدی حاجی ئەمینی فاتێ، حەمەئەمینی مستەفا مەریوانی، عارفی حاجی فەرەج، ئەنوەری محەمەد مەحمود (ئەنوەری حەمەی باول)، عومەری حاجی حەمەئەمینی مەریەم، عەبدوڵای مەلا فەرەج، ساڵحی زۆراب، نوری حیلمی شاعیر، حەمەسەعیدی زۆراب، سدیقی شێخ ئەتمەد عەبابەیلێی، عەباس ئەمینی عەدە، غەریبی غوڵام، حەمەی عەدە، عەبدوڵای سەعید جەواهێر، عومەری سەعید جەواهێر، ڕەئوفی ئەحمەدی بارام، عەبدوڵا محەمەد ئەمین (عەبە سوور)، علی حسێن بانەیی، حەمەسەعید حاجی ئەحمەد، عوسمانی خاڵۆ ئەحمەد، ئەحمەدی نوری حەلاو، مەهدی غەفور شەریف، ئازادی حەمدی، عەلی مستەفا مەریوانی، مەهدی مەلا فەرەج، ئیبراهیم سۆفی مەحمود، کەمالی شێخ حەمە ساڵح، دارا زۆراب، کەمالی عەلی دیجلە، عوسمانی حەمەی هەژە، عەبدوڵا حاجی عەزیز، بەکر حاجی سەفەر، مستەفا ئەحمەد شیرین، فاروق مەلا محەمەد باش کاتب، محەمەدی حەمە ساڵح عەبابەیلێی، تۆفیق عەبدولکەریم، ئەحمەدی عەلی جەواز، عبدولڕەحمانی حاجی شەریف، مەحمود عەلی کۆکۆیی، کەمالی خۆنچە فەیلی، جەمالی خونچە فەیلی برای، تۆفیقی حاجی ئیبراهیمی قەساب، عارف ئەحمەدی باول، حەمدی هاواری، نەوزادی ساڵح ڕەفعەت (دکتۆر نەوزاد)، ڕەئوفی ئەولمحەمەدی

←

ئەحمەدی عەبابیلێی، وشیاری ئەحمەد بەگی حەمە ساڵح بەگ، حەمیدی حسێن عەزیز، غەریبی حەمە ئەمین حەمە، خالیدی حاجی فەرەجی زەڕە، محەمەد کوێخا کەریم کۆکۆیی، داود عەبدوڵا گورگەیی، مەلا ڕئوفی دەروێش تۆفیق، دارای عەزیز ئۆتۆمبێلچی، ڕەئوف ڕەحیم، ئەحمەد ڕەشید کۆکۆی، مستەفا عەلی کۆکۆیی (دکتۆر مستەفا)، سەلاحی حیلمی شاعیر، سەباحی ئەوڕەحمان بارچاوەش، کەمالی مەلا قادر، جەمالی مەلا قادر، ئەمینی حاجی حەمە کەریم گێڵدەرەیی، جەمالی حەمە فەقیانە، عەبدولی حسێنی نانەوا، کەمالی مەلا کەریم، جەمالی مەلا کەریمی برای، ڕەئوفی حاجی سەعید، سەباحی حەمە سەعید بەگی دەرەشیش. حەمەی حاجی عەلی حەنیف، نوری خورشە، کەمال عارف (برینپێچ)، وشیاری ئەحمەد بەگی حەمە ساڵح بەگ، هیوا مەحمود ئەحمەد (هیوای خولە درێژ)، فاروقی ئەحمەد موقەلیب، هیوای سەید ئەحمەد، شێخ سلێمانی حاجی شێخ حەمە ئەمین، سەید تەهای حاجی شێخ حەمە ئەمین، بەکر حسێن حەوتە، حامید مەلا محەمەد، حەمەی حەمە تایەر بەگ، ئەکرەم ئەحمەد بارام

نەوەی شەشەم و حەوتەم:

تاهیر حەمە عەلی عەبابەیلێی، جەمالی حسێن عەزیز، فایەق سەعید ئەفەندی ئامۆزای، ساڵح ئیبراهیم ڕەزا، مەحمودی حەمەی حەسەن موانی، ئازاد شێخ حەمە ئەمین کاردۆخی (دکتۆر ئازاد) چیای عەباس بەگ (دکتۆر چیا)، فریای عەبدوڵا بەگ، ئەنوەری کەریم عارف، حەمە ئەمینی حاجی فەرەجی زەڕە، نەبەزی ئەحمەد بەگی حەمە ساڵح بەگ، فەرەیدون جوانڕۆیی، حەمە ئەمینی حاجی تۆفیقی ماینجان، عوسمانی حسێن بانەیی، شەوکەتی ئەحمەدی بارام، ڕەحیم عبدولڕەمانی نەسرین، وشیاری عەلی حاجی فەرەج، عەلی عەینا، ئەحمەدی سۆفی مەحمود، کامەران عارف حاجی فەرەج، هیوا حیلمی شاعیر، عەلی حسین دۆڵەمەڕی، عەباس مام عەلی، حەمەسەعید مەلا محەمەد، مەحمودی حاجی عینایەت، کەمال حەمە ساڵح لولو، حەبیب عەبدوڵا گورگەیی، حەمە خالیدی حسێن بانەیی، حەمە عەلی حەمە مراد، مەهدی مەلا عەلی، محەمەد عبدوڵا دۆڵەمەڕی، کەمال والی حاجی فەرەج، ساڵح کوێخا مستەفا، عەبدولی حاجی محەمەد جاسوس، نوری حەمەی ڕەحمە، عەزیز ئەڵاکەرەم، سەیفەدینی سەید محەمەدی نانەوا، ئەحمەدی حاجی فەتاح لیرە، دڵشادی مەلا محەمەدی باش کاتب، وەهبی غەفور شەریف، ڕەزای حاجی شێخ فەرەج، هاواری نوری حەلاو، وشیاری نوری حەلاوی برای، وشیاری ئەحمەدی مەنیج، تۆفیق حاجی حەمە کەریم گێڵدەرەیی، عەبدولکریم حاجی ئەحمەد قەدەفەری، نەوازدی حەمەی نانەوا، نەوزادی عەبدوڵا ئیسماعیل ئەفەندی، فەیرۆز حەسەن عەزیز، حەمە فەرەج ئەحمەد مراد، مەحمود عبدولڕەحمان (کاك شێخ عەلی) نەجیمی سۆفی گیلاخە، عومەری عەبدوڵا شانخوار، جەمال ڕەشید عەزیز، جەلالی ڕەشید عەزیزی برای، کەمالی ڕەشید عەزیزی برایان، عومەری حەمە موراد، ئەنوەری حاجی حەمەکەریم کوردستانی، عوسمانی حاجی حەمەکەریم کوردستانی برای، عوسمانی سەعید جەواهیر، قادری سۆفی سەعید، نوری سۆفی غەفور، مەلا عەبدول، محەمەدی حەمەساڵحی باخەوان، غەریبی حەمەی حەمە سەلیم، نوری شێخ حەمە عوسمان،

←

بۆ هاوکاری خۆی.

---

محەمەد شێخ ساحێب، ناسیح شێخ ئەولقادر، فوئادی شێخ ئەولقادری برای، وشیاری مەحمود ئەحمەد (وشیاری خولە درێژ)، عارف حەمەئەمین ئەحمەد، ڕەئوفی حاجی فەرەجی زەڕە، محەمەد حەمە کەریمی مزگەر، سالم حاجی سەعید، فوئادی عومەری پولیس، لەتیفی حەمە مینە لوتە، ئەنوەر شێخ مستەفا، عەلی حەمە ڕەشیدی خالان، نوری مەلا محەمەدی خەرامان، نوری مەلا حەسەن، شەوکەتی ئەحمەدی بارام، سابیری حەمە مینی بارام، کەمالی مستەفای بارام (کەمالی ناهی هاواری)، وریای براخاس هاواری، ئازادی ساڵح ڕەفعەت، وشیاری ساڵح ڕەفعەت، شێرکۆی فازیلی وەستا سادق. تەیمور مەلا محەمەد باش کاتب، ئیبراهیم حاجی مەولود، نامیق سەعید ئەفەندی، شێخ سدیق شێخ عوسمان، وشیاری ئەحمەدی مەنیج، غەریبی شێخ ئەحمەدی عەبابەیلێی، عەلی حەمە فەقیانە، فایەق وەستا محەمەدی ناڵبەند، فایەقی حەمە ئەمین حەمە، فایەق سەعید عەلی، عەلی خولە قەیسی، غازی مەلا عەلی، فەرەجی حەمە ساڵح، ئیسماعیلی حاجی مەولود، ئەمین ئەحمەد (ئەمین سەپان)، جەمالی شێخ کازم، ،بورهان عبدولڕەحمان بارچاوەش، شێخ ئەنوەری شێخ ئەحمەد شێخ قادر، حەمە عەلی حاجی حەمە شەریف، نەجمەدین حەمە فەرەجی کوێخا، حسێن حاجی ئەولقادر خوادا، حامید مەحمودی ئاسنگەر (دکتۆر حامید)، باقی حاجی قادری شبر، باقی حەمە سەعیدی ئەحلێ، حیکمەتی حەمە ڕشید ئەفەندی، حیکمەتی حاجی حەمە عەزیز، شەوکەت حەمە ڕەشید ئەفەندی برای، عومەری حەمە کەریمی چایچی، ساڵح حاجی عەزیز، جەمال حەمە فەرەج کوێخا، محەمەد مستەفا ئەحمەد، نەجمەدین ئەحمەد محەمەد، عومەر حەمە ئەمین عەنەبی، وشیار هیوا سەید ئەحمەد، ئازاد محەمەد نانەوا، ئاسۆ عیزەت.

ئەو کارگوزارە بەڕێزانەی لە سەردەمە جیاجیاکاندا خزمەتیانکردووە، بریتین لە : مامە کاکی، محەمەد ئەمین، حەمە پاشا هاوسەر باجی خاوەری کارگوزار، مام نادر.

لە ئێستادا ئەم قوتابخانە و خوێندنگایانە لە ناو شاری هەڵەبجەدا هەن :

قۆناغی ١ ـ ٦

برهان، بزاڤ، بانە، بامۆك، بەمۆ، پێشکەوتن، حمدون، عەدیلەخانم، سەلام، صلاح الدین، شارێ، شارەزوور، شنروێ، شەپۆل، شۆڕشی نوێ، شەهیدانی خێڵی حەمە، شێخ حەمە ئەمین، شاهۆ، مۆردانە ،...

قۆناغی ٩ -٧

ئالان، ئاینده، دەرسیم، ڕەهەند، حسن ئاوا، چوار چرا، کاردۆخی، کانی عاشقان، گۆران، سازگار، شارۆ، شەن، شەهید ئەنوەر، شەهید ئازاد، مشخەڵان، نێرگز ، سەردەشت.

باخچەکان: هەڵەبجە، شەونم، شەن، بینای، پەریان، لەندی، باخی میر، سایەی نا حکومی، هەناوی نا حکومی. . سەرچاوە/ محەمەد غەفور شەریف هەڵەبجەیی، تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك، ٢٠١٩/١١/١٦

*** کاتێ قوتابخانەی (پەڕۆ) ت لە هەڵەبجە بەجێهێشت و هاتیتەوە بۆ تەپی سەفا، چیت کرد، دەستت کردەوە بە خوێندن، یان هەر یارمەتی باوکت ئەدا؟**

- بەڵێ لە ساڵی ١٩٤٨ جارێکی تر لەلای مامۆستا مەلا مەعروف سلێمانو مامۆستا مەلا ئەحمەدی کۆڵەسار کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو - ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی کۆماری مهاباد بوو بەهۆی بارودۆخی سیاسی ئێرانو ڕووخانی کۆماری مهابادەوە بەنهێنی ڕووی لە عێراق و باشووری کوردستان کردبوو، بەناوی فەقێیەتیەوە لەگوندی تەپی سەفا مابوویەوە- لەلای هەردووکیان دەستم کردەوە بە خوێندن و کتێبەکانی (بۆستان، پەندنامەی عەتار)ی سەعدی شیرازی و چەند کتێبێکی تری عەرەبی و مێژوویيم خوێند و بەهۆی ئەوەش زاکیرەم باش بوو (گوڵستانو بۆستانی) سەعدی شیرازی و چەند کتێبیکی ترم لەبەر کردن و لە ئەنجامدا شارەزاییەکەم لە زمانی عەرەبی و فارسیدا گەشتە ئاستێکی زۆر باش.

*** ئەی دواتر پەیوەندیت کرد بە هیچ مەدرەسەیەکی تری شەرعییەوە لە شوێن و جێگاکانی تری کوردستان، یان هەر ئەوەت بەس بوو کە لە تەپی سەفا خوێندبووت؟**

- لەبەرئەوەی باوکم پیاوێکی خانەدان و خاوەن دیوەخان بوو، وە ڕۆژانە ئەرکێکی زۆریان لەسەر بوو، وە بۆ بەڕێکردنی میوانەکانمان و بۆ مەبەستی بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی دیوەخانەکەی ڕێگەی نەدا کە لێی دوور بکەومەوە و لە مەدرەسە شەرعیەکانی ناوچەکانی تری کوردستاندا درێژە بەخوێندن بدەم و بەدوای زانستی شەرعیدا بگەڕێم، هەربۆیە بەوەندە ڕازی بووم و وازم لە خوێندن هێنا.

## باسی مەلا ئەحمەدی کۆڵەسار

*** باســی مەلا ئەحــمەد ناوێکــت دەکــرد کە لە ڕۆژهەڵاتــی کوردستانەوە هاتووەتە گونـدی تەپـی سـەفا، ئەنـدامی دەسـتەی سەرۆکایەتی کۆماری مهاباد بـووە، ئەو زاتە کـێ بـوو، بـۆچی لەوێ مایەوە و دواتر چی بەسەر هات؟**

- مەلا ئەحمەدی کۆڵەسار زانایەکی ئایینی زۆر زیرەك و بلیمەت بـوو، لە مامۆسـتا مەلا مـارف زیرەکتـر بـوو، ئەنـدامی دەسـتەی سـەرۆکایەتی کۆماری مهاباد بوو، کاتێ کۆمار لە١٥ی کـانونی یەکەمـی سـاڵی ١٩٤٦دا ڕوخا و قازی و یاوەرانی دەستگیرکران، مەلا ئەحمەد وەکـو زۆرێـك لەو بەرپـرس و شۆڕشـگێرانەی ئەو کـاتەی ڕۆژهەڵات هەڵـدێت و لە مەرزی دارەشـمانەوە خـۆی دەکـات بە عێراقـدا. لە پێشـدا دێـتە شـاری قەڵادزێ، لەوێشەوە بەناوی فەقێیەتییەوە جامانەیەك دەخاتە بن دەستی و گوند بەگوند دەگەڕێت، تا لە کۆتاییدا دەگاتە گوندی تەپی سەفا.

حوجرەی تەپی سەفا لەو کاتەدا ئەو هات، چوار پێـنج قوتـابی هەبـوو لای مامۆسـتا مەلا مـارف دەیانخوێنـد، منـیش یەکێـك بـووم لەوانە. مەلا ئەحـمەد لەوێ بە قوتـابی قبـوڵ کـرا، دواتـر لەگەڵ مامۆسـتا مەلا مارفـدا پەیوەندی نێوانیان زۆر خۆش بـوو، تـا ئەو کـاتەی کە لەسـەر یەك بەیـت هۆنراوەی شێخی سەعدی بـوو بە مشـتومڕیان، ڕای مەلا ئەحـمەد بەهێزتـر بوو لە بۆچـوونی مامۆسـتا مەلا مـارف، دوای ئەوە کەمـێ ساردی کەوتە نێوانیان.

من چونکە هەردوکیانم خۆش ئەویست، پێم ناخۆش بوو ئەو مشتومڕە لەسەر ئەو بەیـتە شـیعرە نێوانیـان ئـاڵۆز بکـات. کـاتێ ویسـتیان مەسـەلەکە یەکلایـی بـکەنەوە، مامۆسـتا مەلا مـارف وتـی: ئـادەی تـایەر خێـرا بچـۆ قاموسـەکەم بـۆ بێـنە، ئەو کـاتە ماڵیـان لە بەشـێکی مـاڵەکەی کـاك

حەمەفەرەجی پۆلیسدا بوو، خێرا ڕۆشتم خۆم کرد بەماڵیاندا و قاموسەکەم دەرکرد، تا گەیشتمەوە بە مزگەوت ئەو وشەی ئەوان ویستیان دۆزیمەوەو دەستم خستە نێو لاپەڕەکەی، بۆ ئەوەی لێم ون نەبێت. وتم ئا ئەوەتا دۆزیومەتەوە، کاتێ تەماشایان کرد بینییان بۆچوونەکەی مامۆستا مەلا ئەحمەد تەواوە، ئیتر بەو شێوەیە ساردوسڕی کەوتە نێوانیان. هەر بۆیە باش نییە غروری زانستیی کەس بشکێنیت و بە کەمی وەربگریت، چونکە پاشتر سەردەکێشێت بۆ ڕقەبەرایەتی و حەسوودی و پەڵپ و بیانوو لە یەک گرتن.

مەلا ئەحمەد بۆ ئەوەی کەس شکی لێ نەکات، خۆی کردبوو بە قوتابی مامۆستا مەلا مارفو دەرسی لەلا دەخوێند، ئەگەر بیوتایە مەلامو خوێندنم تەواو کردووە، ئەو کاتە ئەیانوت تۆ چی دەکەیت لەم گوندەدا کە خۆی مەلای هەیەو خەریکی چیت؟ دیارە بەو شێوەیە نەیدەتوانی لە تەپی سەفا بمێنێتەوە، ناچار خۆی کردبوو بە فەقێ.

کاتێ ئەو لەتەپی سەفا بوو، ڕاپۆرت دەدرا بە کاربەدەستانی خورماڵ و هەڵەبجە کە ئێرانییەك لە گوندی تەپی سەفایە و قاچاخە، مەئمورانی دەوڵەت لەبەر باوکم و مامەم چاوپۆشییان لەوە دەکرد بێن و بیگرن، چونکە کەسیان نەبوو چاولەبەری ئەو هەموو دیاری و سەوقاتەی بنەماڵەی ئێمە نەبێت لە گەنم و چەڵتوك، کە پێیان دەدرا و لە دیوەخان داوەت دەکران، بەڵام لە کاتی ئاڵوگۆڕی مەئمورەکاندا ترسمان هەبوو بگیرێت.

زەوی لە سوڕانی خۆی بەردەوام بوو، ڕۆژێکی وەرزی هاوین دنیا زۆر گەرم بوو لەگەڵ مەلا ئەحمەد ڕۆشتین بۆ (کانی شێخ عوسمان) کە لە باکوری ڕۆژهەڵاتی گوندی تەپی سەفاوە بوو، شوێنێکی فێنكو سازگارە، لەوێ خۆمان فێنك کردەوە، من هەرچەندە لاو بووم، بەڵام حەزم بە شیعر دەکرد، مەلا ئەحمەد کەوتە باسی شیعر و ئەدەبی فارسی، کە خۆی پسپۆڕی ئەو بوارە بوو، هەندێ لە هۆنراوەکانی سەعدی شیرازی بۆ خوێندمەوە و لە گەڵیدا ڕاڤەی دەکرد، لە نێو کەشێکی ڕۆحی و عیرفانی زۆر خۆشدا بووین، دەنگی مەل و کۆتر و ڕیشۆڵە و خوڕەی

ئـاوی چەم و کـانی و شـنەی شـەماڵ و لەریـنەوەی گەڵای درەختەکـان، هێندەی تر دیمەنەکەی خۆشتر و جوانتر کردبـوو. دنیـا کـش و مـات بـێ دەنگ بـوو، کـاتیش لەوە نزیـك بـوویەوە کە مەلا ئەحـمەد پـێش بـانگی نیـوەڕۆ بێـتەوە و لە پـێش نـوێژی نیـوەڕۆدا لە مـزگەوت سـەرخەوێك بشکێنێت، هەموو جار ئەیوت مەڵا خەوی قەیلولە باشـترین و بە سـودترین خەوە، چارەکە کاتژمێرێـك لەو خەوە بەرامـبەر دوو کـاتژمێر خەوی شـەو زیاتر بەسودە.

نزیکی ئـاوایی بـووینەوە، گوێمـان لە دەنـگ و حـیلەی شەسـپ بـوو، حیلەیان دەهات، زڵەیەکیش لە ناو دێدا دروست بوو بوو، کاتێك زانیمـان مەفرەزەی پۆلیسە و حاتەی ئاواییان داوە.

لەگەڵ مەلا ئەحمەددا بەرەو مزگەوت هاتینەوە، پۆلیسـەکانیش لەگەڵ ئـێمەدا هـاتنە مـزگەوت، معـاونی پـۆلیس دابەزی و پۆلیسـەکانی حاتەیـان دابوو، هاتنە ناو مزگەوتەوە، لە مەلا ئەحمەدیان پرسی تـۆ کێیـت و نـاوت چیـیە؟ ئەویـش وتـی نـاوم ئەحـمەدە و فەقـێم و لێـرە دەخـوێنم. یەکسـەر قۆڵبەستیان کرد و لەگەڵ خۆیان بردیان.

تـا کەسـوکار چـوونە هەڵەبـجە و ویسـتیان سـۆراخی بـکەن ئەو لەوێ نەمابوو، دەست بەدەست تا نوگرەسەلمانی باشوری عێراق نەیانوەستاندبوو.

## * ئەی چـۆن هەواڵـی مەلا ئەحمەدتـان زانـی کە گەیشـتووەتە نوگرە سەلمان؟

- ئێمە هیچ هەواڵێکیمان نەزانی کە بەرەو نوگرەسـەلمان بـراوە، وتمـان لەوانەیە ڕادەستی ئێران کرابێتەوە، تا ئەوەی دوای زیـاتر لە شـەش مانـگ سـەری هەڵـدایەوە، شـەوێکیان خـۆی کـردەوە بە ماڵـدا، کـاتێ بینیمـانەوە دەموچاوی هەموو برین بوو، ئاو و هەوای باشـوری پـێ نەکەوتبـوو، دیـار بوو جێگای بەندبوونەکەی هیچ مەرجێکی تەندروستی تێدا نەبووە.

## * ئەی ئێوە لێتان پرسی چۆن ڕزگاری بووەو ئازاد کراوە؟

- یاخوا بێ قەزا بیت، ئازادکردنی چی! گێرایەوە وتی: کاتێ لێکۆڵینەوەیان لێ کردم، وتم من کابرایەکی ئێرانیم و بۆ مەبەستی خوێندن هاتوومەتە عێراق، بە تۆمەتی سنورشکاندن و پەیوەندی کردن بە حیزبی تودەوە ئەو ماوەیە دەستبەسەر کرام و دواتر بڕیار درا لەگەڵ چەند ئێرانییەکی تردا کە ئەوانیش سنوریان بەزاندبوو، ڕادەستی ئێرانمان بکەنەوە.

گێڕایەوە وتی: ئۆتۆمبێلی قەفەسیان بۆ هێناین، سواریان کردین، هاتینە شاری بەغداو لەوێشەوە بەرەو مەرزی مونزیرییە  کە نزیکە لە قۆرەتوو  و خانەقینەوە کەوتینەڕێ ، من بە حوکمی مەلایەتییەکەم لە پێشەوە سواریان کردم لەتەنیشتی معاوندا کە کابرایەکی کوردبوو، لە ڕێگادا کەوتمە خەیاڵی ئەوەی کە ئێستا لە سنوور ڕادەست دەکرێمەوە و ڕژێمی پاشایەتی ئێرانیش لەسێدارەم دەدەن، یەکە یەکە مناڵەکانم دەهاتنەوە پێش چاو کە بۆ مەرگی باوکیان پەرۆشن و بە کوڵ بۆی دەگرین، ئەوە چەند ساڵێکیشە دیارو قیامەت کەوتووین و یەکترمان نەبینیوەتەوە، بۆ حاڵی ئەوان و خۆشم ئاگر لە هەناوم بەربوو، فرمێسکی بەخوڕ لە چاوەکانم هاتە خوارەوە.

کاتێ معاون ئەمەی بینی هۆکاری ئەو فرمێسکانەی لێ پرسیم منیش لەدڵی خۆمدا وتم شەرتبێ هەموو ڕاستییەکانی بۆ بگێڕمەوە. وتم جەنابی معاون من کابرایەکی ئایینی و لەهەمان کاتدا لە سیاسییەکانی کۆماری لەباربراوی مهابادم، پێستەکەشم لەلای ساواك پارە دەکات، وەڵا هەر ئەوەندە پێ بخەمە ئەودیوی سنوور سێدارە چاوەڕوانمە، تکا دەکەم ڕادەستم مەکە.

معاون بۆ ماوەیەك بێ دەنگ بوو، دواتر وتی مەترسە ڕادەستی ئێرانت ناکەم، کاتێ دەگەینە سنور و لەوکاتەی زیندانییەکان دادەبەزن، تۆ دەست ببە بۆ بەنەخوێنەکەت و بلێ دەست بە ئاو دەگەیەنم، لەوێ جۆگەیەکەی

کەمێك قوڵ هەیە، خۆت کوورِ بکەیتەوە دەتشارێتەوە، مەوەستە و خێرا هەڵبێ، ئێمەش دەست دەکەین بە تەقەکردن لێت، ئێرانییەکانیش هەر تەقەت لێ دەکەن، دەستوبردبە و نەوەستیت، تا لەچاو ون دەبیت.

ئا بەم شێوەیە معاون نەخشەی هەڵاتنی بۆ دەکێشێت و مەلا ئەحمەد رادەکات و لە سنوور دوور دەکەوێتەوە، کاتێ نزیك دەبێتەوە لە ئاوەدانی، وابزانم ئەو شوێنە قورەتوو بووە، ناوێرێت بچێتە ناوی، رِوو دەکاتە چۆڵەوانی و زۆریشی برسی و تینوو بووە، لە دوورەوە باریکە دوکەڵێك دەبینێت بەرەو رِووی دەرِوات، دەزانێ شوانێکە خەریکی چا لێنانە، سەلامی لێ دەکات و دەڵێت کاکی شوان خوای گەورە قوەتت بدات، شوان وەڵامی دەداتەوە و دەبینێت وا کەوا و سەڵتەی لەبەردایە دەڵێت: مامۆستا گیان عەلەیکە سەلام سەرچاوم فەرموو دابنیشە، چام لێناوە و دووان لە مەرِەکانیشم زاون، کەرِە (فرۆ)م دروست کردووە نانیشم پێیە، نانێکی شوانانە پێکەوە دەخۆین.

وتی: شوانەکە لەپێشدا رِۆشت لە پشتی گوێدرێژەکەی جەوەندەیەکی دەرهێنا ئاوی تێدابوو، تێر ئاوم خواردەوە، دواتر تێر بەسکی خۆم نان و چاو فرۆم خوارد، بەوەش هۆشم هاتەوە بەر. پێم وت لەکوێوە بەرەو کەلار برِۆم؟ وتی بۆچی لە ئاوەدانییەوە ناچیت، وتم هێندەم نەماوە خوێندنەکەم تەواو بکەم و موالیدەکەم گیراوە بەسەربازی ئەترسم مەفرەزەیەکی حەیتە بمگرن، بۆیە بەم دەشت و دۆڵانەدا بە تاقەت دەرِۆم.

کاتێ خواحافیزیم لێ کرد و دوور کەوتمەوە، لە دواوە بانگی کردم، هۆ مامۆستا.. مامۆستا، بوێسە مەرِۆ، وتم خوایە خێربێت، بۆچی بانگم دەکات؟ بەرِاکردن هات و خۆی گەیاند پێم، وتی مامۆستا بەخوا بیرم چوو پێت بڵێم، دایکم ئەو چوار پەنجاییەی کردووە بەخێر، بیرم کردەوە بۆ تۆ باشە دەخوێنیت و پێویستت بە پارە هەیە، فەرموو قبوڵی بکە و لێم وەربگرە.

منیش زۆر موحتاج بووم، تەنها پەنجا فلس سەرووەتم بوو، بەم چوار

پەنجایی شوانەکەوە دەبووم بە خاوەنی ڕوبعە دینارێك، پارەم وەرگـرت و سەرم بەرزکردەوە بۆ ئاسمان، وتم خوایە لەتۆ بەزیاد بێت. هاتم هاتم هەتا خۆرئاوا بوو گەیشتم بە گوندێك، سەرەتا چوومە مزگەوتەکەیـان، چـونکە کاتی بانگی شێوان بوو، مزگەوت چۆڵ بوو، منیش بانگێکم بەدەنگی بەرز دا، چەند کەسێك لەناو ماڵەکانی ئاواییەوە هاتن و بەرنوێژیم بۆ کردن.

دواتر کەسێکیان بردمیەوە بۆ ماڵی خۆیان، هەرچەند کـاتیش درەنـگ بـوو بەڵام مریشـکێکی کـوردی دا بەزەویـدا و سـەری بـڕی، وتـی تـا پێدەگات، دەمەتەقەی خۆمان دەکەین.

بەڵێ ئەو ئێوارەیەش لەوێ تێر بووم و وردە وردە کەوتمە بوژانەوە، لە دڵی خۆمدا وتم ئەم ئێوارەش بە باشی گوزەشت، خوا کەریمە بۆ سبەینێ. ئەو شەوە خەوێکی خۆش لێی خەوتم هەرچی ئازاری جومگەکانم هەبوو ڕەوییەوە، بۆ سپێدە دوای بەرچایی خواردن، ویستم هەستم و خواحـافیزی بکەم، خاوەن ماڵ وتی: مامۆستا من لە زەکاتی مـاڵەکەم دوو دینـارم مـاوە نەمـداوە بە کەس، بـڕوام وایە بـۆ تـۆ باشـە وەری بگریـت، چـونکە کاروکاسـپیت نـیـە و خەریکـی خوێنـدن و مەلایەتیـت، منـیش پـارەکەم وەرگرت و دوعای خێرم بۆ کردن. وا شوکر بووم بە خـاوەنی دوو دینـار و ڕوبعێـك، ڕاسـتە سـەری بـێ ڕۆزی لەژێـر خاکـدایە، لەدوای هەمـوو ناخۆشییەك خۆشی و فەرحانی هەیە.

هاتم، هاتم هەتا گەشـتمە نـاوچەی نەورۆڵـی و چەمـی سیروان، لەوێ قەیـاغ وەسـتابوو خەڵکیـان بە پـارە ئەمـبەر و ئەوبەر پـێ دەکـرد، وتـم بە کابرای قەیاغ بە چەند ئەمکەیتە ئەوبەرەوە؟ وتی: بە سێ پەنجایی، وتم من مەلام و هیچ سەرچاوەیەکی کاسپیم نییە، خێر بکەو بمکە ئەوبەرەوە، وتی: تۆ جارێ وەرە با نانێك پێکەوە بخۆین، دواتر خوا کەریمە، ئەوەبوو نانمان پێکەوە خوارد و جارێکی تر ئەحیا بوومەوە.

دواتـر پەڕانـدمییەوە بەرەو نـاوچەی نەورۆڵـی و هـیچ پـارەی لـێ وەرنەگرتم، وتیشی نیو دیناری خێرم پێیە بـاوکم کردوومـی بە وەکیـل تـا

بیدەم بە کەسێك ئەوا با بۆ جەنابی مامۆستا بێت. وتم خوا زیادی بکات و خێرتان لێ قبوڵ بکات، پارەم خستە گیرفانی کەواکەم و بووم بە خاوەنی سێ دینار ڕوبعێك کەم.

مەلا ئەحمەد دواتر دەکەوێتەڕێ، ئەدات بەلای گوندی بەکراوا و بەشارەتدا، ناوێرێت لەهیچ کامیان لابدات، هەرچەندە ماوەیەکیش لەمانگی ڕەمەزاندا حاجی حەمەسەعید بانگی کردووە بۆ گوندی بەشارەتی سەروو تا بەرنوێژی و ئامۆژگاری خەڵکەکە بکات، بەڵام هەر نەیوێرابوو لەوێش لابدات. ئەوەندەم زانی دوای عیشا، کاتی خەوتن بوو، تەقە درا لە دەرگا دوو تاکییەکەی لاماڵ، چووم بیکەمەوە وتم کێیت؟ وتی مەلا بیکەرەوە، کاتێ گوێم لە دەنگی بوو خۆم نەگرت دەستم کرد بە گریان، دەرگام لادا وتی مەلا گیان ماچم مەکە دەم وچاوم بووە بە زەخم، باوکم و میمکە ڕەعنام هەستان و کەوتنە گریان بەسەر یەکدا، تا نیوەشەو باس و بەسەرهاتی خۆی بۆ گێڕاینەوە.

پێشتر کاتێ کە ئەویان گرت، جل و بەرگ و کتێبەکانیم هێنابووەوە بۆ ماڵەوە، میمکە ڕەعنا جلەکانی بۆ شۆردبوو پاك و تەمیز لە سندوقدا بۆی هەڵگرتبوو، وتمان هەستە جارێ ئاوێك بکە بەخۆتدا و خۆت بگۆڕە دواتر بخەوە، بەو شێوەیە مەلا ئەحمەد سەری هەڵدایەوە، ئەم باس و بەسەرهاتە ساڵی ١٩٤٩ی زایینی بوو.

*** ئەی دواتر لە گوندی تەپی سەفا مایەوە یان ڕۆشت بۆ جێگایەکی تر، چی بەسەرهات؟**

- دوای دوو سێ ڕۆژ باوکم و مامەم ویستیان بکەونەڕێ بۆ بیارە بۆلای حەزرەتی شێخ عەلائەدین، بۆ ئەوەی لە لای شای ئێران تکا بۆ مەلا ئەحمەد بکات و لێبوردنی بۆ دەربکەن و بڕواتەوە بۆ زێدی خۆی.

لالە حەمەی خەزوورەشم وتی وەڵا عوسمان منیش دێم، چونکە مەلا ئەحمەد ماوەیەکیش مەلای گوندی شەکرالی بوو، خەزوورەم زۆری خوش ئەویست، هەموو جار ئەیوت ئاخ خۆزگە بمزانیایە چ سەگبابێك

ڕاپۆرتی داوە لە مەلا ئەحمەد وا بەو شێوە سەرنگومیان کرد! زۆری پێ ناخۆش بوو ئا بەو شێوەیە گیرا بوو، ئەیوت وەڵا ئێمە زۆر دەستەپارچەین ناتوانین شتێکی بۆ بکەین، لالە حەمە وتی منیش پێم خۆشە بێم بۆ خزمەتی شێخ عەلائەدین.

ئەوەبوو سێ قۆڵی کەوتنەڕێ، چوون بۆ خزمەتی حەزرەتی شێخ، لەوێ بارودۆخی مەلا ئەحمەدیان بە درێژی بۆ گێرابوویەوە، حەزرەتی شێخیش لەبەر ئەوەی کەسایەتییەکی ئایینی دیاری هەردوو دیوی عێراق و ئێران بوو، خاوەن مورید و مەنسوبێکی زۆر بوو، کاغەزی بۆ هەرکەس بناردایە حورمەتی لێ دەگیرا و داواکارییان جێ بەجێ دەکرد.

بەڵێ شێخ عەلائەدین فیردەوس جێگای بێت، زۆری پێ خۆش بوو تکای بۆ بکات، مەلا ئەحمەدی کەیمنەیی بانگ کرد، ئەویش پەیوەندی کرد بە مەلای پاوەوە و لەوێشەوە بۆ سەرووتر، نامەی شێخیان گەیاند بە دەستی شای ئێران، کە تیایدا نوسیبووی: ئەم پیاوە کوڕی منە و دەبێ فەرمانی لێخۆشبوونی بۆ دەربکەیت.

دوای ئەوەی شاهەنشا نامەکە دەبینێت، زۆر ڕێز و حورمەتی لێ دەگرێت و ئەڵێت مادەم نامەی شێخ عەلائەدینە، ئەو پیاوەی ئەو تکای بۆ دەکات هەرچی بێت و هەرچی کردبێت من لێی خۆش دەبم، کوڕەکەی خۆشمی کوشتبێت لێی دەبوورم، با بەسەربەستی بێتەوە بۆ وڵاتی خۆی، وە پلە و پۆستیشی پێ دەدەم.

بەڵێ بەو شێوەیە شای ئێران لە مەلا ئەحمەدی کۆڵەسار خۆش بوو، فەرمانی لێبووردنی بۆ دەرکرد، گەڕایەوە بۆ ئێران و ڕۆشتە شاری تاران.

دوای ئەوەی لە وڵاتدا سەربەست بوو، پۆستی بەڕێوەبەرایەتی مەعاریفی تارانی وەرگرتبوو، ژن و مناڵەکانی بردبووە ئەوێ.

*** دوای ئەوەی مەلا ئەحمەد گەڕایەوە بۆ ئێران، هیچ پەیوەندییەکی پێوە کردن، یان ئێوە چۆن هەواڵیتان زانی کە لە**

## تارانەو پۆستی وەرگرتووە؟

- ئـێمە هـیچ هەواڵێکـی ئەومـان نەزانـی تـا ئەو کـاتەی شۆڕشـی عەبدولکەریم قاسم لە ساڵی ١٩٥٨ لە عێراق ڕوویدا و حـوکمی پاشـایەتی ڕووخا، نـامەیەکی نـاردبوو بـۆ هەڵەبـجە بگـات بە دەستی غەریبی حەمە ڕەفعەت، لەوێشەوە بگات بە دەستی من.

غەریب دوکاندار بوو لەوێ، ئێمە شـەکر و چـا و وشـکەمان لای ئەو دەکڕی، ئەویش نامەکەی دابوو بە کـاك ئەحـمەدی حەمەی عەزیـز تەپـی سەفایی، باوکی عـومەر و عوسـمان، بیگەیەنێـت بەدەسـتی مـن. نـامەکە بە فارسی نوسرابوو ژمارەیەك پولی پێوە بـوو، کـاك غەریـب هەڵـی نەپچـڕی بوو، وەکو خۆی بە داخراوی گەیشتە دەستم.

کاتێ نامەکەم کردەوە دوای ڕێز و سڵاو و دەست ماچکردنی بـاوك و مامە و کەسوکار نوسیبووی:

*" ئای مەلا، تۆبڵێی ڕۆژێك ئێوە ڕێگاتان بکەوێتە ئەم وڵاتە و من پێتان بزانم، خۆزگە جارێکی تر بە خزمەتی ئێوە بگەیشتمایە، ئەوەندە چاکەتـان هەیە بەسـەرمەوە نـازانم چـۆن پاداشـتتان بـدەمەوە، مەگەر خـوای گەورە بتوانێت پاداشتی خاڵۆ عوسمان و خـاڵۆ هەیەر بـداتەوە، خـاڵۆ عوسـمان و دایە ڕەعنا باوك و دایکی منن، لەکاتی نوسینی ئەم نـامەدا ئـاو بە چاومـدا دێـتە خـوارەوە و تاسـەی دووری ئێـوە دەکەم، خـوای گەورە پاداشـتتان بداتەوە و بتانپارێزێت لەهەموو دەرد و بەڵا و موسیبەتێکی دنیا".*

براتان مەلا ئەحمەدی کۆڵەسار.

کاتێ منیش نامەکەم خوێندەوە بـۆ بـاوکم و مـیمکە ڕەعنـام دیسـانەوە شیوەن و گریان دەستی پێ کردەوە و تێر تێـر بـۆ مەلا ئەحـمەد گریـاین، دڵۆپی فرمێسکەکانم دەکەوتنە سەر نامەکە و تەڕیان دەکرد.

هۆگریی خانەوادەی ئێمە بۆ مەلا ئەحمەد تـا ڕادەیەك بـوو کە وەکـو کوڕە گەورەی ماڵەکە حیسابی بۆ دەکرا و لە خۆمانمان جیا نەدەکـردەوە،

دووری و هەڵبڕان بۆ کەسێك کە تا ئەو ڕادەیە تێکەڵاو بووە لەگەڵمان جێگای نیگەرانی و خەفەت بوو.

## * مامۆستا مەلا مەعروف سلێمان یان مەلا مارف کێیەو لە کەیەوە هاتووەتە تەپی سەفا؟

- مامۆستا مەلا مارف کوڕی سلێمان مستەفایە لە ساڵی ١٩٢٠ لە گوندی وەیسەی نزیك شاری مەریوان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایك بووە. باوکی لە عەشیرەتی میکائیلی جافە و خەڵکی گوندی ئەستێڵی سەروو بووە لە قەرەداغ، لە کاتی نیشتەجێ بوونی جافەکاندا لەگوندی وەیسە جێگیر بووە و نەهاتووەتەوە بۆ گەرمیان. مەلا مارف لە ساڵانی چلەکاندا بۆ مەلایەتی هاتووەتە گوندی تاوێرە و لەدوای ئەویش لە تەپی سەفا جێگیر بووە، ماوەیەکیش باری کردووە بۆ گوندی گامێش تەپە و لە زۆر شوێن بە مەلا مارفی گامێش تەپە ناسراوە، ئافتاو خانمی خێزانی لە خوشکی مەلا ڕەوفە لە شاری سنە باوکی کەڵئاشیە و دایکی سەییدە.

مامۆستا مەلا مارف پێش ئەوەی بێتە تەپی سەفا خاوەنی سی سەر مەڕو دوو مانگا بوو، واتە باری ئابوری باش بووە و هەژار نەبووە، وە لە هەمان کاتدا کەسێکی زۆر نەفس بەرز و قسە سور و بە ویقار بوو، تەنازولی لەهیچ حەقێك نەدەکرد، هەرئەوەش وای لێ کردبوو کە زۆرێك لە مامۆستایانی ئاینی خۆشیان نەوێت.

نێوانی من و مامۆستا زۆر خۆش بوو، تەنانەت لە دواییشدا کە هەریەکەمان ئاراستەیەکی جیاوازمان لە حیزبایەتیدا گرتەبەر، من پارتی و ئەو شیوعی، لەیەك دانەبڕاین و ڕێزی یەکترمان دەگرت.

مامۆستا مەلا مارف خاوەن بەسیرەتێکی تیژ و عەقڵێکی فراوان و ئایندە بین بوو، چەندین پێشبینیی وەڕاست گەڕاون و هاتوونەتە دی، وە کەسێکیش بوو سڵی لە وتنی قسەی حەق نەدەکردەوە هەرچەندە

بەرامبەرەکەی زاڵم و ستەمکاریش بووبێت، چەندین جار لەسەر هەڵوێستە شێلگیرانەکەی ڕاپێچی زیندان کراوە. هەروەها کەسێکی بە هەڵوێست و قسە لەڕوو بوو، لە دوای کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لە ئۆردوگای باریکە نیشتەجێ بوو، دوای ڕاپەڕین هاتەوە بۆ ناحیەی سیروان و هەر لەوێش لە ساڵی ١٩٩٢کۆچی دوایی کرد.

## * کێ خەرجیو پیتاکی مەدرەسە شەرعییەکەی گوندی تەپی سەفای لەئەستۆ گرتبوو؟

- پێش ئەوەی مامە حاجی مستەفا گوندی تەپی سەفای سەروو ئاوەدان بکاتەوە[1]، لێرە لە تەپی سەفای خواردوو مزگەوتەکەی دروست کرد، وە خەرجی و پیتاکی مزگەوت و فەقێکانی لەگەڵ باوکم و مامە حاجی هەیەردا دابین دەکرد. دوای ئەوەش مزگەوتی تەپی سەفای سەروو دروست بوو، مەدرەسەی تێدا کرایەوە، خەرجییەکانی ئەوێ کەوتە سەر مامە حاجی مستەفا خۆی و ئەمەی ئێمەش باوکم و مامەم دابینیان دەکرد.

---

(١) دوای ئەوەی مامە حاجی مستەفا لە نزیکی چەمی کانی پاڵەوان خانوو دروست دەکات و ئەم تەپی سەفای سەرووەی ئێستای لێ دەردەچێت، دوای یەك دوو ساڵ مزگەوتێك و حوجرەیەك (مەدرەسەیەك)ی تایبەت بە خوێندن لەتەنیشتی ماڵی خۆیاندا دروست دەکات. لەساڵی ١٩٥٢ ئەو مزگەوت و حوجرەیە جمەی هاتووە لە فەقێ و موستەعید و سوختە و لە خزمەتی مامۆستایانی پایەدار و زانا و کوردپەروەردا وانەی زانست و دانستیان وەرگرتووە و جبە و مێزەریان بۆ بەستراوە و بڕوانامەی زانستییان لە باخەڵ نراوە و بۆ بڵاوکردنەوەی وانەی ڕەوشت و ئیمان بە سەرانسەری وڵاتدا بڵاوەیان لێ کردووە. یەکێ لەو زانا پایەدارانە مامۆستا شێخ عەزیز پاڕەزانی بووە خوای گەورە بیخاتە ژێر باڵی سۆز و ڕەحمەتی خۆی. یەکێکی تریان مامۆستا مەلا کەریمی مۆردینە، ئەڵێ چواردە مانگ لە تەپی سەفا فەقێ بووم چوار سەعات برسێتیم نەدیوە، ئەوەش ئەگێڕێتەوە بۆ ئەو خزمەتە گەورەی کە (حاجی مستەفای تەپی سەفا) پێی کردوون، ئەڵێ لەو کاتەدا حەمامی تایبەتی بۆ فەقێکان دروستکردووە و لە شارەوە مرەبای میوەی بۆ هیناوین بۆ بەرچایی، دیارە بۆ ساڵی پەنجاکان وەها خزمەتێك ئاسان نەبووە (نوسەر).

## باسی بڵاو بوونەوەی ڕەوتی ئیخوان موسلیمین

*** ئایا ئێوە هەستتان بەوە دەکرد کە ڕەوت و بزاوتێکی نوێ بە ناوی ئیخوان موسلیمینەوە، لە مزگەوتەکانی تەپی سەفاوە خەریک بووە چەکەرە بکات و بەناوچەکەدا بڵاو بێتەوە؟**

- ڕەوتی ئیخوان موسلیمین کە لە وڵاتی میسرەوە سەری هەڵدا و دواتر پەڕییەوە بۆ وڵاتانی دراوسێ و ناوچەکە، پێشتر وەکو ڕەوت و بزاڤێکی پەروەردەیی لە لایەن پێشەوای شەهید حەسەن بەنناوە دامەزرا. لە لای خۆشمان و لەم ناوچەی هەڵەبجە و شارەزوورەدا لەساڵی ١٩٥٤دا دەرکەوتووە و هەستی پێ کراوە. وەکو دەوترێت شێخ ئەمجەد زەهاوی و محەمەد مەحمود سەواف هاتوون بۆ هەڵەبجە و لەوێ وتاریان پێشکەش کردووە و بە نهێنی ڕێکخستنی خۆیان بنیات ناوە. ئەو کەسانەی لەو کاتەدا لە ڕەوتەکە تێگەیشتوون و ئامادەییان دەربڕیوە بۆ هاوکاری کردن و پەرەپێدانی لە کوردستاندا هەریەکە لە جەنابی مامۆستا مەلا ساڵحی گەورە و مامۆستا مەلا عوسمان عەبدولعەزیز بوون.

لە دوای ڕووخانی دەسەڵاتی پاشایەتی لە عێراقدا، شیوعییەکان زۆر بە چڕی دەرکەوتن، وە ئەوان لەگەڵ ئەو ڕەوتە دینییەدا زۆر ناکۆک بوون، وە بە لەمپەری بەردەم خۆیانیان دەزانین. ئەوەبوو حیزبی شیوعی لە ساڵی ١٩٥٩ لە شاری هەڵەبجەدا خۆپیشاندانیان بەشێوەیەکی ناشارستانی و تێکەڵاو بە توندوتیژی دەست پێکرد و هەڵیان کوتایە سەر قایمقامییەتی ئەو شارە و بە شیعاری بڕوخێ بڕوخێ هوتافیان دەکێشا. مامۆستا مەلا ساڵحیان بریندار کرد، دواتر حکومەت بە فشاری ئەو شیوعییانە مامۆستای ناوبراویان لە گەڵ مامۆستا عوسماندا دوورخستەوە بۆ باشوری عێراق.

ئەوەی پەیوەندی بە پرسیارەکەی تۆوە هەبێت، کە وا ئیخوان لە مەدرەسە شەرعییەکانی تەپی سەفاوە بڵاوبوویەتەوە، بەڵێ مامۆستا مەلا مارف کە لە مزگەوتی تەپی سەفای خواروو لای خۆمان بوو، چونکە

پەیوەندی بە شیوعییەوە هەبوو، حەزی بە ڕەوتی ئیخوان نەدەکرد، هەموو جار بە منی ئەوت: "عەزە بە تەمای چییە ئەیەوێت ئیخوان سەربخات؟ با باش بزانێت هەرگیز بۆی سەرناخرێت". مەبەستی لە مامۆستا شێخ عەزیز پاڕەزانی بوو کە لە مزگەوتی تەپی سەفای سەروو لای مامە حاجی مستەفا بوو وانەی زانستیی شەرعی دەوتەوە. لەو کاتەدا چەند مامۆستایەکی ناودار لە لای ئێمە وانەیان دەوتەوە، لەوانە مامۆستا شێخ عەبدولعەزیز ئەمین پاڕەزانی و مامۆستا سەید نەجمەدین تاهایان تێدابوو، ئەمانە لە سالانی شەستەکاندا پەیوەندییان کردبوو بە ئیخوانەوە و بووبوون بە ئەندامی کارای ئەو ڕەوتە.

ئەم دوو مامۆستا ناودارە کە وانەبێژی مەدرەسەکانی تەپی سەفا بوون و خۆیان لە ناو ڕەوتی ئیخواندا کاریان کردووە، هەڵبەتە پەیوەندیی گەرم وگوڕیان لەگەڵ مامۆستایانی تری سەر بەو ڕەوتەدا هەبووە و سەردانی یەکتریان کردووە و ئەمان بۆ لای ئەوان چوون و ئەوانیش هاتوون بۆ لای ئەمان لە تەپی سەفا، بەم شێوەیە وا دەرکەوتبێت کە مزگەت و مەدرەسەکانی تەپی سەفا شوێنی بڵاوکردنەوەی بیری ئیخوان بن، کە بێ گومان لەو کاتەشدا بە شێوەیەك لە شێوەکان ئەو ڕەنگەی گرتووە. بەڵام ئێمەی موحافیزکار و سۆفی مەشرەب و تێکەڵاو بە شێخانی تەریقەت و خانەقاکانی تەوێڵە و بیارە و باخەکۆن، خۆمان بە موسڵمان و ئیماندار و ئەهلی شەونوێژ و خێرۆمەند و میوان پەزێر و لانەکەی هەژاران و لێقەوماوان زانیوە، ئەوەی برایانی موسڵمان کاریان بۆ دەکرد بە زیادەوە لە ئێمەدا هەبوو، هیچ حەوجێمان بەوە نەبوو کەسێك بێت ڕێکمان بخات و ئەو کار و ئەرکانەمان یاد بخاتەوە. باوکم و مامە و ئامۆزاکانم هەر لە مزگەوت دروست کردن و خەرجی و نەفەقە کێشانی مەدرەسە ئاینییەکان و تەکیە و خانەقاکان و خەرجی هاوسەرگیری و ناردنی چەندین کەس بۆ فەریزەی حەج و نان دان و دروست کردنی دیوەخان بۆ ڕێبواران و هەژارانیان لە ئەستۆ گرتبوو، هیچ مامۆستایەکی ئایینی لە خۆی ڕانەبینیوە

بێت و ئامۆژگارییان بکات و پێیان بڵێت کار بۆ فڵان ڕێکخراو بکەن، یان پەیوەندی بکەن بە فڵان ڕەوتەوە بۆ سەرخستنی ئاینی ئیسلام.

باسی مەرحوم مامۆستا شێخ عەزیز پاڕەزانیمان کرد، فیردەوس جێگای بێت، حەزم کرد ئەم ڕووداوەشت بۆ بگێڕمەوە: دیوانی قانع لە ساڵانی شەستەکاندا لە چوار بەند بوو، وەکو ئەم دیوانەی ساڵی ١٩٧٩ی نەبوو کە هەمووی لە بەرگێکدا کۆبکرێتەوە، من هەر چوار بەندەکەم هەبوو، مامۆستا شێخ عەزیز بە ڕەحمەت بێت بانگی کردم وتی ئەو چوار بەندەی شیعرەکانی قانعم بۆ بێنە کە لاتە، ئەمەوێت لەبەری بنووسمەوە. منیش وامزانی نووسخەیەك بۆ خۆی دەنووسێتەوە و پاشان بۆم ئەهێنێتەوە، هەر چوار بەندەکەم بۆ برد، بەڵام دوای ماوەیەك لە حاجی فەتاحی عەلی مەنیجم بیست- ناوبراو لە تەپی سەفای سەروو بوو- کە مامۆستا شێخ عەزیز هەر چوار بەرگی دیوانەکەی قانعی سوتاندووە، بەڕاستی زۆرم پێ ناخۆش بوو، بەڵام لەبەر ڕێزی گەورەیی و مامۆستایی و لەبەر حورمەتی مام حاجی مستەفا هیچم نەوت و نەمدا لە ڕووی. بیستم کاتێك دیوانەکەی بردبوو، لە لای مامە حاجی مستەفام دانیشتووە و ئەم بەیتە شیعرەی بۆ خوێندبوویەوە (لە دە پێنجی تاپۆ بێ. ماوە نیوەی بۆ تۆ بێ). وتبووی ئەمە کتێبی کەسێکی شیوعییە و ئەیەوێت موڵکەکەتان دابەش بکات، برازاکەی تۆش هێناویێتی ئەیخوێنێتەوە، وریای نەبیت ئەبێ بە شیوعی! مامە حاجی مستەفاش هەر لەوێدا شقارتە دەداتە دەستی و ئەڵێت ئادەی مەلا بە بەرچاومەوە بیسوتێنە. مامۆستا بە دەستی خۆی هەر چوار بەندەکەی سوتاندبوو.

ڕەوتی ئیخوان موسلیمین لە عێراق و کوردستاندا خەڵکانێکی باشیان پەروەردە کرد و پێگەیاند، گرنگییان دا بە بوژانەوەی ناوەڕۆکی شەریعەت و پابەند بوون بە نوێژی بەکۆمەڵ و لەبەرکردنی قورئان و فەرموودە و زیندووکردنەوەی شەوانی قەدر و بۆنە ئاینییەکان و سوننەتە پیرۆزەکانی پێغەمبەری خۆشەویستمان ﷺ و گرنگیدان بە لاوان. واتە بە شێوەیەکی گشتی موسڵمانانیان لە سارد و سڕی و بێ باکی بەرامبەر بە ئاینەکەیان

هۆشیار کردەوە[(١)].

## * ئایا مامۆستا شێخ عەزیز پارەزانی لە تەپی سەفا زەماوەندی کردووە؟

- بەڵێ لە گوندی تەپی سەفای سەروو زەماوەندی کرد و ژنی گواستەوە، مامە حاجی مستەفا کچی مامۆستا مەلا عومەری برای مامۆستا مەلا عوسمان عەبدولعەزیزی بۆ داوا کرد و خەرجی و مەسرەفی بۆ کێشا. جگە لە مامۆستا مەلا مارف و مامۆستا مەلا فەتاحی ئەحمەدی کەریم، جگە لەم دوانە خویان خێزاندار بوون هاتوونەتە گوندی تەپی سەفا، زۆربەی مامۆستاکانی گوند لێرە زەماوەندیان بۆ کراوە. ئەم زەماوەندەی مامۆستا شێخ عەزیز لە سەرەتای ساڵانی پەنجاکاندا بوو، منیش لاو بووم بەشداری ئەو مەراسیمی ژن گواستنەوەیەم کرد، ڕۆژێکی زۆر خۆش بوو، سوار بە غار و ڕم بازێن و تەقەی دەمانچەوە شان بە شانی بووك، کە ئەویش بەسەر وڵاخێکەوە بوو، خەریکی سوحبەت و پێکەنین بوون. مامە عەلی بەشارەت و مەلا ساڵحی بامۆك یەکی دەمانچەیەکی چواردەخۆریان پێ بوو، ئەسپی سەر شێت لە ژێریاندا بوو، گەنم و جۆ دروێنە کرابوون، زەوییەکان شەق شەق بووبوون، سوارەکان هاتنە سەر بارسی ڕێگاکان بۆ ئەوەی سمی ئەسپ و ماینەکانیان نەکەوێتە ناو قلێشی جارە گەنم و جۆکانەوە. مەلا ساڵح دەمانچەکەی هێنایە پشتگوێی مامە عەلی و چەند

(١) گوندی تەپی سەفا لەو کاتەدا کە ئیخوان هاتووەتە کوردستان شوێنێکی پارێزراوو ئەمین بووە بۆ ئەو مامۆستا ئاینییانەی کە پەیوەندییان کردووە بە ڕەوتەکەوە، چونکە ئەمان خاوەن موڵکو لە هەمان کاتیشدا پارتی بوون و دژی شیوعییەکان وەستابوونەوە، حیزبی شیوعی کە لەو کاتەدا درێغی نەکردووە لە سوکایەتی پێ کردن و هەڵکوتانە سەر مامۆستایانی ئایینی، نەیانتوانیوە لە گوندی تەپی سەفا ئەوە بکەن، هەر بۆیە جێگایەکی پارێزراو بووە، بۆ گەشەسەندنی ڕەوتەکە.

فیشەکی تێدابوو خاڵی کردەوە، مامە عەلی دەستی برد بۆ دەمانچەکەی خۆی و بردی بۆ بناگوێی مەلا ساڵح، هەر ئەوەندە فیشەکی تەقاند، ئەسپ لە ژێری مەلا ساڵحدا شێت بوو، خۆی سوڕدا، لەو کاتەدا دەمانچەکەی لە کیفەکەی کەوتە خوارەوە و چووە ناو قڵیشی زەوییەوە. هاتینەوە بۆ تەپی سەفا مامە عەلی وتی مەلا ساڵح دەمانچەکەت کوا بۆچی کیفەکەت بەتاڵە؟ ناوبراو خۆی پشکنی وتی ئای بەخوا کاتی تەقەکان لێم کەوتووە! مام حاجی مستەفا و باوکم وتیان ئادەی کوڕینە کێومالێکی بۆ بکەن. من و ڕەشەی حەمەگوڵخە و لالە عەزە و چەند گەنجێك بۆی دەرچووین، من گومانم هەبوو کە لە زەوییەکەی قادری سۆفی عەلیدا کەوتبێت چونکە ئەسپەکەی مەلا ساڵح بەهۆی تەقەکانەوە لەوێدا سوڕی خوارد، دابەزیم، ئەو ناوەم پشکنی بینیم بریسکەیەک دێت، دەمانچەکە تەنها پشتی شانەکەی بەدەرەوە بوو، کەوتبووە نا قڵیشێکی زەوییەوە. کاتێ دۆزیمەوە هاوارم کرد بگەڕێنەوە دۆزیمەوە، بەو شێوەیە هێنامەوە بۆ مەلا ساڵح.

## * مامۆستا مەلا مارف ماوەیەك گوندی تەپی سەفای بەجێ هێشتووە، لەو ماوەیەدا بێ مەلا مانەوە یان لە شوێن و جێگای ترەوە مەلاتان بۆ هات؟

- لە ساڵی ١٩٥٥ مامۆستا مەلا مارف گوندی تەپی سەفای بەجێ هێشت و بوو بە موحازر لە گوندی تاوێرە، باوکم و حاجی حەیدەری مامم هەرگیز نەیانهێشتووە مەدرەسەکەیان بێ مامۆستابێت، ئەوەبوو تەکلیفیان کرد لە جەنابی شێخ عوسمانی بیارە، بۆ ئەوەی مامۆستایەکی زۆر باشمان بۆ بنێرێت، جەنابی شێخیش فەرمووی: کۆمەڵێك مامۆستامان خوێندنیان تەواوکردووە و بەم نزیکانە مۆڵەت وەردەگرن، یەکێك لەوانتان بۆ دەنێرم.

ئەوبوو هەریەك لە خاڵۆ حاجی خالیدم و باوکم و حاجی مستەفای

ئامۆزای وحاجی حەیدەری برای خەرجی ئاهەنگی دەرچوونی ئەو ١٢ مامۆستایەی خانەقای بیارەیان لەئەستۆ گرت و ڕۆژێك پیش ئاهەنگەکە ئازووقەی پێویستیان نارد بۆ بیارەو خۆشیان ڕۆژی دواتر بەشداری ئاهەنگەکەیان کرد کە منیش یەکێك بووم لە بەشداربووانی ئەو مەراسیمە.

دوای تەواوبوونی دەستماچ کردن و مێزەر لەسەرکردن و پیرۆزبایی و نان خواردن، جەنابی شێخ فەرمووی: من مامۆستا مەلا سەید نەجمەدین سەید تەهاتان بۆ دەست نیشان دەکەم، کە مامۆستایەکی زۆر زیرەك و زۆر دینداریشە.

ئەوەبوو ئێمەش بەرێزەوە لەگەڵ خۆمان جەنابی مامۆستامان هێنایەوە بۆ گوندی تەپی سەفا و لەوێ دەستی کرد بە پێشنوێژی بۆ خەڵکەکە و هەروەها وانە وتنەوەش بە فەقێکان، کە لەو کاتەدا مەدرەسەکەی تەپی سەفا حەوت قوتابی هەبوو.

## * مامۆستا سەید نەجمەدین تەها خەڵکی کوێ بوو، وە ئایا کاتێ هاتە تەپی سەفا خێزانی هەبوو، وە تا کەی لەوێ مایەوە؟

- مامۆستا مەلا سەید نەجمەدین کوڕی خەلیفە سەید تەهایە فیردەوس جێگایان بێت، ئەو بە تەمەن پێنج ساڵ لە من گەورەتر بوو، لە ١٩٣٠/٤/٢٨ لە دایك بووە، بەئەسڵ خەڵکی گوندی (میانە)یە لە نزیك شاری سنە، بە فەقێیەتی گەڕاوە و هاتووتە بیارە، بنەماڵە و کەسوکاری موسڵمان و ئاین پەروەر و ئەهلی مزگەوت و زیکر بوون. کاتێ هات بۆ تەپی سەفا سەڵت بوو، لە ساڵی ١٩٥٧ باوکم و مامەم ژنیان بۆ داوا کرد کە حەلیمە خانمی کچی مام ئەحمەدی حەمەئامان بوو، باوکی مەلا محەمەد لە گوندی دێکۆن، وە خەرجی و مەسرەفی زەماوەندەکەیان لە ئەستۆ گرت.

مامۆستا سەید نەجمەدین بۆ ماوەی ١٣ ساڵ لە مزگەوت و مەدرەسەی تەپی سەفای خواروو لای ئێمە پێشنوێژ و وانەبێژ بووە و دوای ئەوەش ١٢

ساڵی دیکە لە مزگەوت و مەدرەسەی تەپی سەفای سەروو لای مامە حاجی مستەفا مەلایەتی کردووە و وانەی وتووتەوە.

هاوڕێیەتی من و مامۆستا زۆر خۆش بوو، هەمیشە پێکەوە بووین، تاساڵی ١٩٨٧کە گوندەکان لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە ڕووخان و خاپور کران، سەردانی دەکردین.

ئەو ڕۆژەی تەپی سەفا چۆڵکرا لێرە بووو، زۆر بێتاقەت بوو، فرمێسک بەسەر ڕیشەکەیدا دەهاتە خوارەوە و هەموو ئەو دیمەنانەی دەهاتنەوە بەرچاو کە لەو مزگەوتە و مزگەوتەکەی ئەوبەردا مامۆستا بووە و وانەی وتووەتەوە و پێشنوێژی بۆ خەڵکی ئاوایی کردووە، وا ئێستا ستەمکاران هاتوون و سەرتاپای هەردوو گوند و مزگەوتەکەی وێران دەکەن و کانیاوەکانی کوێر دەکەنەوە.

مامۆستا فیردەوس جێگای بێت لە کیمیاباران کردنی هەڵەبجەدا کەوتنە ئێران و ڕۆشتەوە بۆ شاری سنە بۆ ناو کەسوکاری، دوای ڕاپەڕین هاتەوە بۆ هەڵەبجە، ساڵانی نەوەدەکان کۆچی دوایی کرد.

## * نەخۆشی چاوە قوولە چی بوو؟

- نەخۆشی چاوەقوولە[1] لای خۆمان لە دوای جەنگی جیهانی

(١) پەتای چاوەقوڵەی ساڵی ١٩٠٤- ١٩٠٥ لە بەڵگەنامەیەکی دەوڵەتی قاجاردا:
لە ساڵی ١٩٠٤دا و لە شاری سلێمانییەوە ڕاپۆرتێک لە لایەن دپلۆماتکارێکی کونسوڵخانەی قاجاریەکان (ئێران)ەوە بەرزدەکرێتەوە بۆ حاکمی ئەو کاتەی ویلایەتی کرماشان (عەبدولحسەین میرزا فەرمانفەرمای حاکمی ئەودەمی شارەکە)، ڕاپۆرتەکە چەندین زانیاریی گرنگی مێژوویی، ئابووری، ژمارەی دانیشتووان و قوربانیانی سەرەتای بڵاوبوونەوەی پەتاکە و زانیاریی لەبارەی سەرۆک هۆزانی عەشرەتی هەمەوەندەوە دەخاتەڕوو، کە گرنگی تایبەتی خۆیان هەیە و ڕەنگە چەند دیوێکی نادیاری کۆمەڵایەتی، تەندروستی و جوڵەی ئابووریی بۆ مێژووی کۆمەڵایەتیی شاری سلێمانی و کوردستان ڕوون بکەنەوە. تەوەری سەرەکی بەڵگەکە ڕوونکردنەوەی پەتای ڕشانەوەکەی ساڵی ١٩٠٤-١٩٠٥ی شاری سلێمانییە و زیندووکردنەوەی ئەم بەڵگەیە لەم کاتەدا ئاماژەی گرنگ لە خۆ دەگرێت، بە تایبەت لەم ئانەدا کە هەواڵ و هەڕەشەکانی
←

پەتای ڤایرۆسیی کۆرۆنا، هەرِەشە لە سلێمانی و کوردستان و جیهان دەکات.
دەقی وەرگێڕدراوی بەڵگەنامەکە:
سەرەتای بەڵگە:
٢٠ی جەمادی یەکەمی ١٣٢٢ی کۆچی (٢ی ئابی١٩٠٤) سلێمانی قوربانی خاکی بەرپێی گەوهەرئاسات بم دەسخەتی گوێلێگیراوی موبارەکتان لە ڕێککەوتی ٢٢ی ڕەبیعی دووەم لە ڕێی پۆستەوە، شەرەفی نێردرانی وەرگرت. لە هەفتەی ڕابردوودا بینیم و دەسخەتی موبارەکتان کە بە مەبەست نێردەکرابوو، پێنج ڕۆژ لەمەوبەر بووە، موشەرەفبووم و بووە هۆی سوپاسگوزاری و لە نوسینەکانی تەواو خۆشحاڵ بووم و موژدەی لوتفی شایانەی کە لە حاست ئەم بەندەکۆیلە گیانفیدایە فەرمووبووتان، بە مایەی شانازی و سەربڵندی گەڕا. (ئەم بەندەیە) ئومێدەوارە لە دەرگای یەکتا، تا کۆتایی سەردەم وجودی بەختەوەرتان، بەردەوام و چەسپاو(بەرقەرار) بێت، ئامین. دووەم بابەت (عرض) لەبارەی زیانەکانی موڵکومالّی شێخ نەسرەدین، شتێکیان نەفەرمووبوو کە شتێك زیانی پێگەیشتبێت یان نا. سێیەمیش لە ڕۆژی بیستوهەشتەمی ڕەبیعی دووەم نەخۆشی پەتا لە سلێمانی تەشەنەی کردووە، سلێمانی بە پێی تۆمار (دەفتەر) سی هەزارو نۆ سەدو سی، چل ماڵە. لە ڕۆژی دەرکەوتنی نەخۆشییەکەوە تا ئەمڕۆ دووهەزارو چوارسەدو هەشت، نۆ کەس مردووە و ئەوانیتر سێسەد کەسی تووشبووش بەم نەخۆشیە چاکبوونەتەوە. تا ئەمڕۆ کەسێك بەم شێوەیە نەخۆشی پەتای بەم خێراییە نە بینیوە و نە بیستووە. هەموو خەڵك سەرسام بوون حکومەت لەکارکەوتووە، دادگا دیوان نییە. زۆرینەی کاربەدەستان لە ترسی نەخۆشی بۆ ئەوەی نەبێتە هۆی تووشبوونیان، بەرەو دێهات هەڵهاتوون. هەینی و ڕەند بەستراو(ڕەنگە مەبەستی نوێژیی هەینی و قەرەباڵغی هەینیان بێت)، دوکان و بازاڕ هەموو داخراوو و نیوەی خەڵك لە باڵا و گەدا هەڵهاتوون، ئەو بەشەشی کە ماوەتەوە تا ئێوارە سەرقاڵی تەرم و شەو تا سپێدەش سەرقاڵی نەخۆش خزمەتکردنن. بەساقەت بم (لە دەورت گەڕێم) خوا بکات هیچ کەسێك ئەم بەڵایە نەبینێت، نە باوك و دایك منداڵی خۆیان بیرماوە نە منداڵ لە بیری باوك و دایکیدایە. ئەمڕۆ، دە نۆ ڕۆژێکە کەوتۆتە نێو هۆزی هەمەوەندەوە. دوانزە کەس لە سەرۆکەکان(سەرۆك تیرە)ی ئەوانیشی لەناوبردووە و بەشی سی کەس لە وڵاخەکانی هەمەوەندیش لەناوچوون. لەدەورت گەڕێم لەگەڵ ئەوەی لێی ئاگادار بووم ئەم پوختەیەم جەسارەت کرد (خستە خزمەتت) خوا یاربێت ئەگەر ماین ئەنجامەکەی بە وردەکارییەوە دەخەمە خزمەتی خاکی بەرپێی موبارەکت، حەزرەتی باڵا سەلامەت، زیاد وتن جەسارەتە.
بەندەی خوا ئەسەدوڵا
شیکردنەوەی بەڵگەنامە:
پەتای چاوەقوڵە(ڕشانەوە)، کە ساڵانی ١٩٠٤- ١٩٠٥ی پەتایەکی جیهانگیر بوو، بڵاوبوویەوە، هەندێك ناوی کوردستانی گرتەوە، بەتایبەت سلێمانی، شارەزوور، هەولێر، خانەقین و کرماشان. کاریگەرییەکی زۆری لەسەر سلێمانی جێهێشت، دەوترێت ئەم پەتایە لە کۆتاییدا زیاتر لە ٧٧٠٠ کەسی لەناوبردووە، لە سلێمانی پەتاکە بە "ڕشانەوە" و
←

یەکەمەوە سەری هەڵدا زانیاریم لەسەر سەرەتای ئەو نەخۆشییە نییە بۆ یەکەم جار لە جیهاندا کەی دروست بووە و لە چ شوێنێك سەری هەڵداوە، بەڵام نەخۆشییەکی کوشندە بوو، دیارە ئەبێ لە ڕووی پزیشکییەوە ناوێکی تری هەبێت، ناوە گشتییەکەی لەناو کۆمەڵگای

---

لە شارەزووریش بە "چاوەقوڵە" ناسرا. مەلا محەمەدی چڕۆستانی لە یاداشتەکانیدا دەڵێت: "کەس نەیئەوێرا بچێ یاسینی نەخۆش بخوێنێت لە ترسا. من بێسەلیقە بووم، پێم خۆش بوو بانگم کەن، کە یاسینی ئەوانە بخوێنم کە دەڕشانەوە. دەسم ئەدایە قورئان، لە یاسین خوێندندا ئەبووم لەسەر نەخۆشی ڕشاوە، هی وا بوو کە بەسەر نەخۆشەکەوە ئەگریا، قڵپ ها ئەڕشایەوە، پریشکی ڕشانەوەکەی لە دەموچاوم ئەکەوت، قێزم لێ نەدەکرد، عەقڵم پێ نەدەشکا. کابرای شێوەنکەر وەك تەڕاح لەوێ ئەکەوت. ئیتر دنیا زۆر عەجایب بوو، کەس بە هیوا نەبوو شەو بگاتە سبەی، یان ڕۆژ بگاتە ئێوارە.
لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژەیەکی گرنگ بە ژمارەی دانیشتوانی سلێمانی کراوە، لێرەدا گرنگە گۆڕانکاری دانیشتووان و ژمارەی دانیشتوان ئاماژەیەکی پێبدرێت.
سلێمانی لە ڕووی ژمارەی ماڵ و دانیشتوانەوە، چەندین جار ڕووبەڕووی پەتای ئیقلیمگیر و کوشندە، بەرزونزمی سیاسیی و کارگێڕی بووەتەوە، ئاماری شارەکە بە پێی گوزەری زەمان ئەم ڕاستییە دەسەلمێنن. بۆ نموونە مستەر ڕیچ کە ١٨٢٠ سەردانی سلێمانی کردووە، باس لەوەدەکات کە سلێمانی ١٠٠٠٠کەس بووە. لیك لاما لە ساڵی ١٨٦٨دا دەڵێ ٦٠٤٥ خێزانە(٦٠٠٠موسڵمان، ٣٠کریستیان و ١٥ جولەکە). لە ١٨٩٢شدا مونسل دەڵی سلێمانی ٢٥٠٠خانوو بووە. لە ئانی سەرەتای جەنگی جیهانی یەکەمیشدا ٩٠٠٠کەس بووە. بەم پێوەرە بێت، دەردەکەوێت کە پەتاکان و ئاڵوگۆڕی سیاسیی و پەرویزکەوتنی کارگێڕیی و لاوازی گەشەی شار کاریگەرییان هەبووە لەسەر فراوان نەبوونی شار و ژمارەی دانیشتووانی.
لە بەشێکی دیکەی بەڵگەکەشدا ئاماژە بە هەمەوەندییەکان کراوە، کە عەشرەتێکی دێرینی کورد بوون، دەگەڕێنەوە سەر سێ برای دامەزرێنەر (ڕەشوەند، ڕەموەند و صەفروەند)، ناوی هەژمووونی هەمەوەند لە باکوورەوە دەکەوێتە شاخی بەرزاییەد و تاسڵوجە لە باشوورەوە زنجیرە چیای سلباتو-جەباری و قەرەحەسەن، لە ڕۆژهەڵاتەوە ڕوباری باسەڕە و لە ڕۆژئاواشەوە ناوچەکانی شوانی بازیان، قەڵاسێوکە و شوانی خاسە. لەدەورووبەری ١٧٠٠ەوە لە شاری سنەوە کۆچیان کردووە بۆ ناوی بازیان.
لە کۆتاییدا گرنگە بوترێت کە بەپێی ئەو بەڵگەنامانەی دیکە کە لەبەردەست نووسەری ئەم دێرانەدایە، دەردەکەوێت ڕاپۆرتنووسەکە (نوسەری بەڵگەکە) (ئەسەدولا)، لە ساڵانی پەتاکەدا ١٩٠٤-١٩٠٥دا کونسوڵی دەوڵەتی قاجاری ئێران بووە لە سلێمانی، چونکە لە بەڵگەنامەکانی دیکەدا لە خوار ناوەکەیەوە وەك کونسوڵ(کارپرداز) لە کۆتایی بەڵگەکاندا خۆی ناساندووە. سەرچاوە/ هەردی مەهدی مەیکە، مامۆستای زانکۆ، تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك ٢٠٢٠).

کوردەواریدا چاوەقووڵە بوو، وە پێشی وتراوە مەرگی شین.

ئەو گۆڕستانەی سەیدسادق پڕە لە قوربانیانی ئەو پەتا پیسە، باوکم جێگای فیردەوس بێت دەیگێڕایەوە و دەیفەرموو: ڕەشماڵی جافەکان چڵ ڕۆژ لەو شوێنەدا هەڵدراوە و نەکەوتووە، هیچ مەجالی ئەوە نەبووە دەوار بخرێت و وارگە بگوێزرێتەوە، هەر فریای ئەوە کەوتوون گۆڕ بۆ قوربانیانی ئەو پەتایە هەڵبکەنو بیانشارنەوە، ژمارەیەکی زۆر خەڵکی کوشتووە، فریای کفن کڕین نەکەوتوون، زۆربەیان بەجل و بەرگی خۆیانەوە ئەسپەردە کراون.

هەروەها دەیوت: زۆرێك لەوانەش ئیش و کاری گۆڕهەڵکەندن و مردوو شۆرین و ئەسپەردەکردن بوون، خۆیان توش دەبوون و دەبوونە قوربانی، چونکە ڕێگاکانی خۆپاراستن نەبووە و عورفی ئەو کاتەش وابوو کە دەبێ بەڕێزەوە ئەو مردووانە بنێژرێن و نابێ بسوتێنرێن یان گۆڕ ون بکرێن.

سروشتی پەتاکە وابوو هەرکەس توش ببوایە چاوی دەچوو بە قوڵدا و سەر لوت و لێوەکانی شین دەبوونەوە، ئەگەر کەسێك بڕشایەتەوە و سکی نەچوایە دەیکوشت، بەڵام ئەگەر بڕشایەتەوە و توشی سك چوون ببوایە، نەدەمردو چاك دەبوویەوە. نەخۆشەکە گڕ بەردەبوویە هەناوی و حەزی بە ئاوی ساردو خواردنی بەفر بوو، کەسێك خۆشەویست بوایەو لەو کاتەدا داوای بەفری بکردایە خەڵکیان دەنار بۆ سەر لوتکەی کێوەکان تا بەفریان بۆ بێنێتەوە، زۆر جار تا دەگەیشتنەوە لای نەخۆشەکە ئەم تەمەنی درێژی بۆ کەس وکاری بەجێ هێشتبوو.

لەسالانی سەرەتای پەنجاکانیشدا جارێکی تر ئەو نەخۆشییە سەری هەڵدایەوە، بەڵام سوکتر لەوەی پێشوو، لەبیرمە هێشتا حەزرەتی شێخ عەلائەدین لە ژیاندا مابوو، کەواتە پێش ساڵی ١٩٥٤ بووە، منیان بانگ دەکرد بۆ سەر ئەو نەخۆشانە سورەتی (یس)یان بەسەردا بخوێنم، میمکە ڕەعنام ئەیوت بە باوکم: بۆچی ڕێگا بە تایەر دەدەیت، بچێتە سەر ئەو

نەخۆشانە، بەخوا توش ئەبێت و ئەمرێت. منیش ئەموت بەخوا هەر ئەچم. کاتێ یاسینم دەخوێندن ئەهاتمەوە ئەموت بە باوکم، باوکە، فڵان کەس دەمرێت، ئەیوت چۆن ئەزانیت؟ ئەموت بەخوا ڕەنگی مردووی لێ نیشتووە.

ئەو نەخۆشییە لە گوندی تەپی سەفا هەژدە کەسی کوشت، لەوانە مام حەمەکەریم و پورە ئەمنەی خێزانی و کچەکەیان بەناوی ڕەعنا، کە خێزان و خەسوو و خەزووری حاجی حەمەفەرەجی حاجی حەمەنەسیم بوون. دادە ئامینەش توش بوو بەڵام نەیکوشت، حاجی حەمەفەرەج لە دوای ڕەعنا، لەسەر داوای مامە حاجی هەیەرم ئامینەی ژن خوشکی خۆی مارە کردەوە، جێگای هەموویان بەهەشتی بەرین بێت.

## * بۆ چارەسەری نەخۆشی ڕووتان لە کوێ دەرکرد؟

- لە هەڵەبجە نەخۆشخانە هەبوو، پزیشکەکان زۆر جار عەرەب بوون، یەکێك لەوانە هاشم دۆغرمەچی خەڵکی بەغدا بوو، لەساڵانی چلەکاندا لە هەڵەبجە دەوامی دەکرد، جارێکیان مەلاریام بوو باوکم بردمی بۆ لای، بەبۆنەی ئەوەی ئارەزووی ڕاووشکاری هەبوو، چەند جارێك لە گەڵ باوکم و خزماندا دەرچوو بوو بۆ ڕاوی بەراز، زۆر کەیف خۆش بوو بەو ڕاوانە، بەو بۆنەیەوە باوکمی زۆر خۆش ئەویست، کاتێ چوومە بەردەستی بەو فێڵە خەڵەتاندمی دەیوت خالۆ عوسمان وا بزانم تایەر لە کاتی ڕاودا درك چووە بە قاچیا با بزانم دەری ناهێنم بۆی، بەو شێوەیە دەیگرتم و دەرزییەکەی لێ دەدام.

## * وەکو بیرت مابێت خەڵکی جولەکە هەبوو لە نێو ئەو کەسانەی کە لە ماڵی ئێوەدا کاریان دەکرد؟

- بەڵێ ساڵح ڕەحیم پیاوێکی کاسبکاری جولەکەی سەر ڕاست بوو،

لە گوندی تەپی سەفا لەماڵی باوکمدا بوو، ئیش و کاری بۆ دەکردین. ئەو کەسێك بوو خۆی زۆر باوەڕی بە پەرستشەکانی یەهـود نەبـوو، وە پابەنـد نەبوو پێیانەوە، مەگەر لەو کاتانەدا نەبێت کە ژن و مناڵەکانی نزیکی بوون، واتە بەدڵ باوەڕی بە ئایینی ئیسلام هێنابوو بەڵام نەیدەوێرا ئاشکرای بکات.

سـاڵح دوو کـوڕی هەبـوو بە ناوەکـانی (عەزیـز و ڕەحـیم)، وە دوو کچیشی هەبوو ناویان (گەوهەر و ملوك) بوو، ژنەکەشی ناوی مەریەم بوو.

ڕەحیمی باوکی ساڵح بە دزیی مالومەکەیانەوە موسڵمان بـوو بـوو، وە بە نهێنی پەیوەندی بە شێخ عەلائەدینەوە هەبـوو، بەڵام دواتـر بە موسـڵمان بوونەکەیان زانـی بـوو، کـاتێ کە کـۆچی دوایـی کـرد شـێخ عەلائەدیـن ویستی بچێت یاسینی بخوێنێت و حازری جەنـازەکەی بێـت، بەڵام فریـای نەکەوتبوو، مالوم لەکاتی شایەتوئیماندا پەنجەیان لە سێ شوێن شـکاندبوو. حەزرەتی شێخ پێی وتن بۆچی واتان لێ کـردووە خـوا لەناوتـان بەرێـت، ئەگەر پێتان خۆشـە لە گۆڕسـتانی خۆتـان مەینێـژن، دەیـبەم لە گۆڕسـتانی موسڵمانان ئەسپەردەی خاکی دەکەم.

گۆڕستانی جولەکەکانی هەڵەبجە لە نێوان بامۆك و باوەکۆچەکـدا بـوو، جیاواز بوو لە گۆڕستانی موسڵمانەکان.

ساڵح زۆر بە غیرەت بوو، باوکم بە شەوی تاریکدا ئەینارد بۆ گونـدی شـەکرالی، هـیچ نەدەترسـا و دەڕۆشـت، ئەو قسـەیەی موسـڵمانانی بە درۆ خستبوویەوە، کە یەکێك ترسنۆك بێت پێی ئەڵێن (جولەکە زات).

لە زەوییەکانی بەردەم کـانی سـلێمان دا خەیارمـان کردبـوو، سـاڵحیش پایینەکەی کردبوو بە تـوتن، مـاڵەکەی هێنـابوو بـۆ تەپـی سـەفا، لەکەپـردا دەژیان، میمکە ڕەعنام چیخی دەدانێ بیدەن لە چواردەوری کەپرەکەیان.

ساڵح دایکی مابوو ناوی مەلـکە بـوو، پشـتی کـووڕ بـوو بـوویەوە، لە ڕۆژانی شەممەدا هیچ بەروبوومێکیان لێ نەدەکردەوە، حەرام بوو لە لایان، بەڵام بە ئێمەیـان دەوت بۆمـان لـێ بـکەرەوە، ئـێمەش خەیـار و کـاڵەك و بەربوومی ترمان بۆ لێ دەکردنەوە.

مـاڵی سـاڵح گوێـدرێژێکی ڕەشـیان هەبـوو، گەڵاشـکێنی توتنەکەیـان دەکرد و بەشەڵتە دەیان نا لە پشتی گوێدرێژەکە و دەیانهێنایەوە بۆ ئـاوایی تەپی سەفا دەیانکرد بە شریتەوە.

لەنێو خۆیاندا بە زمانی عیبری قسەیان دەکرد، ڕۆژێك گوێـدرێژەکەیان لە قوڕدا چەقی بوو، من و حەمەی کەریـم ئـاوی خەیارمـان دەدا، عەزیـز بانگی باوکی کرد وتی: "تـاتە تـاتە، بە ئەلهـا خومـارەکە دوقـلەمەیە"، واتە باوکە باوکە بەخوا کەرەکە چەقیوە، باوکیشی دەیوت: "لەکبیلی لەکبیلـی"، واتە وازی لـێ بێـنە، عەزیـز ئەیـوت: "بە ئەلهـا نیشـاتەیلی" واتە بەخـوا دەرنایەت، ئێمە یارمەتیمان دان و گوێدرێژەکەمان لە قوڕەکە بۆ دەرهێنا.

ئەو خانەوادە زۆر خۆپارێز بوون، لەخەمی ڕەوشتی مناڵەکانیاندا بـوون، پابەنـد بـوون بە ئایینەکەیـانەوە و بە هـیچ شـێوەیەك سـەرپێچی شـەریعەتی یەهودیان نەدەکرد، جگە لە من و کـاکە حەمەم و حەمەی کەریـم کە لە ماڵماندا کاری دەکـرد، نەیاندەهێشـت ئەو دوو کوڕەیـان تـێکەڵاوی هـیچ کەسێکی تر بکەن.

ئەو ڕۆژانەی شەممە بـوایە تـا ئێـوارە و دوای بـانگی شـێوان ئـاگر لە ماڵیاندا نەدەکرایەوە، میمکە ڕەعنـام هەمیشـە چێشـتی زۆری لێـدەنا بەشـی ئەوانیشی دەخستە سەر سینییەك و بۆی دەبـردن، مەریەم ئەیـوت ئـای دادە ڕەعنـا خەجـاڵەتم بـۆچی زەحمەتـت کێشـاوە، مـیمکم ئەیـوت دوژمنـت خەجاڵەت بێت، نۆشی گیانتان بێت.

هەروەها جووەکان بۆنە و یادی تـایبەت بە ئـایینەکەی خۆیـان هەبـوو، لەوانە یـادی (کەپـر شـین)[1] لە پـاییزدا بەو بـۆنەوە نـانو چێشـتیان بەسـەر

(١) کـاتێ حەزرەتـی (موسـا) سـەلامی خـوای لـێ بێـت، خـۆی و هـۆزەکەی لەبەر سـتەمکاری فیـرعەون و دەسـت و پێوەنـدەکانی هەڵهـاتن و لە ڕووبـاری نیلـی مەزن پەڕینەوە، لەشکری فیرعەون بە خودی خۆشییەوە شوێنیان کەوتن و ویستیان هەموویـان ←

خەڵکدا دەبەخشییەوە.

بەڵێ تێکەڵاوی ماڵێکی موسڵمانو ماڵێکی جولەکە بەو شێوەیە بوو، ئەوەبوو مانای پێکەوەژیان و ڕێزگرتن لە بیروباوەڕی یەکتری، ئەوان کەمینە و بێ هێزیش بوون، بەڵام ئێمە دەسەڵاتدار و بەهێزیش بووین، هەرگیز نە سوکایەتی بە ئاینییان کراوە و نە زۆریشیان لێ کراوە ببن بە موسڵمان، بەڕاستی ئیسلام ئایینی خۆشەویستی و پێکەوە ژیانە.

هەر لەو ساڵانەدا جولەکەکانی عێراق کۆچیان کرد بۆ دەوڵەتە تازە دروستکراوەیان کەپێی دەوترێت دەوڵەتی ئیسرائیل، ساڵحیش داوای مۆڵەتی لە باوکم کرد کە دەیەوێت لەگەڵ خێزان و ماڵ و مناڵ و کەسوکاری کۆچ بکەن بۆ ئەو وڵاتە، لەو کاتەدا حەزرەتی شێخ عوسمانی نەقشبەندی لەماڵی باوکم بوو، بە هەردوکیانەوە لەگەڵ باوکم داوایان لە ساڵح کرد کە موسڵمان ببێت و واز لەو کۆچکردنە بهێنێت.

حەزرەتی شێخ فەرمووی من ئامادەم مایەنە ڕەش کوێتی خۆم کە هەڵبژاردەی مایەنەکانە لە ناوچەکەدا، بەزینەکەی خۆیەوە بدەم بە ساڵح بەو مەرجەی باوەڕ خۆی بە ئاینی ئیسلام ئاشکرا بکات، بەڵام ساڵح بە ئاشکرا نەیوێرا ئیمان بهێنێت. وەکو پێشتر وتم لە خانەوادە و کەسوکاری دەترسا، دواتر شێخ فەرمووی ئەوا با ئەم تفەنگە بڕنەوە وەسەتەی لەگەڵدا بێت، باوکیشم فەرمووی، ئەوا منیش پەنجا دۆنم زەوی لە موڵکی خۆم کە تاپۆی عوسمانی هەیە دەکەم بە ناوتەوە، ساڵح وتی بەخوا ئەزانم ئێوە

لەناوبەرن، ئەوەبوو بەدوای ئەواندا خۆیان خستە ناو ئەو شیوە وشکەی کە بە فەرمانی خواری گەورە لە ڕووبارەکەدا دروست بوو بوو، موسا و گەلەکەی لە شیوەکە دەرچوون و سەلامەت بوون، بەڵام کاتێ سەرەتا و کۆتایی سوپای فیرعەون کەوتنە ناو شیوەکە، ئاوەکە لە هەردوو لاوە هاتەوە بەسەریاندا و نوقمی کردن.
کاتێ بەنی ئیسرائیل ڕزگاریان بوو، بارانێکی بەڕەحمەت باری بەسەریاندا و ئەوانیش بە دار و قامیش و زەلی دەوروبەری ڕووبارەکە کەپریان بۆ خۆیان دروست کرد، کەپرەکە سەوز بوو، ئیتر لەو کاتەوە جووەکان یادی ئەو ڕۆژە دەکەنەوە و بە ڕۆژێکی پیرۆزی دەزانن، وە هەمان ئەو ڕۆژەش لای موسڵمانان پیرۆزە و بە ڕۆژوو دەبن تیایدا.

بەڵێنــی خۆتــان دەبەنە ســەر، بەڵام ژن و مناڵەکــانم لــێم جیــا دەبــنەوە و موسڵمان نابن! حەزرەتی شێخ فەرمووی: بەڵێن بێــت لەگەڵ عوســماندا لەم ناوچەی هەڵەبجە و هەورامان و شارەزوورەدا کچی کێت بەدڵ بێت بــۆت بهێنین بەو مەرجەی لەگەڵیان نەڕۆیت و موســڵمان ببیــت، ســاڵح قەنــاعەتی نەکــرد و دڵــی نەهــات لە گەڵ ژن و مناڵەکــانی جیــا ببێــتەوە و بە خاوخێزانەوە کۆچیان کرد بۆ ئیسرائیل[١].

لە بیرمە جولەکەکان باوەڵیان پــڕ دەکــرد لە وردە و واڵا و بەلادێکانــدا دەگەڕان و دەچــونە مــاڵی کوێخــای دێ، لەوێ باوەڵەکەیــان دادەنــا و خورجێکیــان پــڕ دەکــرد لە کەرەســتەی پێویســت و بەنــاو ئەو گونــدەدا دەســوڕانەوە تــا شــتومەکەکەیان دەفرۆشــت و دواتــر دەگەڕانەوە بــۆ لای باوەڵەکەیان لە ماڵی کوێخادا. ئەمەش بــۆ ئەوەی شــتومەکەکەیان پــارێزراو بێت و کەس نەتوانێت بەزۆر لێیان وەربگرێت. دواتر دەچونە گوندێکی تر

(١)کاتێ دەوڵەتی ئیسرائیل دروســت کــرا، جولەکەکــانی عێــراق ناچــاری کــۆچ کــران بەرەو خاکی فەلەستین، لە عێراقدا نزیکەی سەد و پەنجا هەزار جولەکە هەبوون، کە لە دێر زەمانەوە لە بابل دا ژیاون. کاتێ دەوڵەتی یەهود لەسەر خاکی باوباپیرانیان دروست کرا، بەفێڵ ناچاری ئەوە کران لە عێراق کــۆچ بــکەن بــۆ فەلەســتین، کە زۆربەیــان ئەو کۆچەیان بە دڵخوازی خۆیان نەکردووە و حەزیان کردووە لە عێراقدا بمرن.
دەوترێت عێراق دەستی گرتــووە بەســەر موڵــك و ماڵیانــدا و ڕەگەزنــامەی عێراقــی لــێ وەرگرتــوونەتەوە، بەڵام لە ڕاســتیدا ســیخوڕە یەهودییەکــان هەســتاون بە تێکــدانی پەرســتگاکانیان و تونــدوتیژی لە دژی ڕەمــزە زینــدووەکانیان، بەم شــێوەیە ترســاون و دەستیان کردووە بە کۆچ کردن.
جولەکەکان لە چەند شار و ناویەکی عێراقدا نیشتەجێ بــوون لەوانە بەغــدا و موســڵ و بەسرە و سلێمانی و حلە و عەمارە و دیوانیە و هەولێر و هەڵەبجە.
لە هەڵەبــجە گەڕەکێــك بە نــاوی ئەوانەوە هەبــوو پێیــان دەوت گەڕەکــی جولەکــان، خەڵــکەکەی هەمــوو کاســب و دەســت ڕەنگــین بــوون و جۆرەهــا پیشــەیان دەزانــی و هەمیشە ساماندار بوون.
خاکی فەلەستین، لە ڕاستیدا زێدی باوباپیرانی پەیڕەوانی ئایینی یەهوودی بووە و لە دێر زەمــانەوە لەو خــاکەدا ژیــاون، بەتەنهــا مــوڵکی عەرەبە موســڵمانەکان نیــیە، دان نــان بە دەوڵەتــی ئیســرائیل دا لەســەر ئەو خــاکە، بەمەرجێــك عەرەب نەســڕێتەوە و ئەوانــیش دەوڵەتێکیان هەبێت کوفر و تاوان و بڤە نییە، وەکو هەندێك لە موسڵمانان لەمڕۆدا وای دەبینن و جولەکە بە داگیرکەر دەزانن. (نوسەر).

بەم شێوەیە بژێوی خۆیان و ماڵومناڵیان پەیدا دەکرد.

## * ئایا مەحمود کوڕی پورە ئەمنەی ئەحمەدی فەتاح کە دەڵێن کەسێکی بلیمەت بووە لە حیساب و ژمارەدا لە باوکەوە کوڕی کێ بوو، وە چی بەسەرهات؟

- دوای ئەوەی مامە عەبدوڵا باوکی حاجی عەبدولمحەمەد کۆچی دوایی دەکات ئەمینی حەمەی ناوخاس لە قشڵاخە ڕووتە پورە ئەمنە مارە دەکات، کە بێوەژن بووە، لە ئەنجامی ئەو هاوسەرگیرییە کوڕێکیان دەبێت بە ناوی مەحمود.

ئەم مەحمودە حاسیبەی سەردەمی خۆی بوو، خوا لێی خۆش بێت حەسەن بەگی جاف لە ساڵی ١٩٤٥ لیژنەی تەسویەی ئەرازی هێنا بۆ تەپی سەفا، فەرمانبەرە عەرەبەکان بەقەڵەم و کاغەز موڵکیان دابەش دەکرد و تەسویەی زەوییان دەکرد، حەسەن بەگ وتی: مەحمودم بۆ بانگ بکەن.

مەحمود نەخوێندەوار بوو، بەڵام لە ژمێرە و حیسابدا بلیمەت بوو، ناوبراو بەیەك چرکە ئەو موڵکەی بەسەر وەرەسەدا دابەش دەکرد، کە ئەو فەرمانبەرانە بە نیوکاتژمێر ئەوەیان پێ نەدەکرا، زۆر سەرسام بوون بە زیرەکییەکەی مەحمود، وتیان: با بیبەین بۆ بەغدا لەسەر حیسابی خۆمان دەیخەینە بەر خوێندن، ئایندەی ئەم کوڕە زۆر باش دەبێت، بەڵام خەڵکی ئەو سەردەمە و لە شارەزووردا کەم کەس نرخی خوێندەواریی دەزانی!

مەحمود پەرکەمی لەگەڵدا بوو ڕۆژێك لە سەرئاوی مزگەوتەکدا نەخۆشییەکەی لێهاتبوو بەسەردا کەوتبووە ناو حەوزی ئاوەکە و گیانی سپاردبوو، دواتر پورە ئەمنە شووی کردەوە بە حەمەڕەشیدی مارف.

## * مام حاجی هەیەر کەی ئەو باڵەخانەیەی دروست کرد، کێ نەخشە و کاری تێدا کرد، وەستا و کرێکارەکانی کێ بوون؟

- لەساڵی ١٩٤٨ مام (حاجی هەیەر)[1]م دەستی کرد بە دانانی بەردی بناغەی باڵەخانەکەی لە گوندی تەپی سەفای خواروو، باڵەخانەکە دوو نهۆم بوو، نهۆمی خوارەوە پێنج ژوور و بەرهەیوانێك بوو، دەرگایەکی دوو تاکی گەورەی بەرز کە لە دار دروستکرابوو. کرابوو بە مەدخەلی هاتنە ژوورەوەی.

نهۆمی سەرەوە هەیوانەکەی شێوازی ئێڵی ئینگلیزی بوو، کە دەرگای پێنج ژووری بەسەردا دەکرایەوە. قادرمەی خوارەوە بۆ سەرەوە و لەوێشەوە بۆ سەربان هەبوو، لەسەربانیش هەورەبانێکی بچوکی لەوحی بەسەرەوە دروست کرابوو بۆ ئەوەی باران نەیەتە ژوورەوە.

هەر ژوورێکی دوو پەنجەرەی تێ کرابوو، سەرجەم دەرگا و پەنجەرەکانی لەدار دروست کرابوون، لەساڵانی هەشتاکاندا من پەنجەرەکانیم کرد بە ئاسن، چونکە زیاتر لە سی ساڵی بەسەردا تێپەڕی بوو، باران پەنجەرە دارەکانی بەرە و ڕزان بردبوون.

نەخشەی ئەم خانووە سەید میرزا کێشای کە ئەسڵی لە کوردانی ڕۆژهەڵات بوو، بۆ کار و کەسابەت هاتبووە هەڵەبجە، پێشتر مام حاجی مستەفا هێنابووی خانووە دوو نهۆمییەکەی لە تەپی سەفای سەروو پێ دروست کردبوو. مام حاجی هەیەر دوای ئەو هێنای بۆ تەپی سەفای خواروو بۆ ئەوەی نەخشەی خانووەکەی بۆ بکێشێت، ئەوە بوو نەخشەکەی بۆ کێشابوو، بەسەرپەرشتی خۆی بناغەکەیان بۆ پڕ کردەوە، بەڵام خانوویەکی لە هەڵەبجە لەبەردەستدا بوو، خەریکی دروستکردنی ئەوە بوو، وتی بە مام حاجی هەیەر خەمت نەبێت وەستا فەتاحت بۆ دەنێرم. وەستا

(١) مام حاجی هەیەر لە ساڵی ١٩٤٢ دا فەریزەی حەجی بەجێ هێناوە، هاوسەفەرەکانی بریتی بوون لە مام حاجی مستەفا و خاڵۆ حاجی خالیدی ئامۆزای، بە سواری حوشتر ئەو گەشتەیان کردووەو ماوەی یەك ساڵ و دوازدە ڕۆژیان پێ چووە. مامەم لەو گەشتەیدا قورئانێکی گەورەی هێناوەتەوە تا ئێستاش لای من پارێزراوە، کە تەمەنی لای من دەکاتە ٧٧ ساڵ (مەلا تایەر یاروەیسی).

فەتاح کوڕی سمایل بەگ ناسراو بە فەتاحی تاڵەبەن بوو، وەستای کارامەی دیوار دروستکردن بوو، هیچی کەمتر نەبوو لە وەستا سەید میرزا.

عەلی و مام ئەوڵقادر و حەمە چاوشین هەرسێکیان خشتبڕ بوون، کەرەستەی خانووەکەی مام حاجی هەمووی خۆماڵی بوو، خشتەکە هەر لەناو تەپی سەفادا دروست دەکرا، ئەو سێ وەستای خشتە بە قاڵبەکانیانەوە ئامادەباش بوون بۆ خشت بڕین.

مام حاجی هەیەر ئاوی تەوێڵەجۆی لەبەری ماڵی مامە حەمۆلەوە کە ئامۆزای خۆی بوو، هێنایەوە بۆ ناو ئاوایی و لەبەردەمی ماڵی لالە مەجیدی لالە حەمەنەسیم دا و دواتر لای ماڵی کاك فایەقەوە دەچووە خوارەوە بەرەو چەم، لەناو ئاواییدا چاڵێکیان بۆ هەڵکەندبوو، کرێکار بە تەنەکە ئاوی دەبردە سەرەوە بۆ گردەکە کە پەنجا شەست مەترێك دووربوو لێیانەوە، لەوێ لە خۆڵی گردەکە خشتیان دەبڕی.

دواتر دەستیان کرد بە دیوار دروستکردن، پانی دیوارەکانی مەترێك زیاتر بوو، خۆت بە منالی بینیوتە و شایەتحاڵی ڕاستییەکەیت .

وەستا فەتاح بە پانی مەترێك زیاتر خشتێکی لەم سەر و خشتێکی لەوسەر دادەنا، دواتر بە لەتە خشت ناوکارەکەیان پڕ دەکردەوە و دۆغاوێکی قوڕیان دەکرد بەسەریدا، بەو شێوەیە نهۆمی یەکەم دروستکرا.

مام حاجی هەیەر چەند دار تووی یەکی گەورەی هەبوو کە هەر بنێك لەو توانە دووکەس باوەشیان پێدا بکردبایە دەستیان بەیەك نەدەگەیشتەوە، وەستاکانی بیارەی بۆ هێنابوون لەوانە وەستا محەمەد کە شەقەمشاریان هەبوو، یەکەم جار سەروپرچی تووەکانیان هەڵپاچی، دواتر بە مشار تەختی زەوییان کرد، هەرچی بۆ دیبەك بشیایە دوو مەتری و سێ مەتری بە تەوشیە ڕێکیان دەکرد و دواتر بە ستوونی لەسەرەوە بۆ خوارەوە تووەکەیان بە مشار دەکرد بە چەند پلێتێکی گەورەی چەند مەترییەوە، کە ئەم سەر و ئەوسەری پلێتەکانیان تەنکتر دەکرد بۆ ئەوەی لەخانووەکەدا سەر بنێن بەیەکەوە و بە بزماری گەورە بەیەکەوە ببەسترێنەوە. بەم شێوەیە

نهۆمێکی تۆکمەی وای بنیات نابوو کە دەتوانرا دوو نهۆمی تریشی لەسەر دابنرێت.

دوای ئەوە دەست کرا بە دروستکردنی نهۆمی دووەمیش، وەستا میرزا لەهەڵەبجەوە هات بۆ دڵنیابوون لە ئیشوکارەکانی وەستا فەتاح، تەماشای کرد دیواری نهۆمی سەرەوە باریك ترە، وتی وەستا فەتاح بۆچی وات لەو دیوارە کردووە لەسەرەوە لێت دزیوەتەوە؟ ئەویش وتی وەستام بەڵێ وایە بەڵام بۆ ئەوە وام کردووە تا خانووەکە نەتەقێت، وەستا میرزا کارەکەی پێ جوان بوو پەسەندی کرد.

بەڵێ تا کۆتایی ئەو خانووە درزێکی تێ نەکەوت و نەتەقی، گەر ڕژێمی بەعس نەیڕوخاندایە بەشی سەدەیەك زیاتری دەکرد و دەتوانرا وەکو شوێنەواری دێرین سودی گەشتیاری لێ ببینرێت[١] .

مام حاجی هەیەر باری کردە نهۆمی یەکەم و وەستاش خەریکی تەواوکردنی نهۆمی دووەم بوو. وەستا محەمەدیش هەر لەوێ دەرگا و پەنجەرەکانی بۆ دروست کرد، نەك دەرگای سادە، بەڵکو بە نەخش و هەڵکۆڵینەوە، بەشەوژەن و جێگای کلیل و قوفڵ و داخستنەوە، لە ژوورێکی سەرەوەش کە پێیان دەوت قولەکە، دوو تاقی گەورەی لە ناو دیوارەکەدا تێدا دروست کرد، وەکو کانتۆری ئێستا ڕووکاری تەختە و دەرگای داختستی بۆ کرابوو[٢].

وڵات وەکو ئێستا بەکاربەر نەبوو، هەموو شتێك لە وڵاتی چین و ئێران و تورکیاوە هاوردە بکرێت، بەڵکو پشتی بە توانا و سەلیقە و دەستی

---

(١) بەڵێ من بە چاوی خۆم بینیومە لەساڵی ١٩٨٦دا ڕژێمی بەعسو جاشەکانی ئاوایی تەپی سەفایان ڕووخاند، شۆفڵێك خەریکی ڕووخانی ئەو باڵەخانەیە بوو، چاڵێکی قولی کردە دیوارەکەی هێشتا کوناودەری نەکردبوو، ناچار لەدواوەی خانووەکەوە کە بەبۆنەی گردەکەوە نزمتر بوو لەوێوە دەستی کرد بە ڕوخاندنی، زۆر بە ئەستەم ئەو خانووەی بۆ ڕووخا (نوسەر).

(٢) چەندین جار چوومەتە ناو ئەو تاقانەو خۆم تێدا شاردوونەتەوە (نوسەر).

کاری خۆی بەستبوو، هەموو شتێکمان خۆماڵی و ڕەسەن بوو، وەستای دەستڕەنگین و کرێکاری دڵسۆز و دارتاشی بە هونەر و بیناسازی بەتوانامان هەبوو، خاك و ئاومان پڕخێر و بەرەکەت و خۆراکمان خۆماڵی و بێ ئافەت و جەستەمان وەکو گوێزی کوێر پتەو و پیاوانمان ئازا و بەجەرگ و ژنانمان بەغیرەت و بە حیشمەت و کچانمان وەکو سایەقەی ساماڵ بێگەرد و کوڕانمان بە ڕەوشت و بەهیممەت بوون، تا ئەوەی بێگانە پێی خستە ناو وڵات و ئەو ڕەوشت و بەها باڵا و جوانەکانە لە خەڵکی زەوت کران و لە جێگایدا تۆوی فیتنەیی و ئاشوب و بێ ڕەوشتی و خۆخۆری و خەمساردی و هەرچی کارە نزم و سوکەکانە چاندیان و بە ئاوی نەتەوایەتی سەلبی ئاودێرییان کرد، تا بوو بەو درەختە زەقومەی کە ئەمڕۆ نیشتمانی لەخۆیدا هەڵلوشیوە.

## * ئیشوکاری ئەو کاتەتان چی بوو؟

- ئیشوکارمان زۆر بوو، کشتوکاڵ کردن و سەرپەرشتیکردنی ئەو موڵکە زۆرەی باوکم و مامەم کە بە هەردووکیانەوە ١١٠٠ دۆنم زەوی بەراویان هەبوو کە بەشە موڵکی هۆمەری باوکیان بوو، نیو ئەوەندەی تریشیان لە خزم و ئامۆزاکانی خۆیان کڕیبوویەوە. دواتر باوکم لەساڵی ١٩٥٥ مەکینەیەکی تایە تەوری لە بەغاوە هێنا پێیان دەوت (مۆلین)، شۆفێرێکی عەرەبی لەگەڵدا بوو بەناوی ڕەددان، من هاوکاری ڕەددانم دەکرد لەکاروباری جوتکردن و زەوی کێڵاندا، ئەمە جگە لەوەی مانگا و مەڕ و ئاژەڵیشمان هەبوو، واتە ئەرکمان زۆر قورس بوو.

## * یەکەم جار کەی سواری ئۆتۆمبێل بوویت؟

- یەکەم کاروانی ئۆتۆمبێل کە هاتبێتە عێراق دوازدە ئۆتۆمبێل بووە و لە ساڵی ١٩١٤دا بووە، دواتر ساڵانە ژمارەکە زۆرتر بوو، تا گەیشت بە

هەموو شوێنێکی وڵات. لە یادمە ساڵی ١٩٤٦ خوا لێی خۆش بێت حەسەن بەگی جاف جێبێکی ئینگلیزیی بچووکی هێنا بۆ لای خۆمان، لەگەڵ باوکم سواری ئەو جێبە بووم، زۆر خۆش بوو بەلامەوە.

## * مام فایەق کوڕی کێیە و بۆچی هاتن بۆ شارەزوور؟

- فایەقی حاجی محەمەدی حەسەنی مەحمودخانی لە عەشیرەتی کەماڵەیین و حاجی محەمەد برا گەورە و ڕیش سپی ئەو عەشیرەتە بووە، خزمایەتیمان دەگەڕێتەوە بۆ دایکی مامە عەلی لە بەشارەت کە پورزای باوکی کاك فایەق و کاك مەحمود بووە و دواتریش مامۆستا پێشڕەوی کاك مەحمود کچی ئەحمەدی خاڵۆ حاجی خالیدمانی مارەبڕی و خزمایەتییەکەی نوێ کردەوە.

هۆکاری هاتنەکەیان لە ساڵی ١٩٤٧دا بۆ شارەزوور دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار: یەکەم قاتی و گرانی بووە و دووەمیش بەگزادەکانی جاف دژایەتییان کردوون، خاڵۆ حاجی خالیدم، کاکە حەمەم و مام حەمەئەمین و مام حەمۆل و چەند کەسێکی تری نارد بە شوێنیاندا، بەماڵ و خێزانەوە هێنانی بۆ گوندی بەشارەت، تا بارودۆخ باش بوو، دواتر گەڕانەوە بۆ گەرمیان.

## * ئەو قاتی و گرانییە چۆن بوو، چیت لە بیر ماوە؟

- ئەو گرانی و قەیرانی خۆراکە لە ساڵی ١٩٤٧دا ماوەیەکی زۆر کەم بوو، گەنم و ئارد و دانەوێڵە لەبازاڕدا نەما و نرخەکەیان زۆر بەرز بوویەوە، نرخی تەنەکەیەك گەنم بوو بە دینارێك، ئەوەش بۆ ئەو ڕۆژە نرخێکی خەیاڵی بوو، بەڵام کاتێ گەنم دروێنە کرا بارودۆخ باش بوو، قەیرانەکە نەما.

ئەو ساڵە حکومەت ئاردی ئیعاشەی دەدا بە نانەواکان، گرژییەك لە ناو

بازاڕدا دروست بوو، خەڵکی هەژار و کەم دەرامەت گردبوونەوەیەکیان لە ناو بازاڕی هەڵەبجەدا دروست کرد، کە داوای لە سێدارەدانی عەلافەکانیان دەکرد، کەوا بۆچی وا گەنمیان گران کردووە! ئەو کاتە نان خۆش بوو، نرخی خۆی هەبوو، مەحمودی چل پینە و برایمی حۆری باوکی حەمەقوتوو خوالێیان خۆش بێت لە هەڵەبجە وشکەفرۆش (علاف) بوون، تەغاری گەنم کە دەکاتە دە تەنەکە بە ١٠ دینار بوو، کەس بۆی نەدەکڕا، خەڵکی ڕەش و ڕووتیش لە ناو بازاڕدا کەوتنە جموجوڵ و ئەم شیعارەیان دەوتەوە:

- چیتان ئەوێت ئەی میللەت، نانمان ئەوێت لە حکومەت
- چیتان ئەوێ برایـــــنە، ئیعـــــدامی خولەی چل پینە
- بدەن لە بنە قـــۆری، ئیعدامــــــــی برایمی حـۆری

ئەو زستانە خەڵکی زۆر بێ نان بوون، کاتێ بەهار تۆڵەکە[1] پێ گەیشت خەڵکی وتیان بەخوا باشە ئیتر لە برساندا نامرین تۆڵەکە دەخۆین، چەندین ماڵ هەبوو تەنها (دۆ وشکە)[2]ی هەبوو، لەگەڵ تۆڵەکەکەدا تێکەڵیان دەکردو کەمێ ئاردیان لەماڵێك بۆ پەیدا دەکرد، تێیان دەکرد بۆ ئەوەی بیلکێنێت بەیەکەوە، لەسەر ساج دەیانکرد بە پەپکە و ئەوەیان دەخوارد.

ئێمە پەڵەیەك جۆمان هەبوو خەریك بوو پێ دەگەیشت، باوکم وتی بەو خەڵکە هەژارانە وەرن بڕۆن دروێنەی بکەن و بیکەن بە (قاوتی جۆ) وەك قەرەخەرمانی[3] گەنم بەتەڕی دەخرێتە سەر ئاگر و هەڵدەپڕوزێت،

(١) تۆڵەکە جۆرە گیایەکی بەهارییە و لە نزیك سەرنوێلك و مێرگەکەکاندا سەوز دەبێت، بە کوڵاوی و سورەوەکراوی دەخورێت.
(٢) دۆوشکە لە سپیایی دروست دەکرێت کە بریتییە لە خەستکردنەوەی دۆ لە ناو تورەکەیەکی خامدا، لەکاتی بەرچایی بەیانیاندا دەخورێت.
(٣) لە شارەزوور بە قەرەخەرمان دەوترێت گوڵە پڕوزە، واتە گوڵە گەنمەکان بەسەر ئاگرەوە هەڵدەپڕووزێن.

دواتـر هەڵـدەخرێت و وشـك دەبێـتەوە و دەكوترێـت، پاشـان بە دنـگ دەكوترا و لەگەڵ كەرەدا تێكەڵ دەكرا بۆ خـواردن، بەو شـێوەیە ئەو پەڵە جۆیەشی بەخشی.

ئێمە گەنم و جـۆ و زەڕڕات (گەنمەشـامی)مان هەبـوو، بـاوكم سـەری چاڵێكی لادا چل تەنەكە گەنمەشامی تێدابوو، دابەشی كرد بەسەر خەڵكدا بـۆ ئەوەی بیهـاڕن و لە برسـێتی قوتاریـان بكـات. بەڕێـوەبەری نـاحیەی خورماڵیش دوو فەردە ئاردی نـارد بۆمـان، ئەوەشـمان بەخشـی بە خەڵـكە هەژارەكە.

هەر لەبەر ئەو بەخشینانەی بوو، بـاوكم دەوڵەمەنـد نەدەبـوو، مـوڵكێكی زۆر و ڕزق و كاسـپییەی زۆرمـــان هەبـــوو، كەچـــی پارەمـــان بـــۆ كـــۆ نەدەبوویەوە.

خەڵكی ئەو گوندانەی دەوروبەر هاتن بـۆ لای مـامەم و بـاوكم وتیـان خورمـا هەیە لە هەڵەبـجە دەیـدەن بە قەرز، داوای كەفیلمـان لـێ دەكەن، تكامان وایە گەورەیی خۆتـان بنـوێنن و بـبن بە كەفیلمـان تـا ئەو كـاتەی بەروبووم پێ دەگات پارەی بۆ دەبەین.

سلێمان هەولێری دوكانی خورمای هەبوو لە هەڵەبجە، خورمای پوشی درێژ و ئەزرەقی و قەسب و هەموو جـۆرێكی نایـابی هەبـوو، مـامەم وتـی سلێمان خورمایان پـێ بـدە مـن و عوسـمانی بـرام دەستەبەریان دەكەیـن، ئەویش وتی حاجی ئەگەر جەنابت و خاڵۆ عوسـمان بـۆ هەر كەسێك كە دێت بۆ ئێرە شتێك نەنووسن و ئیمزای خۆتانی بەسـەرەوە نەبێـت، هەمـوو شارەزوور دێت بەناوی ئێوەوە خورما دەبات، مامەم وتی ڕاسـت ئەكەیـت بەبێ نووسراوی خۆمان هـیچ نەدەیـت بە كەس، ئەوەبـوو دەفتەرچەیەكـی قەبضـی بـۆ هێنـاین، هەركەس خورمـای بویسـتایە مـن وەسـڵێكم بـۆ پـڕ دەكـردەوە و مـامەم مـۆری خـۆی دەكـرد و كـابرا دەیبـرد لە هەڵەبـجە خورمای خۆی وەردەگرت.

سلێمان وتی حاجی من لەبری پـارە چەڵتـوكم دەوێـت، مـامەم زۆری

پێ خۆش بوو، چونکە چەڵتوکمان زۆر بوو.

کاتێ مەرەزە پێ گەیشت و چەڵتوك کرایە فەردە، مامەم و باوکم ناردیان بە دوای سلێمان هەولێریدا وتیان وەرە حیسابەکەت بکە و چەڵتوکی خۆت بەرەوە. ئەوەبوو حیسابی کرد حەوت تەن خورمای داوە بە خەڵکی لەسەر کەفالەتی مامەم و باوکم. ئەوانیش حەوت تەن چەڵتوك و دوو فەردەش هەدیەی خۆیان خستە حیسابەکەیەوە، سلێمان بسکەی سمێلەکانی دەهات لە خۆشیدا.

یەك کەس لەو خەڵکەی مامەم و باوکم بوون بە کەفیلیان نەهاتنەوە بۆ بژاردنی قەرزەکانیان، ئەمانیش گەردنی هەموو ئەو خەڵکەیان ئازاد کرد، چونکە هەر لەسەرەتاوە دەیانزانی کەبۆیان نادرێتەوە، یەکێك لەو کەسانە حەمەی عەزەی ڕەحمان بوو، جگە لە خورما سەد و هەشتا دینار قەرزی لۆکەی لە ئەستۆدا بوو هەموویان بۆ بژارد.

## * مامە حاجی مستەفا کەی تەپی سەفای سەرووی ئاوەدان کردەوە؟

- مامە حاجی جێگای فیردەوس بێت، لەساڵی ١٩٤٧دا لەو شوێنەدا کە ئێستا گوندی تەپی سەفای سەرووی پێ دەڵێن، باڵەخانەیەکی کردەوە، لە تەنیشتی ئەویشدا مزگەوتێکی زۆر خۆشی بنیات نا، ئاوی بە بۆری لە کانییەکەوە بردەوە بۆ مزگەوتەکە، پڕۆژەکانی تەواو کرد و باری کردە ئەو بەر کە دواتر ناونرا تەپی سەفای سەروو.

کاتێ مام حاجی مستەفا باری کرد، سۆفی شامراد و حاجی مەحمودی سەمین و کاك مەدحەت کە پورزای خۆی بوو، لەگەڵ سەید محێدین کە خەریکی ئیسکافی بوو لەگەڵ خۆی بردە ئەو بەر و جێگای بۆ ئەوانیش دابین کرد.

خاڵۆ حاجی خالیدم یەکەم جار پێی ناخۆش بوو بار بکاتە ئەو بەر،

بەڵام دواتر کە زانی ئەو سورە لەسەر کار خۆی، زۆری کرد لە مام حاجی موشیر و کاك حەمەعەلی برازای کە دەبێت ئەوانیش بار بکەنە ئەوبەر و بڕۆنە لای حاجی مستەفا، ئەوانیش نەیاتوانی قسەی خاڵۆم بشکێنن، باریان کرد بۆ ئەو بەر.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٧یشدا حەمەی ئەحمەدی ڕۆستەم باوکی سۆفی مارف و عەلی حەمەی عیسا و ئەولقادری حەمەی وسەین هاتن بۆ تەپی سەفای سەروو نیشتەجێ بوون.

مستەفای حەمەی ڕەحمان و ساڵحی وەسمان و حەمەئەمینی وەسمانیش ئەم سێ ماڵە لە شەشکەوە هاتنە لای مامە حاجی مستەفا، ئەمانە تەپی سەفایان ئاوەدان کردووەتەوە، ئەوانی تر دوایی بەهۆی ئیش و کارەوە هاتوون و دواتر ماونەتەوە.

## * با بێینەوە بۆ لای جوتیار و گۆخڵەکان، دەڵێن سۆفی شامراد جوتیارێکی شارەزا بووە، تا چەند وەها بووە؟

- سۆفی شامراد پیاوێکی ئیماندار بوو، لە ئەسڵدا لە عەشیرەتی مەنمییە، پێشتر لە (شاوەیس‌و باوەیس)[(١)]دا بووە، کە مولکی شێخ تایبی شێخ عومەری بیارەش کە دەکاتە باپیری کاك شەوکەتی ئامۆزام، لەو شوێنەدا بووە. مامەم و حەسەن بەگ و باوکم هێنایان بۆ تەپی سەفا تا سود لە تواناکانی وەربگرن[(٢)]، کەسێکی بە ئەزموون و بەتاقەت بوو، ماندوبوونی

(١) شاوەیس و باوەیس کۆنە گوندێکە لە قەراغی چەمی زەڵمدا بووە لە شارەزوور.
(٢) جافەکان بە گشتی لە پێش زەمەنی نیشتەجێ بوونیاندا تەنها خەریکی ئاژەڵداری و ماڵیات بەخێوکردن بوون و لە ڕەشماڵدا ژیاون، دوای ئەوەی ڕژێمی پاشایەتی ئێران لە سالانی سییەکاندا سنووری وڵاتەکەی لەگەڵ عێراق دەبەستێت و ڕێگا بە هاتوچۆی جاف نادات، ناچار بە نیشتەجێ بوون دەبن و سەرقاڵی کاری کشتوکاڵ و جوتیاری و خانوو کردن دەبن، بۆیە تا ئەو کاتە هیچ شارەزای هونەری کشتوکاڵ کردن و خانوو دروست کردن نەبوون، پێویستیان بە کەسی شارەزا هەبوو تا ئەو هونەرەی لێوە فێر بن.

نەدەزانی، کرابوو بە باش گۆخڵ، واتە لێپرسراوی هەموو گۆخڵەکانی هەر چــوار جــۆگەی (تەوێلەجــۆ، ســەرگەتەجۆ، شــێخ موســێ، چــۆڵمەك)، سەرپەرشتی هەموو قاڵبە مەرەزەکانی دەکرد و لە بناغەوە دایدەمەزراندن و بەجێی دەهێشت بۆ گۆخڵەکان، کچێکی هەبوو بە ناوی خەدیـجە، دای بە مـام حـاجی موشـیرو مـارەی بـڕی لێـی، کچێکیشـی لـێ بـوو بەڵام پـاش ماوەیەك دایك و کچ هەردووکیان کۆچی دواییان کرد.

# بەشی سێهەم

# مەلا تایەر لە قۆناغی لاوی و هاوسەرگیریدا

*** لە ساڵی ١٩٥٢ تۆ ئەو کاتە تەمەنت حەڤدە ساڵان بووە و لاو بوویت، ئەو کۆبوونەوەیە چی بوو لە ماڵی ئێوەدا کرا، مەبەستەکە سیاسی بوو یان کۆمەڵایەتی؟**

- بەڵێ لەو ساڵەدا کە تۆ دەیڵێیت، کۆبوونەوەیەکی گەورە لە گوندی تەپی سەفای خواروو لە ماڵی باوکمدا (حاجی عوسمان) بەسترا، لەبەر ئەوەی ماڵی ئێمە حەوشەیەکی گەورەمان هەبوو، حەسیر و لەباد و فەرشی لاکێشەی ئێرانی بەڕیز و بەرامبەری یەکتری داخرابوون. میوانەکان ژمارەیان نازانم بەڵام زۆر بوون، مەبەست لە کۆڕ و دانیشتنەکەیان هەڵبژاردنی سەرۆك هۆزو عەشیرەتەکان بوو، پیاوماقوڵانی شارەزووریش هەموو لەوێ ئامادە بوون.

لەو کۆڕەدا مامە حاجی هەیەرم وتی بە خاڵۆ حەمەی ئەولمحەمەد لە گوندی خێڵی حەمە وا من و تۆ خەریکە پیر ئەبین، با لەبری تۆ حەسەنی کوڕت کاروباری عەشیرەتی نەوروڵی بەڕێوە ببات. ئەوەبوو کاك میرزا حەسەن خوا لێی خۆش بێت کرا بەبرا گەورەی نەورۆڵییەکان.

هەروەها کاك حەمەڕەشیدی ئەولمحەمەد کرا بە برا گەورەی عەشیرەتی سەیانی، فەتاحی حەمە فەرەجیان دانا بە برا گەورەی میروەیسییەکان، قادری ساڵحیش بوو بە برا گەورەی عەشیرەتی شێخ سمایلی، ئەفراسیاب بەگیش بوو بە برا گەورەی بەگەکانی هەورامان، بەگزادەکانی جافیش داود بەگیان کرد بە برا گەورەی خۆیان، حەمەئاغا بوو بە سەرۆکی عەشیرەتی گلاڵی، کە باپیری مارف ئاغایە و دواتر حسێن ئاغای کوڕی جێگای گرتەوە، دواتریش کاك مارفی کوڕی.

بەم شێوەیە هەموو عەشیرەتەکانی شارەزوور و ناوچەکە هەڵبژێران و دواتر هەموویان پێکەوە سوار بوون و بەرەو گەرمیان کەوتنەڕێ، لەو

دەڤەرە حاجی قادری شاتری پێشوازی لێکردن و لەوێشەوە بەرەو ماڵی داود بەگ ڕۆشتن بۆ کەلار، لەوێ کۆبوونەوەی کۆتایی و دوابڕیاریش لەسەر پێشنیاری عەشیرەتەکان دراو بە ئیجماعی هەموویان تەسدیقی بڕیارەکە کراو سەرۆکی هۆز و تیرە و عەشیرەتەکان سیفەتی فەرمییان وەرگرت[1].

دوو ساڵ دواتر کاتی هەڵبژاردن و تەعین کردنی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هاتە کایەوە، ئەو حەشیمەتە بە هەمان شێوە لە تەپی سەفا کۆبوونەوە. حەسەن بەگ و حامید بەگ نائب بوون لە بەغدا، خەڵکی کەوتنە گێچەڵ لەو دوو نائیبە و وتیان ئەوانمان ناوێت، سوێندیان خوارد دەنگ بەو دوو نوێنەرە نەدەن و لەبری ئەوان نوری ئەحمەدی تەها و ئەنوەربەگی جەمیل بەگ، ئەفراسیابی ئەحمەد موختار جافیان دیاری کرد وتیان دەنگ بەو سێ کەسە دەدەین، نوری سەعید سەرۆك وەزیران بوو، نائب بە تەزکیە دادەنرا، هەمووی دەنگی کرد بەیەك و بەڵێنیان بە یەکتر دا کە خیانەت لە بەڵێنەکەیان نەکەن و ئەو سێ کەسە دەستنیشان بکەن بە نوێنەرایەتی لە بەغدا.

دەنگوباس گەیشتە بەغدا، ساڵح جەبر هات بۆ هەڵەبجە و باردودۆخەکەی ئاسایی کردەوە.

حەسەن بەگ نامەی نارد بۆ مامە حاجی هەیەرم نووسیبووی: لەبەرئەوەی ئێوە دەنگتان خستووەتە پاڵ دەنگی خەڵکی ناوچەکە تا دەنگ بە ئێمە نەدەن، ئەوا منیش مولکی تەویلەجۆ دەخەمە ئیزالە شیوعەوە لە

(١) لەم کۆبوونەوەیەدا یان کۆبوونەوەیەکی هاوشێوەی ئەوە بووە ئامانجێکی تر هەبووە کە زیاتر سیاسی بووە تا ئەوەی کۆمەڵایەتی بێت، چونکە لە ئەنجامی ڕاپەڕینی گەلانی عێراق لە ماوەی سالانی نێوان ١٩٤٨-١٩٥٢ دا حکومەتی پاشایەتی، ڕۆژی ١٩ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٥٤ دەستنیشان کردووە، بۆ ئەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی تێدا هەڵبژێردرێت، عەشیرەتە کوردییەکان لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاریانداوە لەو هەڵبژاردنەدا پشتیوانی لە حامید بەگ و حەسەن بەگی جاف نەکرێت و دەنگەکانیان بدەن بە ئەنوەر بەگو ئەفراسیاب بەگ و نوری ئەحمەد تەها.

دادگا. مامەم بەو نامەیە زۆر پەست بوو نامەیەکی توندوتیژی ڕەقی بۆ نووسیوی و وەڵامی دایەوە، کە کەس پیاوی ئەوە نییە بتوانێت دەست بۆ موڵکی باب و باپیرمان بەرێت لە بەر جۆگەی تەوێڵەجۆدا، ئەوە لە زەمەنی باپیرتان بە زۆر خۆتان کرد بە هاوبەشمان لە بەری چەند جۆگەیەکدا، ئەگینا بستێ زەویتان لەم ناوچەیەی ئێمەدا نەبوو، چیت لە دەست دێت بیکە.

دوای ئەوە بارودۆخ ئاسایی بوویەوە، دۆستایەتی و هاوڕێیەتی مامەم و باوکم لە گەڵ حەسەن بەگدا دەستی پێ کردەوە و وەکو جارانی لێهاتەوە.

ئەو جوتیارانەش لەموڵکی حامی بەگدا کاریان دەکرد، شەو چووبوونە ماڵی ناوبراو، وە پاکانەیان بۆ کردبوو کە ئەو گردبوونەوەو سوێند خواردنە بە فیتی حاجی هەیەر و عوسمانی برای بووە، شەرابیان بۆ کردووینەتە ناو ئاوودۆ ئاگامان لە خۆمان نەماوە ئەم ناماقووڵییەمان بەرامبەر بە ئێوە کردووە ! ئەویش وتبووی درۆیەك بکەن ڕێگای تێ بچێت، ئەو پیاوانە ئێوە باسیان دەکەن کەی ئەهلی شەراب و سەرخۆش کردنن؟ ئەوانە پیاوی مزگەوت و ئیمانن.

## * خالۆ تۆ سەربازییت کردووە، یان (بەدەلت) داوە و نەگیراویت، بۆچی خەڵکی قەڵس بوون لە سەربازیی؟

- با باسی سەربازییت بۆ بکەم، کاتێ کەسێك موالیدەکەی دەگیرا ژنان دەستیان دەکرد بە شین و شەپیور و لە خۆدان بۆی، وەکو ئەوەی ئەو کەسە بۆ مردن بڕوات و نەیەتەوە، یان وەکو ئەوە وابێت کۆتایی دنیا بێت و وڵاتیش لە جەنگێکی بێ ئاماندا بێت، دواتر ئەم بەیتە لەسەر زاری ژنان دەماودەمی پێ دەکرا:

یاخوا ڕەزاشا شاهەنشات بمرێ
کێ دییە ئیجباری لە کورد بگیرێ

ئێستا ساڵی(٢٠٢٠)ە خەڵکی بە ئاواتەوەن کوڕەکانیان لەسەربازی وەربگیرێت، بۆ ئەوەی بتوانن خۆیان و ماڵ و مناڵیان بەخێو بکەن، زەمەن ئاوا لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر گۆڕانی بەسەردا دێت.

دەروێش کە پێیان دەوت (دەشە)ی پۆلیس ئامر مەفرەزەی دەرچوون بوو بۆ لادێکان، بە دوای سەربازی هەڵاتوودا دەگەڕا، کاتێ یەکێك لە شار دەهاتەوە پرسیارییان لێ دەکرد، دەنگوباسی شار؟ ئەویش ئەگەر چاوی بە دەشە کەوتبێت ئەیوت: دەشەم بینیوە لەگەڵ مەفرەزەکەی سوار بوون، هەر ئەمەی دەوت، هەرچی سەربازی هەڵاتوو هەیە ئەم دەشتە پان و بەرینەی شارەزووریان لێ دەبوویە قوڵکە جەوت و نەیاندەزانی لە کوێدا خۆیان بشارنەوە، خۆیان دەخستە ماڵی باپیرەت[1] لە گوندی شەکرالی، یان ماڵی باوکمو مامەم لە تەپی سەفا، یان ماڵی مامە حاجی مستەفا و ڕیش سپی و دیوەخاندارەکانی تری شارەزوور، بەو شێوەیە ماڵی خانەدان و دەستڕۆشتووەکان دەبووە شوێنی خۆحەشاردانی سەربازە هەڵاتووەکان.

کاتێ مەفرەزەکەی دەشە دەهات بۆ پشوودان و نان خواردن، خۆیان دەکرد بەو ماڵانەدا، دواتر شەرمی ئەوەیان دەکرد کە دەست بۆ کەسێك لەو ماڵەدا بەرن و بەو شێوەیە خۆیان قوتار دەکرد.

لەو زەمەنەدا لە تەپی سەفا مامە حەمۆل و حەمەئەمینی ساڵح و حاجی عەبدول و حاجی ئەولمحەمەد و عەبدوڵای شامراد و چەند کەسێکی تر سەربازی هەڵاتوو بوون. ڕۆژێکیان دەشە بەخۆی و مەفرەزەکەیەوە هاتنە گوندی تەپی سەفا و لە ماڵی باوکم لایاندا، ئەو کاتە من مێردمناڵ بووم، میمکە ڕەعنام چای بۆ لێنابوون و نان و ماست و کەرەی بۆ دانابوون، باوکم لە دەشت هاتەوە و منی بینی بەشەرمەوە چاکەیان بۆ دادەنێم، وتی: ڕەعنا ئەوە کوا حەمەئەمینی ساڵح لەکوێیە؟ کاك حەمەئەمین بەڕەحمەت بێت وەکو کوڕی ماڵی خۆمان وابوو، کاتێ مەفرەزەکە هاتنە ئاوایی، ئەو

---

(١) مەبەستی باپیری نوسەرە.

خۆی کردبوو بەماڵی باوە سەید محەمەددا و خۆی شاردبوویەوە، میمکە ڕەعنام چووە دەرەوە بانگی کرد: هۆ حەمۆمین، حەمۆمین، عوسمان بانگت ئەکات، کاك حەمەئەمینیش هاتەوە، چایەکەی بۆ پۆلیسەکان دانا، دەرویش تەماشای کاك حەمەئەمینی کرد و وتی ناشێ ئەمە یەکێك بێت لە هەڵاتووەکان؟ باوکیشم وتی بۆچی نا خۆیەتی، ئەی نیازت چییە؟ ئەویش وتی نیازی چی خاڵۆ عوسمان قابیلە ئەو لەمماڵەدا بێت و من دەستی بۆ بەرم!

بۆ سەربازیی خۆم پرسیارت کرد، بەڵێ من و عەلی حاجی میرەحمەد لە تەپەکوڕە و حەمەی مامە حاجی موشیر کە من لەوان گەورەتر بووم، لە تەجنیدی هەڵەبجە بووین، ساڵی ١٩٥٩ بوو، دەفتەر خزمەتی هەرسێکمانیان گل دایەوە کە سەوقمان بکەن بۆ سەربازی. هەردوو ناوبراو لەو ڕۆژەدا سەوق دەکران، منیش وتم بە ئەنوەر و فەتاح کە هەردوکیان نایب زابت بوون، وتم بزانن شتێکم بۆ ناکەن؟ وتیان کاك مەلا ئەگەر حەزت بە سەربازی نییە ئەوا چوار دینار بێنە با تەسکەرەکەت بدەینەوە، چوار دیناریش زۆر زۆر بوو، وتیان ئەگەر چوار دینارەکە بهێنیت ئەوا ڕزگارت دەکەین لە سەربازی، منیش پارەکەم بۆ بردن و بەو شێوەیە سەربازیم نەکرد.

## * کەی خێزانت پێکەوەنا و زەماوەندت کرد، ژن داواکردن و زەماوەند چۆن بوو لەو کاتەدا؟

- لەساڵی ١٩٥٩ کە ئەو کاتە تەمەنم گەیشتبووە ٢٤ ساڵ، باوکم و مامەم کەوتنە سۆراخی ئەوەی کێم بۆ دەستنیشان بکەن، ئەوەبوو ئامینە خانم کچی لالە حەمەی عەلی سان ئەحمەدیان بۆ هەڵبژاردم، پێشتر بنەماڵەی خەزوورم لە گوندی تەپی سەفادا بوون، لەساڵی ١٩٤٦ باریان کردبووە گوندی شەکرالی و تەپی سەفایان بەجێ هێشتبوو.

لالە حەمە هـاوڕێی نزیکـی بـاوکم و لەهەمـان کاتیشـدا زاوای بـوو، چونکە پورە نایلە کچی مامە عەبدوڵای ئامۆزای باوکم، خێزانی لالە حەمە بوو، واتە پێشتریش هەر خزم و تـێکەڵاو بـوین، پـورە سەعاتیشـم خێزانـی حاجی ئەحمەدی برای بوو.

ئەوەبوو داوای ئامینەیان بۆ کـردم، بەڵام ئەوانـیش وەکـو عـورفی ئەو سـەردەمە داوای ژنیـان بـۆ یونسـی کوڕیـان دەکـرد. یـونس[1] ئەو کـاتە مێردمناڵ بوو، بـاوکم وتـی منـیش ئافتـاوی کچـم دەدەم بە یـونس ئەگەر دواتر گەورەبوون و بەیەك ڕازی بوون پیرۆزی یەکتر بن.

ئەوەبوو من زەماوەندی خۆمم کرد و ژنم گواستەوە، یونس و ئافتاوی خوشکم دوای شەش ساڵ لەو بەروارە گەورەبوون و بەیەك ڕازی بوون و زەماوەندیان کرد.

شێوازی داواکردن و شایی و زەماوەندیش بەم شێوەیە بوو: لە سەرەتادا چەند کەسێك دەچوون بۆ خوازبێنی و دواتر دەست ماچ دەکرا و چـایەك دەخورایەوە، پاشـان مەلا دەبـرا بـۆ مـارە بـڕین و دوای ئەوەش کـات بـۆ گواسـتنەوە دەستنیشـان دەکـرا. ڕۆژێـك پـێش بـوك گواسـتنەوە پێخەسـوو دەڕۆشـت بـۆ مـاڵی بـاوکی بـوك و شـەوێك لەوێ دەمـایەوە، خەنەبەنـانی دەکرد، کولیچەی دروست دەکرد، ڕۆژی دواتر سوارەکان خڕ دەبوون بە ڕمبازیی و فیشەك تەقانـدنەوە دەچـوون بەدوای بوکـدا، بوکیـان بەسـواری ئەسپێك یان ماینێکی ئامادەکراو دەگواستەوە، لەماڵی زاوا دەست دەکرا بە هەڵپەڕکێ و گۆرانی و ئاهەنگ، حاجی جەباری خۆمان بە لاوی یەکێـك بوو لە گۆرانی بێژەکان و شایی گەرم دەکرد.

هەورامییەکان بە هێستر بوکیـان دەگواسـتەوە چـونکە شـوێنیان سـەخت بوو، و بەچەپڵەڕێزان و گۆرانی وتن دەکەوتنە شوێنی بوك، تا دەیانبرد بـۆ

(١) یونس محەمەد عەلی سان ئەحـمەد ناسـراو بە شـەهید هـاوار بـاوکی نوسـەری ئەم کتێبەیە لە١٩/٤/٩٧٨ لە گوندی میری سور شەهید کراوە.

ماڵی زاوا.

پێش من کاکە حەمەم ژنی هێنا ئەو سێ ساڵ لە من گەورەتر بوو، ئەو ڕۆژە خاتوو ڕەحمەی مامە سمایلیان بۆ گواستەوە لەباد و حەسیر و فەرشی لاکێشە و بەرگنی ڕەش گوڵی سوری تێدابوو، یان بەرگنی سپی و گوڵی ڕەش بەو شێوەیە بوو، لەبادی لاکێشەی (یەك بە چوار) هی ماڵی لالە حەمەنسیم بوو، ئەمانە هەمووی ڕاخرابوون. ژمارەیەکی زۆر ئاژەڵ سەربڕابوو، لەکاتی گەرمەی شاییدا تەقینەوەیەك ڕوویدا، خەڵکەکە هەموو شڵەژان، کاتێ چوونە ژوورەوە ئەزانن باروتە و ئاگری جگەرە لەناو تاقی ماڵدا بووەتە هۆی تەقاندنەوەی، باش بوو بێ زەرەر و زیان بوو.

لەو شاییەدا خزمانی هەڵەبجە و عەبابەیڵی و گوندەکانی ئەو دەوروبەرە هەموویان لەوێ ئامادەبوون.

## * ئاشنایەتی و خزمایەتی ئێوە و خەزوورەت لالە حەمەی عەلی سان ئەحمەد دەگەڕێتەوە بۆ کەی؟

- لالە حەمە کوڕی مامەلی (مام عەلی) کوڕی سان ئەحمەدی میرزایە لە هۆزی وەلی، کە لە شاتری جیابوونەتەوە، لە زەمەنی کۆچ و ڕەوی جافایەتیدا لەگەڵ هۆزی یارەویس پێکەوە بوون، واتە لەیەکتر دانەبڕاوین، تا ئەو کاتەی لە گوندی تەپی سەفا جێگیر بووین، لالە حەمەش هاتە ئەوێ و جێگیر بوو، تا ساڵی ١٩٤٦ بنەماڵەکەیان لە گوندی تەپی سەفادا بوون، خانووەکانیان لەو شوێنەی ئێستای ماڵی حاجی حەمەفەرەجی حاجی حەمەنەسیم دا بوو، لەو بەرواره بە دواوە گوندی شەکرالی ئاوەدان کردەوە و لەوێ نیشتەجێ بوون، تا ئێستاش (٢٠٢٠)ە زەوی و زار و خانووبەرەیان لەوێیە، کە خۆت نەوەی ئەویت و ئاگاداری بارودۆخی بنەماڵەکەتانیت.

## * ناوی گوندی شەکرالی لە چییەوە هاتووە؟

- شەکرالی کورتکراوەی (شکر عەلی)یە واتە کەسێك لەوێ بووە بە ناوی شوکر کوڕی عەلی لەوێ دانیشتووە، دواتر ئەو ناوە کورت کراوەتەوە بۆ شەکرئەلی و لەویشەوە بۆ شەکرالی. دوای ئەوە مەحمودی یاروەیس ئەو موڵکانە دەکڕێت، مەحمودی حەسەنی یاروەیس مامەی حاجی خالید لەوێ نیشتەجێ دەبێ، دواتر باپیرم لە سەری دایکمەوە (حەمەی حەسەنی یاروەیس) بەشارەت ئاوەدان دەکاتەوە، حاجی مەحمود حەسەن ئەوێ چۆڵ دەکات و دەچێتە بەشارەت لای براکەی و مامە ڕەحیمی کەڵهوڕ دەهێنێتە ئەوێ، لالە حەمەی خەزوورەشم لەگەڵ حاجی ئەحمەدی برای و مام هۆمەر و لالە حەمەساڵح و حەمەی سۆفی هەسەندا بەشی سەرەوەی گوندەکە ئاوەدان دەکەنەوە و شەکرالی قەرەباڵغ دەکەن.

هەسەنی باوکی حەمەسەعی خاکوخۆڵ ئاوەدان دەکاتەوە و کەڵهوڕەکان وردە وردە دێنە گوندی شەکرالی و ئاوایی خاكوخۆڵ و لەولاتریش دێی تەپەگوڵاوی ئاوەدان دەکەنەوە، گوندی لامەرکەزیش درەنگتر دروست بوو.

## * کاتێ ژنت گواستەوە خانووی سەربەخۆت هەبوو، یان لەسەر ماڵ بوویت؟

- نەخێر هێشتا خانووی سەربەخۆم نەبوو، لەماڵی باوکم دەمامەوە و تا هەر چوار مناڵەکەیشمان (هومەیلا ١٩٦٣، عەبدولڕەحمان ١٩٦٦، عەبدولڕەحیم ١٩٦٨، لەیلا ١٩٧٠) هاتنە دنیا هەر لەسەر ماڵ بووم، باوکم حەزی نەئەکرد لێی داببڕێم، چونکە ئەرکمان زۆر بوو، میواندار بووین، پورە ڕەعنام بەتەنیا فریای ئەو هەمووە میوان و ئەرکە قورسانە نەدەکەوت، دەبوایە ئامینەی خێزانم یارمەتی بدایە، لەدوای ساڵی ١٩٧٤ بارم کردە باڵەخانەکەی حاجی هەیەری مامەم، فیردەوس جێگای بێت.

## * باوکت کەی مەکینە تراکتۆرە مۆلینەکەی کڕی، نرخی

## بەچەند بوو، وەکێ شۆفێری بۆ دەکرد؟

- ئەو تراکتۆرە پێمان دەوت مەکینەی تایەتەور، چونکە دوو تایە گەورەکەی ئاسن و لکدار بوون، لکەکانی وەکو دەمی تەور و باڵتە وابوو، باوکم لە ساڵی ١٩٥٥دا بەقیستی ١٩٥٠ دینار لە بەغدا کڕی، مامە حاجی مستەفا پێش باوکم هێنای بە نەوت کاری دەکرد، بەڵام مەکینەکەی ئێمە بە گاز ئیشی دەکرد، دەبوایە شۆفێریکیشیان لەگەڵدا بهێنایە، چونکە بۆ ئەو سەردەمە قورس بوو کەسێك هیچ شارەزای لە ئامێرێکی سەردەم نەبێت و بچێتە بانی ئیشی پێ بکات.

ئەوەبوو باوکم شۆفێرێکی عەرەبی لەگەڵ خۆی هێنا بەناوی ڕەددان، شیعە بوو، ماوەیەکی زۆر لە تەپی سەفا مایەوە و جوتی بە مەکینەکە دەکرد، منیش بووم بە شاگردی و وردە وردە فێربووم، ئیتر خۆم بەڕێوەم دەبرد و کەسم نەدەویست. دواتر ئەوەندە باش بووم دەمتوانی هەموو پارچەکانی بگۆڕم و سەرلەنوێ تەعمیری بکەمەوە، تا ساڵی ١٩٧٠ ئیشمان پێ کرد، دواتر مەکینەی پێشکەوتووتر هات و ئەو جۆرە تایە تەورە باوی نەماو لەکار کەوت.

## * ئەی مام حاجی مستەفا کێی کرد بە شۆفێری مەکینەکەی؟

- مام حاجی مستەفا کاتێ مەکینەکەی کڕی هەواڵی لە شۆفێرێك پرسی بوو، خاوەن کۆمپانیاکە پێی وتبوو پیاوێك لێرەیە کوردە ناوی (کەریم ڕەسوڵ)[1]ە، ئەگەر بتەوێت لەگەڵتدا دەینێرین، ئەویش کاك

(١) وەستا کەریمی ڕەسوڵ کاتێ کۆماری مهاباد دەڕوخێت بەرەو سنوری عێراق هەڵدێت، ڕێگای دەکەوێتە ماڵی بابەکر ئاغای پشدەر، کاتێ دێتە ئەوێ بڕنەوێکی درێژی پێ بووە، چەند ڕۆژێك لەماڵی بابەکر ئاغا دەمێنێتەوە، ناوبراو ئەڵێت کوڕی خۆم ئەم چەکەت پێ ببینن لێت وەردەگرن و بەندیشت دەکەن، لێرە دایبنێ ئەوە ١٥ دیناریش بۆ خۆت، بڕۆ بۆ کەرکوك لەوێ کارت دەست دەکەوێت، بەو شێوەیە دەچێتە کەرکوك و پاشان بەغدا، تا دواتر نسیبی کەوتە تەپی سەفا (مەلا تایەر یاروەیسی).

کەریمـی لەگەڵ خۆیـدا هێنـابووەوە بـۆ تەپـی سـەفا، وە بـوو بە شـۆفێری مەکینەکەی.

کـاك کەریـم پێشـمەرگەی کۆمـاری مهابـاد بـوو، لەکـاتی ڕووخـانی کۆماردا هاتبوو بۆ عێراق و لەشاری بەغدا مابوویەوە، تا ئەو کـاتەی مـامە حاجی مستەفا ئەو تراکتۆرەی کڕی و کردی بە شۆفێری خۆی، ئیتـر بـوو بە خەڵکی تا ڕووخان و چۆڵبوونی لادێکان لەساڵی ١٩٨٧دا لەوێ مانەوە.

## * پـێش کڕینـی مەکینـە تـایە تەور چـۆن جوتتـان دەکـرد؟ کەرەستەکانی جوتکردن چی بوون؟

- جـوت و زەوی کـێڵان بە وڵاخ دەکـرا، ئەوە ئێـوە لە سـەردەمی خۆشـگوزەرانیدا لەدایـك بـوون و هـیچ زەحـمەت و مەینەتێکـی ژیانتـان نەبینیـوە، هەمـوو هۆکارەکـان لەم سـەردەمەی ئێـوەدا بـووە بە ئـامێر و کۆنترۆڵ، ئێمە وا نەبووین، دەبوایە هێزی بازوو بەکـاربێنین، ئەی ناپرسـیت بۆچی هەموو خێزانێك حەزیان بەوە دەکرد منداڵیان زۆر بێت و زۆربەشـیان کوڕ بێت؟ چونکە پێویستیان بە هێزی بازوو بوو لەگەڵ دەستی کاردا.

ئەگەر جوتیارێـك دوو گـای باشـی هەبـوایە بەختێکـی باشـی هەبـوو، وڵاخەکە ببوایە بە سێ ساڵ و ببـوایە بە نـۆبەنە کـۆڵە ئامـادەی جـوتکردن دەبوو، سەرەتا وردە وردە فێر دەکراو ڕادەهێنرا بچێـتە ژێـر نـێڵە و خەتـی خۆی بگرێت، ئامێرەکانیشی بریتی بوون لە: (هێش) و (مـژان) و (هەپە) و (نێڵە) کە لەداری گوێز و بییە کاژاوی دروست دەکـرا، لەبـادی تێـدەگیرا بۆ ئەوەی سەرپشتی گاکان بریندار نەبن، (وێژە) و (چەڵەمە) و (گـاینجە)، (گاسـن)، (دەستەکەوشـە)، (کەڵەمە) کە لە داری بەڕوو دروسـت دەکـرا، (نەقیزە) و (هێشەماڵە)، ئەمانە کەرەستەی پێویست بوون بۆ جوت کـردن و بەهەموویانەوە کاری گاسنێکی ئاسنی ئەمڕۆیان دەکرد.

جوتیـار گەنـمەکەی دەدا بەسـەر شـانی گاکانـدا و دەچـوو بـۆ سـەر

زەویــیەکەی، لە بەیـانی زووەوە تـا نیـوەڕۆ جێگـای تەنەکەیەك گەنمیـان دادەچێنا، ئەگەر گاکـان خێراتـر بوونـایە دەبـوو بە تەنەکە و مەنێـك، خـۆ ئەگەر جوتیارێك گاکەی مردار بوایەتەوە ئەوا لە باوك مردن ناخۆشتر بوو بە لایەوە، شیوەنی بۆ دەکرد و ئەیوت باوکەڕۆ سەری نێڵەم کەوتە زەوی، منالّەکانم ئەمرن لە برسیدا، ئـاوا گـا مـردن هێنـدەی کۆسـت کەوتنێـك بە ئازار بوو.

ئەگەر کەسـێك ئەو کارەسـاتەی بهاتـایە بەسـەردا دەچـوو بـۆ لای کەسێکی وڵاخدار نـۆبەنێکی دەهێنـا و فێـری جـووتی دەکـرد، پـایز بـۆی دەبردەوە، بۆ ساڵی داهاتووش بەهەمان شێوە نۆبەنێکی تری بۆ ڕام دەکـرد و دەیخستە ژێر نێڵە، ئەمە بۆ هەردوکیان باش بوو، ناوەڕۆکی ئەو پەنـدەی دەهێنـایە دی کە دەڵێـت (قشـقەڕە لەبەر ڕەزای خـوا پشـتی گوێـدرێژ ناخورێنێت)، لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی خێرۆمەند زۆر بوون.

## * جۆری تۆوی گەنمەکان چی بوون لەو کاتەدا؟

- ئەم جـۆرانە هەبـوون: سـەوزەقانی، عەجیـبە، گـوڵەڕووتە، گەنـمە چەرمەڵە و گوڵڕەش و دواتر تۆوی موسڵی هات، ئەمانە تۆوی گەنمی ئەو کاتە بوون.

## * ئەو تۆوە چی بوو حەزرەتی شێخ عوسمان هێنـای بـۆ بـاپیرم بیچێنێت؟ لەکوێوە هێنابووی؟

- بەڵێ کۆتایی چلەکان بوو حەزرەتی شـێخ تـۆوێکی لە ئێـرانەوە هێنـا وتی بە باوکم، عوسمان ئەم تۆوە زۆر بە بڕشت و بەرەکەتە، دوو تەنەکەم لێهێناوە نەمداوە بەکەس، حەزم کرد تـۆ دایبچێنیـت، جـۆرەکەی وایە زۆر بەرز دەبێت، باڵای هێندەی قەڕام دەچێت بە ئاسمانا و سـوار ون دەکـات، گوڵەکەی زۆر درێژە، بەڵام لەکاتی کوتاندا لیقە و ناخۆش پاك دەکرێت.

بەڵێ ئەو گەنمە دەنکی دوو هێندەی گەنمی موسڵی دەبوو، نانەکەشی زەرد بوو وەکو نانی گەنمەشامی و خواردنیشی زۆر بەتامو لەزەت بوو، باوکم ئەو ساڵە دایچێنا، بوو بە سی تەنەکە، واتە ڕێژەی یەك بە پازدە زیادی کرد، بەڵام هەمووی هەڵگرتەوە بۆ تۆو و نەیهێشت بخورێت، بۆ ساڵی ئایندە کردیەوە بە تۆو، ئەمجارەیان بوو بە ٤٥٠ تەنەکە و بڵاو بوویەوە لە شارەزووردا.

*** خاڵۆ ئێوە کە خاوەن موڵك بوون بۆچی باوکت و مامەت و ئامۆزاکانیان پێش ئەوەی بڕیاری دابەشکردنی زەوی بدرێت بە یاسای چاکسازی کشتوکاڵ (قانون الاصلاح الزراعي) لەساڵی ١٩٧٣دا زەوییەکانیان دابەش نەکرد بەسەر مناڵەکانیاندا تاوەکو لە کیسیان نەچێت؟**

- هەرگیز بەخەیاڵی کەسیاندا نەدەهات کە میری بڕیارێکی وا بدات، زەوی موڵك کە تاپۆی ڕەشی عوسمانی هەبێت و دابەش بکرێت، ئەو زەوییانە داگیر نەکرابوون و بە خۆڕایی و بەخشش نەدرابوو بە باو باپیرانم تا ترسی ئەوەیان هەبێت لێیان زەوت بکەن. باپیرە گەورەمان مەحمودی یاروەیس چەندین کیسە لیرەی زێڕی سووری ڕەشادی کردبووە دەستی حکومەتی عوسمانییەوە و تاپۆی ڕەشی هەبوو، کە تاپۆکانی تا ئەم دواییانەش مابوون. ئەمە هۆکاری یەکەمی گوێ پێنەدانی باوکم و کەسوکارم بوو کە بێ خەم بوون و باوەڕیان بە دابەش کردنی موڵکی شەرعی خۆیان نەبوو، بەڵام حکومەتی عێراقی لەو بڕیارەدا زوڵمی لێ کردین. بیرمە حەمەسەعید بەگی ئەفراسیاب بەگ وتی بە مامە حاجی مستەفا، حاجی موڵك نامێنێت، ئەم موڵکانەی خۆتان دابەش بکەن بەسەر مناڵ و کەسوکارتاندا. تەنانەت حەمەسەعید بەگ وتی من موڵکەکەی

خۆم دابەش کردووە بەسەر کچ و کوڕەکانمدا، هەرچەندە مولْکەکە هی ئامینەخانی خێزانی بوو، بەڵام توانی مناڵەکانی سودمەند بکات لەو مولْکە و دابەش نەکرێت بەسەر خەڵکدا، وە خوا لێی خۆش بێت ڕەشە جەنجەڕیش هەمان قسەی حەمەسەعید بەگی بۆ باوکم کرد، بەڵام باوکم لەبەر مامە حاجی هەیەری برای دڵی نەهات ئەوە بکات، چونکە ئەو مناڵی نەبوو، ئەیوت ئەگەر من مولْکەکەم دابەش بکردایە بە سەر مناڵەکانمدا کاکەم دڵی لەخۆی دادەما و خەفەتی دەخوارد، بۆیە وتم شەرتبێ منیش ئەوە نەکەم، خوا کەریمە دابەش ناکرێت و تەنها دەنگۆیەکە بۆ ترساندنی ئێمە بڵاو دەکرێتەوە. ئەوەبوو دواتر زەوییەکان دابەش کران و یەکی تەنها چل دۆنمیان بۆ مایەوە.

یەکەم جار لە زەمەنی عەبدولکەریم قاسمدا مەلاك نەدەبوو لە هەزار دۆنم زیاتری هەبێت، دواتر ئەحمەد حەسەن بەکر کردی بە شەست دۆنم و سەددامیش کردی بە چل دۆنم.

## * ئایا لە ساڵانی چلەکان و پەنجاکاندا مێشوولە و مەگەز و دوپشك و مار لەشارەزووردا چۆن بوو، حکومەت قەلاچۆی دەکردن؟

- لەو زەمەنەدا کە تۆ دەپرسیت، هەموو ئەو حەشەرانە زۆر زۆر بوون، کێچ هێندە زۆر بوو کەس نەیدەتوانی لە بەهاردا لە خانوودا بسرەوێت، ناچار لە دوای نەورۆزەوە بارمان دەکردە دەرودەشت، تا پایز نەدەهاتینەوە ناو ئاوایی. مێشوولە بەهەمان شێوە لە دەرودەشتیش وازی لێ نەدەهێناین. مار و دوپشکیش زۆر بوون، ڕەشەبا بوایە لەو گردەی خۆمانەوە دوپشك دەهاتنە خوارەوە بۆ باڵەخانەکە و ماڵەکانی تەنیشت گردەکە، زۆر جار کاتێ ژن تەپکەیەکی هەڵبدایەتەوە لەسەربان دوپشکێك یان دەمارەکۆلێك لە ژێریدا خۆی حەشار دابوو.

تیمی قەڵاچۆکردنی مار و دووپشك و مێش و مەگەز لە پێش هاتنی عەبدولکەریم قاسم دا پەیدا بوو، دەهاتن بۆ گوندەکان دەرمان ڕشێنی خانووەکان و گەوڕ و کایان و بن پاسارەکانیان دەکرد، بەمەش تا ڕادەیەکی باش بارودۆخ و گوزەرانمان لەناو ئاواییدا باش بوو، مرۆڤ بە ئەرخەیانی دەخەوت.

## * چۆن دەچوون بۆ شار؟

- ئەوەی بیرم مابێت لە ساڵانی چلەکاندا باوکم و مامەم و کەسوکار بەسواری وڵاخەکانیان دەڕۆشتن بۆ ناحیەی سیروانی ئێستا کە ئەو کاتە دوو گوندی (جان جان) و (کێلەسپی) بوو، پێیان دەوت دوجەیلە و کاتێ بوو بە ناحیە بە بۆنەی ڕووباری سیروانەوە کە نزیکە لێی، ناونرا ناحیەی سیروان، پێشتر ماڵی لالە ئەحمەدی هەسەن لە کێلەسپی بوون، لالە حەمەئەمینی حامید لە جان جاندا بوون، ئەوان بناغەی ناحیەکەیان دروست کرد.

کاتێ خەڵکی ئاوایی خۆمان دەڕۆشتن بۆ سلێمانی ئەسپ و ماینەکانیان لە تەنیشتی چاخانەکەی مام کەریم دەبەستەوە کە لەسەر ڕێگای بەشارەت بوو، مام کەریم ئاڵفی دەدانێ تا دەگەڕانەوە. سواری لۆرییەکەی عەزە دەبوون دەچوونە سلێمانی، کەلوپەل و پێداویستی خۆیان دەکڕی و دەگەڕانەوە بۆ دوجەیلە، شتومەکەکانیان دەنا لە وڵاخەکانیان و دەهاتنەوە بۆ ناو ئاوایی.

جادەی کۆن بە بەرد ڕەسیف کرابوو، لە ساڵانی شەستەکاندا جادە نوێیەکە دروست کرا. جادەی کۆن ڕاست لە سیروانە بۆ حاجی ڕەقە و پردی کۆن و لەوێوە بۆ دۆڵاش و ناوگردان و سەیدسادق دەڕۆشت، دواتر بە هۆی کردنەوەی بەنداوی دەربەندیخانەوە لە ساڵی ١٩٦١ ئەو

جادە کۆنە بڕا و دەبوایە بە ناو گوندەکانی گردی گۆ و تەپەڕێزینە و قەدەفەری و گردەنازێ و گامێش تەپەوە بڕۆشتیانەیە بۆ سەیدسادق و سلێمانی. ئەم جادە تازەیە هەرچەندە قیر و خۆش بوو بۆمان، بەڵام یەك خراپی هەبوو هێزی سەربازی ڕژێم خێرا دەگەیشتنە ناوچەکە و موسەیتەر دەبوون بەسەرماندا.

## * کاك فەتاح کە لەگەڵ پورە ئامینەی دایکیدا لە قاتی خوارەوەی باڵەخانەکەدا بوون، کەی هاتن بۆ تەپی سەفا؟

- فەتاح و پورە ئامینەی دایکی خوالێیان خۆش بێت پێش هاتنی زەعیم سدیق هاتن بۆ تەپی سەفا، واتە لەدوای ڕوخانی مەلیك و هاتنە سەر حوکمی عەبدولکەریم قاسم هاتوون بۆ ئێرە، ئەویش لە ڕێگای مەحمودی ماڵی مامەمەوە بوو، کە ئەویش کوردێکی بە ئەسڵ ڕۆژهەڵاتی بوو. مەحمود پێشتر هاتبووە ماڵی مامەم و لەوێ کاری دەکرد، دوای چەند ساڵێك چوو بوو بۆ خزمەتی شێخ عوسمان پێی وتبوو قوربان دەمەوێت بڕۆم بەرەو بەغدا و ئەو ئەو شارانە، لەوێ کار هەبێ بیکەم، یان لەوانەیە بگەڕێمەوە بۆ ئێران و زێدی خۆم، چی دەفەرموویت؟ جەنابی شێخیش فەرمووبووی برا گیان خاڵۆ حاجی هەیەر بەجێ مەهێڵە، گەر دوور بکەویتەوە لێی زەرەر دەکەیت، ئەوەبوو ڕۆشت و مامەمی بەجێ هێشت، لە ناوەڕاستی عێراق توشی ڕەشبگیری دەبێت کە لەو کاتەدا هەر ئێرانییەك کەوتبێتە بەردەست میری دەست بەسەری کردووە، ئەویش لەو زیندانەی تیایدا بووە توشی فەتاح دەبێت کە بەهەمان شێوە ئەویش گیراوە.

دوای ئەوەی دەستگیرکراوەکان دەبەن بۆ خانەقین تاوەکو ئاودیوی سنووریان بکەن، لەوێ بە مەئمورەکان دەڵێن ئێمە خەڵکی ئوستانی ڕەزائییەین، لێرەوە ناتوانین بڕۆینەوە بمان بەن بۆ سنووری خۆمان. ئەوانیش دەیانهێننەوە بۆ سنوری تەوێڵەو شۆشمێ، تا ئاودیوی ئێرانیان بکەنەوە، مەحمود پارە دەدات بە پۆلیسەکان، ئەوانیش پێش ئەوەی بگەنە مەخفەر

دایان دەبەزێنن و پاڵیان پێوە دەنێن، هەردووکیان بە دوو قۆڵی دێنەوە بۆ تەپی سەفا.

مەحمود وتبووی بە فەتاح بەخوا حەزرەتی شێخ عوسمان ڕاستی فەرموو نەدەبوایە مام حاجی هەیەر لە تەپی سەفا بەجێ بهێڵم، ئەگەر تۆش دێیت دەتبەم بۆ ئەوێ و لەوێ پێکەوە کار دەکەین، ئەوان کەسانێکی باش‌و ئیماندارن و زوڵم لەکەس ناکەن، وەکو کەسوکاری خۆیان قبوڵمان دەکەن. مەحمود کاتێ هاتەوە فەتاحی لەگەڵ خۆی هێنابوو، مامە حاجی هەیەریشم پێی وتن بۆ خۆتان لەم ماڵەدا دابنیشن و ئیش و کاری خۆتان بکەن، ئێمە چی دەخۆین ئێوەش ئەوە بخۆن و بەرگ و پۆشاکی پێویست و شوێنی خەوتن و حەوانەوەتان بۆ دابین دەکەم، وەکو کوڕی خۆم مامەڵەتان لەگەڵ دەکەم.

دواتر کە فەتاح جێگیر بوو، شوێنەکەی بەدڵ بوو، کەرەمتووی دەکرد و مانگانەش سێ دینار و نیوی لە مامەم وەردەگرت، دوای ئەوەی ئاوارەبووین و پاشتر لە هانەگەرمەڵە هاتینەوە ڕۆشت بۆ کەرکوك پورە ئامینەی دایکی لەگەڵ خۆیدا هێنا بۆ تەپی سەفا و بەیەکجاری لەوێ نیشتەجێ بوون، مامەشم دوو ژووری لە نهۆمی یەکەمی باڵەخانەکە پێدان، تا ڕووخانی تەپی سەفا لە ساڵی ١٩٨٦دا لەو ژوورانەدا بوون و ساڵی ١٩٨٧یش وەکو خەڵکی تەپی سەفا ئاوارەی هەڵەبجە بوون و لە کیمیابارانەکەشدا ڕۆشتنەوە بۆ ئێران، دایکی لەوێ لە زێدی خۆی لە تیکانتەپەی هەوشار لەناو کەسوکاری خۆیدا کۆچی دوایی کرد.

## * ئایا توتنتان دەچێنا؟ یان ئەو ڕووەکە درەنگتر لای ئێوە بوو بە کەسابەت و بژێوی جوتیارەکان؟

- مێژووی ڕووەکی توتن زۆر کۆنە، لەلای خۆمان و لەم ناوچەی هەڵەبجە و شارەزوورەدا چاوم کردووەتەوە، توتن هەبووە و کراوە و پارەی خۆی کردووە. حامید بەگی جاف چ وەکو خاوەن موڵکێك کە

زەوی و زاری زۆری هەبوو، وە چ وەکو بەرێوەبەری کارگێڕی حکومەتی ناوچەکە، سالآنێك قایمقام و فەرمانڕەوای ئەم سنووره بوو، پەرەی بە چاندنی توتن دا لە هەڵەبجە و زەمەقی و سیروان و ئەم گوندانەی دەوروبەر. وە حکومەتی پاشایەتیش گرنگی بە کشتوکاڵە دا و فەرمانگەی ئینحیساری لە هەڵەبجە بۆ کردەوە. توتن کردن لە سەرەتاوە ئاسان نەبوو، چونکە بە چەند قۆناغێکی یەك لەدوای یەکدا دێتە بەرهەم، ئەوەش هونەری خۆی دەوێت و کەسێك یەکەم جاری بێت نازانێت دای بچێنێت. هەربۆیە خاوەن موڵکەکان کەسانی شارەزایان دەنارد بۆ گوندەکان تا جوتیارەکان ڕێنمایی بکەن و هونەری بەرهەم هێنانی توتنیان لێوە فێر ببن. ئەو قۆناغانەش کە بۆ توتن پێویست بوون، بریتی بوو لە: شەتڵ داکردن و گۆل بڕین و شەتڵ لێدان و ئاودێران و بژارکردن و پاشان گەڵاشکێن و توتن لێدان و کردنی بە شریتەوە و هەڵخستنی لەبەر خۆر تا وشك بێتەوە و پاشان دەخرایە زیندان بۆ چەند ڕۆژێك تا خاو دەبوویەوە و دەخرایە صندوق و بەردی گەورە دەخرایە سەر صندوقەکان تا جوان کەپس ببێت، دوای ئەوە لە صندوق دەردەهێنرا و هەڵمان دەگرت تا پایز هەموو بەرهەمەکە بەکۆتا دەگەیشت، دوای ئەوە دەمان برد بۆ هەڵەبجە بۆ فرۆشتن. وەك پێشتر باسم کرد لەوێ فەرمانگەی ئینحیصار کرابوویەوە، کە ئیشی سەرپەرستی و ڕێکخستنی بەرهەمی توتن بوو، نمرەیان لەسەر توتنەکە دادەنا، ئەوەش بە پێی پاك و پیسی و جوانی و ڕەونەق و پێگەیشتنی ڕووەکەکە بە شێوەی سروشتی خۆی بوو، لەگەڵ جوان خزمەتکردن و پاراستنی لە بۆگەن کردن و گەرم بوون، بەپێی ئەو پێوەرانە نمرەیان دەدا. داهاتێکی باش بوو بۆ جوتیار، لە پایزدا پارەی کاشی خۆی وەردەگرت و خەمی ئەوەی نەبوو بەروبوومەکەی پارە نەکات و لەماڵەوە بکەوێت[1].

---

(١) کورتەیەك لە مێژووی ڕوەکی توتن:

بە پێی لێکدانەوەکان، سەرەتای کشتوکاڵکردنی توتن بۆ (٥٠٠٠) ساڵ پێش زایین ←

دەگەڕێتەوە. یەکەم مەڵبەندیش ئەمریکا بووە. هندیە سورەکانی ئەمریکا بە پاداشتی خودایان لە قەڵەم داوە. لایان پیرۆز بووە و لە بۆنە ئاینیەکان و بۆ چارەسەری نەخۆشی ددان و سەر ئێشە بەکاریان هێناوە. جگە لەوانەش سەردەمێك وەك دراو مامەڵەی پێوەکراوە، نرخی هاوتای کێشێك لە زێڕ بووە. دەریاوانی ئیسپانی (کریستوفر کۆڵۆمبۆس) لە ساڵی ١٤٩٢) دا، یەکەم کەس بوو ئەمریکای دۆزیەوە. هەر چەندە دوای گەڕانەوەی لە گەشتەکەی، وای لێکدایەوە کە ئەوەی ئەو دۆزیویەتەوە کەنارەکانی کاریبی بووە. پاشان (امریکۆ فسبۆشی ) دەریاوانی فلۆرنسی دوای گەشتەکەی کۆڵۆمبۆس، گەشتێکی دەریایی چەند مانگەی کرد، کە گەڕایەوە ڕایگەیاند، ئەوەی کریستۆفر دۆزیویەتیەوە جیهانێکی نوێیە. بۆیە لە ساڵی ١٥٠٧ بە ناوی ئەوەوە ناونرا ئەمریکا. ئەم ڕووەکە بەشێکی لە ڕێگای ئەو کەشتیوانانەوە بۆ ئەوروپا گواسترایەوە. دواتر لە ساڵی ١٥٥٩ دا، ئەو کاتەی کە حکومەتی فەرەنسا (جان نیکوت )ی بە سەفیر بۆ وڵاتی پرتوگاڵ دیاریکرد. ناوبراو کەوتە سەر ئەو باوەڕەی کە توتن، وەك دەرمان بۆ چارەسەری سەر ئێشەو ئازار بە سوودە. سەفیر لە باخچەیماڵەکەیدا لە پرتوگاڵ تۆوی توتنی چاند. لە ساڵی ١٥٥٩دا بڕێك گەڵا و تۆوی بۆ کۆشکی شاهانەی فەرەنسا ناردەوە. ئەمە بوویە هۆی بڵاوبونەوەی یەکجاری توتن لە فەرەنسا و ئەوروپا. (نیکۆتی) ناوی زانستی توتنە، کە لە ناوی زانای ڕووەکناسی سویدی (کارل لینیوس)ەوە هاتووە، ئەوەش وەك ڕێزلێنان و پاداشتێك بۆ ئەو دەست پێشخەرییەی (جان نیکۆت)ی سەفیر ئەنجامی دا. توتن بە ئینگلیزی پێی دەڵێن (Tobacco). بە هەورامیش پێی دەڵێن (تەماکۆ ). سەرچاوەی ئەم وشەیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئامرازەی توتنی پێ کێشراوە. سەرەتا خەڵکی (کوبا) و (هایتی) لە ڕێگەی بۆرییەکی دوو سەرەی قامیشەوە توتنیان پێ هەڵدمژی، ئەو بۆریە قامیشە پێی دەوترێت (Tavaco). دواتر گۆڕان لە پیتەکانیدا کراوە و بووە بە (Tobacco ). ئەوروپییەکان بە هەمان شێوەی ئەمریکیەکان، ڕووەکی توتنیان زۆر لە لا گرنگ بووە. ئەم ڕووەکە لە سەردەمی فەرمانڕەوایی عوسمانیەکاندا، بە دیاریکراوی دوای ساڵی ١٦٥٠ بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوڕاست و عێراق و کوردستان هێنراوە. توتن لە ٣٥٠ ساڵی ڕابردوودا، هەتا دوای ڕاپەڕینیش، یەکێك بوو لە بەرهەمە زۆر بڵاوەکان، داهات و ژیانی ژمارەیەکی زۆر لە خێزانەکانی پارێزگاکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆك و بەشێك لە موسڵی پێکهێنابوو. بەرهەمی توتنی پارێزگای سلێمانی لە ٦٠%ی کۆی بەرهەمی هەموو عێراق بووە. لە دوای دروستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش، بە دیاریکراوی دوای ڕوخانی سەددام، ئەم ڕووەکە چاندن و بەرهەمهێنانی قەدەغەکرا. کارگەکانی پوختەکردن و دروستکردنی جگەرەش کۆتاییان پێهێنرا. تا ئێستاش لێرە و لەوێ پرسیار دەکرێ، سوودەکانی ئەم بڕیارە چی بوو؟ دەوڵەتی عوسمانی لە سەردەمی سوڵتان مورادی چوارەمدا، چاندنی توتنیان قەدەغە کردووە، دواتر لە بەر ئەوەی سەرچاوەی بژێوی ژمارەیەکی زۆر لە جوتیارەکان و داهاتی گەورەی بۆ دەوڵەت هەبووە، ئەو بڕیارە هەڵوەشاتەوە و دەوڵەت باجی لە سەر داناوە. لە ساڵی ١٩٣٩دا لە سەردەمی پاشایەتیدا، بە یاسای ژمارە (٣٥) فەرمانگەی (انحصار) لە عێرقدا

←

دامەزراوە. ئەرکی ئەم فەرمانگەیە بریتی بووە لە سنورکێشان بۆ ئەم بەرهەمە لە ڕووی مۆڵەتدان، شۆێنی چاندن، بازرگانی و پیشەسازی پێوە کردنی. فەرمانگەی انحصاری هەڵەبجە لە ساڵی ١٩٤٦ دا دامەزراوە. ئەو کات شوێنی ئینحسارەکە خۆی لە گەنجینە و گۆڕەپانی فەحسدا دیوەتەوە. دواتر خانوەکەی کاك کەریم بەگی داود بەگ کە قوتابخانەی (ئەوەلی ) هەڵەبجەی کوڕانی تیادا بووە، لە ساڵی ١٩٥٢ دا چۆلکراوە و بووەتە مولکی ئەم فەرمانگەیە. قوتابی و مامۆستاکانیان بە سەر قوتابخانەی (پەڕۆ ) و قوتابخانەی (ڕاستی ) تەنیشت تەلاری سەرا دابەشکراوە. ڕووبەری زەویەکەی بووەتە نزیکەی ١٠١٧٠ م٢. فەرمانگەی ئینحسار لە ساڵانی (١٩٥٨-١٩٦٣٩ کرێچی بووە، لە دوو خانوی کاك حاجی عەبولەی تەویڵەیدا بووە، لە خوار مزگەوتی تەکیەی سەید نەسروڵا، بەرامبەر ماڵی کاك حاجی مەولود و تەنیشت ماڵی کاك ڕەزا سوور بوون. یەکێکیان بۆ فەرمانگەکە و ئەوی تریان بۆ بەڕێوەبەر و ئەو لیژنانەی کە ساڵانە بۆ فەحسکردنی توتن لە سلێمانیەوە دەهاتن. ئەو بەڕێزانەی لەم شوێنەدا فەرمانبەر و کارگوزار بوون ئەمانە بوون: ئەمین مەولود لێپرساو (خەڵکی سلێمانی) بوو، نوری حیلمی شاعیر، کەریم ئەفەندی (خەڵکی کۆیە ) بوو، محەمەد مەلا کەریم (کوڕی ناتیق شاعیر)، توفیق ئەحمەد حەسەن، (تۆپل )، مستەفا بەگی حسێن بەگ، سدیق محەمەد عەلی ئەلایەر وێردی (عەلە کۆتەرە). گەنجینەکانی ئینحیسار لە گەڕەکی پیرمحەمەد بوون، واتە لە شوێنی تەنقیحەکە. دواتر حکومەت لە ساڵی ١٩٦٤ تەلاری بۆ دروستکردن و گواستیانەوە. کارگەی پوختەکردنی توتنی هەڵەبجە لە ساڵی ١٩٦٨ دا بڕیاری دروستکردنی درا. هەردوو بەڕێز ئەکرەم بەگی حامید بەگ، کە لە وەزارەتی کشتوکاڵ بەڕێوەبەری گشتی ئینحسار بوو، لەگەڵ مامۆستا شێخ حەمەئەمین شێخ عەبدوڵا کە قایمقامی هەڵەبجە بوو، ڕۆڵیان لە دامەزراندنی ئەم کارگەیەدا هەبووە. تەلاری ئەم کارگەیە لە ساڵی ١٩٧٠ دا تەواو بوو. هێنان و دامەزراندنی کارگەکە بە هۆی تێکچونی بارودۆخی کورد و حکومەتی عیراق لە ساڵی١٩٧٤دا ماوەیەك دواکەوت. دواتر کۆمپانیایەکی بولگاری لەساڵی ١٩٧٦-١٩٧٧دا تەواویان کرد و کەوتە کار. کشتوکاڵکردنی توتن لە هەڵەبجە و ناحیەکانیدا زۆر فراوان بوو. لەگەڵ ئەوەی توتن کردن کارێکی زەحمەت بوو بەڵام لە بەر باشی داهاتەکەی، ژمارەیەکی زۆر لە خێزانەکانی شار سەرقاڵی چاندن و بەرهەمهێنانی توتن بوون. یەکێك لەو بەرهەمانە بوو کە (سەلەم )ی پێوە دەکرا، واتە فرۆشتنی بەرهەمەکە پێش پێگەیشتنی. بە تەنزەوە پێیان دەوت بە (سەوزی خوراوە). دیارە ئەوەش بە نرخێکی هەرزانتر بوو لە نرخی بازاڕ. ئەوەی خۆی زەوی نەبوایە بە زاریعی لە زەوی خەڵکدا بە هاوبەشی توتنیان دەکرد، یان بە کرێگرتنی زەوییەکە بۆ ماوەی ساڵێك پێیات دەوت (ئیجارە). توتنی ئەو زەوییانە باشتر و پلە بەرزتر بوون کە لە بناردا دەکرا، واتە ئەو شوێنانەی ئاوی سازگار و هەوای شێدار و بە زستان سارد بوون. وەك ناوچەی بیارە و ئەحمەئاوا و ئاوایی ڕۆستەم بەگ و دەرەشیش و خارگێلان و خەرپانی و عەنەب و بیاوێلە و جەلیلە و عەبابەیلێ و باوەکۆچەك و نەورولی و سازان و بناری شاخی هەورامان و سورێن و شیرەمەڕ. چونکە توتنی ئەو شوێنانە لینجی لە توتنی شارەزوور زیاتر بوو،

←

هەروەها گەڵا بچووك و کەم نیکۆتینیش بـوو. پرۆسـەی بەرهەمهێنـانی تـوتن بە چەنـد قۆناغێکدا تێدەپەڕێ. سەرەتا لە دوای ئاگری نەورۆزەوە دەسـت دەکـرا بە تـۆوکردن، بۆ بەرهەمهێنانی شـەتڵ. شـوێنی شـەتڵکردن بە (دوکـان )ە شـەتڵ نـاودەبرا. دوکـانی شەتڵ ڕووبەرەکانیان لە نێوان (١,٥ × ٢) م٢ (٢×٢ ) م٢ (٢× ٣) م٢بوو. هەمیشـە بـۆ پاراسـتن لە تەرزە و دنـوکی چـۆلەکە، هەژگیـان بە سـەردا ئەدا. هەژگ واتە ئەو دارەی کە پەلوپـۆ و گەڵای پێـوە بـوو. وەك داری بەڕوو. دواتـر لە مـانگی مـایس دا زەوی دەکێڵرا و زەوییەکە گۆلبڕ دەکرا. گـۆل لەنیـوان ١,٥ بـۆ ٢ م درێـژ و ٣٠ سـم قوڵ و ٣٠ سم پان دەبوو. زەوی نێوان هەر دوو گۆل ،پێی دەوترا (باسك ). هەر ١٠ بـۆ ١٢ گـۆل بە (قەو) نـاودەبرا. هەر ٥ بـۆ٦ قەو پێیـان دەوت (ماکـاو). ٥ ماکـاو (نێرە)یەکی پێك دەهێنا. بە کورتی قۆناغەکـانی تـوتن بریتـی بـوون لە : تـۆو کـردن، بوون بە شەتڵ، دەستکەنکردنی شەتڵ، شەتڵ لێدان، ئاودێران (ئـاودێران) دوو شـێوازی هەبوو، ئاسایی و دێرۆغە. ئاسایی ئەوە بوو، دەمـی گـۆل کـراوە بـوو کە پـڕ دەبـوو بە خاکەناز دادەخرا. دێرۆغە قەو قەو سەری گۆلەکان ١٠سم دەبـڕا، بە شـێوەیەك گۆلێـك لەم سەر گۆلێـك لەو سـەر بە شێوەی (زیـك زاك) کە قەوەکە پـڕ دەبـوو لە سـەرەوە ئاوەکە دەبڕا. ئەمیان ئاسان بوو. بەڵام ئەم شێوازە لە سەرەتای چاندندا پەیڕەو نەدەکرا)، دوای ئەوە پاچەکۆڵە و بژارکردن، ڕوەکێك هەبوو زۆر دوژمنی توتن بوو. پێیان دەوت (گیا کەڵە) ڕەگی زۆر قوڵ بوو، زۆر بە زەحمەت لە ناو دەبرا پاچەکۆڵە دەکرا، دواتـر گەڵاشکێن دەسـتی پـێ دەکـرد، سـەرەتا (بـن پەل، دواتـر نـاو پەل، ئێنجـا سـەرپەل). گەڵاشکێن بەیانیان پێش خۆر هەڵهاتن دەکرا، گەڵاکە بە شەڵتە بەش بەش بـۆ شـوێنی شریت لێدان دەگواسترایەوە بۆ ژێرکەپـر و سـێبەرێك، لەوێ دەسـت دەکـرا بە شـریت لێدان. هەر شریتێك نزیکەی ٢ م درێژ بوو. دواتر شریتەکان لەبەر هەتـاو بە چەرداخـدا هەڵدەواسران. پاش ئەوەی وشك دەبـوونەوە، دەخـرایە نـاو (زینـان) بـۆ خـاوکردنەوە و شـێدارکردنی. هەر (٥) شـریت پـێکەوە دەبەسـتران بـۆ نـاو زینـانەکە، کە پێیـان دەوت (گورزە). دواتر دەردەهێنراو لە سندوقدا سەنگ و بەرد دەنرا و بەشێوەیەکی ڕێکوپێـك شەتەك دەدرا. گوێنێیەك لە ژێرەوە و یەکێکیش دەکرا بە سەر قەباغ بـۆی. پـاش چەنـد ڕۆژێك سندوقەکە ڕادەکێشرا و گوێنی بنەوە و سەرقەباغ بە پەت و سـوژن تەقەڵ ڕێـژ دەکرا. ئەو کات پێیان دەگوت فەردە توتن. کێشی فەردە توتن نەدەبـوو لە (٦٠) کغـم زیاتر بێت. فەرمانگەی ئینحسار لە دوای مانگی تەمـوزەوە دەرگـای وەرگرتنـی تـوتنی دەکـردەوە. لیـژنەی لە فەرمـانبەرانی شـارەزا و پسـپۆر بـۆ پێکـدەهێنا. مـاوەیەکی زۆر لیژنەکان لە سلێمانیەوە دەهاتن. ئەو لیژنانە نوینەری خەڵکـی شـاریان لە گەڵـدا دادەنـرا. وەك کاك حەمەی مەحمود ئەفەندی. نوێنەر قسەی هەبوو لە دیاریکردنی ئەو پلانەی بۆ تـوتنەکە دیـاری دەکـرا. کـاتێ لیـژنەکە دەهـاتنە سـەر فەردە توتنەکـان، پەتـی فەردە تـوتنەکە هەڵدەوەشـێنرا، لە دوو سـێ شـوێن و زیـاتر دەشـکێنرا، بـۆ ئەوەی نـاوەوەی فەردەکە بە تەواوی ببینرێ. لە کـاتی شـکاندندا دەنگێکـی سـەرنج ڕاکێشـەری هەبـوو. چونکە لینجی توتنەکە شریتە تونەکانەکانی بە یەکەوە چەسپ کردبـوو. پلەکـان بریتـی بـوون لە (ممتـاز، اولـی/١ و اولـی/٢، ثـانی، ثالـث، رابـع). لەوە کەمتـر بـوایە وشـەی

←

(ڕەفز)یان بۆ بەکار دەهێنا. بەڵگەنامەیەك هەبوو پێیان دەوت (دۆنم) لە مقەبا دروستکرا بوو، لە بەرگی پاسپۆرت دەچوو، بەو بەڵگەنامەیە (٢٥٠) کغم توتنی پێ فەحس دەکرا. لە کڕین و فرۆشتندا نزیکەی (٢٠-٢٥) دیناری دەکرد. ئەو بەڵگەنامەیە لە ڕێگەی لیژنەی تایبەتی خەمڵاندنەوە، بەو جوتیارانە دەدرا کە توتنیان کردبوو. هەروەها تێکڕای (١) دۆنم توتنی خۆماڵی (٢٥٠) کغم و توتنی فرجینی (٤٠٠) کغم بەرهەمی دەبوو. خانەوادەیەکی زۆر هەبوون نیشتەجێی شار بوون، بەڵام لە وەرزی کشتوکاڵی توتندا چەند دۆنمێك زەویان دەکرد بە توتن. ئەو زەوییانە هەمە جۆر بوون، یان موڵکی خۆیان بوو، یان گرێبەستیان لە حکومەتدا هەبوو، یان بە کرێ بوو، یاخود بە پشك، واتە بە سەپانی (زارعی). لە گوزەری ماڵی ئێمە (غەفور شەریف)، ژمارەیەك خێزان هەبوون، لەو وەرزەدا توتنیان دەکرد، بریتی بوون لەم بەڕێزانە: ماڵی مام ڕەشید کۆیی، کاك حاجی قادر (شبر)، کاك شێخ ئەنوەری شێخ عومەر، کاك حەمە ئەمینی مامە سەعە، کاك حەمەی خاڵۆ ئەحمەد، کاك حەمە کەریمی مزگەر. ئەوانەی زەویەکانیان لە دەرەوەی شار بوایە، ئەوا دەبونە دوو بنە، واتە لە سەر توتنەکە کەپریان دەبەست و ماوەیەك لەوێ دەمانەوە. هەندێ قۆناغی بەرهەمێنانی توتن، کاری گەلەری و هەرەوەزی دەخوازی. وەك شەتڵ لێدان، پاچەکۆڵە، گەڵاشکێن، شریت لێدان. ماڵی مام ڕەشید کۆیی چەندساڵێك لەو زەوییەی سەروو خویان و شوێن باخەکەی خاڵۆ ئەحمەد، توتنیان دەکرد، ئێمەمانان هەر چەند دەست و پلی خێرامان نەبوو، بەڵام بە هەرەوەزی بەشداریمان لە شریت لێداندا دەکرد. کۆڕ و کۆبونەوەیەکی خۆش ساز دەبوو، پێشبڕکێ لە زۆریی شریت لێداندا هەبوو. دەستخۆشی و ئافەرینیان دەکردین، زۆرمان پێخۆش بوو. نیوەڕوان خولقی گەرمیان دەکردین، بەڵام لە بەر نزیکی ماڵەکانمان نەدەماینەوە. ناوڕاستی شەستەکان ماڵی کاك حاجی قادری شبر دراوسێمان بوون، لە نێوان ماڵی کاك حسێن ڕەسول و کاك عومەی حاجی سەعیدەوە بوون، لە سەروو (حەوز و بەلوعە)دا توتنیان کردبوو. لە پاڵ توتنەکەدا چەند گۆلێك تەماتە و پاڵەیەك بامیە و تەڕەکاڵیان کردبوو. ڕۆژێکیان ژمارەیەك لە کوڕانی گەڕەك چوین بۆ شریت لێدان، هەر چەندە ئەوان هیوایان لە سەر شارەزایی و توانای ئێمە هەڵنەچنیبوو، بەڵام بەخێرهاتنی گەرمیان کردین و پێیان خۆش بوو، بە تایبەتی باجی (سویبە)، زمانێکی یەکجار شرینی هەبوو. ئێمەش خۆشمان دەویست. وەك دایکی دووەممان لێمان دەڕوانی. نزیکی نیوەڕۆ بویەوە، مەنجەڵێکی گەورە لە سەر ئاگردان بوو، باجی (سویبە) جار و بار بە لاسکی توتنی وشك ئاگرەکەی خۆش دەکرد. زۆری نەبرد یەکێك لە کوڕەکان، بە باوەشێ نانی ئیعاشەوە (لەواشە)، خۆی کرد بە کەپرەکەدا. نیوەڕۆ هات و قاپ ڕیزکرا، چێشتەکە تەنها شلەی بامێ بوو. بە کورتی چێژی ئەو شلەی بامێیە بە جۆرێك لام تۆمار بووە. لەوانەیە زیاتر لە (٣٠) جار باسم کردبێت، هێشتا تامەکەی ماوە لە دەممدا.

وەك وتمان ساڵی (١٩٧٦-١٩٧٧) کارگەی پوختەکردنی توتنی هەڵەبجە کەوتە کار. دەرگای دامەزراندن بۆ ژمارەیەك لە خەڵکی شار لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ کرایەوە. ئەو فەرمانبەر و کارمەندانەی لە ماوە جیاکاندا لە ئینحسار و کارگەی

←

پوختەکردنی توتنی هەڵەبجەدا کاریان کردووە، بە پێی ئامارەکان نزیکەی (١٨٠) کارمەند و (١٣) بەڕێوەبەری هەبووە، کە بریتی بوون لەم بەڕێزانە: نوری محەمەد حیلمی، عارف مەیکە عەلی، عبدولڕحمان حاجی محەمەد شەریف. محەمەد حەمەساڵح (خەڵکی سلێمانی بوو، لە ساڵانی هەشتاکاندا ماوەیەك بەڕێوەبەری ئەو کارگەیە بووە)، نیگار داود بەگ، دارای مامە عومەری حاجی فەرەج، جیهاد سلێمان عەبدوڵا، شێخ جەلالی موفتی (پلەی سەر فەردەکانی دەنوسی)، ئەحمەد مقەلب، حەمەئەمین حاجی تۆفیق، ڕەحمان ڕەحیم، فوئادی حەمەی ئەمین، نازدار عەلی حاجی فەرەجی هاوسەری، عەزیز مەحمود مستەفا (بابان)، هیوا مەحمود ئەحمەد، ئەندازیار عەلی حاجی عەزیز، ئەبابەکر مەجید، ئەحمەدی حاجی واحید، عەبدوڵای حەمەلاو بەگ، شێخ مستەفا عەبابەیلێی، سدیق محەمەد، شەریف کەریم ئەحمەد، تاهیر محەمەد ئەحمەد، تۆفیق حەمەئەمین کراس کەوە، بێگەرد عەبدولقادر (مام عەول)، سروە عەبدولقادری خوشکی، حەسەن مەحمود مستەفا (بابان)، منیرە حەمەئەمین قەساب، گەلاوێژ کەمال جەلال خونچە فەیڵی، خاتە نادر مەحمود، بەهار شێخ زەینەدین عەبابەیلێی، حەمەی سەید ئەحمەد، حەمە ساڵح عوبێد، سەید سدیق، شێخ زەینەدین شێخ سەفائەدین، عەلی مەولود بامۆکی، بورهان جیهاد، حەمەفەرەجی دادە کافە، لاڵەخان، نازەنین، ڕۆشنا شێخ حەمەئەمین، شیخ وەهاب شێخ کەریم، جەیران شێخ کەریم، هەیبەتی خێزانی کاك شێخ وەهاب، کەژال مستەفا حەمەلاو، ئاواز وەستا مەقسود، ئامینە حەمە سەعید، عەلی ڕەشید بارچاوەش، خوشکێکی کاك عەلی، خەدیجە تەپەتۆڵەکەیی، عەبدوڵا قولی، ڕەشە سووری حەماڵ، عبدولڕەحمان مل کوڵ، عەلی کوردە، حسێن حەوتە. مونعیم ناوێك عەرەب بوو، ماوەیەك بەڕێوەبەری کارگەی پوختەکردنی توتنەکە بوو.
لە کۆتایدا فەرمانگەی ئینحسار و کارگەی پوختەکرنی توتن لە کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەدا لە ساڵی ١٩٨٨ کۆتاییان پێهات. ئێران مەکینەکانی وەك دەستکەوتی جەنگ برد. دوای ڕاپەڕینیش تەلارەکە هەڵوەشێندرا. ئێستا شوێنەکەی بارەگای حیزبی سۆسیالیست دیموکرات و مەڵبەندی یەکێتی و سەنتەرێکی وەرزشی تیادایە. سەرچاوە/ محەمەد غەفور شەریف، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٢٠/٤/٢.

# بەشی چوارەم

# قۆناغی چوونە ناو کایەی حیزبایەتی و

# ڕێکخراوەیی لە ناو پارتی و شۆڕشی ئەیلوولدا

## * کەی چوویتە ناو کایەی حیزبایەتی و ڕێکخستنەوە؟

- لە ساڵی ١٩٥٨ دا ئینقیلابی عەبدولکەریم قاسم بەسەر حوکمی پاشایەتیدا لە عێراق ڕووی دا، لەو کاتەدا حزبی شیوعی عێراقی لەکوردستاندا باڵادەست بوون و پەیوەندیەکی تونددوتۆڵیان لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم دا هەبوو، وە جوتیارەکانیان کۆ دەکردەوە و بەڵێنی خەیاڵییان پێ دەدان و دەیانوت " ئەگەر ئێمە باڵادەست بین ئەوا هەر تاکێك لەم کوردستانە بەیانی لەخەو هەستا حەوت سەد و پەنجا فلس لە ژێر سەرینەکەیدا دانراوە بۆی" وە بەو شێوەیە ئابوونەیان لێ وەردەگرتن لە بیست و پێنج فلسەوە بۆ پەنجا فلس.

ئێمە بە حوکمی ئەوەی خاوەن موڵك و لەهەمان کات مەشرەب سۆفی بووین و تێکەڵاوی شێخانی بیارە و باخەکۆن بووین، نەیار بووین بە ڕەوتی شیوعییەت و بەلشەفییەت، تەنانەت ڕەعیەتەکەی خۆشمان لێمان هەڵگەڕانەوە و دەیان وت: "باوکە عەبدولکەریم گیان هات، ئیتر ناتوانن قوبڵی و برنج بخۆن" بەمەرجێك لە دیوەخانەکەی ئێمەدا تێر بەسکی خۆیان نانیان ئەخوارد.

بنەماڵەی ئێمە دەرەبەگ نەبووین بەڵکو خاوەن موڵك بووین و باپیرمان مەحمودی یارەویس بە پارەی مەڕ و ماڵاتی سەردەمی کۆچەری ئەو زەوی و زارەی بە لیرەی زێڕ کڕی بوو، دواتر ئێمە ئەهلی مزگەوت و خێر بووین، خۆمان لە هەژاران جیا نەدەکردەوە. ماڵی باوکم خانوویەکمان هەبوو بەجیا دە دەست نوێنی بە ڕیزی یەکدا تێدا هەڵچنرابوو، هەموو شەوێك ئەو دە دەست نوێنە وەکو هۆتێل پڕ دەبوونەوە لە خەڵکی هەژار و ڕێبوار و کەمدەست، ئێوارم لە مزگەوت نوێژ دەکرا، دەهاتنە ژوورە لای میمکە ڕەعنام نانیان دەخوارد، چای ڕەشیان دەکرد بە شوێنیدا، دواتر لەو ژوورە گەورەیەدا دەخەوتن کە لە ماڵی خۆمان جیابوو، باوکم و

مامەم و ئامۆزاکانیان خەرجی مزگەوت و مەدرەسە ئاینییەکانیان دابین دەکرد، هاوسەرگیرییان بە پارەی خۆیان بۆ خەڵکی کەم دەرامەت و دەست کورت ئەنجام دەدا، خانوویان بۆ دەکردنەوە، قەرزی سەلەمیان بۆ دەبژاردنەوە، بەڵام بەداخەوە کاتێ حیزبی شیوعی باڵادەست بوون، زۆرێك لەو کەسانە – بەڵام هەموویان نا- لێمان هەڵگەڕانەوە و بۆیان بکرایە لەزێدی خۆمان دەریان دەکردین.

خەڵکانی هەلپەرست دواتر بوون بە سیخوڕ و داردەستی کۆلۆنیالی بەریتانی زەوی و زاری خەڵکیان بۆ خۆیان تاپۆ دەکرد و ئاغا و دەرەبەگانە لێ دەخوڕین، ئێمە جیاواز لەو خەڵکانە هیچ کات خۆمان لە خەڵکی هەژار و بێ دەرەتان جیا نەدەکردەوە و مامەڵەی چینی ئاغا و چینی ڕەعیەتمان بە خەیاڵیشدا نەهاتووە. وە وەکو پێشتر ئاماژەم پێدا زەوییەکانمان بە پارەی حەڵاڵی باوباپیرانمان بۆ مابوویەوە کە بەو پارەیە و لەو کاتەدا شارێکی پێ دەکڕا.

کاری حیزبیی من لە سەروبەندی دەستپێکردنی ڕێکخستنە نهێنیەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٥٩ دا دەستی پێکرد، ئەوەبوو بە نهێنی پەیوەندیم کرد بە ڕێکخستنەکانی حیزبەوە، دواتر پەیوەندیەکانی حزبی شیوعی عێراقی لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم بەرەو لاوازی ڕۆشت، پارتی دیموکراتی کوردستان پەرەی سەند و ئێمەش چالاکیمان گەرمتر بوو.

## * ئەو کادیر و چالاکوانانەی پارتی لە ناوچەی هەڵەبجە و شارەزوور و هەورامان کێت لە بیر ماوە؟

- ئەوانەی پەیوەندیمان هەبوبێت و دۆست و هاوڕێ و هاوخەبات بووبێتین، جگە لە خزمان و خەڵکی ئاوایی ئەوانی تر زۆر بوون، لەوانە مامۆستا شێخ حەمەئەمین شێخ عەولا عەبابەیلێیی، عوسمانی حاجی عەلی

حەنیـف، عەلـی ئەوڕەحمـان گـابۆر، مەلا عابیـد دواتـر لە سـێدارە درا، عوسـمانی عەبـدولقادر، غەریبـی بـرای، عەلـی عەبـدولقادری بـرای، مـام ئەوڕەحمان باوکی شێخ عەلی کەشکۆڵ، مەحمـودی کارەبا، مەحمـودی سـەید حەبیـب، جەلالـی عەزە، حەمەی کوێخـا فەتـاح خورمـاڵی، حەمەسـەعیدی وەسـتا قـادر، حەمەسـەعیدی عەوڵائاغـا، خالیـدی حـاجی مـحەمەدی فەتـاح دێکـۆنی، غەفـور و غەفـاری حەکـیم ئەحمەدئـاوایی، حەمەئەمینـی فـارس، خـاڵۆ حەمەی حـاجی میـرئەحمەد لە تەپەکـوڕە، حەمەتایەری حاجی حەمەسەعید لە بەشارەت و حـاجی سـەعید و حـاجی تـۆفیقی تەپەکـوڕە، حەمەسـاڵحی مـام ئەوڕەحمـان، حـاجی حەمەفەرەجـی فەتاح بەشارەت و چەندین کەسی تر بوون .

## * کەی چالاکی ئێـوە وەکـو پـارتی پەرەی سـەند و ئەسـتێرەی بەختتان درەوشایەوە؟

- وەکو پێشتر ئامـاژەم پێـدا لە سـەرەتادا حیزبـی شـیوعی بـاڵا دەسـت بوون، دواتر حکومەت بەری بۆ پارتی شل کرد و شیوعی پەراوێز خست، چونکە عەبدولکەریم قاسم نەتەوەیی بوو، شیوعی نەبـوو، بەڵام کوشـتن و پاکتاوکردنی نەیارەکانی کرد بە مۆدێل و سیاسییەکانی دوای خۆیشی فێـر کرد، ئەوەبوو ئەو ناپاکییەی بەرامبەر خانەوادەی شا فەیسەڵی دووەمی کرد لە ١٤ی تەمـوزی ١٩٥٨دا بەسـەر خۆیـدا شـکایەوە و لە سـاڵی **١٩٦٣**دا لەلایەن عەبدولسەلام عارفەوە کە دۆست و هاوڕێی یەك بوون گولە باران کرا.

لەو کاتەدا پارتییەکان بەهۆی بەرپرسـە ئیـدارییەکانەوە گرنگییـان پـێ دەدراو کارئاسـانییان بـۆ دەکـردن، لەم نـاوچەی هەڵەبـجە و هەورامـان و شارەزووری خۆمانەدا، هەر لە دادوەر و بەڕێـوەبەری پـۆلیس و قایمقـام و مەلاکانی هەڵەبجە، هەمویان دژی شیوعییەکان بوون.

بەڕێوەبەری ناحیەی خورماڵ کە ناوی ڕوشدی بوو تورکمان بوو، پێشتر شیوعییەکان هێرشیان کردبووە سەر تورکمانەکان و لێیان دابوون، ئەم پیاوەشی بەرکەوتبوو، پەتیان خستبووە ملی بیخنکێنن، بەو بۆنەیەوە زۆر ڕقی لە شیوعییەکان بوو، پێی وتین: ئێوە هەرچی بن منیش ئەوەم، چیتان بوێت بۆتان دەکەم، ڕێکخراوی جوتیاران دروست بکەن و کاری ڕێکخراوەییتان بەهێز بکەن.

ئێمەش بیست و حەوت کەس بوین، لقی کۆمەڵەی جوتیارانی تەپی سەفا و دەوروبەریمان دروست کرد، وە ناومان نا (شوعلەی بارزان). جوتیارانی خورماڵیش ناونرا (ڕەنگین)، هەڵەبجەش ناونرا (شنروێ).

بەو شێوەیە لە ڕێگای ڕێکخراوی جوتیارانەوە پەرەمان بە ڕێکخستنەکانی پارتی دا و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لەگەشەدا بووین.

ئەو ڕۆژەی کە گرژی و ئاڵۆزی لە نێوان لایەنگرانی شیوعی و پارتیدا دروست بوو، یەکێ لەو پیاوە عاقڵانەی کە ویستی ناکۆکی ململانێکە کپ بکاتەوە کاك حەمەڕەشیدی ئەولمحەمەد بوو لە گوندی گردی گۆ، وتی: زۆر بەداخەوە، من و عوسمان واتە باوکم لەیەك قاپدا نانمان خواردووە، ئێستا حیزبایەتی خەریکە بە گژی یەکترماندا دەدات، من هەرگیز ئەو ململانێ ناشەریفانەم قبوڵ نییە، بەلایەنگرانی خۆی وت ئەگەر منتان بۆ ئەمە هێناوە ئەوا خەیاڵتان خاوە من دەڕۆمەوە.

یەکێکی تریشیان حاجی حەمەعەلی ئەولْقادر بوو، ئەویش دووری گرت و خۆی نەخستە ناو نیزاعەکەوە، کاك حەمەڕەشید تەوقەی لەگەڵ باوکم و مامەم کرد و ئیتر ئێمە هاتینەوە، شیوعییەکان ڕۆشتن بۆ خورماڵ، لەوێ پەلاماری بەڕێوەبەری ناحیەیان دابوو، وتبوویان چۆن مۆڵەت دەدەن بە خاوەن موڵکەکان ڕێکخراو دروست بکەن، بەڵام بە ئێمەی نادەن؟ بەڕێوەبەریش پێی وتبوون، جوتیاران یەك جوتیارانە و نابێت بە دوو، چیتان لەدەست دێ بیکەن، هەر لەوێدا تەلەفۆنی کردبوو بۆ حاکم بەکر لە هەڵەبجە کە ئەویش سەر بە پارتی بوو، وە قایمقامیش پەیوەندی کردبوو

بە موتەسەریفی سلێمانییەوە، ئەویش پێی وتبوون، ماتڵیان بکەن تا دەگەینە ئەوێ و بزانن کێن ئەوانەی هانیان دەدەن و لە پشتیانەوەن.

ئەوەبوو کۆیان کردبوونەوە و پێیان وتبوون، نوێنەرتان کێیە با بێتە پێشەوە، ئێمە قسە لەگەڵ نوێنەرتان ئەکەین، خۆ ناکرێت قسە بۆ سێ سەد تا چوارسەد کەس بکرێت، کاتێ هێور بووبوونەوە و وایان زانی بوو کە حکومەت بە جدی گوێیان بۆ دەگرێت و داخوازییان جێ بەجێ دەکات، چەند کەسێکی ناوچەکە خۆیان ئاشکرا کرد و چوونە پێشەوە و وتیان ئێمە ئەم حەشیمەتەمان خڕ کردووە و بەرپرسین لێیان، میرییش ناوی ئەوانەی هەموو تۆمار کرد.

ئەوەبوو، چەند شەو دواتر پۆلیس ڕژایە ناوچەکە بۆ گرتنی خۆپیشاندەران و بەرپرسە دیارەکانیان کە پێشتر لە خورماڵ ناویان تۆمار کرابوو.

پایز بوو هەور وهەڵ او ڕەشەبا بوو، شەوێ درا لە دەرگای ماڵی مامەم، منیش لەوێ خەوتبووم لە باڵەخانەکە، مستەفای عەزیز (ڕەیس) لەماڵی مامەمدا بوو ڕۆشتە خوارەوە دەرگای کردەوە، پۆلیسێك دەرکەوت، وتی بە ڕەیس، بە مام حاجی بڵێ کەریمە خڕەی هەمەوەند هاتووە دەیەوێت بتبینێت، ناوبراو زۆر ڕقی لە شیوعی بوو، پۆلیسەکانی خورماڵیش جگە لە کەسێك بەناوی حسێن گاشێت خەڵکی دەوروبەری باوەخۆشێن بوو، هەمویان پارتی بوون، تەنها ئەو شیوعی بوو. ئەو شەوە هاتن بۆ گرتنی ئەو کەسانەی کە چووبوونە سەر بەڕێوەبەری ناحیەی خورماڵ، هەمویان دەستگیرکردن و ڕاپێچی سەماوەیان کردن.

## * ئێوە کە حیزبی بوون ئابوونەتان کۆ دەکردەوە؟

- بەڵێ هەر کەس بەپێی ئیمکاناتی خۆی لە بیست و پێنج فلسەوە تا پەنجافلس و سەد فلس کۆدەکرایەوە، لەوە زیاتر کەس نەیدەدا چونکە پارە بە نرخ بوو، وە زۆر بە زەحمەتیش پەیدا دەبوو. دوای ئەوەی کۆ

دەکرایەوە دەمان برد بۆ سەرووی خۆمان بۆ ناوچە، لەوێ لێیان وەردەگرتین.

## * لالە حەمدی ئەهات بۆ ئێرە، دەچووە ماڵی کێ، وە لە شەکرالی چی ئەوت بە باپیرم؟

- لالە حەمدی ئەحمەدی یاروەیس بانی خێڵانی بوو، پورزای باوکت و پورە ئامینەت بوو، هەروەها پورزای لالە مەجید و حاجی حەمەفەرەج بوو، زۆربەی جار دەچووە ماڵی لالە مەجید، ئەو کەسێکی شیوعی سەختگیر بوو، ئەهات بۆ شارەزوور لە زەوییەکانی حەسەن بەگدا مەرەزەی ئەکرد، بە بۆنەی باپیرتەوە (لالە حەمە) مولکانەی نەدەدا بە حەسەن بەگ و دژیشی دەوەستایەوە، لالە حەمەش خۆی تورە ئەکرد لێی، ئەیوت حەمدی چەڵتوکەکەت هەڵبگرە و فیتنەیەکەت بەرەوە بۆ بانی خێڵان.

لالە حەمدی تا لادێکانیش بارکران هەر ئەهات بۆ تەپی سەفا، زیاتر بۆ ماڵی لالە مەجیدی خالۆ حەمەنەسیم ئەهات، خۆ ئەگەر مامۆستا مەلا مارف بیزانیایە هاتووە، ئەیبردەوە بۆ ماڵی خۆیان، زۆر دڵی پێی دەکرایەوە.

## * ڕۆڵی بنەماڵەی مەلا عەبدولعەزیز پریسی چی بوو لە ناوچەکەدا، دەڵێن ئەوان بەربەست بوون لە تەشەنە سەندنی فیکرەی شیوعییەت لە قەزای هەڵەبجەی ئەو کاتەدا؟

- بەڵێ پیاو بە ویژدانەوە قسە بکات، یەکێك لە بەربەستەکانی بڵاوبوونەوەی شیوعییەت لە هەڵەبجەدا ئەو بنەماڵە بەرێزە بوون، خۆم یەکێکم لەو شایەتحاڵانەی کە ئەو ڕۆژەی شیوعییەکان هێرشیان کردە سەر دام و دەزگاکانی هەڵەبجە لەو شارە بووم، ساڵیش ١٩٥٩ بوو، بانگ

کرابـووم بـۆ سـەربازی، لەوێ خـۆمم دواخسـت بـۆ کـاتێکی تـر، بینـیم لایەنگران و هەڵسوڕاوان و کادرانی شیوعی هێرشیان کردووتە سەر چەنـد شوێنێکی حکومی و پاشان هەڵیان کوتایە سەر مامۆستا مەلا ساڵحی بامۆك و مامۆستا مەلا عوسـمان و مامۆسـتا مەلا عەلـی و مامۆسـتا مەلا عـومەر و مامۆستا مەلا ساڵحی تریفە و پەلاماریان دان، زۆر بە شێوەیەکی ناشیرین بە بەرد و تاکە پێڵاو و دار بەربوونە گیانیان.

بەردێك کێشابووی بە سەری مامۆستا مەلا ساڵحی تـریفەدا دا خـوێنی سەری ڕژابوو بەسەر ڕیشە سـپییەکەیدا و وەکـو گـوڵاڵە سـورە وابـوو کە لەناو بەفری درەنگوەختی بەهارەوە سەری دەرهێنابێت. منیش بردم لە لای بەلـوعەیەك لەبەر فەرمـانگەی تەجنیـددا بـوو، ئـاوم کـرد بە ڕیشـیدا و خوێنەکەم پێـوە نەهێشـت، سـەری بەرز کـردەوە وتـی ئەوە تـۆ کێیـت بـا بتناسم؟ وتـم مامۆسـتا گیـان مـن کـوڕی عوسـمانی هـۆمەری مەحمـودی یاروەیسـم لە تەپـی سـەفا، وتـی ئـای کـوڕم (ڕەگ بە ڕیشـە و گلێـنە بە بنەتۆو) تۆ هەر ئەبێت کوڕی ئەو پیاوە باشانە بیت، هەسـتایەوە ئەمـلاولای ماچ کردم منیش دەستی ئەوم ماچ کرد.

مامۆستا مەلا عەلیم بینی زۆر بە غیرەت بوو لە عەبـدولکەریم قاسـمەوە پیانا هاتە خوارەوە بۆ سـەرکردە چەپەکـان جنێـوی بە مـارکس و لینـین و ماوسیتۆنغ و کەسایەتییە ناودارەکانی کۆمۆنیست دەدا، دەرگای مەرکەزیان داخست و خۆیان ئامادە کرد بۆ بەرپەرچدانەوەی خۆپیشاندەران کە زیـاتر ئاژاوە بوو تا ئەوەی داوای مافی ڕەوای خەڵك بێت.

حـاکم بەکـر ڕووی کـردە خەڵـکەکە و وتـی (هـۆش، هـۆش)، قایمقامیش ئاماژەی کرد بۆ ڕەشاشی سەر بانی مەرکەزەکە وتی تەقە بـکە بەسەریاندا، بەو شێوەیە بڵاوەی پێکردن.

## * ئێوە لەو زەمەنی ململانێی پارتی و شیوعییەدا چالاکیتان هەبوو؟

- بەڵێ بێگومان سروشتی حیزبایەتی وایە، کە هەمیشە ئەندام و لایەنگرانی حیزب لە هەوڵ و چالاکیدان، بۆ پەرەپێدان و گەشەپێدانی حیزبەکەیان و سەرکوتکردن و بێ دەنگکردنی بەرامبەریان. ئەو کاتە من بەپرسی بنکە بووم، خەڵگی گوند سواری پیکابێك دەبووین و بەناو بازاڕی هەڵەبجەدا، هوتافمان دەکێشا و سرودمان بە باڵای پارتیدا دەوتەوە، کاتێك گەیشتینە بەر دوکانی عارفی حاجی فەرەج لە سێ ڕیانەکەی هەڵەبجەدا بوو، مستەفای خالۆ حەمەشەریف خەڵکی گوندی خۆما بوو، ئەندامێکی چالاك بوو، وتی بە شۆفێرەکە خاو بڕۆ، لەبەرامبەری دوکانەکەی عارف دا کە ناوبراو لایەنگری سەرسەختی شیوعی بوو، دەستی کرد بە هوتاف کێشان:

- پێشڕەوی کورد پارتییە، هیچ حیزبێکی تر نییە.
- بژی پارتی موستەفا، پێشەوایە بۆ سوپا.

بەو شێوەیە لە کار و چالاکی خۆمان بەردەوام بووین.

## * هەڵەی شیوعییەکان لەو کاتەدا چی بوو؟

- شیوعییەکان کاتێ دەرکەوتن و جەماوەرێکی زۆر شوێنیان کەوت لەخۆیان بایی بوون و کەوتنە دژایەتی کەسایەتییە ئاینییەکان و شێخ و بەگزادەکان، ئەوانیان بە لەمپەری بەردەم ویستەکانیان دەزانی، ئەوەش هەڵەیەکی زۆر کوشندە بوو، چونکە خەڵکە ڕەش و ڕووتەکە کە ئەوان دابوییانە پێشی خۆیان ئەهلی قیبلە و مزگەوت و شوێنکەوتووانی شێخانی تەریقەتی قادری و نەقشی بوون و مەلاکانی مزگەوتیش کەسوکاری خۆیان بوون، بە ڕادەیەك کەوتنە دژایەتی کەسانی ئایینی، چوونە ناو خانەقای بیارە و دەستیان کرد بە هەڵپەڕکێ و وتبوویان: با شێخ عوسمان بێت سەرچۆپیەکەمان بۆ بگرێت.

حەسەن بەگ و حامی بەگ و بەگزادەکانی هەڵەبجە لە بەغدا مانەوە و نەهاتنەوە بۆ کوردستان، بەو شێوەیە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی ناوچەکە شێوا بەسەر یەکدا و ناسەقامگیریی دروست بوو.

دوای ئەوەی شێخ عوسمانی بیارە ئەو سوکایەتییەی بیستەوە نامەی نووسی بۆ مەلا ئەحمەدی کێمنە و ئەویش بۆ مەلای پاوە، کە بە نیازە بێتە کوردستانی ڕۆژهەڵات و لە گوندی دورڕۆ لە ناو موریدانی خۆیدا نیشتەجێ بێت، ئەوە بوو دوای ڕەزامەندی ئێران سوار بوو چووە کێمنە و لەوێوە بۆ پاوە و پاشان لە گوندی دورڕۆ نیشتەجێ بوو، لە کۆتایی حوکمی پاشایەتی ئێراندا لەساڵی ١٩٧٩ هاتەوە بۆ عێراق و لە بیارە دەستی کردەوە بە ئیرشاد.

## کۆبوونەوە گەورەکەی گوندی تەپی سەفا

## * کاتێ شۆڕشی ئەیلوول هەڵگیرسا کێ بوون ئەوانەی لە گوندی تەپی سەفا سوێندی پابەندبوون بەکوردایەتی و خیانەت نەکردنیان خوارد؟

- لەساڵی ١٩٦٠دا شێخ حەمەئەمین عەبابەیلێیی[(١)] کە متمانەپێکراوی مام

(١) شێخ حەمەئەمین شێخ عەبدوڵا لە نێوان ساڵانی ٦٦ بۆ ٧٠ ی سەدەی بیستەم قائیمقامی هەڵەبجە بوو، ناوبراو کادرێکی سەربازی و سیاسی باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی (جەلالی) بووە و نزیك بووە لە مام جەلالەوە، کاتێ جەلالییەکان لەگەڵ پارتی ڕێك کەوتنەوە ناوبراو لەو پۆستەیدا مایەوە تا ساڵی حەفتا، دوای ئەو جەمال نامیق بوو بە قائیمقامی ئەو شارە. شێخ حەمەئەمین توانی هەوڵ بدت کارگەی پوختەکردنی توتن بهێنێتە هەڵەبجە کە بۆ جوتیارانی ناوچەکە سودێکی زۆری هەبوو.
هەڵەبجە پێشتر و لە ٢٤ی تشرینی دووەمی ١٨٦٩ لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە کراوە بە قەزا بە ناوی قەزای گوڵعەنبەر کە ناوەندەکەی شاری البجە، واتا هەڵەبجە بووە و (محەمەد بەگ) پاشای جاف لە ساڵی ١٨٦٩دا کراوەتە یەکەم قایمقامی ئەو قەزایە و تا ساڵی ١٨٧٣ لە بۆستەکەیدا دەمێنێتەوە) سەرچاوە/ عوسمان محەمەد ←

جەلال بوو، هات بۆ لای باوکم و مامەم و مام حاجی مستەفا و حاجی موشیری برای، وتی زۆر گەڕاوین کەس ئامادەیی دەرنەبڕیوە، دەمانەوێت کۆبوونەوەیەکی گەورە ساز بکەین، هەموو سەرۆك هۆزو تیرەکان بانگهێشت بکەین بۆ ئێرە، بەڵێنیان لێ وەربگرین کە خۆمان ساز بدەین بۆ بەرگری لە خاکی کوردستان و بەرەنگاربوونەوەی حکومەتی عێراق تا ئەوەی نەتوانێت پێشڕەوەی بکات بۆ داگیرکردنەوەی خاکی کورستان و هەڵکوتانە سەر گەلی کورد لە باشور.

ئەوەبوو خاڵۆ حاجی خالیدم کە قسەڕۆشتووی هۆزەکە بوو لەگەڵ باوکم و مامەم و مام حاجی مستەفا و مام حاجی موشیر، ئامادەیی خۆیان دەربڕی کە ئەو میوانداریيە لە هەردوو گوندی تەپی سەفای خواروو و سەروو لە ئەستۆ بگرن.

بیرمە مامە حاجی مستەفا وتی بە باوکم: عوسمان ئەترسم شەرمەزاری

---

هەورامی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە١٨٢.
دوای ئەوەی حەمە پاشا ڕازی نابێت عێلی جاف نیشتەجێ بکرێن و بۆ ئەوەی سەربەخۆیی خۆیان لەدەست نەدەن کە لە دێر زەمانەوە لە نێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانیدا کۆچ و ڕەویان کردووە و باجیان بە کەس نەداوە، لەسەر ئەم ڕازی نەبوونە کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی لە پۆستی قایمقامی هەڵەبجە دووری دەخەنەوە. بە خۆی و عێلەکەیە هەڵەبجە و ناوچەکە چۆڵ دەکەن و ڕوو لە مەملەکەتی ئێران دەکەن. دواتر لە ٢٩ی ئازاری ١٨٧٧دا جارێکی تر دەوڵەتی عوسمانی مەزبەتەی بۆ پڕ دەکەنەوە و دەیخەنەوە شوێنەکەی پێشووی و تاوەکو کوژرانی بە دەستی کەرەم وەیسییەکان لە ساڵی ١٨٨٢دا. دوای ئەو مەحمود پاشای کوڕی دەکرێت بە قایمقامی هەڵەبجە و تا ناکۆکی لە گەڵ دەوڵەتدا لە ١٨٨٨/١١/٢٥دا لەو پۆستەدا دەمێنێتەوە. دوای ئەو بەرواره پلەی میری میرانی پێ دەدرێت و ڕەوانەی ئەیالەتی ئۆرفەی دەکەن، لەوێ دەبێ بە موتەسەریفی ئەو شارە. لە دوای خۆی عوسمان پاشای برای بە قایمقامی هەڵەبجە دادەنرێت.
تا کۆتایی دەسەڵاتی عوسمانییەکان قەزاکە ناوی سنجەقی گوڵعەنبەر بووە بەڵام ناوەندەی قەزاکە شاری هەڵەبجە بووە نەك خورماڵ.
هەڵەبجە تا ساڵی ١٩٨٨ بە قەزایی مایەوە و لەوساڵەشدا ڕژیمی بەعس ئەو قەزایەی هەڵوەشاندەوە و کردی بە ناحیەی هەڵەبجەی تازە، وە پاش ڕاپەڕین لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە کرایەوە بە قەزا و یەکەم قائیمقامی شارەکەش ئەکرەم حەمەعەلی وەڵەسمتی بوو، کە کادرێکی پارتی بوو.

ئەم میوانانە ببین و ئەم کۆبوونەوەمان بۆ بەڕێوە نەبرێت، ژمارەی خەڵکەکە زۆرە، باوکیشم وتی: حاجی مستەفا ترسی بۆچییە، بەشی لایەك لەم وڵاتە چەڵتوکمان لە هەمباردا کەوتووە و پارە ناکات، دەینێرین لە ئاشی حامی بەگ کرەی بکەن، ئەوە حاجی سەعیدیش لە گوندی هانەدی دن ڕۆنی کرماشانی زۆر و زەبەندەی هەیە، دەنێرین چەند هیزە ڕۆنمان بۆ بێت، ئاژەڵی زۆرمان هەیە چەندمان بوێت سەری دەبڕین، چەند ژنێکیش تەرخان دەکەین بۆ نان کردن، بەم شێوەیە باوکم تەدبیری میوانداریيەکەی گەڵاڵە کرد.

لە ڕۆژی دیاریکراودا مام جەلال و **٧٦٣** کەسایەتی لە سەرۆك هۆز و تیرە و عەشیرەتەکان و کوێخا گوندەکان بەخۆیان و کەسێکی نزیکیانەوە لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستانەوە هاتن بۆ گوندی تەپی سەفا و لێرە بەگەرمی پێشوازی کران.

کاتێ ئەو حەشیمەتە زۆر هاتن، چوارسەد کەسیان لەمبەر لای ئێمە لە گوندی تەپی سەفای خواروو دانیشتن و سێ سەد و سەشت و سێ کەسی تریشیان چوون بۆ تەپی سەفای سەروو لە ماڵی مامە حاجی مستەفا و حاجی موشیری برای دانیشتن.

مام جەلال وتی بە کاکە حەمەم، شوێنێکی کەنارم بۆ دابنێ، ئەوەبوو بەدڵی خۆی شوێنی بۆ دانا، دواتر وتارێکی دا و خەڵکەکەی لە مەبەستی هاتنەکەیان ئاگادار کردەوە و نیازی شۆڕشی پێ گەیاندن.

لەو میوانداریيەدا **٢٥** سەر ئاژەڵ سەربڕابوو، پازدە دانەیان لە تەپی سەفای خواروو لەلایەن باوکم و حاجی هەیەری برایەوە و دە سەرەکەی تریش لە تەپی سەفای سەروو لە لایەن مام حاجی مستەفاو مام حاجی موشیری برایەوە دابین کرابوون. چەندین مەنجەڵ برنج و شلە لێنرابوون، خزمەتێکی باشی میوانەکان کرا و هیچ کەموکورتییەکی نەبوو.

دواتر شێخ حەمەئەمین لە تەپی سەفای سەرووەوە نامەیەکی نووسی و بە حاجی برایمی قادری سادەدا ناردی بۆ مام جەلال لە تەپی سەفای

خـواروو، کە پێشـتر ئامـاژەم بەوە دابـوو کە مـام جەلال داوای شـوێنێکی چەپی کرد کەس نەیبینێت، لە حوجرەی مزگەوتەکەدا دامـان نـابوو، چـرا فانۆسێکمان بۆ داگیرساندبوو، بەیاننامەی دەنووسـی، خـۆی ئامـادە دەکـرد بێتە ناو خەڵکەکە و بۆیان بخوێنێتەوە، نامەکەی دا بە من بردم دامە دەستی مام جەلال، خوێندییەوە و وتی: ئەگەر ئەتوانن لە شوێنێکی چەپەوە بمبەن بۆ ئەوبەر با نەکەوینە ناو قەرەباڵغییەکە.

مـن و کـاکەم و حـاجی برایمـی قـادر کە ئەو کـاتە هێشـتا حەجـی نەکردبوو، مام جەلالمـان لە پشـتی مـاڵی بـاوکمەوە ڕێنمـایی کـرد بەرە و تەپی سەفای ئەوبەر، کاتێ گەیشتینە جۆگەی تەوێڵەجـۆ هێشـتا پـردی بـۆ نەکرابـوو، ئـاویش زۆر بـوو، حـاجی بـرایم وتـی مـامە وەرە کـۆڵم بـا بتپەڕێنمەوە، مام جەلال وتی شتی وا چۆن دەبێت من خـۆم دەپەڕمەوە، بـا هەردوکمان نەکەوینە ناو ئاوەکە، حاجی بـرایم وتـی ئەگەر کەوتـین مـن خۆم دەکەم بە پرد بۆت و بەسەرما بپەڕەوە، ئەوەبـوو مـام جەلال دەسـتی کـرد بە پێکەنـین و وتـی بەخـوا مـن دەبـم بە فیـدای تـۆ، حـاجی بـرایم پەڕاندیەوە ئەوبەر، دواتر لە جۆگەی کانی پـاڵەوانیش کـردیە ئەوبەرەوە و ڕۆشتینە ناو ئاپۆرای خەڵکەکە کە لەناو حەوشەی مزگەوتەکەدا بوون.

میوانەکانی تەپی سەفای خوارووش بە دوای ئێمەدا گەیشتنە مزگەوتی تەپی سەفای سەروو، مام جەلال وتارێکی بۆ ئامادەبووان خوێندەوە.

دواتر داوا کرا میوانەکان سوێند بخۆن کە کەسیان خیـانەت لەم بەڵـێن و پەیمانە نەکەن کە ئەو ڕۆژە لەسەری ڕێك کەوتن و پابەندبن پێـوەیەوە. خەڵـکە ئەوەی دەسـتنوێژی نیـوەڕۆی نەمـابوو هەسـتان و قۆڵـیان هەڵمـاڵی دەستنوێژیان تـازە کـردەوە. قورئانێکیـان دانـاو لەسـەر سـورەتی (بەرائەت) کردیـانەوە، حـاجی سـەید عەلـی تەپـی سـەفایی بە ڕەحـمەت بێـت، خەنجەرێکی دەبانی کلك ماسـی ( مشـت مـاهی) بە بەرۆکەوە بـوو، لەبەر پشتوێنەکەی دەری هێنا و خستییە سەر قورئانەکە، سەرۆك هـۆز و کوێخـا دێ و شێخ و پیاوماقوڵەکان کە لە هەموو ناوچەکانی هەرێمی کوردستانی

باشوورەوە هـاتبوون، هەر لە پشـدەر و سـلێمانی و نـاوچەی چەمچەمـاڵ و بەگزادەکان و جافەڕەشکە و پێنجوێن و گەرمیان و هەڵەبجە و شـارەزوور و هەورامــان لە هەمــوو هــۆز و تیــرە و عەشــیرەتەکان، هەرچــی لەوێ ئامادەبوو، ئەوانەیان کە زۆر دیار و خاوەن مەکانەت بوون دەستیان خستە سەر قورئانەکە و سوێندیان خوارد کە خیـانەت لە کـورد نەکەن و پشـتی شۆڕش بەرنەدەن، تا ئەو کاتەی یان سەردەکەون، یان لەو پێناوەدا شـەهید دەبن. ئەو کەسانەش ناوەکانمان بیر مابێت جگە لە خەڵکی خۆمان لە تەپی سەفا، ئەمانە بوون:

ئاغاکانی پشدەر، ئەحمەد ئاغا و حەمە ئاغا و حسێنی کوڕی حەمەئاغـا لە عەشیرەتی گەڵاڵی، ئەحمەدی حەمەئەمین و میرزا حەسەن لە عەشـیرەتی نەورۆڵــی، حەمەئەمینــی حامیــد لە عەشــیرەتی عەمەڵە، حــاجی برایمــی قەڵاتـۆپزان و ئەولقـادری وەلـی و حـاجی قـادری مـارف لە شـاترییەکان، حـاجی مـحەمەدی مستەفای کەرەم وەیـس و عەبـدولڕەحمانی بـرازای لە دۆڵاش، حــاجی حەمەئەمــین و حــاجی مســتەفای قــاجر دوو کەســایەتی شارەزوور لە عەشیرەتی هاروونی، شێخ مەحمودی کاکە شێخ بیاوێڵەیی و شێخ ڕەوفـی شـێخ عوسـمان و شـێخ نـاجی شـێخ عەلائەدیـن لە شـێخانی نەقشبەندی، ڕەشید مۆردینی و حاجی مەحمودی مایجـان لە زەردۆیـی، لە ئیمامییەکان ئەوڕەحیمی محە لاورانـی و مەلا عەبـدولکەریمی زمنـاکۆ، لە هەڵەبجە حەمەی فەرەجی قالەسوور، نوری حاجی محەمەدی نانەوا، جەمال بابـان، کەمـال خەفـاف، ئەحـمەدی بـاوکە حەمەسـاڵح، هەروەهـا حـاجی مەحمودی هاروونی، لەگەڵ حەمەڕەشیدی ئەولمحەمەد، سمایلی خەسرەو، حەمەعەلــی ئەوڕەحمــان لە ســەیانییەکان، عەلــی خەلــیفە حســین لە کەڵهوڕەکان، فەتاحی حەمەفەرەجـی ئـاخە لە میروەیسـی، حـاجی سـاڵحی دوانـزە ئیمـام لە بڵبـاس، حـاجی فەرەجـی زەڕڕە لە کۆکـۆیی، فارسـی کاکەوەیس لە قەویلییەکان، دیاربەگی حامید بەگ، مستەفا بەگی کەریـم بەگ لە بەگزادەکـانی جـاف بـوون، شـێخ کەمـالی شـێخ ڕەشـید و شـێخ

حەمەئەمین لە شێخانی عەبابەیلێ، حەمەئەمین بەگی گۆڵێ، هەروەها حەمەئەمین بەگی عەباس بەگ، ئەفراسیاب بەگ و یارئەحمەد بەگ لە هەورامان. حەمەئەمین بەگی عەباس بەگ لە ئاوایی ڕۆستەم بەگ، حەمەی ئەوڵقادر و حەمەی ساڵحی فەتاح، حاجی ئەحمەدی شەریف بارانی، مەلا ئەولقادر لە گۆمەلار، حەمەی نادری هەواس، مەحمودی نادری هەواس، ئەولکەریم قادر هەواس لەگوندی شیرەمەڕ، حاجی محەمەد و عەبدولی حاجی محەمەد لە گوندی تەکیە، مستەفا فەنی و حاجی کاکە حەمە لە خورماڵ، حاجی حەمەجان لە گوندی زەڵم. خەڵکەکە هێندە زۆر بوون ناوی هەموویانم بۆ ناوترێت.

کاتێ سەرەی خانەخوێ هات بۆ سوێند خواردن، خالۆ حاجی خالیدم و باوکم و مامە حاجی مستەفا هەستانەوە و وتیان بەڕێزان، ئامادەبووانی ئەم مەجلیسە موبارەکە، کە بۆ مەبەستێکی زۆر گەورە و گرنگ و پیرۆز لێرەدا کۆبووینەتەوە، ئێمە سوێند ناخۆین و دەست ناخەینە سەر ئەو قورئانە، ئەمەشمان لە بەر ترس یان هەر مەبەستێکی تر نییە، بەڵکو پەیمان دەدەین کە خیانەت ناکەین و هەرگیز پشتی کورد بەرنادەین، ئەگەر وا گومان دەکەن کە دەترسین ئەوا هەمووتان باش دەزانن کە ئەم شوێنەی ئەم کۆبوونەوە گەورەیەی تێدا کراوە، پڕ مەترسیترین شوێنی کوردستانە کە حکومەت بە ئاسانی دەستی پێمان دەگات، چونکە تەختی شارەزوورە و نزیکە لە جادەی قیرەوە، هیچ شاخ و گرد و دۆڵێك نییە خۆمانی تێدا حەشار بدەین، شوێنی هەمووتان لە شوێنی ئێمە بێوەی تر بوو، بەڵام ئێمە خۆمان خستە ئەو مەترسییەوە و گوێمان بەوە نەدا باجی ئەم کۆبوونەوەیە هەرچی دەبێت با ببێت، هاتین میوانداری ئەم حەشیمەتە قەرەباڵغەمان کرد، کە ئامانج لێی شۆڕش و کوردایەتی و بەرگریکردنە لە خاکی پیرۆزی کوردستان. ئەمەی کردوومانە لە جێگای سوێند خواردنەکەی ئێمەیە.

کاتێ باوکم و مامە حاجی مستەفا و خالۆ حاجی خالیدم لەم قسانە لێبوونەوە، هەریەکە لە حاجی برایمی شاتری و مەحمودخانی گۆڵێ و

حەمەئەمین بەگی عەباس بەگ و یەکێکی تر لە ئاغاکانی پشدەر هەستانە سەرپێ و وتیان ئەشهەدوو ئێوە ڕاست ئەڵێن و پەیمانی خۆتان هەر لە سەرەتاوە بردووتە سەر، هیچ پێویست ناکات سوێند بخۆن، سوپاسی میوانداری و وەفا و ڕێز و حورمەتتان ئەکەین، خۆزگە هەموومان وەکو ئێوە بوێر و ڕاستگۆ بووینایە لەگەڵ وەفا و بەڵێندا.

بەو شێوەیە سوێندخواردن کۆتایی پێهات و ئامادەبووان هەرکەس تفەنگی خۆی کردە شانی و سواری ئۆتۆمبێلەکان بوون و تەپی سەفایان بەرەو خورماڵ بەجێ هێشت.

تفەنگی ئەو کاتەش کە ئەو خەڵکانە هەیان بوو بریتی بوو لە (فلچە) و (تاپڕ) و (ماوزەڕ) و (داداش) و (برنەو)، چەکی کلاشنکۆف کەم بوو، خالۆ حاجی خالیدم چەکێکی پەیدا کردبوو ڕووسی بوو وەکو سەمینۆف وابوو پێیان دەوت (پۆرسەعید)، ئەمانە چەکی شانی عەشایەرەکان بوو، وە هیچیان لە هونەری سەربازی و مەشق و ڕاهێنان نەدەزانی و تەنها غیرەت و ئازایەتی کوردەواری بوو، سنگیان دەنا بە گولەی دوژمنەوە، هەرکات هێزەکەش نابەرامبەر بوایە دەشکان و بەرەو دوا پاشەکشەیان دەکرد.

شۆفێرەکان کە میوانەکانیان هێنابوو، هەڵەبجەیی و ناسراوەکانیان ئەمانەبوون: ئەحمەدی حەمەخرە و عەلی شەمعێ، عومەری شەمعێ و برایمی حاجی و چەندین کەسی تر بوون، جۆری ئۆتۆمبێلەکان لۆری ئاخچەم و مارسیدس و پاسی کەنۆش و پیکابی تەختە و جێب بوون، کە ژمارەیان زیاتر لە هەشتا ئۆتۆمبێل دەبوو، بەرەو خورماڵ ڕۆشتن، بەناوبازاڕی خورماڵ و لەوێوە بۆ قەڵاکە و مزگەوتی دێرینی ئەو شارۆچکەیە چون و گەڕانەوە بۆ هەڵەبجە، لەوێ سورێکی ناو بازاڕ و سەرایان خوارد و کەوتنەڕێ بەرەو عەربەت، لەوێ کۆتاییان بە ئۆپراسیۆنەکە هێنا و هەر یەکەیان گەڕانەوە بۆ زێدی خۆیان.

ئەو خەڵکەی لە هەردوو گوندی تەپی سەفا سوێندیان خوارد کە بەرگری لە خاك و ئاوی کوردستان بکەن و پاشەکشە نەکەن لە

هەڵوێستەکەیان، وەکو هێزێکی ئامادەکراوی عەشایەری مانەوە تا ئەو کاتەی دوژمن هێرشی کرد.

ئەوە بوو لە مانگی ئەیلوولی ١٩٦١دا[١] هێزێکی گەورەیان پێك هێنا بەشێکیان بەرەو بازیان و بەردە قارەمان و بەشێکیان بەرەو دەربەندیخان کەوتنەڕێ بۆ ئەوەی بەرەنگاری هێرشی ڕژێم ببنەوە، پێش وەختیش ڕێکخستنەکان ئامادەسازییان کردبوو بۆ ئەو شەڕە، ئاژەڵێکی زۆر سەربڕا بوو، چەندین نانەوا گیرابوون بە کرێ نانێکی زۆریان کردبوو، هەرچی پێویستی خۆراکە داین کرابوو.

ئەوانەی دەربەندیخان لەسەر شاخ و لە پاشاڕێ نزیکەی حەفتا کاتژمێر بەرەنگارییان پێ کرا، بەڵام دواتر شکان و پەرتەوازە بوون. بەهەمان شێوە ئەوانەی بازیانیش شکان.

هێزی کوردی پۆشتە و پەرداخ نەبوو چ لە ڕووی مەشق و ڕاهێنانەوە و چ لە ڕووی چەك و تەقەمەنییەوە، واتە میلیشیاییەکی ناڕێك و پێکی عەشایەری بوو، ئەوەش هیچی پێ ناکرێت لەبەرامبەر سوپایەکی نیزامییدا، کە خاوەنی چەکی قورس و فڕۆکە و تانك و ژمارەی زۆری سەرباز بێت. تا ئێستاش کە ساڵی (٢٠٢٠)ە ئەو بێسەر و بەرییە بە هێزی کوردییەوە دیارە و لێی نەبڕاوە، شپرز و فرە کوێخا و فەرماندە و ناڕێك و فرە ڕەنگ و ناکۆك بەیەکن. ئەوەتا لە شەڕی داعشدا دژ بە هەرێمی کوردستان لە تیڤییەکانەوە دەیان جۆر لێدوانمان دەبیست کە هەریەکەیان لە قوڵێکی شەڕەوە و لە لایەن حیزبێکەوە دەدرا و وەزیری پێشمەرگە کەس نەیدەزانی لە کوێیە! دەبوایە لەماوەی ئەم بیست و حەوت ساڵەی حوکمڕانی هەرێمدا کە وەکو دەوڵەتێکی نیمچە سەربەخۆ وابووین، سوپایەکی نیزامی ڕێك و پێکمان هەبوایە کە موڵکی گەلی کورد بوایە نەك

(١) مام جەلال لە ١١ی ئەیلولی ساڵی ١٩٦١دا بەیاننامەیەکی دەرکرد، کە دەتوانرێت ئەو بەرواره بە دەستپێکی شۆڕشی ئەیلول بناسرێت.

حیــزب و، یەك فەرمانــدە و یەك لێــدوانی هەبــوایە، بەڵام بە داخەوە ئەو ئاواتەمان دەبەینە ژێری گڵ و ئەوە بە چاوی خۆمان نابینین.

## * دوای شکانی هێزی کـوردی و عەشـایرەکان، چـی ڕوویـدا؟ ئایا حکومەت هەڵمەتی دەستگیرکردنی دەست پێکرد[1]؟

-کـاتێ حکـومەت بە هێـزەوە هـاتەوە بـۆ سـەر نـاوچەی شـارەزوور و

(١) مەنعە تەجەولەکەی سلێمانی
لە ١٩٦٣/٦/٩ دا زەعیم صدیق ١٧٢ کەسی شاری سلێمانی بە بێ دادگـایی کـردن (بە گولەباران) شەهید کرد . لە ڕۆژی ١٩٦٣/٥/٢٠ دا حاکمی عەسکەری لەبەیاننامەیەکـدا بڕیارێکی ڕاگەیاند کە نـاوچەی کوردسـتان نـاوچەیەکی ئۆپەراسـیۆنی سـەربازیە و بەم پێیەش دەسەڵاتی فەرماندەکانی سـوپا لەنـاوچەکەدا فـراوان کـرد. لە بەرەبەیـانی ڕۆژی ١٩٦٣/٦/٩ دا کەهێشـتا خـۆر هەڵنەهـاتبوو، دەنگـی بڵنـدگۆ ئـارامیی شـاری شـڵەقاند و ڕایگەیاند کە مەنعی تەجەولە و نابێـت هـیچ کەسـێك لەمـاڵی خـۆی بێـتە دەرەوە. ئەو بەیـانیە هێزێکـی سـەربازی زۆر بەچەك و تفـاقی جەنگـیەوە بەنـا و شـار و کـوچە و کۆڵانەکـانی سـلێمانی دا بڵاوبـونەوە و دەوروبەری شاریشـیان گەمـارۆدا و لە جـێگە هەستیارەکانی ناو شاریشدا دەبابە و زرێپۆشیان جێگیر کردبوو .
ئەم هەڵمەتە دڕندانەیە کە بە فەرماندەیی تاوانبار زەعیم سدیق مستەفا فەرماندەی (لیوای ٢٠) بەرێوە دەچوو، هەڵمەتێکی پشکنین و گرتنـی بەرفراوانیـان دەسـت پێکـرد. بەپێـی ئامارەکان نـزیکەی (٢٥٠٠) کەس لەدانیشـتوانی نـاو شـاریان دەسـتگیرکرد، بێ ئەوەی هیچ تاوانێکیان ئەنجام دابێت. لەناو گیراوەکاندا چەندین دکتۆر و مامۆسـتا و کارمەنـد و کاسبکار و بازرگـانی تێـدابوو. هەمـوو گیراوەکانیـان راپێچـی تەویلەکـانی حـامیەی سلێمانی کرد کە لە جێگای پارکی ئازادی ئێسـتادا بـوو، لە نـاو دەسـتگیراوەکاندا ١٧٢ کەسیان بەبێ دادگایی گولەباران کرد. ئەم کردارە فاشیانە لەلایەن ڕژێمەوە بە(محکـمە الوادی) یان (وادی الموت) ناونرابوو.
پاش ڕوخاندنی دەسەڵاتی بەعسیەکان و هـاتنی عـارف بـۆ سـەر حـوکم، ئاگربەسـتێك لەنێوان حکومەت و سەرکردایەتی شۆڕشدا ڕاگەیەندرا و دانوساندن لەنێوانیاندا دەسـتی پێکرد.
لەماوەی دانوسانەکەدا و بەهاوکاری چەند کەسێك لەمـانگی ئـازاری/١٩٦٤ دا جێگـای شەهیدەکان دۆزرایەوە، کە کەوتبووە نزیك خوێندنگای ئامادەیی شیرینی کچانی ئێسـتا لە گەرەکـی مامۆسـتایان، کە هەموویـان بەدەسـت و چـاوی بەسـتراوەوە گولەبـاران کرابوون و لەچەنـد گـۆرێکی بەکۆمەڵـدا نێژرابـوون. سـەرچاوە/ ئاسـۆی شـێخ نـوری، تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك، ٢٠٢٠.

هەڵەبجە، مامۆستا مەلا عوسمان و مامۆستا مەلا عەلی و مامۆستا مەلا ساڵحی بامۆك کارێکی حەکیمانەیان کرد، وتیان حکومەت بەم هێزەوە بێتەوە سەر ناوچەکە، ڕەشبگیر و کوشتار دەکات، با ئێمە پێشوەخت پێشی پێ بگرین، ژمارەیەکی زۆر خەڵکی عەشایەریان بە کەواو سەڵتەوە لەگەڵ خۆیان برد و ڕۆشتن بۆ سەربازگەی دەربەندیخان، (فیرقەی ٤٠ی پیادە) بۆ لای فەرماندەی فیرقە، کە ناوی (نجم کفول) بوو، لەوێ ووتبوویان خەڵکی ناوچەکە هەموو خەڵکی سڤیلن و هاوشێوەی ئەم پیاوە عەشایرانەن، هەموو کەواو سەڵتە لەبەرن و شەڕکەر نین،

بەو شێوەیە تورەیی فیرقەیان خاو کردبوویەوە، وە وتبوویان هەرکەس خۆی ڕادەست بکات لێی خۆش دەبین، ئەوەبوو خەڵك خۆیان ڕادەست دەکرد، وە بەڵێننامەشیان لێ وەردەگرتن و جنێونامەشیان بۆ حیزب و سەرکردەکەی پێ پڕ دەکردنەوە،کە جارێکی تر هاوکارییان ناکەن و بە گژی حکومەتدا ناچنەوە. وە وتەی ئەو کەسانەیان لە ڕادیۆ دەخوێندەوە کە ئەو ڕستەیەی کۆتاییم بیر ماوە کاتێك لە ڕادیۆ بێ حورمەتییان بە سەرۆکی کورد دەکرد و دەیان وت:

(و علی رأسهم کلب استعمار و ناکر الجمیل مسطفی البارزانی).

بەڵێ پاش ماوەیەك لە شکانی ئەو هێزەی عەشایرەکان لە دەربەندنی بازیان و دەربەندیخان و خەلەکان، کە سێ ڕێگای سەرەکی ناوچەی سلێمانی بوون، حکومەت دەستی کرد بە دەستگیرکردنی ئەو کەسانەی بەشداری ئەو کۆبوونەوە و دواتریش ئەو سێ بەرەیەی شەڕیان کردووە. ئەوە بوو هاتن بۆ دەستگیردنی باوکم و مامەم و ئامۆزاکانی باوکم.

حکومەت یەکەم جار لە ڕێگای سیخوڕەکانی خۆیەوە ناوی بەشداربووەکانی وەرگرت و دواتر یەکە یەکە کەوتە دەستگیر کردنیان. پۆلیسی خورماڵ هەموویان نمەکی ماڵی باوکم و مامەمیان کردبوو، مەرەزە پێ دەگەیشت دوو فەردە بۆ بەڕێوەری ناحیە و دووان بۆ مەئمووری مەرکەز و سەرو فەردە بۆ پۆلیسەکان، وە هەرکات بە مەفرەزەش

دەربچوونایە لە ماڵی خۆمان نانیان دەخوارد. بەو شێوەیە چاولەبەر بوون، هەموشیان لە لایەنگرانی پارتی بوون، جگە لە یەك کەسیان کە حسێن گاشێتیان پێ دەوت خەڵکی باوەخۆشێن بوو، بە تەنها ئەو شیوعی بوو. نامەیەکیان نارد بۆ باوکم، تیایدا نووسیبوویان خالۆ حاجی حکومەت ئەمری گرتنی ئێوەی دەرکردووە، پێش ئەوەی ئێمە بێین بۆتان، ئێوە خۆتان بشارنەوە، چونکە، نمەکی ئێوەمان کردووە، قورسە لەسەرمان ئێوە بگرین، تکایە خۆتان لابدەن.

باوکیشم وەڵامی دانەوە کە ئێمە خۆمان ناشارینەوە و بۆ هیچ شوێنێکیش ناڕۆین، سوپاسی هەڵوێستی ئێوە دەکەین، هەرکات بۆتان کرا، فەرمانی سەرووی خۆتان جێبەجێ بکەن.

ئەوەبوو کەریمە خڕەی هەمەوەند و دەستەیەك پۆلیسی ئەسپ سوار لە خورماڵەوە هاتن بۆ تەپی سەفا، مامەم لەم کاتەدا لە باڵەخانەکەدا بوو، لە سەرەوە قورئانی دەخوێند، باوکیشم لە دەشت بوو، پۆلیسەکان وتیان بڵێن بە مام حاجی هەیەر هاتوون بۆ دەستگیرکردنیان، مامەم وتی با ئەو چەند ئایەتەم ماوە تەواوی بکەم دێمە خوارەوە. هەواڵیشیان دا بە باوکم، ئەویش لە دەشت هاتەوە، خۆیان گۆڕی و پریاسکەیەك شتومەکیشیان لەگەڵ خۆیان برد. حسێن گاشێت وتی ئەبێت بە پێ بێن و بە سواریی نەیەن، کەریمە خڕەی هەمەوەند میلی تفەنگی لێهێنایەوە، جنێوێکیشی پێدا، وتی تۆ بۆچی ئەوەندە بێ دایك و باوك و بێ ئەدەبیت، ئەزانی ئەم پیاوانە کێن؟ ئەوانە لەسەر هەڵوێستی مەردانەیان دەستگیر دەکرێن، دەبێ بە ئەسپی خۆیانەوە بێن، وڵاخیشیان نەبوایە خۆم بە پێ دەڕۆشتم و ئەوانم سوار دەکرد. دواتر کەریم ئەو هەڵوێستەی حسێنی گەیاندبوو بە بەڕێوەبەری پۆلیسی هەڵەبجە، ئەویش هەڵوێستێکی پیاوانەی نواندبوو، کەرێمی سزادابوو.

باوکم و مامەم چەند ڕۆژێك لە بنکەی پۆلیسی خورماڵدا مانەوە و دواتر ڕەوانەی سلێمانیان کردن. زیندانی گەورەی سلێمانی جێگای ئەو

حەشیمەتە زۆرەی زیندانیەکان نەبوویەوە، ناچار چەند هۆتێلیکیشیان بۆ گرتن، چونکە نزیکەی هەزار و سێ سەد کەس دەستگیر کرابوون. حاجی غەریب هەڵەبجەیی لە هۆتێل کاوە بوو، باوکم و مامەم و کوێخا سمایلی تەلان لای ئەو بوون، پۆلیس ئێشکی هۆتێلەکانی گرتبوو، مامەم لەوێ نەخۆش کەوت و ڕەوانەی نەخۆشخانەیان کرد. دەستیان بە کەلەبچە بەستبوو بە قەرەوێڵەکەیەوە، مەگەر بۆ دەستنوێژ و کاتی نوێژ دەستیان بکردایەوە.

دوای شەش مانگ دەستبەسەر کردن بە لێبوردنێکی گشتی ئازاد کران و بە سەری بەرزەوە پەیمان و بەڵێنەکەیان بردە سەروو خیانەتیان نەکرد.

خاڵۆ حاجی خالیدم لەو کاتەدا ڕۆشت بۆ ناو خزمانی نەورۆڵی لە کانی توو لەوێ خۆی شاردەوە، دواتر ڕاپۆرتیان لێدا مەفرەزە بۆی چوون و قۆڵبەستیان کرد، لە هەڵەبجە مایەوە و نەیانبرد بۆ سلێمانی، خزمان کاك حەمەی فەرەجی قالەسووریان ئاگادار کردبوو، کە لە پۆلیسی هەڵەبجە دەری بکات، ئەوەبوو ناوبراو بە خۆی و مەفرەزەیەکەوە هەڵی کوتابوویە سەر پۆلیسی هەڵەبجە و خاڵۆمی لەوێ دەرکردبوو. پێش ئەوە ئێمە ئاژەڵ و وڵاخەکانیمان بۆ دەرکرد، دوای ئەوە ڕۆشت لە گوندی گەچێنەی هەورامان نیشتەجێ بوو، تا بارودۆخ ئارام بوویەوە، ئەو کاتە گەڕایەوە بۆ بەشارەت.

## * کەی باڵی مام جەلال لە پارتی جیابوویەوە، ئایا ئەو جیابوونەوەیە کاریگەری نەرێنی هەبوو بەسەر کوردستان بەگشتی و ناوچەی هەڵەبجە و شارەزوور و هەورامانەوە؟

- لە مانگی تەموزی ساڵی ١٩٦٤دا مەکتەبی سیاسی پارتی لە بارزانی جیابوویەوە، بارزانی هێرشی کردە سەریان و لەشوێنی خۆیان لە ماوەت ڕاوی نان، دواتر ناکۆکییەکە سەری کێشا بۆ جیابوونەوە و باڵی مەکتەبی

سیاسی پەیوەندییان کرد بە عێراقەوە و لەولاشەوە پەیوەندییەکانی مەلا مستەفا و حکومەت تێك چوویەوە.

ئەو ناکۆکییە کاریگەرییەکی خراپی لەسەر شۆڕشی کوردیی بەجێهێشت، بەرەی کوردی پەرتەوازە کرد و فیتنەییەکی گەورەی لە ناوچەکەدا خولقاند، زۆر جار شەڕ یەخەی شارەزوور و هەڵەبجە و هەورامانی ئەگرت پێیان ئەوت شەڕی جەلالی و مەلایی. ئەم دوولایەنە یەکتریان بەجاش ناوئەبرد، چونکە هێزی عێراقی پشتیوانی جەلالی بوون و چریك و چەکداری قەڵخانی و ئێرانی پشتیوانی مەلایی بوون، ئەم شەڕە دەبوو بە هۆی پەککخستنی هاتوچۆی خەڵکی لە نێوان هەڵەبجەو ناحیەکانی دەوروبەری.

## * ئێوە بە هۆی هێرشی حکومەت و زەعیم سدیقەوە دوو جار ئاوارە بوون و تەپی سەفاتان چۆڵ کرد، لەو کاتانەدا ڕووتان لە کوێ کرد؟

- بەڵێ ڕاستە ئێمە بەهۆی جوگرافیای ناوچەکەمانەوە هەمیشە لە ژێر چەپۆك و زوڵم و ستەمی ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراقدا بووین، جێگاکەمان تەخت و نزیك بووین لە جادەی گشتییەوە و وەکو نەیار و بەرەی کوردایەتی کەوتبووینە بەرچاوی حکومەت، یەك فیشەك بە ڕووی ڕژێمدا بتەقایە خێرا دەگەشتنە سەرمان.

لە ساڵی ١٩٦٣دا زەعیم سدیق هاتە شارەزوور، ئاگری بەردایە گوندەکانی تەپەگوڵاوی و شەکرالی و گردی گۆ و بەشارەت و کێلەسپی و جان جان و چەند گوندێکی تری ناوچەکە، خەڵکی هەڵهاتن بەرەو هەورامان. کەسوکارمان ڕۆشتنە هانە گوندەکانی گەرمەڵە لەو دیو سنور و گەچێنە و باخەکۆن و سەرگەت و هانەی دن کەئەمانە گوندی عێراق بوون لەسەر سنوری ئێران. خۆم و ئامینەی خێزانم و مەحمودی ماڵی مامەم

مابنەوە، چونکە ئاژەڵدار بووین نەمانتوانی بەتەواوی ئاوایی چۆڵی بکەین.

زەعیم سدیق و لیواکەی هێرشیان کردە سەر ناوچەی شارەزوور، هەر کەس بکەوتایەتە بەردەستیان خێرا دەستگیریان دەکرد، هەشت کەسی لە گوندی تەپی سەفا دەستگیر کرد، لەوانە حاجی سەید نەجمەدین و کاك حەمەفەرەجی پۆلیس و عەلی مەلا محێدین و حەمەی سلێمان، بە حەفتا سەعات شەڕ توانی کەمینی پێشمەرگە بشکێنێت و لە پردی زەڵم بێتە ئەمبەرەوە.

ئێمە چەمی زەڵممان لە ئاستی گوندی گردی گۆ بڕیبوو، کردبوومان بە چاڵ، بە حیسابی خۆمان بۆ ئەوەی زرێپۆش نەکاتە ئەم بەرەوە بۆ قەزای هەڵەبجە و ناحیە و گوندەکانی. من چونکە ڕێکخستن و لەهەمان کاتدا لە هێزی بەرگری بووم، خەڵکەکەم لەو گوندانەی دەوربەر کۆکردەوە بۆ کارکردن و هاوکاری پێشمەرگە، هێزی بەرگری زۆر بوون.

عوسمانی عەلی چەتوون و ڕەسوڵی سەید حەبیب عەدەد ڕەشاش بوون، لەسەر گردە قوچەکەی گردی گۆ بوون، ئاومان بۆ بردنە سەرەوە تا لێی بخۆنەوە و ڕەشاشەکەشی پێ فێنك بکەنەوە. حاجی موشیری کۆکۆیی و مەلا حسێنی خوشکەزای و حەمەی هەواس پاسەوانی ڕەشاشەکە بوون، هەرچی تۆپ دەهات نەیدەدا لە گردەکە لە تەنیشتی دەکەوتە خوارەوەو دەتەقییەوە.

ڕۆژی یەکەم بەرگری پێشمەرگە باش بوو، بەڵام بەهۆی بەهێزیی دوژمنەوە ڕۆژی دووەم سوپا هاتە پێشەوە، خاڵۆ حاجی خالیدم وەکو هێزی بەرگری هات بڕواتە پێشەوە، وتمان خاڵۆ ئاگاداری خۆت بە، دوژمن نزیکە، هێزی پێشمەرگە بەو ڕیزەدا لە گردی قازی و تەپەڕێزینە بوون، بەرگرییەکان لە گردی گۆ دامەزرا بوون، حەمەی فەرەجی قالەسور هەڵەبجەیی سەرلقی هێزی پێشمەرگە بوو، حەمە شەمێرانی لەوێ بوو، حەمەی کوێخا کەریم ڕۆژی یەکەم بریندار بوو، مەحمودی سۆفی عەلی تەپی سەفایی گرتی بە کۆڵەوە و بەرەو (بواری لەق لەق) فڕاندی بەرەو

سەرەوە، حەمە گوڵپی هەڵی کوتایە سەر یەکێك لە زرێپۆشەکان و لەوێدا شەهید بوو، عەلی ئەحمەد کەچەڵ، عینایەت ئێناخی، عەلی حەمە ئەمین ئێناخی، حەسەن قادر هانەسورەیی، نادر حەمە حەسەن و مام ئەمین دەگاشێخانی کە پیاوێکی باڵابەرز بوو، کەمێك بۆی دەشەلی، ئەمانە شەهید بوون.

پێشتر ئێمە سەنگەرەکانمان هەڵکەند بۆ پێشمەرگە، مام ئەمین هات خۆی خستە ناو سەنگەرێکەوە وتی ئەمە بۆ من باشە، کوڕێکی گەنج هات وتی مام ئەمین ئەم شوێنە بۆ تۆ ناشێت، ئەویش وتی هەتیو بۆچی بۆ من ناشێت من جەنگی لهۆن و جوانڕۆم کردووە ئەم شەڕەم چۆن بۆ ناکرێت، وەڵاهی هەتا پێستەکەم نەلکێت بەم سەنگەرەوە لێرە ناجوڵێم، ئەمە قسەی مام ئەمین بوو بە شێوەزاری هەورامی. کاتێ عەسر جەنازەکانمان کۆکردەوە مام ئەمین بەو شێوەیە خۆی وتی هەر لەوێدا شەهید بوو بوو، وە زرێپۆش هات بەسەریدا و تاك برێکی بەسەرەوە کردبوو، پێستی لەشی لکاندبوو بە سەنگەرەکەیەوە.

هێزی دوژمن ٣٦ زرێپۆش و ١٨ تۆپی قورس و فڕۆکە و چەك و تفاقی باشی پێ بوو، هێزی پێشمەرگەش بە چەکی سوك بەرەنگاری بوونەوە، هێزەکە نابەرابەر بوو، دوژمن کردیە ئەمبەرەوە بۆ سنوری تەپەتۆڵەکە کە ئێستا فولکەیەکی گەورەیە لەوێدا وەستا.

کاتێ زەعیم سدیق نزیك بوویەوە لێمان ئەو گوندانەی سوتاند کە پێشتر باسم کرد، تەپی سەفای دایە بەرتۆپ، ئێمە لەگەڵ مامۆستا مەلا مارفدا ڕۆشتین بەرەو گوندی شەشك و چەمی شێخ ڕەش، فڕۆکەی جەنگی بەسەر ئاسمانی ناوچەکەوە بوو، قادری ساڵحی وەسمان پشتێنێکی بریقەداری زەردی لەپشتا بوو، مامۆستا مەلا مارف وتی قادر بە قوربانی وەسمانی باپیرت بم ئەم پشتوێنە لابە لە پشتتدا با ئەو فڕۆکەیە پێمان نەزانێت و بۆردومانمان نەکات. هەر بەو شێوەیەش سەرکۆنەی پورە فەزیلەی کرد کەبۆچی بەو کەوا سیمدارەیەوە شوێنمان کەوتووە، فڕۆکە

پێمان دەزانێت. پورە فەزیلەش بە نەرمونیانییەکەی خۆی ئەیوت ئەی خوا بێقەزات بکات مامۆستا تۆ بۆچی گرتووتە بە منەوە، ئەو ڕۆژە تا ئێوارە لەوێ ماینەوە، بۆ شەو هاتینەوە بۆ ناو ئاوایی.

بۆ ڕۆژی دواتر لەگەڵ مەحمود وڵاخەکانی خۆمان و ماڵی مامەمان دوور خستەوە بۆ سەرووی گوندی شەشك لە ترسی ئەوەی نەوەك سوپای زەعیم سدیق بێتە ئاوایی و وڵاخەکان بە غەنیمەت ببات، تا ئێوارە لەوێ ماینەوە، دواتر خەڵك هات وتیان زەعیم سدیق گەڕاوەتەوە، بگەڕێنەوە بۆ ئاوایی.

ماڵی باوکم و مامەم و خزمان لە گوندی (هانە گەرمەڵە) بوون، گەنممان هەبوو پارەی نەدەکرد، باوکم هەشت هێستری نارد بارمان کردن و بردنی بۆ ئێران لەوێ فرۆشتنی، خۆیان ئاردیان وەردەگرت کێشەی ئازوقەیان نەبوو. ئەو زستانەی ماڵی باوکم لە هانەگەرمەڵە بوون بەفرێکی زۆر باری بوو، مناڵەکان نەخۆش کەوتبوون، دواتر هاتنەوە شەش تا حەوت مناڵ لە برا و خوشك و ئامۆزا کۆچی دواییان کرد.

*** ئایا پارتی دیموکراتی کوردستان هیچ کات ویستوویانە وەکو وەفایەك، یادی ئەو کۆبوونەوە و ڕۆژە مەزنە بکەنەوە، کە ئێوە و بنەماڵە و هۆزەکەتان لە هەردوو گوندی تەپی سەفا سپۆنسەرتان کرد و هەستان بە ئەنجامدانی؟**

- نا نەخێر بە هیچ شێوەیەك نە کردوویانە و نە نیازیشیان هەبووە ئەو یادە بکەنەوە، وە لە هیچ بەرپرس و کادرێکی پارتیشم نەبیستووە کە باسی بکەن و گرنگی پێ بدەن. دەبوایە لە ماوەی ئەم ٢٩ ساڵەی ئازادی هەرێمی کوردستاندا نەك جارێك، بەڵکو هەموو ساڵێك مەراسیمێکی شایستەیان بەو بۆنەوە ڕێك بخستایە و ڕۆڵ و پێگەی ئەم دوو گوندەیان لە سەرخستنی شۆڕشی ئەیلودا بەرز بنرخاندایە، کە ئەوە سەروەرییەکی

گەورە بـوو بـۆ ئـێمە لەو ڕۆژگـارە پـڕ مەترسـییەدا توانیمـان بچینـە ژێـر داخوازییەکی وا گەورە، لە تەختی شارەزوور و لە نزیکی جادەی قیـردا، کە ڕژێم زۆر بە ئاسانی دەستی پێمان دەگەیشت.

حیزبـی کـوردی بە پـارتی و یەکێتیشـەوە زۆر بـێ وەفـان بەرامـبەر بە خەبات و ماندووبوونی کۆمەڵانی خەڵکـی کوردسـتان و وا دەزانـن کەس پێیانەوە ماندوو نەبووە و هەر خۆیان بە پـاڵەوانێتی خۆیـان هـاتوونەتە سـەر سفرەی حازر.

ئەوەی ئـێمە کردوومـانە بـۆ هەردوو شۆڕشــەکە لە مانــدوو بــوون و قوربـانی و مـاڵ بەخشـین و زینـدانی و ئـاوارە بـوون و دەربەدەری، کەم کەس توانیویێتی ئەنجامی بدات، وە منەتیشمان بە سەر کەسدا نەکردووە و بە ئەرکی ئایینی و نیشـتیمانی خۆمـان زانیـووە، وە هـیچ کـات لە ئەرکـی بەرپرسیارێتی خۆمان نەدزیوەتەوە.

*** بەڕای ئێوە بۆچی کـورد نەیتـوانی کیانێـك یـان قەوارەیەکـی سەربەخۆ دروست بکات، ئایا پەیوەندی بە کورد خۆیەوە هەبوو کە خۆخۆر بـوون و هەمیشـە لەسـەنگەری یەکتـردا بـوون، یـان بارودۆخی نێودەوڵەتی ڕێـگەی بەوە نەداوە، کـورد لەسـەر پێـی خۆی بوەستێت؟**

- کەس ناتوانێت نکولی لەوە بکات کە گەلی کـورد گەلێکـی ئـازا و جەسور و بەهێز بووە و هەموو هەوڵێکی خۆیشی داوە بۆ بەدەست هێنـانی ئامانجەکـانی، وە خـوێنی زۆریشـی لەو پێنـاوەدا ڕشـتووە. بەڵام خەسـڵەتی خۆخۆری و پشتی یەکتر شکاندیشـمان هەبـووە و تـا ئێسـتاش پشتاوپشـت بۆمان ماوەتەوە. ئەمە هۆکارێکی سەرەکی دواکەوتنمانە، بەڵام هۆکارێکی تـریش کەزۆر کەس نـایخوێنێتەوە و حیسـابی بـۆ ناکـات، ئەو ناسـنامە

ئـاینییەیە کە هەزاران سـاڵە بە بەرۆکـی ئەم مـیلەتەوەیە و دوژمنانمـان زۆر حیسابیان بۆ کردووە و نەیانهێشتووە لەسەر پای خۆمان ڕاوەستین، هەمیشـە سەرقاڵمان دەکەن بەشەڕ و ئاژاوە و فیتنەیی و دەمان دەن بە گژی عەرەب و فـارس و تورکـدا و ئەم چـوار نەتەوەیـان کـردووە بە دوژمنـی بـاوك کوشتەی یەکتری و خۆشیان نان و پیازی پێوە دەخۆن.

کورد ئەو میلەتە موسڵمانەیە کە ئایین و نەتەوایەتی پێکەوە شـێلراون و ناتوانرێـت لێـك جیـا بکـرێتەوە، ئەگەر ئـایینی لـێ بکەیـتەوە هـیچ سەروەرییەکی بۆ نامێنێتەوە.

حامی بەگی جاف خوا لێی خۆش بێت، لە کۆڕێکدا گێڕایەوە و وتی: جارێکیان پێش واژۆکردنی بەیاننـامەی یـازدەی ئـازاری ١٩٧٠ لە بەریتانیـا بـووم، لەنـاو شـاری لەنـدەن لەشـەقامێکدا ڕێگـام دەبـڕی، کاتێـك زانـیم قەمەرەیەك هاتە تەنیشتم و وەستا، لام کردەوە، شـەبقە بەسـەرێکی ئینگلیـز بوو، قۆڵی خسـتبووە سـەر دەرگـای ئۆتـۆمبێلەکەی و چاویلکەکەی بـردە سەرەوە، بە زمانی کوردی سۆرانی وتـی: حـامی بەگ سـڵاو، ئەوە چـۆن گەیشتوویتەتە ئێرە؟ منیش بەو سڵاوە کوردییە و زمانە پاراوە لە کابرایەکی ئینگلیز توشی سەرسوڕمانی کردم و بۆ ماوەیەك لە خۆی و جـلوبەرگ و ئۆتۆمبێلەکەی ورد بوومەوە، هەرچیم کـرد نەمناسـی، وتـم علیـك السـلام، جەنابتان کێن؟ کابرا وتی حامی بەگ ئەڵێی نامناسیتەوە؟ منیش وتم نەوەڵا ناتناسم داوای لێبـوردن ئەکەم، کـابرای ئینگلیـز وتـی جـارێ خۆمـت پـێ ناناسێنم، تـۆ هەر لەم شـەقام و دەوروبەرەدا پیاسـەی خـۆت بـکە، یـان لە کافتریایەکدا خۆت بخـافڵێنە تـا مـن لەو کۆبـوونەوەیە دێـمە دەرەوە، نیـو کاتژمێرمان پێ دەچێت، منیش وتم باشە فەرموو.

ئەو لێیدا ڕۆشت، منیش ڕۆشتمە کافتریاکەوە و کۆکایەکی ئینگلیـزیم خواردەوە و پاشان لە شەقامەکە بە پیاسە و هاتۆچۆ خۆم سـەرقاڵ کـرد بە خوێنـدنەوەی تـابلۆی سـەر دوکانەکـان و جـۆری ئەو ئۆتـۆمبێلانەی کە لەوێوە تێ دەپەڕین، کاتێکم زانی مستەر پەیدا بوویەوە، وتی حـامی بەگ

وەرە سەرکەوە، نیازم وایە بتبەمەوە بۆ ماڵی خۆمان، ئەمە هەموو لـۆقەنتە و چێشتخانەیە لە بازاڕ، ئەترسم لێرە نانت بـۆ بکـڕم بڵێیـت لە سـەرە ڕێگـادا نانێکی بۆ کـڕیم و خـۆی گێـل کـرد لە میوانـداریی. مـن نـانی تـۆم زۆر خواردووە و نمەکی زۆری تۆم کردووە، پێـت چـۆنە دۆینەیەکـی جـافیی خۆشت بۆ لـێ بنێم و ڕۆنـی هیـزەکە دەربێـنم و بیتـوێنمەوە بەسـەریدا و بیکەم بە گونێن و ڕۆن، بڵێ بزانم ئەمەت پێ خۆشتر نیـیە لە نـانی بـازاڕ؟ منیش وتم بەرەوەڵا زۆریشم پێ خۆشە، بەڵام جـارێ خـۆتم پـێ بناسـێنە؟ وتی حامی بەگ من مستەر وڵسنم، بیرتە لە باخی میـر لە هەڵەبـجە چەنـد جار پێکەوە دانیشتووین، لە فڵان شوێنی تر لەگەڵ ئەحمەد موختـار جـاف و فڵانو فیسار کەسدا داوەتمان خواردووە و سوحبەتمان کـردووە. حـامی بەگ بۆچی ئاوا کەم زەین بوویت؟ من بۆچی تۆم ناسییەوە، کەواتە بیر و زەینی من لە تۆ باشترە.

پـاش نـان خـواردن و پشـوودان، کۆمەڵێـك خـانەدان و ئەشـرافی بە تەمەنی ئینگلیزی شەبقە لەسەر خۆیان کرد بە ماڵی مسـتەر وڵسـندا، دیـارە پێشـوەخت ئاگـاداری وەهـا دانیشـتنێك بـوون، یـان وڵسـن لەکـاتی کۆبوونەوەکەدا پێی وتبوون کە مـن هـاتووم و ویسـتوویانە پەیـامێکم پـێ بگەیەنن. ئەم پیاوانە ئەندامی ئەنجومەنی لـۆرداتی بەریتـانی بـوون، هەمـوو پیری سیاسی و بەئەزموون و نەخشە داڕێژەری شانشینی ئینگلیز بوون، هەر لەسەر دەسـتی ئەوانەدا جیهـانی ئیسـلامی دابەشـکرا بـۆ چەنـدین قەوارە و دەوڵەت. ئەوان هەرچەند لەوسەری وەڵامەکانەوە دەهـاتنەوە بەڵام کەوتـنە پرسیار کردن لە من؟ وتیـان دەنگوباسـی حکـومەتی عێـراق و بـارودۆخی سیاسی کورد و ناوچەکە چۆنە؟ ئایا ڕاستە دەوڵەتی عێراق هـاتووەتە سـەر ئەو بڕوایەی کە لامەرکەزی بدات بە کورد؟ منیش هەرچیم زانی وەڵامم دانەوە، دواتـر وتیـان بـا یەك وەسـیەتت بـۆ بکەیـن، تـۆش بـیگەیەنە بە سەرکردایەتی کورد و خودی مەلا مستەفا بارزانی خۆی. پێی بڵێ جەنـابی بارزانی وڵسن و یاوەرانی لە پیرانی ئینگلیز پێیان ڕاگەیاندووم کە پێت بڵێم

ئەو مافی ئۆتۆنۆمییەی کە حکومەتی عێراقی خەریکە قەناعەت بکات بۆ کوردی دەستەبەر بکات، ئەو هەلە لەدەست مەدەن و خێرا بیقۆزنەوە، جارێکی تر هەلی واتان بۆ ناڕەخسێتەوە. قازانج دەکەن و هیچ زیانێك ناکەن. وە پێی بڵێ با لەکاتی واژۆکردنیشدا بە ئاگاداری نەتەوە یەکگرتووەکان بێت و شێوەیەکی فەرمی نێودەوڵەتی وەربگرێت. عێراق هاتبێتە سەر ئەو قەناعەتەی کە مافی ئۆتۆنۆمی بە کورد بدات ئاسمان ئەستونی دەوێت. منیش وتم خۆتان باش ئەزانن کە هەر ئێوە بوون کوردستانی گەورەتان کرد بە چوار پارچەوە، زەلیلی ژێر دەستی دوژمنانتان کردین، لە جیهاندا کام نەتەوە هێندەی کورد دەبێت و خاوەنی دەوڵەت و کیانی خۆی نییە؟ لەو بارەوە زۆرم وت، دواتر وتیان حامی بەگ گوێبگرە، ئایا تۆش ئەزانیت سەلاحەدینی ئەیوبی چی کردووە بە ئێمە؟ تا ئینگلیز و فەرەنگ مابێت، ئەو داخەی سەلاحەدینی بیر ناچێتەوە، شکۆی مەسیحییەتی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا شکاند و تەخت و بەختی لەیەك هەڵوەشاندین، وا ماوەی سێ سەد ساڵە نەخشە دەکێشین تا هەرەسمان بە دەوڵەتی عوسمانی هێنا و جیهانی ئیسلامیمان خستەوە ژێر ڕکێفی خۆمان.

منیش دوای بەرگری و وەڵامدانەوەیان، قسەوباسی زۆر کەوتە نێوانمانەوە، لەسەر ڕەوایی و ناڕەوایی ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانە، بەڵام خۆ بە دەستی شکاوەوە تۆڵە ناکرێتەوە، دەستێك لە ملدا بێت، دەبێ پارێزگاری بکەیت و نەیڵێت زیاتر بکولێتەوە.

## * کەی بە سەرۆکی کۆمەڵەی جوتیارانی بێساران هەڵبژێرایت؟

- لە ساڵی ١٩٧٣ دا، لە بارەگای جەمعیە لە سیروان هەڵبژاردن کرا، قایمقامی هەڵەبجە و حاکم و بەڕێوەبەری ناحیە و کاربەدەستان هەموو لەوێ بوون، من هەر بەنیاز نەبووم خۆم هەڵبژێرم، لەناو خەڵکەکەدا دانیشتبووم، کاتێ وتیان کێ خۆی کاندید دەکات و خۆی هەڵدەبژێرێت،

کەسێك ناوی خۆی نووسی، لەو کاتەدا حاجی حەمەعەلی و حاجی عەلی فەتاح و فایەقی برایم بەگ و کۆمەڵێك دۆستی تر لایان کردەوە بۆ من و هاتن پەلیان گرتم، وتیان بەخوا لەتۆ زیاتر کەس هەڵنابژێرین. منیان هێنـایە دەرەوە بـۆ گۆڕەپـانەکە، قایمقـام و ئەفسـەری ئەمـن و کاربەدەسـتانی تـر خەڵکەکەیان بینی ڕوویان کردە من، ئەوانیش پرسـیاریان کردبـوو کە ئەو پیاوە کێیە ئاوا بۆی پەرۆشن؟ لیژنەکە باسی منیان بـۆ کردبـوون، ئەوانـیش وتبوویان دەی ئێمەش کەسـی وامـان دەوێـت، دادپەروەر بێـت و جێگـای ڕەزامەندی هەموو جوتیاران بێت.

ئەوەبـوو بە دەنگـی ١٧٠ جوتیـار هەڵبژێـردرام و بـووم بە سـەرۆکی جەمعیەی تەعاونی (بێساران)، کاندیدەکەی تر حەز ناکەم ناوی بهێنم، سێ دەنگی هێنا کە دوو دەنگیان هی دوو کەسی ئاوایی تەپی سەفا بوو، ناوی ئەوانـیش نـاهێنم، هەردوکیـان بە ئاشـکرا وتیـان حەز نـاکەین ئەم پیـاوە هەڵبژێرن.

## * تا کەی بەردەوام بویت لەسەر ئەو بەرپرسیارێتییە؟

- تا ساڵی ١٩٨٧ لەسەر کارەکەم بەردەوام بووم، تا ئەو کـاتەی کە بـۆ جارێکی تر گوندەکان بار کران و ئاوارە بووینەوە، کاتێ ڕژێمـی بەعـس ڕووخا جەمعییەش نەما تەنها جوتیاران دروست کرایەوە.

## * ئەڵین ساڵی ١٩٧٣زەویت داوە بە چەند فەرماندەیەکی شۆڕشی ئەیلوول، ئەو کارەت چۆن کرد و لەبەرچی بوو؟

- ئەوە لەکـــاتی جـــێ بەجێکردنـــی یاســـای ئیســـلاحی زەراعـــی و دابەشکردنی زەوی وزاری کشتوکاڵیی خاوەن موڵکەکان بەسەر جوتیاراندا بوو، کۆمەڵێك پیشمەرگەی شۆرشی ئەیلوول کە ژمارەیان (٦) کەس بـوو لە گوندی تەپی سەفا یەکی پارچەیەك زەوی کشتوکاڵییم پێدان، کە دوان

لەوانە هەریەك لە شەهید عەلی شیعە و خوالێخۆشبوو مەحمود کەشکۆڵ بوون کە ناسراوە بە شێخ عەلی.

ئەمەش بۆ ئەوە بوو کە ئەو شۆڕشگێڕانە ببن بە خاوەنی زەوی خۆیان و بتوانن ماڵ و مناڵیان بەخێو بکەن و موحتاجی کەس نەبن، وە هەروەها بۆ ئەوەبوو کە کەسانی نەناسراو نەیەنە سەر زەوییەکانی گوندەکەمان و ببن بەهۆکاری کێشە دروست کردن بۆ جوتیارانی ئاوایی، ئەو پێشمەرگانە شایانتر بوون بۆ وەرگرتنی زەوی تا خەڵکانێك کە هیچ ماندوو نەبوون بە کوردایەتییەوە.

## * بۆچی شۆڕشی کورد هەرەسی هێنا، لە کاتێکدا لە ڕووی دارایی و هێزی چەکداری و پشتیوانی جەماوەرەوە هیچ کەموکوڕییەکی نەبوو، ئەو هێزە گەورەیە چی بەسەر هات؟

- من ئەو کاتە لە جوتیاراندا بووم، لە کاری ڕێکخراوەییدا سەردانی گوندەکانم دەکرد، ئابوونەم کۆ دەکردەوە و ڕەوانەی ناوچەم دەکرد. ڕۆژێك بە خۆم و ئابوونەوە سەردانی بارەگای ناوچەم کرد لە ئەحمەدئاوا لە بنی پەڵگ، حەمەئەمین بەگی عەباس بەگ لەوێ بوو، سەرلقی شۆڕش بوو، وتی مەلا دەنگوباس چییە، بۆچی ماتیت؟ شتێك ڕوویداوە، وتم دەبوایە ئێوە هەواڵی تازەتان بە من بدایە، بەڵام بەخوا تازە تەواو، دوعا بۆ کورد بکەن، هەرەسیان پێ هێناوین. وتی بیکە بە خاتری خوا شتی وا مەڵێ، چۆن شتی وا ئەبێت! وتم پەلە مەکەن دوو ڕۆژی تر هەواڵەکەتان پێ دەگات، ئەوەبوو هەواڵی هەرەسی شۆڕشی کورد لە باشوری کوردستان هەموومانی غەمبار کرد، بەیاننامەی خۆبەدەستەوەدان خوێندرایەوە و هێزی چەکدار بە چەکەکانیانەوە خۆیان ڕادەستی حکومەت کرد. ئەو هەموو ئازوقە و خۆراکە بەشی چەند ساڵێکی شۆڕشی دەکرد، تاڵان کرا و فوی پیا کرا. فەرماندەکان بە باوکەڕۆ و شیوەن و

گریانەوە هاتنە خوارەوە، کورد کۆستی کەوتبوو، ڕۆژێکی زۆر ڕەش و ناخۆش بوو، گێڕانەوەی بەدەم خۆشە.

مەحمود کەشکۆڵ لە تەپی سەفا بوو، چەند پێشمەرگەیەك بە چەکەکانیانەوە هاتبوونەوە، نیازیان وابوو بچن ڕادەستی حکومەتی بکەن، مەحمود وتی ئەو سێ چەکە بدەن بە من کارم پێیەتی، وتیان مردووت بمرێ بۆ نیازت چییە ناتەوێ بڵێیت سەر لەنوێ شۆڕش دروست ئەکەمەوە، ئەویش وتی بۆچی نا، هەر دەبێ دروست بێتەوە. ئەوەبوو هەر سێ چەکەکەی بە ئەمانەت لا دانام، منیش خستمە ناو سۆیلی تراکتۆرەکەی خۆمانەوە و لە چاڵێکم هاویشتن، لە هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێدا هاتنەوە بۆ چەکەکانیان و بردیانە دەرەوە.

لە سەرەتاوە هۆکاری شکستی شۆڕشەکەت پرسی، کە بۆچی بەو پۆشتە و پەرداخییەوە هەرەسی هێنا، بەڵێ هۆکار زۆر بوون بەڵام گرنگترینیان پیلانی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی بوو، کە هەمیشە دوژمنان لێ نەگەڕاون کورد بگات بە مافەکانی خۆی و کاتێ لە کەناری سەرکەوتن نزیك بووەتەوە، گەلەکۆمەیان لێ کردووە و بەهەموو هێزی خۆیانەوە دایانە بە زەویدا. فارس و عەرەب لە لەسەر بەشە ئاوی خۆیان لە کەنداو مامەڵە بە دۆزی کوردەوە دەکەن و ئاویشیان کرد بە نەگبەتی بۆ ئەم نەتەوە بەش مەینەتە وەکو چۆن لە دواییدا نەوتیش بوو بە هۆی ماڵوێرانیمان.

## * لە ساڵی ١٩٧٤ جارێکی تر ئاوارەی ئێران بوونەوە، تا کەی لەوێ مانەوە؟

- بەڵێ لە دوای ئەوەی هەڵەبجە لەلایەن فڕۆکەکانی بەعسەوە بۆردومان کرا، بارودۆخی ناوچەکە ئاڵۆزی بەخۆوە بینی، خەڵکی ڕوویان کردە ئێران و لە ئۆردوگای سەریاس نیشتەجێ کران، خانەوادە و کەسوکاری

ئـێمەش ڕوویـان کـردەوە هەورامـان و لەو دیـوی سـنور لە گونـدی هانەگەرمەڵە جێگیر بوونەوە. مەلا محەمەدی کێمـنە چـونکە لەگەڵ بـاوکم دۆست بوون و هەمـوو جـار بـاوکم لە شـارەزوورەوە بـارە چەڵتـوکی بـۆ دەنارد، ئەویش کەسێکی بە وەفا بوو، بنەماڵەی ئێمەی لە هـانەگەرمەڵە کە گونـدێك بـوو - نەوەك ئۆردوگـای ئـاوارە - لەوێ تۆمـاری کردبـوون بە ئاوارە و وەکو ئاوارەکانی سەریاس و شوێنەکانی تر کەلوپەل و زەخیرەی پێویستیان وەردەگرت.

## * دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول کەس داوای لێکردن ببن بە بەعسی؟

- بەڵێ چەند ڕۆژ دوای هەرەسی شۆڕش، مامۆستایەکی کۆنە شـیوعی کە حەز ناکەم ناوەکەی بهێنم لە شێخانی نەقشبەندی بوو، سـەر بە لیـژنەی قیادە مەرکەزی بوو، کاتێ لە لیژنە محەلی جیابوونەوە چووبوونە پـاڵ مەلا مستەفا، دوای هەرەس لە (کن فیکون)ێکدا بوو بوو بە بەعسییەکی عەیـارە ٢٤ هاتبوو بۆ تەپی سەفای سـەروو لەوێ بانگەشـەی بـۆ بـوون بە بەعسـی کردبوو، دواتر هاتەوە ئەمبەر بـۆ تەپـی سـەفای خـواروو، چووبـووە مـاڵی حاجی عەبدولمحەمەدی ئامۆزام، بۆ ئەوەی قەناعەت بە حـاجی و خزمـان بکـات بچـنە نـاو حیزبـی بەعـس و بە حیسـابی خـۆی لەوێوە خـزمەت بکەین!.

حاجی بە ڕەحـمەت بێـت شـەهابی کـوڕی نـارد بە شـوێنمدا، منـیش چووم بـۆ ئەوێ نەمزانـی ئەو مامۆسـتا لەوێـیە، بەخێرهـاتنم کـرد و ڕێـزی خۆیمان لێ گرت. پاش مەرحەبایی وتی هاتووم بۆ خزمەتتان بانگێهێشتتان بکەم ببن بە بەعسی و لە ناو ڕیزەکانی شۆڕشدا خزمەت بکەن! منیش وتم مامۆستا گیان مەگەر تۆ نازانیت حیزبی بەعس بەیاننـامەی دەرکـردووە کە ئەوەی لە شۆڕشی ئەیلوول و بە وتەی خۆیان ئەوەی لە عەمالەتی بارزانیدا

کاری کردووە تا یەك ساڵ لە ژێر چاودێریدایە و لە ڕیزەکانی حیزبمان وەرناگیرێت.

دواتر هەستا و بەرەو جادە کەوتەڕێ منیش بە دەم خواحافیزییەوە لە گەڵیدا چووم، لەوێ نمونەیەکم بۆ هێنایەوە هەم تانە بوو لە خۆی کە چۆن لە شیوعی و پاشان پارتییەوە بووە بە بەعسی و هەم بۆ ئەوەی کۆڵ لە ئێمە بدات و جارێکی تر نەیەتەوە و بانگەشەی بەعسی بوون بکات، نمونەیەکی شەرعیم بۆ هێنایەوە، زۆر بێ تاقەت بوو بە نمونەکە و وتی بەسمە، وازم لێ بێنە و هیچ مەڵێ، ئەوەبوو لێیدا و ڕۆشت و جارێکی تر دوای ئەوە نەمان بینییەوە.

لەدوای ڕووخانی شۆڕش کاکە حەمەی مامە حاجی موشیری ئامۆزام کە من نازناوی (یارە)م پێداوە لە شیعر نووسیندا، دەستی شیعری هەبوو، بەداخەوە شیعری زۆری لەناو چوون کە کاتی خۆی داینابوون و لەبەر بارودۆخی سیاسی و ئاڵوگۆڕی جیگا و شوێن و بارکردن و ئاوارەبوون هەموویان فەوتان، بەیتی زۆر جوانی دەنووسی، لەساڵی ١٩٧٥ئەم نامەیەی بۆ ناردم:

ئەی دۆست لە یادمی ئەی دۆست لە یادمی
شەریکی خەم و ڕەفیقی شادمی
پێشەکی سڵاو ئیحتیرامم هەس
هیوام دۆستیتە تا ئاخر نەفەس
بیستوومە کەوا ئەچی بۆ شایی
بۆ ناو هەڵپەڕکێ هەرزەی ئاوایی
وا گەنجان لێرە خولکی من ئەکەن
لە جوابی مندا باسی تۆش ئەکەن
هەڵپەڕکێ نازانم دەسا من چی بکەم
یا لەگەڵ کێدا دەستێ تێکەڵ کەم

قاچـــم هەڵنایـــە و چۆکـــم گـل ئەکـــا
یـــادی خـــەفەتی قـــەوم و خـویش ئەکا
ئەوســـا بـۆیە شایـــی وا خـــۆش بـوو
خەڵکـــی بە ســواری وڵاخـی چاك ئەچـوو
بەڵام ئێـــستا منـــاڵان بـــــەسوار جیبەشـــڕ
لێـــی گـــرد ئەبـنەوە ئەیـــکەن بە سمڕ
هـــــەریەك بە نەوعـێ ئەیـدەن چەناکـــە
گـــەر پیاو بـــۆی بلوێ نەچوونی چاکە
ڕێـــگا بەرزو نزم پـڕ قـــوڕ و چڵپـــاو
ماشێـــــن پیـر و کـۆن تـــەواو هەڵوەشاو
کاکـــی تێـر کنگـر دانیـــــشتووە لە پـێش
خـــۆی هەڵئەکێشـێ بەرامـبەر بە خـویش
قۆڵـــــی دەرهێـــــنا و مێـــــزەری لارە
عاقـــــڵ ئەزانـێ تێـــــری بەهـــــارە
ئەی دۆستـــــی تەواو مامۆستـــــای کۆنـــم
خـــۆ خـــۆت ئەزانـــی کەوا مـن چۆنـــم
هـــەوارگەی زەوقـــم هەر تەواو کۆنـــە
بـۆچـــــی بـۆت بـاس کەم لە تـازەو کۆنـە

منیش لە وەڵامدا بۆم نووسی:

بەهـــــاری ئەمسـاڵ هـــــەر فـره جـوانە
سێپـــــەڕە زۆرە و کنگـــر هـــــــەرزانە
نـــــە مایـــــن مـاوە گیـــای بـۆ بهێنیـــن

نە هێلـــــکە مـــــــاوە کنگـــری پیــاژەنین
کنگربـــــاش تـــەواو کەرگـــەل بــێ دەاغ
بەهـــــــار بەســـــەر چــوو ســەیرانی ئێـــڵاخ
کــــــەر کەوتە بەحـــــــــر و مەلـــە نـازانێ
هـــــــەر هەوڵ ئەدات و هیچـــیش نــاتوانێ
ئاوماڵــــــی لـێ بــووە بە عــــەمود و ئاســن
لــــــە خنکاندایـــە و ئەبــێ ســـــــــەرنگون

ڕۆژێکی تـر لە کـۆمەڵەی هەرەوەزی جوتیـاران دانیشـتبووین پیـاوێکی بەسەڵاچووی هەروامان لەوێوە تێپەڕی وتم یارە چیـت هەیە بـۆ ئەم پیـاوە پیرە، ئەویش قەڵەمی هەڵگرت و ئەو چەند بەیتەی نووسی:

یاخـــــــوا بەخێربێـــی میـــوانی خـــــــەفەت
بەخـــــــۆت ئەکەوێـــت بارەگـــــای لەزەت
کردتـــــــت وە بەفــــــر مـــــــووی قەتــرانم
بڕیـــــــــت بینـــایی هەردوو چـــــــــاوانم
قامەتـــــــــی ڕێکمـــت کـــــــردووە بە کەوان
ســـەرتاپا بڕیـــــــت هێـــزیش لە دامـــــــــان

# بەشی پێنجەم
# سەردەمی هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی
# نوێ وپەیوەندی مەلا تایەر و
# بنەماڵەکەی لەگەڵ شۆڕشدا

*** پێش ئەوەی بێینە سەر باسی شۆڕشی نوێ و دروستبوونەوەی هێزی چەکدار لە کوردستانی باشوردا، دەمەوێت باسی حیزبی بەعسی عەرەبی عێراق بکەین، کە ئەم شۆڕشەی دوایی کورد لە دژی ئەو حیزبە هەڵگیرسا، بەعس چۆن حیزبێك بوو؟**

- بەڵێ پێش ئەوەی باسی شۆڕشی نوێ و ستەمی حیزبی بەعس بکەین حەز ئەکەم باسی ڕووی ئیجابی و هەروەها تۆکمەیی ڕێکخستن و هەواڵگریی ئەو حیزبەت بۆ بکەم.

ئەو حیزبە هەرچەندە حیزبێکی دیکتاتۆر و ستەمکار بوو، بەڵام لایەنی ئیجابی خۆیشی هەبوو، لە زۆر ڕووەوە عێراقیان بوژاندەوە و هەنگاوی گەورەیان نا لە بنیاتنانەوە و گەشەکردنی وڵاتدا، نەوتیان خۆماڵی کرد، کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازییان بوژاندەوە، لە سەردەمی ئەواندا خوێندن و خوێندەواری گەشەی کرد، تا وای لێهات بە پرۆگرامی نەهێشتنی نەخوێدەواریی، ڕێژەی بێ سەوادیان نزیك کردەوە لە سفر.

حیزبی بەعسی عێراقی لە ساڵی ١٩٥١ لە لایەن فوئاد ڕیکابییەوە دامەزرا، وە لە یەکەم حکومەتی کۆماریی دوای کودەتای ١٩٥٨و ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتیدا بەشدارییان لە حکومەتدا کردووە، بەڵام لە کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ کە بەسەر عەبدولکەریم قاسمدا حوکمیان گرتە دەست و بوون بە کوێخاو دەمڕاستی عێراق.

ئەو حیزبە بەشێوەیەکی زۆر ورد و بە ڕێکخستنێکی تۆکمەوە کاری دەکرد، ئاگاداری بارودۆخی عێراق بوو، بەیاناتیان پڕ بوو لە زانیاری ورد لەسەر حیزبی شیوعی و کادر و لێپرسراوانی.

ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ باوکم بە مەبەستی کڕینی پارچەی یەدەکی تراکتۆرەکەمان سەردانی شاری بەغدامان کرد، دوای ئەوەی پارچە و

کەلوپەلەکانمان کرێ هاتینەوە بۆ شەقامی جمهوری، لە ئوتێل عەبدوڵا جێگای شەومان سازکرد و کەلوپولەکانمان دا نا. باوکم وتی با سەرێك لە ماڵی حەسەن بەگی جاف بدەین، ماڵیان لە وەزیرییە بوو، هەرکات باوکم بڕۆشتایە بۆ شاری بەغدا سەردانی ماڵی خوا لێی خۆشبوو حەسەن بەگی جافی دەکرد، حەسەن فەهمی بەگ کوڕی عەلی بەگی جاف خاوەن موڵکێکی گەورە و لەهەمان کاتیشدا نوێنەری کورد بوو لە پەرلەمانی عێراق. هەر لە قزرابادەوە تا شارەزوور و هەڵەبجە زیاتر لە پەنجا و حەوت هەزار دۆنم موڵکی هەبووە و کەسێکی ناودار و خاوەن پێگە بووە.

بەڵێ دوای ئەوەی سەردانی ماڵی ئەوانمان کرد و هاتینەوە بۆ ئوتێلەکە، هەرچەندە حەسەن بەگ هەوڵیدا بمێنینەوە، نەماینەوە، شەومان لەو میوانخانەیە بەسەر برد، بۆ سبەینێ، هاتین بۆ ناو بازاڕ لە شوێنی بازرگانەکان، سەردانی عەبدوڵای مەلا تایەری بیارەمان کرد، دوکانی قوماشی هەبوو لەوێ، ناوبراو دۆست و نزیکمان بوو، زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنی کردین و دانیشتین.

دوای ماوەیەك وتی مەلا شتێکم بۆ داناویت دەمەوێت بیخوێنیتەوە، گۆڤارێکە بە ناوی (الراسد) بەعسییەکان دەریان کردووە، حەزم کرد بزانیت ئەو حیزبە چەند ڕێکخستنی بەهێزە و چۆن زانیاری لەسەر هەموو کەس و هەموو شوێنێك هەیە. بڕۆ لەنێوان دوو تۆپ قوماشدا دامناوە و شاردوومەتەوە، گڵۆپەکان دابگیرسێنە و بیخوێنەرەوە، حەزیشت لێ کرد بیبە بۆ خۆت.

منیش چوومە ژوورەوە بۆ ناو کۆگاکەی، چۆنی وت ئاوا دەرمهێنا و گڵۆپم داگیرساند و دەستم کرد بەخوێندنەوەی. لاپەڕەیەکی سەرنجی ڕاکێشام کە باسی لە شیوعییەکانی هەڵەبجە دەکرد، نووسرابوو (الطبقات الحاكمة فی قضاء حلبجة هی ستة اشخاص) چینی فەرمانڕەوای قەزای هەڵەبجە شەش کەسن (ثلاثة منهم كرع، و اعرج، و مولا، و برئاسة جمال) سیانیان کەچەڵە و یەکێکیان شەلە و لەگەڵ مەلایەك بە

سەرۆکایەتی حەماڵێك. مەبەستیان لە حەماڵەکە مەولود ڕەسوڵ بوو کە لە گومرگی پێنجوێن بووە، سێ کەچەڵەکەش مەبەستیان ساڵح هەژار و شێخ غەریب و سەید باقی بوو، مەلاکەش مەلا محەمەدی حاجی ئەحمەدی سەولێ کە مەشهور بوو بە مەلا محەمەدی عەنەبی، مەبەستیان لە شەلەکەش حەمەی ئەحمەدی ڕەشان بوو کە دوکانی پێڵاوی هەبوو لە هەڵەبجە.

ئەم زانیاریانەی حیزبی بەعس لەو کاتەدا زۆر ورد و دروست بوون، وە دەریدەخست کە ئاگایان لە بارودۆخی وڵات هەیە و لە باکورەوە بۆ باشور ڕێکخستنەکانیان لە چالاکیدان، حیزبیش بەو شێوەیە بێت گەشە دەکات و حوکمڕانی دەگرێتە دەست.

بێینەوە سەر باسی هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێ من هەرچەندە کادرێکی پارتی بووم بەڵام بەهۆی خزمایەتی و ناسراوێتییەوە متمانەیان پێ دەکردم و هیچیان لێ نەدەشاردمەوە. پێش هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول ڕۆژێکیان شەهید وەستا ئەنوەر کە لێپرسراوی ڕێکخستنە نهێنیەکانی ناوچەی هەڵەبجەی کۆمەڵە بوو، تەکلیفی لێ کردم و وپێی وتم ئەزانم جەنابت کادیرێکی پیشکەوتووی پارتی دیموکراتی کوردستانیت، هەمیشە هاوکاری و چاوپۆشیت لەکاری ڕێکخستنی ئێمە کردووە و کارئاسانیت بۆ کردووین و جێگای متمانەی ئێمە بوویت، یەك داواکاریمان لە جەنابت هەیە کارێکی گرنگمان بۆ ئەنجام بدە، وتم کارەکە چییە؟ ئەویش وتی: نامەیەکی نهێنیمان نووسیوە بیبەیت بۆ لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی شاری سلێمانی کۆمەڵە، پیاوێکە بەناوی شێخ لەتیف، لە بازاڕی عەسریی سلێمانی ناسراو بە بازاری (شووشە) دوکانی هەیە، بەرامبەر بە سەرای کۆن، پاش ئەوەی نامەکەت تەسلیم کرد لەگەڵ خۆت بیهێنە بۆ گوندی تەپی سەفا.

منیش بە پاڵنەری کوردایەتی و خزمایەتی دڵم نەشکاندن و نامەکەم بەئەمانەت و بەسەرکەوتوانە گەیاند بە شێخ لەتیف و پاشان لەگەڵ خۆمدا ناوبراوم هێنا بۆ گوندی تەپی سەفا.

*** ئایا ڕۆڵی ئێوە و بنەماڵەکەتان لە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول و هەڵگیرسانی شۆڕشی نوێ چی بوو ؟**

- لەدوای نسکۆی شۆرشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٧٤دا و ئەو کاتەی کە هیچ هیوا و ئومێدێك لە دڵی کەسدا نەما کە کورد جارێکی تر هەستێتەوە و بێتەوە بە کیانێکی بەهێز و حکومەت حیسابی بۆ بکات. وە حیزبی بەعس دەستیگرت بەسەر تەواوی ناوچەکانی کوردستاندا، ئا لەو کاتەدا بەڕێوەبەری ناحیەی خورماڵم ڕازیکرد بەوەی شەهید عەلی شیعە بکات بە میراوی گوندی تەپی سەفا، بۆ ئەوەی بتوانن لەژێرچەتری میراویدا درێژە بەکاری ڕێکخستنی نهێنی خۆیان بدەن، چونکە ئەمزانی خەریکی چین و چ هیوایەك لە دڵیاندایە. بەو جۆرە هاوکاری ڕێکخستنە نهێنیەکانیانم کرد تا لەسەر پێی خۆیان بوەستن. هەروەها وەك پێشتر ئاماژەم پێکرد، مەحمود کەشکۆڵ لە کاتی نسکۆکەدا چەند چەکێکی هێنابوو بۆم وتی: کاك مەلا تایەر من کارم بەم چەکانە هەیە لە شوێنێکی پارێزراو بۆمان بشارەوە. منیش چەکەکانم خستەناو ڕۆن و سۆیلی تراکتۆرەکەوە و لە شوێنێکی زۆر پەنهاندا شاردمنەوە، تا ئەو کاتەی چوونەوە شاخ، هاتن لە ناو چاڵ دەرمان هێنان و بردیان لەگەڵ خۆیان.

ئەمە جگە لەوەی کونا و کون لە چەم و بێشە و ماڵەکانی خۆماندا ئەوانمان حەشار دەدا و چاودێری جموجوڵی سەربازی و نامە هێنان و بردنمان بۆ دەکردن و خواردن و پیتاکمان بۆ کۆ دەکرنەوە و هەمیشە لە خەمیاندا بووین.

*** کاتێ مەفرەزە چەکدارە حەوت کەسییەکە خۆیان کۆکردەوە بچنە شاخ ڕۆڵی ئێوە چی بوو لەوەدا، ئایا بەچەك یان هەر جۆرە کارێکی تر هاوکاریت کردن؟**

- یەکەمین مەفرەزەی سەرەتایی یەکێتی کە لە ناوچەی هەڵەبجە و هەورامان و شارەزوور دروست بوون، بریتی بوون لە (٧) کەس و ئەم بەڕێزانە بوون: (هەریەك لە شەهید عەلی شیعە خورماڵی، شەهید سەعە سوور ناسراوبە دکتۆر ڕەزا خورماڵی، شەهید شەوکەتی حاجی موشیر تەپی سەفایی، کە ئامۆزای خۆم بوو، خوالێخۆشبوو مەحمود کەشکۆڵ ناسراو بە شێخ عەلی لە خزمانی عەبابەیلێ بوو، کاك حامیدی حاجی خالید بەشارەتی کە یەك پشتین و لەهەمان کاتیشدا خاڵۆزام بوو، کاك محەمەدی حاجی مەحمود گوڵەخانەیی و کاك توفیقی ڕەعنا ناسراو بە حاکم کامەران نەورۆڵی. ئێمە بەردەوام هاوکاریمان دەکردن و داڵدەمان دەدان، دابینکردنی خۆراك و پێداویستیە هەنووکەییەکانیان و دیاریکرنی شوێنی خۆحەشاردانیان و ڕێکخستنی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ ڕێکخستنە نهێنیەکاندا و پاراستنیان لە مەفرەزە خاسەکانی ئیستیخبارات و ئەمن و جاشی ناوچەکە و ڕێنمایی کردنیان بۆ خۆلادان لەشوێنە مەترسیدارەکان، ئەمانە کاری ڕۆژانەی ئێمە بوو.

کاتێك لەسەرەتاوە ڕۆشتنە دەرەوە، ڕۆژێکیان هاتمەوە بۆ ماڵ، ئەزانم میمکە ڕەعنام دڵتەنگ و نیگەران دیارە، وتم چییە میمکە، خۆ تاریقی کوڕت شتێکی بەسەر نەهاتووە، یان شتێکی پێ وتوویت؟ وتی نەوەڵا بێ بمکوژە، ئەمڕۆ داخی حامی برازام و خولە چاوزاق - مەبەستی مەحمود کەشکۆڵ بوو، کە وەکو کوڕی خۆی تەماشای دەکرد و تێکەڵاو بوو لەگەڵ خانەوادەی ئێمەدا- لەگەڵ سەر گژنێکی قەڵەودا - مەبەستی تۆفیقی ڕەحیم بوو نەیناسیبوو- دکتۆرەکەی مەلاریای خورماڵیشیان لەگەڵدا بوو - مەبەستی دکتۆر ڕەزا بوو- لەگەڵ عەلی شیعە هاتبوونە گەوڕەکەی خۆمان.

کاتێ ڕۆشتمە حەوشی وڵاخەکان، وامزانی وڵاخەکان خۆیان کردووە بە گەوڕەکەدا، دەنگێك هات لە دواوە، میمکە، میمکە، لامکردەوە ئەزانم لە ناو گەوڕەکەوە بانگ ئەکرێم، چوومە پێشەوە بینیم حامی برازامە، دەرگایان لادا مەرحەباییان کردم و هەواڵی تۆ و حەمەی براتیان دەپرسی،

وتم لە ماڵ نین، وتیان باشە قسە مەکە بۆ کەس تا ئەوان دێنەوە، بیان نێرە بۆ لامان.

ئەوەبوو دواتر ئێمە هاتینەوە، چوین بۆ لایان و ئاگاداری بارودۆخیان بووین، کە ئەو شەوە بەنیاز بوون لەگەڵ کاکە حەمەی حاجی مەحمود و شەوکەتدا یەك بگرن و بڕۆنە دەرەوە.

وەکو هەموو سەردەمانێك لە مێژوودا ئەم بەرەبابەی ئێمە باوەڕی بە ئازادی و سەروەری و سەربەخۆیی گەلی کورد هەبووە و کارمان بۆ کردووە و بێ قسور بۆ ئەو مەبەستە تێکۆشاووین و لە زۆر وێستگەدا مێژووی خۆمان بە شانازیەوە تۆمار کردووە. لەم سەردەمەی خۆشماندا، مێژووی شۆڕشی نوێ بە ڕابەرایەتی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بووە بە بەشێك لە مێژووی بنەماڵە و هۆزەکەمان. لە یەکەم ڕۆژەکان و سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم حیزبەوە لە مانگی شەشی ساڵی ١٩٧٦دا، دوو سەرکردەی دامەزرێنەر، وەکو دوو پێشمەرگەی دڵسۆزی گەل و نیشتمان، کە نەوەی هۆزی یاروەیسن، خۆنەویستانە ڕوویان کردە شاخ و شانیان دایە ژێر دروست بوون و گەشە سەندن و ڕاوەستانی ئەم شۆڕشە گەورە و هێزە کاریگەرەی کوردان. یەکەم دەستەی چەکداری ئەم حیزبە لە مێژوودا لەم گوندەی ئێمەوە و لە ئامێزی بنەماڵەکەماندا خۆیان دۆزیەوە و هەر لێرە یەکیان گرت و بوون بە یەکەم مەفرەزە حەوت پێشمەرگەکەی شارەزوور لە مێژووی سیاسی کورددا. پێنج ئەندامەکەی تری ئەو یەکەم مەفرەزە چەکدارەیش، هەر دۆست و خۆشەویست و کەسوکاری خۆمان بوون و بێ جیاوازی ماڵ و ژیان دیوەخانەکانی ئێمەیان بە هی خۆیان دەزانی و ماڵ جیاییان لەگەڵدا نەکردین. هەر بۆیەش لێرە لای ئێمە یەکیان گرت و دەرچون بۆ شاخ، بۆ دەستپێکی شۆرشی چەکداری بە ڕابەرایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان.

باقی بنەماڵەکەیشمان هەمیشە وەك قەڵایەکی خۆراگر و لانکەیەکی ئارام لە پێناوی بیروباوەرەکەدا وەستاوین و بووین بە پشت و پەنا و حەشارگە بۆیان، وە بە درێژایی مێژووی شۆڕشەکە دەستمان لێ بەر

نەداون، تا وای لێ هات گوندەکەمان بە قەڵای خۆراگریی یەکێتی لە شارەزووردا ناوبانگی پەیدا کرد. دوای دروست بوون و پەرەسەندنی بزوتنەوەکەیش، بەردەوام گەنجەکانمان تێیدا بەشداری بەرچاویان هەبووە و چەندەها فەرماندەو کادر و پێشمەرگەی هۆزەکەمان چەکی پێشمەرگایەتییان کردووەتە شانیان و بوون بە پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکان. ئەوان چەکیان دانەگرت تا ئەو کاتەی شەهید بوون، یان گەیشتن بە ئازادی و حوکمڕانی کوردیان بە چاوی خۆیان بینی.

یەکێك لە خەسڵەتە جوانەکانی هۆز و بنەماڵەکەمان کە تا قیامەت شانازی پێوە بکەین، خیانەت نەکردن بوە بەرامبەر بە گەلی خۆمان. زۆرێك لە عەشیرەت و شێخ و هۆز و تیرە و بنەماڵەکان لە لایەن ڕژێمەوە چەکدار کران و فەوجی سوك و قورسیان لە جاش بۆ دروست کراو پارەی حەرامی بێ شومار و ئۆتۆمبێلی کۆتا مۆدێلیان بە خەڵات پێ درا، تا بەشدار بن لە چەوساندنەوە و ژێردەستە هێشتنەوەی گەلەکەی خۆیاندا، بەڵام ئێمە هیچ کات ئەوەمان قبوڵ نەکرد و ژیانی ژێر زەبر و زەنگی دوژمنان و پێشمەرگایەتی ناو شاخەکان، یان ئاوارەیی ناو ئۆردوگاکانی ئێرانمان هەڵبژارد، بەس بۆ ئەوەی لە بەرەی داکۆکیکاری مافە ڕەواکانی گەلەکەمان لا نەدەین و بۆ دەستکەوتی کاتی دونیایی خۆمان خەجاڵەتی مێژووی میللەتەکەمان نەکەین. لەم پێناوەیشدا بە پێچەوانەی خواستەوە ئێمە زەرەری مادی زۆرمان کردووە و بە هۆی هەڵوێستەکانمانەوە هەمیشە لە قەرەوڵی دوژمنان و داگیرکارانی کوردستاندا بووین و بەو هۆیەشەوە لە بنەماڵەیەکی هەبوو و دارای چەند سەدەییەوە، باری ئاستی گوزەرانمانی دابەزاندووە بۆ ژیانێکی ئاسایی و بۆ هەندێکیشمان ژیانێکی کولەمەرگیی.

بە داخیشەوە کاتێ هێزی کورد سەرکەوتنی بەدەستهێنا و لە پێشمەرگەی شاخەوە بوون بە فەرمانڕەوای شارەکان، هەر زوو مێژوو و دۆستی دڵسۆزی ڕۆژگارە سەختەکانیان لە بیر کرد و بیروباوەریان بۆ خۆپەرستی و دەستکەوتی مادی هەڵوەشاندەوە و هیچ پێوەرێکیان بە

دروستی نەچەسپاند، کە خەڵکی دڵسۆزی خەباتکار و ماندوو لە خەڵکی هەلپەرستی جاش و سیخوڕی خۆفرۆش و بەعسی لێك جیا بکەنەوە. بەڵکو ئەوانەی نیشتمانیان فرۆشت و ئەنفالیان دژ بە گەلە چەوساوەکەی خۆیان کرد، بە خۆپەرستی و خۆبردنە پێشەوە و ماستاو کردن، بوون بە دەمڕاستی حیزب و دیوەخانیان بۆ گەرم کرایەوە، لەوێ کەوتنەوە قەرسیل خواردن و تێرکردنی ئارەزووەکانیان.

بۆ دروست بوونەوەی شۆشی نوێ ماڵ و گیانی خۆمان بەخشی و چەندەها شەهیدیشمان لەو پێناوەدا بە نەمریی هێشتەوە. لەو کەسانەی کە بە خوێنی ئاڵیان پەیامی ئازادییان لەسەر خاك و خۆڵی نیشتمان نووسی شەهیدی سەرکردە شەوکەتی حاجی موشیر بوو، کە لەکاتی شەهید بوونیدا ڕۆژنامەکانی ئەمەریکا بە سەرکردە و جەنەراڵی بە ئەزموون وەسفیان کرد، کە پلەیەکی سەربازیی باڵایە. وەزیری دەرەوەی ئەمریکا (کۆلن پاووڵ) بەڕەسمی سەرەخۆشی لە بنەماڵەکەی و لە حیزبەکەی کرد و نیگەرانی خۆیانی دەربڕی بە لە دەستدانی کەڵە شۆڕشگێڕێکی ڕۆژگارە سەختەکان، بەو شێوازە نامەردانەیەی کە تیایدا شەهید کرا. هەروەها خاڵۆی مناڵەکانم شەهید یونس محەمەد ناسراو بە شەهید هاوار و شەهید حسێنی مام حەمۆل کە گەنجێکی خوێن گەرمی خوێندەوار و شاعیر بوو، دوو فەرماندەی ئازا و بوێری مەفرەزە سەرەتاییەکان بوون، لەو کاتەدا شەهید بوون کە کەس نەیدەوێرا باسی کوردبوون بکات. هەروەها شەهید عەبدولڕەحمانی کوڕم کە سورمەی چاو و هێزی ئەژنۆم بوو، شەهید ئەمجەدی خاڵۆ حاجی خالیدم، ئەمانەمان هەموو لە هەناوی خانەوەدا و هۆزەکەمانەوە بەخشیوە بە نیشتمان. ئەمە جگە لە خزم و کەسوکار و خەڵکی گوندەکەم، لەوانە شەهید عومەر حەمەساڵح بەشارەتی و شەهید لوقمان حەمەساڵحی برای و شەهید ساڵح مەحمود مارف و شەهید محەمەد ناسراو بە(کاوە) گەرمیانی، هەردوکیان پورزای خێزانم بوون، لەگەڵ شەهید حەمەی کاك حەمەفەرەج و شەهید ناسری مامە ڕەشە و

شـەهید حەمە سیاسـی و شـەهید جەمـالی بـرای و شـەهید عیزەتـی کـاك مەدحەت و شەهید حەسەنی حەمەی سمایل و شەهید ئەکرەمی مەحمودی مستەفا و شەهید جوتیاری حەمەی مستەفا، شەهید عەبدولڕەحمانی حەمەی سلێمان، وە لە پێشمەرگەی کۆچکردووشمان ناجی کاك حەمەی ئامۆزام و حەمیدی کاك حەمەفەرەج و ئەسعەد بێڕەشکەیی، هەمـوو ئەم قارەمانـانە لە گوندەکانمان و دەرەوەی گونـدەکەمان و لە خۆشەویسـتانمان بەخشـیوە لە پێناوی ڕزگاربوون و سەربەخۆیی گەلەکەماندا.

ئەمە جـگە لەوەی کە چەنـدین دۆسـت و هـاوڕێ و ناسـراومان کە کەسانی ئازا و بەجەرگ و نیشتمان پەروەر و شاعیر و ئەدیب و جوتیار و کرێکـار و نووسـەر بـوون، گیـانی خۆیـان بەخـت کـرد بـۆ سـەروەری گەلەکەیـان، لەوانە شـەهید ڕەوفـی خەلـیفە سـەعید، شـەهید غەفـوور دەرەشیشـی، شـەهید حەمەی حـاجی تۆفیـق تەپەکـوڕەیی، شـەهید فەرەج تریفەیی، شەهید وەستا ئەنوەر، شەهید جەمالی دەروێش نەسـرولا، شـەهید تایەرە بچکۆل، شەهید مستەفای حەمەی شـەمە، شـەهید حەیـدەری عەلـی شیعە، شەهید حەیدەری حاجی عوسمان عەنەبی، شـەهید سـالاری حـاجی قادر خورماڵی و شەهید سامانی بـرای، شـەهید ئەحـمەد شـاتوانی، شـەهید مەحمـود گەرمیـانی، شـەهید عەبـدولا تەپەڕەشـی، شـەهید عەلـی خێڵـی حەمەیی، شەهید عەزیز زەمەقی، شەهید حسێن ئیمامی زامنی، شەهید برایم بۆینی، شەهید عـومەر چـاوجوان، شـەهید ڕۆسـتەم تریفەیـی، شـەهید مەلا برایم، شەهید عەریف مەحمود و شەهید فاتیحی شێخی حەیـدەر، شـەهید حەمەڕەشیدی حاجی سەعید، شـەهید حەمەی تەلە (شـاهۆ)، شـەهید وریـا بیارەیی و شەهید موختـاری شـێخ ئەنـوەر، شـەهید ڕەوف بەگ و شـەهید حاجی عەلی حەمەئەمینی حامید، شەهید حەمەئەمین حاجی ساڵح و شەهید حەسەن حاجی ساڵح دوو برای بێسەڵمێنی بوون، لەگەڵ دەیان ڕۆڵەی ئازا و بەجەرگی تردا کە ناوی هەموویانم بۆ ناهێنرێت.

یەکێك لەو شـەهیدە قارەمانـانەش کە دۆسـت و هـاوڕێم بـوو، شـەهید

حەمەئەمینی خەلیفە قادر پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی یەکێتی بوو، کە لە گوندی بازێی سەر بە جولەمێرگ لە کوردستانی باکور گیانی بەختکرد.

شەهید حەمەئەمین خەڵکی گوندی کۆزەڕەقەی نزیک بە شاری سلێمانی بوو، کەسێکی شۆڕشگێڕ و نیشتمان پەروەر بوو، هەروەها دەستی نووسینی شیعری هەبوو، بە داخەوە چەندین شیعری بڵاونەکراوەی بەهۆی نەنووسینەوە و چاپ نەکردنیەوە لەناوچووە، مەگەر لە بیرەوەری دۆستانیدا مابێتەوە، وەکوو ئەم پارچە شیعرەی کەلە زاکیرەی مندا ماوەتەوە:

وەرە لە داخ کورد خۆت مەخەرە قــــوڕ
هەندێ لە هەندێ بــــــووە بـــە سیخوڕ
دزییە سەری بـــە کورد کـــردووە کـــز
دزییە سەری بـــە کورد کـــردووە کـــز
ئـــای لە دزی کــــورد چەنــدە ئازایە
ڕۆڵــــە ئــــــەفڕێنێ لە بـــەری دایـــــە
دەی کوردە جەرگت بدرێتـــــە بەر سیـــخ
خەڵك وا هەوڵی دا چــــووە ناو مەریـــخ
خەڵك وا گەیشتە مەریـــــــخو زوحـــــەل
کاك سەددام هێشتا بە کورد نالێـت گـــەل
خەڵکی وا گەیشت بە هایدرۆجیـــنو زەڕە
تازە بــــــــە بڕنەو کورد خەریك شەڕە

شەهید حەمە ئەمین دوو کوڕی هەبوو بە ناوەکانی کەیهان و شاهۆ، لە سەریاسەوە نامەیان بۆ دەنووسێت و دەیدات بە بە ڕەشەبا بیبات بۆیان لە سلێمانی، لەوێشەوە وەڵامی نامەکەی لە شەماڵ وەردەگرێتەوە، ئەمەش

وەسیەتی پێش چەند ساڵ بەر لە شەهید بونیەتی:

یـــــــاسینم مەخوێنـــــن و تـــــەلقینی مەیتـــــم مـــــەکەن
لەبری یاسین و تەلقین چەپکێ گوڵی نێرگس و شەوبۆ بێ
ئارامگـــاکەم بـــــا لەسـەر لـوتکەی بـــاڵانبۆ بـــــــێ
کێلـــی قەبرەکەشم بـــا ساروخی میك و سیخـــــۆ بـێ

*** لە خانەوادە و کەسوکارتان چەند کەستان لە پێناوی یەکێتـی دا لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە زیندانی کراون؟**

- هەر لە سەرەتای دروست بوونەوەی شۆڕی نوێوە، لە مانگی تشرینی دووەمـی سـاڵی ١٩٧٦دا مـامە حـاجی موشـیرم لەگەڵ هەردوو خوشـکم ( ئافتاو لەگەڵ دڵستان) لەگەڵ (بەهیەی میرزا حەسەن و خوا لێی خۆش بێت ناهیدەی مامە عەلی ئامۆزام) کە هەردووکیان خێزانی کاك حامیدی حاجی خالیدن، کە خاڵۆزامە و لە پشتیشـدا ئـامۆزامە، بە خۆیـان و مناڵەکانیـانەوە دەستگیر کران، هەر تەنها لەبەر ئەوەی خانەوادەی پێشمەرگە بوون. ئافتـاو خێزانی شەهید یونس محەمەد عەلی بوو لە گوندی شەکرالی و دڵسـتانیش خێزانی شەهید شەوکەتی حاجی موشیری ئامۆزامان بوو.

مـــامەم و هەردوو خوشـــکەکەم و هەردوو خێزانـــی کـــاك حامیـــد، بە مناڵەکانیانەوە، بۆ ماوەی یەك ساڵ و سێ مانگ و یازدە ڕۆژ لە خوارووی عێراق لە شاری ناسرییە دەستبەسەر بوون. ئەسـیری ڕەحمەتـی کە لەسـاڵی ٢٠١٢ کۆچی دوایی کرد کوڕی شەهید شەوکەت سێ مانگی مـابوو بێـتە دنیا، شوێنی لە دایك بـوونی کەوتە نـاو زینـدانەوە و لەوێ لەدایـک بـوو، ناونرا ئەسیر.

ئەمیـری خوشکەزاشـم کە ئەمیـان کـوڕی شـەهید یـونس بـوو، لەوێ کۆچی دوایی کرد و بەرگەی ناو زینـدانی نەگـرت، ئێسـتا گـۆڕەکەی لە نێوان هەردوو شاری ناسرییە و بەسرەدایە و ونیش بووە لێمان تا بیهێنینـەوە

بۆ نیشتمان و زێدی خۆی.

دوای بەسەر بردنی ٤٦٧ ڕۆژ لەو زیندانە پیس و پۆخڵەدا ئـازاد کـران، کە ڕژێم بە تەمابوو پیاوەکانیان لە شاخ بێنەوە و چەك دابنێن. ئەو خەونەی ڕژێم خرایە چاڵ و ئەمانەی ئێمە و زۆربەی ئەو پێشـمەرگانەی تـریش کە کەسوکاریان گیرا بوون، کەسیان چەکیان دانەنا، تا ڕژێم کۆتایی بەو ڕێگا شکستخواردووەی هێناو خانەوادەکانی بە لێبوردنێك ئازاد کرد.

ئەمە جگە لەوەی کە برای گەورەم کاکە حەمە هەر لەو ساڵەدا لەگەڵ شەهید وەستا ئەنوەر و کـاك عەبـدولی ئەوڕەحمـان و کـاك جەمیلـی مەلا مستەفادا دەستگیر کران و ڕەوانەی هەیئەی کەرکوك کران.

## * خالۆ حەمە کە بـرا گەورەی ئێـوەیە لەسـاڵی ١٩٧٧ دەسـتگیر کرا، هاوڕێکانی کێ بوون، وە چۆن ئازاد کرا؟

- بەڵـێ کـاکە حەمەم و وەسـتا ئەنـوەر عەبـدولڕەحمان عەبـابەیلێیی و عەبدولی مام ئەوڕەحمان شەشـکی و جەمیلـی مەلا مسـتەفا کۆکـۆیی، ئەم چوارە پێکەوە قۆڵبەست کران. تۆفیقی ڕەحیم نەورۆڵـی و سـەلاحی حەمە نوری پێش ئەمان گیـرا بـوون، کـاتێ لە زینـدانی ئەمنـی سـلێمانی دەبـن، نـایەڵن پـێکەوە قسـە بـکەن. تـۆفیقی ڕەحـیم هیچـی نەدرکانـدبوو، نـاوی کەسیشی نەدابوو، ڕووی کردبـووە کـاکەم و هاوڕێکـانی بە ئامـاژە دەمـی خۆی نوقاندبوو بەمانای ئەوەی من هـیچم نەوتـووە، ئێـوەش هـیچ مەڵـێن، دەستی بردبوو بـۆ ملـی، واتە گەر پەتـی سـێدارەش لە ملـم بـکەن ناوتـان ناهێنم.

هەر لەو کاتەدا مەلا مەحمودی کانی سارد و مامۆسـتا مەلا کەریمـی مۆردین گیـرا بـوون، کـاکەم ئەیـوت مەلا کەریـم لەوێشـدا لە سـوحبەت نەکەوتووە پێی وتووم ئێستا خالۆ عوسمان ئەڵێـت: ئـای حەمە گیـان ئێسـتا چیت پێ بکەن و چۆن ئازارت بدەن؟.

دواتر لە ئەمنەوە دابوونیان بە فیرقە و لەوێشەوە بۆ هەیئەی کەرکوکیان ڕەوانە کردبوون. وەستا ئەنوەر پاش ئەوەی هیچی نەردکانـد و ڕژێمـیش بەڵــگەی تەواوی لەلا بــوو کە نـــاوبراو بەرپرســـێکی گەورەیە لەنـــاو ڕێکخســـتنەکانی کــۆمەڵەی ڕەنجدەرانــدا، ئەوا کەوتە ئەشــکەنجەدانی و پێستی سەریان شـەقار کـرد و شـەکریان کردبـوو بە برینەکەیـدا و مێرۆلەیان تێبەردابوو، وە لەبەر هەتاوی هاوین دایان نابوو، نان و ئاویشـیان لێ گرتبوویەوە، بەو شێوە دڕندانە شەهیدیان کرد.

## * دواتر خاڵۆ حەمە و هاوڕێکانی چۆن ئازاد کران؟

- کاکەم و هاوڕێکانی ئەشکەنجەیەکی زۆر دران، بەڵام زۆر خـۆڕاگر بوون و هیچیان نەدرکاندبوو، وەستا ئەنوەریش بە قارەمانێتی خـۆی هیچـی لەسەر نەوتبوون کە ئەمانەش لە ڕێکخستنەکانی یەکێتیـدا کـار دەکەن، وە قەدەری خـوای گەورەش هۆکـارێکی تـری بـۆ ڕێکخسـتین کە ئەویـش شێخانی بەرزنـجە بـوو، بە واسـیتەی ئەوانەوە خۆمـان گەیانـدە لای زامنـی بەرپرسی بەعس لە ناوچەی باکوور و تکامان بۆ کـردن کە بـێ تـاوانن و پەیوەندیان بە کەسەوە نییە.

ڕۆژێـك لە گەڵ ئـامینە لەنـاو کشـتوکاڵەکەی خۆمانـدا بـووین، سـەرم هەڵبڕی ئەزانم کەسێك لە ڕووی گوندی گردی گۆوە بۆلای ئێمە دێـت، کاتێ نزیك بوویەوە ئەزانم حەمەیە.

(حەمە) و (وەلە) دوو برا بوون لە گوندی لامەرکەزی دەژیـان، حەمە پەیوەندی کردبوو بە بەعسەوە و کاری بۆ دەکردن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا هەواڵــی ئەوانیشــی دەهێنــایەوە بــۆ پێشــمەرگە، حەمە نەیــدەوێرا خــۆی دەربخات لەو چەپە ڕێگایەوە هات بـۆ لای مـن و زۆریـش متمـانەی پـێم هەبوو، وە وەفای ئەوەی هەبوو کە پێشتر لە دابەشکردنی زەویدا پارچەیەك زەویم پێدابوون.

حەمە نزیك بوویەوە لێمان سڵاوی لێکردین و ئـێمەش بەخێرمـان هێنـا،

وتی هەواڵی کاکە حەمەی برات ئەزانی؟ وتم نەوەڵا حەمە گیان لەکوێ بزانم، ئەو ئێستا ئەگەر مابێت لە هەیئەی کەرکوك و چاوەڕێی ڕەحمی خوا دەکەین بمێنێت. وتی باشە ئێوە ئەو خزمە باشانەتان هەیە لە دوزخورماتوو بۆچی دانیشتوون و هیچیان پێ ناڵێن، ئەوە کاك شێخ تاهیر کوڕی (پورە خانم)[1] ی کچی فاتمەی کچی فەتاحی مەحمودی یاروەیسە لە بنەماڵەی ئێوە، کەسانی باش و بەدەسەڵاتن، بەعسی نین بەڵام بەرپرسی گەورەی بەعس دەناسن، لە ڕێگای ئەوانەوە هەوڵێك بدەن، ان شاءالله ئازاد دەکرێت.

وتم حەمە گیان چۆن دەستم بگات بەوان؟ وتی ئەوان بەناو ئێوە دەناسن بەڵام بە ڕەنگ ناتانناسنەوە ئەگەر سەردانیان بکەن، خزمایەتیتان گەرم دەبێتەوە.

وتم باشە حەمە گیان تۆ ئەتوانیت بمبەیت بۆماڵیان؟ وتی مەبەستی هاتنەکەم هەر ئەوە بوو، تا تۆ لەگەڵ خۆم ببەم و بتناسێنم بەوان.

حەمە هەرچەندە بەعسی بوو بەڵام کەسێکی زۆر بەکەڵك و بەوەفا بوو، نابێ ئەو دڵسۆزییەی لەیاد بکرێت. لەگەڵ حەمە ڕێك کەوتین کە سبەی ئەو ڕۆژە لە سلێمانی یەك بگرین و بکەوینەڕێ بەرەو دووزخورماتوو، ئەو لێیدا ڕۆشتەوە و ئێمەش پاش ڕەنج و ماندووبوون هاتینەوە بۆ ماڵ.

---

(١) پورە خانم کچی حاجی قادری میکائیلی بوو لە گوندی کچان لە ناوچەی سەنگاو. ئەم کچە لە فاتمەی خێزانی بوو، فاتمەش کچی فەتاحی مەحمودی یاروەیسە لە هۆزی یاروەیسی جاف دەکاتە ئامۆزای خۆمانە، فاتمە دوو کچ و کوڕێکی لە حاجی قادر بووە بە ناوەکانی (خانم و ڕەعنا و عەلی)، خانم شووی کردووە بە شێخ حسێن شێخ قادر شێخ کەریمی کەسنەزانی، ڕەعناش بە شێخێکی کربچنەیی./ مەلا تایەر یاروەیسی.

پورە خانم دایکی شێخ تاهیر (بەڕێوەبەری ئەوقافی سلێمانی لە ساڵانی حەفتاکان) و شێخ کەریم بووە، وە شێخ تاهیریش باوکی هەریەکە لە (شێخ حسێن و شێخ هاشم و شێخ هیشام و شێخ عەلی و شێخ ئاکۆ و شێخ ئیبراهیم و شێخ کاوە و شێخ لەتیف) بووە/نوسەر.

بۆ ڕۆژی دواتر ڕۆشتم بۆ سلێمانی لە چاخانەیەکی نزیکی بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف حەمەم دۆزییەوە و کەوتینەڕێ بەرەو کەکوك.

حەمە چاکەت و پانتۆڵی لەبەرکردبوو، وەکو ئەفەندی و خوێندەوار خۆی دەردەخست، بەڵام خۆی نەخوێندەوار بوو. لە کەرکوك وتی باسەرێك لە ماڵی شێخ محەمەدی شێخ عەبدولکەریم بدەم، خزمی شێخ حسێنە، حەمە ڕۆشتە ماڵیان و هاتەوە وتی ئەڵێن شێخ لە بەغدایە کۆبوونەوەیان هەیە، با بچین بۆ دووز. ئەوەبوو گەشتینە دووز، وتم حەمەگیان نیوەڕۆیە و کاتی نان خواردن هاتووە، با نانێك بخۆین و دواتر دەچین بۆ ئەو ماڵانە، با نەبین بە ئەرك بۆیان، ئەوەبوو لەدووز نانمان خوارد و دواتر چووین بۆ ماڵی شێخ حسێن.

تەقەمان دا لەدەرگای ماڵی شێخ حسێن کوڕی شێخ تاهیر، کەسێك هاتە دەرەوە، حەمە وتی ئەوە شێخ حسێن خۆیەتی، وتی کێن، حەمە وتی یاشێخ خزمێکم لە شارەزوورەوە هێناوە بۆ سەردانت بزانم دەیناسیتەوە، شێخ حسێن وتی یان مەلا تایەرە یان حەمەی حاجی موشیرە.

دەرگای کردەوە باوەشی پێدا کردم وتی تۆ کامیانیت؟ وتم مەلا تایەرم، زۆر بەگەرم و گوڕی بەخێری هێنام و پێشوازی لێ کردم، چوینە ژوورەوە شێخ هاشم و شێخ عەلی و براکانی لەسەر سفرەی نان خواردن بوون، هەموویان هەستانەوە سەرپێ. شێخ حسێن وتی خاڵۆیەکی شارەزووریمان تەشریفی هێناوە، ئەوانیش بە گەرمی بەخێرهاتنیان کردین، وتیان دەبێ نان بخۆن، وتمان بەخوا ئێستا نانمان خواردووە، شێخ حسێن وتی حەمە تۆ خزمێکی خۆشەویستت هێناوە بۆ ماڵمان و لەبازاڕیش بردووتە بۆ لۆقەنتە بۆ نان خواردن، ئەمە پێی ئەڵێن چی! حەمە پاکانەی کرد بۆ خۆی، وتی بەخوا کاك مەلا پێداگری کردووە کە نان بخۆین خەتای من نییە. ئەوەبوو بە زۆر سەرو پاروویان پێ خواردین.

دوای چا خواردنەوە کەوتینە باسی خزمایەتی و هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژووی شارەزوور و عێلی جاف و چەند باس و بەسەرهاتی

تـر، کە چـۆن پـورە فـاتمی فەتـاحی یـاروەیس دراوە بە حـاجی قـادری گوندی کچان لە ناوچەی سەنگاو، وە عەلی و ڕەعناو خانمی لێ بووە، وە چۆن باپیری ئەمان پورە خانمی حاجی قادری مـارە کـردووە، لەم بـاس و بەسەر هاتانە زۆر کرا، دواتر لە هۆکاری هاتنەکەیان پرسـی؟ منـیش وتـم کاکە حەمەی برا گەورەم و سـێ هـاوڕێی لە هەیـئەی کەرکـوك زینـدانی کراون، ئەگەر ئەم خزمانە فریایـان نەکەون ژیانیـان لە مەترسـیدایە. وتیـان خوا کەریمە ان شاءالله هەولێکی بۆ دەدەین.

پێشـتریش حـاجی ئەحـمەدی مـارف بێسـەری کە خزمـایەتی و تێکەڵاویمان هەبوو، (زامن) هاتبووەماڵیان و خزمەتی کردبـوو، پێـی وتـم کە سەردانی زامن بکەم بەرپرسی ناوچەی باکووری حیزبی بەعس بوو لە شاری دووز، سەرپەرشتی ناوچەی کوردستانی دەکرد، لەگەڵ شێخ حسێن و حەمە ڕۆشتین بۆ بارەگای زامن لە شاری دووز. لەوێ ڕۆشتینە پرسگەی ناوبراو میوانێکی هەبوو، ئێمە چاوەڕێ بـووین تـا میـوانەکە هـاتە دەرەوە، کـاتێ بینیمـان ئەزانـین میـوانێکی کـوردە و کەواوسـەڵتەی لەبەردابـوو، فەقیانەشی بەسەر قۆڵی سەڵتەکانیدا بەستبوو، کاتێ هـاتە دەرەوە منـی بینـی ماوەیەك لێم ڕاما وەکو بڵێ ئەمە بۆچی هاتووە! ئیشی بەم شوێنە چییە!

دوای ئەوە ڕۆشـتینە ژوورەوە زامـن ڕێزێکـی زۆری لـێ گـرتین و ساردی کۆکا کۆلای بـۆ بانـگ کـردین. دواتـر لە هۆکـاری چـوونەکەی پرسین، شێخ حسێن وتی ئەم پیاوە خزمی نزیکمە و لە خاڵوانمە، برایەکـی لەکاتی ئیش و کاری جوتیاریدا بەسەر تراکتۆرەوە جوتی کردووە، گیراوە و هێناویانە بۆ کەرکوك دەست بەسەرە.

زامن پرسیاری کرد لە شـێخ وتـی پێـی بڵـێ لە کـوێ گیـراون و ئەو ئەمنانە لە چ شوێنێکەوە ڕۆشتوون بۆ گوندەکەیان؟ منیش وتـم پێـی بڵـێ: ئەمنی هەڵەبجە کەوتبوونە پێش مەفرەزەکەوە کە لە سـلێمانییەوە هـاتبوون، عەبدولی ئەمن هەڵەبجەیـی لەگەڵیانـدا بـووە، کـاکەم دوو کەسـی تریشـی لەگەڵدا گیراون بەم ناوانە، جەمیـل مسـتەفا نـادر، عەبـدول عەبـدولڕەحمان محەمەد مستەفا.

دواتــر بــۆ ئەوەی گومــانی حیزبــایەتی لە کــاکەم و هاوڕێکــانی دوور بخەمەوە وتم یاشێخ پێی بڵێ مـن بـۆ ئەوە نەهـاتووم ئەم سـێ کەسـەم بـۆ بەربدەیت، بەڵکو هاتووم لێیان بکۆڵنەوە و ڕایـان مەگـرن، نەوەك بە هـۆی ئەشکەنجە و ئازارەوە لە تـاو گیـانی خۆیـان دان بنێن بە شـتێکدا کە هەر نەیان کردووە و ئاگایان لێی نییە، زۆر کەس لە تاو گیانی خـۆی پەنـا بـۆ پەتی سێدارە دەبات.

زامن سەری ڕاوەشاند و وتی بە شێخ پێـی بڵـێ ئەم خـزمەت خەڵکـی کوێیە؟ منیش وتم یاشێخ بەخوا ڕاستییەکەی بڵێم باشە، بڵێ خەڵکی تەپـی سەفایە، زامـن وتـی تەپـی سـەفای خـواروو یـان سـەروو؟ وتـم خـواروو، ئەوەندە شارەزا بوو بست بە بسـتی شـارەزوور ئاشـنا بـوو، یەکسـەر کەوتە پرسیاری شەوکەت و حامید، وتم ئەیان ناسم. دواتر وتی نێـوان بەشـارەت و تەپی سەفا چەند دوورە؟ منیش وتم کـاتژمێرێکە بە پیـادە، تەماشـایەکی نەخشەکەی کرد وتی ڕاست ئەکەیت. پاشـان وتـی عەلـی ئەحـمەد شـیعە دەناسیت؟ وتم ناویم بیستووە، وتی نێوان خورمـاڵ و تەپـی سـەفا چەنـدە؟ وتــم هەر کــاتژمێرو چارەکێــك دوورە، وتــی ڕاســت ئەکەیــت، پاشــان پرسیاری کاك محەمەدی حاجی مەحمودی کرد، وەڵامی ئەوەشم دایەوە.

کاتێ لە پرسیار کردن لێ بوویەوە، تەماعی ئەوەی لـێ کـردم کە بـبم بە هاوکاریان و پەیوەندی بە خۆیەوە بکەم، منیش زەردەخەنەیەکم بۆ کرد وتم قوربان من کابرایەکی جوتیاری داماو کەی سەر لە کایەی حیزبایەتی و ئەمسەرو ئەوسەر دەردەکەم، وە من کەسێکی ئایینیم و نـاتوانم ڕاپـۆرت لەکەس بـدەم، ئـیش و کـاری حیـزبیش بـریتییە لە ڕاپـۆرت دان و هەواڵ هێنانو بردن، نامەوێت دەستتان ببڕم، ئەمە بە من ناکرێت.

دوای ئەوەی مـن نکـولیم کـرد لەوەی کە نـاتوانم هاوکارییـان بـکەم، هەسـتا لە نـاو دۆڵابەکەی جانتـایەکی دەرهێنـا پـڕ بـوو لە سـەفتە دینـاری سویسری، خستییە بەردەسـتم وتـی پێشـەکی ئەم حەفتـاوپێنج هەزار دینـارە لەگەڵ خۆتدا بەرەوە، وتم ئەم پارەیە بۆ مـن حەڵاڵ نیـیە هەروا بە بەلاش

بیخۆم، چونکە هیچ ڕەنجێکم بۆ نەداوە، وەکو عەرزم کردیت من کەسێکم ناتوانم دوو ڕکات نوێژو یەك ڕۆژ ڕۆژووی ڕەمەزان بفەوتێنم، بەکار و کاسپی حەڵاڵ دەژیم، ئەم پارەیە بۆ من ناشێت، سوپاسی هەڵوێستی جەنابت ئەکەم، لوتفی تۆ لەگەڵ ئێمەدا لەو پارەیە بەنرخترە، ئەگەر بکرێت بەدواچوونێك بۆ براکەم و هاوڕێکانی بکەیت هەتا ماوین سوپاست ئەکەین. من لە هەڵەبجەوە هاتووم دەستنیشانی جەنابتیان بۆ کردووم، ئەبێ کارێکمان بۆ بکەیت.

دوای ئەوەی زانی من ناکەومە ژێر تەماعی پۆست و پارە دەستی لێ هەڵگرتم، پرسیاری کرد وتی براکەت لە کوێ بەندکراوە، منیش وتم لە ئەمنی سلێمانییە، ئەمەشم بەهۆی ئەمنێکی عەرەبی خورماڵەوە زانی بە ناوی حاکم، ئەم کابرایە لە خورماڵ دەهاتە دووکانەکەی حاجی جەمال مەجید ئەحمەد ئاوایی و چەند جارێك من لای حاجی جەمال بووم ئەویش دەهات، بەو بۆنەوە کە حاجی ئەیوت مەلا تایەر ئەویش ناوەکەم فێر بوو، وە هەموو جار مەرحەبایی دەکردم، کاتێ کاکەم و هاوڕێکانی گیران، ڕۆشتم بۆ سلێمانی بە بەردەمی ئەمنی ئەو شارەدا تێپەڕیم، کەسێك لە دواوە بە عەرەبی بانگی کردم، کاکە مولا کاکە مولا، لام کردەوە ئەزانم حاکمە، وتی ها بەدوای چیدا دەگەڕێیت، کاك محەمەدی برات لێرەیە، بەڵام باسی من نەکەیت، بەم نزیکانە ڕەوانەی فیرقەیان دەکەن، بەو زانیارانەی حاکم پێی دام، وتم بە زامن ئەوان لە ئەمنی سلێمانین.

زامن تەلەفۆنی هەڵگرت لە گەڵ ئەمنی سلێمانی قسەی کرد، ئەوان وتیان لای ئێمە نین، ڕووی کردەوە من و وتی ئەوەتا ئەڵێن لەوێ نین، وتم قوربان ئەگەر لوتفت هەبێت من لە ڕێگای ئەو خەڵکانەوە کە سەردانی خزم و کەسوکاریان کردووە بیستوومە کە ئەگەر لەوێ دەرچن دەبرێن بۆ فیرقە و لەوێشەوە بۆ هەیئەی کەرکوك، وتی باشە تەلەفۆنیش لەگەڵ فیرقە دەکەم، ئێوە بڕۆنەوە بەڵێنتان پێ دەدەم قسە لەسەر ئەم کەسانەی ئێوە دەکەم، هەر ئەمەی ئێوە نییە کۆمەڵێك کەسی تریش بەهۆی

ڕاپۆرتی هەڵە و بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتییەوە تێکەڵاو بە کایەی سیاسی کراون، دەبێ چارەسەرێکی ئەو دۆخە بکەین، ئەوانیش دەخەمە نێو ئەو بابەتەوە و لێبوردنیان بۆ دەردەکەین، تا سەری مانگ چاوەڕێ بکەن، بەو شێوەیە بەڵێنی پێداین و ئێمەش هاتینەوە.

زامن بەو شێوەیە بەڵێنەکەی دابوو جێبەجێی کرد، لێبوردنی بۆ دەرکردبوون و هەموو ئەو کەسانەشی ئازاد کرد کە بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتییەوە تێکەڵاو بە کایەی سیاسی کرابوون و هەموویان ئازاد بوون.

کاتێ سەردانی جەمیلی مەلا مستەفام کرد لە هەڵەبجە، وتی ئای مام مەلا هەر لێت نەپرسینەوە. منیش پێکەنیمو وتم ئەی بۆ ناپرسیت چۆن ئازاد کران و بەو ئاسانییە هاتنەوە، خۆ هاوڕێکانی ئێوە زۆربەیان لە سێدارە دران، باس و بەسەرهاتی خۆم و حەمە و شێخ حسێنیشم بۆ ئەویش گێڕایەوە.

## * لە هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوودا جارێکی تر شەڕی ناوخۆ لە نێوان هێزە کوردیەکاندا لە باشووری کوردستان دروستبوو چی لەوبارەیەوە دەزانی؟ ئەو شەڕی ناوخۆیە چ کاریگەریەکی نەرێنی لەسەر بنەماڵەی جەنابتان و خەڵکی بەگشتی هەبوو؟

- شەڕی ناوخۆ پەڵەیەکی ڕەشە بە نێو چاوانی سیاسییەکانی کوردەوە هەر لە شەستەکانەوە تاوەکو کۆتایی نەوەدەکان. هیچ مرۆڤێکی کوردپەروەر و بە ویژدان ئەو شەڕەی پێ خۆش نەبووە. قێزەونترین ڕووداوە لە مێژووی کورددا، تا دنیا بمێنێت ئەو شەرمەزارییە ناسڕێتەوە. بەداخەوە ئەو عەقڵییەتە تا ئێستاش (٢٠٢٠)ە کە کورد نیمچە حوکمڕانەی خۆیەتی و تەمای سەربەخۆیی هەیە، ئەو عەقڵیەتی خۆخۆریی و پاشقول لەیەکدانە هەر ماوە و تینوون بە خوێنی سەری یەکتری.

شەڕی براکوژیی مەلایی و جەلالی لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی ڕابوردوو، بوو بە بناغەی شەڕەکانی ناوخۆ لە کۆتایی حەفتاکان و هەشتاکان و نەوەدەکاندا. هەر هەمان عەقڵییەتی پەروەردەنەکراوی پێنەگەیشتووی پاوانخواز لە ناو کۆی سیاسییەکاندا، شەڕیان لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر بە کۆنە قینەوە گواستەوە و خەریکی یەکتر سڕینەوە بوون.

لە کوردستانێکی پڕ گوند و شاخ و داخ و دۆڵ و هەوراز و نشێودا و لە پانتاییەکی فراواندا جێگایان نەدەبوویەوە و بەردەبوونە گیانی یەکتری. لەگەڵ دروست بوونی شۆڕشی نوێدا، گەڕی دووەمی شەڕی ناوخۆ و براکوژیی لە دایك بوو، شۆڕی گوڵان (سەرکردایەتی کاتی پارتی) و شۆڕشی نوێ واتە یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لەسەر هەمان بناغەی مەلاییەت و جەلالییەت و بە هەمان عەقڵییەتەوە یەکتریان دەسڕییەوە و هەر کامیان ئەوی تری پێ قبوڵ نەدەکرا.

بەشی ئێمەش لەم ناکۆکییەدا هەر داخ و خەفەت بوو، ئێمەی بنەماڵە پارتی و داکۆکیکار لە شۆڕشی ئەیلوول و شۆڕشی چەکداری دژ بە حکومەتی قاسم و ڕژێمەکانی دوای ئەو، لە بەرچاوی ئەواندا بووین بە نەیار و دژە شۆڕش و ئەوەی ڕۆژێك خەریکی پشتیوانی لێکردن و سەرکەوتنی بووین وا بوویەوە بە بکوژی ڕۆڵە و کەسوکارمان. یەکەم شەهیدی بنەماڵەکەمان شەهید حسێنی ئامۆزام بوو، کە لە شەڕێکدا لە گەڵ دکتۆر ڕەزا و ئازاد مۆریاسی و ئازاد بەرزنجیدا بە دیل گیران و بە شێوەیەکی زۆر نامرۆڤانە گولەباران کران و تەرمەکانیشان لەو شاخ و داخەدا فڕە درایە ناو چاڵێکی قووڵەوە، نۆ ساڵ دواتر دۆزیمانەوە و بەخاکمان سپاردن. دواتریش لە ساڵی ١٩٩٤ و لەسەردەمی حوکمڕانی و مەدەنییەتی هەردوو حیزبدا و لەسەر داهات و پارە و گومرگ، گەڕێکی

تــری براکــوژی دەســتی پــێ کــردەوە و لەوەشــدا کــوڕی گەورە و خۆشەویستم عەبدولڕەحمان، کە بینایی چاو و هێزی ئەژنـۆم بـوو، بـوو بە قوربانی و لە هەڵەبجەدا شەهید بوو، دواتریش لە ساڵی **١٩٩٦**دا ئەمـجەدی خاڵۆ حاجی خالیدم شەهید کرا.

شەڕی ناوخۆ و براکوژی هێندە تاڵە لای مـن، حەزم بە باسیشـی نیـیە، تا کورد یەکتری بکوژێت و یەکتری بسڕێتەوە هەر ژێر دەسـتەی عەرەب و فارس و تورك ئەبین و نابین بە هـیچ، هیـوادارم ئەوە بە چـاوی خـۆم و نەوەکانیشم نەبینینەوە.

## * پیاوێکی کەڕولاڵ بەناو ئەم گوندانەدا دەگەڕا، بەناوی سـەید مستەفا، هەر بکـات بهاتـایە بـۆ تەپـی سـەفا لە مـاڵی ئێـوە نـانی دەخواردو پشووی وەردەگرت، ئەو پیاوە خەڵکی کوێ بوو؟

- سەید مستەفا پیاوێکی کەڕولاڵی هەژار بوو، لە سـەیدانی هانەسـوورە بـوو، نە دەی بیسـت و نە قسەشـی بـۆ دەکـرا، خـۆت بە منـاڵی بینیـوتە[(١)]، دوژمنی چەم و بێشە بوو، لەهەرکوێدا دەستی پێ بگەیشـتایە ئـاگری پێـوە دەنا، چەندین جار چەمی شێخ ڕەش و چاوگی شەکرالی سوتاندووە. زۆر جار دەهاتە ئێـرە و شـەو لێـرە دەمـایەوە، ئەو کـاتە ئێـوە تـازە لە زینـدانی ناسـرییە ئـازاد کرابـوون، چەنـد ڕۆژێـك پـێش شـەهید بـوونی باوکـت و هاوڕێکانی، ڕووی کردە ئامینە و بەدەست ئاماژەی بۆ میری سـور کـرد و دەستی خۆی والێکرد کە تفەنگ بتەقێنێت و دواتر دەستی خسـتە لایەکـی دەموچاوی و ملی لار کردەوە بەسەریدا و چاوی نوقاند، بە مانـای ئەوەی

(١) مەبەستی نووسەرە.

لەو شەڕەدا ئەو کەسانە دەکوژرێن و دەمرن، وە دەستی بۆ ئامینە ڕاکێشا و بە پەنجەی ئاماژەی بۆ کەسێك کرد کە ئەو کەسە نزیکی تۆیە دەمرێت.

خۆم و ئـامینە بەو حـاڵەتەی سـەید مسـتەفا تەواو شـڵەژاین و ترسـاین، چونکە کەسێکی کەڕو لاڵ لەخـۆیەوە قسـەی وا ناکـات. ئەوە بـوو دوای دوو ڕۆژ هەواڵی شەهید بوونی یونس و عەلی خێڵی حەمەیی هات کە لە بەرواری ١٩ی نیسانی ١٩٧٨دا لە گوندی میری سور کەوتـنە نـاو بۆسـەی جاشەکانەوە و دوو هاوسەنگەری تریشیان حسێن ئیمـامی زامنـی و عەزیـز عەلی زەمەقی دەستگیرکران و دواتر لە سێدارە دران.

# بەشی شەشەم

## ئاوارەبوون و ژیانی ناو ئۆردوگاکانی ئێران

*** گوندی تەپی سەفا چەند جار ڕوخێنراوە و چەند جار ئاوارە بوون؟**

- لەو کاتەوەی جاف نیشتەجێ بووە و یاروەیسیەکان ئەم گوندەیان ئاوەدان کردووەتەوە، چەندین جار بەر شاڵاوی سوتاندن و ڕوخاندن و وەدەرنان بووینەتەوە، ئەوەش لەسەر دەستی ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق، هەر لە حوکمی قەومییەکانەوە، تا دەگاتە حیزبی بەعس، ئاوارەی شوێنانی تر بووین. وە لە دوای ڕاپەڕینیش بەهۆی شەڕی ناوخۆ و دواتریش هێرشی تیرۆریستانی بەناو جوندولئیسلامەوە بۆ سەر ناوچەکە، چەند جارێکی تر گوندەکەمان چۆڵ کردووە و تاڵان کراوین.

*** پێش ئەوەی بێینە سەر باسی ڕاگواستنی گوندەکان لە ساڵی ١٩٨٧و کیمیابارانی هەڵەبجە و ئاوارەبوون و نیشتەجێ بوونتان لە ئۆردوگاکانی ئێران، حەز ئەکەم باسی ڕووخانی هەردوو گوندی تەپی سەفام بۆ بکەیت لە هاوینی ١٩٨٦دا، بۆچی ڕوخێنران و ئێوەش لەگەڵ شەهید عەبدولڕەحمانی کوڕت و ناجی کاکە حەمەی مام حاجی موشیر بەهەشت جێگایان بێت، بۆچی دەستگیرکران؟**

- بەڵێ لە ساڵی ١٩٨٦ دا لە پەلامارێکدا بۆ گوندی تەپی سەفا لەلایەن فەوجێك لەجاشە مەفرەزە خاسەکانی زەڕایەنی ڕژێمی بەعسەوە، لەگەڵ هەریەك لە شەهید عەبدولڕەحمانی کوڕمو شەهید ناجی محەمەدی حاجی موشیری ئامۆزامدا دەستگیر کراین و بۆ ماوەی مانگێگ لە زەڕایەن

دەستبەسەر بووین. بەڵام پێش تەواوکردنی مانگەکە منیان ئازاد کرد بۆ ئەوەی بچم ئەو چەکانە بکڕم کە ئەوان لە ئێمەیان دەویست.

## * هۆکاری ئەم دەستگیرکردنە چی بوو؟

- هۆکارەکەی ئەوەبوو کە دوو کەس لەناو ئالآی شۆڕشەوە خۆیان ڕادەستی حکومەت کردبوویەوە و لە زەڕایەن بووبوون بە جاش - پێم خۆش نییە ناویان بهێنم- دەیان وت، ئەو کاتەی یەکێتی دەستگیری کردین، شەوکەتی ئامۆزاتان چەکی کردووین و چەکەکانمان لای ئەوە، دەبێ ئێوەی خزم و کەس و کاری ناوبراو ئەو چەکانەمان بۆ بکڕنەوە.

دە ڕۆژ دوای گرتنی ئێمە هێزێکی زۆری جاش و جەیشی ڕژێم کە پێکهاتبوون لە چەند فەوجێکی جاش و قوات خاسە بە پاڵپشتی چەندین تانك و زریپۆش پەلاماری هەردوو گوندی تەپی سەفایان دا و پاش ڕاگواستنی خەڵکەکەی، هەردوو گوندەکەیان بە خانووەکانیەوە خاپوور کرد. ئەو باڵە خانە مێژووییەی ئێمەشیان تەختی زەوی کرد، کە بەهیچ شتێك قەرەبوو ناکرێتەوە. لەو هێرشەدا خەڵکی هەردوو گوندەکە و ماڵی ئێمەش ڕووبەڕووی زەرەر و زیانێکی زۆر گەورەی ماددی بووینەوە.

بۆ ئازادکردنی شەهید عەبدولڕەحمان و شەهید ناجی سێ چەکی کلاشینکۆفی پەرەشوتی ئەو کاتەمان کڕی و بۆمان بردن، وە خزمانی باریکەش پەیامێکیان دا بە جاشەکان کە ئەگەر خوێن لە لوتی ئەو خزمانەمان بێت، شەڕێکی گەورە هەڵدەگیرسێنین و ڕێگای زەڕایەن بۆ سلێمانیتان لێ قەدەغە دەکەین، هەر لەو کاتەشدا ئێمە گیراین کاك تۆفیقی ڕەحیمیش هات بۆ زەڕایەن، ئەویش پەیامی خۆی پێ گەیاندبوون کە عەشیرەتی نەورۆڵی و یاروەیسی خزم و تێکەڵاوی یەکترن، ئەوان لەم زوڵمە بێ دەنگ نابن. حاجی ئەحمەدی تووەقوتیش خوا لێی خۆش بێت پیاوێکی بەغیرەت بوو، ئەویش هات بۆ زەڕایەنو قسەی خۆی کردبوو، بەو شێوەیە دەستبەردارمان بوون.

*** ساڵێك دوای ڕووخانی تەپی سەفا جارێکی تر ڕژێمی بەعس زۆربەی زۆری گوندەکانی کوردستانی تەختی زەوی کرد، تەپی سەفاش جارێکی تر کاول کرایەوە، ئێوە چوونە کوێ؟**

- لە ساڵی ١٩٨٧داو لە چوارچێوەی ڕاگواستنی گوندەکانی کوردستان لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە بە مەبەستی وشك کردنی سەرچاوە و پشتیوانیەکانی شۆڕش جارێکی تر گوندی تەپی سەفا ڕووبەڕووی خاپوورکردن بووەوە و منیش ڕووبەرووی زەرەو زیانێکی ماددی زۆر بوومەوە لە خانوو و کەلوپەلی ناوماڵ و ڕەشەوڵاخ.

یەکەم جار بارمان کرد بۆ گوندی شەکرالی بۆ لای ماڵی خەزوورم، ئەوێ هێشتا نەڕوخێنرابوو، وتمان با لەوێ بین تا بەرچاومان ڕوون دەبێتەوە، دواتر مشووری خۆمان دەخۆین. ئەوەبوو هەفتەیەکی پێ نەچوو ئەویش کاول کرا، دیسانەوە ماڵمان کۆکردەوە و بارمان کرد بۆ مجەمەعی سیروان، لە نزیکی خزمە شەمێرانییەکانمان[١]. تەنها خۆم و ئامینە مابووینەوە، مناڵەکان عەبدولڕەحمان و خێزانی و عەبدوڕڕەحیم و لەیلا و ماڵی هومەیلای کچم و ماڵی خەزووری و سەرکەوت و مستەفای برام و ماڵی کاکە حەمەم لەگەڵ چەند ماڵێکی ئاواییدا ئاوارەی ئێران بوون و چووبوونە ئۆردوگای سەریاس و پاشان برابوون بۆ ئۆردوگای ڕەوانسەر.

لە سیروان ماینەوە تا سەرەتای ساڵی ١٩٨٨، ئەو ماوەیە لەوێ بووین چەندین جار مجەمەعی سیروان لەلایەن ئێرانەوە دەدرایە بەر تۆپ و ڕاجیمە، ژیان تیایدا زەحمەت بوو، لەگەڵ مارفی برام و فەتاحی ماڵی خۆمان کە لەگەڵ دایکیدا دەژیا، خانووەکەی کاك مەنوچەری حاجی

(١) دایکی مەلا تایەر سەرێکی دەگەڕێتەوە بۆ هۆزی خاڵە لە عەشیرەتی یەزدان بەخشی، واتە لە نەوەی خاتوونی سان ئەحمەدە، بەو هۆیەوە لەگەڵ شەمێرانییەکان و هۆزی خاڵەدا خزمایەتی و تێکەڵاوییان هەیە.

محێدینمان لە هەڵەبجە گرت بەکرێ و بارمان کرد بۆ ئەوێ.

لەدوای ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٨٧ەوە تا ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٣ کە هێرش کرایە سەر هەڵەبجە، ئەو ماوەیە ئێران تۆپ بارانی هەڵەبجەی نەدەکرد، دیار بوو ئەوەش لەبەر ڕێزی مامۆستا مەلا عوسمان و بزوتنەوەی ئیسلامیی بوو، کە تازە خۆیان ڕاگەیاندبوو، ئەو ماوەیە لە هەڵەبجە بووین بەبێ دەنگی تۆپ باران ژیانمان گوزەراند.

## * لە ساڵی ١٩٨٧دا سەردانی ئێرانت کرد، ئەو سەردانە بۆ چی مەبەستێك بوو؟

- هۆکاری ئەو سەردانە بە پلەی یەکەم عەبدولڕەحیمی کوڕم بوو کە قوتابییەکی زیرەك بوو، پێم ناخۆش بوو خوێندنەکەی بفەوتێت، لەگەڵ بورهانی عەبدوڵای شامراد و عەبدولڕەحمانی کوڕم و ماڵی کاکە حەمەم و مستەفای برام و ئەو چەند ماڵەی تەپی سەفا لەکاتی ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٨٧دا کەوتنە ئێران و لە ئۆردوگای ڕەوانسەر مانەوە، خۆشمان لەگەڵ ماڵی مارفی برام لە سیروان و پاشان لە هەڵەبجە جێگیر بووین. دووەم هۆکاری سەردانەکەشم سیلەی ڕەحم بوو بۆ بینینی هەموو ئەو کەسوکارەم بوو کە لەوێ ئاوارە بوون.

سەرەتای ساڵی خوێندنی ١٩٨٧-١٩٨٨ مامۆستا حەیدەر کوڕی کاك عوسمانی عەبدولقادر لە خزمانی عەبابەیلێ بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئەحمەد موختار بوو، چاوی گێڕابوو بە ناو قوتابییەکاندا، عەبدولڕەحیمی کوڕم و بورهانی عەبدوڵای شامرادی بەرچاو نەکەوتبوو، کە قوتابی خۆی بوون و زیرەك و بەڕەوشت و لە قوتابییە پێشەنگەکانی قوتابخانەکە بوون، وتبووی بە قوتابییەکان ئەوە بورهان و عەبدولڕەحیم لە کوێن، بۆچی بەرچاوم ناکەون؟ ئەوانیش وتبوویان، ئەڵێن ڕۆشتوون بۆ ئێران و لەوێ لە ئۆردوگاکان ماونەتەوە.

دواتر یەکێك لە کوڕەکانی حاجی محەمەدی عارف بەکراوایی نازانم کۆچەر بوو یان عەبدولڕەحمان، وتبووی بە باوکی کە هەواڵی ئەو دوو کوڕە تەپی سەفاییەیان پرسیوە، حاجی محەمەدیش هات بۆلام و پێی وتم کە شتێکی وابووە، بۆچی کوڕەکان ناهێنیتەوە بخوێنن، لەوێ پاشەڕۆژیان دەفەوتێت.

دواتر حاجی محەمەد وتی با بە ملازم خالید بڵێین، بۆ ئەوەی مۆڵەتی هاتنەوەیان لە ئەمن بۆ وەربگرین و بێنەوە بخوێنن، منیش وتم کاکە حەمە - ئەو کاتە هێشتا حەجی نەکردبوو- تا خۆم دڵنیایی لە ملازم خالید وەرنەگرم، دڵم بڕوا نادات بیانهێنمەوە، ئەویش وتبووی بە ملازم خالید کە کوڕی مەلا تایەر ئەندامی جوتیاران و کەسایەتی ناسراوی شارەزوور و هەڵەبجە و هەورامان، دەیەوێت بێتەوە و بخوێنێت، باوکی داوای مۆڵەتی هاتنەوە دەکات، دەیەوێت خۆی بتبینێت.

ملازم خالید پێی خۆش بوو ئەو کەسانەی ڕوویان کردووەتە ئێران بێنەوە، ئامادەیی خۆی دەربڕی چاوم پێی بکەوێت، ئەوەبوو لەگەڵ کاکە حەمەدا سەردانمان کرد، ڕێزێکی زۆری لێ گرتم و بەڵێنی پێدام کە کەس نەتوانێت هیچیان بەرامبەر بکات و هاتنەوە بەسەربەستی وەکو هەر تاکێکی عێراقی درێژە بە خوێندنی خۆیان بدەن. وە وتی کاتێ هێناتنەوە با سەردانم بکەن و خۆم بیانبینم، منیش وتم بەسەر چاو هاتینەوە هەردووکیان دەهێنم بۆ لات.

کاتێ بەڵێنی دڵنیاییم لە ملازم خالید وەرگرت، لەگەڵ خوا لێی خۆش بێت فەتاحی ماڵی خۆمان بەڕێکەوتم بەرەو ئێران، لە دزڵی لامانداية بارەگای پەیوەندییەکانی یەکێتی و ئێران کە کاکە حەمەی مامە حاجی موشیر لێپرسراویان بوو، لەوێ پشوماندا، بەڵام لەبەر ئەوەی لەو ماوەیەدا پەیوەندی ئێران و یەکێتی ئاڵۆزییەکی تێ کەوتبوو، بە بەڵگەی یەکێتی کەس ڕێگەی پێ نەدەدرا بچێتە ناو خاکی ئێران، حەسەنی مامە حەمۆلی ئامۆزام – جێگای بەهەشت بێت- لەوێ پێشمەرگە بوو، وتی کاکە تایەر

من دەچم لە پەیوەندییەکانی سۆسیالیست بەڵگەتان بۆ دەکەم.

ئەوەبوو ڕۆشت بۆ ئەویٚ کە زۆر دوور نەبوو، کاتیٚ هاتەوە وتی کاکە ئەزانیت ئێسك و پروسکی شەهید حسێنی برام و هاوڕێکانیمان دۆزیوەتەوە، وتم چۆن دۆزیتانەوە؟ وتی وەڵا توشی حاجی عەبدوڵای سیامێوە بووم، بەبیٚ دەنگ پێی وتم جەنازەی براکەت و دکتۆر ڕەزا و هاوڕێکانیان لە فلانە شوێندایە، من ماوەیەکی زۆرە ئەوەم زانیوە و شوێنەکەیانم دۆزیوەتەوە، بەڵام نەموێراوە قسە بکەم، وامزانی خۆتان زانیوتانە، منیش وتوومە نەوەڵا ئەمە یەکەم جارە کەسێك هەواڵی وامان پیٚ بدات.

حەسەن وتی کاکە من پێشمەرگە دەبەم و جەنازەکان دەهێنینەوە، حاجی دەڵێت بەهار ڕۆشتووم بۆ چنینەوەی گژوگیا لە ڕێواس و کنگرو بیچك، ئەو کەسانە لەسەر لوتکەی سورێن گولەباران کراون و فڕیٚ دراونەتە خوارەوە بۆ ناو چاڵێکی قوڵ، کەس ناتوانێت دابەزێت بۆی مەگەر بە گوریس و کەرەستەی پێویست نەبێت، وە ساڵانە بەفرێکی زۆر دایپۆشیون و لەگەرمای کۆتایی بەهاردا دەردەکەونەوە. منیش وتم حەسەن منیش دێم، حەسەن وتی نابیٚ تۆ بێیت ڕێگاکەی سەختە، لێرە چاوەڕێمان بکەو جاریٚ مەڕۆ بۆ ڕەوانسەر تا جەنازەکان ئەسپەردە دەکەین.

ئەوەبوو حەسەن و هاوڕێکانی ڕۆشتن بۆ ئەو جێگایەی کە شەهیدەکانی لیٚ بوو، کیسەیەکیان برد بۆ ئەوەی ئێسك و پروسکەکانی تیٚ بکەن، پێشتر پێم وتن کە گویٚ بەوە مەدەن تێکەڵاویش ببن، من جیایان دەکەمەوە لە یەکتر، چونکە قەد و قافەی هەموویان لەبەرچاومە، ئەوەبوو بە هەر زەحمەتێك بوو شەو گەڕانەوە و ئێسك و پروسکەکانیان هێنایەوە بۆ دزڵی، بۆ سبەینێی ئەو ڕۆژە دەستمان کرد بە ڕێوڕەسمی جیاکردنەوە و شتن و ئەسپەردەکردن.

شەهید حسێن پشتوێنێکی ئەنگۆرەی تەختڕەشی گوڵ سوری لە پشتا بوو، پارچەیەکی لە ژێرەوە ڕەنگەکەی تێك نەچوبوو، قەڵەم جافێکی

زەردیش بەیەخەیەوە بوو، ئازاد مۆریاسیش تەسکەرەکەی مابوو، ناوەکەی (از...)ی پێــوە مــابوو، ئەوەکەی تــری کــاڵ بووبــوویەوە. دکتــۆر ڕەزا پێشـمەرگەی یەکەم دەسـتەی چەکـداری شـۆڕی نـوێ، بـاڵای کـورت و ئێسـکی قـایم بـوو، بە هەمـان شـێوە هـاوڕێکەی تریانمـان جیـا کـردەوە. ئێسکەکانیان سپی بوون چونکە بۆ مـاوەی نـۆ سـاڵ لە ژێـر بەفـردا بـوون، ساڵی ١٩٧٨ لە شەڕی نەگریسی نـاوخۆدا دوای بە دیـل گرتنیـان لە لایەن قیادەی موەقەتەوە، لەو شوێنە گولە باران کرابوون.

دوای ئەوەی ئیسکەکانمان جیاکردەوە و غوسڵی مردوومان بۆ کردن و کردنمانە چوار کیسی جیاوازەوە و لە چوار گۆڕدا ناشتمانن، من و فەتـاح بەڕێکەوتین بەرەو شاری سنە و دواتر هاتینەوە بـۆ کامیـاران و لەوێـوە بـۆ ڕەوانسەر. خزمان و کەس‌وکار هەمـوو لە ئۆردوگـا بـوون، شـاد بـووینەوە بەیەك و بۆ ماوەی شەو و ڕۆژێك لە لایانماینەوە. دواتر پـێم وتـن کە بە شوێن عەبدولڕەحیم و بورهاندا هاتووم و دەمەوێت بیانبەمەوە بـۆ هەڵەبـجە خوێندنەکەیان تەواو بکەن.

هەر چوارمــان شــەو لە کەلــی هەورامــانەوە هــاتینە خــوارەوە بەرەو خورماڵ، ڕەبییەی ئەحمەدئاوا تەقەی لێکردین، بۆ ماوەیەك خۆمان تەختـی زەوی کرد و دواتر هەستاینەوە هاتین خۆمان کرد بە مجەمەعی خورماڵـدا و دەقەمان دا لە دەرگای ماڵی خوا لێی خۆش بێت کاك عوسمانی حاجی مـحەمەد ناسـراو بە عوسـمان دێکـۆنی. خزمـایەتی و تێکەڵاویمـان هەبـوو لەگەڵ بنەماڵەکەیاندا، شەو لەوێ ماینەوە، خزمەتێکی زۆریـان کـردین، بـۆ بەیانی سـواری جێبێـك بـووین و ڕۆشـتینەوە بـۆ هەڵەبـجە، عەبـولڕەحیم و بورهـانم بـرد بـۆ لای مـلازم خالیـد، وتـم ئەمە کوڕەکـانە هێنـاومنەتەوە، ئەویش ڕێـزی لـێ گـرتن و هەنـدێ ئامۆژگـاری کـردن و هـانی دان بـۆ خوێندن و پێی وتن توخنی سیاسەت مەکەون، کەس نییە پێتان بڵێت پشتی چاوتـان بـرۆیە. ئەوەبـوو هەردوکیـان ڕۆشـتنەوە بـۆ قوتابخـانەی ئەحـمەد موختار جاف و دەستیان کردەوە بە خوێندن لە پـۆلی شەشـەمی ئامـادەیی بەشی زانستیدا.

## * لە هێرشەکەی ئێراندا بۆ سەر هەڵەبجە ساڵی ١٩٨٨ بۆچی ئێرانتان هەڵبژارد، ئایا دەرفەتی دەرچوونتان نەبوو، یان ئەوێتان بەسەلامەت زانی؟

- لە ساڵی ١٩٨٨ بەهۆی کیمیابارانی شاری هەڵەبجە و هەورامان و شارەزوورەوە لەگەڵ ماڵی باوکم ئاوارەی وڵاتی ئێران بووین و دیسان جارێکی تر ڕووبەرووی زەرەر و زیانێکی ماددی زۆر بووینەوە، هەر لە کەلوپەلی ناوماڵ و تراکتۆر و دابڕانی منداڵ لە خوێندن، کە ئەمانە گێڕانەوەیان بەدەم خۆشە.

ماوەیەك پێش هێرشەکەش دەنگۆی ئەوە هەبوو کە ئێران هێرش دەکاتە سەر ناوچەی هەڵەبجە و شارەزوور، بەڵام ئێمە گوێمان پێنەدا، وە کاتێکیش ئەو کارەساتە گەورەیە قەوما، بیرمان کردەوە کە ئێمە هەتا کەسوکارمان پێشمەرگە بێت و کوڕ و برا و خزمە نزیکەکانمان لە ئێراندا ئاوارە بن، ئەوا ئۆردوگاکانی ئێران بۆ ئێمە باشتر و سەلامەت تر دەبێت، گەر بهاتینایە بۆ نەسر و باریکە، یان شاری سلێمانی، هەموو ڕۆژێك ئەمنەکانی حیزبی بەعس هەڵیان دەکوتایە سەرمان و دەستگیریان دەکردین، بۆیە ئێرانمان هەڵبژارد.

## * ئێوە کەی لە شار دەرچوون؟

- شەوی ١٩٨٨/٣/١٥ کاتێك پێشمەرگە لە لایەك و سوپای پاسدارانی ئێرانیش لە لایەکی ترەوە هاتنە ناو شار، ماڵی ئێمە و مارفی برام کە باوکمی لەگەڵدا بوو، هەروەها فەتاحی پورە ئامینە کە لەماڵی خۆماندا بوون، لەگەڵ ماڵی سەید کەریمی سەید محەمەد هەموومان پێکەوە بە تراکتۆرەکەی خۆمان کەوتینەڕێ بەرەو گوندی عەبابەیلێ، تا نوێژی بەیانی لەو گوندە ماینەوە.

دوای ئەوەی نـوێژی بەیانیمـان کـرد هەر بە تـاریکی بەرەو گونـدی سـازان بەرێکەوتـین، کە گونـدێکی وێـرانە بـوو، لەوێ بـارگە و بنەمـان خست.

هێزێکی زۆری ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی عێـراق کە مـحەمەد بـاقر ئەلحەکـیم ڕابەریـان بـوو، لە دەوروبەری گونـدی سـازان بـوون، وە فڕۆکە جەنگییەکانی عێراقیش بەسەر ئاسمانی ئەو ناوچەیەدا ئەسـوڕانەوە و بەتەمای بۆردومانی ئەو هێزە بوون، ئێمە ئەو جێگایەمان بەجێ هێشت و لە شوێنێکی دوورتر بارگەمان خستەوە.

دوای ئەوەی ئـێمە ئەو شـوێنەمان بەجـێ هێشـت فڕۆکەکـان بۆردوومانێکی چڕوپڕی ئەو هێزەی کرد و ژمارەیەکی زۆری لە کوشتن و چەندین کەسی تریشیان بریندار بوون.

ئەو ڕۆژە کە هێشتا هەڵەبجە کیمیاباران نەکرابوو، ئێمە تـاوەکو ئێـوارە لەو شوێنەدا ماینەوە و شەومان بەسەردا هـات، کە شـەوێکی زۆر سـارد و ناخۆشـمان گوزەرانـد. بـۆ سـبەینێ ١٩٨٨/٣/١٦ کە ڕۆژی بۆردومـانەکەی هەڵەبجە بوو، بەچەکی قەدەغەکراوی کیمیایی، چەنـد مـاڵێکی تـریش کە خزم و نزیکی خۆمان بوون هـاتن بـۆ لامـان، لەوانە خـانەوادەی مەرحـوم مەلا مەحمـودی گردەنـازێ و حـاجی جەبـاری ئەحـمەدی حەمەوەیـس و خالیدی حاجی عوسمانی حاجی عەلی حەنیف کە ئێستا خۆیشی حـاجییە، هەمووومان پـێکەوە چـاوەڕێی سـۆزی پەروەردگارمـان دەکـرد و کەسـمان نەمان دەزانی ئایندەمان بەچی و بەکوێ دەگات.

حاجی خالی لاندکرۆزەرێکی ٧٩ی پێ بوو، وتی من ئەگەڕێمەوە بـۆ هەڵەبجە، باوکم لە هەسەن ئاوایە لەگەڵ خۆما ئەیهێنم بۆ ئێرە، مارفی بـرام لەگەڵیدا سوار بوو ڕۆشتنەوە بۆ ناو شار، کـاتێ گەشـتبوونە نزیکـی بینـای دادگـای ئێسـتا بـۆمبە کیمیاییەکـان دابوویـان لەزەوی، بە پەلە بەرەو دواوە گەڕابوونەوە بۆ گوندی بامۆك و لەوێشـەوە بـۆ دەڵەمەڕ و سـەروتر. سـەید نەسـرەدینی کـوڕی سـەید مـحەمەد تەپـی سـەفایی لە کـانی عاشـقان بەر

کیمیایی کەوت، باری تەندروستی تێك چوو بوو، شار بەتەواوی شڵەقابوو، ئەوەی توانـای دەرچـوونی هەبـوو لەهەمـوو دەروازەکـانەوە بەرەو دەرەوە بەپێ و بە تراکتۆر و ئۆتۆمبێل هەڵئەهاتن.

هەر ئەو ڕۆژەی لە گوندی سازان بوین، ئەو ماڵانەی پێشتر ناوم بـردن پێکەوە لەوێ بـووین، لەناکـاو فـڕۆکەی جەنگیـی عێراقـی هـاتە سـەرمان، قـومبەلەیەکی خسـتە خـوارەوە بـۆ ناومـان هەرچـی پـارچە بەرد و دار و پەردووی ناوچەکە هەیە کردی بەسەرمانا، بـاوکم لەشـوێنی خـۆی نەبـزوا لەناو دووکەڵ و پارچەدا ون بوو، ئێمە هەموومـان خۆمـان دابـویەوە پـاڵی کەنێـك، سـۆزی پەروەردگـار وابـوو کەسـمان بەرنەکەوتـین و هەمـوو سەلامەت بوین.

گوندی سازان کە گوندێکی هاوسنووره لە گەڵ ئێراندا، دوا وێستگەی تراکتۆرەکەمان بوو، کە پڕ بوو لە کەلوپەل و شتومەکی پێویستی خۆمان، بە ناچاری لەوێدا بەجێمان هێشت و کەوتینەڕێ بەرەو چەمی سیروان و لە ڕێی پردی سەفەرییەوە پەڕینەوە بەرەو کوردسـتانی ڕۆژهەڵات، کە ئێـران لەوکاتەدا بـۆ سـوپاو خەڵکـی ئـاوارەی بەسـتبوو. لەوێ سـواری مینوبـوس کراین و ئۆردوگاکانی سەریاس و ڕەوانسەرمان بەجێ هێشت و بـراین بـۆ ئۆردوگـای سـەراب فەش، کە ئەو شـوێنە لە پارێزگـای کرماشـان بـوو لە نزیکی کەنگاوەر، ماڵی حاجی جەباریان برد بۆ کرمان.

لە بینای قوتابخانەیەکدا چەندین ماڵ پێکەوە بووین، دڵتەنگ و مات و مەلول، خەڵکی هەموو ڕەشپۆش و تازیەبار بوون، دنیا لەبەرچاومـان وەکـو ماتەمینگـایەکی لێهـاتبوو، ئەگەر نـووری ئیمـان و بـاوەڕ نەبـوایە بەخـوای گەورە، بەرگەی ئەو دووری و هەڵبڕانەمان نەدەگرت.

ئـا لەو کـاتی ئـاوارەیی و سەرلێشـێوانەدا ڕۆژێـك لەبەر بەلـوعەیەك کە ئەوان پێیان دەوت شێر دەستنوێژم دەگرت، سێ مامۆستای شـیعە مەزهەب کە لە قوتابخانەکەدا بـوون بەناوەکـانی ڕەوشـەنی و قەیتـوولی و میهرابـی، یەکەمیان شیعەیەکی توندگیر بوو، کاتێ دەستنوێژم دەگرت چاوی چاوی

خستبوومە سەرم، کە بۆچی ئاوی زیادم بەکار هێناوە! لەبەر ئەوەی ئێمەی سوننی مەزهەب سێ جار هەموو ئەو شوێنانەی واجبە تەڕ بکرێن دەشۆین و ئاوی زیاد بەکار دەهێنین، ئەویش چاوی بڕیبووە سەرمو لەو ڕێگایەوە دەیویست، بانگەواز بۆ مەزهەبەکەی خۆی بکات، کەوتە وتوویژ لەگەڵمدا.

وتی ئاغا ناوت چییە؟ وتم ناوم (محەمەد تاهیر عوسمان)ە، وتی دەزانی ئێوەی سوننی مەزهەب ئیسراف زۆر دەکەن، ئەوە لە کاتی دەستنوێژەکە ئاگام لێت بوو، جگە لەوە، ئەم کڵاو و جامانەیە زیادەیە بەسەرتانەوە، کەلوپەلی زیادەش لەبەر دەکەن، ئەم جل و بەرگە فراوانە کوردییانە چییە دەیکەنە بەرتان؟ هیچ قەومێك نایکات ئێوە نەبێت! بەم شێوەیە ویستی لەخۆم و مەزهەب و نەتەوەکەشم بدات. منیش وتم ئاغای ڕەوشەنی (لباسهای کوردی پوشاننده ی عیوب هستند) جل و بەرگی کوردی عەیب و عاری هەموو کەس دادەپۆشێت، لەو کاتەدا ئاغای میهرابی بە پانتۆڵێکی تەسکەوە بۆ لای ئێمە دەهات، وتم (ئاغا ببین) بڕوانە بۆ ئاغای میهرابی ڕەسمی عەیب و عاری لەناو پانتۆڵەکەیدا دەرکەوتووە، ئێوە لای خۆی ئیدیعای (نە شەرقیو نە غەربی جمهوری ئیسلامی) دەکەن کەچی پانتۆڵەکەی غەرب لە پێ دەکەن! مێزەرەکەی ئێمە سوننەتییە و سودی دنیایشی لێ دەبینین، بۆ کاتی سەرما و گەرما پارێزگاری لە خانەکانی مێشکمان دەکات، هەرکات لەدەر و دەشتیش هیچمان پێ نەبوو ڕزق و ڕۆزی تێ بکەین جامانەکەی بۆ دادەگرینە خوارەوە، لەکاتی سەرما و بەفریشدا دەیکەین بە چەفتە و خۆمان لە دەمەی بەفر دەپارێزین، بەمە بێ دەنگم کرد.

دوایی هاتە سەر بەزمە کۆنەکەی خۆیان، کە بۆچی ئێوە ئیمامی عەلی بە خەلیفەی چوارەم دەزانن و بەشیاوی یەکەمی نازانن؟ منیش وتم ئاغا گیان ئێمەی ئەهلی سوننە فەزڵی کەس نادەین بەسەر کەسی تردا، مەرج نییە هەرچی یەکەم نەبوو ئیتر گەورە نەبێت و مەقامی بەرز نەبێت! ئەوە

قورئـــانە خەتمـــی کەلامە جـــامیعی هەمـــوو کوتـــوبە ئاســـمانییەکانە و لە ئەخیریشـــەوە هـــاتووە، ئەوە ســـەروەرمان پێغەمـــبەرە ﷺ نـــاوی لە عەرشـــدا لەبەرامـــبەر نـــاوی خـــوای گەورە نووســـراوە، کۆتـــا پێغەمـــبەرە و ســـەرداری هەموو پێغەمبەرانە، ئیمامی (عەلی)یش لای ئێمە خاتەمولخولەفایە و شـێری خـــوا و ســـولتانی ئەولیاکـــانە، بـــۆ مـــاوەی بیســـت ســـاڵ دادوەری بـــاڵای خەلیفەکانی پێش خۆی بووە، پیاوی زەمەنێکە جگە لە خۆی بە ئـازایەتییە بێ وێنەکەی و وەرع و تەقوا کامڵەکەی و زانسـتە فـراوانەکەی کە تـوانی باڵ بکێشێت بەسەر لایەك لە جیهـانی ئیسـلامدا، کەس نەیتوانیـوە ئەو ڕۆڵە بگێڕێت، هەرچی دەستەو فیـرقەی گـومڕایە لەنـاوی بـردن و بە عەدالەتـی ڕەها حوکمی موسڵمانانی کردووە، ئەوە پایەی ئیمامە لای ئـێمەی ئەهلـی سوننەو جەماعە.

کاتێ گوێیان لەم قسانە بـوو، میهرابـی کە خەڵکـی سـەرپێڵ بـوو پێـی وت: باشت کرد؟ ئەوەتا قسەت پێ نەما، کاتێ زانستت پێ نەبێت لەبارەی شتێکەوە، خـۆت مەخەرە نـاو تەهلـوکەوە، ئەوەتـا تـۆ ئەوت بە کەسـێکی عەوام و نەخوێندەوار زانی، کەچی بەزاندیتی و هیچت پێ نەما.

پاش ئەوەی بۆ ماوەی مانگ و نیوێـك لە ئۆردوگـای (سـەراب فەش) مـــابووینەوە، دواتـــر پێشـــنیارێکمان نووســـی بـــۆ بەپرســـی نـــاوچەکە کە بمانگوێزنەوە بۆ ئۆردوگای وەرمەهەنگ، بە واسیتەی مارفی بـرام کە سـێ پـــاکەتی جـــگەرەی تیـــری خســـتبووە گیرفـــانی و دابـــووی بە بەرپرســـانی فەرمانداری، عەریزەکەمان قبوڵ کرا و بارمان کرد بۆ ئەو ئۆردوگایە.

لەوێ ئاغـای بێگـی بەرپـرس بـوو، شـەوکەتی مـام حـاجی موشـیری ئامۆزامـانی دەناسـی، کـاتێ زانـی خزمەکـانی ئەویـن بـۆ هەر ماڵێـك دوو خەیمە و کەلوپەلی پێویستی بۆ دابین کردین.

خوا لێـی خـۆش بێـت مەلا عەبـدوڵای گـوڵپی لەگەڵمانـدا بـوو، لەوێ فارگۆنێکی گەورەی جەمەلۆن لە بەرامبەرمانەوە بەتاڵ بوو، وتم مامۆستا با داوا بکەین ئەم شوێنەمان بۆ بکەن بە مزگەوت، ئەوەبوو داواکەیـان قبـوڵ

کردین، فەرش و پێداویستی مزگەوتەکەیان بۆ تەواو کردین. مەلا عەبدوڵا جومعەشی تێدا دەکرد، خەڵکی وەرمەهەنگیش بۆ جومعە و جەماعەت ڕوویان تێ دەکردین.

تا مانگی تشرینی دووەمی ١٩٨٨ لە وەرمەهەنگ ماینەوە، پاش ئەوە شەوکەت وتی ئەوە بۆچی نایەن بۆ کانی دینار لە نزیکی مەریوان، خەڵکی مجەمەعەکە چۆڵیان کردووە و ڕۆشتوونەتەوە بۆ شاری مەریوان.

کاتی خۆی خەڵکی مەریوان لەبەر بۆردومانی تۆپ و فڕۆکەکانی عێراق ئەو شوێنەیان لە دەرەوەی شارەکەیان ئاوەدان کردبوویەوە. دوای ئەوەی بارودۆخ ئاسایی بوویەوە و شەڕی عێراق‌و ئێرانیش وەستا، ئەو خەڵکە ڕۆشتنەوە بۆ زێدی خۆیان. وتم بە شەهید عەبدولڕەحمانی کوڕم بڕۆ لەوێ خانوویەك بگرە بە کرێ بۆمان، ئێمەش عەریزە دەدەین بە ئاغای بێگی، مۆڵەتمان بدات بار بکەین بۆ کانی دینار.

ئەوەبوو بۆ هەر خانەوادەیەك خانوویەکمان گرت بە کرێ و بارمان کرد بۆ مجەمەعی کانی دینار لەسەر ڕێگای مەریوان-سنە. ئەو خانووەی منی تێدا بووم موڵکی پیاوێك بوو بەناوی شێخ تالیب لە شێخانی توتمان بوو، ئامۆزای باوکی غەریبی شێخ قوتبەی شێخ فەتاح بوو، ناسراو بە غەریبی پورە ئایشێ، کە کاتی خۆی لە تەپی سەفا بوون، بە نرخی ٦٠٠ تمەن کە دەیکردە ١٢ دیناری عێراقی سویسری. تا مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٠ لەو شوێنەدا ماینەوە.

## * لە کانی دینار کار و کاسبیتان چی بوو، ئایا حیزب یارمەتی دەدان؟

- بە نیسبەت خۆم و خانەوادەکەمەوە نە کار و کاسبی و نە یارمەتی شۆڕش هیچیانمان نەبوو، لە دواییدا عەبدورلڕەحیم دوکانێکی شیرینی دانا، پاقلاوە و محەلەبی تێدا دەفرۆشت، ئەوە باش بوو خەرجی خۆی

دەردەکرد. شەهید عەبدولڕەحمانیش پێشمەرگە بوو، هاوکاری شۆڕشی وەردەگرت. ئەو خێزاندار و لە ئێمە جیابوو. مارفی براشم دەگەڕا کەلوپەلی کارەبایی و فەرش و پێداویستی لە مالان دەکڕی و دەیفرۆشتەوە، بەوە خەرجی خۆی و خێزانی و باوکمی دابین دەکرد، دواتر بوو بە پێشمەرگە.

هەرچەندە لە کانی دینار ئاوارە بووین، بەڵام چونکە چەند ماڵە خزمێك و دۆست و ناسراوانی ناوچەکەی خۆمان لەوێ لەگەڵماندا بوون، لەگەڵ بارودۆخەکەدا ڕاهاتین و خومان بە شوێنەکەوە گرت، کاتێکیش بەجێمان هێشت بیرمان دەکرد.

ئەو ماڵانەش لەگەڵ ئێمە بوون، بنەماڵەی خۆمان لەگەڵ بنەماڵەی خالۆ حاجی خالید و ئەسعەد بێرەشکەیی و جەلال کولکنی و عەلی شامار و شێخ عەلی شێخ حەمەساڵح ئامۆزای مام جەلال و ماڵی سەید کەریم و کوڕانی خالۆ حەمەشەریف و کاکە حەمەی مام حاجی موشیر و چەندین ماڵی تر خەڵکی لای خۆمان پێکەوە بووین.

ڕۆژێك لە کانی دینارەوە دوکەڵێکمان بینی بەرز بووبوویەوە، دیار بوو لە ئاستی شارەزورەوە بەرز بووتەوە، بە ڕەحمەت بێت شەهید تایەرە بچکۆل و کۆمەڵێك پێشمەرگە لە سەر کەلی هەورامانەوە هاتنەوە وتیان ئەمڕۆ بە دووربین تەماشامان کرد، دوو تەقینەوەمان بینی لە گوندی تەپی سەفا گڕی بەرز بوویەوە و چەند گوند و ناوچەیەکی تری شارەزووریش ئاگریان تێ بەردرابوو. ئەو دووکەڵەی ئێوە بینیوتانە هی ئەوێیە بەرزبووتەوە . منیش وتم لە تەپی سەفا تەنها دوو شوێن ماوە بتەقێنرێتەوە یەکێکیان مزگەوتەکەی تەپی سەفای سەرووە و ئەوی تریش ژێر زەمینەکەی ئێمەیە، دواتر دەرکەوت وابوو، ئەو ڕۆژە ئەو دوو شوێنەیان تەقاندبوویەوە، بۆ ئەوەی پێشمەرگە کەڵکیان لێ وەرنەگرێت.

## * مام جەلال لە ئۆردوگا سەردانی کردن؟

- بەڵێ ئەو کاتەی لە کانی دینار بووین، مام جەلال هات بۆ ئەوێ، سەردانی ماڵی مامە حاجی موشیری کرد، مامەم نەخۆش بوو لە ناو جێگادا بوو، زۆریش بێ تاقەت بوو، حەزی ئەکرد بێتەوە بۆ زێدی خۆی و لەوێ بمرێت. کاتێ هەواڵ ئەهات کە فڵانە کەس بۆ نمونە حاجی عەبدولقادری تەپەڕێزینە کۆچی دوایی کردووە، ئەویش ئەیوت، خۆزگە من لە بری ئەو بمردمایە بەڵام لە زێدی خۆمدا.

مام جەلال دوای ئەوەی کۆبوونەوەی بە پێشمەرگە کرد، یەکی سێ هەزار تمەنی وەکو بەخشیش پێدان، ئەمە جگە لەوەی مانگانە یەکی پێنج هەزار تمەنیان هەبوو. هەروەها پارەی ڕژاند بەسەر کۆمەڵێك ماڵدا، لەوەشدا شمولی ئێمەی نەکرد، وەك ئەوەی ئێمە بۆ سەیران و سەفای خۆمان گەیشتووینەتە ئەو وڵاتە و هیچ پەیوەندییەکمان بە شۆڕشەوە نەبێت و نانێکمان پێ نەدابن. هەمیشە دونیا وابووە، ئەوەی زەحمەتکێشە لە دوای دواوەیە و ئەوەش مفتەخۆرە لە پێشی پێشەوەیە. شۆڕشەکانی کورد جگە لە زەحمەتو مەینەت و ئاوارە بوون و کەسوکار شەهید بوون، هیچ خێرێکیان بۆ ئێمە نەبوو. هەرچیمان هەبوو لە گیان و سامان بەوانمان بەخشی، بەڵام ئەوان هیچیان بە ئێمە نەبەخشی.

## * ئایا حکومەتی ئێران هاوکاری دەکردن؟

- بەڵێ حکومەتی ئێران لە ڕێگای مانگی سوورەوە خواردەمەنی وشك و گۆشتی مەسڵەحە و مریشکی پاکەت و کەمپوتی بۆ دابین دەکردین. ئەوەش بە پێی ژمارەی ئەندامی خێزانەکان دەدرا و هاوکارییەکی باش بوو بۆ ئێمەی ئاوارە.

## * کەی لە کانی دینارەوە گەڕانەوە بۆ عێراق؟

- لە هاوینی ساڵی ١٩٩٠ دا کاتێ ڕژێمی بەعس لێبووردنی دەرکرد بۆ ئەو کەسانەی کە لە دەرەوەی وڵاتـن، کە ژمـارەی بڕیـارەکە (١٤٠) بـوو، هەمـوو ڕۆژێـك ڕادیۆمـان ئەکـردەوە ئەو گـۆڕانییەی مەزهەری خالقییـان دەخستە سەر (ئەگەڕێمەوە بۆ وڵاتەکەم)ی دەچڕی، تاسەی بیری نیشـتمان و زێدی خۆمانی دەخستەوە یادمـان، وە ئاینـدەمان لێـوە دیـار نەبـوو کەی کۆتـایی بە ڕژێمـی سـەددام دێـت. هەروەهـا پاشـەڕۆژی خوێنـدنی عەبـدولڕەحیمی کـوڕم خەریـك بـوو دەسـوتا، کـاتێ هەڵەبجەمـان بەجـێ هێشت لە پۆلی شەشەمی ئامادەیی بوو. هاوڕێکـانی ئەو هەمـوو سـێ سـاڵ پێشکەوتبوون، خۆیشی قوتابییەکی زیرەك بوو، دڵی بە خوێندنەکەی خۆش بوو، باش بوو سوپاس بۆ خوا کاتێ هاتینەوە و کۆلیژی ئەنـدازیاری تەواو کرد.

ئەوەبــوو لەگەڵ بــاوکم و مــارف و کــاکە حەمە و مســتەفا کە هەرسێکیان برامن و کۆمەڵێك مـاڵی تەپـی سـەفایی تـر لەسـەر ئەوە ڕێـك کەوتین کە بێینەوە بۆ عێراق. بارمان بار کرد و لە گۆخڵانەوە هاتینەوە ناو سنوری هەرێم و لە قەزای هەڵەبجەی تازە(شارەزوور) نیشتەجێ بووین.

کاتێ حیزبی بەعس گۆڕبەگۆڕ بوو، شەوکەت لە ئەمنی کەرکـوك ئەو بڕیاری لێبوردنەی دەست کەوتبوو، کە بەشێکی پەنهان بوو بە نهێنـی لای حیزبـی بەعـس مـابوویەوە. وا بڕیـار بـوو ئەوانەی کە بەر ئەو لێبـوردنە دەکەون و دێنەوە بۆ عێـراق پـاش سـاڵێك ئەنفـال بکـرێن و بنێـردرێن بـۆ بیابانی سەماوە. باش بوو تەمەنی بەعس ئەوەنـدەی نەمـابوو فریـای نەخشـە بۆگەنەکەی بکەوێت، ڕاپەڕین کراو کوردستان ئازاد کرا.

## * خــاڵۆ چەنــد ســاڵ پێشــتر هۆنراوەیەکــت بــۆ خوێنــدمەوە بەدەستنووس لەدوو پارچە کـاغەزدا نووسـرابوویەوە، فەرمووتـان

**ئەمە شـیعرێکی بـڵاو نەکـراوەی مامۆسـتا قـانعە، وە منـیش لە دیوانەکەیدا بەرچاوم نەکەوتووە، ئایا تۆ لە کێ وەرت گرتووە؟**

- ئەو ساڵانەی لە ئێران ئاوارە بووین کوڕێکی ئێرانی ئەو هـۆنراوەیەی دابوو بە ڕزگاری کاك حەمەئەمینی ساڵح، ئەویش هێنای بۆم و منیش وتم ئادەی عەبـدولڕەحیم قەڵەم و کـاغەز بێـنە و بەدەستخەتە جـوانەکەت ئەم هـۆنراوەیەم بـۆ بنووسـەرەوە، بـا نەفەوتێـت، ئەمەش هـۆنراوەکەیە بەنـاوی لەتەخشت:

**لەتە خشت**

یــــاران یـــــەك وەختێ یـــــاران یــەك وەختــێ
لـــــــە ڕۆژان ڕۆژێ لـــــــە وەخـــــــتان وەختــێ
ڕۆژێ لـــــــە ڕۆژان بتـــــکا ڕوو بـــــەتـــــــــاڵ
ئاسودە و ڕاحـــــــــــەت لە نـــــەبوونی مــــــاڵ
بێ یـــــار و یـــــاوەر بێ بـــــــرا و هـــــــــاودەم
بێ ڕەفیقــــــی شەو دەروون پـڕ لە غـــــــــەم
پـــــاڵ دام وە سەریـــــن حەریری گـوڵ ڕەنـگ
بیر دام وە کـــــردار چەرخی شـێوە ڕەنـــــــگ
مزگـەوت بێ ڕەونـــــەق دیـــــــوەخـان وێــران
ئاوایـی بێ شـــــەوق نۆکـــەر سەرگـــــــەردان
وتــــم خـــــاس وایـــــە توێشە پەیـــــدا کەم
ئیقلیـــــم بگەڕێـــم سەیـــــری دنیـــــا کــــــەم
هەتـــــا بزانـــــم چـــــــۆنە وەجـــاخـــــــــان
چـــــــۆنە دەسـەڵات خـــــاوەن بــەیداخـــــان

کێ بە حورمەتە کێ بێ حورمەتە
کێ خاوەن شەوقە کێ لە زەحمەتە
بۆچی سەلوێنك بووە بە تەلار
پەنجەرە و هەیوان بوون نگون سار
نەجیب نانەجیب نانەجیب نەجیب
تفڵ خاوەن موڵك خاوەن موڵك غەریب
کەشکۆڵم هەڵگرت عابام خستە شان
زڕەی چوار ئایین وێنەی دەروێشان
تەسبیح و شانە سوجادە و تاعەت
سەد وانەی ڕوونی تەختەی سەداقەت
بەیداخی عەشرەت سەجەرەی شێخان
دایەرەی میحنەت حەمەیاڵی شان
هەم سەفەرنامە و بەیاز و دەفتەر
بەرد و بەرد ئەستێ ئەساسەی سەفەر
بە ساعەتی خاس ڕۆژی موبارەك
لە ڕۆژی جومعە کردم تەدارەك
بە یاهوو ڕێگەم گرتە بەر
پەنام برد بە زات شافیعی مەحشەر
گایە زیکری دڵ گا گایە گریان
گایە سۆزی دڵ گۆرانی شێخان
گا فەردی پڕ شۆر شێخی مەولەوی
گا گوریسی حەق مەولای مەسنەوی
چەند چۆڵم تەی کرد چەند دێ و چەند شاران

چەند مەنزڵگای خۆش لەبەر موغاران
چەند سەیری جێگای شاهانی قەدیم
چەند وارسی کۆن قەڵاچەی عەزیم
چەند بڕۆ بڕۆی بەزمی دیوەخان
چەند خاوەن مەنسەب لەپای بەیداخان
سێ ساڵ بەم نەوعە خەریك سەیرات بووم
گا لە دێهات و گا لە سەیران بووم
نە ئاو بوو نە دار نە پووش نە گییا
غەیری زاتی پاك خۆم تاق و تەنیا
خەیلێ تێ فکرام نیگام کرد لە دوور
کەوتە بەرچاوم لەتە خشتێ سوور
لە دییەن ئەودا خەیلێ عەجەب مام
خشتم بەرزۆ کرد بەسەد ئیحتیرام
وتم هی کێ بێ؟ کێ دروستی کرد؟
کێ نایە چین ماڵ؟ کێ لە دوای مرد؟
کێ خستیە قاڵب کێ شێلای بە ئاو
کێ خستیە کوورە بڵێسەی بە تاو
بە ئەمری خودا لێم هاتە زمان
وتی ئەی قانع گێلی ماڵ وێران
من خاکی کەللەی دە پادشاهم
پادشای بێ باك حیشمەت پەناهم
دەورەیان ڕۆیی نۆبەیان تەواو
گومەزیان لەگەڵ خاکا تێکەڵاو

گومەزییان ڕووخـــــــاو گۆڕچەیان دەرهـــــات
ئەڵحەدیان نەمـــــــــاو کەوتنە سـەر بســـات
زەڕە زەڕە بـــــــوون بــە غـــــوبارێ
تـــــۆزی هــــــەر یەکێ ڕۆیــــی بۆ شــارێ
بە تەقدیری حــــــەق بینـــای لایەنــــــــام
لــــــــەو دروستکراوە مـــن دروست کــــــرام
سەد ســـــــاڵ لەسەر یەك من خشتی کاڵ بـووم
لە خـووتەن زەمین بن ڕەتی مـــــــــــاڵ بـووم
لە دوای دووسەد ســــــاڵ ئەو ماڵ وێــران بوو
بــوو بە وێرانە جێـــــــــــــگای سـەیران بـوو
من بوومــــۆ بەخــــــــــاك هەر وەکوو ئـــەوەڵ
بـــە ئەمری بێ چــــــــوون پادشـای ئەفـــــڵەك
لە دوای ئەمـــــــــــــانە باز هەم سـەر لــــــەنۆ
ژنـــــــــی هـــــــەورگەڕ مـــــنی جـــــیاکردۆ
کردمی بە حاجەت بـۆ گــــــــــــۆزەڵەی دەس
خۆشـــی گەرەك بــــــــووم نەی دەدام بە کەس
سەر هـــــەڤدە ساڵە وورد بـــــــــــووم و شـکام
پــــــیرەژن هـــــــــەستا خێــــرا فڕێـــــی دام
سواڵەتیشم کــــــــــرد سێ سـەد ســــاڵ تەواو
هـــــــــەتا سەر لەنــــــوێ ڕزام و پــــــــــووام
بووم بە مشتێ خـــــــــــــــاك لە پــەنای ماڵــێ
پێیـــــــــان پیائـــــــــەنام هــــــــــەموو مـــــنالێ
لەدوای ئەمـــــــــانە کـرام بـــــــە ئاجـــــــــۆڕ

نرامۆ دیوار قەڵای سەلم و توور
سێ سەد و شەست ساڵ لەو قەڵای عەزیم
ساکن بووم بە ئەمر پادشای کەریم
سەلم و توور تەواو ئاساریان نەما
چەرخی چەپ کردار گەردی داوە وە با
ئێستا یادگار شاهانی دەورم
لەم بیابانە پڕجەفا و جەورم
دنیا ئاوا بوو بۆم بەیان کردی
تۆش فکری خۆکە دەخیل ها مردی
ئەزانم عومری منیش تەواوە
بۆ شاه و گەدا هەر تۆپێ جاوە
وتیان یا خالق تاك و تەنیای فەرد
فریادڕەس بەماڵ هەناسانی سەرد
لە سەکەراتی مەوت هەر تۆ هەی پەنام
من عەبدی زەلیل عاسی ڕوو سیام
لەو وەختا زوبان لاڵ و لەنگ ئەبێ
تەواو ڕووی دنیا لەمن تەنگ ئەبێ
بانگی ڕەستا خێز قوڕ پێوان و شین
تێکەڵ لەگەڵ ئایاتی یاسین
دەم هەڵتەکاندن غەرقی جواناو
سەدا هەی هانا بۆ قەترەیەك ئاو
قابض الارواح بە گاز و قووەت
ڕووح دەر ئەهێنێ بە چەندە زەحمەت

بە خەجاڵەت بـــــــــاری ئەی بەن بـۆ قەبـران
تەسلیمــــــــــــــی ئەکەن بەســەهل و ئاســـان
لەویٚ جێـی دێلـن بەتەنیـــــــــــا و بـێ کەس
هیچ کەس شك نابـــــــا غەیـری فــریادڕەس
هـــــــەزاران ســـەلات هــــــەزاران سەلام
ذو مــــــا بـر محمــــــــد عـــلیه الســـلام

## * دوای ڕاپەڕین کێ تەکلیفی لێ کردیـت ببیـتەوە بە ئەنـدامی یەکێتی جوتیاران لە هەڵەبجە؟

- بە ڕەحمەت بێت مامۆستا مەلا عوسمان ئەو تەکلیفەی لێ کـردم کە بێمەوە نـاو جوتیـاران و بەرپرسـیاریێتی وەربگـرمەوە، پێشـتر بە شـەوکەتیان وتبوو با مەلا تایەر بێتەوە بۆ جوتیاران ئەویش وتبووی بەخوا باوەڕ نـاکەم بیکات، تاقەتی ئەو کارەی نەماوە.

ئەوەبوو دواتر مامۆستا مەلا عوسـمان فیـردەوس جێگـای بێـت بـانگی کردم بۆ هەڵەبجە و پێی وتم: ئەزانم تاقەتی جوتیارانت نەماوە، بەڵام بـیکە بە خاتری خوا و ئەو قورئانە و ئەو ڕیشە سپییەی من، ئەو ئەرکە بخەرەوە سەرشانت. منیش نەمتوانی قسەکەی بشکێنم، بـوومەوە بە لێپرسـراوی لقـی هەڵەبجەی ڕێکخراوی یەکێتی جوتیـارانی کوردسـتان و بەردەوام بـووم لە چارەســەری کێشــە جوتیــاری و کۆمەڵایەتیەکــانی نــاوچەی هەڵەبــجە و شارەزوور و هەورامان.

## * پەیوەنـــدیت چـــۆن بـــوو لەگەڵ مامۆســـتا مەلا عوســـمان عەبدولعەزیزدا؟

- بەڕەحمەت بێت مامۆستا مەلا عوسمانم لە نزیکەوە دەناسی، ئەویـش نرخ و ڕێزی بنەماڵەی ئێمەی دەزانی و حەزی بە سـەردان و تێکەڵاویمـان هەبوو، وەکـو پێشـتر باسـم کـرد لەسـەر داوای ئەو هـاتمەوە نـاو یەکێتـی جوتیـاران. کـاتێ ڕابەری بـزوتنەوەی ئیسـلامی بـوو لە هەڵەبـجە، ڕۆژێـك لەگەڵ ئەحمەدی خاڵۆ حاجی خالیدم دا سەردانمان کرد، فەرمـووی نـابێ بێنە بارەگای حیزب و مەکتەبی ڕابەر، چونکە میـوان لێمـان تێـك دەدات، دەبێنە بێن بۆ ماڵەکەی خۆم. ئەوە بوو چوین، زۆر بەگەرمی پێشوازی لـێ کـردین، بـاس و بەسـەرهاتی خۆشـمان گێـڕایەوە. بەڵام لەوێـش میـوانی لەشاری هەولێرەوە هات و کەشە ڕۆحییەکەیان لێ تێك داین.

مامۆستا مەلا عوسمان زانایەکی گەورەی ناوچەکە و تەوای کوردستان و عێـراقیش بـوو، کەسـێکی ئیمانـداری پـاك بـوو، بەداخەوە حیزبـایەتی خەریك بوو لێڵی بکات. ئەو بارودۆخەی هاتە ئاراوە ئەو هیچ پێی خـۆش نەبوو، حەزی بە شەڕی براکوژی و ناوخۆ نەدەکرد، خـۆی دەیـوت ئـێمە چەکمــان دژی جەور و ســتەمی حیزبــی بەعــس هەڵگرتــووە، نەك دژی خۆمان. خەفەتی زۆر بەو ڕووداوانەی ساڵانی نەوەدەکان دەخوارد، دڵنیـام ئەگەر فرسەتی گەڕانەوەی کات بۆ شوێنی خۆی بدرایە پێی، کە بەکەس نادرێـت، ئەوا دەگەڕایەوە بـۆ پـێش سـاڵی ١٩٨٧و ڕابـوونی ئیسـلامی بە شێوەیەکی تر ئاراستە دەکرد.

## * ساڵی چەند بوو وازت لە ڕێکخراوی یەکێتی جوتیاران هێناو هۆکارەکەی چی بوو؟

- مــن لە ســاڵی ٢٠٠٦دا وازم هێنــا، ئەوەش لە بەر نــادادپەروەری و

دەستوەردانی حیزبەکان بوو لە کاروباری جوتیاران. لەکاتی هەڵکەندی بیرە ئاوەکاندا سەرەمان دانابوو بۆ جوتیارەکان، حیزب دەهات ئەیوت مەیدەن بە فلان کەس و بیدەن بە فیسار کەس. منیش ئەوەم پێ قبوڵ نەکرا و نووسراوێکم ئاراستەی خاڵە نەجم کرد کە سەرۆکی یەکێتی جوتیاران بوو لە سلێمانی، قادر قەرەچوغی جێگری بوو، وتیان مامۆستا بۆچی واز دەهێنیت؟ زۆرمان پێ ناخۆشە. وتم سوپاسی هەڵوێستتان ئەکەم، بەڵام بەخوا بەم شێوەیە بۆم ناکرێت و لەتوانا و تاقەتی مندا نەماوە، بەو شێوازە دەستبەرداری جوتیاران بووم.

## * لەشەڕی ناوخۆدا ئێوە پشکی شێرتان بەرکەوتووە لە زەحمەت و ناخۆشی و کوڕ و کەسوکار شەهید بوون و هەڵکوتانە سەر و ئیهانە کردن، ئایا ئەمە بۆچی؟

- بەڵێ لەناوەڕاستی نەوەدەکان و لە ساڵەکانی (١٩٩٣ تا ١٩٩٨) بەهۆی بەرپابوونی شەڕی نەگریسی ناوخۆوە و بەهۆی پێگەی مێژوویی گوندی تەپی سەفا و بنەماڵەکەمان و خزمایەتیمان لەگەڵ هەر یەك لە شەهیدی سەرکردە شەوکەتی حاجی موشیر و حامیدی حاجی خالید، هەمیشە پشکی شێرمان بەر کەوتووە لە زینندانیکردن و زەرەر و زیانی مادی وگیانی. چوار جار لەلایەن هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە لە ناوچەی هەڵەبجە بە بیانووی نابەجێ پەلکێشی زیندان کراوم.

لە یەکێك لەو دەستبەسەرکردنانەدا کە حەمەی مام حاجی موشیرم لەگەڵدا گیرابوو، لەگەڵ چەند کەسێکی تری ئاوایەکانی تەپی سەفا و شیرمەڕ و کوڵکنی و هەروەها حاجی حەمەبۆری باوکی کاك فەلاح، ئەمانە بووین، لقی هەڵەبجەی پارتی کە عارف تەیفور بەرپرسی یەکەمیان بوو، بەفشاری چەند کۆنە جاشێك دەیانویست لە زێدی خۆمان دەرمان بکەن و دەست بگرن بەسەر ماڵ و موڵکماندا، بەو بیانووەی کە یەکێتی

موڵکی ئەوانی داگیرکردووە[1]. ئێمەش هاتینە سلێمانی بۆ لای بەرپرسانی یەکێتی، وتمان پارتی نیازی کارێکی وای هەیە لەگەڵماندا، ئەوانیش نەیاندەویست خۆیان بکەن بە خاوەنمان و هیچ ڕێگا چارەیان بۆ دانەناین. تا ئەوەی پێمان وتن ئەگەر لە زێدی خۆمان دەرمان بکەن ئەوا ئێمەش دێینە سلێمانی و کام خانووە خۆشە موڵکی پارتی بێت دەچینە ناوی و داگیری دەکەین.

کاتێ هاتینەوە بۆ لقی پارتی لە هەڵەبجە، وتمان ئێمە بەرپرسی بژاردنی زەرەر و زیانی ئێوە نین کە لێتان کەوتووە. خزمی ئێمە شەوکەت و حامیدە هیچ دەستیان لەو کارەدا نییە و نەبووە، ئەگەر موڵكو ماڵمان داگیر بکەن، ئەوا ئێمەش لە سلێمانی کە ژنو ماڵتان لەوێیە، دەچینە خانووەکانتانو ماڵو منالتان دەردەکەین.

کاك نوری حەمەعەلی لەوێ بوو، پیاوێکی زۆر باش و بە ماریفەتە، بارودۆخەکەی زۆر پێ ناخۆش بوو کە ئێمەیان گرتووە و ئیهانەمان دەکەن، وتی بە عارف تەیفور تاوانی ئەمان چییە دەیانگرن، ئەگەر لەکاردانەوەی ئێوەدا هەرچی بکەن مافی خۆیانە، بەو شێوەیە دەستیان لەو نیازە هەڵگرت کە خەریك بوو ئەنجامی بدەن.

وە لە هەمووی ناخۆشتر لە **١٩٩٤/٨/٢٥** داو لەئەنجامی ئەو شەڕە نەگریسەی ناوخۆوە، کوڕی گەورە و زۆر خۆشەویستم هێزی ئەژنۆ و ڕووناکی چاوانم (عەبدولڕەحمان) شەهید کرا، کە ئەمەش ئەوەندە کۆستێکی گەورە بوو بۆ خۆم و بنەماڵە و خێزانەکەم، تا ئێستاش کە

---

(١) ئەو موڵکانە بریتی بوون لە چەند هەمبارێکی گەورە کە بۆ گەنجینەکردنی دەغڵودان یان شوێنی بەخێوکردنی پەلەوەر وابوو، کە بە چینکۆ سەری گیرابوو، موڵکو ماڵی حەمەخانی حاجی دارا بوو، ناوبراو چەکداری پارتی بوو، لەکاتی شەڕی ناوخۆدا بەرپرسێکی یەکێتی بیناکانی ڕوخاندبوو، وە چینکۆکانی ئاودیوی ئێران کردبوو، پارتییەکانی هەڵەبجەش دەیانویست ئەو چەند کەسە قەرەبوویان بۆ بکەنەوە، کە نە خۆیان و نە خزمە بەرپرسەکانیان دەستیان لەو شڕە خۆرییەدا نەبووە.

ساڵی(٢٠٢٠)ە چارەکە سەدەیەك تێپەڕیوە بە سەریدا پێمانەوە دیارە.

ژیاننامەی شەهید عەبدولڕەحمانی مەلا تایەر یاروەیسی(١)

(١) زۆر جار کە لە گوندی گۆمەلارەوە تێپەڕ دەبم بەتایبەت لە وەرزەکانی بەهار و پایزدا سەرێك لە گۆڕستانی شێخ جونەید دەدەم و لەنزیکەوە لەگەڵ ڕۆحیانەتی پاکو بێگەردیدا وتوویژ دەکەم. شریتێك یادەوەری بەبەرچاومدا تێپەڕ دەبن کە ئەو کاراکتەری سەرەکییان بووە. جارێکیان هاتە خەوم پرسیاری ئەو ڕۆژەم لێ کرد کە تیایدا شەهید بوو، لە سەرەتاوە بۆی گێڕامەوە تا گەیشت بەو شوێنەی کە تیایدا پێکرابوو، لەوێدا خەوەکە وەکو فیلمێك کۆتایی هات، دڵنیا بووم خەوێکی ڕاستەقینەبوو .

کاتێ باوکم شەهید بوو من هیشتا نەچووبوومە قوتابخانە و ئازاری لەدەستدانی باوکم نەدەزانی، هەربۆیە بڕوا ناکەم فرمێسکێکم بۆ ڕشتبێت، بەڵام هەرچیم دەکرد بۆ ئەو ژێر نەدەبوومەوە و سوکناییم بۆ نەدەهات. ئەو دەریایەك بوو لە سەلیقە و ژیری و خزمدۆستی و وەفا و خۆشەویستی، چرا و گڵۆپ و ڕووناکی بنەماڵە و عەشرەتێك بوو. شێرێك بوو زەوی لە ژێر پێیدا دەلەرزی. ئەو هەر بە منالی گەورە بوو، وە زیاتر گەورە دەبوو. هەر بە بۆنەی غیرەت و وەفا و دڵسۆزی و خزمایەتییەوە بوو دای لە شەقەی باڵ و بەرەو پیریی مەرگ ڕۆیشت. دوای ساڵێکیش بڕوام نەدەکرد ئەو شەهید بووە و لە جیهانی بینراوەوە کۆچی کردووە بۆ جیهانی بەرزەخ. ئاخر ئەو ڕۆژەی ئەو بە پیریی مەرگەوە ڕۆیشت من تازە لە واجب هاتبومەوە و هەواڵی ناوچەکەی لەمن دەپرسی، نەمزانی وەکو بروسکە دەریاچە و دۆڵ و بەرزاییەکانی نەورۆڵی و هەسەن ئاوا دەبڕێت و خۆی دەگەیەنێت بە هەڵەبجە. ئای لەو ئێوارەیەی جەنازەی ئەویان بردەوە بەردەستی پورم و خاڵۆم، ئەوان بێ ئاگا لەوەی کوڕیان لەناو شەڕدا بێت و چەند کیلۆمەترێکی کەم لێیانەوە دوور بێت. ئەوان بە بۆنەی تۆپبارانەوە تەپی سەفایان بەجێ هیشتبوو لە گوندی خێڵی حەمەدانیشبوون. کاتێ جەنازەی کوڕ دەچێتەوە بەردەستیان وەکو لەسەربانێکی بەرزەوە بیانخەیتە خوارەوە وابوو، بڕوایان نەدەکرد ! خوایە گیان ئەوانەی بوون بەمایەی شەڕی براکوژی خێر لەخۆیان نەبینن، چەندین منالیان هەتیوخست، چەندین ژنیان ڕەشپۆش و بێوەژن کرد. وڵاتیان کوێر کردەوە و سەرووەت و سامانیان بەهەدەردا، دواتریش وتیان بێ تاوانین.

ئەو ڕۆژە ڕەشابەی تەمو تەمەلول و غەم و پەژارەو کوشت و بڕین ئاسمانی شارەزووری داپۆشیبوو، هەموو ڕۆژێك چرای چەند ماڵێك دەکوژایەوە.

لە ١٩٩٤/٨/٢٥ پاڵەوانێکی مێرخاس، شێرێکی نەڕ، هەڵۆیەکی چاو بەگڕ، بەبێ خواحافیزی لە دایك و باوك و برا و خوشك و بنەماڵە و بەبێ لە ئامێزگرتنی خێزان و دوو کوڕ و کچەکەی، کۆچی ماڵئاوایی دەکات و دوا هەناسەی لە هەڵەبجە دەسپێرێت بە فریشتەی مەرگ. ئەو ڕۆژە ئاسمانی شارەزوور ئەوەندەی تر تەماوی بوو، باڵندەکان بەرەو گۆڕستانی شێخ جونەید دایان لە شەقەی باڵ و لە پێشوازی ڕۆحێکی سپیدا بوون. هەورامان زەرد هەڵگەڕا و سورێن جارێکی تر برینی کولایەوە. ئاهونزولەی

←

عەبدولرەحمان کوڕی گەورەی مەلا تایەر حاجی عوسمان یاروەیسی، لە ساڵی **١٩٦٦** لە گوندی تەپی سەفا لە خێزانێکی تێکۆشەر و خانەدان لەدایك بووە. خوێندنی سەرەتایی لە گوندەکەی خۆیان تەواو کردووە و پاشان تا دووی ناوەندی دەخوێنێت و دەستی لێ هەڵدەگرێت.

شەهید عەبدولرەحمان لەبەر ئەوەی خوشکەزای شەهید هاوار و ئامۆزای شەهید شەوکەتی حاجی موشیر بووە و هەموو کەسوکار و زۆرێك لەخەڵکی گوندەکەشی پێشمەرگە بوون، ئەوا هەستی کوردایەتی لە تەمەنی مێردمناڵیەوە کڵپەی سەندووە و کەوتووەتە خزمەت کردن بە پێشمەرگە و شۆڕش.

لە تەمەنی **١٦**ساڵییەوە پەیوەندی کردووە بە ڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە. لە ساڵی **١٩٨٧** و لە کاتی ڕاپەڕینەکەی ناوچەی شارەزوور و سەیدسادق و هەڵەبجە و هەورامانـدا چەکی پێشمەرگایەتی دەکاتە شان و لای کاك شەوکەتی حاجی موشیر دەبێت بە پێشمەرگە. وە ماڵ و مناڵ و کەسوکاری ئاوارەی ئێران دەبن. لە ڕاپەڕینەکەی ساڵی **١٩٩١** دا بەشداری بەرچاوی هەبوو لە پاککردنەوەی مۆڵگەکانی ڕژێم لە ناوچەی شارەزووردا.

لە ڕۆژی **١٩٩٤/٨/٢٥**دا و لەو کاتەی هێزەکانی یەکێتی ویستیان شاری هەڵەبجە بخەنەوە ژێر ڕکێفی خۆیان، لەو شارەدا شەهید دەبێت و دەچێتە کاروانی نەمرانەوە. شەهید باوکی دوو کوڕو کچێکە بە ناوەکانی (کامەران، کارزان، بەنان).

---

پورم گەیشتە ئاسمان و فریشتەکانیش هاوبەشی غەم و پەژارە و دڵی برینداری ئەو بوون. (سەرحەد یونس محەمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە/٣٥٣-٣٥٤).

## * لە دوای ڕاپەڕین‌و هاتنە خوارەوەی حیزبە کوردییەکان بۆ ناو شارەکان‌و حوکمڕانی کورد، بۆچی نەتوانرا ئیدارەیەی باش و حکومەتێکی یەکگرتوو دروست بکرێت؟

- لە ڕاستیدا شۆڕشی کورد بەبێ بەرنامە هاتنە خوارەوە، هەر بە نەفەسی شاخ کاریان دەکرد، ڕابردوویان لەبیری خۆیان نەبردەوە و بەرژەوەندی کەسیی خۆیان خستە پێش بەرژەوەندی باڵای میللەت. لەیەکەم ڕۆژەوە لە بری پاراستنی کەلوپەل و دام و دەزگاکانی حکومەت و مۆزە و شوێنە گەشتیارییەکان، کەوتنە داگیرکردن و فرۆشتنی هەموو ئەو شتانە. گسکیان لە وڵات داو بەرەیان لە ژێر پێی میللەت دەرهێنا. هەرلایەك کەوتە لستنەوەی پاش ماوەی بەعس و دواتریش گرتنەخۆی جاش و ئەمن و پیاوخراپەکانی ئەو حیزبە، دۆ و دۆشاویان تێکەڵ کرد، بێ سەروبەری دروست بوو، فەوزا و ئاژاوە و دیاردەی چەکداری و دزی و ڕاوڕووت بەدوایدا هات، هەموو ئەمانە بە سەدان فەیلەسوفییش چارەسەر نەدەکرا. ئیتر چۆن حکومەت و ئیدارەیەکی سەرکەوتوو لە وەها دۆخێکی شڵەژاو دروست دەبێت!

لە بیرمە ساڵی ١٩٩١ لە دوای ڕاپەڕین هاتبووینەوە بۆ گوندی تەپی سەفا، لەسەر زەوییەکانی خۆمان لەبەردەم چەمی بوزانەدا کەپرمان بەستبوو، ئاوایی چۆڵ بوو، دنیا بێشە و زەمەنێك پڕ بوو لە بەراز. ئێمەش کشتوکاڵمان کردبوو، ڕۆژێك چوومە سەر جادەی قیر بۆ ئەوەی بچم بۆ خورماڵ یان سەیدسادق هەندێ پێداویستی و خۆراك بکڕم بۆ ماڵی خۆمان. ئیڤایەکم بینی لە دوورەوە هات دای بەلامدا و ماوەیەك ڕۆشت دواتر وەستا و بە بەگ گەڕایەوە بۆ لام، تەماشام کرد هاوڕێی دێرینم کاك حەمەی ڕەمەزانە خەڵکی گوندی تەپەکوڕەیە.

ناوبراو پێشمەرگەی ئەیلوول و گوڵانیش بوو، ئەویش وەکو پێشمەرگە و فەرماندەکانی حیزبەکان ئیڤایەکی بۆ خۆی گرتبوو، نێوانمان خۆش بوو،

چونکە لە ساڵانی پەنجاکان ئەو کاتەی قوتابی مامۆستا مەلا مارف بووم ئەویش ئەهات بۆ تەپی سەفا وانەم بەو دەوتەوە. ساڵانی شەستەکانیش لە ڕێکخراوەکەی خۆمدا پێکەوە کارمان دەکرد، دابەزی وتی سڵاو مامۆستای دیموکرات چۆنیت؟

ئەملاولای یەکترمان ماچ کرد و کەوتینە هەواڵپرسینی یەکتر. وتی بۆ کوێ دەڕۆیت با بتگەیەنم؟ وتم لەگەڵ تۆ نایەم برۆ بەلای کاری خۆتەوە. من چاوەڕێ دەکەم ماشێن بۆ سەیدیادق یان خورماڵ هەرکامیان هەبوو دەچم بۆ ئەوێ. وتی باشە چۆنت پێ خۆشە وا بکە.

پرسیاری کرد وتی: ئەم بارودۆخە چۆن دەبینیت؟ ئایا جێگای دڵخۆشییە یان هەر ناتەوێت دانی خێرمان پێدا بنێیت؟ منیش کێشام بە پێشی ماشێنەکەیدا و وتم ( من این لك هذا)؟ دەستی کرد بە پێکەنین وتی منیش ئەم ئیڤایەم دەست کەوتووە لە کەلوپەلە سەربازییە بەجێماوەکانی حیزبی بەعسە، هەرچۆن بێت کاری خۆمی پێ ڕاییی دەکەم.

منیش لەو کاتەدا ئەم شیعرەم بۆ هات وتم حەمە گیان:

بە دیموکراتی ڕەنگم سوور ئەبێ
خوا بکا پڵنگ و ورچم لێ دوور بێ
گورگ هات و مەڕی شوانێکی فڕاند
قەدری شوانەکەی بە جارێ شکاند
شوان ئەبێ سەگی گوڕگ فڕێنی بێ
خۆیشی گاڵۆکی سەرشکێنی بێ
من أين لك هذا
چۆن پێگەیشتی بە گورج و خێرا
هەرکەس هەڵئەسێ نیشتمان پەروەرە
فرسەتی هێنا بەشی خۆبەرە

حەمە دەستی کرد بە پێکەنین وتی تۆبە، ئیتر لە هەر شوێن بتبینم ناوەستم، بەڵام پێم بڵێ مەبەستت لە پڵنگ و ورچ چی بوو لەم هۆنراوەیەدا؟ وتم یەکێتی پڵنگە و پارتی ورچ، هەردووکیان گۆشتخۆر و چڕنوکدارن. بەڵام جیاوازییان ئەوەیە کاتێ پڵنگ نێچیرەکەی دەگرێت خۆی تێری لێ دەخوات و دواتر پاشماوەکەی بەجێی دەهێڵێت بۆ ئەوانی دیکە. بەڵام ورچ کاتێ تێری خوارد ئەوەی لێێ دەمێنێتەوە دەبات بۆ ناو کونێك و بەردێکی گەروە دەخاتە بەردەم کونەکە بۆ ئەوەی کەس سودی لێ نەبینێت. وتی بە فەخری عالەم ڕاست ئەفەرموویت و خواحافیزی کرد.

## * مام جەلال لە ساڵی ٢٠٠٩ دا جارێکی تر هاتەوە بۆ تەپی سەفا، مەبەستی سەردانەکەی چی بوو؟

- هاتنی ئەمجارەی مام جەلال بۆ تەپی سەفا لە ساڵی ٢٠٠٩دا جیاواز بوو لەو سەردانەی تری کە لە ساڵی ١٩٦١دا ئەنجامی دابوو، ئەوەی پێشوو سەردەمی شۆڕش و پێشمەرگایەتی شاخ بوو، ئەمەی دواییان سەردەمی هەڵبژاردن و حومکڕانی و ژیانی شار بوو.

مام جەلال ئەمجارەی دواییان وەکو سەرۆکی کۆماری عێراق و پێگەیەکی گەورە و گرنگ سەردانی کردین، کە ئەوەش بووە مایەی شانازی بۆ گوندەکەمان، چونکە لەو کاتەدا تەنها گوند بووین کە سەرۆك کۆمار لەکاتی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردندا سەردانی کردبێت. ئەو زۆربەی شار و شارۆچکەکانی بەسەر دەکردەوە و کۆڕ و کۆبوونەوەی گەورەی لەگەڵ جەماوەر ساز دەکرد، ئەوەش بە مەبەستی کۆکردنەوەی دەنگ بوو بۆ لیستی هاوبەشی پارتی و یەکێتی و دەنگدان بوو بۆ کاك مەسعود بارزانی کاندیدی سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

پارتی و یەکێتی بە تەوافوق هەردوو پۆستی سەرۆکی هەرێم و سەرۆك کۆماری عێراقیان لە نێوان خۆیاندا بەش کردبوو. مام جەلال کرا بە

سـەرۆکی کۆمـاری عێـراق کە پشـکی کـورد بـوو. ئەم پۆسـتە سیادی و تەشـــریفاتی بـــوو، لە لایەن پەرلەمـــانی عێـــراقەوە بە زۆریـــنەی دەنـــگ هەڵدەبژێردرا.

دەبوایە لە هەرێمی کوردستانیش دەنگی پێویست کۆبکرێتەوە بۆ کـاك مەسعود بارزانی تاوەکو بەسەر ڕکابەرەکەیدا[1] سـەر بکەوێـت و ببێـت بە سـەرۆکی هەڵبژێـرراوی هەرێمـی کوردسـتان، کە ڕاسـتەوخۆ لە لایەن گەلەوە دەنگـی پـێ دەدرا، نەوەك پەرلەمـان، کە بـۆ خولەکـانی دواتـر بوویەوە بە دەنگی پەرلەمان. وەکو ئەوەی لەساڵی ٢٠١٩دا نێچیرڤان بارزانی بە دەنگی پەرلەمان بوو بە سەرۆکی هەرێم و لە جێگاکەی مامی دانیشت.

مام جەلال لە پێشمەرگەوە بـوو بە سـەرۆك کۆمـاری عێـراق، خەڵکـی گوندی تەپـی سـەفا هێشـتا نەگەیشـتبوون بە مـافە سـەرەتاییەکانی خۆیـان. کاتێك کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران لە سـاڵی ١٩٧٩ دروسـت بـوو، لە سـاڵی ١٩٨٠دا جەنگێکـی تـاقەت پڕوکێنـی گەورەی تـوش بـوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژ لە دوای ڕۆش پایەکانی دەوڵەتی پتەوتـر دەکـرد و بـوو بەو دەوڵەتە ئیقلیمیـیە بە هێـزەی کە دەوڵەتـانی زلهێـز بەبـێ ئەو نەتـوانن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەست بە ئاودا بکەن و پرسی پێ نەکەن.

لەم گەشتەی مام جەلال دا بۆ هەردوو گوندی تەپی سەفا، ڕاوێژکاری یەکەمی خۆی لەگەڵـدا بـوو، کە ئەویـش ئـارام کـوڕی گەورەی شـەهید شەوکەتی حاجی موشیر بوو.

شانازییە بـۆ تەپـی سـەفاییەکان کە سـەرۆك کۆمـار تەشـریفی هێنـاوەتە ناویـــان و لە نـــزیکەوە گـــوێی لە داخوازییەکانیـــان گرتـــووە و بەڵێنـــی جێبەجێکردنی داواکارییەکانی پێـداون، کە ئەویـش قیرتـاوکردنی ڕێگـای سەرەکی گوند و بەستنەوەی بوو بە جادەی هەڵەبـجە- سەیدسـادقەوە و لە

(١) ڕکابەری سـەرۆکایەتی هەرێمـی کوردسـتان دکتـۆر کەمـال میراودەلـی بـوو، کە کاندیدێکی سەربەخۆ بوو، بەڵام نەیتوانی دەنگی پێویست بە دەسـت بهێنێـت، هەربـۆیە سەرۆکایەتی بۆ کاك مەسعود یەکلایی بوویەوە.

لایەکی تریشەوە بەستنەوەی چەند گونـدێکی هەردوو نـاحیەی سـیروان و خورماڵ بـوو پـێکەوە، لەگەڵ دروسـتکردنی قوتابخـانەیەکی دوازدە پـۆلی گەورە لە نێوەندی هەردوو گوندەکەدا.

هەروەهـا ئـێمە وەکـو خزمـان و هۆزەکەمـان و خەڵکـی هەردوو گونـدەکەش شـانازی بەوەوە دەکەیـن کە ڕاوێژکـاری یەکەمـی سـەرۆك کۆمار لە کەسوکاری خۆمان و خەڵکی گوندەکەش بوو، کە یاوەری مام جەلال بوو لەم گەشتەیدا، کە هیچی کەمتـر نەبـوو لە وەزیرێکـی سـیادی عێراقیی، چونکە ئارامی شەهید شەوکەت لینکی پەیوەندی هاوپەیمانەکـان بوو لەگەڵ مام جەلالدا و لەگەڵ سـەرۆك دا سـەردانی ڕێکخـراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و سەرۆکایەتی ئەمەریکا و بەریتانیـا و ئیتالیـا و فەرەنسـای کردووە، ئەمە جگە لەوەی کە چـاوی کەوتـووە بە زۆرێـك لە سـەرۆك و وەزیر و سەفیر و کونسوڵی وڵاتە زلهێـز و خـاوەن پێگەکـان و لەگەڵیانـدا کۆبووەتەوە.

# بەشی حەوتەم

## باس و بەسەرهاتەکانی جاف و کۆچ و ڕەوی گەرمیان و کوێستان لە پێش نیشتەجێبوونیاندا

*** جافەکان کێن و چەند تیرە و هۆزن و ئەو ناوەش لە چییەوە هاتووە؟**

- جاف عێل یان عەشیرەتێکی گەورەی کوردە بە هەرسێ بەشی جوانرۆ و مورادیو گۆرانیەوە، کە لە هەردوو بەشی کوردستانی رۆژهەڵات و باشووردا لە مێژەوە گەرمیان و کوێستانیان کردووە و کۆچەری بوون و بە ژیانی ئاژەڵدارییەوە سەرقاڵ بوون. تا ئەوەی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا دەستیان کرد بە نیشتەجێ بوون، یان نیشتەجێ کران، کە دواتر لە مەملەکەتێکی فراوانی هەردوو دیوی کوردستاندا شێوازی ژیانیان گۆڕا و دەستیان کرد بە زەوی کێڵان و کشتوکاڵ کردن.

جافی جوانڕۆ لەم هۆزانە پێك هاتوون:( ڕۆستەم بەگی، قوبادی و باوەجانی و کەڵئاشی، ئێناخی و ئیمامی و ساتیاری و زەردۆیی و وەڵەدبەگی)، لەگەڵ جافی گۆران کە پێك هاتوون لە هۆزەکانی (تایشەیی، قادرمیروەیسی، نێرژیی) ئەمانە هەموو دەکەونە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە.

جافی مورادی و جافەڕەشکە لە زەمەنی سوڵتان موردای عوسمانیدا کەوتوونەتە قەڵەمڕەی ئەم ئیمپراتۆرییەتە گەورەیە و ناوی جافی مورادییان بەسەردا بڕاوە، کە دەیان هۆز و تیرەن و لە ئێستادا کە ساڵی(٢٠٢٠)ە لق و پەلی زۆریان لێ بووەتەوە و ژمارەیان زیاتر بووە.

ئەمانە هەرچەندە بە جافی مورادی ناسراون، بەڵام تا سەرەتای سییەکانی سەدەی ڕابوردوو، بەردەوام هاوینانیان لە کوێستانەکانی خۆیاندا بەسەر بردووە کە دەکەوێتە نێوان شارەکانی مەریوان و بانە و سەقز و خاکی دەوڵەتی ئێران بووە.

ڕۆژهەڵاتناسەکان کە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و لێکۆڵینەوەی مێژوویی

و هەندێکیان بۆ سیخوڕی وڵاتەکانیان هاتبوونە کوردستان، زانیاری زۆریان لەسەر عێلی جاف کۆ کردووەتەوە. لەوانە مستەر ڕیچ کە لەساڵی ١٨٢٠ دا گەشتی بە کوردستانی گەورەدا کردووە و لایداوەتە لای ڕەشماڵنشینەکانی جاف لە مەریوان و چاوی کەوتووە بە کەیخوسرەوبەگی سەرۆك و سەردارییان.

هەروەها ناوبراو زۆر ستایشی عێلی جاف دەکات و دەڵێت: سوارەکانیان مەزەندە دەکرێت بە دوو هەزار سوار و پیادەکانیشیان بە چوار هەزار شەڕکەر. وە دەڵێت ئەمانە لە باشترین جەنگاوەرەکانی کورد بوون.

هەروەها پەسنی ئەسپەکەی کەیخوسرەو بەگ دەکات و بە باشترین ئەسپی دادەنێت کە لە ژیانیدا بینیبێتی.

جاف سەرەڕای ئەوەی عێلێکی یەکگرتووی کوردن، بەڵام سەربەخۆیی خۆیان لە بڕیاردا لەدەست نەداوە و چارەنووسی خۆیان لەلایەن خۆیانەوە بڕیاری لەسەر دراوە. واتە وەکو میرنشینێکی گەڕۆکی کورد تەماشا کراوە و هەندێك کات گەیشتوونەتە ترۆپکی هێز و هەندێك کاتی تریش کەمێك لاواز دەرکەوتوون و میرنشینە کوردەکان ویستوویانە بیانخەنە ژێر ڕکیفی خۆیان و دەستەمۆیان بکەن، بەڵام خۆیان نەداوە بە دەستەوە و لە زەوی فراوانی خوادا[1] کۆچ و ڕەویان کردووە و سەربەخۆیی شێوازی ژیانی خۆیان پاراستووە.

لەگەڵ ئەوەشدا هەرکات میرنشینی بابان پێویستی بە هێزی چەکدار هەبوایە جاف بە هەزار سوار و لەو ژمارەیە زیاتر هێزی پیادە هاوکاریی حکومەتی ئەو میرنشینە کوردییەیان کردووە و خۆیان لە بەرپرسیارێتی ئەرکی نیشتمانی و نەدزیوەتەوە و دڵسۆز بوون بۆ خاکی باو باپیرانیان.

---

(١) خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێت (أَلَمْ تَكُنْ أَرْضُ اللَّهِ وَاسِعَةً فَتهاجِرُوا فِيها) سورەتی النساء ایە/ ٩٤ مەبەست لێی ئەوەیە: ئایا زەوی خوا فراوان نەبوو تا بڵاو ببنەوە و کۆچی تێدا بکەن تا زوڵم و زۆرداری کەس قبوڵ نەکەن؟.

ناوی جاف دەگەڕێتەوە بۆ چەند بۆچوونێك لەوانە جەفاکێش، واتە مەینەتکێش بوون بەدەست میر و فەرمانڕەواکانەوە و دواتر ئەو وشەیە بوو بە جەفا و لەویشەوە گۆڕاوە بە جاف.

بۆچونێکی تر پێی وایە ناوی باپیرە گەورەی جاف ناوی جافر بووە و دواتر گۆڕاوە بە جاف. بۆچونێکی تر لای وایە ئەم عێلە پاشماوەی سوارەی جەفایین کە هەڵبژاردەی سوپای شا حسێن سەفەوی بوون کە شاری ئەسفەهانیان پاراستووە لە دز و جەردە و ڕێگر و تاڵانچیی.

مامۆستا و زانای کورد مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕیسیش پێی وایە کە ناوی جاف لە وشەی (ژاف)ەوە هاتووە کە مانای تەڕو تەرچك دێت، چونکە جافەکان بەدوای گژوگیای تەڕ و کاڵدا گەڕاون بۆ ئاژەڵەکانیان.

سەرۆك و سەردارەکانی جاف ئەم پیاوانە بوون: یارئەحمەد بەگ و کوڕەکانی (زاهیر بەگ، تاهیر بەگ، میرەبەگ و خانەبەگ).

بەگزادەی کەیخوسرەوبەگی و بارام بەگی نەوەی زاهیر بەگن، بەگزادەکانی وەڵەدبەگی نەوەی خانەبەگن.

زاهیر بەگ خۆی و کوڕ و نەوەکانی تا زەمەنی نیشتەجێ بوونی جافی مورادی سەرۆکایەتی ئەم عێلەیان گرتووەتە دەست. عەبدوڵا بەگ کوڕی زاهیر بەگ- قادر بەگ کوڕی عەبدوڵا بەگ- دواتر (سلێمان بەگ، کەیخوسرەو بەگی کوڕی، حەمەپاشای جاف کوڕی کەیخوسرەو بەگ، مەحمود پاشای جاف کوڕی حەمە پاشا، کەریم بەگی فەتاح بەگی حەمەپاشای جاف).

هۆزو تیرەکانی جاف بریتین لە میکائیلی کە کورت کراوەتەوە بۆ مکایەڵی، لە ڕووی ژمارەوە گەورەترین عەشیرەتی جافی مورادییە و لە چوار بەش پێك دێن، ئەوانیش حەمەعەلی وەیسی، ڕەش و بۆری، شوانکارە، ئالی بەگی، کە حەسەنی حاجی قادر سەرۆکایەتی کردوون و دوای خۆیشی ڕۆستەمی کوڕی و دوای ئەویش حاجی حەمەتالیب و دواتر حاجی جەزای کوڕی تا گەیشت بە دەستی دیاری حاجی جەزا،

لەم سەردەمەدا.

دوای ئەوان هۆزی هاروونی دێت کە ئەمانیش چوار تیرەن: سەلیمی، نادرشایی، قارەمانی، خولامی، کە عەلی حەمەئەمینی سەلیم کە لەساڵی ١٩٦٠ دا کۆچی دوایی کردووە سەرۆکایەتی کردوون، دواتر حاجی مەحمودی هاروونی بووە بە دەمڕاست و برا گەورەیان و دواتریش سەرۆکایەتی ئەو عەشیرەتە کەوتووەتە دەستی کاك محەمەدی حاجی مەحمودی پونگڵە.

دوای هاروونی عەشیرەتی ڕۆغزایی دێت کە ئەمانیش دەبن بە چوار تیرە زیاترەوە، لەوانە تیرەی حەمەجان و سەرحەد و ڕۆغزاد و ئیسماعیل و وەیس وەیس، لالە سەرحەدی خەلیفە یونس گەورە و سەرداریانە.

دوای ئەوانیش عەشیرەتی گڵاڵی دێت کە ئەمانیش دەبن بەچەند تیرە و هۆزێکەوە لەوانە: خدرووەیسی و بۆرە و پشدەری و کەرەم وەندی و سەرکەچ و سەرکەوەن و لورتەیی کە مارف ئاغای گڵاڵی گەورە و سەرۆکیانە.

لە شارەزوور و گەرمیان و لەناوچەی پشدەر و هەولێریش خەڵکی ناوداریان هەیە.

لە دوای گڵاڵی عەشیرەتی شاتری دێت کە ئەمانیش چەندین بەش و تیرەن لەوانە: برایمی، وردە شاتری، میروەیسی، یوسفجانی.

دواتر عەشیرەتی تەرخانی دێت و بەدوای ئەمانیشدا جافەڕەشکەی تەلان و هەروەها نەورۆڵی (بەشی پارچە- بەشی حەمە) و شەمێرانی(خاڵە- مامەشەیی- بەگزادە) و وەڵی و کەماڵەیی و عیسایی و بەیداخی و عەمەڵە(جانباز- ئاغاوەیسی- حەمە) و سەیانی و باشکی و شێخ سمایلی و میراولی و سۆفی وەند و یارەویسی و نەژوێنی و مەسۆیی و تیلەکۆ و پشتماڵە(کەیخەسرەوبەگی- بارام بەگی- وەڵەوبەگی) و سمایل عوزێری (قەرەوەیسی- میرئالایی- گۆمەیی- سمایل عوزێری) و تاوگۆزی و زەردۆیی و هۆزی باوا و چنگنی....هتد.

*** ئێوە کە لە زەمەنی نیشتەجێبوونی جافدا لەدایك بوون، ئەم هەموو زانیارییە چییە دەربارەی جاف هەتانە، ئەڵێی بست بەبستی گەرمیان و کوێستان لەگەڵیاندا بوویت، ئەم زانیارییانەت لەکوێوە هێناوە و کێ بۆی باس کردوویت؟**

- خۆت ئەزانی باوکم (حاجی عوسمان) کە دەکاتە باپیری تۆ[1]، چەند ساڵێك لە خزمەتیدا ژیاویت، چ قاموسێکی گەورە بوو، ورد و درشتی ڕووداوەکانی ژیانی خۆی لەبەر بوو، کۆڕ و مەجلیسەکانی بەو باسانە گەرم دەکرد. میوان لە شار و شارۆچکەکانەوە دەهاتن بۆ لای بۆ گوێگرتن لە قسەو باسە خۆشەکانی، یان ئەم دەچوو بۆ بەغدا بۆ ماڵی حەسەن بەگی جاف، یان ئەو دەهات بۆ ئێرە. هەرکات دەچوو بۆ بەغدا لەوێ گەورە و ئەشرافەکانی شار لە دەوری جەم دەبوون، نەیاندەهێشت بێتەوە بۆ ماڵ.

شێوازی هەڵگرتن و پاراستنی مێژوو لە ناو جافدا دەماودەم بووە و نەخراوەتە سەر کاغەز، چونکە کۆچەری بوون و زۆربەی عێلەکە نەخوێندەوار بوون، کەسانێکی کەم لەوان میرزاو خوێندەوار بوون، ئەوانیش زانیارییەکانی خۆیان لە کەشکۆڵ و بەیازدا تۆمار دەکرد، بە تێپەڕبوونی کات و بارکردن و وارگە گۆڕین و کۆچکردن لە گەرمیانەوە بۆ کوێستان و بە پێچەوانەوە، زۆرێك لەو دەستنووسانەش لەناو چوون و بە چاپ نەگەیشتن. هەر بۆیە بۆ شێوازی گێڕانەوە و هەڵگرتنی ئەو زانیارییانە پشت بە توانای مێشك بەستراوە.

باوکم و مامەم لەو بوارەدا زۆر زیرەك و بەتوانا بوون، ورد و درشتی ڕووداوەکانیان لەبەر بوو. منیش بە ڕاست و دروستی و بە بێ زیادکردن و

---

(١) مەبەستی نووسەرە.

کەم کردنەوەی وەکو خۆی لەوانم وەر گرتوون، وە کۆتا کەسی ئەم بنەماڵە و هۆزەشم کە ئەم زانیاریانەی لا مابێت. ئەگەر ئێوە نەیخەنە سەر کاغەز، ئەوا نزیك بووەتەوە لە فەوتان و تیاچوون، چونکە لەکۆتاییەکانی تەمەندام و مردنیش شەرمی لەکەس نییە لە ناکاو پەیدا دەبێت.

وەکو وتم زۆربەی زانیارییەکانم لە باوکم و مامەم حاجی هەیەر کە خوێندەوارێك و فارسی زانێکی بلیمەت بوو، لەوانم وەرگرتووە. وە خۆشم زاکیرەیەکی باشم هەیە، هەرچیم وەرگرتبێت بیرم نەچووەتەوە و تا ئێستا کە لە سەرووی هەشتا ساڵەوەم وەکو خۆی لەبیرم ماون و تەنانەت ناوی یەکە یەکەی کەسەکانیشم لەزەیندا ماوە و ئەو شیعرانەش کاتی خۆی لەبەرم کردوون دوای شەست حەفتا ساڵ هەمووی وەکو خۆی دەخەمەوە سەر کاغەز یان بۆتی دەخوێنمەوە.

من لە توانای مێشك و وەرگرتن و لەبیرنەچووەدا لە باوکی ڕەحمەتیم دەچم، ئەو هێندە زیرەك بوو هەر باسێکی یەك جار ببیستایە تا کۆتایی تەمەنی بیری نەدەچوویەوە. جارێکیان لە مزگەوتی خۆمان، لەلای فەقێکاندا دانیشتبوو، مامۆستا سەید نەجمەدین تەها باسی میراسی بۆ دەکردن و ئەو وانەیەی بۆ شی دەکردنەوە، دوای هەفتەیەك باوکم دێتەوە بۆ لایان و ئەڵێ مامۆستا تۆ وەڵام مەدەرەوە با من پرسیارێکی میرات لەم قوتابیانەت بکەم، کاتێ پرسیاری لێ کردوون، کەسیان وەڵامەکەیان نەزانیوە، باوکم وەکو مامۆستا چۆن پێشتر سێ هەفتە پێی وتبوون ئاوا بۆی ڕاڤە کردوونەتەوە. مامۆستا سەید نەجمەدین فەرمووی دەی پوکاڵاوتان بێت، هەفتەی پێشوو من ئەم وانەم پێ وتن، ئەو بۆچی لەبەری کرد و ئێوە بۆچی نەتانزانی؟

ساڵی(٢٠٠٩) مامۆستا جەمالی حاجی جەبار کە شاعیرێکی بە توانایە و نازناوی (ئاکام)ی بۆ خۆی هەڵبژاردوە، هۆنراوەیەکی خۆی بۆ خوێندمەوە، خێرا لەبەرم کرد. ساڵی پار (٢٠١٩) لە ماڵی خۆیان هەمان هۆنراوەم بۆ خوێندەوە، وتی ماشەڵا مامۆستا باوەڕ بکە خۆم لەبەرم نەکردووە و لەسەر

کـاغەز نووسـیومە و پاراسـتوومە، تـۆ چـۆن توانیـت لەبەری بکەیـت و بیپارێزیـت؟ ئەمەش هـۆنراوەکەی مامۆسـتا جەمـالە کە پـڕ بە پێسـتی ئەم ڕۆژگارە پڕ فەساد و ئاڵۆزەیە:

(زەنگی زەمەن)

سـەردەمی زێـڕین بەتیشکـــــی خــۆری
تاریکـــــی جەهلـــی جیهانـــی گــۆڕی
سروشـــــت و مـــرۆڤ دەستەملان بـوون
بە نیگـای ڕەوا ئاوێتـــــــەی ژوان بـــوون
لــوتکەی هـــــەرەمی خوداپـــەرستـــی
بڕستـــــی بـڕی لە جـــەهل و سستـــی
بە هەڵمی گەرمــی سرووشـی خـوا گیـان
بارتەقای یـــەك بـوون زەمـین و وئاسمـان
دڵان ئاوێنـــــــەی ڕوون و بـێگەرد بـــوو
مانـگ بە ئامـاژەی ئـازیز دووکەرت بـوو!
سرووشـت هاودەنـگ بـوو لەگەڵ ئـادەمی
هەمـوو بەئاگـــــای زەنگـی خاتەمـــــــی
عەهـــــدی خولەفـایش هەر بەو تیشـکەوە
دار بـــەری ئەگرت هەر بـــەو ڕیشـکەوە
ئـومەرایش هـاتن نـاخیش هەر پـــاك بـوو
خـولقی ئـادەمی ئەو دەمەیـش چـاك بـوو
کە پاشایش هاتن بە زەنگـی موشریـــــك
پلەیـــــــان پێکنا بە چەکـوش و پیـــــك
نرخـــی ئادەمـــــی نـزم و خـــــواربوو
زەمـان زمانـــــی هەر قامچـــی وداربـوو

هەتا سـەردەمی کۆشـکی ئێسك و خـوێن
زار وگفـت پڕ بوو لە زەلـــە و لە جــوێن
ئیتر بانگ خوازی سـەودا و دەنگـی دیـن
زاریان پڕ دین بوو ناخیـان ژەنـگ و قـین
ناڵـــی گوێ درێـژ ئەکرێـت بە دەرگـــــا
ڕێوی کەوڵـــی شـێر ئەکـات بە بەرگـــا
نـاخی پـیس بەرگـی جـوانی ئەپۆشێـــت
مەلا دینـی خـۆی بە پـوول ئەفرۆشێـــــت
وا بـــــــەو داخــــــــەوە ئەتلێینـــــــەوە
شـــــانازی ئەکەیــن خـــۆ بخۆینــــــەوە
کوونیــــــی بووەتــــــە شۆڕەسـواری ڕێ
بەد ڕەوشـــتەکان دۆســـتە و خـــانە خــوێ
ڕەوا شـــەرم ئەکـــات لە ئاســـت ســـتەمدا
پـۆخڵە لە سەمـــــا پـــــاك وا لە خەمـدا
بانگهێشتـــــــــــی ڕاســـتیی درۆی درۆزن
ســـاختەچی و فێڵبـــاز دەمڕاســـتی هـــۆزن
تەنـانەت گوڵـــی گوڵـدان نایلۆنـــــــــە
گوڵـــــی ناوگوڵجـاڕ دابێکــــــی کـۆنە
دەڵـێن گـوڵ بـۆن و هەنسکــــــی نـاوێ
پێکـــــی عـــارەقی بــۆن پیســــــی بـاوێ
بـازاڕ بـازاڕی دەویـــــــس و هـــــەرزە
دابـــــــــی کــۆن دابــی ڕەوشـــتی بەرزە
عەیـــــب و شورەیـــــــی جێـی شـــانازیە

تاوانبـــار بەری و دزیـــــــــش قـــازیە
هەر ڕەشـــبەڵەکە و مەملەکـــــەت تـــڕۆ
موسـلْمان ڕووتـــــــە وەکـو تیـــاترۆ
هەر سـکمان پـڕ بێـت کەلـلە خـاڵی بێـت
ڕەســـەن دەربەدەر قەرەچ مـــاڵی بێـــت
پەنــــا دەگیرێـت بە دوژمنـــــی خـوا
ئیبلــیس مامۆســتای عیلـــم ودانیشـــگا
بەو لێشێواویـــــە مـــیلەت سەرمەســـتن
بە عیشقـــــی دنیـا کۆڕیـــان ئەبەســـتن
جــادوگەر وێنــای دینـــــی ئیسلامـــــە
خوانـــەناس خـــاوەن عیلمـــــی کەلامە
دزی وتـــــاڵان و ســــەدان دەردی تـــر
هــاتووەتە قــاپی گەلـــــی شـەق و شـڕ
ئـــــەوەندە درۆ دەوری لـــێ داویــــــن
ئێمەیـــش تـا نـاو چـاو تیایـدا چەقاویـــن
بە پەلەقــاژە خـــۆ دەربـــــاز ئەکەیــــن
لە سەد یەکێکمان بۆ خوا ڕاست ئەکەیـن
نەوەد و نـــۆکەی بووەتــــــە مەقـــــاش
ئـاو و هەواکەی گونجـاوە بـۆ جـــــاش
تەڕ و وشـك وەکـو قـــوڕی ترشــــاون
بـۆ خشـتی کۆشـکی ستـــەم گونجـــاون
عەهـــــدی جەهالـــــەت گەڕاوەتـــەوە
بـــــت و بتخـانـــــە کراوەتـــــــەوە

لە جێگای خورما و قوڕ و بــەرد و دار
مرۆڤ دەکرێتـــە خودا و جێی هـــاوار
سـوژدە بـۆ بــت و بتخانـــــە ئەبرێـت
بـاج و سـەرانە بە ناکـــەس ئەدرێـــــت
ئەم جەهــلە جەهلــی سـەردەمی نوێیــە
نەنگــی هەمبــانەی کەشکۆڵــــی ڕێـیە
هـاو ڕەگـــەزی خـۆی ئەکـات بەخـودا
بـێ ئـــەوەی عومــر و ژیـری پـێ بـدا
هەنگویـــــن بــڕینە لەکونـــــی مــارا
شـانەی هەنـگ پـڕە لە ژەهـــــر و ژارا
لە هــــــەوراماندا خورمـــــــا ڕنیـــنە
هەنــگ وا خەریـــکی بەڕوو مژینـــــە
دەڵــێن لە بەســرە بەفـــــر باریـــــوە
لە ســەحرای عەر عەر گــوێز داوەریـــوە
هێســــترێك زاوە بەیەك بەچـــــکە کەر
ترێــــــی گرتــووە داری سنەوبــــەر
ڕەوایــــی و ڕاســتی شــەیتانی شــەڕە
بــــازاڕی درۆ پــڕ خێـــر و فــــەڕە
بەم بەزم و ڕەزمەی کە ئێســـتا بـــاوە
هاکـــا ڕۆژ هەڵهـــات لە ڕۆژ ئـاواوە
کە ناڕەوایـــــی گەیشتـە بـن بەســـت
نـاحەقی بکرێـت بەدەسـتی ئەنقەســــت
ئیتر چاوەڕێـــــی وەڵامـــــی نزایــــن

چاوەڕێی مەرگی مەینەت و سزایـــــــن
خـودا بەڵێنـــــــی بە ئازیـــــــــز داوە
لەدوای ئەو سـەختی و مەینەتـــی و بـاوە
عەهــــــدی یەکسانــــــی ئەگەڕێتـــــەوە
پەڵـــــــەی بارانــــــی پایــــــز دێتەوە
چیمەنـــــــی سـەوزی پایـــــزی گەردوون
دەدات لە دەرگـای ڕۆژی پــاك و ڕوون
دوا چـۆڕی عومـــــــری زەمەن دێتــــەوە
فەرمانـــــــــی خوایـــــــە بگەڕێتـــــــەوە
پـێش وادەی زەنگـی زەمەنـــــی فەسـڵان
پـێش وادەی فەسـڵی ئەسـڵ و نائەسـڵان
لانکــــــەی زەوی بە دوا ڕاژەنیـــــــــن
لە ئامێز ئەگرێت شکۆی بەرزیــــی دیـن
پـێش وادەی مەرگـی زەوی و ئاسمـــــان
پـێش بینیـنەوەی مەلـــــەف و باسمــــان
بەدەسـتە پاچـــــــە هەمـوو بە هیوایـــــن
هەر وەك لە بوون و مەرگمان بێ ئاگـاین

هەڵەبجە(ئاکام) ١٩٩٩

## * دەواری جافنشـین یـان ڕەشـماڵ لەچـی دروسـت دەکـرا و کەرەستەکانی چی بوون؟

- دەوار لە مـووی بـزن دروسـت دەکـرا، لە پێشـدا ژنـان مووەکەیـان

دەڕست بە (قایمان) و بە (باریکان). قایمانەکە بۆ دەوار بەکار دەهات، باریکانیش بۆ بەستنەوەی. پاش ئەوەی خورییەکەیان دەڕست تەونیان دەکرد و ڕایەڵەی گەورە گەورەیان کە پێی ئەوترێت (تەختە) لێ دروست دەکرد، ئامادەیان دەکرد بۆ ئەوەی بدرێت بە سەر ئەستونەکاندا و هەڵبدرێت.

دەوار گەورەو بچوکی هەبوو، دوازدە ئەستون (هەسون) یان (ستون) کە بە زمانی عەرەبی (عمود)ی پێ دەوترێت، لەوە بچوکتر هەشت ئەستون، شەش ئەستون و چوار ئەستونی هەبووە و هەڵدراوە، ئەمەی دواییان کە چوار ئەستونە پێیان دەوت (چاتۆڵ)، کە بۆ کەسێکی کەمدەست و کەم ئەرك باش بوو. بەڵام پیاوە دیوەخان دارەکان هەمیشە دوازدە ئەستونیان هەڵدەدا، کە نێوانی دوو ئەستون مەترێك دەبوو، واتە ئەو دەوارە دوازدە مەتر درێژ بوو.

تەختە دەوارەکە لە ناوەڕاستدا دەکرا بە دوو بەشەوە و ئۆڤەر دەکرا و دەدراوە بە سەر یەکدا. (پالێم)ی دەوارەکە دەبوو ئەوەندە شۆڕ بێت بکەوێتە سەر زەوی و پشتی ئەو (چیخ)ەی کە وەکو دیواری هۆدەکە وابوو بگرێت. لەسەرەوە قوڵفی بۆ دەکرا و تەختەکانی دەبەست بەیەکەوە و لە کۆتاییدا قایم دەکرا.

(بەلوجە) کە قەبارەکەی لە پەنجەیەك ئەستورتر بوو هێندەی پەنجەیەکیش درێژتر بوو، دەکرا بە قوڵفەکاندا و پێچ دەدرا، بۆ ئەوەی لەکاتی ڕەشەبا و زریانیشدا نەکرێتەوە. لەسەری ئەستونەکانیشەوە بە ئاسۆیی تەختەیەکی وەکو سێر وابوو پێیان دەوت (کۆماج)، کونی تێدابوو دەکرا بەسەر ئەستوونەکاندا. لە خوارەوە پالێمی دەوارەکە بە پەتی خوری نەك مووی بزن، دەبەسترایەوە بە چەند (مێخ)ێکەوە و لە زەوی قایم دەکرا.

(سەردەرس) دوو مێخی ئەم سەر و ئەوسەر بوو لەگەڵ مێخەکانی تەنیشتدا دەوارەکەیان ڕادەکێشا و بەرزیان دەکردەوە. سێ کەس پێکەوە ئەستوونەکانیان هەڵداوە و دوو کەسیش لە دەرەوە پەتی مێخەکانیان

دەبەســتەوە. مێخەکــان بە (مێکــوت)ی دار دادەکــوتران و تــا ئاســتی (لوتەوانە)کەی لە زەوی قـایم دەکـرا. وە مێخەکانیـان لە داری بەڕوو یـان تـوو دروسـت دەکـرد، بـۆ ئەوەی بەهێـز بێـت و نەشـکێتەوە و بەرگەی داکوتین بگرێت.

دواتر (چڵە) کە هێندەی کلکە خاکەنازێك ئەستوور بـوو لەسـەرەوە بە مشار دوو شاخەیان دەکرد و قوڵفی دەوارەکەیان پێدا دەکرد بۆ یـارمەتی ئەستوونەکان، چەند ئەسـتون بـوایە ئەوەنـدە چڵەشـی بـۆ دەکـرا. چیخیـان دەکرد بە دیوار و پەرژینی دەوارەکە.

(کونەڵان)یش شوێنی کونـدەی ئـاو و مەشـکەی دۆ بـوو، کەپرێکـی بچوکیان بۆ دروست دەکرد، سەریان پڕ دەکـرد لە گژوگیـا بـۆ فێنکـی و گەرم نەبـوونی ئـاوەکە، ئەو (چیخـۆڵکە)شـیان دەدا بەسـەریدا بـۆ ئەوەی شوێنەکەی بە فێنکی بمێنێتەوە.

دوای هەڵـدانی دەوارەکە (دووەمـی دەوار)یـش هەبـوو کە لە دوای چیخەکەوە دەکرا بە لەمپەر بۆ چیخەکە و جۆگەیەکیشیان بـۆ دەکـرد، بـۆ ئەوەی باران و ئاو بـڕژێتە نـاو جـۆگەکە و نەیەت بـۆ نـاو دەوارەکە و لە هەمان کاتیشدا چیخەکەش نەڕزێت.

ناو دەوارەکەش بەش بەش دەکرا و بە چیخ لە یەکتر جیا دەکـرایەوە، بەشێك بۆ دیوەخان و ژووری میوان، دەرگاکەی دەخرایە سـەر، بەشـێکی تر لە ناوەڕاستدا کە پێیان دەوت (کولێن) کە شـوێنی قـاپ و کەرەسـتەی چێشت لێنان و (هیزە)ی ڕۆن بـوو، بەشـێکی تـری بـۆ ئـاگردان و شـوێنی چێشت لێنان بوو.

(هەرزاڵە)یەکیشیان بەتەنیشتیەوە دەبەست، (خـورج) و (تێـڕ)ەکانیـان کە وەکـو (هـۆڕ) وابـوو لە مـوو دەچنـرا، دەخسـتە سـەری، کە کەلـوپەل و نەختینەیـان تـێ دەکـرد، قوڵفەکانیـان دەبەسـت و قوفڵێکیـان لـێ دەدا، بـۆ ئەوەی کەس نەیـدزێت. بەڵام ئەگەر دز بیویسـتایە بیـدزێت بە چەقـۆیەك قوڵفەکانی دەبڕی و سیحری قوفڵ و کلیلی بەتاڵ دەکردەوە.

## * ئەی چیخ چییە و جۆرەکانی چین و چۆن و لەچی دروست دەکرا؟

- چیخ کە بۆ دیوار و پەرژینی دەوار بەکار ئەهات، لە (پیکە) دروست دەکرا. ژنان بە سەلیقە و ژیریی خۆیان دەیانچنی، چەند مەتریان ویستبێت ئەوەندە درێژ دروستیان دەکرد.

(چیخی سادە) و (نەخشدار)یش هەبوو کە پێیان ئەوت (ئەسپەرپێچ)، کە ئەمەیان هیچ تەڵێك لە پیکەکان بە دەرەوە نەدەما و هەمووی دادەپۆشرا.

ماڵی مام حاجی هەیەرم چیخێکیان هەبوو خۆم بینیومە و لە زەمەنی مندابوو، قەڵخانییەکان بۆیان دروست کردبوو، هەرکەس لەو کاتەدا دەیبینی ئەیوت مام حاجی چۆن دڵی هاتووە ئەم فەرشەی کردووە بە دیواری ژوورە دەوارەکەی، چونکە وەکو فەرشی کاشان وابوو.

چیخ بە پەتێکی پانی لە موو دروست کراو ئۆڤەر دەکرا، تا چیخەکە نەشکێت و لە زەویشدا نەڕزێت. چیخ لەهەر سەرێکەوە سێ قوڵفی هەبوو داریان بۆ دادەکوتا و قوڵفەکانیان دەکرد بە دارەکەدا بۆ ئەوەی وەکو دیوار بەپێوە بوەستێت.

جۆرەکانی چیخیش: (چیخە چەرمەڵە) هەبوو کە بە خوری سپی دەیانچنی، (چیخی کۆچەڵەبەس) بە مورەبەعی دەچنرا و شێوەی نەخشی وەردەگرت.

(چیخی لاکێشە)ش وەکو ئەسپەرپێچ لەناوەڕاستدا نەخش دەکرا. (چیخی سوامە)ش هەبوو چەپ و ڕاست دەچنرا. (چیخۆڵکە)ش بۆ سەری کونەڵان دروستیان دەکرد.

*** ئێوە لە زەمەنی نیشتەجێبوونیشدا لە گوندی تەپی سەفا و گوندەکانی دەوروبەری، بۆچی لەبەهاردا گوندەکەتان بەجێ دەهێشت و لە دەواردا نیشتەجێ دەبوون؟**

- لە دوای نەورۆزەوە کەس نەیدەتوانی لەبەر زۆریی کێچ لە خانوودا بمێنێتەوە، ناچار لە دەرودەشت لەناو سەوزەگیا و سروشتی جوانی لادێدا دەوارمان هەڵدەدا و ناوەکەیمان حەسیر ڕێژ دەکرد، کە لە جێگای فەرش و کومباری ئێستادا بوو، تا پایز دەماینەوە و دواتر دەهاتینەوە بۆ ناو ئاوایی[1]. ژیان زۆر سادە بوو، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دڵ و مێشکمان ئاسودە بوو.

*** ئەی حەسیر لەچی دروست دەکرا؟**

- حەسیر بە بەنی موو یان گیای (وش) دەگیرایەوە، گیاکە خۆی سروشتی بوو، لە قەراخ چەم و کانیاو و زۆنگاوەکاندا سەوز دەبوو. خوای گەورە هیچ شتێکی لەم دنیایەدا بەبێ حیکمەت و سود دروست نەکردووە، بۆ هەموو قۆناغێکی ژیان کەرەستەی پێویستی لەسەر زەوی بۆ مرۆڤ فەراهەم کردووە و بەدەستەپارچەیی نەیهێشتوونەتەوە، وا لەم سەردەمی عەولەمەیەشدا هەرچی لەناو سکی زەویدایە هێناوەتە دەرەوە بۆ مرۆڤ بۆ ئەوەی کەڵکی لێ وەربگرن، بە مەرجی شوکرانە و خواپەرستی. بەڵام مرۆڤ زۆر عینا دو سەرسەختو یاخییە، ئەو چاکە زۆرانە دەکات بەهی خۆی و موڵکی خوای گەورەش دابەش دەکات بەسەر بەدیهێنراوانیدا و بۆ ئەوەش بڵێت خۆم لە خۆمەوە دروست کراوم و هاتوومەتە ژیانەوە ناچاری بەرتیلدان دەبێت بە هەموو دروستکراوانی

(١) تا ئەو سەردەمەش هیشتا هەندێك لە شێوازی ژیانی کۆچەرییان تێدا ماوە و بە بیانوو بوون بۆ وارگە گۆڕین و ڕەشماڵ هەڵدان.

خوای گەورە و پێیان دەڵێت ئێوەش خۆتان لە خۆتانەوە دروست بـوون و سروشت بەدی هێناون. نازانن کە سروشت جگە لە چاپخـانەیەکی خـوایی هیچی تر نییە و نە چاپکەرە و نە بەدیهێنەر.

بەڵێ گیای حەسیریان دەبڕی و دەیانهێنایەوە، لە ماڵەوە دوو کۆڵەکەیان بۆ دادەکوتا و دارێکیان بە درێژی چەنـد مەترێـك دەخسـتە سـەر دوولـپـی هەردوو کۆڵەکەکە و جوان قایمیان دەکرد. بەنی خوری یان وشیان دەهێنا چەند تـاڵ بەنـی خـوری هەبـوایە ئەوەنـدە بەردی درێژکۆلەیـان دەهێنـا و سەری بەنەکانیان لەبەردەکە دەئاڵاند، لەگەڵ دانـانی هەر تەڵە حەسـیرێکدا بە ڕیز بەردەکانیان ئەمدیو و ئەودیو پێ دەکرد بۆ ئەوەی بچنرێت و ببێت بە لاکێشەیەکی گەورە.

## * گیای (وش) چییەو چۆن بەرهەم دەهات؟

- وش گیایەك بوو تۆوەکەیـان دەوەشـاند، بـاڵای زۆر بەرز دەبـوو، لە پایزدا پێ دەگەیشت، دەیـانبڕی و گـورزە گـورزە دەیانبەسـت، گـۆمێکی گەورەیان بۆ دروست دەکرد، وشەکەیان بۆ ماوەی چـل ڕۆژ تـێ دەکـرد تا توێکڵەکەی هەڵبدات، دوای چل ڕۆژەکە ژنان گورزەکانیان دەکـردەوە و پڕی هەردوو مشتیان لـێ دەکـرد و بەرزیـان دەکـردەوە و دەیـان کێشـا بەناو ئاوەکەدا بۆ ئەوەی توێکڵەکەی دابماڵرێـت، کە وەکـو خـوری سـپی بوو، ئەو توێکڵەیان وەکو خوری دەڕست بۆ حەسیر گـرتنەوە و گـوریس دروستکردن بەکاریان دەهێنا و لەهەمان کاتیشدا جلی گا و هێسـتریان پـێ دەدووری.

ساقەکەشی هەر سـپی بـوو، پێیـان دەوت (دارکـی وش) بـۆ سـوتان و ئـاگرکردنەوە بەسـود بـوو، خێـرا گـرِی دەگـرت، بـۆ سـوتاندنی داری نیمچەتەڕ باش بوو.

*** بەرهەمی جاف لە پیشەی دەست و خۆراك هەڵگرتن چی بووە؟**

- جافەکان قاڵی و بەڕە و لبادیان دروست دەکرد، کە ئەم پیشە دەستیانەی جاف زۆر بەناوبانگ بوون و دەوارەکانیشیان هەر خۆیان دەیانچنی و دروستیان دەکرد. هەروەها مەوج و جاجم بۆ بەرگی لێفە و چیخ و حەسیر و مەشکە و کونە و هیزە، بەرهەمی خۆیان بوو.

خۆراکیش مەنجەڵی گەورەی مس هەبوو، پڕی ئەو مەنجەڵە ڕۆن دەکرا و دواتر دەکرایە هیزەوە، بۆ خۆیان بەکاریان دەهێنا و لێیان دەفرۆشت. ماڵی وا هەبوو دە تەنەکە ڕۆنی دەفرۆشت. (کەریان) لە پێستی ئاژەڵ دروست دەکرا، کەرەی دە ڕۆژی تێ دەکرا و خۆێیان پێوە دەکرد، دواتر دەیان توانەوە و دەیانکرد بە ڕۆن و دەیانکردە هیزەوە، چەپکێك چنووری کوێستانیان دەخستە دەمی هیزەکەوە، دواتر حەزت ئەکرد بۆن و بەرامەی ئەو ڕۆنە بێت بە سەرتدا. خورما و ڕۆنی نەرگزیشییان پێ لێ دەنا، خۆشترین خواردن بوو.

(چزڵێك)یشیان لە دووگی ئاژەڵ دروست دەکرد، ڕۆنەکەی دەگیرا و چزڵیکەکەی دەمایەوە. ڕۆنی دوگ سەلامەترە لە ڕۆنی کەرە. گۆشتیش هەڵدەکزێنرا و دەکرایە هیزەوە و بۆ ماوەیەکی زۆر لێیان دەردەهێنا و دەیانخوارد.

*** با بچینە لای باوە یاروەیس و عێلی جاف و بوونی حەمە پاشا بەسەرۆکی ئەو عێلە، ئایا نەخشەکەی باوە یاروەیس چی بوو بۆ ڕادەستکردنەوەی سەرۆکایەتی جاف لە وەڵەدبەگییەکانەوە بە زاهیر بەگییەکان؟**

- یاروەیسی باپیرمان هاوکار و یارمەتیدەری باوکی حەمە پاشای جاف

بووە، کاتێ کەیخوسرەو بەگ کە باوکی حەمە پاشا بووە کۆچی دوایی کردووە[١]، پێنج کوڕی لەدوا بەجێ ماوە بە ناوەکانی (سلێمان بەگ، قادر بەگ، عەبدوڵا بەگ، محەمەد بەگ و عەبدوڕەحمان بەگ). لەو کاتەدا حەمە پاشا مێردمناڵ دەبێت و نزیکەی شازدە بۆ حەڤدە ساڵ تەمەنی هەبووە، قادر بەگ و عەبدوڵا بەگی برای پێش ماوەیەك هەریەکەیان بەهۆی هێرشی ئێرانەوە بۆ سەر هۆزەکانی قادر میروەیسی و تایشەیی لە لایەکەوە و بۆ سەر بابانەکان لە لایەکی ترەوە دەکوژرێن. سلێمان بەگیش لە حەسرەتی مردن براکانی کۆچی دوایی دەکات. تەنها دوو برای مناڵیان دەمێنێت کە گەورەگەیان حەمە پاشایە و شازدا ساڵ تەمەنێتی. بابانەکان ئەم بۆشاییە ئیدارییە بە فرسەت دەزانن و دەیانەوێت سەرۆکایەتی جاف لە دەستی زاهیر بەگییەکان دەر بهێنن و ڕادەستی وەڵەدبەگییەکانی بکەن[٢]. بۆ ئەو مەبەستە یارمەتی ئەحمەد بەگ دەدەن کە، لەگەڵ ئەحمەد پاشای

---

(١) کەیخوسرەو بەگ لە ساڵی ١٨٢٩ی عیسایيدا کۆچی دوایی دەکات، وە لە شارۆچکەی سەیدساق بەخاکیان سپاردووە و گڵکۆکەی لەوێیە.
(٢) عەشیرەتی وەڵەدبەگیی ناو و شۆرەتیان دەگەڕێتەوە بۆ وەڵەد بەگی نەوەی سەید ئەحمەدی پیرخدری شاهۆ. تیرەکانی وەڵەدبەگیی بریتین لە دەرۆێشی، دەلەژێری، خاڵوان، یوسف یار ئەحمەدی، گاخۆری، گورگ کوژ، عەلی ئاخەیی، ساتۆرە، هەروەها تیرەی ئێناخی کە ئاغا بەگ کوڕی مەحمود بەگی سەلیم بەگی ئێناخییە، ئامۆزای وەڵەدبەگن. نیشتمانی وەڵەدبەگییەکان ئەم شوێنانەیە: لەکوردستانی ڕۆژهەڵات جوانڕۆ، کرماشان، سەرپێڵی زەهاو، وە گوندەکانی ڕەئیس، قەلعەسفید، بناوچکو، کرهە، کزازی، دەسرخ، حەسەن ئاباد، شەش بید، شانیگان، مامان، گراب، نەراب، عەلی ئاباد، بان شلە، خانم ئاباد، هلول، گمشتر، تیلەکۆ، باوەیسی، روزبەهان، تەپەڕەش، پشت کیلە، جیگران، چوتە، پیرۆزە، کانی ڕەش، سەربیان، سێوەرهەوار، تەپەدرکە و ماخوشین لەڕەوانسەر، نوریاو لە هەورامان. لەکوردستانی باشوریش: گەرمیان، لە کەلار و باوەنور و دەربەندیخان نیشتەجێن، وە گوندەکانی، خورخور، حەسارکانی، کرمانج، بێوڵە، هاجیلەر، کانیەبۆر، عەلی پکان، گۆڕی، گۆنوش، زەلکە، قەرەچەم، مەحمود قەجەر، پەرویزخان، دێ سوتك لەخانەقین، گەرمك و ئاوبار. لەشارەزووریش لەم شار و گوندانە نیشتەجێین، هەڵەبجەی تازە، وارماوا، هەڵەبجەی شەهید، سەید سادق، وە گوندەکانی، ئاوایی ڕۆستەم بەگ، ئاوایی سەلیم بەگ، دەرەشیش، تەپەسەرقوڵە، کاگردەڵ.

بابانـدا خـاڵ و خوشـکەزابوون. واتە ئەحـمەد بەگـی وەڵەدبەگیـی خـاڵی ئەحـمەد پاشـای بابـان بـووە. وە ڕۆسـتەم بەگـیش دەکەن بە یاریـدەری، ئەحمەد بەگ، کە هەردوکیان بەگزادەی وەڵەوبەگی بوون.

ئەحمەد بەگ بەگزادەیەکی زیرەك و چوست و چالاك بووە، کەسێکی باڵابەرزی کەڵەگەتی شوشەیی بووە، مەچەکەکانی ئەستوور و مووی درێژ بوون. مووەکانی لولی خواردووە بەسەر یەکدا، هێزی بـازووی بەجۆرێـك بووە کە لێی دەگێرنەوە، یەکێك لە کچە بابانییەکانی سلێمانی دەسـتگیرانی دەبێت[١]، لە دەواردا دانیشتوون، لەو کاتەیشدا باران بـاریوە و دەوار تەڕ و قورس بووە، چونکە دەوار لە موو دروست دەکرێـت و ئـاو هەڵـدەمژێت، پەستان زیاتر دەخاتە سەر ئەستوونەکانی، خاوەن ماڵیش گوێزیان هێناوە بۆ ئەحمەد بەگ یان بۆ بەرچایی بووە یان بۆ شەوچەرە بیشکێنێت و بیخوات. ئەویش لەبـری ئەوەی بە شەکرشـکێن یـان بە بەرد بیشـکێنێت، ئەسـتوونی دەوارەکەی بە یەك دەسـت بەرزکـردووەتەوە و لەسـەر خـۆ بە بنـی ئەستوونەکە گـوێزەکەی شـکاندووە وکـاکڵەکەی نەپەشـۆکاندووە، وەکـو ئەوەی بە شتێکی سوك شکاندبێتی، دیارە ئەوەش بۆ خۆنواندن بووە لەلای دەستگیران و ماڵە خەزووریدا.

بابانەکان لەبەر ئەوەی ڕقیان لە زاهیر بەگییەکان بووە، ئەحمەد بەگـیش زاوای حەمە پاشا بووە و خوشکی ئەو ژنی گەورە و یەکەمی بووە، هـانی دەدەن ببێت بە سەرگەورەی عێلی جاف. لەو کاتەشدا حەمە پاشا مێردمناڵ بووە و محەمەد بەگی قادر بەگی کوڕی ئامۆزازایان تەمـاع لە شـوێنەکەی دەکـات، بـۆ ئەوەی خـۆی ببێـت بە سـەرگەورەی جـاف. بـاوە یـاروەیس هەستی بە نەخشەکەی بابـان کـردووە و گرنگـی داوە بە مـحەمەد پاشـا و چاودێری کردووە، بۆ ئەوەی لەسەر پێی خۆی بوەستێت و جێگای باوك و براکەی بگرێتەوە.

---

(١) ئەو کچە بابانییە ژنی دووەمی ئەحمەد بەگ بووە، لەو سەردەمەدا تـا چـوار ژنیـان هیناوەو فرە ژنی باو بووە بە تایبەت لە ناو جافدا.

ئەحمەد بەگ ئەڵێت بە بابانەکان ئەی محەمەد بەگی کوڕی قادر بەگی ئامۆزای کەیخوسرەو بەگ چی لێ دەکەن؟ تا ئەو مابێت جاف چۆن ڕێگا دەدەن من ببم بەسەر گەورەیان! ئەوانیش ئەڵێن ئێمە محەمەد بەگ و کوڕەکانی لە لای خۆمان دەستبەسەر دەکەین، تۆ خەمی ئەوانت نەبێت.

کاتێ هۆز و تیرەکانی جاف کە ژمارەیان چل و پێنج تیرە بووە ئەمە دەبیستن، زۆر قورس دەبێت لە لایان کە وەڵەوبەگیەك ببێتە گەورە و سەرداریان، هانا بۆ لای باوە یاروەیس دەهێنن، کە بە حیکمەتی خۆی چارەیەك بدۆزێتەوە. باوە یاروەیس لەو چل و پێنج تیرەیە حەوت سەد کەس لە باشترین و متمانەپێکراوترین پیاویان هەڵدەبژێرێت، بانگیان دەکات بۆ (چەمە بیسمیلا) کە ئەو شوێنە هەواری زستانەی جافەکان بووە لە گەرمیان دا، بۆ ئەوەی ڕاوێژ و تەگبیریان بۆ بکات و هەموویان پێکەوە نەخشەی بابانەکان پوچەڵ بکەنەوە.

باوە یاروەیس ئەو حەوت سەد کەسە کۆ دەکاتەوە و پێیان دەڵێت بەم شێوەیە سوێندتان دەدەم: "دەبێ خێزاندارەکان تەڵاقم بۆ بخۆن و بێ ژنەکانیش دەست بخەنە سەر قورئان، تاوەکو کەستان نەتوانن لەو بەڵێن و پەیمانە پاشگەز ببنەوە کە بە منی دەدەن، وە نابێت ناوەڕۆکی ئەم کۆبوونەوەیە خانەوادەکانی خۆشتان بیزانن". بەم شێوەیە سوێندیان دەدات و ئەوانیش بەڵێن دەدەن پابەند بن بە فەرمانەکانی باوە یاروەیسەوە. ئەویش نەخشەڕێگای خۆی دەخاتە بەردەستیان و ئەوانیش دوای ڕا و سەرنجی خۆیان قبوڵی پلان و تەگبیرەکەی ئەم دەکەن.

بەڵێ دوای وەرگرتنی ڕاوێژ و خۆسازدان بۆ پوچەڵکردنەوەی خەیاڵ و نیازی بابانییەکان، عێل دەست دەکات بەکۆچ و ڕەوی ئاسایی هاوینەی خۆیان بەرەو ئێلاخ. قۆناغ لە دوای قۆناغ و دوای بڕینی چەند فەرسەخ ڕێگا دەگەنە هەوار و لەوەڕگاکانی هاوێنەیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

## * ئەو شوێنانە کوێ بوون کە جاف لەکاتی کۆچ و ڕەودا پشوویان تێدا دەدا؟

- کاتێ لە (چەمە بیسمیلا)وە دەردەچوون، دەهاتن لە نزیك گوندی تازەدێی گەرمیاندا بارگەیان دەخست، دواتر لەمبەری خڕی قەڵاتۆپزانەوە جارێکی تر دەیانخستەوە. دیسانەوە دەکەوتنەوە ڕێ، دەهاتن تا ئەو شوێنەی شاری دەربەندیخان، کە ئەو کاتە تونێل و ڕێگای خوارەوە نەبووە، لە سەر شاخی بەرانانەوە، نەك ئەم جادە قیرەی ئێستا بەڵکو ڕێگایەکی تر بووە پێیان وتووە (پاشاڕێ)، جافەکان لەوێوە هاتوونەتە خوارەوە بە ڕووی گوندی (قاشتی و بیرکێدا) و لەوێشەوە بەرەو دەشتی شارەزوور هاتوون.

جارێکی تر لە نزیکی گوندی (ئالان)ی شارەزوور خستوویانە، دواتر لەوێ جوڵاون و لە نزیکی گوندی (شانەدەری) لە دەشتی مەمنەکۆسە بارگەوبنەیان خستووەتەوە.

قۆناغی دواتریان گوندی (دۆڵەسور) بووە لە ناحیەی نالپارێزی ئێستا. قۆناغی دواتریان دەشتی (گەڵگە) بووە لە پێنجوێن، کە ئێستا ئەو ناوچەیە دەکرێت بە بێستانی شوتی و تەڕەکاڵ، ئا لەوێدا خستوویانە.

بۆ هەر خستنێکیش بەپێی پێویستی خۆیان جاری وا هەبووە شەو و ڕۆژێك بووە، یان دوو شەو و دوو ڕۆژ تا سێ ڕۆژ. بەم شێوەیە قۆناغ لە دوای قۆناغ ڕۆشتوون و بارگەیان خستووە تا گەیشتوون بەسەر (شیوی سەقز) کە هەوارگەی هاوینەیان بووە، ئیتر لەوێ بەیەکجاری تا ساردی پایز ماونەتەوە[1].

---

(١) کۆچ و ڕەوی ئاسایی جافەکان لە گەرمیانەوە بۆ کوێستان و بە پێچەوانەوە، لە ←

هۆزی یاروەیس کاتێ لەمسەرەوە ڕۆشتوون بۆ کوێستان گەنم و گەنمە شامییەکانیان لە گۆشەیەکی خانەقای بیارە دانـاوە تـا لەوسەرەوە گەڕاونەتەوە. دوایی لە ئاشەکانی بیارە کردوویانە بە ئارد و لەگەڵ خۆیان بردوویانەتەوە بۆ گەرمیان.

## * ئەو ناوچانەی سەر شیوی سەقز کە عێلی جافی بەسەردا دابەش دەبوون، ناویان چی بوو؟

- سەرشیوی سەقز ناوچەیەکی شاخاوی فراوانە، لەوانە دۆڵی (کونەقاژ)، (کەچەڵ مردوو)، (دۆڵی پەڕاو مردە)، (قەجەیە)، (بەردی دوو برا)، (مێ ڕەشە)، (کونە قەل)، (بەردی دوو پلورە)،...هتد. شەخسەکەش لەوێ ناوی (سوڵتان ئاخزۆتیی)ە بە سەر بەرزاییەکەوە کە چەقی نیشتەجێبوونی عێلی جافە. ناوچەکە ئەوەندە کوێستان بووە بەفری ساڵی پێشوو ماوەتەوە، بەفری ساڵی ئایندە باریوە بەسەریدا، ئاوی ئەوەندە سارد و سازگار بووە لە هاویندا وەکو سەهۆڵاو وابووە. هەر تیرەیەك لە جاف لە یەکێك لەو دۆڵانەدا کە ناومان هێنان نیشتەجێ دەبوون. وتوویانە کۆزی فلان کەس لەو دۆڵەیە، هەر کۆزێك دۆڵێکی دیاریکراوی خۆی هەبووە.

## * با بگەڕێینەوەبۆ لای پلانەکەی باوە یاروەیس، ئەو نەخشەڕێگایە چی بەسەر هات، ئایا گەیشتن بە ئامانج؟

- دوای ئەوەی کە لە ساڵی ١٨٣٣دا عێل دەگاتە کوێستان و بارگە و بنەیان دەخەن، نەخشەکە هەر بە شاراوەیی دەمێنێتەوە، تا ئەو کاتەی کە

---

یەك ڕێگاوە نەبووە، بەڵکو بە هیلێکی ئاسۆیی هەر لە دەربەندیخانەوە تاوەکو دوکان وەکو هەردوو سەری ڕاستە هێڵەکە، چەند ڕێگایەك هەبووە کۆچیان لێوە کردووە. ئەمەی پاشا ڕێ و دەشتی شارەزوور و بەرەو پێنجوێن، ڕێگای ئەم جافانەی سنووری هەڵەبجە و شارەزوور بووە، جافە ڕەشکە لە سنووری خۆیانەوە کۆچیان کردووە.

یەك مانگی ماوە بۆ وادەی گەڕانەوەیان بەرەو گەرمیان. ئا لەو کاتەدا نەخشەکە دەخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە. باوە یارەوەیس یەکەم قۆناغی نەخشەکەی دوو نامە دەنوسێت، یەکێکیان بۆ داودخانی کەلهوڕ و ئەوی تر بۆ جوامێرخانی لوڕ، کە هەردوو ناوبراو میری هەردوو عەشیرەتی گەورەی ناوچەی زەهاو بوون.

لە نامەکەدا باوە یارەوەیس داوایان لێ دەکات بۆ ماوەی وەرزێك لە ناوچەی قەڵەمڕەوی خۆیاندا شوێنی عێلی جاف بکەنەوە و دەست نەهێننە ڕێگایان.

ئەوانیش لەوەڵامدا بۆی دەنووسنەوە: "جەنابی یارەوەیس تۆ پیاوێکی ناسراو و قسەڕۆشتووی عێلی جاف و ناوچەی گەرمەسێریت، ناوچەی ئێمەش هەر ناوچەی خۆتانە و کەس لە ئاشتی ئێوەدا خاوەنماڵ نییە، بەسەربەستی دەتوانن بێن و لێرە بمێننەوە، بۆ لەوەڕی ماڵیاتیشتان تا کوێ دەڕۆن ئازادن".

دواتر باوە یارەوەیس دوای وەرگرتنەوەی وەڵامی هەردوو سەرگەورەی هۆزی لوڕ و کەڵهوڕ، حەوت سەد سوارەکەی جاف کە لە چەمە بیسمیلا سوێندی دابوون، کۆ دەکاتەوە و پرسیاری بەڵێنەکەیان لێ دەکاتەوە، کە ئایا پابەندن بە سوێندەکەتانەوە؟ وە پێیان دەڵێت: ئایا لە قسەم دەرناچن؟ ئەوانیش بەڵێن و سوێندی خۆیان دوپات دەکەنەوە و پێی دەڵێن ئامادەین بە دوای تۆدا خۆمان بخەینە دەریاوە.

دوای ئەوەی باوە یارەوەیس لە بەڵێنەکەیان ئەرخەیان دەبێت، وە شوێنی نیشتەجێ بوونی زستانیشیان لە ناوچەی سەرپێڵی زەهاو و نزیکی تۆپخانە لەوبەری سیروانەوە دابین دەکات - ئەو شوێنەی بۆیە هەڵبژاردووە چونکە لە شوێنی نیشتەجێ بوونی خۆیانەوە نزیك بووە، هەرکات نەخشەکەی سەرکەوت بەئاسانی دێنەوە ئەمبەری چەمی سیروان و ناوچەی قەڵمڕەوی خۆیان- پاشان دەست دەکات بە جێبەجێکردنی قۆناغی دووەمی

نەخشەکەی، وە ئەڵێت بە حەمەپاشا بۆچی ژنت بۆ داوا نەکەم؟ ئەویش ئەڵێ باوە یاروەیس گیان هەرچی تۆ پێت باشە، ئێمە وا دەکەین. ئەوەبوو پیرۆزە خانمی لە هۆزی برایم کە دەکاتە باوە گەورەی حاجی قادر بۆ دەهێنێت و مارەی دەبڕێت لێی.

خوشکی حەمە پاشا خێزانی ئەحمەد بەگی وەڵەوبەگییە کە لەو کاتەدا خۆی وەکو سەرگەورەی جاف دەرخستووە. ئەحمەد بەگ ئاگای لەم کەین و بەینەی ژن هێنانی حەمەپاشا نابێت، باوە یاروەیس بە بێ ئاگاداری ئەو بۆی دەسازێنێت.

ئەحمەد بەگ خاوەن چەك و تفاقی خۆی بووە، وتوویانە، ئەحمەد بەگ دوانزە ئاگری پێیە، واتە شەش دەمانچەی دوو لولەی کردووە بە ئەملاولای ئەسپەکەیدا، لەگەڵ شمشێر و تیروکەواندا، هەمیشە ئەو چەکانەی پێ بووە.

باوە یاروەیس جگە لە حەوت سەد سوارەکە بە سەرۆك تیرە و هۆزەکانی جاف ڕادەگەیەنێت کە بارگە و بنە بپێچنەوە و لە کوێوە هاتوون هەر لەو شوێنەی خۆتانەوە بەرەو گەرمیان بگەڕێنەوە. وە پێیان دەڵێت هەرکات فەرمانم کرد لە شەبەقی بەیانیدا دەست بکەن بە ڕەو. لەملاشەوە ئەڵێت بە حەمە پاشا ڕۆڵە گیان داوەتێکی ئەحمەد بەگی زاوات و ڕۆستەم بکە، ئەویش بە دەم داواکەی باوە یاروەیسەوە دەچێت و هەردوو بەگزادەی وەڵەوبەگی داوەت دەکات، کە نۆ کەسی چەکداریان وەکو پاسەوان لەگەڵدا بووە.

باوە یاروەیسیش بیست و حەوت کەسی هەڵبژاردەی ئامادە کردووە بۆ مەبەست و پلانەکەی خۆی، واتە بۆ هەرپاسەوانێك سێ کەسی داناوە، تاوەکو نەخشەکەی پوچەڵ نەبێتەوە و ئەحمەد بەگیشی داناوە بۆ خۆی تاوەکو قۆڵبەستی بکات.

ئەم نەخشە و پلانەی باوە یاروەیس لە ڕاستیدا لە دژی بابانەکان بووە،

نەك وەڵەوبەگییەكان. ئەوەش بۆ ئەوەی بابان نەتوانن بەهۆی خزمایەتییانەوە لەگەڵ وەڵەدبەگییەکـان دەسـت وەربـدەنە نـاو كاروبـاری جافەكـانەوە و بیانخەنە ژێر ڕكێفی خۆیانەوە. چونكە جاف سەربەستیی خۆیان پاراسـتووە و هەژموونی كەسیان قبـوڵ نەكـردووە. خـۆ ئەگەر سـەرۆكایەتی ئەحـمەد بەگ بۆ عێلی جاف خۆڕسك بوایە و دەستی لە پشت نەبوایە، ئەوا ئاسایی بوو بە لای باوە یاروەیس و تەوای ئەندامانی عێلەكەوە، با محەمەد نەبێت، ئەحمەد بێت.

میوانەكـان دوای ئەوەی نـان دەخـۆن و پشـوو دەدەن، بـاوە یـاروەیس ئەڵێـت بە ئەحـمەد بەگ، ئـادەی ڕۆڵە ئەحـمەد هەردوو دەسـتت بـخەرە پشتت، ئەویش ئەڵێت بۆچی باوە یاروەیش شێت بویت؟ ئەویش ئەڵێت نـا كوڕم من شـێت نەبـووم، تـۆ تێكچوویـت و سـەرت لەخـۆت شـێواندووە! دەتەوێت بە دەستكیسەی بابانەكان كوڕەكانی كەیخوسرەو بەگ دابماڵێـت لە دەسەڵات و خۆت بچیتە شوێنەكەیان. ئەو كاتە بابان هەرچی بڵێت ئێمە دەبێ بڵێین بەڵێ قوربان بە ڕیشی مەردانەت قەسەم.

ئەحمەد بەگ دەیەوێت هەستێت و میواندارییەكە بەجێ بهێڵێت، بـاوە یـاروەیس سـێ ژنـی هەبـووە، وتـوویەتی ئەحـمەد هەر نـۆ تەڵاقەكەی یاروەیس كەوتبێت لەو شوێنەی خـۆت بجوڵێـت بەزینـدوویی لەم دەوارە ناچیتە دەرەوە! ئەویش كاتێ تەماشای چواردەوری خۆی دەكات بیست و حەوت كەسی هەڵبژاردە گەمارۆی ڕەشدەواریان داوە، شـەڕی خـۆبەزێنی پێ ناكرێت، دەستەكانی دەباتە دواوە و باوە یاروەیس خێرا لەیەكیان توند دەكات و دەیانبەستێت. لەولاشەوە دەستەكانی ڕۆستەم دەبەسترێن، وە بەو نۆ پیاوەی كە یاوەری ئەمان بوون ئەڵێت كوڕەكانم من كارم بە ئێوە نیـیە ئازادن بەرەو كوێ دەڕۆن بڕۆن.

بـاوە یـاروەیس و حەمەپاشـا و حەوت سـەد سـوارەكە بە خۆیـان و خانەوادە و بارگەوبنە وماڵیاتیانەوە لەگەڵ دوو دەستبەسەرەكەدا بەرەو سنە دەكەونەڕێ، وە بـۆ ئەوەی ئەحـمەد بەگ و ڕۆسـتەم بەگ دەرفەتـی

هەڵهاتنیـــان نەبێـــت، قاچیـــان لەژێـــری ســـکی ئەســـپەکانیانەوە بە زنجیـــر دەبەستنەوە.

کـاروانی جـاف لە گەردەنەی کێـوی ئـاراس نزیـك دەبێـتەوە، لەوێـوە ڕێگاکە بەرەو چەم و دەشتی پـایگەلان شـۆڕ دەبێـتەوە و لەوێشـەوە بەرەو کامیاران سەردەکەون. دواتر بەرەو دەشتی بێڵەوار ڕۆشتوون تا گەیشـتوون بە دەشتی زەهاو.

هەر دوای ئەوەی حەوت سـەد سـوارەکە لە نـاوچەی سـەقزەوە بەڕێ دەکەون، دەســتوپێوەندی ئەحــمەد بەگ خێـرا ســوارێك بەڕێ دەخەن بـۆلای والـی سـنە کە حـاکمی ئەردەڵان بـووە، پێیـان دەڵـێن، وا جـافی (سیراژخۆر) واتە دۆوشکەخۆر ئەحمەدی خاڵۆتیان لەگەڵ ڕۆسـتەم بەگـی وەڵەدبەگیی، قۆڵبەسـت کـردووە و بەرەو ئێـوە کەوتـوونەتەڕێ. واتە ئێـوە خاڵ و خوشـکەزای یەکتـرن دەبـێ ئاگاتـان لێیـان بێـت. پیـرۆزەی کچـی وەڵەدبەگ خوشکی ئەحمەد بەگ، دایکی حاکمی ئەردەڵان بووە لە سنە.

کاتێ هەواڵ دەگات بە بەگزادەکانی شاری سنە، خۆیان و ئەسپە سپییە قـاچ خەناوییەکانیـان ئامـادە و تەیـار دەکەن، ڕم و تیـر و شـیر و چەکـی خۆیان دەکەنە شان و بەرەو جافەکان دێـن. سـنەییەکان هەمویـان سـواری سـمێل خەنـاوی و چەفتەداربـوون، تـا ئەوان سـەرەتای لەشـکریان دەگـاتە ملەی ئاراس، کۆتـایی کـۆچ و ڕەوی جـاف بەچەمـدا شـۆڕ بـوونەتەوە و لەوان تێپەڕیون. واتە ئاوقەوی یەکتـر نـابن، بەڵام لەشـکرەکەیان دەبیـنن و دەنگیان دەگات بە یەکتـر. سـنەییەکان لەسـەرەوە دەقیـڕێنن: "هەی جـاف هەی ڕم و زن، هەی باوك سەگ، دا ئەوە نەفرەت و پوکاوڵ بێـت لێتـان، تف، لەوە زیاتر چتان لێ بکەین"؟[1]

بەڵێ ئۆردووی جاف قۆناغ لە دوای قۆناغ دەڕۆن تـا دەگەنە سـەرپێڵی

(١) ئەم هەڕەشـــە و خـــۆ ســـورکردنەوانە دوور بە دوور بـــووە و هەردوو هێـــزەکە نەگەشتوون بە یەك تا شەڕ بکەن، واتە هیچ لایەکیان حەزیان بەو شـەڕە نەبـووە، ئەوان جنێوی خۆیان داوە و ئەمانیش بەجێیان هێشتوون.

زەهـاو و لەوێشـەوە دەڕۆن تـا نزیـك دەبـنەوە لە ڕووبـاری سـیروان. لەو شوێنەدا کۆچ و بار دەخەن و دەحەسێنەوە، پاشـان پەیوەنـدی دەکەنەوە بە جافەکانی ئەمبەری سیروانەوە و هەماهەنگ دەبن لەگەڵ یەکتریدا.

کاتێ بابانەکان بەمە دەزانن، نامەیەك دەنووسن بۆ باوە یاروەیس و پێی دەڵێن، ئەحمەدبەگ و ڕۆستەم بەگمـان بـۆ ئـازاد بـکە، بـاوە یاروەیسـیش وەڵامیان دەداتەوە تا مـحەمەد بەگـی قـادر بەگ و هەر چـوار کـوڕەکەی ئازاد نەکرێن، ئێمەش ئەمان ئازاد ناکەین.

بابانەکان محەمەدی قادر بەگ و کوڕەکـانی هەریەکە لە (بـارام بەگ و ئەمین بەگ و میران بەگ و عەزیز بەگ)ی کـوڕی ڕەوانە دەکەنەوە و دوو ئەسپی ئامادەش دەنێرن تـا هەردوو دەستبەسـەرەکە سـواربن و بێـنەوە بۆلای خزمانیان لە سلێمانی.

وەفدی بابان بە قەیـاغ لە ڕووبـاری سـیروان دەکەنە ئەوبەرەوە بـۆ لای بـاوە یـاروەیس و دیـل بە دیـل بە دەستبەسـەرەکان دەکەن. بەو شـێوەیە ئەحمەد بەگ و ڕۆستەم بەگ ئازاد دەکرێن، ئا بەو نەخشـەیە حەمە پاشـا دەست دەگرێتەوە بەسەر جافدا و سەرۆکایەتییان دەکات.

لە پاش باوە یاروەیس، مەحمودی[١] کوڕی بە هەمـان شـێوە دەبێـت بە کلیلـی عەقڵـی مەحمـود پاشـای کـوڕی حەمەپاشـای جـاف و دەبێـت بە خەزنەدار و سەردەفتەری (مەسرەف).

هەموو جار حەزرەتی شـێخ عوسـمانی بیـارە فیـردەوس جێگـای بێـت، ئەیـوت بە بـاوکم واتە حـاجی عوسـمانی یاروەیسـی، توخـوا عوسـمان مەسەلەکەی باوە یاروەیس و گرتنەکەی ئەحمەد بەگ و ڕۆسـتەم بەگ و لەشکری حاکمی سنەم بۆ بگێڕەوە. باوکیشم جێگای فیردەوس بێـت بـۆی دەگێـڕایەوە، کە لەشـکری سـنە سـەرکێوی ئاراسـیان لـێ گرتـوون و پوکاڵاویـان لە سـوارەی جـاف کـردووە و جنێوبارانیـان کـردوون: "هەی

(١) مەحمودی یاروەیس پێـی وتـراوە مەحمـودی مەصـرەف، واتە خەزنەداری گشـتیی عێلی جاف بووە.

جاف، هەی ڕموزن، هەی باوك سەگ، تف، ئەوتانە بەسوێت". حەزرەتی شێخیش پێ دەکەنی، ئاو بە چاوەکانیدا دەهاتە خوارەوە، سروشتی وابوو لەکاتی پێکەنیندا فرمێسکی دەڕشت، کەسێك نەیزانیایە وای دەزانی بۆ شتێك دەگری.

*** خالۆ مەلا بۆچی بەگزادەکانی جاف باسی ئەم چاکەکاری و پەیوەندییە پتەوە و هەموو ئەم حیکمەت و سیاسەتانەی باوە یاروەیس و مەحمودی کوڕی و نەوە و وەچەکانی ناکەن؟ واتە لە کتێب و نووسراوەکانیاندا لەکەسیانمان نەبیستووە باس لەو پەیوەندییە پتەوانە بکرێت، یان هیچ نەبێت لە دێڕێکیشدا باس لە سەروەرییەکانی ئەو کەسانە نەکراوە کە لەکاتی گلانیاندا ئەمان ڕاستیان کردوونەتەوە و نەیانهێشتووە لە هەندێ شوێندا بکوژرێن و لە هەندێ کاتی تریشدا سەرۆکایەتی جافیان لەدەست دەربکرێت؟**

- ئەوە بۆ بێ وەفایی بەگزادەکانی جاف دەگەڕێتەوە، پەیوەندی بنەماڵە و هۆزی یاروەیس تا حەسەن فەهمی بەگ و حامی بەگ و تا هۆشمەندی کوڕی حەسەن بەگیش کە ئێستا لەشاری هەولێرە، هەر بەردەوام بووە و لەیەك دانەبڕاون. دەبێ گلەیی لە نووسەر و قەڵەم بەدەستەکانیان بکرێت کە ڕۆڵی گەورە پیاوانی جافیان لە پەراوێزیشدا نەهێناوە و هەرچی شکۆ و سەروەرییە بۆ بنەماڵەکانی خۆیانیان تۆمار کردوون و بە ئەمانەتەوە مێژوویان نەگێڕاوەتەوە.

## * دوای ئەوە حەمەپاشا خۆی گرت و جێ پێی خۆی لە سەرۆکایەتی جافدا قایم کرد، چی بەسەر هات؟

- حەمە پاشا تا زیاتر گەورە دەبوو ژیرو وریاتر دەبوو[١]، باوە یاروەیس وگەورە پیاوانی جافیش وەکو کلیلی عەقڵی وابوون و نەیانهێشتووە بگلێت. ئەویش بەردەوام ڕاوێژی پێ کردوون و لە ئامۆژگارییەکانیان کەڵکی وەرگرتووە.

حەمەپاشا لە دەوروبەری شێروانەی نزیک شاری کەلار قەڵایەکی دروست کرد و هەمیشە لە بیری ئەوەدابوو شکۆی جاف بە مەزنی بهێڵێتەوە. عوسمانییەکان لێی نزیک دەبنەوەو نازناوی پاشای پێ دەدەن، بەڵام ئەم بەو شێوەیەی ئەوان دەیانەوێت ملیان پێ نادات. داوای لێ دەکەن مولکی شارەزوور بکڕێت و جافی تێدا نیشتەجێ بکات، بەڵام ئەو ڕازی نابێت و نیشتەجێ بوونی جاف بە شکست و زەلیلی عەشیرەتەکەی دەزانێت، تا ناچار دێنە سەر ئەو ڕایەی کۆچ بەرەو قەڵەمڕەوی قاجارییەکان بکەن و خاکی عوسمانی بەجێ بهێڵێن.

کاتێ بەخۆی و عێلی جافەوە بارگە و بنە دەپێچنەوە و کۆچ بۆ مەملەکەتی ئێران دەکەن، هۆزی کەرەم وەیسی کە تیرەیەکی شاتری بوون و عەزیزی شاوەیس کوێخایان بووە ناڕۆن و کەڵک لەو ناکۆکییەی جاف

---

(١) هیچ سەرچاوەیەکم بەرچاو نەکەوتووە کە باس لە پلان و حیکمەتی کەسایەتییەکانی ناو جاف بکات، لەوانە باوە یاروەیس، یان هەر کەسایەتییەکی تر و ڕۆڵی ئەوان فەرامۆش کراوە و نەخراوەتە سەر لاپەڕەکانی مێژوو، کە چۆن دەستیان گرتووە بە باڵی حەمە پاشاوە و نەیانهێشتووە کورسی دەسەڵاتی لەژێردا بهێننە دەرەوە. تەنها باس باسی ئازایەتی و لیهاتوویی محەمەدی لاو بووە کە کە بەسەلیقە و ژیریی خۆی هۆزەکانی یەك خستووە و سەرنجی ڕۆم و عەجەمی بۆ خۆی ڕاکێشاوە و سەری بۆ کەسیان نەوی نەکردووە. ئەو سیفەتە لە کورد و دەسەڵاتداریی کورردا تا ئەم زەمەنەش ماوەتەوە و بووە بە کلتوورمان کە تەنها باس لە ڕۆڵی سەرکردە دەکرێت و ئەوانی تر هەموو فەرامۆش دەکرێن.

و دەوڵەتی عوسمانی وەردەگرن. ئەوەبوو جاف بۆ ماوەی سێ ساڵ لە زستاندا لە ناوچەی زەهاو و لە هاوینیشدا لە ناوچەی جوانڕۆ دەمانەوە و کاربەدەستانی ئێرانیش نازناوی خان بە حەمەپاشا دەبەخشن[(١)].

دوای ئەوەی عوسمانییەکان و قاجارییەکان تاقەتی هەڵکوتانە سەر یەکیان نامێنێت، دەکەونە گفتوگۆ و ڕێکخستنەوەی سنوری هەردوو وڵات و سەرکوتکردنی نەیارەکانیان. دەوڵەتی ئێران پەیامی نیشتەجێبوونی ناچاری بە حەمەپاشا دەدات لەو وڵاتەدا، بەڵام سەرۆك و ڕەعییەت ئەوەیان قبوڵ نەکردووە و کەوتوونەتە شەڕەوە لەگەڵ ئێرانییەکاندا و بەوەش جێگایان بە خۆیان لێژ کردووە و هاتوونەتەوە بۆ قەڵەمڕەوی عوسمانی.

کاتێ حەمەپاشا بەخۆی و عێلەکەیەوە دێتەوە، کاربەدەستان و والی بەغدا ڕێزێکی زۆری لێ دەنێن و دەیکەن بە قایمقامی هەڵەبجە[(٢)].

---

(١) حەمە پاشا هەڵوێستی بەرامبەر کەمکردنەوەی ئازادیی کۆچ و ڕەوی گەرمیان و کوێستان و نیشتەجێ کردنی عێلەکەی وەرگرت و ناچار بوون بەرەو خاکی ئێران بگوێزنەوە، لەوێ لە لایەن قاجاڕییەکانەوە پێشوازییەکی گەرمیان لێ کراو بە ژیانی کۆچەری خۆیانەوە لە نێوان زەهاو و جوانڕۆدا سەرقاڵ بوون. حەمە پاشا کرا بە فەرمانڕەوای زەهاو، عوسمان بەگی کوڕیشی (عوسمان پاشا) بوو بە فەرمانڕەوای جوانڕۆ. سەرچاوە/ مشاهير الكورد و كوردستان، بەرگی دووەم، لاپەڕە/٢٥٣.

پاش ئەوەی محەمەد پاشا و عێلەکەی سێ ساڵیان لە وڵاتی ئێراندا بەسەر برد، سەرەنجام پەیوەندییان لەگەڵ قاجاڕییەکاندا ڕووی لە خراپی کرد، ئەوەش لەبەر ئەوەبوو کە قاجاڕییەکان ویستیان سنوورێك بۆ ژیانی کۆچەرییان دابنێن و نیشتەجێیان بکەن، بەڵام نەخشەی قاجاڕییەکان لە لایەن جاف و سەرۆکەکەیەوە ڕەت کرایەوە و بەو هۆیەوە توشی پێکدادانی خوێناوی بوون لەگەڵ حکومەتی قاجاڕدا، تا ئەو کاتەی سەر لە نوێ گەڕانەوە بۆ قەڵەمڕەوی عوسمانی. ئەوانیش محەمەد پاشایان کرد بە نایبی موتەسەڕیفی سلێمانی، پاشان کردیان بە قایمقامی هەڵەبجە. سەرچاوە/ مێژووی سلێمانی لاپەڕە/١٨٣.

(٢) حەمە پاشا یان محەمەد بەگ لە ١٨٦٩/١١/٢٤ لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە دەکرێت بە قایمقامی هەڵەبجە و شارەکە لەم بەروارەوە لە بەڕێوەبەرایەتییەوە دەبێت بە قایمقامییەت. زەوییەکانی قەزاکەش پارچە پارچە دەکرێت و دابەش دەکرێت بەسەر ئەندامانی عەشیرەتی جافدا، وە مەحمود بەگی کوڕی دەکرێت بە قاپیچی بابی عالی کە ئەم پۆستە پاراستنی ئاسایشی لە ئەستۆدا بووە.

## * ئەی دواتر کەرەم وەیسییەکان چییان بەسەرهات؟

- ئەو کاتەی حەمەپاشا و عێلی جاف بەرەو ناوچەی زەهاو ڕۆشتن، عوسمانییەکان زەوی و زار و موڵکێکی زۆریان بەخشیبوو بە تیرەی کەرەم وەیسی و هانیان دابوون کە دژی حەمەپاشا بوەستنەوە[١]، ئەوانیش لە ڕاستیدا ئازا و بەجەرگ و کەسدار بوون، ململانێی بەگزادەکانی جافیان دەکرد و حەمەپاشایان ناچاری ئەوە کرد عەزیزی شاوەیس بگرێت و بیخاتە بەندیخانەوە. وە ناوبرا و هەر بەهۆی ئەو گرتنەوە لە بەندیدا کۆچی دوایی کرد.

کۆچی دوایی عەزیزی شاوەیس کەرەم وەیسییەکانی ڕق ئەستوور کرد بەرامبەر بە حەمەپاشا و لە دەرفەتێك گەڕاون تۆڵەی خۆیانی لێ بکەنەوە، وەکو دەوترێت حەمەپاشا لەکاتی ڕاوو شکاردا و لە ساڵی ١٨٨٢دا کوژراوە[٢]، بکوژەکانیشی دەچنە پاڵ هەمەوەندییەکان و ئەوانیش دەیانپارێزن[٣].

(١) یەکێك لە بەرنامەکانی تەنزیماتی دەوڵەتی عوسمانی نیشتەجێکردنی هەموو عەشیرەتە کۆچەرییەکانی سنووری ئیمپراتۆرییەتەکەیان بووە و ویستوویانە زەوییەکانیان بە پارە لەسەر تاپۆ بکەن و بەمەش چەند ئامانجێك بەدەست بێنن لەوانە: فرۆشتنی زەوی و زار- نەهیشتی جموجوڵ و سەرەڕۆیی و گوێ نەدان بە دەوڵەت- کۆکردنەوەی باج و خەراجی زۆر لە جوتیارەکان- سەقامگیری باری ئاسایشی دەوڵەت.

(٢) بەرواری ڕاستی کوژرانی حەمە پاشا بە ١٥ی جەمادی یەکەمی ساڵی ١٢٩٩ بەرامبەر ٤-٤-١٨٨٢ ی عیسایی دیاری کراوە.(سەرچاوە/ عوسمان محەمەد هەوارمی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە-١٨٣).

(٣) دوای گەڕانەوەی حەمە پاشا و عێلی جاف لە ئێران بە چوار ساڵ و لە ٤-٤-١٨٨٢دا لە برایم سەمینی نزیك شاری کفریدا خەریکی ڕاو و شکار دەبێت و جگە لە چەند پاسەوانێکی کەم، کەسی تری نەبردووە لەگەڵ خۆیدا. کەرەم وەیسییەکان فرسەتی لێ دەهینن و نامەردانە دەیکوژن. بەمەش بکوژان و تەوای هۆزەکەیان بەرەو ناوچەی هەمەوەندییەکان هەڵدێن و پەنا بۆ جوامێر ئاغای سەرداری ئەو عەشیرەتە دەبەن، ئەویش بە نابەدڵی پەنایان دەدات، ئەمەش دەبێتە هۆی شەڕو ناکۆکی لە نێوان جاف و هەمەوەندا. لەشکری جاف تا ئەوبەری ڕووباری سیروان هەمەوەند و کەرەم ←

ئەمەش شین و مەرثیەی حاجی مەحمودی مەسرەف کوڕی یاروەیس بووە بۆ کۆچی دوایی حەمە پاشای جاف:

جـــە میـــرە مـــاڵان جە میـــرە مـــاڵان
خێـــزا وا وەیلا جـــــە میـــرە مـاڵان
غوڵامـــان غەمناك خـــاك وە چەم مـــاڵان
ئـــای وای بڕیـاوە زەمزەمـــــەی ســاڵان
هەی داد هەی بـێ داد پەی ئـاغەی خاسـم
پـــــەی پاشـــای ملـــوك خزمەتشناسـم
مـــەر ڕوێ ســـەد جـار زاری جە نـۆ کەم
بـــدەم وە ســـــەردا هەر پاشــــا ڕۆ کەم
ســــــەرداری ســــوپای سیامـــــاڵم ڕۆ
نەوەی کەیخەســـرەو میـــرە ماڵـــــم ڕۆ
پاشـای تورمــــە پـۆش شـــا شناسـم ڕۆ
ســـامی نەریمـــان دوڕ شناســــم ڕۆ
ســـەرداری پەڕ زور عــــەدل و دادم ڕۆ
عەشـرەت بـێ ســـەردار کـول بەربـادم ڕۆ
ســـەرداری وە ڕاس وە بـــاڵای تـۆ بـو
ئەر تـۆ سـەردار بـووی سـەردار جە کـۆ بـو
نـادر بـــوی لە بەیـــــن ڕۆم و ئێرانـدا
شێـــــری غەڕڕان وی وە ســـەر شـــێراندا

وەیســـییەکان ڕاودەنـێن، بەمەش کوشـتارێکی زۆر بە تـایبەتی لە کەرەم وەیســـییەکان دەکرێت و ئاوارەی کرماشان و کەرەندی وڵاتی ئێران دەبن. وە جوامێر و یاوەرانیشـی لە لایەن قاجارپییەکانەوە پێشوازی دەکرێن، بەڵام دواتر قاجارڕ لێیان هەڵدەگەڕێنەوە.

تا دەڵێت:

دەویٚ ڕەزاویٚ وە قەزا گشـــــــت کەس
باقـــی هەر خـــــودا دەمێنێـــت و بـــەس
دڵ وات کۆن سەردار ئەو حیلـم وسـەبرش
تەئریخ وات بێژ (دەی ڕەحمەت لە قەبـرش)

## * مەحمــودی یــارەویس کەی ئەو موڵکــانەی شــارەزوور و هەڵەبجەی کڕیوە؟

- لەسـەردەمی حەمە پاشـای جافـدا والـی بەغـدا بڕیـار دەدات ئەو زەوییانەی دەکەونە قەڵەمڕەوی عوسـمانییەوە و بەکەڵکـی کشـتوکاڵ دێـن بفرۆشــرێن بەوانەی پارەیــان هەیە، مەحمــودی یارەیســیش پــارەدار و دەوڵەمەنـد بـووە، دەچێـت بـۆ موسـڵ دەسـت دەکـات بە مـامەڵەی زەوی کڕین. لە ساڵی ١٨٧١دا ڕەوانەی ئەستەنبوڵی دەکەن، چەند هەزار دۆنمێك لە شــــارەزوور و هەڵەبـــجە دەکڕێـــت و دەیکـــات بەنـــاوی خـــۆی و کوڕەکـانییەوە. تـاپۆی ڕەشـی عوسـمانی دەخـاتە گیرفـانی و لە گەشـتی ئەسـتەنبوڵەوە دێـتەوە بـۆ شـارەزوور. ئەو موڵکـانەش بریتـی بـوون لە زەوییەکـــانی بەردەم هەر چـــوار جـــۆگەی (چـــۆڵمەك و تەوێڵەجـــۆ و سەرگەتەجۆ و شێخ موسیٚ)، کە دەکەونە نێوان هەردوو نـاحیەی خورمـاڵ و سـیروان. وە هەروەهـا لە پریسـەوە تـا عەنەب چەنـدین پـارچەی تـری کڕیـوە، شـاری هەڵەبـجەش بەشـێکی دەکەوتە نـاو مـوڵکی ئەو، هەروەهـا زەوییەکانی گوندی گورگەچیا و دەوروپشتی ناحیەی سیروانیشی کـردووە

بە ناوی خۆیەوە[١].

دوای ئەوەی مەحمود کوڕی حەمە پاشا پرسیاری لێ دەکات کە لە کوێ بووە؟ ئەویش باسی گەشتەکەی خۆی بۆ دەکات، کە ئەوەندە موڵکی کڕیوە، مەحمودپاشا ئەڵێت بە مەحمودی یاروەیس بەخوا من و تۆ چەند پشتە هەر بە یەکەوەین، خۆشی و ناخۆشیمان پێکەوە بووە، دەبێ نیوەی ئەم موڵکانەم پێ بفرۆشیتەوە و بمکەیت بە هاوبەش لەو جۆگانەدا . مەحمودی یاروەیسیش ئەڵێت کوڕی پاشا بەخوا سەرگەتم بۆ عەلی کوڕی گەورەم داناوە، کەس ناکەم بە هاوبەش، بەڵام لەمانەی تردا دەتکەم بە هاوبەش.

دوای ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی ڕووخا و بەگزادەکانیش بە بۆنەی ئینگلیزەوە دەسەڵاتی تەواویان بەسەر هەڵەبجەدا سەپاند و بوون بە پیاوی ئیستیعمار، وە مەحمودی یاروەیسیش لە ژیاندا نامێنێت[٢]، ئەوا دەستیان گرتووە بەسەر هەموو ئەو موڵکانەدا و نەوە و وەچەی ئەویان لێ بێ بەری کردووە و دواتریش کە زەوییەکان کەوتنە ناو سنووری شارەوانی هەڵەبجەوە، لە لایەن دەوڵەتەوە قەرەبووی خۆیان وەرگرتووە. بەڵام نەوە و وەچەی مەحمودی یاروەیس بێ بەش بوون لە موڵکی باب و باپیرانیان و تا ئەم سەردەمەش دینارێك قەرەبوویان وەرنەگرتووە، کە مافی خۆیانە داوای یاسایی پێشکەشی دادگا بکەن و داوای مافەکانی خۆیان بکەن.

ئەمە بوهتان نییە بۆ بەگزادەکانی جاف، چونکە لە ڕاستی و واقیعدا لێزان بوون و لەناو سوڵتەو دەسەڵاتدا کاریان کردووە و خوێندەوار بوون،

(١) بەڵگەی تاپۆی موڵکی پریس لە ١٨ی ڕەمەزانی ساڵی ١٢٨٨ی کۆچیدا بووە، کە دەکاتە ١ی کانونی یەکەمی ١٨٧١ی عیسایی. (سەرچاوە/ عوسمان محەمەد هەورامی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە/٣٠).

(٢) حاجی مەحمودی یاروەیس کە ناسراو بووە بە مەحمودی مەصرەف لە مانگی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٠٢دا کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی سەید خەلیلی نزیك شاری کەلار کە هەوارگەی زستانەی خۆیان بووە بە خاکیان سپاردووە.

کەسێکی خوێندەوار دەتوانێت هەزاران کەسی نەخوێندەوار بخەڵەتێنێت و لە مافەکانیان بێ بەشیان بکات. وەکو دەیانگێڕایەوە حامی بەگی جاف خوا لێی خۆش بێت پیاوێکی هێناوە خۆڵی بوزانی کردووەتە ناو پێڵاوەکەی و لەسەر خاکی ڕەشان دایناوە تا فەرمانبەران و قازی ڕۆشتوون بۆ ئەو ناوچەیە بۆ تەسویەی زەوییەکان، کابرا شایەتی داوە و سوێندی بۆ لیژنەکە خواردووە وتوویەتی جەنابی حاکم بەخوا ئەم خۆڵەی لە ژێر پێمدایە خاکی بووزانە و موڵکی حامی بەگە!

## * دوای حەمەپاشا کێ بوو بە سەرۆکی عێلی جاف؟

- لە دوای کوژرانی حەمە پاشای جاف کە پێشتر ئاماژەمان پێدا کە لە ٤ی نیسانی ساڵی ١٨٨٢دا بووە، مەحمود پاشای جاف دەچێتە شوێنەکەی باوکی و دەبێتە سەرۆکی عێلی جاف. وەکو چۆن باوە یارەویس لە کاتی خۆیدا کلیلی عەقڵی حەمەپاشا بووە، بە هەمان شێوە مەحمودی کوڕی باوە یارەویسیش ڕاوێژکار و وەزیری دەستەڕاستی مەحمود پاشا بووەو لەهەمان کاتدا خەزێنەداریشی بووە، وە بە مەحمودی مەسرەف ناسراوە.

## * جاف چەند جار مەحزوور بووە؟

- جاف دوو جار مەحزوور بووە یەکێکیان ئەو کاتە بوو کە باوە یارەویس نەخشەکەی بۆ حەمە پاشا کێشا و سەرۆکایەتی جافی لە ئەحمەد بەگی وەڵەدبەگی بۆ وەرگرتەوە و ڕوویان کردە قەڵمڕەوی ئێرانییەکان.

ئەمەی دووەمیشیان سەردەمی مەحمود پاشای جاف بوو، کاتێ کە عوسمانییەکان کەوتنە بیانوو لێی و سوڵتان عەبدولحەمید داوای لێکرد بچێتە ئەستەنبوڵ بۆ ئەوەی دەستبەسەری بکات، ئەوەبوو جافی بردەوە ژێر ڕکێفی دەوڵەتی ئێران، ئەو دوو جارە جاف مەحزوور بووە.

فەرمانڕەوای ئێران ناوەکەیم لەیاد نییە[١] دەیەوێت لە دەشتی بێڵەواردا لە سنووری کامیاران سەردانی مەحمود پاشای جاف بکات، نامەی بۆ دەنێرێت و دەڵێت دەمەوێت سەردانت بکەم، مەحمود پاشا ئەڵێت بە مەحمودی یارەویس کە پێشتر وتم ئەمیندار و کلیلی عەقڵی بووە، فەرمانڕەوای ئێران سەردانمان دەکات، ئەترسم ڕوو زەرد بین و نەتوانین میواندارییەکی شایستەی بکەین، چونکە لەم کاتەدا پارە و پولێکی وا شك نابەم بە کەڵکی میواندارییەکی وا بێت، خۆت ئەزانی هەرچی پارە و پوڵمانە داومانە بە خەڵکی مەنمی و گەڵباخی بە قازانج شەراکەت. مەحمودی یارەویس پێشتر خەمی ڕۆژانی ئایندەی خواردووە کە بۆ هیچ شتێك دانەمێنن، ئەڵێت پاشا تۆ خەمت نەبێت، ئەو میواندارییە بسپێرە بە من.

مەحمودی یارەویس چەند ڕۆژ پێش مەوعیدی ئەو میواندارییە، دەبینێت چەند کاسبکارێك بە پارە و پولەوە هاتوونەتەوە بۆ لای پاشا بۆ ئەوەی بەشێك لە دەستمایەکانیان بگەڕێننەوە و بەشەکەی تر و قازانجەکەشی بۆ کاتێکی تر دوا بخەن. پاشا ئەڵێت ڕۆڵە ئەوە چییە پێتان؟ ئەوانیش مەحمود پاشا ناناسنەوە، ئەڵێن وەڵا خاڵۆ گیان ئەوە پارەی مەحمود پاشایە بۆمان هێناوەتەوە. پاشا ئەڵێت چەندتان بردووە و چەندتان بۆ هێناوەتەوە؟ ئەوانیش ئەڵێن چل کیسە قەرانی ئەو لامان بووە، ئێستا بیست و هەشت کیسەمان بۆ هێناوەتەوە و قازانج و بەشەکەی تری بۆ کاتێکی تر دوا دەخەین. پاشا ئەڵێت من لە وەکیلی مەحمود پاشاوە قسە دەکەم بە هیچ شێوەیەك لێتان وەرناگرینەوە تا سەرجەم چل کیسەکە بەیەکەوە نەهێننەوە، فەرموون لێرە مەوەستن.

---

(١) ئەو فەرمانڕەوا (سالار الدولة) بووە کە بۆ هاوکاری و کۆمەکی خۆی هاتووە بۆ ماڵی مەحمود پاشای جاف، تا کەڵك لە پشتیوانی جاف وەربگرێت بۆ دژایەتی شۆڕشگێڕانی تەبرێز کە لێی هەڵگەڕابوونەوە، هەرچەندە مەحمود پاشا بەڵێنی هاوکاری نەدابوو، بەڵام کەیخوسرەو بەگی کوڕی بە دەم داواکارییەکەی سالارە دەوڵەتەوە ڕۆشت و هاوکاری کرد.

کـاتێ مەحمـودی یـاروەیس لە دوورەوە ئاگـای لەم کەیـن و بەیـنە دەبێت، دەکەوێـتە شـوێن کاسبکارەکان و دەڵێـت بوەسـتن، ئـادەی بـزانم چەنـد پارەتـان هێنـاوەتەوە؟ ئەوانـیش ئەڵـێن لە ئێسـتادا بیسـت و هەشـت کیسەمان پێـیە، ئەوەی تـری بـۆ دوایـی بـا بمێنێـت. مەحمـودی یـاروەیس قەبضـێکیان بـۆ دەکـات و مـۆری دەکـات بۆیـان و پارەکەیـان لـێ وەردەگرێـت، ئەڵێـت جارێ بـا ئەمە لە مشـتماندا بێـت خـوا کەریـمە بـۆ ئەوەکەی تری.

مەحمودی یاروەیس ئەچێت بۆ لای مەحمود پاشا و پێـی ئەڵێـت پاشـا چییە ئەتبینم نیگەرانیت و خەمێکت پێوە دیـارە، دەموچـاوت دەخـوێنمەوە دڵت هەر لای ئەم میوانداریيەیە و ترسـێکت پیـوە دیـارە؟ ئەویـش ئەڵێـت بەڵێ ڕاستە مەحمود هەرچی حیسابی دەکەم، لەو پارەیەی لەبەر دەسـتدایە دە کیسەی ترمان پێویستە بۆ ئەو میوانداریيە. مەحمودی یاروەیسیش ئەڵێت دە کیسەکە لەسەر من خەمت نەبێت و دەموچاوت گەش بکەرەوە.

کـاتێ فەرمـانڕەوای ئێـران و دەسـت و پێوەنـدی دێـن بـۆ سـەردانیان، میوانداریيەکی شایستەیان لێ دەکەن و نایەڵن لە هیچیان کەم بێت. پاشـای جاف ڕوو دەکـاتە مەحمـودی یـاروەیس و ئەڵێـت ئـافەرین مەحمـود بـۆ خۆت و ڕاو تەدبیرت، پێم بڵێ ئەم مەسروفەت لە چی کـرد و لە کوێـت هێنا؟ مەحمودی یاروەیس ئەڵێت پاشا پێشینانمان ئەڵـێن (هەشـت بـێ و لە مشت بێت، نەك نۆ بێ و نەبێ). کابرای کاسبکار بیسـت و هەشـت کیسـە پـارەی بـۆ هێنـایەوە وەرت نەگـرت، وتـت چـل کیسـەکەم بە تەواوی دەوێت، منیش بەبێ ئاگاداری تۆ لێم وەرگرت و حەق و حیسابم لەگەڵدا بڕییەوە کە دواتر باقییەکەی و قازانجەکە بەسـەر یەکەوە بهێنێـتەوە بۆمـان، ئاو بەو پارەیە مەسرەفی میوانداریيەکەم کرد. ئەویش ئەڵێت بـاوکم بەخـوا مەحمودیت و کەس ناتوانێت گاڵتە بە عەقڵت بکات.

## * چی ترت سەبارەت بە مەحمودی یاروەیس بیر ماوە؟

- باوکم دەیگێڕایەوە کە لەو کاتەی مەحمودی یاروەیس زەوی و زاری ناوچەی شارەزوور و هەڵەبجەی کڕیوە، وتوویەتی بە حەمەسووری کەماڵەیی کە پڕی چل کیسەی خەنە، قەرانی هەبووە، کە ئەوەش پارەیەکی زۆر زۆر بووە لەو سەردەمەدا، پێی وتووە حەمە، حکومەتی عوسمانی زەوی ئەفرۆشێت، با ئەم پارانەت بۆ بدەم بە زەوی و تاپۆی بکە لەسەر خۆت، ئەویش وتوویەتی مەحمود ئەوە تۆ وە ڕاستە ! پارە چۆن ئەدەم بە زەوی! من مانگای چەپۆڵە پان و مێی کەچەکەوەم فرۆشتووە ئێستا بیدەم بە قوڕاو! لەوێ مێشوولە خۆم و مناڵم بخوات، ئەویش پێی وتووە حەمە بیکرە و جێی بهێڵە دامەنیشە لە ناویدا، گەرمیان و کوێستانی خۆت بکە، پارەکەت ئەدزن و لەدەستت دەر ئەچێت.

هەروەها گێڕایەوە کە مەحمودی یاروەیس لە شیوی سەقز لە نزیکی سەرچاوەی ئاوە سازگارەکەوە بارگە و بنەی خستووە، پیاوێك لە کۆچەکەیدا لە ژێر ڕەشماڵدا پاڵ کەوتووە و گوێی لە خوڕەی شەتاوەکە بووە، وتوویەتی ئاخ ئێستا پڕی کۆچەڵێك لەو ئاوەم بخواردایەتەوە. مەحمودی یاروەیس گوێی لەم ئاوات و خۆزگەیە دەبێت، کابرا بانگ دەکات، ئەڵێ ئادەی فلان کەس بڕۆ پڕی ئەو کۆچەڵەیە ئاوم بۆ بێنە، ئەویش ڕا دەکات ئاوەکەی بۆ دەهێنێت، ئەڵێت ئادەی بیخۆرەوە، سوێند بەخوا نابێ دڵۆپەیەك لە کۆچەڵەکەدا بمێنێتەوە. تۆ ئەوە سەرچاوەی ئاوەکەیە لە نزیکتەوە، ناتوانیت بچیت تێری لێ بخۆیتەوە ئاواتی بۆ دەخوازیت!

هەروەها باوکم باسی خۆیانی دەگێڕایەوە لە کوێستانەکانی سەقز و لە نزیکی کێوی سوڵتان ئاخزۆتیدا وارگەیان خستووە و ئەمان مناڵ بوون، مافەتە داوێتی لە ئاژەڵەکانیان، کە جۆرە کرمێکە دەچێتە ناو پوش و پاوان و ئاژەڵ دەیخوات و توشی مافەتەی دەکات، چونکە ژەهراوییە ئاژەڵەکە

دەکوژێــت، بەڵام گۆشــتەکەی بــۆ خــواردن دەبێــت. ئەیــوت شــوانەکە ئاژەڵەکەی سەر دەبڕی و لەسەر بەردێك دای دەنا، بـانگی ئێمەی دەکـرد کە لە قەدپاڵی کێوەکە یاری خلیسکێنمان دەکرد لە سەر بەفر.

ئەیوت: من و حاجی مستەفا، کەریمی ئەلی، مامەعەزیز، حاجی خالید یاریمان کردووە و درەختێکـی وەك تەرووومـان هەڵکێشـاوە چـوینەتە سـەر لوتکەی کێوەکە لەوێ خسـتوومانەتە ژێرمـان و خۆمـان بەرداوەتەوە هەتـا دامێنی کێوەکە ڕۆشتووین، چونکە بەفرەکە بەسـتوویەتی وەکـو بەرق تیـژ هاتووینەتە خوارەوە و تا ڕوومان نەکرایەتەوە بەرزاییەك نەوەستاوینەتەوە.

شوانەکە ئاژەڵەکەی سەر دەبـڕی و لەسـەر بەردێـك دای دەنـا، بـانگی دەکردین، وەرن بۆ لای ئاژەڵەکانتان داویانە بە دەسـتەوە، سـەرم بڕیـون و دامنــاون. ئــێمەش لە داری زۆر و زەبەنــدی ئەو کوێســتانە ئــاگرێکی گەورەمـان دەکـردەوە، تـا دەمـانتوانی گۆشـت و جگەرمـان دەبرژانـد و دەمانخوارد، بەشی خۆیشمان دەبردەوە.

## * دەسەڵاتی مەحمود پاشای جاف لە کۆتاییدا بەکوێ گەیشت؟

مەحمــود پاشــای جــاف لە کۆتاییەکــانی دەســەڵاتیدا نێــوانی لەگەڵ کاربەدەســتانی عوســمانی تێــك چــوو، بڕیــاری دەســتگیرکردنی لە لایەن دەسـەڵاتەوە بـۆ دەرچـووە. کەریـم بەگـی خـانزادە جـوانە سەرلەشـکری ئۆپراسـیۆنەکە پیــاوێکی هەمەوەنــدیی بــووە، هەزار چەکــداری ســەر بە عوسمانی بە شوێنەوە بووە، هەموو ئێستریان لە ژێردا بووە، دەکەونە شوێنی پاشا شوێنی بۆ دەستگیرکردنی.

مەحمود پاشا دوو ئەسپی ڕەسـەنی باشـی ئامـادە کـردووە، ئەسـپێکیانی خستووەتە ژێـری و ئەسپێکیشـیان لە گونـدی ئـالان لای پیـاوێکی گڵاڵـی داناوە تا خزمەتی بکات، پێی ئەڵێت خزمەتـی ئەم ئەسـپەم بـۆ بـکە تـا لەو سەرەوە دەگەڕێمەوە. هێزەکەی کەریم بەگ کەوتوونەتە شوێنی، ئەویـش خۆی گەیاندووەتە قەڵای شەمێران و خۆی لەوێ شاردووەتەوە، هێزەکە لە

شاخی زمناکۆوە دەچن بۆی ، ئەویش دووبارە دێتەوە بۆ گوندی ئالان، ئەسپە ماندووەکەی ژێری دادەنێت و سواری ئەسپەکەی تر دەبێت، دێت لەناو نێرگزەکانی گوندی بێڕەشکەوە دەڕوات و هێزیش بە دوایەوە دەبێت، بۆیە لەناو جاڕە نێرگسەکەوە ڕۆشتووە، چونکە ئەسپ سمی پانە و تیایدا ناچەقێت، بەڵام ئێستری ئۆردووی تورك لەوێ دەچەقن، چونکە سمیان باریکە، بەرەو بناری سورێن و گوندی بانی بنۆك دەچێت، لەوێ خۆی حەشار دەدات. سوپای تورك دیسان لەوێ هەڵی دەکەنن، ئەویش دێتەوە خۆی دەگەیەنێتەوە بە گوندی ئالان، ئەسپە ماندووەکە دادەنێت و ئەسپەکەی تر لەگەڵ خۆیدا دەبات، دەچێتەوە بۆ شەمێران. بەم شێوەیە بۆ ماوەی ساڵێك یاری بە هێزەکەی تورك دەکات و زۆر بێ تاقەتیان دەکات، لە هەمان کاتیشدا خۆی لەم ڕاکردن و خۆشاردنەوەیە بێزار دەبێت و کەسیشی بەدەستەوە نامێنێت هاوکاری بکەن، ئەوا بە شوێن چارەسەرێکدا دەگەڕێت، کە لەو بارودۆخە ڕزگاری ببێت.

مەحمود پاشا ناچار خۆی دەگەنێت بە ویلایەتی موسڵ و لەوێشەوە لە سەر بەڵێنی کەسێکی ئاشنای کە لای سوڵتان عەبدولحەمید ڕێزی هەبووە، خۆی و عەلی بەگی برای دەچن بۆ ئەستەنبوڵ و خۆیان ڕادەستی حکومەتی عوسمانی دەکەن.

لەوێ لێکۆڵینەوەی لێ دەکەن و دەیانەوێت سزای بدەن، حوکمەکەشی ئەوە بووە کە بیبەستن بە دەمی لولەی تۆپێکەوە و لەوێ بیکوژن و کۆتایی پێ بهێنن. دۆستەکەی دەکەوێتە خۆی تا کارێکی بۆ بکات، سوڵتان ڕازی نابێت لێی خۆش ببێت. ئەو دۆستەی ڕێگەچارەیەك دەدۆزێتەوە، ئەڵێت بەو لیژنەیەی کە بڕیاری سێدارەکە جێبەجێ دەکەن، ئەو کوڕە جوانەی لەگەڵ مەحمود پاشادایە- ناوەکەیم بیر نەماوە- ببەستن بە دەمی لولەی تۆپەکەوە، بۆ ئەوەی لەو کاتەدا سوڵتان ببینێت و بەزەیی پێدا بێتەوە.

کاتێ سوڵتان دێت و دەیەوێت چاوی بە کوشتنی مەحمود پاشا

بکەوێـت، کـوڕێکی زۆر جـوان دەبینێـت، بەسـتراوە بە دەمـی لـولەی تۆپەکەوە، سەری سورِ دەمێنێت! ئەڵێت ئەمە کێیە؟ ئەو دۆسـتەی مەحمـود پاشـا ئەڵێـت قوربـان ئەمە کـوڕی مەحمـود بەگە و دەیەوێـت لە پێشـی بـاوکییەوە ئەو بکـوژن و سـوورە لە سـەر ئەوەی کە لە دوای بـاوکی بە زیندویی نەگەڕێتەوە بـۆ هەڵەبـجە. ئایـا فەرمـانی جەنـابی سـوڵتان بەچییە؟ ئەویش ئەڵێت نابێت مێردمناڵێکی وا جوان بەبێ تاوان بکوژرێـت، وا لەبەر خاتری ئەو مناڵە مەحمود بەگ دەبەخشم.

## * ئایـــا جافەکـــان بەشـــدارییان کـــردووە لە شۆڕشـــە ڕزگاریخوازەکاندا، یان وەکو هێزێکی شەڕکەر بەکارهێنراون بۆ بەرژەوەندی خەلیفە و میرەکان؟

- لە زەمەنی (سالار الدولة)ی کوڕی موزەفەرەدین شـای فەرمـانڕەوای ئێـران دا خەڵکـی شـاری تەبرێـزی ئێـران هەڵـدەگەڕێنەوە لە دەوڵەت و شۆڕشێك بەرپا دەکەن، بۆ مەبەستی گرتنەوە و کۆنترۆڵکردنەوەی شارەکە سـالار الدولـة داوای یـارمەتی لە عـێلە کوردییەکـان بە عێلـی جافیشـەوە دەکـات. ئەوانـیش بە حەوت سـەد و پەنجـا سـوارەوە بەشـداری لە حەسرکردنی شاری تەبرێزدا دەکەن، وە هێز و غیرەت و ئازایەتی خۆیـان بۆ (ئەبولفەتح میرزا سالار الدولة) پیشان دەدەن، کە خەریکـی قـایمکردنی جێپێی خۆی بووە لە ئێراندا. بەڵام پـاش مـاوەیەك پشـت دەکەنە نـاوبراو و هێزەکەی جاف بەجێی دەهێڵن.

هێزەکەی جاف لەکـاتی گەڕانەوەیانـدا، لە دەشـتی گەڵـگەی نزیـك بە شاری پێنجوێن، کە شوێنی خستنی بارگە و بـنەی خۆیـان بـووە، ڕەشـماڵ هەڵدەدەن و بە نیازن لەو شوێنەدا بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بمێننەوە. هەنـدێکیان دەکەونە شرِەخۆری بێستانەکانی ئەو دەشتە، داری بەسەر بەردەوە ناهێڵن و هەمووی نەرمەقوت دەکەن. جوتیاری ناوچەکەش نزیك بوون لە دەوڵەتـی

ئێرانەوە، عەرزوحاڵ دەدەن کاربەدەستانی ناوچەکە و سکاڵا دەنووسن کە سوارەکانی جاف هیچیان لە تەڕەکاڵ بۆ نەهێشتوونەتەوە، جگە لەوەی بەروبوومەکەیان خواردوون، بە ئاژەڵەکانیشیان کشتوکاڵەیان لە ڕەگ و ڕیشەوە دەرهێناوە و ڕەنج و ماندووبوونی ساڵێکیان بە زەرەر ڕۆشتووە.

کاربەدەستانی دەوڵەتی ئێران بە تایبەت سالار الدولة زۆر بێ وەفا دەبێت بەرامبەر بە جافەکان، ئەم گلەیی و گازندەیەی جوتیارەکانی ناوچەکە گەورە دەکات و دەیەوێت لەو ڕێگایەوە تۆڵەی خۆی لەو پشت تێکردنەی جاف بکاتەوە کە لەو کاتەدا بەجێیان هێشتبوو. وەفای ئەوەی نەبووە کە پێشتر شەڕیان بۆ کردووە، لەبری ئەوەی بە قەرەبووکردنەوەی جوتیارەکان لە لایەن جافەکانەوە حوکم بکات، دێت کەیخوسرەوبەگی دووەم کوڕی مەحمود پاشا و دەستەبژێرێك لە پیاوە ئازاکانی جاف کە هەژدە کەس بوون دەستبەسەر دەکات و حوکم دەکات بە تیرباران کردنیان.

سالار الدولة خۆی ئامادەی ڕێوڕەسمی حوکمەکە بووە و لەسەر کورسی و فەرشی سوور پاڵی داوەتەوە و هەر ئەوەندەی مابووە ئاماژەیەك بە دەستی بکات و جەلادە جل سوورەکان بدەن لە گەردنی جافەکان.

لەو کاتەدا مامە حەمەی مەحمودی یارەویس کە خۆی یەکێك بووە لە دەستگیراوە حوکمدراوەکان و دواتر لە شەڕی ڕووسدا لە ملەی ئەربابای بانە شەهید بووە، لەوێدا کە خەریکە فەرمانی ملپەڕاندنیان دەربکرێت، خەنجەرێکی لە ناو شەکبەنەکەی ژێر پشتوێنەکەیدا هێناوەتە دەرەوە و لەژێر کەوا و سەڵتەکەیدا بەبێ کێلان ئامادەی وەشاندنی کردووە.

سەبار ئاغای گلاڵی و کوێخایەکی میکائیلی لە تەنیشتییەوە ئەبن، ئەڵێن، محەمەد نیازی چیت هەیە؟ ئەویش ئەڵێت: سوێند بەخوا نایەڵم ئەو جەلادە بگاتە سەر کەیخوسرەو بەگ من بەم خەنجەرە دای ئەپاچم، خۆ ئێمە هەر ئەکوژرێین، با چەند کەسێکیان لێ بتۆپێنم، ناوبراو خوێندەوار و

فارسی زانێکی باش بووە، بە فارسییەکی ڕەوان دەکەوێتە وتوویژ لەگەڵ سالار الدولة دا و پێی دەڵێت:

جەنابی شاهەنشا مۆڵەت دەدەن هەندێ قسە بکەم، ئەویش وتوویەتی ئادەی قسە بکە بزانم دەڵێی چی؟ مامە حەمە وتوویەتی جەنابی شاهەنشا ئەم حەوت سەد و پەنجا سوارەی جاف کە تۆ بینیوتن، بەلای مەحمود پاشای جافەوە وەکو پوشێك وایە کە لە ناو کایەنێکدا بیدۆزیتەوە، واتە جاف هێندە زۆرە کە ئەم ژمارەیەش بکوژێت پێوەی دیار نییە. دواتر کەوتووەتە ناوهێنانی ئەو شوێنانەی کە جافن و لە ژێر قەڵەمڕەوی جافەکاندان، لەو شوێنەی خۆیانەوە تا سەعدییە و شارەبان و تا کەرکوك و قادرکەرەم و ئەو ناوچانە ڕۆشتووە و دواتر هێناوییەتییەوە بۆ سورداش و میاندواو تا بناری هەورامان و چەند ناوچەیەکی تریشی خستووەتە سەر کە هەر فڕیان بە جافەوە نەبووە. وتویەتی ئەم هەموو ناوچانەی باسم کرد سنووری قەڵەمڕەوی جافن، تۆ بۆچی ئەم مەملەکەتە گەورەیە لە خۆت ئەتۆرێنیت و ئەیانکەیت بە دوژمنی خوێنەخۆرت؟ ئەوەش لە سەر بێستانێك شوتی و کاڵەك و سەبەتەیەك خەیار ئەتەوێت بدەیت لە ملی ئەم سوارچاکانەی جاف؟ ئایا ئەمە ڕەوایە بە لای جەنابتانەوە؟ ئێمە وامانزانی تۆ لەبری ئەو یارمەتییەی لە شەڕی تەبرێزدا پێشکەشمان کردوویت، چاوپۆشی لە ئێمە دەکەیت و قەرەبووی جوتیارەکان دەکەیتەوە!کەچی خەریکە ملمان دەپەڕێنیت!

مامە حەمە بە قسەکانی جافی هێندە گەورە کردووە، سالار الدولة بۆ ماوەیەك مات بووە و دواتر سەری بۆ لەقاندووە و پێی وتووە کوڕم تۆ ڕاست دەکەیت، ئادەی قسەکانتم بۆ دووبارە بکەرەوە، مامە حەمە جارێکی تر قسەکانی دووبارە کردووەتەوە بۆی، دیسانەوە جەختی کردووە کە جارێکی تریش بۆی بڵێتەوە وتوویەتی ئادەی کوڕم سێبارەی بکەرەوە، مامە حەمە چی وتبوو جارێکی تر هەمووی وتبوویەوە.

لە ئەنجامی ئەم قسانەی مامە حەمەدا سالار الدولة وەکو جامێك ئاوی

سارد بکەیت بەسەریدا هاتووەتەوە هۆشی خۆی و هەستاوەتە سەرپێ، وتوویەتی بە مامە حەمە، ئادەی کوڕم وەرە بۆ لام، ئەویش چووەتە بەردەستی. سالار الدولة باوەش دەکات بە مامە حەمەدا و ئەملاولای ماچ دەکات و دڵی دەداتەوە. بانگی کەیخوسرەوبەگ و حوکمدراوەکان دەکات و دەڵێت بە دەستوپێوەندەکانی ئادەی یەکی تۆپێك قوماش بدەن بەم سەردارانەی جاف، نۆزدە تۆپ قوماشی شاڵی تورمەیان وەرگرتووە و گەڕاونەتەوە.

کاتێ دێنەوە سەبار ئاغای گڵاڵی ئەڵێت محەمەد خوا هەرچی جاف هەیە بیانکات بە قوربانی مەحمودی یاروەیسی باوکت، کە تۆی ناوەتە بەر خوێندن و ئەو زمانە فارسییە باشە دەزانیت، یاخوا باوکی ئێمە لەوەلا تر بڕوات کەوا ئێمەی بێ بەش کرد لە سەواد و خوێنەواری، هەر کار و بەرخی پێ لەوەڕاندووین[(١)].

## * پەیوەندی جاف لەگەڵ شێخ مەحمودی حەفید چۆن بوو؟

- لە ٦ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٤دا هێزەکانی بەریتانیای داگیرکەر پێی خستە سەر خاکی عێراق و شاری بەسرەیان داگیر کرد، کە ئەو کاتە وڵاتی عێراق بەشێك بوو لە دەوڵەتی عوسمانی. لە سەرەتاوە کە شێخ مەحمود لە دژی بەریتانیای داگیرکەر شۆڕشی کرد و لە شوعەیبەی نزیك بەسرە ڕووبەڕوویان بوویەوە، جافیش وەکو ئەرکی ئایینی و نیشتمانی خۆی لەگەڵ پاشماوەی سوپای عوسمانی و شۆڕشگێڕە عەرەب و تورکمانەکاندا، بەشدار بوون لەو هەڵمەتەدا و سەدان سواری ئازا و

---

(١) مامە حەمە ناوی تەواوی (محەمەد مەحمود یاروەیس)دواتر لە ١٢ی تەموزی ساڵی ١٩١٧دا لە سەنگەری بەرگری کردن لە شاری بانە و ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە لایەن ڕووسەکانەوە شەهید دەکرێت، وە لە گۆڕستانی گەورەی شاری پێنجوێن بەخاکی دەسپێرن و گڵکۆکەشی لە لایەن خەڵکی ناوچەکەوە بە شوێنێکی پیرۆز دەزانرێت و پێی دەڵێن مەزاری (شەهید محەمەدی غەزایی).

بەجەرگ و موجاهید خۆیان خستە ناو سوپاکەی شێخ مەحمودەوە و لەو پێناوەشدا شەهیدیان داوە.

چەندین شۆڕە سواری ئەم ناوچەیەی خۆمان بەشداری ئەو شەڕەیان کردووە، لەوانە مام حەمەئەمین ئەحمەد فەتاح لە ئامۆزاکانی باوکم، ئەوڕەحمانی حەمەی مستەفا شەشکی، حەسەن وەیسی تەپەکوڕەیی، وە لە شەڕی حەببانییەش کە هەر بەرامبەر بە ئینگلیزەکان کرا حەمەی حاجی باوا خالۆی مامە حەمۆلی ئامۆزامان، کە دەکاتە باپیرەی میرۆ و سوعادی حەمەئەمینی ئەوڕەحمان لە گوندی جان جان، لەوێ شەهید بووە[1].

(١) لە ڕۆژی ١٩١٤/١١/٦دا هیزەکانی بەریتانیا بەندەری فاویان داگیر کرد. وە لە ١١/٢٢ ئەو ساڵەشدا شاری بەصرەیان کۆنترۆڵ کرد، بەمەش عێراق بوو بە مەیدانی شەڕ و کوشتار. دەوڵەتی عوسمانیش لەبەرئەوەی لە حاڵی سەرەمەرگ و هەڵوەشانەوەدا بوو، نەیدەتوانی بەرەنگاری سوپای پڕ چەك و جبەخانەی بەریتانیای گەورە ببێتەوە. لە سەرەتاوە بەریتانیا ٩٢ هەزار سەربازی هینا بۆ داگیر کردنی عێراق، کە سی و سێ هەزاریان کوژران . بەڵام دواتر ژمارەی سەربازەکانی زیادکرد بۆ ٤١٠ هەزار سەرباز. لە١٩١٥/٤/١٢ دا دوانزە هەزار چەکداری عەرەب و تورکمان و دوو تا سێ هەزار چەکداری کورد بە سەرکردایەتی شێخ مەحمودی حەفید بەرەنگاری ئینگلیزەکان بوونەوە و هەڵیان کوتایە سەر سەربازگەی شوعەیبە کە شوێنێکی گرنگ بوو بۆ بەریتانییەکان. لەم شەڕەدا لەبەر نابەرامبەری لە ژمارەی سەرباز و چەکدا عێراقییەکان نەیانتوانی زۆر پێشڕەوی بکەن، تەنها چەند تەپۆڵکەیەکیان گرت، دواتر ئەوانیشیان لێ سەندنەوە و بەرەو دواوە پاشەکشەیان پێ کردن. ژمارەی کوژراوانی هەردوولا تەنها لەم شەڕی سەربازگەی شوعەیبەدا هەزار و دووسەد و پەنجا و حەوت کوژرا و بریندار لە بەریتانییەکان و دوو هیندەش لە عێراقییەکان بوو، کە گەورە پیاوی کورد نامیقی عەلی ئاغای داوودە و ڕەشید پاشای کۆنە موتەسەڕیفی مونتەفیك خەڵکی شاری سلێمانیان تێدابووە.

بەشی زۆری ئەو چەکدارە کوردانەی کە بە سێ هەزار کەس مەزەندە دەکران، بریتی بوون لە لایەنگرانی شێخ مەحمود و کوڕگەلی داودە و دەلۆ و زەنگەنە و هەمەوەند و جافی دەوروبەری کەلار .

گوندی شوعەیبە کەتبووە باشوری ڕۆژئاوای شاری بەصرە و لەڕووی ستراتیجبەوە بۆ هەردولا گرنگ بوو، چونکە ئەو ڕێگە سەرەکییانەی بۆ شاری بەصرە دەچوون بە گوندی شوعەیبەدا تێدەپەڕین، هەر بۆیە ئینگلیزەکان سەربازگەیەکی گەورەیان لەوێ دامەزراند. شەڕی شۆڕشگێڕانی عێراق و ئینگلیز لەو سەربازگەیە لە ١٩١٥/٤/١٢ دەستی پێ کرد.(سەرچاوە/ دکتۆر کمال مەزهەر، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، ←

وە هەرکات شێخ مەحمود پێویستی بە هێزی جاف هەبوایە، جافەکان درێغییان نەدەکردو بەدەم داواکارییەکەیەوە دەڕۆشتن، هێزی پێویستیان بۆ ڕەوانە دەکرد، بەڵام هەر ئەو دەستوپێوەندەی شێخ کاتێ مەغرور دەبوون، دەکەوتنە داوای سەرانەو باج وەرگرتن لە جافەکان.

ساڵانی دواتر کە شێخ مەحمود لە سلێمانی دەرکرا و هاتە سنووری ئیران، چەند جارێك چەکدارەکانی ناوبراو لە نزیك شارۆچکەی پێنجوێن دادەنیشتن بۆ سەرانە وەرگرتن لە کۆچەرییەکانی جاف، هەرکەس قایل نەبوایە بە سەرانە دان، ئەوا تەقەیان لێ دەکرد. لەسەر یەکێك لە لوتکەکانی شاخی ملەکەوەی پێنجوێن ڕەشاشێکیان بۆ ئەو مەبەستە دانابوو، تەقەیان لە جافەکان کردبوو. یەکێك لەو جارانە ئافرەتێکی حامیلەی هۆزی جاف بەرکەوت، قاچی مناڵەکەی لە سکی هاتە دەرەوە.

مام ئەحمەد کوڕی فەتاحی مەحمودی یاروەیس لە ئامۆزاکانی باوکم کەسێکی بەشان و شەوکەت و بەغیرەت بوو، لەپشتەوە ڕۆشتبوو بۆیان و هەڵیکوتابووە سەر ئەو ڕەشاشەی چەکدارەکانی شێخ مەحمود و دەستی گیرکردبوو لە ملیوانی چاکەتی عەدەد ڕەشاشەکە و فڕەی دابوویە خوارەوە، خۆی چووبووە سەر ڕەشاشەکە و بەو شێوەیە جافی ڕزگار کردبوو.

دواتر شێخ مەحمود فەرمانی گرتنی بۆ مام ئەحمەد دەرکردبوو، مەحمود خانی کانی ساسان پێی وتبوو یا شێخ تۆ بۆچی لەگەڵ جاف تێ هەڵدەچیت، هێزی جاف کەم نین و هەمویان پیاوی شەڕکەر و ئازان، تۆش لەم کاتەدا لەزێدی خۆت هەڵکەنراویت و تەنها ئێرەت بەدەستەوە ماوە، ئەمە کارێکی حەکیمانە نییە دەیکەن، هەروەها ئەحمەدی فەتاح کوڕەزای مەحمودی یاروەیسە و بنەماڵەیەکی بەناوبانگی جافن، گرتن و ئەزیەت دانی کارێکی ئاسان نییە، وازی لێ بێنیت باشترە.

---

بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، هەولێر، لاپەڕە/ ١٥-١٦-١٧-١٨).

بەم قسانە شێخ مەحمود دەست لەو بابەتە هەڵدەگرێت و جافەکان ئاشت دەکاتەوە و تۆپێك شاڵ پێشکەش بە مام ئەحمەد دەکات و دەڵێت: "ئەحمەد بەخوا مادەم ئەوەندە پیاویکی ئازایت خۆشم دەوێیت، وە دەبێت کەسێکی خۆتم بۆ بنێریت لای من بیێت بە پێشمەرگە" ئەوەبوو مام ئەحمەد بۆ نییەت پاکی و بۆ ڕەوینەوەی ناکۆکی لە نێوان جاف و شێخ مەحموددا و لەبەر خاتری ئەوەش شێخ لە زێدی خۆی هەڵکەنرابوو، مام حەمەئەمینی کوڕی نارد کردی بە پێشمەرگەی شێخ مەحمود.

## * پەیوەندی باوکتان (حاجی عوسمانی یاروەیسی) و حەسەن بەگی جاف چۆن بوو؟

- باوکم و حەسەن بەگی جاف - جێگای هەردووکیان بەهەشتی بەرین بێت- نێوانیان زۆر خۆش بوو، وەکو برا و کەسی نزیك وابوون بۆ یەکتری. حەسەن بەگ لە بەغدا نایب واتە ئەندام پەرلەمان بوو، هەرکات بهاتایە بۆ شارەزوور لەلای باوکم دەمایەوە و ڕاو و شکاریان پێکەوە دەکرد، وە باوکیشم هەرکات دەچوو بۆ بەغدا سەردانی ماڵی ناوبراوی دەکرد.

جارێك باوکم ڕۆشتووە بۆ ماڵیان، ناوبراو تەلەفۆنی بۆ مامۆستا عەلائەدین سەجادی کردووە و وتوویەتی عەلائەدین مژدە، کاك عوسمان هاتووە بۆ ماڵمان، مامۆستا عەلائەدین سەجادی خێرا بەرەو ماڵ حەسەن بەگ دەکەوێتەڕێ و تەلەفۆنیشیان بۆ هاوڕێیانی تریان کردووە کە بێن بۆ ئەوێ و کۆڕی دەمەتەقە گەرم بکەن، لەوانە دکتۆر هاشم و فوئاد عارف یاوەری مەلیك غازی و چەند وەزیرێك کە ئاشنای خۆی بوون. هەروەها نازم تەبەقچی و مەحمود عەزیز و فازیل شەدرە و چەند کەسایەتییەکی تری بەغدا هەموویان لە ماڵی حەسەن بەگ کۆبوونەتەوە. باوکم بەکوردی باس و بەسەرهاتی خۆی و کۆچ و کۆچڕەوی جاف و باس و

بەسەرهاتەکانی شانامەی فیردەوسی بۆ کردوون و بۆی گێڕانەونەتەوە. حەسەن بەگیش کردوویەتی بە عەرەبی بۆ میوانەکانی، ئەوانەیان کە زمانی کوردییان نەزانییوە.

دواتر باوکم دەستی کردووە بە گیرفانیدا و نامەیەکی دەرهێناوە و داویەتی بەدەست مامۆستا عەلائەدین سەجادییەوە. کاتێ ناوبراو نامەکە هەڵدەبچڕێت، ئەڵێت ئەمە نامەی مارفە، دەستخەتەکەی دیارە- واتە نامەی مامۆستا مەلا مارفی تەپی سەفا بووە- کە خاوەنی خەتێکی زۆر جوان بووە و هاوڕێی سەجادیش بووە. وەزیرەکان نامەکە لە سەجادی وەردەگرن و تەماشای خەتەکەی دەکەن، زۆر سەرنجیان ڕادەکێشێت.

مامۆستا لە نامەکەیدا داوای چەند کتێبێکی لە سەجادی کردووە بۆی بکڕێت و بە باوکمدا بۆی بنێرێتەوە. حەسەن بەگیش وتوویەتی: عەلائەدین سبەی وەرە پێکەوە لە گەڵ کاك عوسماندا ئەچین بۆ کتێبخانەی سەلمان ئەلئەعزەمی لە شەقامی ڕەشید، لەوێ بۆی کامل دەکەین. کتێبەکانیان بە شەش دیناری ئەو زەمەنە کڕیوە، یەکێك لەو کتێبانە (مشاهیر الاکراد) بووە.

دواتر ئەڵێن کاك عوسمان، مارف ئەم کتێبی مەشاهیرەی بۆ چییە؟ باوکم وتوویەتی، وەڵا لەمارفم بیستووە ئەڵێ وەکو وانە بە قوتابی ومناڵەکانی خۆمی دەڵێم با یەکەم: زمانی عەرەبی شارەزا بن و دووەمیش: حەز ئەکەم شارەزای مێژووی نەتەوەکەیان بن.

## * باس لە پەیوەندی مامە عەزیزی فەتاحی مەحمودی یارەویس دەکرێت لەگەڵ حەسەن بەگی جافدا، ئەو پەیوەندییە چۆن بوو؟

- مامە عەزیز خوا لێی خۆش بێت دۆستی نزیکی حەسەن بەگی جاف بووە، وەکو خەزوورم و مەحمودی حەمەی سان ئەحمەد شەمێرانی ئەویش سەرکاری حەسەن بەگ بووە. ژنەکەی نەخۆش دەبێت پێکەوە لە

هەڵەبجە لەگەڵ حەسەن بەگدا دەچن بۆ لای پزیشك، دوای ئەوە ژنەكەی چاك نابێتەوە، ئەمیش بەیتێك شیعر بۆ پزیشكەكە دەنووسێت و هەجوی دەكات، مامە عەزیز خوێندەوارێكی باش بووە و لەگەڵ قسەی خۆشدا دەستی هۆنینەوەی شیعریشی هەبووە، شیعرەكەی مامە عەزیز بەم شێوەیە بووە:

خـــۆ ئێســـتە ژنـــان نەخـــۆش ئەكـــــــــــەون
دكتـــۆر بانـــگ ئەكەن بـــاش بـــۆی ئەخەون
ئەڵێـــــــــــن مەحـــرەمە خـــۆ دكتـــۆر باشـــی
بـــۆی حـــازر ئەكـــــــــــا ئەكەوێـــتە پاشـــی
شـــرینقەی دكتـــۆر وەك ژەهـــــــــــری مـــارە
تێـــــــــــی ئەڕژێنـــێ و ئـــەسێنێ پـــــــــارە
پـــــــــــارە ئەســـێنێ بەشـــەرتی چـــــــاكی
لاڵـــــــەو پـــــاڵی ئەخـــــا لەبەر مەشـــــاكی
جـــا ئەڵـــێ دكتـــۆر خـــاس چـــاكی كـــردم
نـــاڵێ پـــــــــارەم داو دكتـــۆر لێـــــــی بـــردم
عـــەقیـــــــــدە بـــڕا و ئیـــسلام نـــــــــەماوە
هەر بە شریـــــــــنقە عالەمیـــــــــان گ...وە.

پزیشكەكە ئەچێت بۆ لای حەسەن بەگ و ئەڵێت: میرم هەرچیت كردووە ئەم كابرایەم لە كۆڵ بكەرەوە، بەڵێن بێت هەرچی داوا بكات بۆی دەكەم با هەجوم نەكات. مامە عەزیز دەڵێت: من هیچم ناوێت بەڵام با باش بن لەگەڵ ئەو خەڵكەدا.

ڕۆژێكی تر نامەیەك دێت بۆ حەسەن بەگی جاف، مامە عەزیز لە دوایەوە دەبێت، حەسەن بەگ دەڵێت ئادەی ئەو چاویلكانەم بۆ بێنن با ئەم نامەیە بخوێنمەوە. مامە عەزیز لە پشتەوە خێرا نامەكە دەخوێنێتەوە.

کەسێکی چاوپیس لە مەجلیسەکەدا دەبێت، دەڵێت بە مامە عەزیز: کوڕی ئەحمەدی فەتاح تۆ دووربینت ناوێت چاوەکانت دووربینن، باوکم وتی دوای هەفتەیەك مامە عەزیز چاوەکانی لەدەست دا و نابینا بوو.

## * دوای مەحمود پاشا کێ سەرۆکایەتی جافی گرتە دەست؟

- لە پاش کۆچی دوایی مەحمود پاشای جاف، کەریم بەگ کوڕی فەتاح بەگی کوڕی حەمە پاشای جاف، کە دەکاتە برازای مەحمود پاشا بوو بە سەرۆکی جاف. لە دەستپێکی سەرۆکایەتی ئەودا ئینگلیزەکان شارەکانی هەولێر و کەرکوك و سلێمانی و کفرییان داگیر کرد، بەشێکی زۆری جافەکان نیشتەجێ بوون و سەرقاڵ بوون بە کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییەوە، هێزی چەکداریی هەر مابوو، تێکەڵاو بە شۆڕشەکەی شێخ مەحمود دەبوونو شەڕی ئینگلیزیان دەکرد.

## * تیرەو هۆزەکانی جاف لە نێو خۆیاندا چۆن بوون، ئایا ڕەچاوی برایەتییان دەکرد، یان ناکۆکی دەکەوتە نێوانیانەوە؟

- جافیش مرۆڤە و خەسڵەتی خێرو شەڕی وەکو هەر مرۆڤێکی تر لە ناخیدا هەیە، دوای ئەوە زۆرینەشیان ئۆمی و نەخوێندەوار بوون. بۆ ئەو شێوە ژیانەی ئەوان کە کۆچەر بوون خوێندن ئاسان نەبووە، چونکە مەلای وانەبێژ و قوتابی زانست و فەقیەـ شوێنی گونجاو و لەباریان ویستووە بۆ ئەوەی تیایدا بمێننەوە، ئەوان نەیانتوانیوە وەکو گوندنشین و شارنشین حوجرە و خانەقایان هەبێت تا وانەی تێدا بخوێنن و کتێب و سەرچاوەی زانستیی بۆ پەیدا بکەن. تەنها ڕێژەیەکی کەم میرزا و خوێندەواریان هەبووە، بەوەش ئاستی تاکی ئەو عیلە زیاتر لە دەشتەکێتییەوە نزیك بوون، کە خاوەنی حەماس و جوامێری بوون و زبرییان پێوە دیار بووە، وە قسەی کەسیان پێ قبوڵ نەکراوە. هەربۆیە لێرە و لەوێ بە یەکدا هەڵگژان و

ســەنگەر لەیەك گرتنیشــیان هەبــووە، بەڵام خێــرا کپیــان کــردوونەتەوە و لەیەکتری خۆش بوونە.

وا بزانم لە ڕشتەی مرواری مامۆستا سەجادیا هەیە، دەگێڕنەوە خوالێیان خۆش بێت ( شافەرەج ) باوکی کاك سابیر دەمڕاستی تیرەی وردە شاتری، لەو گەرمیانە بارێك گەنـم دەنێرێـت بـۆ ئاشـی گونـدی سـەی خەلیـل بـۆ ئەوەی بۆی بهاڕن و بیکەن بە ئارد، شەویان بەسەردا دێت، بارە گەنـمەکە دەدزرێت و هەواڵ دەنێرنەوە بـۆ شـا فەرەج کە بـارە گەنـمەکەی دزراوە، شافەرەجیش دەڵێت دزی من کەس نـیە تەرخـانی نەبێـت! بـانگی میـرزای هـۆزەکەی دەکـات و دەڵێـت بەزوویـی نـامەیەکم بـۆ بنووسـە بـۆ حەمە حەسەنی ڕەیسی تەرخانی و پێی بڵێ :

دێزە سووری خۆت مەهەسوو لە دێزە ڕەشی من، ئەگەر تۆ درەنگەت لێوە دێت من زرنگەم لێوە دێ، سۆیە واتە( سبەی ) وادەمان پشـتی وارگە درێژ وێت، نەیەژیت وە نامەردی هاتەسەرم، خۆت و لەشکرت حازر ون.

وەڵامی حەمە حەسەنی تەرخانی بەم شێوە بووە:

سەرباشقەی وردە شاتری شا فەرەج، دێزە سووری خۆت مەهەسـوو لە دێزە ڕەشی مـن، بـرا مـن گەمەی وانـاکەم، تـۆ زرەنـگەت لێوەبێـت، مـن خششەم لێوەدێت، تۆ هەسوونی منیش گورێس، وەخـوام سـپاردی . حەمە حەسەن نامەکە لەگەڵ بارێك گەنمدا دەنێرێتەوە بۆ شافەرەج، بەو حەکیمی و دانـایی و لە خۆبـوردەییەوە بەر لە فیتـنە و شـەڕە نـاڕەوا دەگرێـت کە یەخەی گرتبوون.

مەحمودی یاروەیسی باپیرەم لە زەمەنی مەحمودپاشای جافـدا چەنـدین ناکۆکی نێوان خێڵەکانی جافی کپ کـردووەتەوە و ئـاوی پێـدا کـردووە. ئەو گەورە پیــاوانە کە میــرزا و خوێنــدەوار بــوون، هەوێنــی ئاشــتی و چاوساغی ناو هۆزەکە بوون، نەیانهێشتووە ناکۆکی و دەنگەدەنگـی بچـوك گەورە ببێت و گرێی دەستیان پێش ئەوەی ئـاڵۆز ببێـت و ببرێـت بـۆ دەم کردووەتەوە.

## * لە دوای مەحمــودی یــاروەیس کــێ بــوو بە بــرا گەورەی یاروەیسییەکان؟

لە دوای شـەهید بـوونی مـامە حەمە لە بـانە و کـۆچی دوایـی بـاپیرە عومەرم و براکانی مام فەتاح و مام عەلی، مام ئەحمەدی فەتاح دەبێـت بە ڕیـش سـپی و بـرا گەورەی یاروەیسـییەکان. پیـاوێکی بە هەیـبەت و بە هەیکەل بوو، مەچەك و دەستی ئەستوور و پـڕ مـوو بـوو، ئێسـکی قـایم و قیافەی ڕێك و جـوان بـوو، سـوارچاکی هۆزەکەمـان بـوو، مـن لە پیریـدا بینیـومە،ماڵیـان لە تەنیشـتی مزگەتـدا لەو شـوێنەی مـاڵی عـومەری کـاك ئەحمەددا بوو. ئەو کـاتەی کە چەکـدارەکانی شـێخ مەحمـود ڕێگایـان لە جاف گرت و داوای سەرانەیان لـێ کردبـوون، مـام ئەحـمەد بە خـۆی و مەفرەزەیەکەوە چوو بـوو بۆیـان، خـۆی بەتەنهـا ڕۆشـتبوو بـۆ گرتنـی ئەو ڕەشاشـەی کە لەسـەر لـوتکەی شـاخی مـلەکەوەی پێنجـوێن دانرابـوو، وە لەوێوە تەقەی لە جافەکان کردبوو. مام ئەحمەد لە پشتەوە بۆی چوو بـوو، دەسـتی کردبـوو بە ملیـوانی ئەو چەکـدارەدا و هەڵیـدابووە خـوارەوە، لە ئەنجامدا قاچ و دەستێکی شکاندبوو. بەو شێوەیە جافی ڕزگار کردبوو.

## * لەسەرەتای سەدەی بیست و یەکەم و بە تایبەت ساڵی ٢٠٠٢دا جاف هەوڵیدا خۆی کۆ بکـاتەوە و هێـزی مەعـنەوی بـۆ خـۆی بگێڕێتەوە، کێ ڕۆڵی سەرەکی لەم هەوڵەدا هەبوو؟

- شایانی باسە لەدوای ڕوخانی دەسەڵاتی پاشایەتی لە عێراقـدا و هـاتنە ناوەوەی ڕەوتە چەپ و کۆمۆنیسـتییەکان و شـیوعییەکان، ڕۆڵـی عەشـایەر بەرەو کزی ڕۆشت، جافەکانیش بەهـۆی شـێوازی نـوێی ژیـانی نیشـتەجێ بوونیان هێز و پێزی جارانیان نەما و هەر هۆزو تیرەیەك سەربەخۆ گرنگـی بەخۆی دەدا و لەخەمی ئەوانی تردا نەبوو، کە تا دوێنێ برا بوون و لەژێـر

سـایەی چەترێکـدا مـردن و ژیانیـان پـێکەوە بـووە، وا ئەمـڕۆ لەیەك دوور کەوتوونەتەوەو لەیەك دابڕاون.

کــاتێ حیزبــی بەعســیش حــوکمڕانی گــرتە دەســت، نەك تەنهــا برایەتییەکەیان نەما بەڵکو لە نێوان چەندین هۆز و تیرەی جافدا دوژمنایەتی و دووبەرەکی دروست بوو، تا دەهات لێکتـرازان ڕووی دەدا و لە یەکتـر دوور دەکەوتنەوە. ڕژێمی بەعس لە ژێرەوە هاوکاری عەشیرەتێکی دەکرد بچێت بە گژی عەشیرەتێکی تردا و پارە و چەکی بۆ دابین دەکـردن، بـۆ ئەوەی ئەوانیش پاڵ بدەن بە حکومەتەوە و ببن بە جاش و بەکرێ گیـراو. بەم شێوەیە زۆربەی سەرۆك خێلەکانی کوردی بە جافیشەوە کرد بە جاش و ڕاوێژکاری فەوجە سوکەکان.

لەدوای ڕاپەڕینیشەوە عەشیرەتە کوردییەکان لە نێوانیشیاندا عێلی جـاف دابەش بوون بەسەر هەردوو پارتی دەسەڵاتداردا و بەشـێکیان کەوتـنە لای یەکێتی و بەشەکەی تریـان لای پـارتی. شـەڕی براکـوژی زیـاتر لەیەکـی دوور خستنەوە و وەکو ئاردی بن دڕکی لێکردن. کار گەیشت بەوەی کە جافێك لەم سەنگەر و جـافێکی تـر لەو سـەنگەر بەخـوێنی سـەری یەکتـر تینوو بوون. فیتنە و ئاژاوەیەکی وا بەرپابوو بوو، مرۆڤی سـاغڵەم ئـاواتی بە مەرگی خۆی دەخواست.

لە ســـەرەتای ســـەدەی بیســـت و یەکەم پیـــاوێکی ئـــازاو دڵســـۆز، پێشمەرگەیەکی نەبەرد و وریا، سەرکردەیەکی خاکی و خەمخـۆر، کـوڕە جافێکی سینەساف، فەرماندەیەکی جەربەزە لە ڕۆژە سـەختەکانی خەبـات، یەکێك لە دامەزرێنەرانی شۆڕشـی نـوێ بە ڕابەرایەتـی یەکێتـی نیشـتمانیی کوردستان و ئەندامی یەکەم مەفرەزەی چەکداری، خولیای کـۆکردنەوەی جافی لە ژێـر سـایەی یەك چەتـردا کەوتە سـەر و پێشـنیاری ڤیسـتیڤاڵێکی سـاڵانەی بـۆ عـێلەکە گەڵاڵە کـرد. وە لەگەڵیشـیدا بنکەیەکیشـی بە نـاوی بنکەی ڕۆشنبیریی جاف کردەوە، کە دواتـر بـوو بە سـەنتەری ڕۆشـنبیریی ئێڵ بەگی جاف، کە ئەرکی سەرەکی ئەو سەنتەرە کۆکردنەوەی جاف و

ڕێکخستنی ڤیستیڤاڵی ساڵانەیە بۆ ئەو عێلە. ئەو سەرکردە مەزنە ئاستەنگ و ڕێگری زۆر بۆ دروستکرا، تانەی زۆری لێدرا، لە سەریان نووسی و دژایەتییان کرد، بەڵام ئەو بازی بەسەر هەموو کۆسپەکاندا دا و جارێکی تر ئەستێرەی جافی لە ئاسمانی کوردەواریدا درەوشاندەوە.

ئەو سەرکردەیەش شەهیدی سەرکردە شەوکەتی حاجی موشیر کوڕی محەمەدی مەحمودی یاروەیس بوو، کە بەسەرپەرشتی ڕاستەوخۆی خۆی و بە هاوکاری چەندین پیاوماقوڵ و کوێخا و ڕیش سپی و سەرکردە و فەرماندەی پێشمەرگە و کەسانی ئەکادیمی، یەکەم ڤیستیڤاڵیان لە بەهاری ٢٠٠٢دا لە گوندی قلیجە بۆ عێلی جاف ساز کرد. ئەو مەراسیمە کەرنەڤاڵێکی جوان و شایستەی وا بوو کە سەرجەم عێلی جاف بە زۆربەی هەرەزۆری تیرە و هۆزەکانییەوە بەشدارییان تێدا کرد و خەڵکێکی زۆری غەیری جافیش میوانداری کرابوون.

ئەو ڤیستیڤاڵە پێشوازییەکی گەرمی لێکرا و سەدایەکی باشی هەبوو لە نێو هۆز و تیرەکانی کوردستان بەگشتی و عێلی جاف بە تایبەتیدا. ئەمە وای کرد هۆزەکانی کەڵهوڕ و بڵباس و هەورامییەکان و چەندین هۆزی گەورەی تریش لە سەرانسەری کوردستاندا بکەونە خۆیان و چاو لە جاف بکەن و خۆیان کۆ بکەنەوە و بە سازکردنی ڤیستڤاڵی کلتووری یاد و مێژووی باب و باپیرانیان بە زیندوویی بهێڵنەوە.

بەڵێ ئەو کەسەی جافی لە پەرتەوازەیی و پەرشوبڵاوی ڕزگار کرد و کۆی کردنەوە شەوکەتی حاجی موشیر بوو. ئەو هەرچەندە مەرگ بواری ئەوەی پێ نەدا، ئاواتی دڵی بهێنێتە دی و شکۆی جاف بگێڕێتەوە بۆ لوتکەی شکۆمەندی، بەڵام دەرگای ئەو خزمەتەی بە کراوەیی لە دوای خۆی بەجێهێشت و ڕۆحی پاکی ئەو داوا لە هۆزو قەومەکەی دەکات، یەکگرتووبن و دەست بە پەتی یەکێتی و تەبایی و برایەتییەوە بگرن و لەیەك نەترازێن.

شەهید شەوکەت کە ئەو کاتە پەرلەمانتار و لە هەمان کاتیشدا بەرپرسی

مەکتەبی کۆمەڵایەتی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بوو، هێشتا هەرێمی کوردستان، لە ژێر کاریگەری خراپی شەڕی ناوخۆدا بە تەواوی نەهاتبوویە دەرێ و دام و دەزگاکانی دەوڵەت بە دوو ئیدارەیی لە لایەن پارتی و یەکێتییەوە بەڕێوە دەبران. لە هەمان کاتیشدا هێزێکی توندڕەوی تیرۆیست بە ناوی پیرۆزی ئیسلامەوە وەکو دومەڵێکی پیس لە ناوچەی هەڵەبجە و شارەزوور و هەورامانەوە هەڵتۆقی بوون، تیرۆریستانی بەناو جوندولئیسلام و ئەنسارولئیسلام کاریگەری خراپیان بەسەر ناوچەکەوە دانابوو، کە ناوچەیەکی جاف نشینە و ئاژاوە و بشێوی و شەڕ و کوشتاریان بە دیاری بۆ خەڵکی ناوچەکە هێنابوو. ئا لەو کاتە پڕ ئاژاوە و بارودۆخە پڕ مەترسییەدا شەوکەت خەیاڵی هەر لای یەکڕیزی و تەبایی و ئاشتی بوو، سەرەتا یەکەم بارەگای چەکداری هێنایەوە گوندەکەی خۆمان گوندی تەپی سەفا، بۆ ئەوەی تیرۆریستان نەتوانن پێشڕەوی زیاتر بکەن و تەواوی ناوچەی شارەزووی پارێزگای هەڵەبجە داگیر بکەن. دوای چەند هێرشێکیان بۆ سەر بارەگاکانی یەکێتی لە هەردوو گوندی تەپی سەفا و شەشك، بە لوتی شکا و و کوژرا و برینداری زۆرەوە گەڕانەوە بۆ مۆڵگەکانی خۆیان لە بیارە و هەورامان.

شەوکەت خەیاڵی سوڵح و ئاشتی لەگەڵ تیرۆریستاندا کەوتە سەر و دەستی کرد بە دانووستان و کۆبوونەوە لەگەڵیاندا. ئەم بە دڵی پاك و بە نیازی کۆتایی هێنان بە شەڕ و ئەوانیش وەکو پیشەی شەڕەنگێزی خۆیان لە خەیاڵی کوشتن و تیرۆرکردنی شەوکەت دا بوون. تا ئەوەی لە شەوی ٢ی مانگی شوباتی ساڵی ٢٠٠٣ دا و لەگوندی گامێش تەپە، پیلانە شومەکەیان سەری گرت و هەلیان بۆ هەڵکەوت، شەوکەت و دوو یاوەری خۆی بە ناوەکانی سەردار غەفور سلێمان و حیکمەتی حاجی عوسمان شەهید کرد و فەرماندەی ئازا و بەجەرگ حاجی حەمەتۆقیق گلاڵیان بە خەستی بریندار کرد.

شەوکەت ئا لەو بارودۆخە نالەبارەدا کە دەستی گیرا بوو بە شەڕی

تیرۆریستانەوە، خەریکی هەستانەوەی جـاف بـوو، کە مەبەسـتی سـەرەکیی هەوڵەکەی، لە ڕوویەکەوە کـۆکردنەوەی خەڵکـانێکی پەرتەوازە و قـاڵ بووی دووبەرەکی و حیزبایەتی و نـاکۆکی عەشـایەری بـوو ، لە لایەکـی تریشەوە زیندوو هێشتنەوەی یاد و دیرۆکی لە مێـژینەی بـاب و باپیرانمـان بوو، کە ئەگەر بە سازدانی ڤیستیڤاڵیکیش بێت، لەبیر نەچنەوە و لە فەوتـان ڕزگاریان بکات.

ئەوانەش کە ڕەخنەیـان لە شـەوکەت و کـارەکەی گـرت، کاڵفامـانە ڤیستیڤاڵەکەیان بە گەڕانەوە بۆ سەردەمی عەشیرەتگەری وەسـف دەکـرد و وایان دەزانی کە ئەگەر جـاف زینـدوو بێـتەوە، گلۆڵەی ئەوان دەکەوێـتە لێژی و هەرەس بە کۆمەڵگا مەدەنییەکەیان دەهێنرێت، کە مەدەنییەتـی بـێ میمە واتە (دەنییەت)، وە لە حوکم و ئیدارەشـدا سـەرتاپا لەنـاو گەندەڵیـدا نغرۆ بوون و ناشتوانن لێی دەربچن.

هەر ئەو ڕەخنەگرانە خێرا بەگیان دانـا و هـاتنەوە بـۆ ڕیـزی پێشـەوەی ڤیستیڤاڵەکە و کەوتنە پێشکەشکردنی وتار و پیاهەڵـدان بەسـەر عەشـیرەتی جافـدا و بەهـاڕەی چەپـڵەی ئامـادەبووان گەشـکە دەبـوون. وای لێهـاتووە خەریـکە نـاوی کەسـی یەکەمـی ڤیسـتیڤاڵ و ئامادەکـار و نەخشـەدانەری مەراسـیمەکە دەبێـت بە ژێـرەوە و کەس لە کـولەکەی تەڕیشـدا باسـی نەکات، ڕەحمەت لە گۆڕت شەوکەتی حاجی موشیر بۆ خـۆت و سـەلیقە و عەقڵی منەوەرت.

لە ئێستاشدا کاك حامیدی حاجی خالید درێژەپێدەری هەمـان ئامـانج و مەبەستی شەهید شەوکەتە و بەهـۆی پـێگە بەهێـزەکەی لە نـاو یەکێتیـدا و وەکو ئەندامی مەکتەبـی سیاسـی و لێپرسـراوی مەکتەبـی کـۆمەڵایەتی ئەو حیزبە و پێگەی بنەماڵەکەشی لە ناو جافدا، خزمەتی باشی بە عێلـی جـاف کـــردووە و بەردەوامـــیش دەیکـــات، وە هەوڵـــی زۆری داوە بـــۆ لێـــك نزیککــردنەوەی جافەکــان و کۆکردنەوەیــان لە ژێــر یەك ڕەشــماڵدا. وە چەندین ناکۆکی و شەڕ و ئاژاوەی نێو بنەماڵە و تیرە و هۆزەکانی جاف و

دەرەوەی جافی کۆتایی پێ هێناوە و دەستی کردوونەتە ملی یەکتری و بەردەوامیش لە هەوڵدایە تا شکۆی جاف بگێڕێتەوە بۆ سەردەمی زێڕینی خۆی.

بەڵێ بەهۆی بەر فراوانی جاف و پێشکەوتنی زەمەن و خوێندەواری و بازرگانی و دەوڵەمەندی و دەرکەوتنی چەندین کەسایەتی لەناو تیرە و هۆزەکانی جافدا و سەربەخۆیی عەشیرەتەکان لە بڕیاردا و بیروڕای جیاوازی حیزبایەتییەوە تا ئێستا نەتوانراوە سەرۆك و سەردارێك کە حوکمی هەموو جاف بکات دەستنیشان بکرێت، بەڵکو لە جێگای ئەوە سەنتەرێکی ڕۆشنبیری و کلتوری دروست کراوە بەناوی (سەنتەری ڕووناکبیری عێلبەگی جاف)، کە بەشێکی زۆری جافەکانی لە ژێر سێبەری خۆیدا کۆ کردووەتەوە و لەو شوێنەدا بە دەستە جەمعی لەلایەن کەسانی بەرپرس و کوێخا و ڕیش سپی و کەسانی ئەکادیمی لە یاسا ناسان و دادوەر و دکتۆر و ئەندازیار و مامۆستا و خوێنەدەوارەوە بڕیاری چارەنووسسازی خۆیانی تێدا دەدەن.

## * بۆچی شانازی بە جافەوە دەکەن، ئەو خەسڵەتانە چی بوون کە لە باب و باپیرانتاندا هەبوون، تاوەکو شانازی پێوە بکەن؟

- هەموو قەوم و هۆز و نەتەوەیەك شانازی بە ڕابردووی خۆیەوە دەکات، هەرچەندەش شتێکیان نەبووبێت بۆ شانازی کردن! ئێمەی جاف چۆن شانازی بە جافەوە نەکەین، کە لە ئەرکی نەتەوەیی و ئایینی دا درێغیمان نەکردووە و بە ڕۆڵی خۆمان هەستاوین، وە بە درێژایی مێژوو دژایەتی کەسمان نەکردووە و هەروا لە خۆوە و بەبێ هۆ هەڵمان نەکوتاوەتە سەر هیچ قەوم و هۆزێك. هەروەها کێشەی نێوخۆییمان زۆر کەم بووە و هەرچیش هەبووبێت خێرا مەسڵەحەت کراوە و ئاویان بەسەردا کردووە، ئەوە جگە لەوەی کە زوڵم و زۆرمان لەهیچ کەسی دەرەوەی

عێلی جاف قبوڵ نەکردووە و تەنانەت سەرمان بۆ دوو ئیمپراتۆرییەتی جیهان و ناوچەکە کە عوسمانی و سەفەوی بوون، کەچ نەکردووە و باج و سەرانەمان بە کەسیان نەداوە. لە ئەرکی نیشتیمانیدا خۆمان نەدزیوەتەوە و بەشداری ئەو شەڕانەمان کردووە کە بە ناحەق بە وڵاتمان فرۆشراون. کاتێك ڕووسیای قەیسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان داگیر دەکات، خێرا هێز دەنێرین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان و باشترین سوارچاك و موجاهیدمان لەو پێناوەدا شەهید بوون. چۆن شانازی بە ڕابوردوومانەوە نەکەین کە نەبیستراوە جاف هەر لەخۆوە و بە ناحەق هەڵی کوتا بێتە سەر هیچ دەسەڵات و عەشیرەت و هۆزێکی تر، مەگەر بۆ بەرگری لەخۆ کردن و سەندنەوەی حەقێك بوویێت، لێرە و لەوێ شەڕێك ڕوویدا بێت.

بۆچی شانازی نەکەین کەوا موجەددیدی سەدەی نۆزدە حەزرەتی مەولانا خالیدی شارەزووری یەکێکە لە ئەندامانی عەشیرەتەکەمان و ڕووناکی زانستەکانی ئەو جیهانی ئیسلامی ڕووناك کردەوە و تەسەوفی گەیاند بە هەموو کون و قوژبنێکی ئەم سەرزەمینە.

چۆن شانازی ناکرێت کەوا گەورەترین و باشترین شاعیرەکانی کورد وەکو نالی و گۆران و قانع و وەلی دێوانە و میرزا یاقۆی جاف ڕۆڵەی ئەم عەشیرەتەن و لە هەناوی ئەم عێلەوە دەرچوون.

کاتێکیش نووسراوی ڕۆژهەڵاتناسەکان دەخوێنینەوە جگە لە وەسفی عەشیرەتی جاف و سوار چاکەکانی و باسی جوانی و ڕەسەنی ئەسپ و ماین و وڵاخەکانی و هێز و ئازایەتی و جوامێری و سەخاوەتی تاکەکانی هیچ شتێکی تریان لێ نابینین. ئەوەتا بە کوردی عەیار ٢٤ و ئازا و جوامێر و جوانخاس باسیان کردووین، سەرسام بوون بە ئازادیمان و ئازادی ژنان لەناو ئەم عەشیرەتەدا کە هاوشێوەی لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا نەبووە.

بۆچی شانازی نەکەین بە ڕابردوومان و وا بزانین بەرز و پیرۆز ڕاگرتنی ئەو سەروەریانە دواکەوتن و پاشەوپاش گەڕانەوەیە بۆ دواوە، ئایا پێم نالێن کامەیە پێشکەوتنی کۆمەڵگای کوردی، جگە لەوەی بە دەیان

دەفــتەر دۆلار دەکــرێتە گیرفــانی ئەوانەی کە بەخــۆ ڕووتکــردنەوە و چەقەنەلێدان بە ناوی ئازادییەوە دەیانەوێت کۆمەڵگاکەمان سەرەوژێر بکەن و بەهای مرۆڤانەی لێ دابماڵن.

خۆشەویستی ڕاستەقینە بـۆ نیشـتمان و نەتەوە بـریتیە لە ڕاسـتگۆیی و دڵسۆزی و دەستپاکی و ئەمانەت پارێزیی، هەرکات لاف لێدەرانی ئازادی و مەدەنیـیەت توانییـان ئەو خەسـڵەتە جوانانەیـان تێـدا بێـت، ئەوا ئـێمەش دەستخۆشییان لێ دەکەین، ئەگەر نا ئەوا هیچ کات گـوێ بە قسـەی زلـی نـاوەڕۆك بەتـاڵ نـاگرین و ئـاوی ڕووبـاری سـیروانیش بخـۆنەوە نـاڵێین عافییەتتان بێت.

## بەرواری چەند ڕووداوێکی مێژوویی

بەرواری ئەو ڕووداوانەی کە لە کەشـــکۆڵەکەی حـــاجی مەحمـــودی باپیرماندا تۆمار کراون و لە لایەن مامۆستا عوسـمان مـحەمەد هەورامیـیەوە لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی بۆ کراوە، ئەم چەند بەروارەی خوارەوەی بـۆ ساغ کراوەتەوە[1]:

| ز | ساڵی کۆچی | ساڵی عیسایی | ڕووداوەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | ١٢٦٠ | ١٨٤٤ | دروستکردنی مزگەوتی شێخ عەبدولڕەحمانی تاڵەبانی لە کەرکوك |
| ٢ | ١٢٦٦ | ١٨٤٩ | جەنگی عەزیز بەگی بابان دژ بە ڕۆمییەکان و داگیرکردنی وڵاتی بابان بە دەستی ڕۆمییەکان-عوسمانلی |
| ٣ | ١٢٨٠ | ١٨٦٣ | کۆچی دوایی شێخ عەبدولڕەحمانی تاڵەبانی |
| ٤ | ١٢٨٣ | ١٨٦٦ | کۆچی دوایی شێخ عوسمان سیراجەددینی تەویڵە و دانیشتنی شێخ موحەمەد بەهائەدینی کوڕی لە جێگایدا. |
| ٥ | ١٢٨٦ | ١٨٦٩ | نامەی شێخ عەبدولڕەحمان (ئەبولوەفا)ی کوڕی شێخ عوسمان |

(١) عوسمان محەمەد هەورامی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە/١٨٢-١٨٣-١٨٤.

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | سیراجەدینی تەوێڵە بۆ محەمەد پاشای جاف. |
| ٦ | جمادی اولی ١٢٨٧ | تەموزی ١٨٧٠ | تەواوکردنی بەشێك لە کەشکۆڵەکەی حاجی مەحمودی یاروەیس لە گوندی تۆراخ تەپەی ئێڵاخ. |
| ٧ | ١٢٩٣ | ١٨٧٦ | سەردانی محەمەد پاشای جاف بە بارگەو بنەیەکی شکۆدارەوە بۆ شار سنە. |
| ٨ | ١٢٩٦ | ١٨٧٨ | شەهید بوونی عەبدولڕەحمانی کوڕی حاجی مەحمودی یاروەیس. |
| ٩ | ١٢٩٧ | ١٨٧٩ | نووسراوێکی فەلسەفی مەولەوی بە فارسی. |
| ١٠ | ١٢٩٨ | ١٨٨٠ | پیرۆزبایی حەزرەتی شێخ عومەر بیارە لە مەحمود پاشای جاف بە بۆنەی ئەوەی کە کراوە بە قایمقامی هەڵەبجە. |
| ١١ | ١٢٩٩ | ١٨٨٢ | کۆچی دوایی محەمەد پاشای جاف. |
| ١٢ | ١٣٠٠ | ١٨٨٢ | کۆچی دوایی حەزرەتی مەولەوی. |
| ١٣ | ١٣٠٤ | ١٨٨٦ | کۆچی دوایی فەتاح کوڕی حاجی مەحمودی یاروەیس. |
| ١٤ | ١٠/شعبان/ ١٣١٨ | ١٩٠٠/١٢/٢ | لە دایك بوونی محەمەد عەلی ئەحمەد یاروەیس. |
| ١٥ | ٥/شوال/ | ١٩٠٢/١/١٤ | کۆچی دوایی دانەری کەشکۆڵەکە |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | ١٣١٩ | | حاجی مەحمودی یاروەیس. |
| ١٦ | شعبان/١٣٢٢ | ئۆکتۆبەری ١٩٠٤ | کۆچی دوایی عەبدولڕەحمان مستەفا و عەلی حاجی مەحمودی یاروەیس. |
| ١٧ | ١٣٢٣ | ١٩٠٥ | کۆچی دوایی ئیسماعیلی حاجی مەحمودی یاروەیس. |
| ١٨ | ٩/شعبان/ ١٣٢٦ | ١٩٠٨/٩/٥ | کۆچی دوایی عومەری حاجی مەحمودی یاروەیس. |
| ١٩ | ١٧/ڕەمەزان/ ١٣٢٩ | ١٩١١/٩/١٠ | کۆچی دوایی عەبدوڵای عومەری حاجی مەحمودی یاروەیس. |
| ٢٠ | ٢٢/ڕەمەزان/ ١٣٣٥ | ١٩١٧/٧/١١ | شەهید بوونی محەمەدی حاجی محەمەدی یاروەیس لە جەنگی ڕووسیای قەیسەری لە ملەی ئەربابای شاری بانە. |
| ٢١ | ٥/ڕەمەزان/ ١٣٦٨ | ١٩٤٩/٦/٣٠ | کۆچی دوایی کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف |

# بەشی هەشتەم

## پەیوەندی و تێکەڵاوی مەلا تایەر و

## بنەماڵەکەی لەگەڵ شێخانی نەقشبەندیدا

## * یەکەم مەدرەسەی شێخانی نەقشبەندی لەکوێ بوو، وە کام لە نەقشبەندییەکانی کوردستان یەکەم مورشید بوو، ئەو لەکێ ئەو زانستەی وەرگرت؟

- یەکەم خانەقا وانەی شەریعەت و (تەریقەتی نەقشبەندی)[1] تێدا

(١) تەریقەتی نەقشبەندی کە هەموو جیهانی ئیسلامی گرتووەتەوە، دامەزرێنەرەکەی (شێخ محەمەدی نەقشبەندی)یە، بۆ یەکەمجار دامەزراندنی یان تازە کردنەوەی لە سەر دەستی (مەولانا خالیدی شارەزووی نەقشبەندی) بووە .
(شێخ محەمەدی نەقشبەندی) کە بە شاهی نەقشبەند ناسراوە، لە ساڵی ١٣١٧ لە گوندی کۆشکی هیندوان لە نزیك شاری بوخارا لە دایك بووە. لە ساڵی ١٣٨٨دا لەهەمان شوێن کۆچی دوایی کردووە. لە تەمەنی هەژدە ساڵییدا تەریقەتی لە (محەمەد بابا ساماسی) شێخی ڕێبەری وەرگرتووە. مەولانا خالیدی شارەزووری یەکەم کەس بوو تەریقەتی نەقشبەندی هێنایە کوردستان، دامەزرێنەری ئەو تەریقەتەیە لە ناو سلێمانی و کوردستاندا بە گشتی. ناوبراو خۆی لە تیرەی میکاییلی عەشیرەتی جافە، لە ساڵی ١٧٧٩ لە قەرەداغ لە دایك بووە. زانستی ئایینی لە زانا گەورەکانی ئەو سەردەمە لە قەرەداخ و سلێمانی و شاری سنەی ئەردەڵان وەرگرتووە. لە ساڵی ١٨٠٥ دا لە ڕێگای شامەوە دەچێ بۆ حەج. کەسێك لەو سەفەرەدا تێی دەگەیەنێ کە بۆ فێربوون و تەسەووف دەبێ سەردانی هیندستان بکات. ماوەیەك دوای گەڕانەوەی لە حەج، بەرەو هیندستان دەکەوێتە ڕێ، دوای پتر لە ساڵێك لە ڕێگای تاران و خۆراسانەوە دەگاتە دیهلی و شا عەبدوڵڵا دیهلەوی لە گەورەکانی تەسەووف دەبینێ. لە ماوەی پێنج مانگدا ئەوەندە لە لای شا عەبدوڵڵا خۆشەویست دەبێ، کە کەس بە پایەی ئەودا ناگا. دوای سەرکەوتن لە پلە و پایەکانی تەریقەت، شا عەبدوڵڵا مۆڵەتی ئیرشادی لە هەر پێنج تەریقەتی (نەقشبەندی، قادری، سوهرەوەردی، کوبرەوی و چەشتی)دا پێ دەدا و دوای ساڵێك بە فەرمانی ناوبراو دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان.
کەسایەتی مەولانا خالید زۆر بڵند بووە، بە هۆی ئەوەی هەندێ مورید و سۆفی کردیانە شێخی خۆیان دەروێشی قادری کەوتنە دژایەتی کردنی، ناخۆشی کەوتە نێوانیان، لەو ماوەیەدا نفوزی شێخ مارفی نۆدێ بەهیزتر بووە، مەولانا خالید بەناچاری ڕۆشت بۆ بەغدا و سلێمانی بەجێ هێشت. لەو سەردەمەدا (مەحمود پاشای کوڕی عەبدولڕەحمان پاشای بابان) لە بەغدا بووە، تکای لە مەولانا خالید کردووە بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی. ئەوەبوو بە قسەی ئەو گەڕایەوەو ناوبراویش خانەقایەکی بۆ دروست
←

وترابێتەوە، خانەقای مەولانا خالیدی شارەزووری بوو (قدس سره) لە شاری سلێمانی، کە ئێستاش ئەو جێگایە ماوە و مزگەوتی خانەقا لەو شارەدا بەناو بانگە.

پێش تەریقەتی نەقشبەندی (تەریقەتی قادری)[1] هاتبووە کوردستان و

---

کردووە، هەر لەو شوێنەدا دەستی کردووە بە ئیرشادی موسڵمانان.

تەریقەتەکەی پەرەی سەند، مورید و سۆفی زۆر بوون، ئەمە بوو بە هۆی ئاژاوە و دوژمنکاری لە نێوان زانایانی ئایینی و خوێندەواران دا، تا وای لێهات هەوڵی کوشتنی مەولانا خالید بدرێ، مەولانا هەستی کرد ناتوانێ بەرهەڵستی ئەم دژایەتییە بکات، دووبارە ناچار بوو سلێمانی بەرەو بەغدا بەجێ بهێڵێت. قادرییەکان بەغداشیان بە نزیک دەزانی، پێیان خۆش نەبوو مەولانا لەوێش بژی، ناچار بەغدای بەرەو شام بەجێ هێشت و لە شاری دیمەشق نیشتەجێ بوو، لە پاش ماوەیەکی کەمدا بە نەخۆشی ڕشانەوە لە ساڵی ١٨٢٧ کۆچی دوایی کرد، کە هێشتا تەمەنی نەگەیشتبووە پەنجا ساڵ.

ئەو بناغەی مەولانا خالید بۆ تەریقەتی نەقشبەندی دایمەزراند بەخێرایی پەرەی سەند و لە هەموو ناوچەکاندا مورشید و مورید و سۆفی پەیدا بوون. ئەگەر چی ماوەیەکی کەم لە کوردستاندا بوو، بەڵام لە دوای خۆی ناوەندی ئیرشادی نەقشبەندی لە هەموو کوردستاندا بڵاو بوویەوە، مەڵبەندی هەرە گرنگی تەریقەتەکەش کەوتە هەورامان لە بیارەو تەوێڵە، کە بە پایتەختی تەریقەتەکە ناسراوە. موریدە هەرە دیارەکانی ئەمانەن بوون (شێخ عوسمانی تەوێڵە، سیراجەدین ١٧٨١-١٨٦٦) (شێخ محەمەدی تەوێڵە، بەهائەدین ١٨١٩-١٨٨٠) (شێخ عومەری بیارە، زیائەدین ١٨٣٩-١٩٠٠).

(١) - تەریقەتی قادری

تەریقەتی قادری کە هەموو ڕۆژهەڵاتی گۆی زەوی گرتەوە، دامەزرێنەرەکەی شێخ عەبدولقادری گەیلانی بوو (قدس سره)، ناوی تەواوی (عەبدولقادری کوڕی ساڵحی کوڕی محێدین)ە. لە ساڵی ١٠٧٧ لە گوندی نایف لە گەیلان لە باشوری دەریای قەزوین لە دایك بووە. لە تەمەنی (١٨) ساڵیدا و لە ساڵی ١٠٩٥ بۆ خوێندن ڕووی کردۆتە شاری بەغدا. لەلای باشترین زانایانی سەردەم هەموو قۆناغەکانی خوێندنی حوجرەی تەواو کردووە و لە دواییدا ژنی هیناوە، پاشان فەریزەی حەجی بە جێ گەیاندووە.

لە ساڵی ١١٣٠دا تەریقەتی لە (ئەبولخەیر محەمەد) وەرگرتووە. شێخەکەی نازناوی (بازی ڕەش) (باز الاشهب) پێبەخشیوە. لە دوای ئەوە دەستی کردووە بە وەعزو ئیرشاد، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەی گوێگرانی لە زیاد بوون دا بووە.

هەندێ لە قوتابی و موریدانی شێخی گەیلانی گەیشتنە پلەی وەزیری دەوڵەت و والیی ویلایەت، هەندێ جار خەلیفە و والییەکان پرسیان پێ دەکرد و گوێیان بۆ ئامۆژگارییەکانی شل دەکرد.

شێخی گەیلانی هەموو ژیانی لە بەغدا بردە سەر، لە ساڵی ١١٦٥ هەر لەوێ کۆچی

←

لە زۆر شوێن دا تەکیەی خۆیان هەبوو، وە خزمەتی زۆر و بەرچاویـان بە بوژانەوەی ئاینی ئیسلام کردووە لە ناوچەکەدا، وە تا ئێستاش کە چەرخـی زانست و پێشکەوتنە و پێویستە ئـاینیش لە گەڵ ڕەوتـی ڕۆژگـاردا مـامەڵە بکات، ئەوان هێشتا لە زۆر شوێن و جێگادا ماون و بەهەمان ڕیتمی کۆنی خۆیان درێژەیان بە ڕێبازی خۆیان داوە.

دوای خانەقای مەولانـا لە سـلێمانی، دووەم شـوێن وانەی شـەریعەت و تەریقەتی تێدا وترابێتەوە مەدرەسە و خانەقای تەوێڵە بوو، حەزرەتی شێخی سـیراجەدین (شـێخ عوسـمانی گەورە (١٧٨١-١٨٦٦) خەلـیفەی مەولانـا خالیدی شارەزووری (قدس الله اسرارهم)، ڕابەر و ڕێنوێنی موسڵمانان بوو لە ناوچەی هەورامان و هەڵەبجە و شارەزووردا و تیشکی ڕووناکییەکەشـی گەیشتە سەرتاسەری عێراق و دەوڵەتانی موسڵمانان لە جیهاندا.

حەزرەتـی مەولانـا دەربـارەی شـێخی سـیراجەدین دەفەرموێـت: "مـن کەسبی تەریقەتم کرد و عوسمان تەوێڵەیی بردی بۆ خـۆی" واتە ئەوەنـدە تەریـقەتەکەی بە جـوانی و تەواوی لـێ وەرگرتـووە کە وەکـو خـۆی سەردانی شێخ عەبدوڵای دەهلەوی کردبێـت و لە ئەوی وەرگرتبێـت ئـاوا بووە.

---

دوایی کردووە، لە مزگەوتەکەی خۆی نێژراوە، کە ئێستا ناوەنـدێکی ئـاینی و جێگـای زیارەتکارانە لە هەموو جێگایەکی جیهانی ئیسلامەوە ڕووی تێ دەکەن.

بۆ یەکەم جار شێخ مارفی نۆدێ تەریقەتی قادری هێنایە کوردستان، نـاوبراو لە سـاڵی ١٧٦٦ لە گوندی شارباژێڕ لە دایك بووە و لە سـاڵی ١٨٣٦ لە شـاری سـلێمانی کـۆچی دوایی کردووە. فەرهەنگی (ئەحمەدی) دانراوی کاك ئەحمەد لای زۆربەی فێرخوازانی زمانی عەرەبی بەناوبانگە.

کاکە ئەحمەدی شێخ کوڕی شێخ مارف لە ساڵی ١٧٩٢دا لە شاری سـلێمانی لە دایـك بووە، لای شێخ مارفی باوکی خوێندنی تەواو کردووە، لە جیهـانی ئیسـلامدا ناوبـانگی پەیدا کردبـوو، کـاتێ (سـوڵتان عەبدولحەمیـد) ناوبـانگی بیسـتبوو، ئـارەزووی کردبـوو چاوی پێی بکەوێت، بەڵام کاك ئەحمەد نەیتوانی بوو بچێتە ئەستەمبوڵ (سەید مـحەمەد موفتی) لەبری خۆی ناردبوو، کاك ئەحمەدی شێخ لە ساڵی ١٨٨٧دا لە سلێمانی کۆچی دوایی کردووە و لە مزگەوتی گەورە بە خاکیان سپاردووە

حەزرەتی مەولانـا خالیـد مامۆسـتای شـێخی سـیراجەدین، موجەدیـدی چەرخـی سـیازدەهەمی کـۆچی بـوو، زانـایەکی پـایەداری وابـوو زانسـتی ئەوەلین و ئاخیرینی کەسب کرد. زانسـتە فـراوانەکەی لە حەزرەتـی شـێخ عەبدوڵای دەهلەوی وەرگرتووە لە وڵاتی هیندستان، زیاتر لە سێ ساڵ لەو وڵاتە ماوەتەوە تا زانستی تەسەوفی وەرگرتووە و کەسبی تەریقەتی نەقشی کردووە.

کاتێ هاتووەتەوە لە شاری ئەسفەهان کەوتوونەتە پیلانی لە نـاوبردنی، چونکە بۆیان دەرکەوتبوو کە لە ناو پێڕەوانی سوننی دا لەم زاتە زاناتریـان تێدا نییە، بۆیە کەوتـنە دژایەتـی و تەدبیـری لە نـاوبردنی، بەڵام یەکێـك لە هاوڕێ شیعەکانی مەولانا ئاگـاداری دەکـاتەوە لەو پـیلانە و دەیبـاتەوە بـۆماڵی خۆیان. لەوێ پێی دەڵێت کە شیعەکان نیـازێکی وایـان هەیە لەنـاوت بەرن، ئەسـپێکم بـۆ ئامـادە کردوویـت، سـبەی لەگەڵ کەسـێکدا ڕەوانەی سنووری قەڵەمڕەوی سونییەکانت دەکەمەوە، پێم حەیفە زانایەکی وەکو تۆ لەناو بچێت.

ئەوەبـوو لەگەڵ ڕێپیشـاندەرێکدا تـا شـوێنی دەستنیشـانکراو ڕەوانەی دەکات، مەولانا لەو شوێنەدا ئەسـپەکە دەداتەوە بە کـابرای دەلیـل، ئەڵێـت ئیتر من پێویستم بەم ئەسپە نەماوە و بیبەرەوە بۆ ئەو پیاوە بەڕێزە.

لە گوندە سوننی مەزهەبەکانی ئێرانەوە گوند بە گوند دێت تا دەگاتەوە بە سنە و دواتر مەریوان، لەو مـاوەدا ٣٦٠ زانـای ئـایینی تەمەسـوکی پێـوە دەکەن و دەبن بە موریدی.

لە مەریوانیشەوە بۆ پێنجوێن هەر بەو شێوەیە خەڵکێکی زۆر تەمەسوکی پێوە دەکەن.

ئەو زاتە وەکــو خــۆرێکی ڕوونــاك لە ڕۆژهەڵاتەوە ســەری لەکەل دەرهێنا، بە یەکەم تیشکی تا شاری سلێمانی ڕووناك کردەوە، پاش بەسـەر بردنی ئەوەنـدە سـاڵ لە سـلێمانی و بنیاتنـانی خانەقـا و مزگەوتـی مەولانـا، شێخانی تەریقەتی قادری دەکەونە دژایەتی کردنی و لێنـاگەڕێن لەو شـارە

بمێنێتەوە، ئەوەبوو فیتنەیی خەڵك و هاندانی شێخانی قادری لەو موجەدیدە پرشنگدارە وای کرد کە شاری سلێمانی بەجێ بهێڵێت و ڕووبکاتە شاری بەغدا. لەو شارەش خانەقا و مەدرەسەی بۆ بنیات دەنێن و خەڵکێکی زۆر لە زانستەکەی بەهرەمەند دەبن.

خەڵکی سلێمانی و دەوروبەری و سادات زۆر پەشیمان دەبن لە کۆچکردنی مەولانا بۆ شاری بەغدا، چەندین پیاوماقوڵ و زانا و شێخ دەچن بە شوێنیدا و لەسەر داوای میری بابان تکای لێ دەکەن کە دەبێت بێتەوە بۆ شاری سلێمانی. ئەوەبوو دوای ماوەیەك مانەوەی لە شاری بەغدا گەڕایەوە بۆ شاری سلێمانی.

دوای هاتنەوەی دیسانەوە جارێکی تر نیگەرانی دەکەنەوە و بە تەواوی دڵی دەتۆرێنن لەو شارە، ئەمجارە بەرەو وڵاتی شام کۆچ دەکات و تا کۆچی دواییشی لەوێ دەمێنێتەوە.

پێش ئەوەی لە ساڵی ١٨٢٧دا لە وڵاتی شام کۆچی دوایی بکات، وەسیەتی کردووە و فەرموویەتی لە شوێنێکدا بمنێژن با بەرز بێت و خاکی کوردانیش بێت، بەڵام والی ئەو شارە لەبەر گەورەیی و پێگەی مەولانا پێی خۆش بووە شاری دیمەشق بنێژرێت، بەو شێوەیە دوامەنزڵی ئەو زاتە مەزنە میکائیلیە شارەزوورییە دەکەوێتە وڵاتی شام.

حەسەن بەگی جاف خوا لێی خۆش بیت وتی بە باوکم: عوسمان کاتێ ڕۆشتم بۆ سوریا ئارەزووی سەردانی گڵکۆی موبارەکی حەزرەتی مەولانا خالید کەوتە سەرم، وتم من هاتووم بۆ ئەم وڵاتە بۆچی سەرێك لەو پیاوە مەزنەی جاف نەدەم کە لێرە وەفاتی کردووە.

ئەوەبوو بە زەحمەت خۆم گەیاندە سەر ئەو بەرزاییەی کە گڵکۆکەی ئەوی لێ بوو، حەوش و حەساری بۆ کرابوو، زێوانی هەبوو، دام لە دەرگا کەس بۆی نەکردمەوە، ماوەیەك وەستام خەریك بوو نیگەران دەبووم کە بۆچی بەو زەحمەتە هاتووم و کەس دەرگام لێ ناکاتەوە. ئەوەبوو پشتم هەڵکرد بگەڕێمەوە، جیرەی دەرگاکە هات، دەنگێك لە دواوە بە عەرەبی

وتی تفضل، واتە فەرموو، کابرا داوای لێبـوردنی کـرد و وتـی ببـورە ئەوە دوو ڕکات نوێژی سوننەتم دەکـرد، تـۆ هـاتی لە ڕکـاتی یەکەمـدا بـووم، باش بوو فریات کەوتم، دوور نەکەوتیتەوە.

بەڵێ چوومە ژوورەوە دڵم زۆر پێی کرایەوە، دەستم کرد بە گریان و فاتیحەم بۆ ڕۆحی موبارەکی خوێند، پاشـان مـاوەیەك لە لای مـامەوە، بەو مـاوە کەمە تەسـکینی بـۆ دڵـم هـات و شـادومانی ڕووی تێکـردم، ئـاوایە سوحبەتی پیاوچاکان.

## *چیت دەربارەی حەزرەتـی سـیراجەدینی یەکەمەوە بیسـتووە لە کەرامات؟

- شـێخانی تەریـقەت بە تـایبەت شـێخانی تەوێـڵە و بیـارە و بـاخەکۆن هەموویان بەرچاو ڕوون و خاوەنی کەشف و کەرامات بوون، کە ئەوەش بە وەرزشی ڕۆحی و گەیشتن بە پلەکـانی کامـڵ بـوون لە ئیمانـدا لەگەڵ شەونوێژی بەردەوام و زیکر و خواناسی ڕاستەقینەدا بەدەسـت دەهێنرێـت، کە زۆر جـار خۆیـان نەیانویسـتووە ئەو کەرامـاتە لە بەر چـاوی خەڵکـی دەربکەوێت، بۆ ئەوەی ئیخلاسیان لە خواناسـی و پەرۆشـییان بـۆ ئـایینەکە خەوشدار نەبێت، بۆیە دەیانشاردەوە.

مـن وا دەزانـم کە کەرامـات هـاووێنەی مـوعجیزەی پێغەمـبەرانە و بەکەسانی کامڵ لە خواناسـیدا دەبەخشـرێت، ئەوەش بـۆ پاراسـتنی ئیمـانی عەوامەکان کە زۆرینەی کۆمەڵگا پێك دەهێـنن شـتێکی پێویسـتە، چـونکە زۆرینە خەڵکی بە تەقلید شوێن ئایینی ئیسلام کەوتوون و ناتوانن بگەن بە ئیمانی تەحقیقی، ڕابەر و ڕێنوێنێك دەبێت بە سەرمەشقیان و ئیمانەکەیان لە شوبهە و گومان دەپارێزێت.

شێخی سیراجەدینی تەوێڵە هەر لە قۆناغی لاوی و ئەو کـاتەی قوتـابی زانست بووە، کەراماتی لێ دەرکەوتووە. دەگێڕنەوە کە کاتێك لە خانەقای

مەولانا خوێندوویەتی بۆ کەسبی زانست و تەریقەت، سەربانی خانەقا بانگردێنێکی بەردی گەورەی بەسەرەوە بووە، لەکاتی باران باریندا دەبوایە بە دوو فەقێوە بانەکەیان بگێڕایە، بۆ ئەوەی دڵۆپە نەکات. بانگردێنەکە زۆر قورس بووە، شێخی سیراجەدینیش بە جەستە لاواز بووە و حەزرەتی مەولاناش لە بەر ئیمان و زیرەکییەکەی زۆری خۆش ویستووە و گرنگی زیاتری پێداوە، بە هیوای ئەوەی کە ببێت بە جێنشینی لە بڵاوکردنەوەی تەریقەتی نەقشبەندیدا. هەر بۆیە فەقیهەکانی تر ئیرەیی پێ دەبەن و کاری قورسی بەسەردا دەدەن. لە شەوێکی تۆف و بارانی بەلێزمەدا دەینێرنە سەربان تاوەکو بە تەنها بانیان بۆ بگێڕێت، ئەویش دەچێت لە هەورەبانی سەربانەکەدا چەفتەیەك دەدا بەسەری خۆیدا و دادەنیشێت، بانگردێنەکە بە بێ کەس بەخێرایی دێت و دەچێت و خانەقا دەخاتە لەرزە، فەقیهەکان لە خوارەوە ئەڵێن عوسمان کەی ئەوەندە بەهێزە تا ئاوا بەو خێراییە بانگردێن لێ بخوڕێت، ئێمە بە دوو کەسیش ناتوانیین ئاوا تاوی بدەین! دەچنە سەرەوە بۆ ئەوەی بزانن کێ بانی بۆ دەگێڕێت؟ کاتی دەبینن دەزانن عوسمان لە گۆشەیەك چەفتەیەکی داوە بەسەری خۆیدا و لە هەورەبانەکە بە چیچکانەوە دانیشتووە و بانگردێنیش بە بێ کەس بۆ خۆی دێت و دەچێت.

جارێکی تریش دەچن بۆ ڕاوی ماسی چەند ماسییەکی کەم ڕاو دەکەن، شێخ عوسمان سەرقاڵ دەکەن تاوەکو فێڵی لێ بکەن، ئەو سەبەتەی پێیان دەبێت ژێرەوەی هەموو پڕ دەکەن لە بەرد، چینێك پونگە دەدەن بەسەریدا، پاشان ئەو چەند ماسییەی ڕاویان کردووە دەخەنە سەرەوە و بە پونگە دایدەپۆشن، ئەڵێن ئادەی عوسمان بیدە بە کۆڵتا. کاتێ دێنەوە بۆ خانەقا و سەبەتە هەڵدەڕێژن، ئەزانن یەك بەردی تێدا نییە و هەمووی ماسییە، دوای ئەو دوو ڕووداوە فەقێکان دەست لە دژایەتی و ئیرەیی بەرامبەر شێخی سیراجەدین هەڵدەگرن و وازی لێ دەهێنن، چونکە بۆیان دەرکەوتووە کە ئەمە بەخششێکی خواییە و لە خۆڕا دەستی نەکەوتووە.

## * بـۆچی خوانـاس و عـاریفێکی گەورەی وەکـو حەزرەتـی مەولەوی هێندە شێخانی تەریقەتی نەقشبەندی خۆش ویستووە و خۆی بە موریدیان زانیوە؟

- وەکو دەڵێن نرخی زێڕ لای زەڕنگەرە، حەزرەتی مەولەوی ئەو تاسە و شـەوقەی هەیبـووە بـۆ شـێخانی تەریقەتـی نەقشـبەندی هەروا لە خـۆڕا نەبـووە، چـونکە ئەو زانـایەکی پـایەبەرزی ئەم ئـوممەتە و ئەسـتێرەیەکی درەوشاوەی ئاسمانی ئیسلام و عاریف و خواناسێکی یەکتاپەرستی وابـووە لەخشە لە ئیمانەکەیدا نەبووە و وەکـو کەسـانی عەوام بە تەقلیـد موسـڵمان نەبـووە تـا لە خـۆیەوە شـوێن مەنـهەج و بەرنـامەیەك بکەوێـت کە بـۆنی هـاوبەش دانـان بـۆ خـوای لـێ بێـت. بەڵکـو هەردوو لایـان لە پلەیەکـی خواناسی بەرزدا بوون و ڕۆحیان ئاشنا و هۆگری یەکتری بووە.

جارێکیـــان مەولەوی لە خانەقـــای (تەوێـــڵە) دەبێـــت، لە ئـــاوایی (چروستانە)وە دێن بە دوایدا کە بگەڕێـتەوە بـۆ مـاڵەوە چـونکە کـوڕێکی نەخـۆش بـووە، ئەمـیش خێـرا ئەگەڕێـتەوە، کە ئەگەنە نزیکـی گونـدی (عەنەب) هەناسەیەکی درێژ هەڵ ئەکێشێت و فرمێسك بە چاوەکانیدا دێـنە خوارەوە. هاوڕێکەی عەرزی ئەکات بۆچی وا عاجزو خەمبـاری؟ ئەویـش ئەڵێت چۆن خەمبار نەبم، حەزرەتی یەعقوب بـۆ دڵ خـۆش بـوون، بـۆنی کراسەکەی حەزرەتـی یوسـفی کـوڕی ئەدرا بە لوتیـا، کەچـی مـن بـۆنی کفنـــی کـــوڕەکەم ئەکەم. کـــاتێ ئەگەنە مـــاڵەوە ئەزانـــن لەو کـــاتەدا کە مەولەوی هەناسـەکەی هەڵ کێشـاوە خەریکـی کفـن کردنـی کـوڕەکەی بوون.

بە بۆنەی مردنـی ئەم کـوڕەیەوە شـێخی بەهـائەدین ئەچـێ بـۆ لای بـۆ سەرە خۆشی لێکردنی، ئەویـش بە هـاتنی شـێخ ئەونـدە خۆشـحاڵ ئەبێـت ئەفەرموێت:

حەزم ئەکرد تـا مـاوم سـاڵی کـوڕێکم ببـوایە و بمـردایە بەو شـەرتەی هەمووجارێ تۆ تەشریفت بهێنایەتە ماڵەکەم.

*** ئایا پەیوەنـدی خزمـایەتی و ژن و ژنخـوازی لەنێـوان ئێـوە و شێخانی نەقشبەندیدا هەبووە؟**

- بەڵێ خێزانی مامە حاجی موشیرم (فەیـمە خـانم) کچـی شـێخ تـایبی کوڕی شێخ عومەری بیارەیە، کە دەکاتە دایکی کاك شـەوکەت و کـاکە حەمە.

*** چی لە بارەی حەزرەتی شێخ عومەری بیارەوە دەزانیت؟**

- باوکم و مامەم دەیانگێڕایەوە کە پیاوێك خادەمی مزگەوتی گەورەی خورماڵ بووە، زۆر ئیماندار و وەلی و ساڵح بووە، شێخ عومەری بیارە زۆر هۆگری ئەم پیاوە بـووە و پەیوەنـدییەکی بەهێـزی ڕۆحییـان هەبـووە، هەر کـات بهاتـایە بـۆ خورمـاڵ سـەردانی ئەم پیـاوەی دەکـرد. خەڵکـی زۆر بەلایانەوە سەیر بووە کە بۆچی شێخ عومەر هۆگری ئەم پیـاوە هەژارە بـێ کەسەیە و ئەو هەمووە خەڵکە خـانەدانە خـولکی دەکەن، ئەو هەر بـۆلای ئەو خزمەتکاری مزگەوتە دەچێت و دڵی هەر بەو دەکرێتەوە!

ئەو پیاوە شێخ عومەری هەر بە عومەر بانگ کردووە، چـونکە مەقـامی بەرز بووە و حەزرەتی شێخیش خۆی بەوەی زانیوە، بۆیە ئەوەندە هۆگری بووە و ڕۆحیـان نزیـك بـووە لە یەکەوە. ئەو ڕۆژانەی کە تەمەنـی لە ئـاوا بوون نزیك دەبێتەوە ئەڵێت بە جەنابی شێخ: "عومەر وەسیەتت بـۆ دەکەم، من تەمەنم لە کۆتاییدایە و نەخۆش دەکەوم و خوای پەروەردگار تەمەنـم لێ وەردەگرێتەوە، کاتێك مردم خـۆت دێـت ئەمشـۆیت و کفـن و دفـنم ئەکەیت، شتێك لەناو چاکەتەکەمدا هەیە، با لای خۆت بێـت و نەیـدەیت بە کەس، ئەگەر توانیت بەکاری بهێنە، ئەگەر نا وازی لێ بێنە و بیشـارەوە با توشی گوناهـ نەبیت".

دوای ماوەیەك ئەم پیاوە خواناسە نەخۆش دەکەوێت و دەکەوێـتە سـەر جێگـای مـردن، حەزرەتـی شـێخ عـومەر دێـت بـۆ لای و شـەو لە لای دەمێنێـتەوە و یاسـینی دەخوێنێـت، کفـن و دفنـی دەکـات و پرسـەی بـۆ

دادەنێت، جل و بەرگەکانیشی لە ناو تاقێک لە تاقەکانی مزگەوتدا هەڵدەگرێت.

چەند ڕۆژ دواتر حەزرەتی شێخ وەسیەتەکەی بیر دەکەوێتەوە، دێتەوە بۆ مزگەوتی خورماڵ و چاکەتەکە دەر دەهێنێت، وەکو خۆی چۆن وەسیەتی کردبوو ئەمانەتەکەی لە پینەی سێهەمدا قایم کردبوو، چونکە چاکەتەکەی شەش پینەی پێوە بووە. ئەویش دەری دەهێنێت، ئەزانێت مۆمێکی بچوکە، دەچێتە دەرەوەی مزگەوت و بە تەنیشت جۆگەی گەنجاندا بەرە و گەڕاوەکەی خوارەوە دەڕوات کە چۆڵ بووە، ئاگرێک بە مۆمەکەوە دەنێت، کەسێك لە هەیئەت و شێوەی مرۆڤدا دێتە خزمەتی و ئەڵێت قوربان فەرمانت بە چییە[1] ؟

حەزرەتی شێخیش ئەفەرموێت سوێندت ئەدەم بە خوا تۆ کێیت و چ کارەیت؟ ئەویش ئەڵێت قوربان من جنم و موسڵمانیشم. شێخ فەرمووی چەند ساڵە لە خزمەتی ئەم پیاوەدایت؟ جننەکە وتی من چل ساڵی ڕەبەقە لە خزمەتی ئەم پیاوە ئیمانداره ساڵحەدام. شێخ فەرمووی سوێندت ئەدەم بە خوا، ئەم پیاوە ساڵحە لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا چ کارێکی پێ کردیت

(١) (وَمِنَ الشَّيَاطِينِ مَنْ يَغُوصُونَ لَهُ وَيَعْمَلُونَ عَمَلًا دُونَ ذلِكَ وَكُنَّا لَهُمْ حَافِظِينَ )سورة الانبیاء/٨٢. مانای ئایەتەکە ئەوەیە کە جیننی و شەیتانەکان و ڕۆحیانەتە چەپەڵەکان، بۆ حەزرەتی سولەیمان درودی خوای لەسەر بێت، ژێربار و ملکەچ کرابوون و ڕێ لە شەڕ و خراپەکارییان گیرابوو، هەروەك لە چەندین کاروباری بەسودیشدا بەکار هێنرابوون. کەواتە تاقمی جیننی کە لە دوای ئادەمیزادەوە دێن، دەگونجێ بکرێن بە خزمەتگوزاری مرۆڤ و پەیوەندییان لەگەڵ ببەسترێت و چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا بکرێت.
(فَأَرْسَلْنَا إِلَيهَا رُوحَنَا فَتَمَثلَ لَهَا بَشَرًا سَوِيا) مریم/١٧. ئاماژە بۆ بەرجەستەبوونی ڕۆحیانەتەکان دەکات، وە ئاماژەی تێدایە بۆ ئامادەکردنی گیانەکان (تحضیر الارواح)، بەڵام نابێ بۆ گاڵتە و سوکایەتی پێ کردن بێت. بەڵکو دەبێ وەکو ئەو چەند ئەولیا مەزنەی کە ئەوانیان بۆ مەبەستی گرنگ و ئامانج بەرز و پێویست ئەنجامدا، مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، وەکو شێخ موحێدینی عەرەبی، کە هەرکات بیویستایە چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئەو ڕۆحیانەتانەدا ساز دەکرد.سەرچاوە/ بدیع الزمان سەعیدی نورسی، وتەکان، لاپەڕە/٣٦٢-٣٦٣.

و چ فەرمـانێکی بەسـەردا دایـت؟ ئەویـش وتـی سـوێند بێـت بە خـوا ڕاستییەکەت پێ دەڵێم ئەم پیاوە لە ماوەی ئەم چل ساڵەدا تەنهـا یەك جـار فەرمـانی پـێ کـردووم کـارێکی بـۆ بـکەم، ئەویـش ئەوەبـوو لە ڕێگـای حیجازدا و لەناو گڕە و گەرمای بیاباندا تینـوێتی زۆری بـۆ هێنـابوو، وتـی ئاخ بۆ کۆچەڵەیەك لە ئاوی ساراڵ - ئاوێکە لە کوێستانەکانی کوردسـتانی ڕۆژهەڵاتدا هێندە سارد و سازگارە لە هاوینـدا ناتوانرێـت سـێ بەرد لەنـاو ئەو کانییەدا بهێنرێتەوە دەرەوە، دەست دەتەزێنێت- منـیش لەبەر هێنـانەدی ئاواتەکەی ئەو، بە چاوتروکاندنێك خۆم گەیاندە سەر ئەو کـانییە، دوو ژن لەسەر کانییەکە بوون، خەریکی ئاوپڕکردن و حاجەت شتنی خۆیان بوون، بە دزی ئەوانەوە کـۆچەڵەیەکم هەڵگــرت، پــڕم کــرد لە ئــاو، بە چــاو تروکاندێك خۆم گەیاندەوە ئەم پیاوە ساڵحە، یەکەم قسەی ئەوەبـوو وتـی: پرست کـرد بە خـاوەنی ئەم کـۆچەڵەیە؟ بڵێیـت پێیـان ئەیـبەم بـۆ ڕێگـای حیجاز؟ منیش وتـم نەوەڵا پـێم نەوتـن و پرسـم پـێ نەکـردن، وتـی دەی نایخۆم حەرامە بیبەرەوە بۆیان، ئاوەکەی پێ ڕشتم و کـۆچەڵەکەم بـردەوە بۆ کانییەکە، هێشتا ژنەکان دەمەتەقەیـان تەواو نەکردبـوو، تەنهـا ئەو جـارە ئەو کارەم بۆ کرد، ئەویشی بە حەرام زانی و نەیخواردەوە.

حەزرەتـی شـێخ عـومەر فەرمـووی کـاتێ ئەوەی بـۆ گێـڕامەوە منـیش مۆمەکەم لە دەستمدا پرواند و وردم کـرد، وتیشـم بە جننیـیەکە بـرا گیـان ئازاد بەو ئیتر لە ژێر فەرمانی خۆتدا بە، بۆ من ناشێیت، لەوانەیە من وەکـو ئەو پیاوە ساڵحەم بۆ نەکرێت.

باوکم هەر لەو بارەوە وتی جارێکیان لە مەجلیسی شـێخ عەلائەدیـن دا دانیشـتبووین، شـێخ تـایبی کـوڕی شـێخ عـومەر کە دەکـاتە بـرای شـێخ عەلائەدین وتـی یـاخوا بـێ قەزا بێـت بـاوکم، بـا ئەو جننیـیەی ڕابگرتـایە ئێمەش سودێکمان لێ دەبینی، شێخ عەلائەدین فەرمووی، بـۆ مـن و تـۆی بەجێ بهێشتایە! ئـێمە کەی دەتـوانین ئەو ئەمـانەتە گەورەیە بپـارێزین و لە جێگای شیاوی خۆیدا بەکـاری بهێنـین! ئەو پیـاوە سـاڵحە لە مـاوەی چـل

ساڵدا و بۆ یەك جاریش لەناو گڕە و گەرمای بیاباندا، ئاوی سازگاری ئەو کانییەی پێ ڕشتووە و بە حەرامی زانیوە، چونکە پرس نەکراوە بە خاوەنی کۆچەڵەکە، ئایا ئێمە دەتوانین ئەوە بکەین!؟ بەو شێوەیە وەڵامی شێخ تایبی برای داوەتەوە.

## * ئایا چاوتان بە حەزرەتی شێخ عەلائەدین کەوتووە، چی لەبارەیەوە دەزانیت؟

- حەزرەتی شێخ عەلائەدین کوڕی شێخ عومەری بیارەیە ئەویش کوڕی شێخی سیراجەدینە (قدس الله أسرارهم) لە جێگای باوکیدا دانیشت و دەستی کرد بە ئیرشاد و تەبلیغ، لە جیهانی ئیسلامدا شوێنکەوتووی زۆری هەبوون و دەهاتنە خزمەتی، لە هەردوو شانشینی عێراق و ئێرانیشدا ڕێز و حورمەتی تایبەتی هەبوو، نامەی ڕەت نەدەکرایەوە.

بەڵێ چەندین جار لە گەڵ باکم و مامەم و خاڵۆم و خزماندا چوومەتە خزمەتی و دەستیم ماچ کردووە و سودم لە ئامۆژگاری و حیکمەتەکانی بینیوە. حەزرەتی شێخ جگە لە ئیرشاد و ڕێنوێنی موسڵمانان، دەستێکی بە بەرەکەتیشی هەبوو لە پیشەی دەرمانسازی و حەکیمیدا، ئەو حەکیمییە لە دوای خۆیشی مابویەوە بۆ حەزرەتی شێخ عوسمان، کە قوتابی خۆی بووە و لەهەمان کاتیشدا کوڕی بوو، زۆرێك لە خەڵکی شیفایان لەسەر دەستیان وەرگرتووە.

لەبارەی حەکیمیی حەزرەتی شێخ عەلادینەوە (قدس سره) شتێکت بۆ دەگێرمەوە: لە ساڵی ١٩٤٨ و لە وەرزی گزرەبڕین دا بوو، لەگەڵ باوکم و کاکە حەمەم و مامە حاجی مەحمود و حاجی عەبدولمحەمەد دا لە خزمەتی حەزرەتی شێخ دا بوین، لە زانکۆی ئەزهەری دووەم لە بیارە، خەڵکێکی زۆر ڕوی کردبووە خانەقا و لە ڕووی مەعنەوییاتەوە خۆیان نوێ دەکردەوە و کەسێکیش نەخۆش بوایە لەسەر دەستی حەزرەتی شێخ

دا بە داودەرمـانی کـوردەواری و دوعـای گیرابـووی حەزرەتـی شـێخ و پیاوچاکان شیفای بۆ دەهات.

ئەو ڕۆژە ئێمە لەوێ بوین کوڕێکی گەنجی مەریوانییان هێنـا، کە دەم و چاوی بە تەواوی تێك چووبوو، خوار و خێچ بوو بوو، نەیدەتوانی قسـە بکات، کەسوکاری هەمووی پیاوی پیاوانە و مێزەر بەسەر بوون، بەیاوەری ئەو هـاتبوون. کـوڕەکەش بـاڵابەرزێکی بە هەیکەلـی جوانخـاس بـوو، کەسـوکاری نەخۆشـەکە پەلامـاری پێڵاوەکـانی حەزرەتـی شـێخیان دا، حەزرەتی شێخ کشـایە دواوە و لێیـان نـیگەران بـوو، فەرمـووی ئەوە چـی دەکەن؟ بۆ پەلاماری قاچی مـن دەدەن؟ ئـێمە هەموومـان بەنـدەی خـوای گەورەین و داوای شیفا لەو دەکەین.

دواتر بە کوڕەکەی وت وەرە پێشەوە، ئەژنۆکانت بلکێنە بە ئەژنۆکانی منەوە و تەماشام بـکە. پـاش ئەوەی لە دەموچـاوی کـوڕەکە ورد بـویەوە، فەرمووی کوڕم تۆ گۆشتی سیاون (بـزن)ت خـواردووە، شـیڵانە (قەیسـی) تەڕت کـردووە بە سـەریدا و خەیاریشـت خـواردووە، دواتـریش بە ئـاوی سارد خۆت شـۆردووە. بـاوکی کـوڕەکە هەسـتایە سـەرپێ و وتـی: ئەرێ بەخوا ڕاست دەفەرمویت جەنابی شێخ.

دواتر حەزرەتـی شـێخ حەمەی نیسـای بانـگ کـرد کە لە بەردەسـتیدا کاری گرتنەوەی داودەرمانی کوردەواری دەکرد، پێی فەرمـوو حەمە بـڕۆ بزانە سێپەڕە مـاوە؟ لەگەڵ گەڵای قەزوانـدا بـۆم بێـنە، جـوان بیـانکوڵێنە و بیکە بە چا، ئێوارە دوو چای بـدەنێ، وە بـۆ ژەمـی ئێـوارەش شـۆربایەکی کەم چەوری بۆ بکەن، ئێمەش دوعای شیفای بۆ دەکەین.

کاتێ بەیانی هەسـتاین ئەزانـین کـوڕەکە شـیفای وەرگرتـووە و سـاغو سەلیم وەکو هەر مرۆڤێکی سـاغڵەم بـۆ خـۆی دانیشـتووە. کەسـوکاری لە خۆشـیدا نەیانـدەزانی چـی بـکەن و چـۆن حەزرەتـی شـێخ مـاچ بـکەن و ئـیخلاس و وەلائـی خۆیـانی بـۆ دوپـات بـکەنەوە، هەمویـان پەلامـاری حەزرەتی شێخیان دا، باوکم هاواری کرد، براینە حەزرەتـی شـێخ مانـدوو

مەکەن، ئەو پێی خۆش نییە بەچاوی شیفابەخشەوە تەماشا بکرێت، خوای گەورە شافی هەموو دەردێکە.

بەو شێوەیە لە ڕووی مادی و مەعنەوییەوە بیارەی شەریفە بوو بە جێگای شیفای نەخۆشییەکان، خەڵکانێکی زۆر لەو زانکۆیەدا پێگەیشتن و بە کوردستاندا بڵاوەیان کرد و مزگەوت و ماڵەکانیان بە ئیمان ڕووناک کردەوە.

## * ئەی چی دەربارەی شێخ ئەحمەدی برای شێخ عەلائەدین دەزانیت؟

- شێخ ئەحمەد برای شێخ عەلائەدین بوو، ئەحمەد ئاوای ئێستا کە هاوینە هەوارە، بەناوی ئەوەوە ئاوەدان کراوەتەوە، پیاوێکی ساڵح و بەرچاو ڕوون بوو، لەکاتی نەخۆشی چاوەقوڵەی دووەمدا کەپێشتر باسم کرد بۆت وەفاتی کردووە. لەو ساڵەدا ئەو کۆچی دوایی کرد، قادر بەگ لە بنەماڵەی جەلال بەگی زاوای کاك حەمەساڵحی بەشارەت بوو، ڕۆشتبوو بۆ لای شێخ عەلائەدین، پێی وتبوو یاشێخ هاتووم بۆ خزمەتت تا تکام لای خوای گەورە بۆ بکەیت، لەم نەخۆشییە پیسە کوشندەیە بم پارێزێت و توش نەبم. ئەویش پێی فەرمووە، برا گیان بڕۆ بۆ لای نەجمەدینی برام با ئەو دوعات بۆ بکات. کاتێ دەچێت بۆلای ناوبراو، ئەویش پێی ئەڵێت من شیاوی ئەو دوعایە نیم، بڕۆ بۆ لای حاجی شێخ ئەحمەدی برام با ئەو نزات بۆ بکات.

قادر بەگیش خۆی دەگەیەنێتە لای شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ عومەری بیارە، بۆ ئەوەی نزای بۆ بکات و توشی نەخۆشی چاوەقووڵە نەبێت، شێخ ئەحمەد هەست ئەکات کە ناتوانێت کە نە خۆی و نە قادر بەگیش لەو قەدەرە لا بدات کە بەڕێگاوەیە بۆ لایان و زۆریش نزیکە لێیان، بەشێوەیەکی دانایانە جوابی دەکات کە نە دڵی بشکێت و نە

بشترسێت لەو نەخۆشییە، بەڵکو دڵیشی خۆش دەکات و پێی دەڵێت: برا گیان تۆ چیت دەوێت؟ ناتەوێت تا من لە ژیاندا بمێنم تۆش بمێنیت و بە لەشی ساغەوە بێیت و بچیت؟ قادر بەگیش ئەڵێت بەڵێ قوربان منیش هەر ئەوەم دەوێت، شێخ دەفەرموێت دەی برۆ دڵنیابە تا من ڕۆح لە قەفەزی سینەمدا بێت تۆش سەلامەت دەبیت، بەو شێوەیە قادر بەگ دەگەڕێتەوە بۆ زێدی خۆی.

قادر بەگ دەگاتەوە بەماڵی خۆیان، کاتێ لە ئەسپەکەی دێتە خوارەوە دەڕشێتەوە و هەر لەوێدا کۆچی دوایی دەکات. وەك دەگێڕنەوە دوای ئەوەی قادر بەگ ماڵی شێخ بەجێ دەهێڵێت و دوور دەکەوێتەوە، حاجی شێخ ئەحمەد دەڕشێتەوە و بەو نەخۆشییە گیان دەسپێرێت. واتە پێش ئەوەی قادر بەگ بگاتەوە بە ماڵی خۆیان ئەو دنیای بەجێ هێشتووە و کۆچی دوایی کردووە. ئەوەش یەکێکە لە کەراماتەکانی شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ عومەری بیارە، کە خۆی و باو باپیریشی بەرچاو ڕوون بوون و هەواڵیان لە زۆر شتی نادیار داوە.

لەم ڕۆژگارەدا کە مادده بەرچاوی خەڵکی گرتووە، باوەڕ بە کەرامات و بەرچاوڕوونی ئەولیا و پیاوچاکان نەماوە و گاڵتەیان بەم باس و بابەتانە لێ دێت، لە کاتێکدا کە کەرامات نمونەی بچوکی موعجیزاتی پێغەمبەرانە سەلامی خوایان لێ بێت. لەو باوەڕەدام کە هەر کەسێك باوەڕی بە کەراماتی ئەولیا نەبێت لە دڵیشەوە باوەڕی بە موعجیزاتی پێغەمبەران نییە و تەسدیقیان ناکات، چونکە سەرچاوەی هەردوو حاڵەتەکە خوای گەورەیە و هەر خۆی دەیبەخشێت بە پیاوچاکان و نێردراوانی خۆی. ناکرێت باوەڕ بە ئەمیان بکەیت و گاڵتە بە ئەوی تریان.

## * ئەی دەربارەی شێخ حیسامەدین چیت بیستووە؟

- شێخ حیسامەدین فیردەوس جێگای بێت مەردێکی گەورە و دڵ ڕووناك بوو، جارێکیان جولەکەکانی هەڵەبجە چەند پیاوێکیان نارد بۆ لای شێخ حیسامەدین لە خورماڵ، کە ئەو کەسانە وەك حاخام وابوون و پرسی

ئایینەکەی خۆیان گرتبووە ئەستۆ، لەو کاتەدا باوکم (حاجی عوسمان) و مامەم (حاجی هەیەر)ی برا گەورەی و مام حاجی مستەفا لە لای حەزرەتی شێخ دەبن و لەوێ میوانن. جولەکەکان داوای دار لەحەزرەتی شێخ دەکەن بۆ سەر کڵیساکەیان کە وەکو مزگەوتی خۆمان جێگای خواپەرستییانە.

شێخ محەمەدی کوڕە گەورەی شێخ حیسامەدینیش لەوێ دەبێت، کە دەکاتە باوکی شێخ ئەحمەدی هەڵەبجە. شێخ حیسامەدین ڕێزێکی زۆر لە میوانە جولەکەکان دەگرێت و بە گەرمی بەخێریان دەهێنێت. دواتر پرسیاری هۆی هاتنەکەیان دەکات و ئەوانیش مەبەست خۆیانی پێ دەڵێن. شێخ حیسامەدین کە گڵگۆی لە گوندی باخەکۆنە خاوەنی باخ و داری باش دەبێت کە هەر لقە و هەشت نۆ مەتر باڵای هەبووە. شێخ ئەفەرموێت ئادەی سۆفی حەمەکەریمم بۆ بانگ بکەن. سۆفییەکانی خانەقا مام حەمەکەریم بانگ دەکەن و فەرمانی شێخی پێ ڕادەگەیەنن. شێخ حیسامەدین هەموو کەرەستەیەکی کشتوکاڵ و باخداری هەبووە، کەرەستەکانیشی بەش بەش و هەرکام لە گۆشەی ژوورێکی بچوکدا داناون، بەشێکی زەنگن و کەرگیلار بووە، بەشێکی بێل و خاکەناز بوو، بەشەکەی تری تەور و تەورداس و مشار بووە، هەموو ئەو کەرەستانەی هەبووە و پێویستی نەکردووە بچێت لەملاولا بیانهێنێت.

سۆفی حەمەکەریمی لەگەڵ جولەکەکاندا ناردووە بۆ باخەکەی خۆی، پێی وتبوون بە ئارەزووری خۆتان چەند لقتان ئەوێت ببڕن و هەرلەوێ پاکی بکەن و توێکڵەکەی لێ بکەنەوە. جولەکەکان دارەکانیان بڕیوە و پاکیان کردووە، شێخ پێی وتوون دوو سبەی وەرنەوە بۆ دارەکان، ڕێگایەکی ئاسانی بردنەوەشتان پێ دەڵێم.

ئەوە بوو دوای دوو ڕۆژ جولەکەکان چوونەتەوە بۆ خورماڵ و لە تەگبیری ئەوەدابوون چۆن ئەم دارانە بەرنەوە بۆ هەڵەبجە، هۆکاری گواستنەوە نەبوو، جگە لە وڵاخ کە ئەویش بۆ باری دار هەروا ئاسان نییە.

حەزرەتی شێخ پێی فەرموون ئەم جۆگە دەبینن، ئەوانیش تەماشای

ئـــاوی (گەنجـــان) دەکەن کە دەڕژێـــتە جـــۆگەدرێژ (تەوێلەجـــۆ) و (سـەرگەتەجۆ)وە، یەکەمیـان لە خورمـاڵەوە بەرە و تـازەدێ و لەوێـوە بـۆ کوڵکنی و پاشان تەپی سەفای خواروو دێت. دووەمیشیان تا گوندی تەپی سەفای سەروو دێت. ئاوی جۆگەی سەرگەت زۆر بووە، شێخ دەفەرموێت دارەکــان ســێ ســێ ببەســتن بە یەکەوە، بــا ســەری پەتەکە بەدەســتی یەکێکتــانەوە بێــت، وردە وردە ڕایبکێێشــن و لەگەڵیــدا بــڕۆن تــا دەگەنە گونــدی تەپــی ســەفا، بەمەش نیــوەی ڕێگاکەتــان لەکــۆڵ دەبێــتەوە. وە سودێکی تریشی هەیە بۆتان کە ئەویش تەڕبوونی دارەکانە، دار هەڵکێشرا لە ئاو زووتر وشك دەبێت، ئەمەش بۆ ئێوە باشترە.

شـێخ چـۆنی پـێ وتـوون بەو شـێوەیە سـپی چنارەکانیـان گەیانـدبووە گوندی تەپی سەفا، دواتر حەمەی ئەحمەد مۆریاسـی و ئەحـمەدی حەمـل وڵاخدار بوون دارەکانیان بۆ بردوونەتەوە بۆ هەڵەبجە.

بــاوکم وتــی: دوای ئەوەی جولەکەکــان تەور و مشــار هەڵــدەگرن و دەچن بۆ بـاخەکەی شێخ بـۆ بڕینـی دارەکـان، شـێخ مـحەمەد لە بـاوکی دەردەپەڕێت و ئەڵێت: بـێ قەزابـی بـاوکە تـۆ هەر جـولەکەیەکی (کەران باوك گاو) دێتە لات، داوای چی ئەکات پێیان ئەدەیت! توخوا حەیف نییە ئەو دارە جوانــانەت پێــداون بــۆ کلێســا؟ شــێخ بە هێمنــی و لەســەرخۆ فەرموویەتی: حەمە بـدە وەدەمتـا، مـن ئەم دارانەم بە مـزگەوت داوە، واتە ئەوەی لە بەرچاو بووە کە ماوەیەکی تر جولەکە کۆچ دەکەن و هەڵەبـجە بەجێ دەهێڵن، کڵێساکەش دەکرێت بە مزگەوت.

ئەمەش ســەخاوەت و کەرەم[1] و لە هەمــان کاتــدا بەرچــاو ڕوونــی

---

(١) لە کاتی وەرگێرانی بەڵگەنامەیەک یان یاداشتێکی بەڵگەنامەییدا بە ڕوونی درک بە نەبــوون یــاخود کەمتەرخەمــی کــورد دەکەیــت لە تۆمــارکردن و بەداتــا کردنــی ڕووداوەکانــدا. زۆربەی میللەتــانی دنیــا بــۆ دەوڵەمەنــدکردنی ژێرخــانی مێژوویيــان ←

بچوکترین ڕووداوی ڕۆژانەیان تۆمار دەکەن. هەربۆیە داتایەکی باوەڕپێکراویان بۆ هەموو سەردەم و ڕوداوێک لەبەردەستایە. بەداخەوە تۆمار کراوەکانی ئێمەی کورد زیاتر لە یاداشتنامەیەکی تایبەتی دەچێت، هەر بەو شێوەیەش بەر دیدی خوێنەر دەکەوێت. بۆیە ناتوانرێت وەک سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی مێژووی پشتی پێ ببەستین، بۆ ئەوەی بەسەرهاتێک، ڕێکەوتێک، ڕووداوێک بمێنیتەوە پیویستە بینووسینەوە.

٩٩ ساڵ بەر لە ئێستا گیرترود بێل (Gertrude Bell) لە هەورامانەوە کە بە (ئۆرمان) ئاماژەی پێکردووە نامەیەک دەنێریت بۆ هۆ بیڵ (Hugh Bell)ی باوکی بۆ بەریتانیا.

**لەگیرترود بێل (Gertrude Bell) بۆ باوکی بەڕێز هۆ بیڵ(Hugh Bell) ، ڕێکەوتی نامەکە ڕۆژی ١٣-١١-١٩٢١**

باوکە دەبوو بگەڕێمەوە سلێمانی و لە ١٥ی مانگدا بە شەمەندەفەر بچمەوە بۆ بەغدا، بەڵام ئەوەم نەکردووە. کاپتن دۆگلاس پێشنیاری ئەوەی کرد شەوێکیش لە هەورامان لە بەرزاییەکانی سەروو هەڵەبجەوە بە سەربەرم. لە بەردەم ئەم پێشنیارە شل بووم خۆم ڕانەگرت. ئەو داوایە لە خشتەی بردم. هەورامان زۆر ناسراو نەبوو لەلامان، تاک و تەرا سەردانی ئەو ناوچەیانی کردووە. هەلی ئەوەم بۆ ڕەخسابوو، نەدەبوو ئەم سەردانە لە کیس خۆم بدەم، بەڵکو کورتترین سەردان باشتر بووە لەوەی لەدەستی بدەم. چیاکانی هەورامان سەخت و دژوارن، شیوەکان بەقووڵی چیاکانیان بریوە. پڕە لە دار و باخچەی بچوک. لێرە گوندنشینەکان دەژین، میلەتێکی زۆر کۆنن بە دیالێکتێکی تایبەتی کوردی قسە دەکەن و وەك باس دەکرێت زۆر نزیکە لە فۆرمی زمانی فارسی کۆنەوە. بەگەکانی هەورامان خەڵکانێکی توند و ئاڵۆز و دەسەڵاتدارن، بنەماڵەیەکی گەورەی ئاینیی شێخەکانی لێیە کە پەیڕەوی تەریقەتی نەقشبەندی دەکەن. پەیڕەوانی ئەم تەریقەتە لە شێوەی ئۆرثەدۆکسی (orthodox)ئیسلامن، مەزهەبێکی زۆر تۆکمە و بەربڵاون، لە دیمەشق و ئەستەنبوڵ مزگەوت و دەرویش و تەکییان هەیە. لەڕاستیدا نەقشبەندییەکان هەر لە ڕیبازێکی ئاینی دەچن وەک هەرشتێکی تر، هەورامان لەلای ئەوان خاکی پیرۆزە. ئێمە دەستەیەکی گەورە بووین . ئەحمەد بەگ بە خۆی و بیست سوارەوە هاتبوو. ئەحمەد بەگ ئەسپێکی پۆنی عەرەبیی جوانی دامێ بۆ ڕێگاکە. لە دوای نیو کاتژمێر سواریی. سێ شێخی نەقشبەندیمان بینی کە بۆ دیتنی ئێمە هاتبوون. یەك لەوان شێخ سەعدی برای شێخ حیسامەدین بوو.کەلەگەڵی چووین بۆ خواردنی نانی نیوەڕۆ. دوای نیو کاتژمێری تر بەشاخ و یاڵە ڕووتەکاندا ڕۆیشتین گەیشتینە قادر بەگ کوڕی سەرۆک جەعفەر سوڵتان ، کە ئەویش یەک دوو سواری لەگەڵ بوو. هەموو پێکەوە دەستەکەمان ٤٠ تا ٥٠ ئەسپ سوار دەبوو، هەموو ڕێک پۆش بە سەر پشتی ئەسپی بچوکی عەرەبییەوە بووین، ڕێک لە وێنەی ناو کتێبی ڕووناکی فارسەکان دەچووین دووبارە بەناو چیاکاندا ڕۆشتین، تاگەیشتینە پێچی چیاکە. لەسەر چیاکە جۆگەی ئاوی بچووك بەرەو خوارەوە دەهات، لە نزیکی جۆگەکان بەڕیز دارتوو هەبوو. لەولاشەوە گوندێکی خنجیلە دیار بوو، کە ئێمە بۆ نانخواردن دەچووین بۆ ئەوێ، کە ئەو گوندە ناوی باخە کۆن بوو , ئەم گوندەش وەك هەموو

←

گونـدەکانی تـری هـەورامان قـایم و لـە بـەرد دروسـتکرابوو، وە بە داری بەردار داپۆشرابوو، بە درێژایی جۆگە ئاودێرییەکان هەمووی دار و سەوزایی بوو. لەسەرووی تەواوی ماڵەکانی گوندەکە لە بەرزترین شوێنیدا ماڵی شـێخ حیسامەدین بـوو. چووینـە ماڵی شێخ حیسامەدین دیوەخانێکی لە بەرد دروستکراوی درێژکۆلە هەبـوو، بەلێـواری چیاکەوە باخچەیەکی بچووك دروستکرابوو، لە سەر دەستووری ئێرانییەکان حەوزێکی ئاو لە ناوەڕاستی دارێکی شۆڕەبی لە نزیکیەوە هەبوو پڕ گوڵ و گوڵزار بوو، بەچـیخ و دار پـەرژینی باخەکـەیان کردبـوو، ئـاو هـاژەی دەکـرد و بـە نێـو بەردەکانـدا دەهـاتە خوارەوە. ئێمە هەموومان چووین بۆ دیوەخانەکە و لە سەر ئۆرتە و لباد دانیشتین .شـێخ حیسامەدین خۆیشی لەوێ بوو، پیـرە پیـاوێکی بە شـکۆ و پیـرۆز و ڕوو خـۆش بـوو هەرگیز پێشتر پیرە پیاوێکی وەها بە شکۆی بیرۆزم نەبینووە، چاوەکانی گەورە و گەش بوون و لووتێکی گەورەی قولاپی پێوەبوو، دەم بە خەندە و میهرەبان کوتاڵێکی سـپیی زلی بە سەرەوە بوو، هەروەها عەرەبییەکـــی زۆر باشی دەزانی. هەموو ئـەو بـــەگ و شێخـــانەی لەوێ دانیشتبـــوون جلوبەرگەکانیان سوور و شیــن و قاوەیـی و سپـــــی و ڕەش بوون. تیشکی خۆر لە پەنجەرە کراوەکانەوە دەهاتە ژووری، کە بەهۆیەوە ئاوە شـینەکەی حەوزەکە و لـق و پـۆپی دارەکـان شـۆڕببوونەوە کە دەتـرِوانیە لـوتکە و کێوەکە چ دیمەنێکی جوان و ئەفسوناوی هەبوو. لـە نێـو ئەوانـدا پیاویـک هەبـوو زۆر جیـاواز لە کـوردە جـوان و کەتە و چوارشـانە و خورتەکـان، ئەو پیـاوا لاواز و لەڕ، عەرەب و خەڵکی حیجاز بوو، وە مـاوەی پـانزە سـاڵ بـوو لەگـەڵ شـێخ حیسـامەدیندا دەژیا و هەر لەوێ ژنی هێنابوو، وە جێگیر بوو بوو، بەڵام یەك وشە لە زمـانی کـوردی نەدەزانی. ئەم پیاوە زۆر کەمدوو بوو، هیچ قسەی نەدەکرد، کاتێ باسی شـا فەیسـەڵم بۆ کرد هیچ گرنگ نەبوو بەلایەوە، کەچی لە بەرامبەردا شێخ حسامەدین زۆر حەزی دەکـرد هەواڵـی فەیسـەل ببیسـتێت .لە دوای نـانخواردنێکی بەچێـژ و نایـابی نێـوەڕۆ و نزاکردنمان، دەبێ ئەوە بڵێم زۆر بە خەمگینی ئەو شوێنەم جێهشت. گونـدی بـاخەکۆن وەختی خۆی شوێنی دز و ڕێگرەکـان بـووە، تـا ئەو سـاتەی بـاوکی شـێخ حسـامەدین فەرمانی کردووە بە دروستکردنی گوندێک لەم شوێنە و درێژەدان بە پەیڕەوی ئـاینی، هەر بەم جـۆرە بـووە بە تەکیـەی نەقشـبەندی و خەڵکـی دێـنە سـەردانی و دەسـتی شێخیان ماچ دەکرد. لە شێخەوە مـۆراڵ و بەهاکـانی ڕەوشـتیی لێـوە فێـر دەبـوون. کە بەڕێکەوتین بەرەو دۆڵەکە، بەقەراخی چیاکەدا پێچمان کردەوە، دووبارە لە ناو دۆڵێکی قوڵتر و سامناک کە بە دارو دەوەن و دارسـتان و پـڕ دارگـوێزی گەورە بـوو خۆمـان بینیەوە و چوینە گونـدی بیـارە کـە مەزاری پیـرۆزی شـێخ عومـەری تێـدابوو. نـاوبراو ڕابەری پەیـرەوی نەقشـبەندی بـووە بە چەنـد پشـتێک پـێش شـێخ حسـامەدین. لێـرە ئامۆزایەکی شێخ حیسامەدینی لـێ بـوو بەنـاوی شـێخ عـەلادین دیوەخـانێکی گەورەی هەبوو لە ژێر دارگوێزەکاندا و چوینە لای، لە تەنیشـت تەکیـەکەدا حەوزێکـی ئـاوی لـێ بـوو کە خەڵکـــی پـێش نـویژ کـردن دەسـتیان تێـدا دەشـــت و سوودیـــان لێـوەردەگرت. ئەم جێگـایە هەتـا بڵێـی ئـارامە و ئەتـوانی بە قـووڵی خەیـاڵ بکەیـت. ئەم شێخ عەلادینە (هەندێك قسـەی نـابەجێ و بـێ ئەدەبـانە بەرامـبەر حەزرەت شـێخ

←

دەکات پێم خۆش نییە دایبنێم/ سەرحەد)، ڕیگەی نەدەدام قسەبکەم و هەندێك شتێ بۆ ڕوون بکەمەوە، سکالا و گازندەکانی هەمووی دژی حکومەتی بەریتانیا بوو. بە بەردەوامی بۆڵە و خوتەی دەهات و ئەوەی حکومەتی بەریتانیا بۆی کردووە لە چاوەڕوانی داخوازییەکانی ئەودا نەبووە، دەبوو زۆرتریان بۆ بکردایە و داواکاریی زۆرتری هەبوو.
بە بڕوای من ئەم پیرۆزتر بوو لە شێخ حسامەدینی ئامۆزای. ئەو پێی وابوو گرنگی زیاتری پێدراوە بۆیە وا بێ ماریفەت بوو لەگەڵمان و هەرچۆنێك بێت من وای دەبینم کەوا کاریگەری ئەوەی لەسەر بوو کە ئەو پیاوێکە ڕابەرایەتی(جیهان) دەکات و چارەسەری نەخۆش بە نزا و پەرجۆ دەکات، خاوەنی کەراماتە و ئەو شتانەی تێکەڵ بە فرِوفێڵی سیاسەت دەکرد. (ئەم کچە بێ ئاگایە لە دنیای ئیمان و مەسلەکی عاریفان و بە پێوانەکەی خۆی شتان دەپێوێت/ سەرحەد). زیاتر سەرنجی لەسەر نەگێڕانەوەی قەرزی کشتوکاڵ و لابردنی باج بوو . جێگەی حەوانەوەی شەومان نیو کاتژمێرێک لەو سەری دۆڵەکەوە بوو، لەبەر ئەوەی دەبوو لەلای ئەفراسیاو بەگ بمێنینەوە. ئەفراسیاو بەگ یەکێك بوو لە بەگزادەکانی هەورامان و هەروەها کوڕەکەشی کە تەمەنی ١٠ بۆ١١ ساڵ دەبوو، هاتبوونە بیارە بۆ دیدتنی ئێمە. ئەم نیو کاتژمێر ڕێگایە بە سواری ئەسپ زۆر سەرسوڕهێنەر بوو، بە ناو دۆڵ و شیوی پڕ لە دارگوێز و داری میوەی هەمەجۆرەدا دەڕۆشتین، بەر لە خۆر ئاوابوون بەچەند سائێک گەیشتینە ماڵی ئەفراسیاو بەگ، کە ماڵێکی هاوینەی بۆ میوانداری میوانەکانی، خانوویەکی گەورەی لە بەرد دروستکراو بوو. خانووەکە لە سێ نهۆم پێک هاتبوو، نهۆمی یەکەم گەوڕ و خانی ئاژەڵان بوو، نهۆمی دووەم بۆ کارگوزارەکان و نهۆمی سەرەوەشی بۆ پیاوماقووڵان تەرخان کرابوو. دیوەخانێکی گەورەی کراوەی هەبوو بەسەر دۆڵ و دارەکاندا دەیڕوانی، بە کۆڵەکەی دارین جێگیرکرابوو. نیوەکەی تریش بە دیواری ئەستووری نزیکەی مەتر و نیوێک یان دەورە درابوو وە تاقی گەورەی تێدا دروستکرابوو. ژوورەکەی من کە لە لایەکی خانووەکەوە بوو، دوو لای هەبوو، پەنجەرەکانی کەوانەیی گەورە تا سەر زەوییەکە هاتبوو. باڵەخانەکە بە باشی هەوا دەیگرتەوە، بەڵام خۆشبەختانە دنیا سارد نەبوو، هەروەها پەنجەرە کەوانەییەکان زۆر بەرز بوون و کەس نەیدەبینیت ، مەگەر لە وبەری چیاکەوە کەسیان لە ژوورەوە ببینیایە. پێش ئەوەی شەو دابێت بەرەو گوندەکە بەڕێکەوتم، کە دەکەوتە بەشی ئەو سەری دۆڵەکەوە و لەو سەری دارەکانەوە. چیاکە ڕووت و بێ دار بوو، نزیکەی هەزار پێ لە سەروو گوندەکەوە بوو. گوندەکەی ئەفرسیاو بەگ سنوری ڕاستەقینەی کەوتبووە لای خوارەوە ڕێك لە ناو ئێراندا بوو و ناوی (هانە گەرمەڵە) بوو، (کە ئەو بە Khali Garmala ئاماژەی بەناوەکەکردووە) بە دیالێکتی هەورامی واتە تاڤگەی گەرم. هەفتەیەك یان دووانی تر گوندەکە دەکەوێتە ژێر بەفرەوە، بەڵام بۆ خەڵکەکەی گرنگ نیە، گوێ بە سەرما نادەن، چونکە خانووەکانیان لە بەردی گەورە دروستکردووە و دارێکی زۆریان لە تارمە و هەیوانی ماڵـــەکانیان هەڵچنیووە بۆ سووتاندن. ئەفراسیاو بەگ خانووی زستانەی لێرە هەیە. وەک کۆشکێکی هەورامی وایە و شێوەیەکی
←

جـــــــوانی هەیـــــــە و بە کۆڵەکـــــــەی داری ئەســـــــتوور ڕاگیـــــــراوە. کاتێ گەڕامەوە بۆ ماڵ سەیر دەکەم لە سووچی دیوەخانەکەدا ئاگریان کـردۆتەوە و ئەفراسیاو بەگ و هەر سێ کوڕەکەی کە جل و بەرگی پۆشتە و ڕەنگینیان لەبەردابوو، لەگەڵ قادر بەگی کوڕی جافر سوڵتان لـە سـەر دۆشـەك دانیشـتبوون و لـە بەرامبەر ئاگردانەکەش چایچییەك خەریکی سەماوەر (samovar) چابوو، کارگوزارەکانیش لـە پشتەوە بوون. لە ڕاستیدا ماوەیەکی زۆر نەبوو کەوا ئەفراسیاو بەگ یەکێك لە براکـانی قادر بەگی کوشتبوو، وە جافر سوڵتانیش تورە و قینی گرتبووە دڵ. بەڵام لەوە ناچێت قادر بەگ زۆر گرنگی بەم دوژمنایەتییەی ناو خێزانەکە بدات. من گومانم لەوە نیە کە ئەو پیـاوێکی ژێـرە و کـامڵانە بیـر دەکـاتەوە، چونکـە ئەو کۆمەڵێـک بـرای هەیـە و یەکێکیان کـەم بێتـەوە یـان زیـاد بێـت کێشـەیەکی ئـەوتۆ نیـە، بۆیـە پێکـەوە خـۆی و ئەفراسیاو بەگ لەگەڵ ڕیش سپی و پیاو مـاقوڵانی نـاوچەکە دانیشـتبوون، چارەسـەری کیشەکەیان دەکرد. بۆ نـانی ئێـوارە مـن و کـاپتن دۆگـلاس لە دیوەخـانەکە لـە سـەر قازانێکی گەورەی برنج و نان و گۆشـتی کـولاو و سـوورەوەکراو بـووین و ماسـتاوی ترشمان دەکـرد بە سـەریدا. قـادر بەگ و ئەفراسـیاو بەگ و منداڵـەکانیش لـەولا تـر بوون، هەروەها دووسێ دەستەی تریش ئامادەی ئەم خوانە بوون. کاتێ کە ئێمە تێرمان خوارد و خواردنێکی زۆرمان لێمابویەوە کارگوزارەکان بردیانـە دەرەوە بـۆ خۆیـان و خواردیـان. ئەو شـەوەم زۆر لەلا خـۆش بـوو، کە لە جێگـاکەی خـۆمەوە تـریفەی مانگەشـەوم لە نێـو لـق و پـۆپی درەختەکانـدا دەبینـی و بـۆم دەڕوانـی. ڕۆژی دواتـر بەرەبەیانی ١٤ی نۆڤەمبەر بە سواریی گەڕاینەوە بۆ هەڵەبجە و لە بیارە ئەحمەد بـەگ و دەستەکەیمان لەگەڵ خۆمـان بـردەوە، لە بەر ئەوەی ئـەوان شـەو لـە بیـارە مابوونـەوە . شێخ حیسامەدین زۆری هەوڵدا نانی نێوەڕۆی لەگەل بخۆین لە ڕاستیشـدا خواردنیـان ئامادە کردبوو، بەڵام ئێمە هـەر سـەعاتێك نەدەبـوو نـانی بـەیانیمان خواردبـوو، ئەویـش بریتی بوو لە هێلکـە و ماسـتی تـرش (سرێشـک)، بەشـێوازیکی خـۆم و بە نـابەدڵیەوە داواکەیم ڕەت کردەوە. من بڕوام وا نەبوو ئەو باشتر بیـر بکـاتەوە لەوەی کە بیـرم لـێ دەکردەوە بەشیوەیەک دلگران بوو. نزیکی نیـوەڕۆ گەیشـتینەوە هەڵەبجـە و پـاش نـانی نیوەڕۆ خواحافیزیم لە عادیلە خانم(Adlah Khanum) کرد و بـە ماشـێن گەڕامـەوە بـۆ سلێمانی، کە نزیکەی سێ کاتژمێر دوور بوو بـە ماشـێن. ئـێمە ڕێگەیـەکی باشـمان بـۆ ماشێنەکان دروستکردبوو. لەوێ مێجەر مارشاڵ لەگەڵ مێجەر گوڵدسـمیس مـابووەوە و ڕۆژێکـی خۆشـی بـە گـەڕان و گرتنـی چەنـد فۆتـۆیەک لـە سـلێمانی بردبـووە سـەر. نێوەڕۆی ڕۆژی ١٥ی نۆڤەمبەر عادیلە خانم (Adlah Khanum) هات بۆ سلێمانی و پێی وتم لە بەر خۆشەویستیی تۆ هاتووم بۆ ئـەوەی جـارێکی تـر بتبینـمەوە، بـەڵام مەبەسـتە ڕاسـتەقینەکەی ئەوە بـوو کـە بـۆ هەنـدێک کاروبـاری تـایبەتی خـۆی لەلای مێجـەر گۆڵدسـمیس کـۆمەکی بـکەم. بەڵام لـەم کارەیـدا سـەرکەوتوو نەبـوو، وە منـیش نەمـدەویس دەسـت وەردەمـە کاروبـاری ڕامیـاری نـاوخۆ، سـەرەڕای ئەوەش مێجـەر گوڵدسمیس هەموو شتێکی لە بارەی ئەو مەسەلە تایبەتانەوە بۆ باسکردبووم بە تـەواوی ئاگاداری هەموو یارییەکانی عادیلە خانم بووم .

←

ڕۆژی١٦ی نۆڤەمبەر بە ئۆتۆمبیل گەڕامەوە بۆ کەرکووک، یاریدەدەری ڕاوێژکار کاپتن میلەر (Capt Miller) بەڕاستی (مخلوق) دروستکراوێکی جوان بوو، (بابە تۆ پێشتر لەکەرکووک بینیبووت ڕەنگە ئێستا لەیادت نەمابێت) من دەبێت بیر لە پیاوێکی بەتواناتر بکەمەوە لەم سەرۆکە زۆر جوامێرە. هەستم بەوەکرد تەواوی بارودۆخەکە لە کەرکووک گۆڕاوە و زۆر باشتر بووە. کاپتن میلەر (Capt Miller) چوو بوو بۆ بەغدا، ئەوکاتە ئەو لێرە بوو کە من بەکەرکووکدا تێپەڕیم .لەوێ دیدارێکی درێژی لەگەڵ فەیسەڵ ئەنجام دابوو . تەواو سەرسام بوو بە زیرەکی و ژیهاتی لە کارگێڕیدا. بە بڕیارێک گەڕابووەوە بۆ کەرکووک، تا بەکەرکووکییەکان بڵێت ئێوە پروپاگەندەی هەڵە دەکەن و ئەسڵەن لە فەیسەڵ تێنەگەیشتوون کە چی دەوێت لێتان. وا چاکترە نوێنەرێکی خۆتان بێنرن و بیبێنێت، کە تا ئێستا ئەو کارەیان ڕەتکردووەتەوە و نەیانکردووە، ئەوسا سەرکەوتوو دەبێت. وا باشترە وەفدێک لە نوێنەرانیان لەگەڵ پارێزگاری کەرکوک لە ماوەی ١٠ ڕۆژدا خۆ ئامادە بکەن بۆ ڕۆشتن. لەبەر ئەوەی لە ئێستادا فەیسەڵ بەگەشتێک چۆتە شوێنێک . پارێزگاری شار وەک کاپتن میلەر دەڵێت ئەوەی لەلا یەکالا بۆتەوە نەک تورک هەر ناگەڕێتەوە بەڵکو بۆ خودی خۆشی خراپ دەکەوێتەوە ئەگەر ئەوەیان بکات. لە سەرەتای داگیرکارییەکەوە لایەنگر و دڵسۆزی حکومەتی بەریتانیاییە و لەخزمەت ئێمەدایە. کوردەکانی کەرکووک حەز ناکەن لەگەل سلێمانیدا یەکبگرن و بچنە پاڵیان و بە جۆرێک ئیرەیی بەو ئامانجە دەبەن، هەر بۆیە تورک و کوردەکانی کەرکووک لە خۆمادەکردندان بۆ ئەوەی سوێندی ملشۆڕی و دڵسۆزی بۆ شای ئێراق بخۆن هەموو هەوڵێکیان ئەوەیە ئەو خاڵە بە ئاکام بگەێنن و دوای بکەون. تەواوی ئەم بەسەرهاتە کاپتن میلەر بۆی گێرامەوە پیش چا خواردنەوە، کاتێک بە ئۆتۆمبێل بردمی بۆ لای ئەو چاڵە نەوتانەی کە ٦مایل لە باکووری شاری کەرکووکەوە دوور بوو، کە من پێشتر هەرگیز نەمبینی بوو نەوتێکی ڕوون نیە، بەڵام دوای ئەوەی دەپاڵێورێت و چەند گۆڕانکارییەکی تێدا دەکرێت دەتوانریت بۆ کارو باری ناوماڵ بەکار بهێنرێت، خۆ ئەگەر پاڵاوگەیەکی باشتر ئامادە بکرێت ئەوە دەتوانن سوتەمەنی (بەنزین)ی ئۆتۆمبێلی لێ بەرهەم بهێنین. ئەم چاڵە نەوتانە هەموو موڵکی خێزانیکی کەرکووکین کە پێیان دەڵین نەفتیزادە (Naftji Zadah) چارەکە مایلێک لەولاوە چاڵە نەوتێکی بچووک بە سەرگردۆڵکەیەکەوە هێندەی دەمە پەرداخێک لە ژێر زەویەکەوە گازی لێ دێتە دەرێ بە بەردەوامی دەسووتێت، شتێکی زۆر سەرنجڕاکیشە. ئێمە چووینە نزیک ئاگرەکە بۆ تەماشاکردنی، لە درزو کونەکانەوە پریشکی ئاگرەکەی فڕێ دەدایە دەرەوە و بەرز دەبوونەوە، بۆنی گۆگردی لێ دەهات. خۆزگەم دەخواست باوکە لەگەڵ تۆ جارێک بچوینایەتە سەری، لەوێ پێکەوە بووینایە دەربارەی ئەوە زیاترت بۆ باس بکردمایە .

کە گەڕاینەوە بە هاوەڵی کاپتن میللەر چوین بۆ بانگهێشتی یەکێک لە سەرۆک هۆزە دیارەکانی کورد ئەویش حەبیب بەگی تالەبانی بوو، لەوێ گفتوگۆیەکی دۆستانەی باشمان کرد و دواتر نانی ئێوارەمان خوارد. منیش داوام لێکردن گەر هاتنە بەغداد پێم خۆشدەبێت بیانبینم. پاشتر بۆ خوانێکی ئێوارە هاتنە لام، برایەکی خۆی بە ناوی

←

شێخمان بۆ دەردەخات کە پێش وەخت زانیویتی جولەکەکان کۆچ دەکەن بۆ خاکی فەلەستین و هەڵەبجە بەجێ دەهێڵن، ئەوە بوو دوای کۆچ و ڕەوی جولەکە و ڕۆشتنەوەیان بۆ زێدی باوباپیرانیان کە خاکی فەلەستینە، ئەو کلێسایەی ئەوان دروستیان کرد کرا بە مزگەوت و ناویان نا

---

عەبدوڵا ئەفەندی لەگەل خۆی هێنابوو، کە پێشتر ئەندامی ئەنجومەن بوو لە دەوڵەتی عوسمانیدا، بە هاوەڵی کەسێکی دی بە ناوی حسێن بەگ نەفتچیزادە، کە ئەندامی ئەو خێزانە بوو کە لە ڕیکەوتنەکەدا بوون. عەبدوڵا ئەفەندی و حسێن بەگ بە هیچ شێوەیەک بە زمانی عەرەبی گفتوگۆیان نەدەکرد، بەڵکو تورکی زمانی یەکەمیان بوو. ئەمان تورکن، خەلکی کەرکوک نەک عوسمانی دەزانی! بەڵکو لەسەردەمی کۆنی سەلجوقیەکاندا هاتوونەتە ئێرە. ئێوارە خوانێکی باشمان هەبوو پزیشکێک و لیڤی ئەفسەریش لە سلێمانیەوە هاتبوون، لەگەڵ دوو پیاوی تریش لە بەغدادەوە. ئەمرۆ ١٧ نۆڤەمبەرە، بە سواری ئۆتۆبیل بەرەو کیگەربان (kigarban) چووم ئەوا ئێستا هێواش بەرەو بەغداد دەڕۆم، دوای نمایشەکە دەزانی؟ ئای خوایە.. خۆزگەم دەخواست تۆش لیرە بویتایە. ٢٤ نۆڤەمبەری ١٩٢١ لە کاتی گەڕانەوەمدا نامەی تۆم بینی، هی ٢٦ ئۆکتۆبەر و ٢ نۆڤەمبەر لەگەل دوو نامەی دایکم لە ١٢ و ١٨ مانگ، ئێوە باشترین و جوانترین پەیامنێرن، ئەوانەی باستان کردوون سەبارەت بە لۆرد گرەی، زیاتر سەرنجیان ڕاکیشام. سەراپا لەگەڵ بۆچونەکەتم سەبارەت بە توانا و داهێنان و هێزیان. نکوڵی ناکەم لە ژیری و مەزنی گەورە پیاوی میری. ئەمڕۆ ئاهەنگی هاوسەرگیری هۆگۆیە، بۆیە ناردنی تێلەگراف بێسودە، لەبەر ئەوەی کەس نازانێت ٣ یان ٤ ڕۆژی پێ دەچێت هەتا دەگات، بەهیوام ئاهەنگەکەتان ئەو بارانەی لێ نەبارێت کە ئێستا لە باخچەکەی من دەبارێت. من گەڕامەوە، لە سلێمانی ئەوکات هەر باران بوو. ڕۆژی یەکشەمە ٢٠ مانگ هەمووی باران بوو، دیسان دەستی پێکردۆتەوە.
بەڵام ئاهەنگە کە گەر وابێت تا ئەژنۆ لە قوردا دەبێت، من دڵخۆشم کە ئاوایە، گەر وابێت بەروبومی ئەمساڵ باش دەبێت لەگەڵ ئاژەڵداری، بەتایبەت لە ناوچە ووشک و سەحراکان، بڕوای تەواوم هەیە کە فەیسەل و حکومەتی ئێراق شایستەن. مەلیک بەیانی لە ناسرییە دەگەڕێتەوە، بەڵام باران بە ئاسانی ڕێگای شەمەندەفەر پەک دەخات، بیستوومە زۆر دڵگرانە بە ڕیکەوتنی فەرەنسا لەگەل کەمالییەکان، سەیر نیە بە لامەوە دەبێت وابێت، هەروەک ئەوەی دەیزانی ئەوەش بە واتای کردنەوەی ڕێگای دوژمنانمانە لە باکورەوە وەک دەزانین ترسناکە، نازانم هەتا کەی فەرەنسییەکان دەبنە بار بەسەرمانەوە! نامەم بۆ لۆرد هاردنگ نووسی و پرسیم ئەو چۆن دەیبینێت؟ وا ئێستا کات درەنگە و دەبێت بچمە ناو جێگا هەروەها ئەم نامەیەش تاقەتپروکێن و درێژە. بۆ هەتا هەتایی کچی بەسۆزتان گیترود بێڵ ١٣-١١-١٩٢١. سەرچاوە/ نامەیەکی "گیرترود بێل" لەهەورامانەوە بۆ دۆرهامی بەریتانیا ساڵی ١٩٢١ وەرگێڕان و ئامادەکردنی: جوان عومەر ئەحمەد، ماڵپەڕی ئاوێنە ٢٠٢٠/٧/١.

مزگەوتی (ئەحمەدی). خادەمی ئەو مزگەوتەش کاك عەلی بوو برای کاك حەمەئەمینی ساڵح لە تەپی سەفا.

## * ئەی دەربارەی حەزرەتی شێخ عوسمان چی دەزانیت، ئەو لە سەردەمی خۆتدا بووە و هاتووە بۆ تەپی سەفا و لەوێ ماوەتەوە، تۆش چەندین جار سەردانی بیارەت کردووە؟

- حەزرەتی شێخ عوسمان فیردەوس جێگای بێت لەگەڵ باوکم و مامەم وەکو برا وابوون، بەتایبەت زۆر کەیفی بە باوکم دەهات، پێکەوە ڕاو وشکاریان دەکرد. لەگەڵ ئامۆزاکانی باوکم و هەروەها لەگەڵ خەزوریشم پەیوەندی و تێکەڵاوی هەبوو، بەڵام پەیوەندییەکەی باوکم جیاواز بوو، پەیوەندییەکەیان شەمس و مەولانا ئاسایی بوو.

حەزرەتی شێخ سەر ئێشەیەکی قورسی لەگەڵدا بوو، هەر کات ئەهات بۆماڵمان ئەیفەرموو وەرە سەرم توند بگرە، فەقیانەکەی دەخستە هەردوو تەنیشتی تەوێڵی بۆ ئەوەی پێستەکەی نەتەقێت، بە هێزی خۆم دەستم دەخستە سەر دەمارەکانی تا ئافاقەی بۆ دەهات.

وە ئەوەندە باوکمی خۆش دەویست، کوڕ و براکانی دەیانگێڕایەوە کە کاتێك لە خانەقا توشی ئەو سەرئێشە بووە، سەری بەرز نەکردووەتەوە لە تاو ئازار، ئێمەش خۆمان داوە بەسەر سەریدا، بۆ ئەوەی باش بێت، وتوومانە خاڵۆ عوسمان هات، هەر کە ناوی خاڵۆ عوسمانمان بردووە خێرا سەری بەرز کردووەتەوە، فەرموویەتی کوا عوسمان لە کوێیە؟ هەرکات بهاتایە بۆ تەپی سەفا بە پازدە ڕۆژ دەمایەوە، کاتێکیش ماڵی لە گوندی (دووڕۆ)ی ئێران بوو، نەیدەهێشت باوکم یەك مانگ بێتەوە، چونکە زۆر هۆگری یەکتر بوون.

چەندین یادەوەریم لەگەڵیدا هەیە تەپوتۆزی زەمانە خەریکە دایان دەپۆشێت، یەکێ لەوانە کاتێ مناڵ بووم، حەزرەتی شێخ زۆر جار دەهات

بۆ گوندی تەپی سەفا بانگی دەکردم و ئەیفەرموو: وەرە تایەر با شەڕە شیعر بکەین، من چونکە توانای لەبەرکردنم باش بوو، هەر هۆنراوەیەك قورس و گران بوایە لەبەرم دەکرد و تا ئێستاش کە لەسەرووی هەشتاکانی تەمەنمەوەم بیرم نەچوونەتەوە، لەگەڵ حەزرەتی شێخ دا کەوتینە شەڕە شیعر، هەرچەندە ئەو خۆی شاعیریش بوو، وە توانای لەبەرکردنیشی باش بوو، بەڵام من لێم دەبردەوە. بەڕەحمەت بێت زۆری خۆش دەویستم ئەیفەرموو خۆزگە تۆ کوڕی من بویتایە، ئای چەند خۆشحاڵم بەو زیرەکی و توانای لەبەر کردنەت.

ساڵی ١٩٤٩ بوو حەزرەتی شێخ عوسمان و شێخ ناجی و شێخ موختاری برای و شێخ مەلیکی کوڕی هاتن بۆ تەپی سەفا، ماڵمان لە خانووە کۆنەکاندا بوو، دیوەخان گەرم بوو، زۆپای دار کڵپەی دەهات، هێندە پیاوماقوڵ و میوانی تێدابوو، مام مەحمود هەردوو تاکی دەرگا تەختەکەی دەرهێنا بۆ ئەوەی ئەوانەی بەردەرگاکەش جێگایان بێتەوە.

حەزرەتی شێخ بانگی کردم وتی ئادەی تایەر وەرە دابنیشە، من و تۆ شەڕە شیعر دەکەین، من و ناجی و مەلیك و موختار پێکەوە و، تۆش لەگەڵ مەلا سەید مەحمود، ئەگەر حاجی هەیەریش یارمەتیدان بدات قبوڵمە.

من زۆر شەرمم لێ دەکرد، وتم قوربان من ڕووم نایە بەرامبەرت بوەستم بە بێ ئەدەبیی دەزانم، وتی نابێت من قبوڵمە و دەبێت بەرامبەرمان بوەستیت. هەرچۆنێك بێت قبوڵم کرد بەڵام عارەقێکی زۆرم دەردا هەموو گیانم بوو بە ئاو، دواتر کەوتمە ناو کێبڕکێکەوە گەرم بووم و عارەقەکەم وشك بوویەوە.

لە پیتی ئەلفەوە دەستمان پێ کرد، سەرەتا وەکو یەك وابووین و شیعرمان دەهێنا، تا هاتینە پیتی ڕێ، من کتێبی ئەیشودەم لەبەر بوو کێشەم نەبوو، وردە وردەش ڕووم کرایەوە و کێبڕکێکە گەرمتر بوو، فەرمووی

من شیعرێکی چەپەم[١] هەیە، دەتوانم بیهێنم، قبوڵتە؟ وتم کێشەم نییە بیهێنە، ئەویش شیعرەکەی خوێندەوە، دواتر فەرمووی (میره مەنه میره مەنه خاڵە مەزەنە شیعرێکم دەوێت لەب بە لەب مەزەنە) واتە داوای بەیتێکت لێ دەکەم کە حەرفەکانی میم و بای تێدا نەبێت لێوەکانت نابێ بدات لەیەك، منیش وتم ( یا الهی دست گیری کینرا، یك را در زیانی زینرا). واتە خوایە دەستی ئەو کەسە بگریت کە وا لە ناو گوناهی گەورەدایە، بیگێڕیتەوە و ڕەحمی پێ بکەیت. هەموو کۆڕی دیوەخانەکە وتیان ئامین. دواتر فەرمووی شیعرێکم دەوێت دوانزە نونی تێدا بێت. منیش وتم: (ان نە من باشم کە روز جنگ بینی پشت من، ان منم گر در میان خاك و خون بینی سر). تەنها یەك نونی کەم بوو.

دوای ئەوە منیش وتم قوربان ( ناگهان روز بتقدیر تتە، تو بیار شعرهای چل نختە) واتە شیعرێکم دەوێت چل نوختە کەمتری نەبێت. چەند بەیتە شیعری دەهێنا و دەبرد تا سی نوختە نزیك دەبوویەوە، هەرچییان کرد چل نوختەکەیان پێ تەواو نەکرا، فەرمووی ئادەی بزانم خۆت وەڵامەکەی دەزانیت؟ منیش وتم قوربان پرسیارێکی بێ وەڵام ناکەم، وتم: (شبست و شاهد و شمع و شراب و شیرینی، غنیمتست چنین شب کە دوستان بینی) بەم وەڵامە کۆتاییمان بە کێبڕکێکە هێنا.

هەر ئەو شەوە لە کۆڕەکەدا چەند کەسێك وتیان ئەوە کوڕە مامە عوسمان هەیەتی، هۆزی شێخ عوسمانی بەگیر هێناوە، حەزرەتی شێخیش فەرمووی خۆزگە کوڕی من بویتایە، چاوی حەسادەت و چاوی خۆشەویستی هەردوکیان یەکیان گرت و خستمیانە ناو جێگا، بۆ ماوەی مانگێك نەخۆش کەوتم، حەزرەتی شێخ بردمی بۆ لای حەزرەتی شێخ عەلادینی باوکی، فەرمووی باوکە خۆم کوشتوومە، ناومەتەوە بۆ نیشانە و تەقەی لێکراوە، دەبێ چارەسەری بکەی بۆم.

---

(١) واتە شیعرێکی قورس و گران

ئەویش فەرمووی عوسمان مەترسە چاك دەبێتەوە، چاو لێی داوە. دوای ئەوەش پێنج جار هات بۆ سەردانم تا چاك بوومەوە، لە ڕاستیدا چاوی بەخالەتەکە بەهێزتر بوو وا بەو شێوەیە تێکی شکاندم.

لە کێبڕکێی شەڕە شیعردا لە دوو کەسم بردووەتەوە، یەکێکیان وەکو باسم کرد حەزرەتی شێخ عوسمان بوو، ئەوی تریشیان حەسەن بەگی جاف بوو، کاتی خەرمان هەڵگرتنی مەرەزە بوو، وەرزێر و گۆخڵ خەریکی کێشانەکردنی چەڵتوك بوون، خاڵۆ مەحمودی حەمەی سان ئەحمەد[1] یەزدانبەخشی سەرکاری حەسەن بەگ بوو، حەسەن بەگیش لەوێ ئامادەبوو، خاڵۆ مەحمود بانگی کردم وتی ئادەی خوشکەزا بێ بۆ لام، بزانم چیت خوێندووە؟ ئەڵێن لە شیعردا باشیت، با کێبڕکێیەکت پێ بکەم لەگەڵ حەسەن بەگدا.

حەسەن بەگ بە ڕەحمەت بێت خوێندەوار بوو، وە لە زمانی فارسیشدا بلیمەت بوو، مەگەر مامە حاجی هەیەرم لە زمانی فارسیدا وەکو ئەو بلیمەت بوایە، هەردوکیان فارسیزانێکی باش بوون. خاڵۆ مەحمود گرەوی لەگەڵ حەسەن بەگدا ساز کرد، کە ئەگەر من بردمەوە چوار

(١) ناوی تەواوی مەحمود محەمەد سان ئەحمەد ساڵی ١٩٠١دا لە گوندی کانی کەوەی شەمێران لە دایك بووە. پیاوێکی دیاری هۆزی جاف و سەرۆك عەشیرەتی شەمێران بووە، کوڕی گەورەی شۆڕش گێڕ و خەباتگێڕی سەردەمی شۆڕشی شێخ مەحمودی نەمر حەمەی سان ئەحمەدە، کە مێژوویەکی پرشنگداری لە خەبات و تێکۆشانی گەلی کوردا هەبووە دژی داگیرکەری ئینگلیز جەنگاوە. لە مێژووی ڕزگاری خوازی گەلی کوردا جێ پەنجەی دیار بووە لە شەڕەکانی دەربەندی ئەشکەوڵ و خستنەخوارەوەی فڕۆکەی جەنگی بەریتانی ئەو سەردەمە کە بۆردومانی شاری هەڵەبجە و ناوچەی شەمێران و دەوروبەری کردووە. بۆیە ئەو فڕۆکە خستنە خوارەوەی ئینگلیزە لە فۆلکلۆری کوردیدا دەنگیداوەتەوە بوەتە گۆرانی:

حەمەی سان ئەحمەد سمێڵ چە خماخی
تەیارە شکێن لە حکومەت یاخی

ئەم پیاوە گەورەیە ساڵی ١٩٧٤دا کۆچی دوای کردووە و لە گۆڕستانی کڵاوسوری شەمیران بەخاك سپێردراوە.

تەغار[١] چەڵتوکم بداتێ، وە ئەگەر ئەویش بردیەوە، لە بەشی باوکم حەقی گرەوی خۆی هەڵبگرێت. بەهەمان شێوەی گرەوەکەی شێخ عوسمان، لەویشم بردەوە.

خاڵۆ مەحمود زۆر سووربوو لەسەر ئەوەی کە بەشە چەڵتوکی خۆم لە حەسەن بەگ وەربگرم، کە دەیکردە شەست تەنەکە بایی ١٢ دیناری ئەو کاتەبوو، سۆفی حەمەئەمینی هێنا کە قەتارچی ماڵی شێخ بوو، بە چوار تەنەکە چەڵتوکی دەپێوا، وتی ئادەی سۆفی حەمەئەمین بپێوە، بەڵام باکم و مامەم نەیانهێشت بیپێوێت .

یادەوەریمان لەگەڵ حەزرەتی شێخ عوسماندا زۆرە، یەکێکی تر لەوانە: لە ساڵی ١٩٤٧دا ماڵەکانی تەپی سەفا لەم بەری جۆگەی شێخ موسێ و گردی گۆییەکانیش لەوبەری جۆگەکەوە بوون، هەردولامان دەوارمان هەڵدابوو، فەقێ بووم لەگەڵ مامۆستا مەلا سەید مەحمود کەلجی لەسەر جۆگەی تەوێڵەجۆوە دەهاتینەوە بۆ ئاوەدانی، لەلای چاڵەڕەش تەماشامان کرد ماسییەکی گەورە لەئاوەکەدا بەرەو خوار دەهات، ئاوەکە ئەوەندە زۆربوو، پیاو لەکاتی پەڕینەوەدا لێی دەترسا، هەتا گوندی شەکرالی قاڵبە مەرەزەی لەبەردا کرابوو. هیچم پێ نەبوو ڕاوی ماسییەکەی پێ بکەم، تەنها ئەوە نەبێ پەلاماری بەردێکی گەورەم داو کاتێ ماسییەکە گەیشتە تەنکایی ئاوەکە هاویشتم بۆی، چونکە خوای گەورە ویستی لەسەر بوو ئەو ئێوارەیە ڕزقی ئێمەو پیاوێك لە پیاوە وەلییەکان بدات کە حەزرەتی شێخ عوسمان بوو، بەردەکە بەر سەری ماسییەکە کەوت و گێژی کرد، بەوەش خۆی هەڵگەڕاندەوە و کەوتە سەر ئاوەکە، خێرا خۆم خستە ناو ئاوەکە بۆی و هێنامە دەرەوە. ماسیم دا بەکۆڵما و لەگەڵ مامۆستا سەید مەحمود هاتینەوە بەرەو ئاوەدانی. لە ڕێگا گەیشتین بە حەزرەتی شێخ عوسمان ئەهات بۆ لای باوکم، ماسییەکەی بینی بەکۆڵمەوە فەرموی بەهە

(١) یەك تەغار یەکسان بوو بە ١٨٥ کیلۆگرام کە لەو ڕۆژەدا بایی ٢ تا ٣ دینار بوو.

بەهـ لەم لوقمە حەڵاڵە ڕاوت کردووە.

ئەو ئێـوارەیە مـاڵی خۆمـان و لە میـوانیش حەزرەتـی شـێخ و مـاڵی ماممۆستا سەید مەحمود و چەند کەسیتر لەو ڕزقە حەڵاڵەیان خواردووە، کە بەدەستی پورە ڕەعنام چاك کرابوو".

یەکێکیتر لەو یادەوەرییانە:

مـام ئەحـمەدی عەلـی لە ماڵمانـدا بـوو، شـێخ عوسـمانی بیـارە لەگەڵ چەندین کەسی تردا میوانمان بوون، وەکو ڕێوڕەسمی ئەو کاتە مەسـینە و دەستشۆر کە لە مس و حەوجۆش دروسـت کرابـوو، دەخـرانە بەردەسـتی میوان، لە بری ئەوەی وەکو ئێستا میوان خۆی بچێت بۆلای دەستشـۆرەکە کە لە جێگایەکـدا جێگیرکـراوە، مەسـینە و دەستشـۆریان دەبـرد بـۆ لای میوان، ئەو کەسەش بۆی دەبردن خـۆی دەچەمانـدەوە و ئـاوی دەکـرد بە دەستیاناو خاولی گەر هەبوایە لەسەر شان دادەنا بۆ ئەوەی میوان دەست و دەموچاوی پێ وشك بکاتەوە. تا لێ دەبوونەوە کەسی هەڵگری مەسـینە و دەستشـۆر پشـتی دەشـکا، چـونکە قـورس بـوون، ئەوەش ڕێـز بـوو بـۆ میوانەکان و دەبوایە بکرایە.

مام ئەحمەد ئـاوی کردبـوو بەدەسـتی میوانەکانـدا، کـاتێ هـاتە دەرەوە دەسـتی کـرد بە بـۆڵە بـۆڵ و وتـی بـێ قەزا بـن، ئەم شـێخانە پشـتی پیـاو دەشکێنن، وە هەندێ قسەی تریشی کرد، کاتێ شەو چوون بـۆ مـزگەوت بۆ نوێژی عیشا، باران و قوڕ بوو، مام ئەحمەد چرای هەڵگرتبوو، بۆ ئەوەی شێخ نەکەوێتە قوڕەکە، لە دوایەوە دەڕۆشت، ئەویـش فەرمـووی ئەحـمەد بکەوەرە پێشم، مـام ئەحمەدیـش وتـی قوربـان حەدم نیـیە بـکەوە پێشـت، ئەویش وتی حەدت هەیە لە ماڵ قسەی هەڵەج و بەڵەج بکەیت، بەڵام لێرە نـاکەویتە پێشـم و دەتەوێـت بمخەیـتە قـوڕەکە، هەمـوو دەسـتیان کـرد بە پێکەنین.

شتێکی تریشم بە شێخ عوسمانەوە بینی ناتوانم لێـرەدا باسـی بـکەم، کە ئەویش بێ ئەدەبیی کەسێك بوو بەرامبەر بە شێخ و ستەمێکی ئاشکرا بـوو

لێی، شێخ هیچی پێ نەوت ئەوە نەبێت کە فەرمووی، ئەگەر من ستەمم لێ کردوویت خوای گەورە مۆڵەتم نەدات، وە ئەگەر تۆش بە ناڕەوا ئەوماڵەی من دەبەیت، ئەتسپێرم بەخۆی، ئەوەبوو شێخ ڕۆشتەوە بۆ بیارە، نەگەیشتە خارگێڵان ئەو کەسە موسیبەتێك هات بەسەریدا و بەهیلاکدا چوو.

جارێکیشیان مامۆستا نەجیمی پورم کە دەکاتە کوڕی حاجی ناجی، لەماڵمان بوو، باوکم و کەسوکاریش بەنیازی سەردانی شێخ بوون و خۆیان بۆ ئەوێ ئامادە دەکرد، مامۆستا نەجیمیش وەکو گەنجێکی خوێندەوار کەوتە ئینکاری کەراماتی شێخ و تانەدان لەو کەسانەی خۆیان وابەستەی تەکیە و خانەقا دەکەن و لە ئامۆژگاری شێخ لانادەن، ئێمەش پێمان وت نابێت ئینکاری کەرامات بکەیت کە خوا دەیبەخشێت بە کەسانی ئیماندار و نزیك لە خۆی، ئەویش وتی دەی باشە منیش دێم لەگەڵتان حەزم لە قلّیەی هەڵوژەیە، ئەوەش جۆرە خواردنێکە کەڵەشێری کوردی دەکرێتە ناو شلەی هەڵوژە ڕەشەوە، خواردنێکی زۆر بەتامە، وتی با بزانین شێخ دەزانێت من حەزم لەو خواردنەیە.

ئەوەبوو ڕۆشتینە خانەقای بیارە و حەزرەتی شێخ بەخێرهاتنی کردین و مامۆستا نەجیمی بانگ کردە لای خۆی دەستی هێنا بەسەریدا و فەرمووی عوسمان بڵێ بە خاتوو خەدیجەی خوشکت کەڵەشێرێك بکاتە ناو هەڵوژە ڕەشە و بیکات بە قلّیە بۆ ئەم کوڕە جوانە، ان شاءالله کوڕێکی زیرەك و وریا و باش دەرئەچێت، وە لە خوێندنەکەیدا سەرکەوتوو ئەبێت، ئێمەش دوعای خێری بۆ دەکەین. مامۆستا نەجیم بە بیستنی ئەم قسانە لە جەنابی شێخەوە لە جێگای خۆیدا وشك بوو، چیتر دوای ئەو گەشتە هیچ ئینکارییەکی نەکرد و وازی لە تانەدان لە پورە خەدیجەشم هێنا کە موخلیسی خانەقا و شێخ بوو.

کاتێك شێخ عوسمان ئەهات بۆ تەپی سەفا، شێخ مەولانای براشی لەگەڵیدا ئەهات کە ئەو، واتە شێخ مەولانا خورمایەکی زۆری ئەهێنا لەوێ

دەیفرۆشت، خەڵکی تەپی سەفا و ئاوایپەکانی دەوروبەر لێیان دەکڕی.

لە بیرمە شێخ عوسمانی بیارە برنجی سەدری نمرە یەکی (دوم سییا)ی لە ڕەشت و گێلانەوە بۆ هاتبوو، دوو کیلۆی هێنا بۆ ماڵی خۆمان، هەر ئەو کاتە ئەو برنجەم بینیوە و بڕوا ناکەم ئێستا لەو جۆرە لە ئێرانیشدا بکرێت. چونکە برنجێکی نایاب بوو، زۆر زیادی دەکرد، سوك بوو بۆ خواردن و بۆن و بەرامەی ناو ئاوایی پڕ دەکرد.

شێخ فەرمووی بە میمکە ڕەعنام خاڵۆ ژن، - هەرچەند خۆی گەورەتر بوو لە تەمەندا بەڵام هەر بۆ ڕێز پێی دەوت خاڵۆژن- وەرە با پێت بڵێم ئەم برنجە چۆن لێ دەنرێت و چەندیش زیاد دەکات. پەرداخێکی هێنا وتی پڕی ئەوەم بۆ بێنە، ئەویش هێنای بۆی وتی ئەمەمان بۆ ئێوارە بۆ لێ بنێ، میمکە ڕەعناشم وتی یاشێخ پەرداخێ بەشی چی دەکات؟ ئەویش وتی تۆ ئەم پەرداخە لێ بنێ و کارت بەسەر ئەوەوە نەبێت بەشی چەند کەس ئەکات، دەبێت لە مەنجەڵێکی گەورەدا لێ بنرێت، چونکە هەڵدەچێت و زۆر زیاد دەکات، ڕاستی فەرموو ئەو تۆزە برنجە بەشی ئەو خێزانە گەورە و هەموو میوانەکانیشی کرد.

## * خانەقای بیارە لە چلەکاندا چەند فەقێی هەبوو، کێ خەرجی و خۆراکی ئەو قوتابیانەی دابین دەکرد؟

- لە ساڵانی ١٩٤٤ بۆ ١٩٤٥ خانەقای بیارە ٨٥ فەقییەی تیابوو، خەرجی و مەسرەفیان لەسەر خانەقا بوو، نان و خۆراك و پێداویستییان هەرلەوێ دابین دەکرا. خانەقا دوو نانەوای هەبوو، بەردەوام نانیان دروست دەکرد، یەکێکیان تایبەت بوو بە قوتابیانی زانستەوە کە لەوێ دەیانخوێند، ئەوی تریش بۆ ڕێبوار و میوان و خانەخوێ بوو. چێشتخانەیەکیشیان هەبوو، هەفتەی جارێك گۆشتیان لێ دەنا لەگەڵ برنجدا، شۆربای ماش و نیسك و شۆربای برنج و ترشی و گۆشت و دۆینە خۆراکی سەرەکی ئەو کاتانەی خانەقا بوو.

باوکم و مامەم و خالۆ حاجی خالیدم و ئامۆزاکانیان ئەوانەی کە بارودۆخی داراییان باش بوو کۆمەکی خانەقایان دەکرد و پێداویستییان لە گەنم و برنج و ڕۆن و پێویستی تر بۆ دابین دەکردن، تا ئەم دواییانەش نامەکەی حەزرەتی شێخ عەلائەدینم لا مابوو، کە بۆ باوکمی ناردبوو بە دەستخەتی خۆی، تیایدا نووسیبووی کاك عوسمان خانەقا خەیلێ بێ نانە و چاوەڕێی کۆمەکی ئێوە دەکات.

## * مۆڵەتی مارگرتن چی بوو، ئایا تۆ هەتبوو؟

- شێخ ساحیبی کوڕی شێخ نەجمەدین مۆڵەتی مارگرتنی دەدا بەو کەسەی خۆی بیویستایە، کاك حەمەعەلی[1] مام ئەحمەد و حەسەنی حەمەی نادر و حسێنی برای و مەحمودی مامە عەبدوڵا کە پێشتر وەفاتی کرد و سەید کەریم و ئەحمەدی حەمەی سلێمان، ئەمانە مۆڵەتی مارگرتنیان هەبوو.

مۆڵەتەکەش نازانم چ ئایەتێك بوو دەیخوێند بەسەر کلۆیەك شەکردا و دەیدا بەو کەسە دەیخوارد. شێخ ئەو نهێنیەی بە ئێمە نەدەوت، بینیومە ڕەشمار گازی گرتووە لەوانەی مۆڵەتیان وەرگرتبوو، هیچ کاریگەرییەکی نەبوو لە سەریان. ئەو کەسانە نەدەترسان و ماریان دەگرت، منیش مۆڵەتم هەبوو بەڵام بە زۆری خۆم لە مار لادەدا و نەدەچووم بۆ گرتنی، وەکو پێشینان وتوویانە (ئار و مار) ئەمانیان نییە، سروشتی مار پێوەدانە، ناکرێت متمانەی تەواوی پێ بکرێت.

---

(١) کاك حەمەعەلی بە ڕەحمەت بێت ئیجازەی ماری وەرگرتبوو، بەڵام قەدەری خوا وابوو، مار پێوەی دا و هەر بەوەش کۆچی دوایی کرد. کەواتە مۆڵەتەکە بە تەنها بەس نەبوو، بەڵکو دەبوایە مەرجەکانی مۆڵەتیش لەگەڵیدا پیادە بکرایە وەکو حەزەر و تەقوای بەردەوام و دەستی بە دەستنوێژ و زیکر و دوعا و پاڕانەوە و ئازار نەگەیاندن بەو مەخلوقە، ئەمانە هەموو مەرجی هاتنە دی هەموو کارێکی باش و بەسودن.

*** لە کۆتا ڕشتەی بنەماڵەی شێخانی هەرواماندا لەدوای حەزرەتی شێخ عوسمانەوە پەیوەندیت لەگەڵ کامیاندا ماوە لە کوڕ و براکانی؟**

- لە دوای ڕۆشتنی حەزرەتی شێخ عوسمان بۆ بەغدا و لەوێوە بۆ ئەستەنبوڵ، تەنها پەیوەندیم لەگەڵ جەنابی مەرحوم شێخ ناجی برایدا هەبوو، جێگای فیردەوس بێت. پەیوەندیی و تێکەڵاویمان برایانە و ماڵ لەیەك بووین، زۆر یەکترمان خۆش دەویست، کوڕەکانیشی هەروەها بەردەوام سەرم لێ دەدەن و پەیوەندییان نەبچڕاندووە.

کاك شێخ ناجی شێخ عەلائەدین کەسێکی زۆر ساغ و سەلیم و پاك بوو، ماوەیەك سەرۆك شارەوانی بیارە بوو، دواتر هاتەوە بۆ هەڵەبجە و لەوێ دەست بەکار بوو، پاشتر لە سلێمانی جێگیر بوو تا خانەنشین بوو. لە شۆڕشی ئەیلوولدا سەرپەل بوو، ملی نەدەدا بە عەبدولوەهاب ئەتروشی کە فەرمانڕەوای ئەم ناوچەیە بوو لە ناو پارتیدا، عەبدولوەهاب کەسێکی ملهوڕ و خۆسەپێن بوو، بیزانیایە کەسێك ناچێتە ژێر فەرمانییەوە تێی دەپێچا و توشی کێشەی دەکرد، هەندێ جاریش ئەو کەسەی لەسەر ڕێگای خۆیدا نەدەهێلا و ون ناوی دەکرد.

جەنابی شێخ ناجی یەکێك بووە لەو فەرماندە ئازایانە و هەر بە ئازایەتیش مایەوە و ملی بۆ کەس کەچ نەکرد. لە پاش دروست بوونی حکومەتی هەرێم و گەیشتنی کورد بە پارە و دەسەڵات، وەکو هەر هاوخەباتێکی خۆی ئەو بێ بەش بوو لە هەموو دەستکەوت و ئیمتیازێك. ڕۆژێك وەکو پێشمەرگی کۆنی ئەیلوول بانگهێشت کرابوون بۆ کۆڕێك، یەکێ زەرفێکیان دابوو بە دەستیانەوە، ئەویش تەماشای کردبوو، سەدوپەنجار هەزار دیناری چاپی نوێی تێدایە، بانگی بەرپرسانی کۆڕەکەی

کردبـوو، پێـی وتبـوون، کە ئەو بـۆ پـارە و پـول نەهـاتووە سـەد وپەنجـا ملیـۆنیش بێـت وەری ناگرێـت، پـارەکەی بـۆ گەڕانـدبوونەوە. وە بە ئامـادەبووانی کـۆڕەکەی ڕاگەیانـدبوو کە ئەو تـا ئەو سـاتەش پـوزەوانە و کلێتە و قـاتە شـاڵەکەی کە لە پێشـمەرگایەتیدا لەبەریـدا بـوون، تەنـانەت چەکەکەی شانیشی هەموویان ماون و بۆ یادگاری هەڵی گرتوون. وە پێـی وتـوون کە مـن کـوردایەتیم لەبەر گەلەکەم و لە پێنـاوی نیشـتیمانەکەمدا کردووە نەك پارە و سامان. وە زۆر جار گلەییی لە خزمانی خۆشی دەکرد کە بۆچی ئاوا کەوتوونەتە شـوێنی تەمـاعی دونیـا و سـەردانی بەرپـرس و خەڵکی دنیایی و ئەم چەتە نیشتمان فرۆشانە دەکەن بۆ پارەو پۆست.

لەناو کوڕەکانیدا حەزرەتـی شـێخ عەلائەدیـن فیـردەوس جێگـای بێـت شێخ ناجی کـوڕی لە هەموویـان خۆشـتر ئەویسـت، وە ئەو مـوڵکەش کە ئێسـتا لە بەری جـۆگەی بـوزانەدا مـاوێتی ئەو پێیـدا. لەو کاتەشـدا ئەو زەوییەی پێدا پرسی بە باوکم کرد وتی کاك عوسمان ئێوە جگە لە شـێخ عوسمان- تۆ ئەو واز لێبێنە ئەزانم بێ یەك ناتانکرێـت- کـام لەم کـوڕانەی منتان ئەوێت ببێتە دراوسێ زەوییتان، چـونکە بەری بـوزانە مـوڵکی بـاوکم بوو، باوکیشم وتی لە دوای شێخ عوسمان ناجی بخەرە ئەو شوێنە، ئەویش فەرمووی خۆیشم هەر ناجیم دەستنیشان کردووە.

شێخ ناجی ئیرشادی نەکردووە، بەڵام پیاوێکی ڕاست و دروسـت بـوو، ڕاوچییەکی کارامە و تفەنگچییەکی دەست ڕاستیش بـوو، لەبیـرمە وەرزی بەهار بوو حەفتا تا هەشتا سوار بووین، لە دەشـتی شـاملوو، لە نـاو سـەوزە گیای بەهاردا لە بەردەمی سوارەکاندا ڕەش مارێك سـەری بەرز کـردەوە، شێخ ناجی تفەنگی داگرت لە شانی، برنەوێکی درێژی پێ بوو، وتی لێـی گەڕێن بۆ خۆم، قەرەوڵی لێ گرت، سەری مارەکەی لـێ کـردەوە. کـاك حەمەڕەشـیدی ئەولمـحەمەد گـردی گـۆیی وتـی ئەشـهەدوو شـێخ نـاجی تفەنگچیت، لالە عەزەش قیڕاندی وتی شێخم شێخە، ئافەرین بـۆ خـۆت و دەست و مشتت.

شێخ ناجی کەسێکی ڕۆشنبیری خوێندەواری کـۆمەڵایەتی نەفـس بەرز

بــوو ئەو خەسـڵەتە جوانـانەی بـۆ کوڕەکانیشـی بەجێهێشـتووە، هەموویـان مۆرکی ئەویان پێوە دیارە و کەسانی بە عیـزەت و کـوردپەروەر و پـاك و نەزیهن، هیوای تەمەن درێژی و بەردەوامییان بۆ دەخوازم.

*** جـگە لە ڕووگە مەعنەویـیەکەی کە پـاك کـردنەوەی دڵ و فەرمـان کـردن بە چـاکە و دوورەپەرێـزی لە خـراپە و بەهـا جوانەکانی ئایینە کە لە شێخانی تەریقەتەوە فێری بـوون، ڕووگە مادییەکە و سوودە دنیاییەکەی ئەوان بۆ خەڵکی نـاوچەکە چـی بوو؟**

- ئەوەی ڕاستی بێـت ئەوان لە یەك کاتـدا قوتابخـانە و نەخۆشـخانەش بوون، خانەقاکانیان وەك چۆن جێگای زیکر و فیکـر بـوو ئـاواش جێگـای فێربوون و وانە وتنەوە بوو، هەروەها جێگای شیفا و مەرهەمی دەردەداران بوو، لە هەموو لایەکەوە وەکو نەخۆشخانەیەکی گەورە ڕووی تـێ دەکـرا و لەوێ شیفای بەخێریان لەسەر دەستی حەکیمەکان وەردەگرت.

ئەمە جـگە لەوەی کە ئەوان بـۆ سـودی دوو لایەنە، چەنـدین ئاشـی گەنمیـان لە شـارۆچکە و گونـد و ئاوەدانییەکانـدا نـابوویەوە، خەڵکـی لە نزیکی خۆیدا گەنمەکەی دەکرد بە ئارد و خەرجی ڕێگایەکی دووری لە کۆڵ دەبوویەوە، هەروەها کێشەی کۆمەڵایەتی خەڵکیان چارەسەر دەکـرد و دەبـوون بە مـایەی کوژانـدنەوەی ئـاگری فیتـنە و ئاشـوب. ئەمە جـگە لەوەی کە پەنای خەڵکانی هەژار و بێ نەوایان بوون، ئەوەی نـانی نەبـوایە لە خانەقـا تێـری دەخـوارد و هـیچ مەترسـی ئەوە نەبـوو کەس لە برسـاندا بمرێـت، دوو نـانەوا بەردەوام نـانی بـۆ خانەقـای بیـارە دەکـرد، مەنـجەڵە شـۆربای گەرم هەمیشـە بەسـەر ئـاگرەوە بـوو، کەس بـێ شـێو سـەری نەدەنایەوە.

## * لە نەوە و وەچەکانی تریان کێ دەهات بۆ تەپی سەفا؟

- شێخ مەولانای کوڕی شێخ عەلائەدین بەهەشت جێگای بێت، لەگەڵ حەزرەتی شێخ عوسماندا ئەهات بۆ تەپی سەفا، زۆر جار منی دەبرد بۆ ڕاوەپۆڕ لەگەڵ خۆیدا، دەستیشی ڕاست بوو، چوار تا پێنج پۆڕی دەکوشت، دەمانهێنایەوە میمکە ڕەعنام بۆی چاك دەکردین. شێخ مەولانا کوڕێکی خۆی لەگەڵدا بوو بە ناوی شێخ عابید، وەرزشەوانێکی زۆر بلیمەت بوو، بە تایبەت لە جمناستیك و سێ بازدا وێنەی نەبوو. یاری تۆپێن و سێ باز و حەچێن و جوغزێن و جۆرەهای تر یاریمان دەکرد. لە یاری سێ بازدا پێوانەمان کردووە شێخ عابید هەشتا پێ ڕۆشتووە. لە جمناستیکدا سەری دەخستە سەر زەوی هەردوو قاچی دەبرد بۆ سەرەوە، یان بە سەر هەردوو دەستەکەی وەکو قاچەکانی دەڕۆشت.

# بەشی نۆیەم

## پیاوماقوڵانی شارەزوور و ڕاووشکار

## * ئەم ناوچـانەی دەشـتی شـارەزوور و شـاخ و گونـدەکانی هەورامـان و نەورۆڵـی و شـەمێران و تـاوگۆزییە چەنـد جـۆر گیانەوەری کێوی هەبوو؟

- لە شارەزووردا بەراز بەشێوەیەکی سەرەکی هەبوو، چونکە نـاوچەکە چەم و بێشە بوو وەکو ئێستا پاك نەکرابوویەوە، زەوییەکان بە گا دەکێڵران، تا کۆتایی سـاڵانی سییەکان حـامی بەگ تراکتـۆری هێنـایە نـاوچەکە بـۆ زەوی کێڵان. گورگ و ڕێوی و چەقەڵیش زۆر بوون، کەمتیار بەدەگمەن هەبوو، کەروێشـك و پشـیلە کێـوی هەبـوو، لەم نـاوچەدا شـێر و پڵنگمـان نەبینیوە. بەڵام لە ناوچە شاخاوییەکان ورچیان بینی بوو(١).

جۆرەکانی باڵندە زۆر بوون، لەوانە مێشەسـی، قـاز، قورینـگ، مـراوی، خومەڕەشە، داڵ، باز، هەڵۆ، پـۆڕ، قـاژ، کەو، سوێسـکە، لەقـلەق، ڕیشـۆڵە، عەینەمەل، کەنەسمە، دارکونکەرە، گاکۆتر، شینەشـاهۆ، سـەقا، قەلەبـانە کە سەر باڵەکانی سپی بوون، بـازۆڕی، چەرخ باڵنـدەیەکی بچـوکی ڕاوکەرە، واشە، پەپوو، قوش، بولبـول، زەردی وەلـی و جۆرەکـانی تـری چـۆلەکە، هەرکـام لەوانە لە وەرزی خۆیانـدا پەیـدا دەبـوون و هەشـیان بـوو هەمـوو وەرزێك بەردەوام لە ناوچەکەدا بوون.

---

(١) لە ساڵی ١٩١٤دا گەڕیدەی ئینگلیزی G.E Habbard لە قەسری شیرین و سـەرپێڵی زەهاوەوە چووەتە سەر شاخی بەمۆ، لەوێشەوە بەرەو هەڵەبـجە و هەورامـان شـۆڕبۆتەوە بـۆ چەمـی زمکـان ـــ ی نـاوچەی تـاوگۆزی کە لقـێکە لە ڕوبـاری سـیروان. لە سەفەرنامەکەشیدا باسی دیتنی گیانداری ورچ و لانەی زۆری شێر دەکات، لەگەڵ باخە هەنـاری زۆر لە ڕۆخـی سـیروان، بەڵام لە ئێسـتادا بەهـۆی زاڵبـوونی مـرۆڤ و تەشـەنەکردنی چەکەوە هـیچ ئاسـەوارێکی گیانـداری دڕنـدە لەم پانتـاییەدا لە مەودای بینینـی ڕێبـواران و خەڵکـی نـاوچەکەدا نەماوە.(سـەرچاوە/ یاسـین تەهـا، نوسـەرو ڕۆژنامەنوس، تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك، ٢٠٢٠).

*** ئەی جۆری مارەکان، لەم ناوچەیەدا چەند جۆر بوون؟**

- جۆرەکـانی مـار لە شـارەزووردا ئەوانەی ئـێمە بینیبێتمـان و لێمـان کوشتبێتن ئەمانە بوون:

کوڵەکوێرە، ڕەشمار، باشقەپان، (ماری دوو توێ) خۆی دەکـردەوە بـۆ مێش و مەگەز، تیرەمار، بۆرە مار، عاشق و مەعشوق، ماری سەرسێگۆشـە، زەردەمار و (گا ئەنگێو) ئەوەی کە وڵاخییەوە دەدا.

مارە سەر سێ گۆشەکان پێوەدەرن و زۆر مەترسیدارن، دو ڕیز ددانیان هەیە لەگەڵ دوو کەڵبەی ژەهراویدا لە بەشی سەرەوە، کە یەکسـەر دەمـی گەیشت بە مرۆڤ ژەهرەکەی تـێ دەکـات، چـونکە کەڵبەکـانی کلـۆرن. بەڵام جۆرێکی تریان مارە سەر درێژەکانن، ئەوانە پێوەدەر نـین، بـۆ نمـونە وەکو ڕەشـمار، تەنهـا دوو ڕیـز ددانـی هەیە، کەڵـبەی ژەهراویـان نـیە، وە پێوەنادەن، تەنها مەگەر زۆر تینی بۆبینی بەددانە وردەکـانی گـاز بگرێـت، بۆیە دەڵـێن ڕەشـمار سـەلامەتە و کەس نایـان کوژێـت، وە لەگەڵ ئەوەدا سودیشـیان هەیە چـونکە مـارە ژەهراوییەکـانی دەوروبەریـش دەخـۆن و مەترسی پێوەدان کەم دەکەنەوە.

## دەمی گورگ بەستن

*** خـاڵۆ بیـرمە زۆر جـار ئێـواران خەڵکـی ئـاوایی منداڵێکیـان بە چەقـۆوە دەنـارد بـۆلای تـۆو ئەیـان وت باوکمـان وتـوویەتی مانگاکەمـان یـان گوێرەکەکەمـان ئێـوارە نەهـاتووەتەوە، دەمـی گورگمان بۆ ببەستە، چۆن دەمی گورگت ئەبەست؟**

- بەڵێ ڕاستە هەر ئاژەڵێك لەدەشت نەهاتـایەتەوە، مسـۆگەر ئەو شـەوە

گورگ زەفەری پێ دەبرد و دەیخوارد، بەڵام دەمی گورگمان لێ ببەستایە سەلامەت ئەبوو، ئەویش خوێندنەوەی سورەتی (الشمس) بوو بەسەر چەقۆیەکدا بەکراوەیی و دواتر دەمی چەقۆکەمان دادەخست، نەدەبوایە بکرایەتەوە تا ئاژەڵەکە دەگەڕایەوە.

نەمدیوە لەدوای خوێندنی ئەو سورەتەدا بەسەر ئەو چەقۆیەدا کە بۆیان دەهێنام هیچ ئاژەڵێك گورگ خواردبێتی، کاتێ ڕۆژ دەبوویەوە خاوەنەکەی دەچوو لە دەرودەشت دەیدۆزییەوە و دەیهێنایەوە.

با ئەم باسەی خۆم و سەید کەریمت بۆ بگێڕمەوە لە سەر بابەتی دەمی گورگ بەستن. سەید کەریمی هاوڕێم نۆبەنێکیان هەبوو، گیریان خواردبوو بەدەستییەوە زۆر بزۆك و زیانەهار بوو، هەموو ئێوارەیەك سەید کەریم دەبوایە دەشت و دەر بگەڕایە تا بیهێنێتەوە، باوە سەید محەمەدی باوکی زۆری لێ دەکرد دەبێ بیدۆزێتەوە، ئەویش وتی چیم لێ دەکەیت گیرم خواردووە بە دەست ئەم نۆبەنەوە، منیش وتم با دوعایەکت بۆ بخوێنم ڕزگارت بکەم؟ وتی جا کوا قوتار بم بەدەستییەوە، منیش وتم چەقۆکەت بێنە، کردمەوە و بسم اللەم کرد و وتم (والشمس والقمر گورگ بیخوات یا پێغەمبەر)، بۆ بەیانی سەید کەریم وتی مەلا تایەر بەخوا ڕزگارم بوو، ئەمشەو گورگ نۆبەنە تۆڕی ئێمەی خواردووە، منیش دەستم کرد بە پێکەنین و وتم شکاتم لێ مەکە لای باوکت.

## * بۆچی ڕاوی بەراز دەکرا، زەرەر و زیانی بۆ کشتوکاڵ هەبوو، یان هەر وەکو ئارەزووری شکار و تفەنگچێتی و تاقی کردنەوەی دەست و بازوو ئەمەیان دەکرد؟

- بەراز ئەو مەخلوقە بێزراوەی کە نە گۆشتەکەی بۆ خواردن بەکەڵکە و نە خۆیشی وەك هەر ئاژەڵێکی تر ماڵی و دەستەمۆ ئەبێت، جگە لەوەش زەرەر و زیان بە کشتوکاڵ دەگەیەنێت، هەبوون و دروست بوونەکەی

تەنها خوای گەورە خۆی حیکمەتەکەی دەزانێت و هیچ شتێکی بەبێ حیکمەت نەهێناوەتە بوون، ئەوە ئێمەی مرۆڤین هەر شتێك لەگەڵ بەرژەوەندی خۆماندا نەیەتەوە سکاڵای لەدەست دەکەین و حەز بەبوونی ناکەین. وەکو ئیمام غەزالی لەباسی بەدیهێنان و دروستکردنی گەردوون و هەرچییەك لە ناویدا هەیە دەفەرموێت( لیس فی الامکان احسن مما کان) واتە مەحاڵە لەمەی کە هەیە جوانتر و باشتر دروست بکرێت.

ناوچەی شارەزوور بەهۆی فراوانییەکەی و هەبوونی چەندین جۆگە و چەم و کانیاو و نەبوونی ئامێرە پێشکەوتووەکانی کشتوکاڵی بۆ زەوی کێڵان، ئەمازۆنی سەردەمی خۆی بوو، بێشە و جەنگەڵێك بوو سواری لێ دەرنەدەچوو. ئەو زەویانەی بە گا کێڵراوبوون و ڕەش کرابوونەوە زۆر کەم بوون، وە کاتێکیش دەکران بە کشتوکاڵ، بە هۆی زۆریی بەرازەوە کەس سودی لێ نەدەبینی، مەگەر شەو و ڕۆژ بە دیاریەوە بووینایە و پاسەوانیمان بکردایە. وە لەبەر نەبوونی چەك و تفاقی پێویست ئەو کەسەش دەبوو بە پاسەوانی کشتوکاڵەکەی بەشەودا بەراز خەریك بوو سکی بدڕێت، تەنها دارێك یان چەقۆیەکی پێ بوو، بەرازیش سڵ لەو چەکە بچوکانە ناکاتەوە، مەگەر ئەوەی بڕنەو و وەرەندڵت لەبن دەستی قایم بکردایە. ساڵانە سەدان بەرازمان کوشتووە و ڕاومان کردوون، بەڵام هەر لە زیادبووندا بوون و کۆتاییان نەدەهات.

بەراز لەکاتی ڕاودا پەلاماری ڕاوچی دەدات و زەفەری پێ ببات دەیکوژێت، مام هەسەنی شەریف لە زەردیان دەوڵەمەند بوو، کەسێکی کەڵەگەتی پڕ موو بوو، گاگەلێکی زۆری هەبوو، هەرکات ڕۆنمان نەمایە یان لای مام هەسەن دەمانهێنا یان لای حاجی سەعید هانەدنی. مام هەسەن یەکێك بوو لە ڕاوچییە بە غیرەتەکان بەڵام وەکو وتم بەراز لێی هەڵگەڕایەوە و پاش بەرگری و ئازایەتییەکی بێ وێنە، لەبەر برینە سەختەکەی گیانی لەدەست دا.

*** چۆن ڕاوتان دەکرد، کێ بوون ئەوانەی پێکەوە کۆدەبوونەوە و ئەسپ و ماین و چەکیان هەبوو، بەشداری پرۆسەی کەمکردنەوەی توخمی بەرازیان پێکەوە دەکرد، ئەگەر بکرێت دیمەنی یەکێ لەو ڕاوە بە کۆمەڵەمان بۆ بگێڕیتەوە؟**

- یەکێك لەو دیمەنانەت بۆ باس دەکەم، ساڵی ١٩٤٤ بوو، وەرزی ڕاوەبەراز هاتە پێشەوە، شێخ عوسمانی بیارە فیردەوس جێگای بێت هات بۆ تەپی سەفا، ئەفراسیاب بەگ و عەبدوڵا بەگ و کەریم کە یاوەری شێخ بوون و مێردمناڵیش شێخ ناجی و شێخ مەولانای برای لەگەڵ خۆیدا هێنابوون، هەرکات بهاتنایە زیاتر لە پازدە ڕۆژ دەمانەوە.

حەسەن بەگی جافیش نامەی ناردبوو بۆ باوکم کە سوارەکانی شارەزوور کۆبکاتەوە، ئەوانەی کە دەستەبژێری شارەزوور بوون و ئەسپ و ماینی ڕەسەن و چەکی باشیان هەبوو، وەکو (سێ تیر و ژێرساف و داداش کە پێیان دەوت تەیارەشکێن، یازدەتیر کە بەدەست پۆلیسەوە بوو، حسکە، مارتینی، مەعدەن، ماوزەڕ، مەمەتەقی، گوندار، وەرەندڵ کە چەکێکی لاواز بووە، هەروەها دواتریش بڕنەوی درێژ و وەسەت پەیدابوو)[1].

ئەم چەکانە بە خواپێداوەکان بوون، کە ئەوانیش ئەم پیاوانە بوون، هێشتا ناویان لە ڕەفەی مێشکم دا بە پارێزراوی هەڵگیراون و ماونەتەوە، مەرج نییە هەموو ناوەکانم بیر مابێت، لەوانەیە زۆرێك لەو کەسانە بە هۆی تەپ و تۆزی زەمانەوە لەبیرم چووبێتنەوە و لێرەدا ناویانم نەهێنابێت، تکام

(١) ئەو ساڵەی بارودۆخی ئێران تێك چوو، چەکی بڕنەو هات بەم دیوی وڵاتدا، باوکم بڕنەوێکی وەسەتی کڕی بە دوو دینار، مامە حاجی مستەفاش بڕنەوێکی درێژی بۆ خۆی کڕی بە دوو دینار ڕوبعێك کەم و وەسەتێکیش بۆ مام حاجی مشیر بە دوو دینار، چەند کەسێکی تریش لە بەشارەت و گوندەکانی تر پارەیان هەبوو، ئەوانیش کڕییان، ئەمانە و بەگزادەکان نەبێت لە ڕاوەکەدا کەس بڕنەوی پێ نەبوو (مەلا تایەر).

وایە کەسوکار و نەوە و وەچەکانیان گلەیمان لێ نەکەن، هەموو شانۆیەك ڕوویەکی ڕووداوەکانی تێدا نمایش دەکرێت و چەندین ڕووی تری بە شاراوەیی دەمێنێتەوە، دواتر کەسێکی تر دێت و ڕوویەکی تری شانۆکە باس دەکات، ئا بەو شێوەیە هەموو سوچ و قوژبنێکی ڕووداوەکان وەکو خۆی دەردەکەون.

سوارە بەشدار بووەکان لە ئۆپراسیۆنی کەمکردنەوەی توخمی بەراز و هاوسەنگ ڕاگرتنی ژینگەدا ئەم پیاوە ناودارانەی شارەزوور بوون: باوکم حاجی عوسمان یارەویسی و کاکە حەمەی برام مێردمناڵ بوو لەگەڵیدا دەچوو، دواتر منیش گەورە بووم بەشداریم دەکردن، حاجی هەیەری برا گەورەی باوکم، حاجی مستەفا و حاجی موشیری ئامۆزای، مامە حەمۆل و مامە حەمەئەمینی برای و مام فەتاح و مامە مەحمود و سەید محەمەد و ساڵحی وەسمان و حەمەئەمینی برای لەهەردوو گوندی تەپی سەفا سوار دەبوون، هەروەها ئەحمەدی کەریم لە شەشك و حاجی غالی و حاجی حەمەسەعید لەهەردوو بەشارەت، میرزا حەسەن نەورۆڵی و کوێخا محەمەد، حەمەی قادری ڕەیحان و حەمەی ساڵحی فەتاح لە گوندی خێڵی حەمە، لالە حەمەی عەلی سان ئەحمەدی خەزوورم و حاجی ئەحمەدی برای لاو بوو، لە گوندی شەکرالی کە لەو کاتەدا ماڵیان لە تەپی سەفای خواروو بوو، وە ساڵی ١٩٤٦ چوونەتە شەکرالی. هەروەها عەلی فەتاحی ئەمین، مەحمودی برازای ڕەحیم لە هۆزی کەڵهوڕ، ئەحمەدی هەسەن و مام عەولای حەمەڕەزا باوکی ئەوڕەحیم لە کێلەسپی، هەسەنی شەریف لە زەردیان، حەمەئەمینی حامید لە جانجان و حەمەی قادری زۆراب لە کاگردەڵ، مەحمودی زولفەقار لە حاجی ڕەقە. لە گوندی تەپەکوڕەش حاجی میرئەحمەد و خالۆ حەمەی کوڕی و ئەحمەدی قارەمان و مەحمودی میروەیس و حاجی عارفی کاکە. لە گوندی دێکۆنیش حاجی ئەحمەدی شەریف و حەمەی ساڵحی فەتاح و حەمەی ئەوڵقادری عەولا دەهاتن و لە ئاوایی ڕۆستەم بەگیش حەمەئەمین بەگی عەباس بەگ و

مستەفا بەگی برای. لە خورماڵیش حاجی کاکە حەمە و ساڵح کڵاولار کە پۆلیسی خانەنشین بوو.

پاشان باوکم کەسێکی دەنارد بۆ گوندی گردی گۆ، بۆ لای کاك حەمەڕەشیدی ئەولمحەمەد لە عەشیرەتی سەیانی، بۆ ئەوەی کێ لەو تایفەیە چەك و وڵاخی هەیە ئامادە بێت، ئەویش سوارێکی بەناو گوندەکانی سەیانیدا دەنارد لە گێڵەك و گردی قازی و هەرسێ کوڵکنی و تازەدێ و تەکیە و ئاوایی حاجی حەمەئەمین، تا دەگەیشتە ئەولکەریمی نادری هەواس لە گوندی شیرەمەڕ، سمایلی خەسرەو و حاجی محەمەد ڕۆستەم لە کوڵکنی و سەعی ئەحمەدی بارام لە ئاشەکە و لە تەپەڕێزینەش سەلیم بەرِك و لە گوندی گردی گۆ حەمەڕەشیدی ئەولمحەمەد خۆی و حەسەنی ئەحمەد کە تەرخانی بوو، بەڵام نیشتەجێی گردی گۆ بوو، حاجی حەمەساڵحی لاوەلا و لە گوندی تەپەتۆڵەکەش حاجی حەمەعەلی و عەلی ئەحمەدی ڕەسوڵ، یان مامە قالە شەل سوار دەبوون و دەهاتن. ئەحمەدی فەرەجی خەلیفەش لەتازەدێ وە دەهات.

هەر لەو بانگهێشتەدا باوکم تۆفیقی نادری بە سواری ماینێکەوە دەنارد بۆ گوندی قاجر، بە شوێن حاجی محەمەدی سلێمان دا، ئەویش خۆی و حاجی حەمەئەمین و حاجی مستەفای کوڕی و مامە خالی ئامادە دەبوون. هەروەها دەینارد بە شوێن حاجی محەمەدی مستەفای کەرەم وەیس و ئەوڕەحمانی برازای دا لە گوندی دۆڵاش. لەوێشەوە بانگهێشتی فەتاحی حەمەفەرەج و حاجی مەلا حەسەن و حاجی نەجیمیان[1] لە ناوگردان دەکرد. دیسان لەوێشەوە حاجی ساڵحی دوانزەئیمام بانگ دەکرا، خەلیفە عەبدولقادری تەپەڕەش، دواتر حاجی مەحمودی عەزە کاکل گڵاڵی لە گوندی ئالان و ئەحمەدی ڕەشید ئاغا و حسێنی حەمەئاغا و فایەق ئاغا کە

(١) حاجی نەجیم کوڕی پورە ئاڵتونی قادری یاروەیسە دەکاتە پورزامان، لە گەڵ عەلی مامە یاروەیسدا خاڵۆزا و پورزان.

ئەمــانەش خانەدانەکــانی گڵاڵــی بــوون، ڕەشــە مــۆردینیش دەهــات. بە بەگزادەکانی هەڵەبجەوە (حەسـەن بەگ و حـامی بەگ و دیـاری بەگ و سەلاح بەگ و ئەحمەد بەگـی حەمەسـاڵح بەگ و ئەنـوەر بەگـی جەمیـل بەگ و کوڕەکانیان) تـا نەوەد و پێـنج سـوار گلێـر دەبـوونەوە و ئامـادەی دەرچوون و کاتژمێری سفریان دەکرد، بۆ ئەوەی ئۆپراسیۆنەکە دەست پێ بکەن.

چەنــد کەســایەتییەك لەم ســوارانەی ناویــان هــاتووە، تــایبەت ڕاوی کەروێشکیان دەکرد[1] و ئارەزووی ڕاوی بەرازیان نەبوو، تەنها بـۆ خۆشـی دەهاتن، بەڵام زۆرینەیان بۆ مەراسیمی ڕاوە بەراز دەچوون.

شــوێن و ڕێگــا دادەنــرا کە لەکــاتی دیــاریکراودا لە پــردی زەڵــم لە چاخانەکەی فەتاح کۆببنەوە و لەوێوە دەچـوونە قـوڵایی چەم و بێشـەکانی زەڵم لە شارەزوور و بە چەمی تانجەرۆدا تا چەمی عالەمە و نزیکی گردی یاسین تەپە دەبوونەوە، وە هەرکەس نـان و پریاسـکەی خـۆی لە پاشـووی وڵاخەکەی قایم دەکرد.

هەیان بوو هێلکەی کوڵاوی لەگەڵ خۆی دەبرد، یەکێکی تر پەتـاتە و یەکێکی تر خورما و ڕۆن بە ڕۆنی هیزە و ئاردیان پێوە دەکرد بـۆ ئەوەی ڕۆنەکە هەڵبمژێـت، تـۆپەڵی دەکـرد لەنـا و نانـدا و دەیخسـتە هەگـبەی مایینەکەی، کە وەکو خورج دەچنرا و خۆراکی تێدا هەڵدەگیرا.

بەگزادەکانی جافیش یاپراخیان دەهێنا کە بە بـارگەوە دەیانخسـتە سـەر هێستر، پیاوەکانیان لە خزمەتیاندا بوون و بۆیان ئامادە دەکـردن، ئەوان هەر خەریکی ڕاو وشکاری خۆیان بوون.

بۆ کاتی پشووی نیوەڕۆ لە (بوار)ی شەکرتەپە نزیك چەمـی تـانجەڕۆ، ســـوارەکان دادەبەزیـــن، وڵاخەکانیـــان بە دار و دەوەنەوە دەبەســـتەوە، پریاســـکەی خۆیـــان دادەگـــرت و بەدەم ســـوحبەت و دەمەتەقەوە نـــانی نیوەڕۆیان دەخوارد.

---

(١) ڕاوی کەروێشك لە کاتی سەر پەڵەدا ئەنجام دەدرا (مەلا تایەر).

باوکم ئەیوت: "حاجی سالْحی دوانزەئیمام کە لە دایکەوە برای حـاجی حەمەسـەعیدی بەشـارەت بـوو، کەسـێکی خـۆش و سـوحبەتچی بـوو، خواردنەکەی خـۆی لای کـاکەم حـاجی هەیەر دانـا و پێـی وت: حـاجی ئاگات لەم خواردنەی من بێت، وریای خالی و سەعەی بـرام و عوسـمانی برات و سمایل و حەمەڕەشید بە، با ئەو چەتـانە نەیخـۆن. کاکەیشـم وتـی سالْح بەخوا ئەم چەتانە بە من چار نـاکرێن، ئاگـات لە کـۆڵەکەی خـۆت بێت.

کـاتێ ئەو پشـتی هەڵکـرد، ئەو پێـڕەی ئەو لێمـان دەترسـا حـاجی حەمەسەعیدمان نارد، بۆ کۆڵەکەی، وتمان بڕۆ بیپشکنە بـزانە ڕابە چـی بـۆ سـالْحی بـرات پێچـاوەتەوە، بـابیخۆین. ڕابە بە شـەرت ژن بـوو، قـاورمەی گۆشتی بۆ سالْح کردبـوو، هـێلکەی کولاویشـی لەگەڵـدا نـاردبوو، لەگەڵ تۆپەڵێك ڕۆنـی دۆشـاویی، نـانی تەنکـی هەورامـی. ئـێمەش کە ئەو نـاوی نابووین چەتە دامان لە لایەکی خۆراکەکی و بۆمـان تەخـت کـرد. کـاتێ نوێژی کرد و گەڕایەوە، وتی هەیەر وەرە پێکەوە نان بخۆین، مام کـاکەم وتی سالْح تۆ نانی خۆت بخۆ، من نانم خواردووە، کاتێ دەمی پریاسکەی کردەوە، وتی بە فەخری عـالەم لەم خـۆراکەی مـن خـوراوە، هەیەر کـێ بردوویەتی، کاکەم وتی سالْح ئەی پێم نەوتیـت ئەم هەمـووە چەتە بە مـن چار ناکرێن. هەموو دەستمان کرد بە پێکەنین".

هەروەها دەیوت " دواتر دەست کرایەوە بە ڕاووشکار تا شەو هـات و دنیا تاریك بوو، پەنجا تا شەست سەر بەرازمان کوشت، سـوارەکان کفـت و مانـدوو بـووین و دوای نـوێژی عیشـا هەرکەس بـۆ زێـدی خۆمـان گەڕاینەوە"

هەموو ساڵێك چەند جارێک ئەم ئۆپراسیۆنە بەردەوامی هەبوو. کاتێك منیش گەورە بووم و دەستم تفەنگی گرت بەشداریم دەکردن.

جـارێکی تـریش ئینگلیزەکـان داوایـان لە حەسـەن بەگ کـرد کە ڕاوێکیان بۆ سـاز بکـات، وتیـان ئـێمە بە ڕم ڕاوی بەراز دەکەیـن و چەك

بەکار ناهێنین، هەمان ئەو سوارانەی پێشوو بە چەك و تفاقی خۆیانەوە ئامادەی ڕاوە بەرازی ئینگلیزەکان بوون و یاوەرییان کردن.

ئەو ڕۆژە تا خۆر گەیشتە ناوەڕاستی ئاسمان و بانگی نیوەڕۆ لە ئاواییەکانەوە بەرز بوویەوە، یەك خرتەکیان بە ڕم بۆ کوژرا، کە هێشتا نەبوو بوو بە بەرازی تەواو.

کاك حەمە ڕەشی ئەولمحەمەد وتی بە مامە حاجی موشیر، کورە حاجی موشیر من خەریکە لە داخی ئەمانە ئەتەقم، ئەو هەمووە بەرازە هات و بە بەرچاومانەوە تێپەڕین تەقەیەکمان لێ نەکردن، مامە حاجی موشیر وتی حەمەڕەشید ئەم جارە لێی بگەڕێ بۆ خۆم.

لەناکاو هوڕەوێك بەراز بە بەردەمیاندا دەرچوون، مام حاجی موشیر ورزەنگی دا لە ئەسپەکەی کە وەکو دڵدڵی ئیمامی عەلی وابوو، کەوتە سەریان، یەکانەیەکی لێ هەڵبژاردن و کردی بە ئامانجی خۆی، چونکە دەست و مەچەکی زۆر بەهێز بوو بڕنەوی کورتی بەیەك دەست دەتەقاند ، دەستی زۆر ڕاست بوو، نێچیری لەدەست دەرنەدەچوو، هەموو جار لەگەرمەی غاردا سەری ئەسپەکەی لەگەڵ سەری بەرازەکەدا جوت دەکرد، لولەی تفەنگی لەبن دەستی بەراز قایم دەکرد و دواتر زرمەی لێ هەڵدەستاند، بەو شێوەیە ئاوڕی لە بەرازەکە نەدەدایەوە چونکە دڵنیا بوو کە کوشتوویەتی.

ئینگلیزەکان بە دووربین تەماشای مامە حاجی موشیریان دەکرد کە بەپڕتاو شوێنی یەکانەکە کەوتبوو، تا کەوتە لاشانی و بەیەك دەست تەقەی لێ کردبوو و تلیساندبوویەوە، وتبوویان ئەو سوارە کێ بوو ئەو بەرازەی کوشت؟ ئادەی حەسەن بەگ بانگی بکەن بۆ ئێرە.

مام حاجی موشیریان بانگ کرد، وتیان بۆچی ئەو بەرازەت ئا بەو شێوەیە کوشت؟ ئەویش وتی ئێوە لە بەیانییەوە خەریکن تا نیوەڕۆ تەنها خرتەکێکتان کوشتووە، کە پێیان دەوت بڕە. ئێمە بۆ ڕاو هاتووین نەك بۆ چاوشارکێ لەگەڵیاندا. ئینگلیزەکان سەریان بۆ سوارچاکی مامە حاجی

موشـیر[1] لەقانـد و دواتـر چـوونە سـەر لاشـەی بەرازە کـوژراوەکە، لەکۆپـارەکەی سـەر پشـتی تۆپەڵێـك موویـان بـڕی و کردیـان بە یەخەی چاکەتەکانیانەوە. تەماشای گۆشتە ڕەشەکەیان دەکرد، کەس لەم ڕاوچییـانە نایخوات، زۆر بەداخ بوون بۆی هەروا ببێت بە خواردنی قەل و داڵ.

وێنەی مامە حاجی موشیر و باوکم حاجی عوسمانیان[2] گـرت وەکـو دوو سوارچاکی بەدەست و برد، کە باوکیشم لەگەرمەی تاوی ماینەکەیدا جـڵەوی بەر ئەدا و بە تفەنـگە وەسـەتەکەی مشـتی لەنێچیـرەکە دەگـرت، مەحاڵ بوو نەیپێکێت و لەدەستی دەربچێت.

شێخ مەحمـودی کـاکە شـێخ ئەهـاتە لای بـاوکم و پێـی ئەوت: خـاڵە عوسمان توخوا فێری بەراز کوشتنم بکە، پێم بڵـی تـۆ چـۆن ئەم جـڵەوی ماینە بەر ئەدەیت لەکاتی تاودا و ئەم تفەنگە بەهەردوو دەستت دەگریت؟ چۆن ناکەویتە خوارەوە و چۆن ئەو نیشـانەیەت بـۆ دەپێکرێـت؟ باوکیشـم ئەیوت: شێخ مەحمود نابێ بترسیت، هەر کە ترسایت هیچت بۆ ناکرێـت، کاتێ قەرەوڵ لەگەڵ ڕەشی بەرازەکەدا یەکی گـرت پەنـجەی پیا بنـێ و لێی مەترسـە پێکـاوتە. یەکێکـی تـر لە سـوارە بەدەسـت و بردەکـان کـاك حەمەڕەشـیدی ئەولمـحەمەد بـوو، کە زۆر لێـزان و کـارامە بـوو، بەڵام دەستڕاسترین کەس شێخ ناجی کوڕی شێخ عەلادین بوو.

---

(١) مـامە حـاجی مشـیر تفەنگچییەکـی کـارامە و دەستومشـت ڕاسـت بـووە، وەکـو هاوڕێکانی گێراویانەتەوە لەکاتی غاردا و بەسەر پشتی ئەسپ و مـاینەوە بەیەك دەست تەقەی لە نێچیـرەکەی کـردووە و کوشـتوویەتی. لالە مەجیـد حەمە نەسـیم خەڵکـی گوندی تەپی سەفا و هاوڕێی نزیکـی حـاجی مشـیر بـووە، دەیگێـڕایەوە کە جارێکیـان لەگەڵ حاجی مشیر لەناو شاری سلێمانی لەناو بازاڕدا پێکەوە دەبن، حاجی مشیر ئەسـپە کوێتی خۆی دەناسێتەوە کە پێشتر فرۆشتبووی، وتویەتی مەجید تەماشای ئەسپە کوێـت بکە پیر بووە و لە ژێر عەرەبانەدایە، من چەند بەرازم بەسـەرەوە کوشـتووە، کـابرایەکی دوکاندار گـوێی لەم قسـەیە دەبێـت، دەڵێـت: بەخـوا خـاڵم فشـەی بـاش دەکـات، لالە مەجید دەڵێت بە دووکاندارەکە بەخوا خاڵت فشە ناکـات، بەم چـاوانەی خـۆم بینیـومە زیـاتر لە ٥٠ بەرازی بەسـەرەوە کوشـتووە، بەوەش دوکانـدارەکە بـێ دەنـگ دەکات/نوسەر.

(٢) دڵنییـام ئێسـتا ئەو وێـنەیە لە ئەرشـیفی وێنەکۆنەکـانی وەزارەتـی مسـتەعمەراتی بەریتانیادا هەیە/نوسەر.

## * خۆراكی ئەو ڕۆژە چی باو بوو بۆ خواردن؟

- خۆراكی ئەو سەردەمە هەموو خۆماڵی و بێ ئافەت بوو، وەكو ئێستا نەبوو لە سەد وڵاتەوە خۆراك هاوردە بكرێت و ڕزقی زستان لە هاویندا و هی هاوین لە زستاندا بخورێت. ساوەر و شێلم و دۆینە بە دۆینەخوسەیی و پەنگەچنە كە ئاوی ماش دەكرا بەسەر دۆینەكەدا، دۆخەوا و شیرەوا و خورما و ڕۆن، قەیسی و ڕۆن، هێڵەپەپە، ترشی و گۆشت و ترشاو و هێلكە، پیازاو، ماش و برنج، ئاڵەتاوی ماش بەبێ برنج كە بۆ كۆكە و هەڵامەت باش بوو، سەروپێ، گۆشتیش هەركات بخورایە دەكرایە ناو شلەی قەیسی، كەڵەشێریش دەكرایە ناو شلەی هەڵوژە، پێی دەوترا قلّیە.

## * بۆچی خواردنی برنج لەو سەردەمەدا كەم بووە، لەكاتێكدا دەشتی شارەزوور یەك پارچە قاڵبە مەرەزە بوو؟

- بەڵێ مەرەزە دەكراو چەڵتوك زۆر بوو، بەڵام كرە كردنی زەحمەت بوو، چونكە ئاشی چەڵتوك نەبوو، ئەوەی كرە دەكرا لە دنگدا بوو، بەزەحمەت چێشتێك برنج كرە دەكرا، لە ساڵی ١٩٤٨ حامی بەگی جاف ئاشێكی هێنا بۆ هەڵەبجە، لەو بەروارەوە خەڵكی برنجی بە ئاسانی بۆ لێ دەنرا. ماڵی باوكم چەندین هەمبار چەڵتوكی تێدا بوو، مشك دەمی هۆرەكانی دەدرِی و بە ئارەزووی خۆیان لێیان كێش دەكرد.

خەڵكی بۆ كرەی برنج خشتێكیان دەهێنا لە ناوەڕاستدا كونێكیان تێ دەكرد، دارێكیان دەكرد بە دەسك بۆی، خشتێكی تریشیان دەهێنا بۆ سەرەوە چەڵتوكەكەیان پێدا دەكرد توێكڵەكەی لێ دەكردەوە، بەو شێوەیە هیچ خۆش نەبوو، چونكە برنج دەبێ بكوترێت و ئاردەكەی لێ ببێتەوە.

دنگی داریش هەبوو كە خەڕاتەكان دروستیان دەكرد، ئەو دارە كە هەڵدەكۆڵرا بە ئامێری خەرتە، كە ئەو قەومەی ئەو كارەی دەكرد بە بۆنەی ئەو ئامێرەوە ناونران (خەڕڕات) واتە هەڵكۆڵەر. دنگەكە نیو تەنەكە

چەڵتوکی دەگرت، چالێکیان بۆ هەڵدەکەند و دنگەکەیان دەخستە ناوی بە مێکوتیش دەیانکوتا تا چەڵتوك دەبوو بە برنج، ئەمەش ڕەنج و زەحمەتێکی زۆری دەویست، هەر لەبەر ئەوەبوو کە برنج کەم دەخورا.

بیرمە جوتیار و دارکێش و شوانمان هەبوو، حەمەی سۆفی کەریم خوا لێی خۆش بێت بارە بەلەگی دەهێنایەوە بۆ نان کردن، کەسێکی تریش دەچوو بۆ چەمی زەڵم لەوێ داری دەهێنایەوە بۆ زۆپاکە، دوو جوتیاریش بە گاکان جوتیان دەکرد، شوانەکەش مەڕەکانی دەلەوەڕاند، کاتێ ئێواران کۆدەبوونەوە، حەمە ئەیوت میمکە ڕەعنا چیت بۆ لێناوین؟ میمکە ڕەعنایش ئەیوت حەمە گیان ساوەرێکی خۆشم بۆ لێناون، حەمە دەستی دەکرد بە بۆڵەبۆڵ و ئەیوت براڕۆ کێ بینیویەتی نان بە نانەوە بخورێت!

حەمە خزممان بوو کاتێ باوك و دایکی کۆچی دواییان کردبوو، باوکم هێنابوویە لای خۆی و گرتبوویە ئەستۆی، وە نەیهێشتبوو لای کەس بمێنێتەوە، ئەویش کەسێکی بەخزمەت و دڵسۆز بوو، وەکو کوڕی ماڵەکە ڕەفتاری دەکرد، نازیشی دەکرد بەسەر باوك و میمکە ڕەعنامدا، بیرمە من و ئەو و کاکە حەمەم لە ژێر یەك لێفەی جاجمدا خەوتووین.

کاتێ بۆڵەبۆڵی ساوەری دەکرد میمکە ڕەعنام پێی وت: حەمە گیان ئەوە چەڵتوکی زۆر و زەبەندە، سێ هەمباری پڕی خۆمان هەیە، هەمبارێکی حەسەن بەگ ئەوە چوار، ئەوەش هەمبارێکی ماڵی شێخ عەلائەدین، ئەوەش هەمبارێکی ماڵی حسێن بەگی هەسەن بەگ باوکی عەلی بەگ کە زێڕینجۆ موڵکیان هەبوو، دەکاتە شەش هەمبار چەڵتوك، مشك خەریکە ورگی هەرچی فەردەیە ڕایدەدا، بڕۆ بە ئارەزووی خۆت چەڵتوك بکوتە و بیکە بە برنج، شەرتبێ بە شەرتی خوا نیوەڕۆ و ئێوارە و تەنانەت بەیانیانیش بۆتان لێ بنێم، حەمە قسەی نەدەما چونکە کوتانی چەڵتوك زەحمەت بوو.

حامی بەگی جاف لە ساڵی ١٩٤٨ ئاشێکی هێنا بۆ هەڵەبجە لە شارەزووردا دەنگی دایەوە، ئەیانوت حامی بەگ ئاشێکی هێناوە

چەڵتــوکەکەی پیــا دەکەیــت، کــاوڵکەی لە شــوێنێکەوە فــڕە دەدات، ئــاردەکەی لە شــوێنێکەوە و ورتــکەکەی لە شــوێنێکەوە و خڵتەکەشــی لەشـوێنێکی تـرەوە دەکـاتە دەرەوە. سـوار لە گونـدەکانەوە ڕۆشـتوون بـۆ هەڵەبجە بۆ تەماشای ئەو ئاشە، بـاوکم هـاتەوە وتـی حـامی بەگ ئاشـێکی هێنـاوە بـرنج خـواردنی ئاسـان کـردووە، بـرنج ئـاوا بـوو لەو سـەردەمەدا، خواردنەکان خۆماڵی و بێ مزەڕەت بوون، بەڵام بەهۆی نەبـوونی ئـامێرەوە بە زەحمەت دەهاتنە دەست.

بەهاتنی ئاش حەمە لە بۆڵە بۆڵ کەوت، هۆڕی پڕ دەکرد لە چەڵتوك و سواری ڕەخشی دەکرد و لە هەڵەبجە دەیکرد بە برنج، تێر بەسـکی خـۆی برنجی دەخوارد و تاسەی لێی شکا. میمکە ڕەعنام وەستای برنجی کوردی بـوو بە ڕۆنــی خۆمـاڵییەوە، بـۆن و بەرامەی مەنجەڵەکـانی دەگەیشـتە نـاو ئاوایی.

## باسی گوندی هەجیج و مانەوەی مێجەرسۆن لەو ئاواییەدا

## * خاڵۆ بیرمە هەجیجییەکان کەلوپەلیـان بـار دەکـرد لە وڵاخ و دەهاتن بۆ لادێکان بۆ فرۆشتنی، ئەو شتانە چی بوون، وە چییان کە لەگەڵ خۆیان دەبردەوە؟

- گوندی هەجیج تاقە شوێنە لە کوردستانی چوار پـارچەدا کە پشـتیان بە خۆیـان بەسـتبێت بـۆ دابینکردنــی کەلـوپەل و پێداویسـتی ژیانیـان، زۆر دەست ڕەنگین و کارامە و ژیر بوون، هەرچی کەلوپولێـك پێویسـت بێـت بۆ ژیانی سەرەتایی دروستیان کردووە و بۆ هیچ شتێك دانەماون.

لە مێجەر سۆنی سیخوڕی ئینگلیز دەگێڕنەوە وتوویەتی: یەك هۆز شـك دەبەم کە لەسەر پێی خۆیان ڕاوەستاون و پێویسـتیان بەهـیچ کەس و هـیچ

شتێك نییە لەسەر زەویدا و بە تەواوی پشتیان بە خۆیان بەستووە، ئەویش هۆزی هەجیجە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات.

مێجەر سۆن یەکەم جار هاتووەتە وڵاتی ئێران و لەوێ وەکو فەرمانبەری بانك دامەزراوە و فێری زمانی فارسی بووە، دواتر لەکاتی داگیرکردنی عێراق لە لایەن بەریتانیاوە بووە بە حاکمی شاری سلێمانی. لە گەشتەکەیدا بۆ وڵاتی ئێران ماوەی ساڵێك و شەش مانگ لە ناو هەجێجییەکاندا ماوەتەوە و توێژینەوەی لە سەر بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کلتورییان کردووە و دواتر بەجێی هێشتوون.

سۆن دەڵێت: ئەم هۆزە هەورامییە بە مێو پردێکیان بەسەر ڕوباری سیروانەوە بەستووە بۆ پەڕینەوە، پێی وتراوە پردی (وەنەن)[1] ئەوەندە باش دروست کراوە وڵاخەکانیشیان بە بارەوە بەسەردا پەڕاندووەتەوە. هەروەها دەرگایان بە دار دروست کردووە، کلیلەکەشی لە خۆی بووە، کە تەنها خۆیان توانیویانە بیکەنەوە.

بۆ بابەتی کەلوپەل و پۆشاك پشتیان بە پەموو (لۆکە)ی زەردە بەستووە، کە جۆرێکی لۆکەیە و ناوکەکەی وردە و قۆزاخەکەی بچوکە، لەهەمان کاتدا ئامێری کردنەوەی لۆکەیان دروست کردووە بۆ شیکردنەوەی لۆکەکە. ئەم ئامێرەشیان هەر لە دار دروست کردووە، پاش ئەوەی ژنە ئازا و گورجوگۆڵەکانیان لۆکەکەیان دەچنی، بەو ئامێرە شییان دەکردەوە و پاشان جاجم لێف و مەوج و خامیان لێ دروست دەکرد.

پشتوێنی هەجیجی تا ئێستاش بەناوبانگە، هەر لەو لۆکەیە دروست ئەکرا. واتە لەو لۆکەیە هەرچی کەلوپەلی پێویست بووە دروستیان کردووە.

(١) لە ساڵی ٢٠١٨ دا سەردانی گوندی هەجیجم کرد (پردی وەنەن) نەمابوو، کەوتبووە ژێر ئەو دەریاچە نوێیەوە کە تازە دروست کرابوو، بەناوی دەریاچەی داریان، وە پەنگاوی دەریاچەکەش گەیشتبووە بەردەمی ماڵەکانی گوندی هەجیج، وە گوندەکەش بە بۆنەی ئەو دەریاچەیەوە بوو بوو بە شوێنێکی گەشتیاری و حەشیمەتێکی زۆری گەشتیار لەوێ بوون (سەرحەد).

هەجێجییەکان لەبەر ئەوەی ئاژەڵداربوون، ئەوا پێویستیان بە سپیایی و ڕۆن نەبووە، مریشك و پەلەوەری ماڵییان ڕاگرتووە و هیچ کات گۆشتی دەرەوەی خۆیان نەخواردووە. هەرخۆیان لەبەرد بەردئاش و دنگیان دروست کردووە بۆ هاڕینی گەنم بە بڕوێش و کڕەی برنج و ساوەر، ئاشی ئاویشیان ناوەتەوە بۆ کردنی گەنم و جۆ بە ئارد.

بنێشت و ئاردەتوو کە کراوەتە مەشکۆڵە و ترشە هەنار و قەیسی و ترێ و مێوژ و کشمیش و لەگەڵ پیشە دەستییەکانی خۆیان کە لە دار دروستیان دەکردن، وەکو چەقۆ و تەشپی و کاسە و کەوچکی چێشت و دۆ و تەشی خوری ڕستن و شانە و پنە و دەرخۆنە و هەموو ئەو پیشە دەستیەکانی تر، ئەمانەیان بار کردووە لە گوێدرێژێك و ڕۆشتوون بۆ ئەو ناوچانەی کە دانەوێڵەی لێ کراوە، وەکو شارەزووری خۆمان، بارەکانیان داوە بە گەنم و جۆ و گەنمەشامی و بردوویانەتەوە بۆ زێدی خۆیان.

هەروەها گژوگیای ناوچەکەشیان بە تایبەت کەژ وکێوەکانی هەورامان و شاهۆ لە لایەن پیاوە حەکیم و دەرمانسازەکانیانەوە کراوە بە دەرمان و مەرهەمی شیفابەخش بۆ زامو نەخۆشییەکانیان.

هەروەها سۆن ئەڵێت ئەم قەومی هەجێجە تەنها قەومی ناوچەکەن کە لەسەر پێی خۆیان وەستاون و پێویستیان بە حکومەت و یارمەتی کەس نەبووە، بۆ سوتەمەنی کەڵکیان لەداری چیاکان وەرگرتوە و بۆ ڕووناکییش قەزوان و گوێز و بەنەمشك کە وەکو قەزوان وایە و وردتره و بە توێکڵەوە ئەخورێت، لەگەڵ پەڕۆی جاوگدا تێکەڵاویان کردووە و شێلاویانە، تا بووە بە پڵیتە، ئەم پڵیتانەیان بە (پیوە و بەرد و چەخماخ)[1] ئاگر پێوەناوە، ڕووناکییەکی سەوزی جوانی بێ دوکەڵی بۆن خۆشی

---

(١) پیوە دەردراوی داری گوێزەو وەکو قارچك وایە لێی دێتە دەرەوە ئیسفەنجییە، بەردەکەش بەردێکی سپیە کاتێ بە چەخماخە لە پۆڵا دروستکراوەکە لێی دەدرێت بزیسکە دەداتەوە و پیوەکە ئاگر پێوە دەنێت، بۆ ئەوەی ببێت بە ئاگریش پوشی وشکی پێوە دەنێن و فویەکی لێ دەکەن ئاگرەکە دەکاتەوە.

هەبووە، کە مرۆڤ حەزی کردووە بۆنەکەی بێت بە سەریدا، ئەم پڵیتانە تا کاتی خەوتن گڕاون و دواتر فوویەکیان لێ کردوون و کوژاونەتەوە.

هەجیج گوندێکی زۆر دڵگیرە و سروشتێکی جوانی هەیە، دەکەوێتە نزیك شاری پاوەی سەر بە پارێزگای کرماشان لە ڕۆژهەڵاتی کورستان، گوندێکی زۆرخۆش و ئاو و هەوا پاك و سازگارە، هەجیجیەکان بەکەسانی تەمەن درێژ و تەندروستباش ناوبانگیان دەرکردوە، هەموویان کەسانی دڵ و دەرون پاك و سینەسافن، خانووەکانیان لە بەرد و لە قەدپاڵی چیایەکەوە دروست کردووە، بەردەمیشیان چەمێکی قوڵ، کە ئێستا بە بۆنەی دروست بوونی بەنداوی داریانەوە ئەو چەمە قوڵە نەماوە و پەنگاوی دەریاچەکە هاتووەتە بەردەمی گوندەکە و دیمەنێکی جوانی پێ بەخشیوە.

## * خالۆ ئایا ئەوە ڕاستە کە دەڵێن مێجەر سۆن لە لایەن شێخ نەجمەدینی بیارەوە پێی زانراوە کە سیخوڕە و موسڵمان نییە؟

مێجەر سۆنی توێژەر و سیخوڕی بەناوبانگی ئینگلیز هەرچەندە خەونی دەوڵەتی کوردی لەگۆڕنا، بەڵام خزمەتێکی باشی بە زمانی کوردی کردووە و، سەرەتای گەشتەکەی ساڵی ١٩٠٢ لە تارانەوە دەستی پێکرد، کە لەو کاتەدا تەمەنی ٢١ ساڵ بووە، لەو شارە بووە بە فەرمانبەری بانك و خۆی فێری زمانی فارسی کردووە. فارسییەکەی دوای ساڵێك ئەوەندە باش بووە دیوانی عومەری خیامی وەرگێڕاوە بۆ سەر زمانی ئینگلیزی.

سۆن لەساڵی ١٩٠٥ ڕۆشتووەتە شاری شیراز و لەوێ موسڵمان بوونی خۆی لەسەر مەزهەبی شیعەی زەیدی ڕاگەیاندووە، ئەم موسڵمان بوونەشی تەنها بە ڕووکەش و چاوبەست بووە، ئەگینا مەبەستی هاتنی ئەو بۆ ئەو وڵاتە سیخوڕی کردن و کۆکردنەوەی زانیاری بووە بۆ وڵاتە داگیرکەرەکەی خۆی.

سۆن لەو شارەدا کچێکی مارە کردووە و خێزانی پێکەوە ناوە، تا

کەس گومانی هیچ شتێکی لێ نەکات و لە خۆشییەکانی ژیانیش بێ بەش نەبێت. پاش چەند ساڵێك مانەوەی لە ئێراندا و فێربوونی زمانی فارسی و دواتر کوردی، لە ساڵی ١٩٠٧ دا چووەتە ئەستەنبوڵ و ناوی غوڵام حسێنی شیرازی لە خۆی ناوە. دواتر گەڕاوەتەوە بۆ کرماشان و بووە بە بەڕێوەبەری بانك و زمانی کوردییەکەی پاراو کردووە.

چەندین شار و گوند گەڕاوە و لە شوناس و کلتور و ئاین و مەزهەبی خەڵکی ئەو وڵاتەی کۆڵیوەتەوە. یەکێك لەو شوێنانە گوندی هەجیج بووە کە سەر بە پاوە و ئەویش سەر بە ئوستانی کرماشانە.

سۆن دوای ئەوەی بە بەرگی بازرگانییەوە دێتە باشوری کوردستان و لە شارەکانی سلێمانی و هەڵەبجە دەمێنێتەوە، کوردییەکەی ئەوەندە پاراو بووە کەس گومانی ئەوەی لێ نەکردووە کە جاسوس بێت و لە بەریتانیاوە هاتبێت. مێجەر سۆن سەرەتا لەلایەن شێخ نەجمەدینی بیارە و لەکاتی خەتمەی زیکردا ئاشکرا دەکرێت، ئەوەش بەهۆی فەراسەتی ئیمانیی شێخ و بەرچاوڕوونی و مەرتەبەی بەرزی ڕۆحییەوە پێی زانیوە کە ئەم کەسە نامۆیە لە ناو ئەم کۆڕە ئیمانییەدا و وەکو دەنکە تەسبیحێکی ڕزیو وابووە لەناو دەنکە ساغ و سەلیمەکاندا، هەر بۆیە دێتە تەنیشتی و دەچپێنێت بە گوێیدا و پێی دەڵێت: تۆ سیخوڕی ئینگلیزیت، ئەگەر بۆ موسوڵمان بوون و ئیمان هێنان هاتوویت یاخوا بەخێربێت و چیت بوێت لە هاوکاری و کار ئاسانی بۆت ئەکەین، وە ئەگەر بۆ مەبەستی تایبەتی خۆت و وڵاتەکەشت هاتوویت، ئەوا ئەم شوێنە جێگای تۆ نییە، بەیانی لێرە بڕۆ و نەگەڕێیتەوە. ئیتر بەو شێوەیە خانەقای بیارەی بۆ هەتا هەتایە جێ هێشتووە. لە وەڵامی پرسیارێکی تایەر بەگی جافیشدا وشەی (No)ی لەبری نەخێر بەکار هێناوە، ئیتر دوای ئەو جارە شك و گومان بۆ تایەر بەگ ناهێڵێتەوە کە ئەمە کورد نیە و ئینگلیزە چونکە پێشتر گومانی ئەوەی لێ کردبوو کە کەسێکی بێگانەیە، چۆن پیاوێکی ئاوا ژیر و بەسەلیقە و خوێندەوار دەبێت بە خزمەتکاری ماڵی وەسمان پاشای باوکی!

عادیلە خانم زۆر سەرسام بووە بە سۆن و نووسینەکانی خۆی پێداوە تا

بە زمانی فارسی بۆی بنووسێتەوە و بۆ ڕاهێنانی خۆشی بە فارسی ئاخاوتنی لەگەڵدا کردووە. دواتر میرزا غوڵامماڵی تایەر بەگ بەجێ دەهێڵێت و بۆ ماوەیەکی زۆر ون دەبێت، کاتێ دەردەکەوێتەوە بووە بە لێپرسراوی هەڵکەندنی بیری نەوت لە خانەقین، کە لەگەڵ کۆمپانیای ئەنگلۆ-ئێرانی دا بۆ نەوت گەڕاون لە ناوچەکەدا.

ساڵی ١٩١٢ بووە بە بڕواپێکراوی قونسوڵخانەی بەریتانیا لە شاری محەمەرەی ئێران. ساڵێك دواتر بووە بە جێگری قونسوڵی وڵاتەکەی لە قەسری شیرین. ساڵی ١٩١٦ لەگەڵ سوپای ئینگلیزدا دێتە شاری بەسرە و لەوێ ڕۆژنامەی بەسرەتایمز دەردەکات. ساڵی ١٩١٧ دەینێرن بۆ خانەقین، ئەم جارەیان بۆ خۆ نزیك کردنەوە بووە لەسەرۆك هۆزە کوردەکان، تا ڕێگا بۆ هاتنی سوپای ئینگلیز خۆش بکات بێتە ناوچە کوردنشینەکان.

ئەوەبوو دواتر ئەو مەرامەی هاتە دی و کوردستانیش کەوتە ژێر پۆستاڵی داگیرکەری ئینگلیز و شارەکانی یەك لەدوای یەك داگیرکران.

ساڵی ١٩١٩ سۆن دەبێت بە حاکمی یەکەمی لیوای سلێمانی، تا ساڵی ١٩٢١ لەو شارە ماوەتەوە و چاودێری جموجوڵەکانی شێخ مەحمودی کردووە و بەهۆی سوپای وڵاتەکەیەوە شۆڕشەکەی سەرکوت کردووە.

دواجار سۆن توشی نەخۆشی سیل دەبێت، دەچێتە وڵاتی تونس بۆ چارەسەر، بەڵام لەوێ بە نائومێدی دەگەڕێتەوە، پاشان دەینێرنەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی، بەڵام پێش ئەوەی کەشتییە بگاتەوە نیشتمان و زێدی خۆی، لە ڕۆژی ١٩٢٣/٢/٢٤ و هەر لە ناو دەریادا تەمەنی درێژی بۆ گەلی کورد بەجێدەهێڵێت[1]. وەکو وتراوە لە دووتوێوی هەموو شەڕێکدا

---

(١) ئیلی بانستەر سۆن لە کتێبەکەی خۆیدا (بەرەو کوردستان و میزۆپۆتامیا بە مەخفی، ١٩١٢) نوسیوێتی: کاتێ ویستم لە هەڵەبجە دەربچم بەهۆی ترسمەوە بوو لە دوو کەس، یەکەمیان ئەمین ئەفەندی جەڕاح بوو، کە بە ئەسڵ ئەڵمانی بوو، بوو بوو بە موسڵمان و لە هەڵەبجە تەداوی خەڵکی دەکرد، ناوبراو کۆڵی لێ نەدەدام و زۆر بە گومان بوو لێم، ئەو گومانەش ئەو خستییە دڵی تایەر بەگی جافەوە. دووەم کەسیش ئەو ←

خێریش بەدی دەکرێت، سۆن و سوپای وڵاتەکەی وەکو داگیرکەر هاتنە عێراق و هەرێمی کوردستان، بەڵام چەندین کاری باش و خزمەتگوزاری بەسودیان پێشکەش بەم وڵاتە کردووە، هەر لە دروستکردنی ڕێگاوبان و تونێل و کارەبا و ئاو و ئاوەڕۆ و چاپخانە و ڕۆژنامە و خزمەتگوزاری دیکە، هەموو ئەم خێر و بێرانەیان لەگەڵ خۆدا هێنایە وڵاتەوە.

## * لە سەردەمی منداڵی و لاوی تۆدا سەردان و هاتوچۆ و خزمایەتی چۆن بوو؟

- لە سەردەمی پێش من و تا گەورەبوون و پێگەیشتنی منیش خزمایەتی و سیلەی ڕەحم زۆر گەرم وگوڕ بوو، هاتۆچۆ و سەردانی یەکتری دەکرا و میوان چەندین شەو لە ماڵە خزماندا دەمایەوە و خزمەت دەکراو نازی ڕادەگیرا بێ ئەوەی لێی بێزار بن و لە دڵەوە پێیان ناخۆش بێت. خەڵکی وەکو ئێستا چاوچنۆك و خۆپەرست نەبوون، خۆیان بەسەر خزمدا دەتواندەوە، خزمێکی دووریشت لە کوێرە دێیەك یان شارۆچکەیەکی دوورەدەست هەبوایە بەپێ، یان بە سواری وڵاخ خۆیان دەگەیاندێ و سیلەی ڕەحمیان بەجێ دەگەیاند.

یەکێك لەو سەردانانە ساڵی ١٩٤٥ بوو، ئەو کاتە تەمەنم دە ساڵ بوو، باوکم و مامەم و مام حاجی مستەفا و مام حاجی موشیر و لالە حەمەی خەزوورم کە ئەویش ماڵی لەوێ بوو، بەڕێ کەوتن بۆ ماڵی خاڵۆ حاجی خالید لە بەشارەت، لە چەند شوێنی ترەوە میوانی تریش لە پیاوماقوڵانی ناوچەکە داوەت کرابوون، دوای ئەوەی گەیشتنە ئەوێ خاڵۆم هەواڵی منی

---

شێخولئیسلامە بوو بە ناوی شێخ عەلی لە ئەستەنبوڵ چاوی پێم کەوتبوو، کاتێکیش هات بۆ بیارە لەوێ بینیمی. شێخ عەلی پێی وتم قەناعەتم نەکرد تۆ موسڵمان بیت! دوای ئەم یەکتر بینینە من چووم بۆ سلێمانی و شێخ عەلیش خۆی دەگەیەنێتە کۆشکی عادیلە خانم و هەرا دەنێتەوە، پێیان دەڵێت، ئێوە چۆن نەتانزانیوە ئەم کابرایە مەسیحی بووە! ئەوانیش ئەڵێن کابرایەکی فارس بووە و بینیومانە نوێژی کردووە.

پرسی بوو، کە بۆچی نەیان بردووم بۆ ئەویّ، چونکە منی زۆر خۆش ئەویست و منیش کەسێکی زیرەك بووم شیعری زۆرم لە بەر بوو، شەوانە لە کۆڕی ئەو گەورە پیاوانەدا دەمخوێندنەوە.

ئەوەبوو سوارێکی نارد بە دوامدا و چوومە پاشکۆی بۆ نانی ئێوارە گەیشتینە بەشارەت و فریای نان خواردن و دەمەتەقەی ئەو کۆڕە کەوتم.

حاجی ساڵحی مەحمود دوانزەی ئیمامی، حاجی محەمەدی سڵەمان قاجری و عەبدولڕەحمانی مەحمودی خەسرەو کانی شێخی و ئەحمەدی هەسەن لە کیڵەسپی و حەمە ئەمینی حامی لە جان جان و حاجی حەمە سەعید لە بەشارەتی سەروو، وە چەند پیاوماقوڵێکی تر لەگەڵ تەپی سەفاییەکاندا کۆڕی دەمەتەقەیان گەرم کردبوو.

خاڵۆ حاجی خالید منی بۆ ئەوەبوو ئەو شەوگاری پایزە بە خوێندنەوەی شیعر و خورشید و خاوەر و یوسف و زلێخا دوو شەق بکەم، شەو دوای نان خواردن کۆڕی دەمەتەقێ و شیعر خوێندنەوە لە لایەن من و هەروەها ئەسکەندەرنامە لەلایەن مامە حاجی هەیەر و قسەوباسی تر لە لایەن گەورە پیاوانەوە دیوەخانی پێ گەرم کرا، کترییە ڕەشی سەر زۆپای دار چەندین جار پڕکرایەوە و چۆڕی لێ دەبڕا. دوای ئەوە شەوچەرەی مێوژ و گوێز و بادەمیان هێنا ئەوەشمان نۆش کرد بەم شێوەیە شەوگاری پایزمان هێنا بە چۆکدا.

کاتێ میوان و خانەخوێ هەموو کفت بوون و کەوتنە باوێشك دان، ماڵئاوایی لە ماڵی خاڵۆم کراو هەر یەکە سواری ڕەخشی خۆی بوو، منیش لە پاشکۆی ئەمینی خۆمدا دەستم لەناو قەدی شۆفێرەکەم گیر کرد و هاتینەوە بۆ تەپی سەفا.

ئەم سەردان و دیدەنییانە بەردەوامی هەبوو، هەر جارەی بۆ گوندو شوێنێك دەچوون و دیوەخانیان دەگۆڕی، وە بۆ جێگای دووریش دەچوون، ئەو کاتانەم بیرە باوکم و مامەم و مامەحاجی مستەفا و خاڵۆ حاجی خالیدم سوار بوون و لێیان دا ڕۆشتن بۆ ناوچەی سەنگاو بۆ

گوندی کچان بۆ ماڵی لالە عەلی حاجی قادر ڕیش سپی عەشیرەتی میکائیلی.

لالە عەلی پیاوێکی کەڵەگەت و پڕ موو بوو، سمێڵی ئەستورو قورس بوو، میوانەکانی بۆ هەفتەو دە ڕۆژ گل دەدایەوە و نەیدەهێشت بێنەوە بۆ شارەزوور.

کاتێ ئەوانیش تاسەی بینینی خزمانی شارەزووریان بکردایە خۆی و ئەسعەد کە پشتیوانی بوو، لەگەڵ ڕۆستەمی حەمەئەمین کە برازای خۆی بوو، ئەهاتن بۆ تەپی سەفا، ئەمانیش لێ نەدەگەڕان بڕۆنەوە، چەندین شەو و ڕۆژ پێکەوە بوون و دیوەخان و کۆڕی دەمەتەقەیان گەرم کردبوو.

لالە عەلی خوشکێکی خۆی دا بە شێخ حسێنی کەسنەزان، شێخ هاشم بەڕێوەبەری ناحیەی سیروان کە لە هەشتاکاندا لەوێ بوو، کوڕی شێخ تاهیری شێخ حسێن بوو، خوشکێکیشی دا بە شێخانی سۆڵە، بەم شێوەیە خزمایەتی لەگەڵ شێخەکاندا پەیدا کرد.

هەروەها لەگەڵ خزمانی (هەسەن محە)ی گەرمیانیشدا هاتوچۆ و سەردانمان هەبوو، مامە قادری حەمەی کەوەل و ئەحمەدی حەمەی کەوەل و حەمەی ئەحمەدی سەید باوکی فایەق و مامە عەزیز و حەمەی برای لە تەپەکورە کوڕانی مەحمودی کەوەل، ئەمانە برا و ئامۆزای یەکترن، لە گەرمیانەوە دەهاتن بۆ دیدەنیمان، چەندین شەو و ڕۆژ دەمانەوە.

هۆزی ئەحمەدی ئەلی محەمەد هەشت برابوون کە لە ئەسڵدا کەڵئاشین و لە پشتدا لەگەڵ یاروەیسییەکاندا یەکێکن. بە پێ لە گوندی هەسەن محەوە دەهاتن بۆ شارەزوور. لە بیاوێوە دەهاتنە بەشارەت، خاڵۆم لەوێ بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك گلی دەدانەوە، دواتر دەهاتنە ماڵی مامەم، ئەویش چەند ڕۆژێك میوانداری لێ دەکردن، دەچوونە ئەو بەر بۆ لای مامە حاجی مستەفا، لەوێشەوە دەهاتنەوە بۆ لای باوکم. ئەیانزانی باوکم لە گەڵ شێخانی بیارەدا زۆر تێکەڵاوە، شەوێك دەمانەوە و باوکمیان لەگەڵ خۆیان دەبرد بۆ بیارە.

شێخ عەلادین ڕێزێکی زۆری لێ دەگرتن، پاش زیارەت کەلوپەلی هەورامان و ئێرانیان دەکڕی لە قەیسی و ترش و گوێز و تەبەڕوکی خانەقا لە نوقڵ و کولێرە، کە لای گەرمیانییەکان زۆر گرنگ بوو، ئەمانەیان لەگەڵ خۆیاندا دەهێنایەوە. کەلوپەلەکانیان لەگوێدرێژ بار دەکرد و دەیانهێنایەوە بۆ تەپی سەفا، کاتێ لەمسەرەوە دەگەڕانەوە بۆ گەرمیان بە لۆرییەکەی عەزە دەچوونە سلێمانی و لەوێشەوە لە ڕێگای کەرکوکەوە دەڕۆشتنەوە بۆ هەسەن محە.

## * کەی ڕادیۆتان کڕی؟

- ساڵی ١٩٥٥ ڕادیۆمان کڕی، وەکو ئێستا قەبارەی بچوك نەبوو، هێندەی تەلەفزیۆنێکی مۆدیل کۆن گەورەبوو، بریتی بوو لە دوو بەش، بەشێکیان ڕادیۆکە خۆی بوو، بەشەکەی تری باترییەکەی بوو، کە بریتی بوو لە ١٢ پیل، بەشی شەش مانگی دەکرد و دواتر فڕە دەدرا و یەکێکی ترمان بۆ دەکڕی.

ڕادیۆ شتێکی زۆر خۆش بوو بۆ ئەو زەمەنە، لە هەموو گوندێکدا ڕادیۆ نەبوو، مەگەر یەکێك دەسەڵاتی هەبوایە بیتوانیایە بیکڕێت، منالانی ئاوایی دەهاتنە بەر ئەو پەنجەرەیەی ڕادیۆکەمان تێدا دانابوو، گوێیان لێ دەگرت.

## * ئەو کەسانەی ئەم ناوچەیەی خۆمان کە بارودۆخی ئابورییان باش بوویێت کێ بوون، لە ساڵانی چل و پەنجاکاندا؟

- دەوڵەمەند بەو مانایەی کە هەیبێت و بۆ هیچ دانەمابێت، نەك پارەی خەوتووی زۆری هەبێت ئەمانە بوون: مامە حاجی هەیەر و حاجی مستەفا لە تەپی سەفا گوزەرانیان زۆر باش بوو، باوکیشم هەرچەندە خاوەن موڵك بوو بەڵام بەهۆی زۆری میوان و دەستبڵاوییەوە نەیدەتوانی پارە کۆ

بکاتەوە، واتە بەهەموو مانایەك خۆی و خێزانی خێرۆمەند و میوان پەزێر و دەستبڵاو بوون، هیچ شەو و ڕۆژێك نەبووە میوانیان نەبێت و ڕێبوارێك یان هەژارێك لەوێ لای نەدابێت بۆ نان خواردن. باپیریشت لە شەکرالی واتە خەزوورم هەرچەنند خاوەن موڵك نەبوو بەڵام خۆی سەرپەرشتی زەوییەکانی حەسەن بەگی دەکرد، پارەی باشی دەهاتە دەست بەڵام بێ تەماع و دەستبڵاو بوو، هەروەها میوانداریش بوو، نەیدەتوانی پارە کۆ بکاتەوە.

خاڵۆ حاجی خالیدیشم لە بەشارەت گوزەرانی باش بوو، هەروەها حاجی میرئەحمەد لە تەپەکوڕە و حاجی ساڵحی گێڵەك و حەمەی ساڵحی فەتاح لە دێکۆن و حاجی عارفی کاکەمەد لە تەپەکوڕە و هەسەنی شەریف لە زەردیان و حاجی ساڵحی مەحمود دوانزەی ئیمام و حاجی محەمەدی گۆچان لە هەڵەبجە، ئەمانە هەموو میوان پەزێر و دیوەخاندار بوون، پارەیان دەهاتە دەست بەڵام بۆ بەهۆی میوانداری و خێر و سەدەقە و مزگەوت دروست کردنەوە بۆیان کۆ نەدەکرایەوە. هەروەها زۆرێك لەو سوارچاکانەی کە پێشتر بۆ ڕاوە بەرازەکە ناوم هێنان، بارودۆخی ئابووری و گوزەرانیان باش یان مامناوەند بوو.

پارە کەم بوو، بەڵام نرخی خۆی هەبوو، بزنێك تەنها ڕوبعێکی دەکرد، خەڵکی ئەسپێ تێی دابوو، کابرا شەرواڵەکەی شیتاڵ شیتاڵ دەبوو توانای ئەوەی نەبوو بیگۆڕێت، تەغارێك گەنم کە دەکاتە دە تەنەکە بە چوار پەنجایی بوو واتە دووسەد فلس، دوو هێلکە بە یەك فلس بوو، مریشك بە ١٥ فلس بوو، گایەك بە دوودینار ڕوبعێك کەم بوو، هەرکەس گاکەی بمردایە شیوەنی بۆ دادەنا، چونکە سەری نێلەی دەکەوتە زەوی و دەستەپارچە دەمایەوە. فەرەجی سەعلە بیارەیی بوو دەڕۆشت بۆ کرماشان بۆ شت کڕین، باوکم هەرچی پێ بوتایە بۆی دەهێنا، بیرمە زۆپایەکی هێنا بۆمان. بۆ ڕوناك کردنەوەش قەنیلە هەبوو، دۆرنجی دەکرد و بنمچیی خانووەکەی ڕەش دەکردەوە.

## * باوکت کەی چوو بۆ تاران، خۆی هەموو جار دەیوت چاوێکم لە بەغدا نەشتەرگەری کردووە و چاوێکیشم لە تاران؟

- لە ساڵانی شەستەکاندا بوو، دوای هێرشەکەی زەعیم سدیق بوو، شێخ عوسمان ئەو کاتە لە گوندی دورِۆ بوو، باوکم ڕۆشت بۆ ئەویَ، شێخ نامەیەکی دا بە باوکم بۆ حەمە ئاغای سەرا کە ئەندامی پەرلەمانی ئێران بوو، تیایدا نووسیبووی: جەنابی حەمەئاغا یەکێك لە خۆشەویستانم دەنێرم بۆ لات، هیچ شارەزای وڵاتی ئێران و شاری تاران نییە، هاوکاری تەواوی بکە و میواندارییەکی شایستەی لێ بکە تا دەگەڕێتەوە. لەم گەشتەیدا شێخ مادیحی کوڕی لەگەڵدا ناردبوو، وە بە باوکمی وتبوو ناوی خۆت بگۆڕە لە عوسمان عومەر مەحمودەوە بۆ ئیسماعیل عەلی مەحمود، بەو شێوەیە گەیشتبوونە تاران و چووبوونە ماڵی حەمە ئاغا.

دوای پشودان و ڕێزێکی زۆر لەلایەن خانەخوێوە سەردانی باشترین پزیشکی ئەو کاتەی تارانی پێ دەکات و نەشتەرگەری چاوێکی بۆ دەکرێت. باوکم لەو گەشتەیدا زۆری پێ چوو نەهاتەوە، ئێمەش ئەمینە کەچەڵمان نارد بۆ دورِۆ بۆلای شێخ بۆ هەواڵی باوکم، هاتەوە وتی شێخ فەرموویەتی خالۆ عوسمان لە تارانە و شوێن و ڕێگای خۆشە و ماوەیەکی پێ دەچێت و دواتر دێتەوە، هیچ خەمتان نەبێت.

باوکم کاتێ هاتەوە ئەیوت حەمە ئاغا زۆر میوان پەزێر بووە، بە بۆنەی شێخ عوسمانەوە ڕێزێکی زۆری لێناوم و خزمەتی باشی کردووم.

لەگەڵ خۆی دەیبردم بۆ شوێنە گەشتیارییەکان وەکو دەربەند و شەمران و کاتێکی زۆر خۆشمان بەسەر دەبرد، ڕادیۆیەکی لەلام دانابوو، ئەیوت ئێمە لەگەڵ ئەندام پەرلەمانەکانی هاوڕێمدا یاری خۆمان دەکەین، تۆش گوێ لە هەواڵەکانی جیهان بگرە.

## * تۆ چۆن فێری جگەرەکێشان بوویت؟

- جگەرەی قامیش باو بوو، هەر گورزەیەکی پێنج تۆپ بوو، هەر تۆپەی ٣٦٠ جگەرەی خاڵی بوو، بە توتن دامان دەگرتەوە بۆ باوکم، ئەوە فێری جگەرەکێشانی کردین.

باوکم لەو جگەرەیەی دەکێشا و پاکەتیش پەیدا بوو ڕۆژی پاکەتێك و قوتوویەك لەو قامیشەی تەواو دەکرد، وە هەتا کۆچی دوایی کرد کۆکەیەکی نەکرد، تەندروستی زۆر باش بوو. من و کاکە حەمە و مارفیش فێری جگەرە کێشان بووین، بەڵام دواتر هۆشم کردەوە تەرکم کرد و بەیەکجاری وازم لێهێنا.

## * ئەم گردەی کە گوندەکە پاڵی پێیەوە داوە و بە گردی سەفا مەشهوورە، هیچ شوێنەوارێکی مێژوویی لێ دۆزراوەتەوە، وەکو زێر و زیو و توحفەی گرانبەها؟

- بەڵێ ئەم گردەی ئێمە شوێنەوارێکی مێژوویی زۆر کۆنە، تونێلی بچوکیشی تێدایە کە مرۆڤ بکێشێت، چەندین جار کوپەڵەی تێدا دۆزراوەتەوە، بەڵام زێرو زیویان تێدا نەبووە.

بیرمە شێخ عوسمان لە ڕووی ڕۆژئاوای گردەکەوە، لەو شوێنەی ماڵی حەمەساڵحی مامە قادری تێدایە، بەردی گەورەیان بۆ ئاشەکەی دەردەهێنا، کوپەیەکیان بینییەوە، ئەویش فەرمووی مەیشکێنن، لە ناویدا ئێسکی مردوو هەبوو، وە هەسانێکی چەقۆتیژکردن و کافرمانێکی سەرتاشینی تێدابوو. شێخ عوسمان فەرمووی ئەم پیاوە خۆری پەرستووە و پیشەکەی سەرتاشین بووە، ئەمەش ئەسڵحەی ئیشەکەیەتی، بەیەکەوە ئەسپەردەیان کردوون.

## * لەم پارێزگای هەڵبجەیەدا[(١)] لە شار و شارۆچکە کوێت *لەم

(١) لێکۆڵینەوەکی ئابوری جوگرافی لە سەر پارێزگای هەڵبجە.
ئەم بابەتە بەو ناونیشانەی سەرەوە لە دوتوێی نامێلکەیەکی (٣٤) لاپەڕەی (A٤) دا لە ساڵی (٢٠٠٩) لە سەر ئەرکی خۆم بڵاوم کردۆتەوە. لێکۆڵینەوەکە (٢٤) خشتەی لە سەر کەرت و بابەتەکان لە خۆ گرتووە. هاوڕێی بەڕێزم کاك حەکیمی مەلا ساڵحیش وەك دەستپێشخەری لە گۆڤاری هەڵەبجەدا بۆ جاری دووەم بڵاوی کردۆتەوە. ئەمە بەشێکی ئەو بابەتەیە بە دەستکاریەکی کەمەوە. ئەم بەشە وەك زانیاریەکی گشتی پێمخۆش بوو بیخەمە بەر چاوی ئێوەی بەڕێز. هەوڵ ئەدەم ئاماری نوێم دەستکەوێ بۆ ئەوەی بەشەکانی تری پۆست بکەم. هەر سەرکەوتوو بن.
بۆ لێکۆڵینەوەی هەر وڵات و هەرێم و ناوچە و یەکەیەکی کارگێڕی، بوونی ئامار و زانیاری وورد و نوێ پێویست و گرنگە. دەزگا و گروپ و کەسە ئابوریناسەکان کە قسە و باس لە سەر ئابوری و گەشە پێدانی هەر شوێنێك دەکەن، پێویستیان بە شارەزابوون لە لایەنەکانی سروشت، خاك، هەڵکەوتەی شوێن، دیمۆگرافی، بوار و کایە و چالاکییە ئابوریەکان، سیستەمی سیاسی، فەلسەفەی ئابوری، لایەنەکانی دارایی، بانکی، یاسایی، یاسای وەبەرهێنان، ئاستی خوێندەواری، ڕۆشنبیری گشتی، زانستی باڵا، بارودۆخی کۆمەڵایەتی، کەلتوری، ئارامی، ئاست و چۆنیەتی خزمەتگوزاریە بنەڕەتیەکان، بە مانایەکی تر ژێرخانی ئابوری هەیە.  ئەوانە یەك یەك و هەموو پێکەوە بە باش و بە خراپ ڕۆڵ و کاردانەوەیان لە سەر پێشکەوتن و دواکەوتنی هەر وڵات و هەرێم و ناوچە و یەکەی کارگێڕی دەبینن و هەیە. بە مەبەستی بە ئاگابوون لە بارۆدۆخی ژیان و گوزەرانی ئەم پارێزگایە بە گونجاو زانرا لایەك لە مێژوی نزیکی پێکهاتە ئابوریەکان و دیمۆگرافی و هەیکەلی کارگێڕی بدینەوە. باسەکە لە چوارچێوەی (٣) قۆناغی سەرەکیدا دیاری بکەین.
١ ـ پێش کۆچپێکردنی زۆرەملێی گوندەکانی ساڵی (١٩٧٧) ی سەدەی ڕابردوو.
٢ ـ دوای کۆچپێکردن تاوەکو کارەساتی کیمیابارانی ١٩٨٨/٣/١٦.
٣ ـ قۆناغی دوای ڕاپەڕین و دروستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردوستان و پرۆسەی ڕزگاری عێراق بە ئێستاشەوە.
ئەو قۆناغانە ئەگەر چی خاڵی هاوبەشیان لە نێواندا هەیە، بەڵام جیاوازیەکانیان بە جۆرێکە کە هەر یەکەیان سیما و تایبەتمەندی خۆی هەبێ. قۆناغەکانی یەکەم و دووەم بە مەبەستی پێشینە و بەراوردکاری بەرچاوی دەخەین. بەڵام قۆناغی سێیەم کە واقیعی ئێستای ناوچەکە وێنا دەکات، ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ئابوریەکەی بە پێی ڕۆڵ و گرنگیان بەرچاو دەخەین. چەند بکرێ هەوڵ ئەدەین لە قۆناغی سێیەمی بابەتەکە ئەو بنەما و فاکتەر و دیاردانەی کە بە ڕادە پێناسەی ئابوری ئەم پارێزگایە دەکەن لەوانە (جوگرافیا، دانیشوان و دابەشبوونی، لایەنی ئابوری) بە پێی ئەو ڕوپێو و ژمارانەی لەبەر دەستدان قسەیان لە سەر بکەین.

←

قۆناغی یەکەم:
پێویستە کەمێك بگەڕێینەوە بۆ ساڵەکانی پێش کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، چونکە سیمای ئابوری و دیمۆگرافی و بارودۆخی سیاسی و ئارامی ئەو سەردەمە لە گەڵ قۆناغەکانی دوای خۆی بە ڕێژە جیاواز بووە. ئەو سەردەمە زۆربەی دانیشوان گوندنشین بوون. خەڵکی گوندنشین و بەشێك لە شارۆچکەنشین لە ڕێگای پیشەی سەرەکی کشتوکاڵیەوە بە هەردوو لقی (ڕووەکی و ئاژەڵداری)یەوە، بەشداریەکی گەورەیان لە بەرهەمهێنان و داهاتی گشتی و ئابوری ئەم ناوچەیەدا کردووە. واتە بەرهەمی خۆماڵی پشکی گەورەی لە خستنەڕوی کاڵاکاندا بەرکەوتووە. لە ناوچە شاخاویەکاندا بەشێك لە داهات لە (بنێشت، قەزوان، ترش، چواڵە، چەقالە، بادەم، بەلاڵوك، ڕێواس، گەزۆ، مازوو، هەرمێ کێوی، ڕەزەدێم، بەڕوو، جەوت، خەڵوزکردن، داری سوتاندن، گژوگیای سروشتی، ئالکی ئاژەڵ) وەدەستهێناوە. جگە لەوەش لە لاپاڵی شاخەکاندا لە زەوییە گا گێڵەکاندا بەروبومی (نۆك، نیسك، گەنم، جۆ، گلێنە، ماش)یان بەرهەم هێناوە. لە گوند و بەشێك لە خەڵکی شارۆچکەنشین بە ئاژەڵداری و وڵاخداری و پەروەردەکرنی پەلەوەر و هەنگەڵان و پیشەسازی بچووك و پیشەی دەستی ناوماڵ و کرێکاری و قاچاخچێتی و ئاڵوگۆڕی کاڵا و بازرگانی و کاری خزمەتگوزاری و کارمەندی حکومی و ڕاوە ماسی و بەفر فرۆشتنەوە خەریك بوون. بە مەبەستی بەرهەمهێنانی (مەڕ، بزن، ڕەشەوڵاخ، هێستر، ئەسپ، گوێدرێژ، گۆشت، مریشك، هێلکە، شیر، ماست، پەنیر، کەرێ، ڕۆن، دۆینە، کەشك، هەنگوین، موو، خوری، بەن، گوریس، پوزەوانە، شاڵ، کڵاش، پشتوێن، جاشکەوش، سەرپەرگ، پەسەك، کوڵەباڵ، هۆڕ، ڕەشکە، کورتان، مەشکە، کونە، بێشکە، دەسترازە، بلوێر، داس، تەورداس، پاچ، خاکەناز، چەقۆ، مقاش، مقەڵی، کورە، تەشویە، قوفڵ، کلیل، بێڵ، یەرەقەی جووت، گاسن، کەرەمتوو، سەبەتە، قوڵینە، پڵاوپاڵێو، حەسیر، چیغ، سینی مس، مەسینە، دەستشۆر، فەرش، بەڕە، کڵاو، جامانە، کلێتە، جاجم، بەرماڵ، تەشی، شانە، سێلك، بێژنگ و هێڵەك، پنە، تیرۆك، دەستاڕ، پەیژە، بانگردێن، پێستەخۆشکردن، قاپ و قاچاغ دروستکردن لە دار). ئەوانە بەشێکی سەرەکی چالاکی ئابوری و سەرچاوەی داهاتی تاك و خێزانی پێکهێنابوو. بەرهەمی ئەم کاڵایانە بەشێکیان سوودیان دوو لایەنە بوو. بڕێکی بۆ بەکاربردنی خێزان و ئەوی کەی بۆ بازاڕ و فرۆشتن بوو. هەروەها باخداری بۆ بەرهەمهێنانی (گوێز، هەنار، توو، هەنجیر، ترێ، قەیسی، هەرمێ، بەهێ، هەڵوژە و باخی چنار) لەم بەرهەمانە ژمارەیەکیان وشك دەکران و دەکرانە (مێوژ، کشمیش، قەیسی چێشت، هەنجیری پەپەکە، تووە وشکە، هەڵوژە بۆ چێشت). هەروەها داری ئەسفەندار (چنار) و گوێز و داربەڕوو بۆ دارەڕای خانوو و دروستکردنی دەرگا و پەنجەرە و مۆبێلات و پێداویستی ناوماڵ بە کاردەهێنرا. لە نیمچە دەشت و پێدەشتە پشتاو و بەراوەکاندا (گەنم، جۆ، مەرەزە، پەموو، گوڵەبەڕۆژە، نۆك، نیسك، ماش، توتن، کونجی، کەتان، گلێنە، شەوەر، پاقلە، شوتی، کاڵەك، خەیار، تروزی، تەمانە، بامیە، کولەکە، لۆبیا، بیبەر، باینجان، شێلم، تور، سەرجەم سەوزە هاوین و زستانەکان) دەکران و بەرهەم دەهێنران. ژمارەیەك لەو بەرهەمانە بە (تۆوی ڕۆنی)
←

ناودەبرێن. ئەوانە ڕاستەوخۆ دەبران بۆ کارگەکانی بەغداد. هەروەها بەرهەمەکانی شوتی تەماتە دەبران بۆ ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق و وڵاتانی کەنداو. شارنشین بە شێوەیەکی گشتی بە دوکانداری و کارمەندی حکومی و کشتوکاڵ و دامەزراوەی پیشەسازی بچوك و پیشەی دەستی و پیشەسازی ناومال و کاری خزمەتگوزاری و کرێکاری بیناسازی و ئاژەڵداری و کاری سەرپێی و بازرگانی مەرزی خەریك بوون. لەو قۆناغەدا ئەگەر چی شێوازی بەرهەمهێنان و دەستکەوت و داهاتی تاك و خێزان لە کەرتەکانی کشتوکاڵی و بازرگانی و پیشەسازی کەم و سەرەتایی و لاواز بوون و داهات و خەرجی و پاشەکەوت لە ئاستێکی نزمدا بوون. بەڵام ژمارەیەکی زۆر لە هێزی کار سەرقاڵی چالاکی ئابوری و دابینکەری ژیانی خۆیان و خێزانەکانیان بوون و بنکەیەکی سروشتی بوون لە پرۆسەی بەردەوامی و گەشەکردنی ئابوری و شارستانی ناوچەکە..

٢ ـ لە دوای ساڵی ١٩٧٧ وە قۆناغێکی تری ئابوری هاتەکایەوە، گۆڕانێکی خراپ بە سەر سەرجەم بوار و کایەکانی ئابوری و دیمۆگرافی و کارگێڕی و کۆمەڵایەتیدا هێنا. لە کۆتایی ئەم ساڵەوە کۆچی زۆرەملێ دەستی پێکرد. دواتر بە هۆی شەڕی عێراق ـ ئێرانەوە شارۆچکەکانی تەوێڵە و بیارە و خورماڵ بوونە ناوچەی جەنگ و چۆڵکران. بەشی زۆری ئەو خەڵکە لە ئۆردوگاکاندا کۆکرانەوە. ژمارەیەکیان ڕویانکردە شار و شارۆچکەکان. گوندنشین و ئەو سێ شارۆچکەیە بوونە شێوەیەك لە کۆچبەر. لە هێزی کاری بەرهەمهێنەرەوە بونە هێزی پەراوێزخراوی ئابوری و بێ بەرهەم. ئۆردویەکی گەورەی بێکاری دروست بوو. شار و شارۆچکەکان گەورە بونێکی نا سروشتی و کوتوپڕیان بە خۆوە دی و بە دوای خۆیدا ژمارەیەك کێشە و قەیرانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و دەرونی هێنا. شوێنەوارەکانیان هەتا ئێستاش ماون. بە کورتی کاردانەوەی خراپی لە سەر هەموو لایەنەکانی ژیانی ئەم ناوچەیە دروستکرد. ئەم قۆناغە درێژەی هەبوو، هەتاوەکو ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٦، لەم ڕۆژەدا ئەم ناوچەیە توشی کارەساتێك بوو، خاڵی کرایەوە لە هەموو چالاکیەکی ژیان و ئابوری. خەڵکەکەی دەربەدەری ئێران و شارەکانی تری کوردوستان بوون. ئەم کارەساتە ناهەموارە جگە لەوەی ڕەنج و سەرمایەی دەیان ساڵەی خەڵکەکەی لە سامانی جێگیر و گواستراوەی کە بە سەدان ملیون دۆلار مەزەندە دەکرێ بە هەرد برد. هەروەها بە دەیان ساڵ هەڵەبجە و ناوچەکەی بۆ دواوە گەڕاندەوە. لە گەڵ ئەوانەشدا کاردانەوەی خراپی بۆ دەیان ساڵی داهاتووش بەجێهێشت.

٣ ـــ قۆناغی دوای ڕاپەڕین و دروستبوونی حکومەتی هەرێم و ڕزگاری عێراق.

ئەم قۆناغە وەرچەرخانێکی گەورە بوو لە مێژوی کورد و لە ڕەخساندنی هەلومەرج بۆ گەڕانەوە و ئاوەدانکردنەوەی شار و گوندەکان و دروستکردنەوەی ژیان و بوژاندنەوەی ئابوری ناوچەکە. خەڵك بە دەستپێشخەری خۆیان و بەشداریان لە پرۆسەی گەڕانەوە و ئاوەدانکردنەوەدا کرد. ئەم قۆناغە لە سێیەم ساڵی تەمەنیدا بە هۆی شەڕی ناوخۆوە، کە گۆڕەپانی سەرەکی شەڕەکە گواسترایەوە بۆ ئەم ناوچەیە. دوا تریش ئابلۆقەی ئابوری و بڕیاری ٩٨٦ ی نەوت بەرامبەر بە خۆراك بوونە بەربەستێکی

←

گەورە لە بەردەم ئـاوەدانکردنەوە و بوژانـدنەوەی ئەم نـاوچەیە. لە سـاڵی **٢٠٠٣** دا لە ئەنجامی پرۆسـەی ڕزگـاری عێراقـدا ئەم نـاوچەیە جارێکی تـر ئـارامی بـۆ گەڕایەوە. خەرجیەکانی حکـومەت بـۆ ئـاوەدانکردنەوە و داهـاتی خەڵکەکەی گـۆڕانی باشـی بە سەردا هات. بە کورتی ئەم بارودۆخە نوێیە بەشێکی زۆر گرنك لەم قۆناغە پێکدەهێنێ. چونکە بە وەرچەرخانی بەشـی دووەمـی ئەم قۆنـاغە دادەنـرێ. لە گەڵ خویـدا ئـارامی سیاسی و زیادبونی بودجەی حکومەت و باش بونی داهات و خەرجـی و پاشـەکەوتی تاك و خێزان گۆڕانی باشـی بەسـەردا هـات. بە کـورتی پـارەیەکی بـاش خەرجکـرا لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە و بوژاندنەوەی ئابوری هەرێم بەم ناوچەیەشەوە. دەکـرێ بڵـێین ئەم بارودۆخە ئابورییەی ئێستا بە بەشێك لە تەواکەری ئەم قۆناغە دابنێین.

بۆ پێناسەکردنی ئابوری ئەم پارێزگایە پێویستە ئاماژە بەو هۆکارە سـەرکییانە بـدەین کە ڕەگەزە گرنگەکانی ئابوری پێکدەهێنن. لەوانە

١ ـ هەڵکەوتەی شـوێن لە ڕوی جیوپۆلێتیـك و فەلەکـی و خـاك و سـامانی سروشـتی ناوچەکە.

٢ ـ دانیشوان و دابەشبونی بە سەرشار و گوندا. (دێمۆگرافی).

٣ ـ پێکهاتە و بەڕێوەچونی ئابوری.

ا ـ یەکێك لەو هۆکـارانەی بە بـاش و بە خـراپ کـاردانەوەی لە سـەر ئەم پارێزگـایە هەبووە، جیوپۆلێتیکی شوێن و هاوسنوری دەوڵەتی ئێران بووە، کە نـزیکەی (٨٨) کـم دەبـێ. زۆرجـار ئەم نـاوچەیە بەدەر لە حەز و خواسـتی خـۆی کـراوەتە بەشـێك لە گۆڕەپانی ململانێکانی دەوڵەتی و ناوخۆ. یاخود لە ئەنجامی ڕێککەوتنی نێوان عێراق و ئێران بە مەبەستی پاراسـتنی ئاسایشـی هەردوو وڵات و دابڕانـی کـورد لە شۆڕشـەکەی زیـانی گەورەی بەرکەوتـووە. لەوانە کـۆچی زۆرەملـێ و شـەڕی عێـراق ـــ ئێـران و کیمیاباران و شەڕی ناوخۆ نمونەی زیندوی مێژوی نزیکن. ئەوانە کارەسـات و ڕووداو و دیاردەی ئاسایی نەبوون. لە گەڵ ئەوەشدا بە هۆی ئەوەی ئەم مەڵبەنـدە مەرجەکـانی ژیان و پێداویستیەکانی شارستانی تیـادا زینـدووە، جـارێکی تـر بە دەستپێشـخەری و لە سـەر بەشـی زۆری ئەرکـی خەڵـك خـۆی و بە هاوکـاری حکـومەت و ڕێکخـراوە نـا حکومیەکان ئاوەدانکرایەوە.

ب ـ هەڵکەوتەی شوێن.

هەڵکەوتەی شوێن لە سەر هێڵەکانی پانی و درێـژی گـۆی زەوی هۆکـاری سـەرەکین کە کاردانەوە لە سەر کەش و هەوا و گەرما و سەرما و گۆشـەی بەرکەوتنـی تیشـکی خۆر و درێژی ڕۆژ و شەو و کاتژمێرەکانی خۆر دروست دەکات. هەڵبـجە دەکەوێـتە نێـوان هێڵەکـانی درێـژی (١"، ٤٨'، ٤٥°) و (٧"، ١٢'، ٤٦°) پـلەی ڕۆژهەڵات و هێڵـی پـانی (١"، ٢٠'، ٣٥°) و (١"، ٢٦'، ٣٥°) پـلەی باشـوری نـاوچەی مـام ناوەنـدی گـۆی زەوی. ڕەگەزەکانی بەرز و نزمی لە ئاستی دەریاوە، کەش و هەواو لە، گەرما، سـەرما، باران، بەفر، با، پاڵەپەستۆی هەوا کاردانەوەیان لە سـەر نـاوچەکە و چـالاکی مـرۆڤ بە گشتی و کشتوکاڵ بە تایبەتی هەیە. تێکڕای بەرز و نزمی ئەم پارێزگایە لە نێـوان (٥٠٠ ـ٢٥٠٠) م لە ئاستی دەریاوەیە، لە بەر ئەوە کەش و هەوای فرە جـۆری هەیە. تێکـڕای

←

پاڵەپەستۆ دەگاتە (٣، ١٠١١) ملیبار. تێکڕای خێرای با لە سەر ئاستی پارێزگاکە دەگاتە (٣. ٢) م/چرکە. تێکڕای باران بارێن لە وێستگەی هەڵەبجە کە (٦٩٥)م بەرزە (١، ٦٥٦) ملم بووە. بەرزی شاری هەڵەبجە لە ئاستی دەریاوە (٥، ٧٢٦) مەترە و (٥، ١٢٦)م لە شاری سلێمانی نزمترە. لە وێستگەی ئەحمەد ئاوا کە (٥٦٠)م بەرزە (٨، ٧٤٧) ملم بووە و لە بیارە کە (١١٣٣) م بەرزە (١، ٨٤١) ملم بووە. ئەم پارێزگایە بە ناوچەی مسۆگەری باران ناو دەبرێ. جگە لە باران، ئەم ناوچەیە سەرچاوەی ئاوی سەر زەمینی هەیە. لەوانە جۆگەی زەڵم، ڕیشێن، دەڵێن، سورێن، سەرگەت، بیارە، تەوێڵە، خارگێلان، دەرشیش. هەروەها تاڤگە و کارێز و کانی و بیری هەیە و عەمباری ئاوی ژێرزەمینی ئەم ناوچەیە بە گەورەترین عەمبار لە سەر ئاستی هەردوو پاێزگای هەڵەبجە و سلێمانی دەژمێردرێ.

ج ـ زەوی و سروستی خاك.

دەشتی شارەزوور کە بەدەشتێکی بە پیت و بە ناوبانگ ناودەبرێ، ڕوبەرەکەی نزیکەی (٥، ٦٧٥)کم² دەبێ. لەو ڕوبەرە (١٨١) کم² دەکەوێتە سنوری ئەم پارێزگایە. لە (١٨٪) ی ڕوبەری گشتی پارێزگاکەی پێکهێناوە. ڕوبەری گشتی پارێزگاکە (٥، ١٠٣٣) کم² یە. پێکهاتەی زەویەکەی لە ڕووی متریاڵ و فرەجۆری خاکەوە کە لە پێدەشتەکاندا لە کەستانەیی (قاوەیی تۆخ) دا خۆی دەنوێنێ و ڕێژەی بۆشی و پتەویی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاوەزە. واتە لە بارە بۆ هەموو ئەو ڕوەکانەی کە ڕەگ و ڕیشاڵەکانیان درێژ و مامناوەندی و کورتن. دیارە هەر گروپێك لە ڕوەك پێداویستی بە جۆرێك لە پێکهاتەی ئەو جۆرە خاکانە هەیە. هەروەها کەستانەیی (سورباوی تۆخ) کە زەوی دۆڵەکانی پێکهێناوە. لە بارە بۆ چاندنی داری میوە و بە لەوەڕگا و دارستانی سروشتی داپۆشراوە. ئەو هۆیانەی سەرەوە ئەوە دەسلمێنن کە سروشتی ئەم پارێزگایە لە ڕوی بە پیتی و فرەجۆری خاك و زۆری سەرچاوەی ئاو و بەرزی و نزمی زەوی و لە ڕوی پاڵەپەستۆ و با و بونی کاتژمێرەکانی گەرما و سەرما و تیشکی خۆر و مادە ئۆرگانیەکانەوە زۆر لەبارە و گونجاوە بۆ کشتوکاڵ.

٢ ـ یەکێکی تر لەو لایەنانەی بە لای ئابوریناسانەوە لە لێکۆلینەوە و هەڵسەنگاندی ئابوریدا گرنگە، دانیشتوانە لە ڕووانگەکانی.

١ ـ دابەشبون و ڕێژەی دانیشتوان بە سەر شار و گوندا..

٢ ـ پۆلینکردنی دانیشتوانە بە پێی گروپەکانی تەمەن.

٣ ـ هێزی کار و دابەشبونی بە سەر کەرتەکانی ئابوریدا.

٤ ـ چڕی دانیشتوان و لە ڕوی بەرکەوتەوی زەوی گشتی و زەوی کشتوکاڵی..

٥ ـ زیادبونی ساڵانەی دانیشتوان.

٦ ـ ڕێژەی ڕەگەزەکانی نێر و مێ لە پێکهاتەی کۆمەڵگادا.

٧ ـ ڕێژەی خوێندەوار و نەخوێندەوار بە پێی قۆناغەکان.

٨ ـ خزمەتگوزاریە بنەڕەتی و گشتیەکان.

٩ ـ داهات و خەرجی و پاشەکەوتی تاك و خێزان.

١٠ ـ وەبەرهێنان.

←

١١ ــ گەشت و گوزار.
١ ــ دابەشبوون و ڕێژەی دانیشتوان بە سەر شار و گوندا بە پێی ئەو ئامارانەی لە بەر دەستدایە، ئەم پارێزگـایە لە پەنجاکـانی سـەدەی ڕابـردووەوە هەتـا ئێستا بە هۆکـاری جیاجیاوە گۆڕانی گەورە بە سەر دێمۆگراڤی و پێکهاتەی کارگێڕیەکەیدا هـاتووە. ئەو گۆڕانانە کاردانەوەی خراپـی لەسـەر ئـابوری دروسـتکردووە. ئەو گۆڕانـانەی لە نیـوان ساڵەکانی (١٩٥٧ ــ ٢٠١٩) دا ڕوویان داوە برتین لە. لە ئاماری سـاڵی ١٩٥٧ دا کـۆی دانیشـتوانی ئەم پارێزگـایە بریتـی بـووە لە ٨١٧٤٩ کەس. لەو ژمـارەیە ٦٧٦٣٥ کەس گوندنشین بوون و ڕێژەی لە (٧، ٨٢ ٪) دانیشتوانی پێکهێناوە. ژمارەی شارنشین ١٤١١٤ کەس و ڕێـژەی (٣، ١٧ ٪) دانیشـتوان بـووە. واتە گوندنشـین زۆریـنەی دانیشـتوانی پێکهێنـاوە و پیشـەی کشـتوکاڵ زۆربەی هێـزی کـاری لە خۆگرتـووە و سـەرچاوەی سـەرەکی داهـات و بژێـوی و کەرتێکـی گەورەی ئـابوری ئەو سـەردەمە بـووە. ئەم پێکهاتە دێمۆگرافیە لە ساڵەکانی (١٩٥٧ ــ ١٩٦٥ ــ ١٩٧٧) دا گـۆڕانێکی ئەوتۆیـان بە سەردا نەهـاتووە. واتە لەو ٣ سـەرژمێریەی سـەرەوەدا ڕێـژەی گوندنشـین و بەشـداری کەرتی کشتوکاڵ لە پێکهاتەی ئابوری ئەم پارێزگـایەدا پشـکی گەورەی بەرکەوتـووە. بەڵام لە ساڵانی (١٩٨٧ ــ ٢٠١٩) گـۆڕانی بنەڕەتـی ڕووی داوە و ڕێـژەی گوندنشـین زۆر کەم بووەتەوە. داهاتی کەرتی کشتوکاڵ لە پێکهاتەی ئابوریدا ڕیزبەنـدی یەکەمـی لە دەسـتداوە. لە سـاڵی ٢٠١٨ دا ڕێـژەی گوندنشـین و شارنشـین بە بەراورد بە ئامـاری ساڵی ١٩٥٧ پێچەوانە بۆتەوە. لە ٢٠١٨ دا شارنشـین نـزیکەی لە (٥، ٨٢) ی دانیشـتوانی سـەرجەم پایزگـاکە بـووە. واتە نـزیکەی ١٠٠٩٩٠کەس شارنیشـن بـوون. بە تەنهـا دانیشـتوانی قەزای ناوەنـد (هەڵەبـجە) ٧٤٩٤٢ کەس بـووە. لە هەمـان سـاڵدا دانیشـتوانی گوندنشـین بریتـی بـووە لە ٢١٤٢٢ کەس کە دەکـاتە (٥، ١٧٪) کـۆی دانیشـتوانی پارێزگاکە. هەروەها پێویستە ئاماژە بەوە بـدەین کە کەمبـونەوەی گوندنشـین و هێـزی کاری کشتوکاڵی و زۆربوونی شارنشین، لە ئەنجامی بە ئامێرکردنی کەرتی کشـتوکاڵی و سەرهەڵدانی کەرتێکی نوێی ئـابوری و لە پرۆسـەیەکی سروشـتیدا نەبـووە. بەڵکـو لە ئەنجامی کۆچی زۆرەملێ و شـەڕ و کاولکـارییەوە بـووە. هەروەهـا دەبـێ ئامـاژە بەوە بدەین کە پارێزگای هەڵەبـجە لە سـاڵی ١٩٠٧ دا سـەنتەری قەزایەکـی یەکجـار گەورە بووە. ڕووبەرەکەی نـزیکەی ٥٠٠٠ هەزار کـم$^{2}$ و ٣٧٥ گونـدی لە خـۆ گرتـووە. ئەو کات ناحیەکانی هۆرێن و شـێخان و سـرۆچك واتە بەرزنـجە سـەر بە قەزای هەڵەبـجە بوون. بەڵام قۆناغ بە قۆناغ یەکەی کارگێڕی لێ جیاکراوەتەوە و بچـوك بـۆتەوە و ئەو سـەنتەرە گەورە و گـرنگەی لە دەسـتداوە. بـۆ زیـاتر ڕونکـردنەوە، دەربەنـدیخان لە سـەرەتادا گونـدێك بـووە بە نـاوی (سـلیم پیـرك) لە سـاڵی ١٩٣٧ ڕێـگەی عەربەت ــ دەربەندیخان دەستی پێکـردووە و کـراوەتەوە. دەربەنـدیخان سـەر بە نـاحیەی (قلـیجە) بـووە. ئەم نـاحیەش سـەر بە قەزای هەڵەبـجە بـووە. مەڵبەنـدی نـاحیە لە (وارمـاوە) بـۆ (قلـیجە) و دواتـر لە سـاڵی ١٩٦٢ وە لە (قلـیجە) وە بـۆ دەربنـدیخان. لە سـاڵی ١٩٧١ کـراوەتە قەزاو لە هەڵەبـجە جیـاکراوەتەوە. پێنجـوێن سـەرەتا گونـدێك بـووە. سـەر بە نـاحیەی (قـزلجە) بـووە. دواتـر نـاحیە بـۆ پێنجـوێن گواسـتراوەتەوە. پێنجـوێن سـەر بە
⟵

## پارێزگای هەڵەبجەیەدا لە شار و شارۆچکە زیاتر کوێت پێ خۆشە؟

- لە هەموویان زیاتر خورماڵم پێ خۆشە، جوانترین و پاکترین شارۆچکەیە بە لامەوە، ئاشنام بە خەڵکە سادەکەی، خەڵکەکەیم خۆش دەوێت و ئەوانیش منیان خۆش دەوێت. تەمەنێك یادگاریم لەگەڵ ئەو شارۆچکەیە و خەڵکەکەیدا هەیە، هەروا بە سانایی ناسڕێتەوە.

لەو خەڵکانەی کە ناسیومن لە کەسایەتی و دوکاندار و پیاوماقوڵ و لە خورماڵدا بوون، ئەم ناوانەم بیرماوە:

حاجی کاکە حەمە، حاجی عەبدوڵای مەلا، حاجی ئەحمەدی شەلە و حاجی ئەحمەدی مچەنەرگز، مەلا مارف، شێخ ئەحمەدی شێخ عارف کوێخا فەتاح و حەمەی کوڕی، مەلا سەعیدی جگەرەچی، حسێن عەنتەرلی، حسێن غەیرەنیزام باوکی عەلیە فەنی، وەستا زایەری حەلاق، ڕەشەی دەلاك، عەباس و عەلی ئەوانیش دەلاك بوون، حامیە سوور،

---

هەڵەبجە بووە. ساڵی ١٩٥٩ بۆتە قەزا و لە هەڵەبجە جیاکراوەتەوە. سەیدسادق ساڵی١٩٥٥ بووەتە ناحیە. سەرەتا ناوی شارەزوور بووە و سەیدساق مەڵبەندی ناحییەکە بووە، دواتر ناوەکەی بووەتە سەیدسادق و ساڵی ٢٠٠٧ کراوەتە قەزاو لە هەڵەبجە جیاکراوەتەوە. خورماڵ لە ساڵی ١٩١٨ کراوەتە ناحیە. سیروان ساڵ ١٩٦٠بووەتە ناحیە. بیارە ساڵی ١٩٧١ بووەتە ناحیە. کۆی دانیشوانی پارێزگای هەڵەبجە بە پێی ئەو ئامارانەی لە بەردەستدایە لە نێوان ساڵەکانی (١٩٥٧ ـ ٢٠١٨). (١٩٥٧ــ ٨١٧٤٩) کەس بووە. ١٩٦٥ (٨١٠٠٠) بووە و لەم ناحیەیانە پێکهاتبوو. خورماڵ، شارەزوور، دەربندیخان، سیروان. ١٩٧٧ (٩١٩٣٩)، ١٩٨٧ (١١٥٢٩٩)، ٢٠١٨ (١٢٢٤١٢) کەس بووە. ڕێژەی زۆربوونی ساڵانەی دانیشوان لە نێوان هەردوو سەرژمێری ١٩٧٧ ــ١٩٨٧ لە ٣.٣% بووە.

ڕووبەری پارێزگا هەڵەبجە. (١٩٥٧ ـ ٣٢٩٤) کم$^{2}$ (١٩٦٥ ــ ٢١٤٧) کم$^{2}$ (١٩٧٧ ــ ١٥٩٢) کم$^{2}$ (١٩٨٧ ـ ١٥٢٣) کم$^{2}$ ، (٢٠١٨ ـ ١٠٣٣) کم$^{2}$. لە کۆتایی ئەم بەشەدا دەڵێن پێکهاتەی کارگێڕی ئێستای ئەم پارێزگایە لە ناحیەکانی سیروان، خۆرماڵ، بیارە، بەمۆ پێکهاتووە. مەڵبەندی ناحیەی بەمۆ لە گڵێجاڵە. سەرچاوە/ محەمەد غەفور شەریف هەڵەبجەیی، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠١٩/٦/٢٤

ڕەشەی نەوت فرۆش، ئەحمەد شیرین باپیری نوری و جەلال لە گردی گـۆ، عەلـی بایجـان و کەبابخـانەی هەبـوو، لەگەڵ دەروێـش عەلـی، عەبدوڕەحمانی حەمە فەرەج و حەمەجافری حاجی حەمەفەرەج خەڵکی لای خۆمـان لەوێ چێشـتخانەیەکیان هەبـوو، ئەحـمەد عەلـی، دەروێشـی ئەحمەد عەلی شەربەتی دەفرۆشت، وەستا جەمال ئەحمەدئاوایی دوکانی بەرگدووی هەبوو، مەحمودی عەلیلە خەیات بوو، حاجی حامی و حاجی مەجید، حاجی سەعید باوکی ئەیوب و خەلیل زەڵمی، حاجی حسێن قوتابخانەی کردبوویەوە، فەتاحی عەزیز، حاجی ڕەشیدی ئەحـمەدی قادر و حاجی عەولی دەروێش قادر، عوسمانی حاجی عەلی حەنیفیش لەوێ دوکانی هەبـوو، حەمەسـەعیدی وەسـتا قـادر و مەلا حەمەئەمینـی بـرای، حەمەسەعی عەولائاغا.

خورماڵ شارێکی مێژوویی کۆنە، مزگەوتەکەی لە زەمەنی حەزرەتی عەبدوڵای کوڕی عومەری کوڕی خەتتاب ڕەزای خوایان لێبێت، بنیات نراوە و، یەکێکە لە شوێنەوارە دێرینەکانی کوردستان، بەڵام هیچ گرنگی پێ نەدراوە.

لە سـاڵی ١٩٨٨دا بەر هێرشـی ئێـران کەوت و ڕووخێنـرا، لەسـاڵانی نەوەدەکـان بنیـات نـرایەوە بەڵام بەشـێوەیەکی ئاسـایی و تەقلیـدی. لەم ساڵانەدا کەسێك لەسەر بودجەی پیاوێکی دەوڵەمەندی هەولێری ویستی لەسەر دیزاینی کۆنی خۆی بنیاتی بنێتەوە، هات بۆلای من وتی هەرچی گەڕاوم کەس زانیاری ئەوەی پێ نییە کە ئەو مزگەوتەی خورماڵ شکڵ و شێوەی چۆن بووە و بەچی دروست کراوە، هاتووم بۆ لای تۆ ئەگەر زانیاریت لەسەری هەیە پێم بڵێیت. منیش وتم بە دڵنیاییەوە من لە ساڵانی چلەکاندا چوومەتە ناو ئەو مزگەوتە و وێنەکەی وەکو خۆی لەبەرچاومە، چـوار پـایەی تێـدا بـوو، بە بەردی ڕەش و خشـتی سـوور و قسـڵ دروستکرابوو، چوار قوببەی بچوك و قوببەیەکی گەورەی لە ناوەڕاستدا تێدابوو. تاقەکانی بە هیلالی درست کرابوون، کە مرۆڤ دەیتوانی لەناو

تاقەکانیدا بخەویت. حەوز و ئاوەکەی وەکو خۆی وابوو، منارکەشی سێ بەش بوو، قوبەی یەکەم حاشیەی هەبوو لەوێ سەڵا دەکرا و دووەم بەشیش دەیڕوانی بەسەر خورماڵدا، سێهەمیش لوتکەکەی بوو. ئەو پیاوەی پرسیاری لێ کردم ناوی خەسرەو بوو، هەوڵی خۆیدا و کەرەستەشی بۆ هێنا بەڵام ڕێگری لێ کراو ئیشەکەی پەکی کەوت، نەتوانرا بەو شێوە کۆنەی خۆی بنیات بنرێتەوە.

## * ئەوەی هەستی پێ دەکەم جەنابت و خاڵۆ مەعروف هۆگرییەکی زۆرتان بۆ یەکتری هەیە، وە هەمیشە بۆ کۆڕ و کۆبوونەوە و پرسە و بۆنەکان پێکەوەن، ئەم هۆگرییە چۆن دروست بووە؟

- مەعروف ناوی فەرمی مارفی برامە، یاخوا تەمەن درێژ و لەش ساغ بێت هەمیشە، جیاوازی تەمەنمان نزیکەی بیست ساڵێك دەبێت، بەڵام ئەو برا و خۆشەویست و هاوڕێی هەمیشەیی و نزیکی منە، وەکو لە سەرەتاوە باسم کرد تا هەر چوار مناڵەکەشمان بوو، من هەر لەسەر ماڵی باوکم بووم و لەگەڵ مارف دا پێکەوە بووین. ئێستاشی لەگەڵ بێت، هەر ڕۆژێك چاوم بە مارف نەکەوێت بێ تاقەت دەبم بۆی.


مارفی براشم لە پێناوی شۆڕشدا زەحمەتی زۆری کێشاوە و خزمەتی زۆری کردوون، ئێمە چونکە دوو سەرکردەی شۆڕشەکە لە خۆمان بوون، ئەوا هەر لەسەرەتاوە بووین بە بەشێك لە شۆرش و لەگەڵ زەحمەت و ناخۆشییەکانیان بەشدار بووین، فیشەکێك لە شوێنێکەوە دەتەقی، دڵەخورپەمان پێ دەکەوت، دەی یا اللە پێشمەرگە هیچیان بەسەر نەهاتبێت، هەر شەڕێك لە ناوچەکە هەڵدەگیرسا، مارف دەبوایە خۆی بگەیاندایە بەو شوێنە بۆ ئەوەی دڵنیا بوایە لە سەلامەتیی کەسوکار و دۆست و هاوڕێ و ناسراوەکانمان.

چەندین جار کەوتووەتە ناو کەمینی جاشەوە و گیراوە بردوویانە بۆ هەڵەبجە، لەسەر ئەوەی کە ئامۆزای شەوکەت و حامیدە و نانی بردووە بۆیان و لە هێرش و پەلاماردانی جاش و جەیش ئاگاداری کردوونەتەوە.


ئێوارەیەکیان لە نزیکی چەمی زەڵم و گردی گۆ بە تراکتۆرەکەی خۆیەوە لە بێڕەشکەوە دەهاتەوە، کەوتە ناو جاشەکانی هەڵەبجە، بێ ناموسێکیان کە زۆر داخ لە دڵ بووە بۆ شەوکەت و حامید، بە دەردی خۆی ڕۆشتووە، نامەوێت ناوی بهێنم، لەگەڵ مەفرەزەکەی خۆیدا، مارفیان داگرت و چاویان بەستەوە بە نیازی ئەوەی گولەبارانی بکەن، بەڵام خوا لێیخۆشبێت کاك محەمەی عارف بەکراوایی نەیهێشت و لە دەستیان دەری هێنابوو، تا گەیاندی بە هەڵەبجە، لای ئەمنەکان تکای ئەستۆپاکیی بۆ کردبوو. مارفی برام وەکو عەسای دەست و هێزی ئەژنۆم وایە، ئەوەتا ئێستاش بە بێ من مەگەر کەمجار، ئەگینا ناچێتە هیچ پرسە و بۆنە و سوڵحێك و هەمیشە بەیەکەوە لەو شوێنانە دەبینرێین. ئەمە جگە لەوەی کە ئەنجومەنی گوندەکەمانە و بۆ هەموو کێشە و کەم و کوڕیی و پێداویستییەکانی گوند لەگەڵ کاکە حەمەی مام مەحمودی ئامۆزامان کە ئەویش هاوکارێکی باشێتی بەردەوام دێن و دەڕۆن و خزمەت دەکەن.

# بەشی دەیەم

# بەڵگەنامە و وێنەکان




وێنەی تاپۆی کڕینی موڵکێک لەلایەن مەحمودی یاروەیسەوەوە لە فەقێ عەلی ئەحمەد چاوش کە سنوری بە موڵکی فەقێ محەمەدی کانی جانەوەیەء سنورێکی تری موڵکەکە شەقامە سەرەکییەکەیەو سنورەکەی تری بە موڵکێکی تری مەحمودی یاروەیسەوەیە کە پێشتر کڕیویێتی. بەرواری کڕین٩/رجب/١٢٨٩کۆچی کە دەکاتە ١٨٧٢/٧/١٢ی عیسایی.




تاپۆی کڕینی باخ و ئاش لە (مورادوەیس ئاغا کوری خالید کوری مورادوەیس) لەلایەن (مەحمود ئاغا کوڕی یاروەیس) لە سنوری گوندی پریس سەر بە قەزای گلعنبر سەر بە سنجقی سلێمانی کە سنورێکی موڵکەکە باخەکەی (فەقێ خالید) و تەرەفێکی تری کۆنە ئاشەکە و تەرەفێکی تری باخە بچوکەکە و تەرەفێکی تری جادە سەرەکیەکەیە بە تەواوی ئەشیا و تەوابیع و لواحق لە بەرواری ١٨ رمضان مبارک ١٢٨٨ هیجری ( کە دەکاتە ١٨٧١/١٢/١ی عیسایی).

الداعی: السید عبدالسلام النایب

شایەتەکان: قادر میرزای عەمەڵە/ صالح حاجی قادر/ محمد برای محمود عبدالله بگ اعضا/ علی بگ ادارە اعضای مجلس/ پیرۆت محمد چاوش/ شێخ محمود افندی خرپانی



تاپۆی کڕینی باخێکی کۆنی مرحوم ( سلێمان بگی عبدالقادر بگ) کە بەوەرسە بۆ براکانی ( محمد صالح بگ و عبدالله بگ) ماوەتەوە لە بەرواری ١٧/رجب/١٢٨٩ بەرامبەر بە ١٨٧٢/٩/١٩ .
ئەم مولکە سەر بەگوندی پریسی سەروو بوە و لە کەناری البجە (هەڵەبجە) کە لە لایەکیەوە سنوری بە باخی ( فقێ احمد علی چاوش) و سنوریکی تری بە باخی ( وەیس کەرەم حسن) و سنوریکی تری بە باخی ( محمود یاروەیس) خۆی بوە کە پێشتر کریویەتی.



لەسەردەمی السید (عبدالسلام ادنایب) لە قضای گلعنبر

( محمود یاروەیس) ئەم مولک و ئاشەی لە ( فقێ محمد خالید) کڕیوە لە پریسی سەرو کە سنورێکی موڵکەکە قەڵا کۆنەکەی ناو گوندی پریسە و سنورێکی تری ئاشەکەی ( مورادوەیس)ە و تەرەفێکی تری چەمەکەی ئەو ئاشەیە و تەرەفێکی تری باخەکەی کانی جانەیە بە هەموو تەوابع و لواحقەکانەوە بە مەبلەغی دوو قراڵی قروشی بە موڵکی تمام و کامل. لە بەرواری ١٢/رمضان/١٢٨٨ە بەرامبەر بە ١٨٧١/١١/١٥ عیسایی




بەڵگە و تاپۆی کڕینی دوو پارچە باخ و سێ پارچە خانوو لە سنوری گوندی پریسی سەروو لە ( فقێ محمد کوڕی خالید)بە مەبلەغی دوو سەدو پنجا قران و لە کاتی کڕینیدا قەبرستانەکەش دەکەویتە ناو موڵکەکە . لە بەرواری ١٢٨٨ ه بەرامبەر بە ١٨٧١ عیسایی .

شایەتەکان: عبداللە بگ قادر بگ/ قادر افندی مال مدیری/ پیرۆت محمد چاوش/ فقێ احمد علی چاوش/ شیخ محمد بیرلنگە/ محمد برای محمود یارەویس/ .... علی بگ .... بگ/ مصطفی بگ عزیز بگ/ عبدالقادر شیخ محمد/ شیخ اسماعیل تەکیە/ سلیم یعقوب/ عزیز ما.... /عبدالقادر شێخ مجید.



بەلگەنامەی هاوسەرگیری نسرین کچی فەقێ محمد خالید ) لە عەشیرەتی نەورۆڵی لەگەل اسماعیل کوڕی محمود یاروەیس مەشهور بە مەیرەف ـ خەزنەدار، بە شایەتی (صالح کوڕی حاجی قادر) و ( محمد کوڕی مێگفی) لە بەرواری ١٤/ رمضان مبارک ١٢٩٤ هـ

بەرامبەر بە ١٨٧٧/٩/٢٢




شەجەرەی گشتیی هۆزی یاروەیس



حاجی عوسمان عومەر مەحمود یاروەیس (١٨٩٧-١٩٩١)
باوکی مـــــــــەلا تایەر یاروەیسی.



حاجی حەیدەر عومەر مەحمود یاروەیس (١٨٩٠-١٩٧٢) مامی مەلا تایەر یاروەیسی.

حاجی عوسمان عومەر مەحمود یاروەیس (١٨٩٧-١٩٩١)
باوکی مـــــــــەلا تایەر یاروەیسی.



حەزرەتی شێخ عەلائەدین (....-١٩٥٤) و شێخ عوسمانی کوڕی و چەند کەسی تر



حەزرەتی شێخ عوسمان کوڕی شێخ عەلائەدینی بیارە
(١٨٩٦-١٩٩٧)



حاجی موشیر محەمەد مەحمود یاروەیـــــس (١٩١٠-١٩٩٢)
مامۆ ئامۆزای مەلا تایەر یاروەیسی.



محەمەد عەلی سان ئەحمەد (١٩٠٥-١٩٨٧) خەزووری
مەلا تایەر یاروەیسی



مامۆستا مەلا سەید نەجمەدین سەید تەها (١٩٣٠-١٩٩٧)
مامۆستاو هاوڕێی مەلا تایەر یاروەیسی



حاجی ئەحمەد عەلی سان ئەحمەد برای خەزووری مەلا تایەر
یاروەیسی(١٩٢٥-١٩٩٠)



محەمەد ئەحمەد فەتاح مەحمود یاروەیس ئامۆزای مەلا تایەر لەگەڵ خاتـــــــوو زەیـــــــــنەبی خێزانی.



لەڕاستەوە حاجی عـەبدولمـحەمەد عەبـــدوڵا ئامۆزای مەلا تایەر/ مارف حاجـــــی عوسمان برای مەلا تایەر/ محـــــــەمەد حاجی عوسمان برا گەورەی مەلا تایەر، ١٩٩٠ هەڵەبجەی تازە.



لەڕاستەوە: مەلا تایەر یاروەیسی/ حاجی حەمەفەرەج حاجی حەمەنەسیم شاتری/ مامۆستا سەرکۆ عەزیز ئەمین/ مامۆستا صەلاح حەمە چاوش/ حاجی عوسمان عومەر مەحمود یاروەیس/ سەید حەسەن حاجی سەید عەلی/ مامۆستا مەلا مارف سلێمان مامۆستاو هاوڕێی مەلا تایەر، وێنەکە ساڵی ١٩٧٧ لە گوندی سەفا گیراوە.




باڵەخانەی حاجی هەیەر ساڵی ١٩٤٨ بنیات نراوە، ساڵی ١٩٨٦ لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە تەختی زەوی کرا.




باڵەخانەی حاجی خالید محەمەد حەسەن یاروەیس لەساڵانی چلەکان بنیات نراوە، لە ساڵی ١٩٨٧ تەختی زەوی کرا




خاتوو ڕەعنا محەمەد حەسەن یاروەیس (١٩١٥-١٩٨٠) پورو دایکی دووەمی مەلا تایەر یاروەیسی.



وێنەی تراکتۆرێکی تایە تەوری مۆدێل کۆن کە لە ساڵانی سییەکاندا هاتووەتە عێراق
و هەرێمی کوردستان.



ئەم وێنەیە لە گۆڕەپانی دووگۆڵیی نێوان هەردوو گوندی تەپی سەفادا لە ١٩٧٧/٤/٢٠ دا گیراوە. ١٥ کەسیان کۆچی دواییان کردووە/ لە ڕاستەوە ئەوانەی بە پێوە وەستاون: خوا لێی خۆش بێت حەمەی فەتاح/ مەحمود عەزیز/ خوا لێی خۆش بێت تاریق حاجی عوسمان/ حەمەئەمین مام قادر/ خوا لێی خۆش بێت عەبدوڵا حاجی حەمەشەریف/ خوا لێی خۆش بێت حەمید حەمەفەرەج/ خوا لێی خۆش بێت ئەحمەد محەمەد ڕەزا/ خوا لێی خۆش بێت حەمەئەمین حاجی حەمەشەریف/ خوا لێی خۆش بێت حاجی محەمەد سمایل/ سەید بەکر / مامۆستا صەلاح/ سەید حەسەن / خوا لێی خۆش بێت حاجی عەبدولمحەمەد عەبدوڵا/ مامۆستا سەرکۆ عەزیز ئێستا لەوڵاتی سویدە. دانیشتووەکان لە ڕاستەوە: کەریم حەبیب/ حەکیم حاجی عەلی/ حەمەئەمین ئەحمەد( لالە مینە) / شەهاب حاجی عەبدولمحەمەد/ خوا لێی خۆش بێت هادی ڕەیس/ خوا لێی خۆش بێت عەبدولڕەحمان مەلا تایەر/ خوا لێی خۆش بێت عومەر حەمەفەرەج/ خوا لێی خۆش بێت جەمال حەمەفەرەج/ عەبدوڵا حاجی عەلی/ مەهدی ڕەیس/ ....../ خوا لێی خۆش بێت حەسەن شێخ قادر/ خوا لێی خۆش بێت جەمال حەمەئەمین صالح/...../ خوا لێی خۆش بێت مەجید حەمەفەرەج/ ڕزگار حەمەئەمین صالح / عوسمان مەحمود.





حاجی عەبدولکەریم فەتاح ئەحمەد یارەوەیس (١٩١٥-٢٠٠٥)



خوا لێیان خۆش بێت حەمەعەلی ئەحمەد محەمەد یارەوەیسی و خاتوو سەلمەی خێزانی



پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلوول لە هەورامان ئەوانەی ڕووبەڕووی لیواکەی زەعیم بووەنەوە لە پردی زەڵم ١٩٦٣



حاجی خالید محەمەد حەسەن یاروەیس خاڵی مەلا تایەر یاروەیسی و ڕیشسپی و برا گەورەی یاروەسییەکان (١٨٨٩/١٩٦٥)



سەرحەد یونس محەمەد عەلی سان ئەحمەد خوشکەزای مەلا تایەر یاروەیسی و ئامادەکاری ئەم بیرەوەرییانە.



سەرکـــەوت حاجی عـــــوسمان عـــــومەر مەحمـــــــود یاروەیس (١٩٦٤-٢٠١٩) برای مەلا تایەر




قوتابیانی گوندی تەپی سـەفا ٢٣-٢-١٩٦٢



ئەسعـەد بێڕەشکەیـی- داود عـەلی- شەهید ئەمجەد حاجی خالـید- مەلا تایەر
یاروەیسی، کانی دینار ساڵی ١٩٨٩



کەسوکار و خزمانی مەلا تایەر یاروەیسی لە ئۆردوگای کانی دینار ساڵی ١٩٨٩



خوا لێی خۆش بێت حاجی عوسمان یاروەیسی باوکی مەلا تایەر، کانی دینار ١٩٨٩



مامۆستایانی قوتابخانەی گوندی تەپی سەفا، نەوزادی مەلا ئەحمەد، صەلاح حەمەچاوش، شێخ شاهۆ کاردۆخی، مامۆستا حەمە فەرەج، دانیشتوەکان، تۆفیق حاجی حەمە کەریم، مامۆستا سەرکۆ عەزیز، مامۆستا عومەر محەمەد ڕەشان، گوندی تەپی سەفا ١٩٧٧



محەمەد ڕەزا مستەفا یاروەیس و مامە عـــەلی لە خزمانی جەلەولا





حاجی مەحمـــود محەمەد مەحمـــود یاروەیس مـــام و ئامـــۆزای مەلا تایـــەر یـــــاروەیسی



فەتاح ئەحمەد، لە کوردانی ڕۆژهەڵات بوو لە کۆتایی پەنجاکاندا هاتووەتە گوندی تەپی سەفا



عوسمان فەتاح ئەحمەد فەتاح مەحمود یاروەیس/ حاجـــــی عەبدولمحەمەد عـــەبدوڵا یاروەیسی/ ئەحمەد محەمەد سلێمان



قادر حەمەئەمین قادر مستەفا یاروەیس ئامۆزای مەلا تایەر یاروەیسی



خاتـــــوو ئامـــــینە محەمـــــەد عـــــەلی خێزانی مەلا تایەر یاروەیســـــی لەگەڵ ئەسعـــــەد یـــــونس محەمـــــەد بـــــرازای ئامینە و خوشکەزای مەلا تایەر ١٩٨٦



محەمەد عەبدوڵا شامراد زاوای مەلا تایەر لە گەڵ عەبدولڕەحیمی کوڕی لە شاری ڕەوانسەری ئێران ساڵی ١٩٨٧



محەمەد حاجی میرئەحمەد/ نوری محەمەد حاجی، خاڵ و خاڵۆزای مەلا تایەر یاروەیسی لە گوندی تەپەکوڕە



مەلا تایەری یاروەیسی و عەبدولڕەحیمی کوڕی لەگەڵ کارزانی شەهید عەبدولڕەحمانی کوڕی



محەمـــەدی حاجـــی موشیر و مەلا تایەر و حامیــدی حاجی خالید لەنـــــــــاو خــزمانی یاروەیسی و کەڵئاشیدا ٢٠١٧



خاتوو بەهیە حسێن کاکەسوور
خێزانی حاجی عوسمان باوکی مەلا تایەر یاروەیسی



مامۆستایانی قوتابخانەی گوندی تەپی سەفا ساڵی ١٩٨٠



شێخ حیسامەدین کوڕی شێخ محەمەدی شێخ عوسمانی تەوێڵە و چەند کەسایەتییەکی تر لە خانەقای باخەکۆن.




مام حاجی هەیەر و حاجی ئایشێ و مام حەمۆل و مستەفا و مەحمود



کامـەران کوڕی شەهید عەبدولڕەحمانی
مەلا تایەر یارووەیسی



حاجی حەمەفەرەج حاجی حەمەنەسیم حاجی مارف شاتری




شێخ مەحمود کاکە شێخ نەقشبەندی بیاوێڵەیی




خالید شەمسەدین و شێخ ناجی شێخ عەلائەدین لە ساڵی ١٩٦٣دا




ئەحمەد حاجی خالید یاروەیسی و کارزان جاف/ بیرکێ ٢٠١٧



محەمەد حاجی مەحمود محەمەد مەحمود یارووەیس، ئامۆزای مەلا تایەر یارووەیسی.



شەهید یونس محەمەد عەلی سان ئەحمەد (١٩٤٦-١٩٧٨)
زاواو ژنبرای مەلا تایەر یارووەیسی



حاجی مستەفا عەلی مەحمود یاروەیس
مام و ئامۆزای مەلا تایەر یاروەیسی (١٨٩٧-١٩٨٦)



حاجی سۆفی مارف محەمەد تەپی سەفایی لە بەرەی زۆراب و ئامۆزای یاروەیسییەکان



سەرۆکی عێلی گەورەی جاف
مەحمود پاشای حەمە پاشا



کەسایەتی دیاری شارەزوور
میرزا حەسەن نەورۆڵی




حەسەن بەگی جاف و خانەوادەکەی لە ئەستەنبوڵ ٢٠-٦-١٩٥٨





مەدرەسەی شەرعی گوندی تەپی سەفا ساڵی **١٩٥٣** گەورە پیاوانی ئایین شێخ عەبدولعەزیز پارەزانی و چەند مامۆستا و فەقێی تر لەوانە: مامۆستا سدیق عەبدولعەزیز- مامۆستا ڕەشید غوڵامی - مامۆستا مەلاکەریم مۆردینی - کە ئەو کات فەقێ بوون لە خزمەت مامۆستای پارەزانی – خوالێخۆشبوان حاجی موشیر- عەبدوڵای شامراد- محەمەدی حاجی موشیر- شەهید شەوکەتی حاجی موشیر کە یەکێك لە منالەکانە.




مستەفا- وەهاب- شەهید عەبدولڕەحمان براو ئامۆزا و کوڕی مەلا تایەر ١٩٨٦



ژن و پیاوێکی کورد لەکاتی دروستکردنی چیخ دا



شارەدێی تەوێڵە لەساڵانی شەستەکان



خانەقاو


مەدرەسەی شەرعی بیارە




شەهید عەبدولڕەحمان کوڕی گـەورەی مەلا تایـــەر (١٩٦٦-١٩٩٤) وێنەکەساڵی ١٩٨٧ لە ڕەوانسەری ئێران گیراوە



محەمەد حاجی موشیر/ حامید حاجی خالید/ مەلا تایەر یارەویسی، بیرکێ ٢٠١٧



شەهیدی سەرکردە شەوکەت حاجی موشیر
لەیەکەم ڤیستیڤاڵی عێلبەگی جاف دا ٢٠٠٢



شەهید ئەمجەدی حاجی خالید خاڵۆزای مەلا تایەر یاروەیسی
(١٩٥٥-١٩٩٦)



مـــەلا تایەری یاروەیسی لە نـــاو برا و ئامۆزاکانیدا لە ڤیستیڤاڵی جـــاف لە نزیـــک گوندی باخانی قەرەداخ٢٠١٩



حاجی موشیر محەمەد مەحمود یاروەیس و تەلیعە خانمی خێزانی



حاجی کافیه حەمەئەمین هاروونی خێزانی حاجی مستەفای یاروەیسی
مستەفا حاجی عوسمان برای مەلا تایەر یاروەیسی



مەجیدی یەکێك بووە لەو پارە کۆنانەی کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە سلێمانی بەکارهاتووە واتە سەردەمی عوسمانییەکان پێش هاتنی ئینگلیزی داگیرکەر. خەڵکی ئەم ناوچەیە بە دراوی عوسمانی مامەڵەی کڕین و فرۆشتنیان کردووە کە(قرش و قەران و لیرەی مەجیدی و لیرەی ڕەشادی بووە. دواتریش ڕووپییە و عانە بەکارهاتووە. وە دوای هاتنی مەلیك فەیسەڵ و سەربەخۆبوونی عێراق، ئەنجومەنی دراوی عێراقی دینار و فلسی ڕاگەیاند کە تا ئێستاش مامەلە بە دینارەوە ئەکرێ و بووە دراوی فەرمی.








دیناری عێراقی کۆن

فیئەی ١ دیناری




چـــــەرخی نـــــەوت و پاکەتی جمهوری بێ فیلتەر.




مامۆستا خالید عەلی قادر – محەمەد مام عەلی یاروەیسی - مەلا تایەر یاروەیسی – جەبار مەلا ئەحمەد یاروەیسی گوندی بیرکێ ٢٠١٧



کۆمەڵێك پیاوماقوڵی جاف لە نێوانیاندا حەمەئەمین حامید ساڵی ١٩٥٠





ئاڵای موجاهیدانی کوردستان لە شەڕی ڕووس دا






خوا لێی خۆش بێت شێخ حەمەئەمین عـــەبابەیلێی قائمقامی هەڵەبجە لە حەفتاکاندا



ئەحمەد محەمەد ڕەزا ئامۆزای مەلا تایەر یاروەیسی
(١٩٤٠-٢٠٠٢)



محەمەد عەلی یاروەیسی (١٩٢٥-٢٠١٩) یەکێك لە ئامۆزاکانی مەلا تایەر لە شاری بەغدا



شەهید حسێن محەمەد (١٩٥٧-١٩٧٨) ئامۆزای مەلا تایەر یاروەیسی



سەرحەد یونس محەمەد ئامادەکاری ئەم بیرەوەرییانە
لە ناو پیاوانی نوورانی و ڕۆحپاکی هەورامانی تەختدا کە لەسەر کۆتەرە دارێك
لەبەردەم مزگەوتەکەیاندا دانیشتوون، ساڵی ٢٠١٨



لۆریی پای هۆکاری گواستنەوە لە ساڵانی پەنجا و شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا



پاسی پۆڵەندی هۆکاری گواستنەوە لە ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکانی
سەدەی ڕابردوودا





پیشەی دەستیی هەجێجییەکان



مەشکەی گوێرەوەس بە بنمیچی ئاگردانەوە بۆ دوکەڵ خواردن





مام جەلال و شێخ حەمەئەمین و کۆمەڵێك پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول/٦٢




هەڵەبجە ساڵی ١٩٢١



هیزە و ڕۆنی کوردی



وێنەی گەڕەکی بەرکێو لە سەیدسادق ساڵانی حەفتاکان




قوتابیان و مامۆستایانی قوتابخانەی گوندی تەپی سەفا ساڵی ١٩٧٠



مەلا تایەر حاجی عوسمان - مارف حاجی عوسمان- سەرحەد یونس




مامۆستا تاهیر بامۆکی و مامۆستا حەسەن شەمێرانی و مامۆستا حەمەیوسف وکۆمەڵێک میوانی تر لە دیوەخانی مەلا تایەر یاروەیسی لە گوندی تەپی




سەفاساڵی ٢٠١٨

مامۆستا حەسەن شەمێرانی- مامۆستا جەمال حاجی احمد- مامۆستا جەلال حاجی تایەر- مەلا تایەر یاروەیسی و ئامینە خانمی خێزانی- مامۆستا تاهیر



لە ڕاستەوە: ئەندازیار عەبدولڕەحیم مەلا تایەر/ سەرحەد یونس محەمەد/ مەلا تایەری یاروەیسی جاف/ ئالان شەوکەت حاجی موشیر٢٠٢٠



لە ڕاستەوە: ڕاوێژ عەبدولڕەحیم مەلا تایەر/ ئالان شەوکەت حاجی موشیر/ سەرحەد یونس محەمەد/ عەبدولڕەحیم مەلا تایەر ٢٠٢٠



خەدیجە عومەر مەحمود یاروەیس پوری مەلا تایەر یاروەیسی،
ئەو منالەش دکتۆر هەڤاڵی مامۆستا نەجیمی کوڕییەتی بە
باوەشییەوە، لە ساڵانی شەستەکان وێنەکە گیراوە.



مەحمود محەمەد سان ئەحمەد شەمێرانی لە
خاڵوانی مەلا تایەر یاروەیسی

## نووسەر لە چەند دێڕێکدا:

– سەرحەد یونس محەمەد عەلی.

– لەدایکبووی پایزی ١٩٧٠ گوندی شەکرالی، ناحیەی سیروان، پارێزگای هەڵەبجە.

– دەرچووی کۆلیجی یاسا و ڕامیاری، بەشی زانستە سیاسییەکانە و ماوەی ٢٦ ساڵە فەرمانبەرە لە وەزارەتی دارایی و داد و پاشان ئەنجوومەنی دادوەری.

– بۆ ماوەی ٤٦٧ ڕۆژ لەگەڵ خانەوادەکەی لە شاری ناسرییەی باشووری عێراق زیندانی کراون.

– خێزاندارە و باوکی چوار کچ و دوو کوڕە.

– ژمارەی مۆبایل: ٠٧٥٠١٨٧٣٠٤٢ -٠٧٧٢١٥٩١٩٧٣

## بەرهەمەکانی نووسەر

❊ لە شارەزووروەوە بۆ ناسرییە/ بیرەوەری، لە ساڵی ٢٠١٨.

❊ پێغەمبەر و پێغەمبەرناسی لە ڕووانگەی پەیامەکانی نوورەوە، ساڵی ٢٠١٩.

❊ ئەم کتێبەی بەردەستت ٢٠٢٠.

## لیستی کتێبەکانی دەزگای فام(٢٠١٩)

١- پێگەیشتن، بیرەوەرییەکانی میشێل ئۆباما، میشێل ئۆباما، وەرگێڕانی: هێما ئەحمەد.
٢- تیۆری فستق، گەشەپێدانی مرۆیی، فهد عامر الاحمدي، ئاودێر ئەحمەد قەمتەرانی.
٣- زانکۆ بەخێرهاتنت دەکات، ڕێبەر بۆ فێرخوازانی زانکۆ، جاسم بن هارون الهارون، ئاودێر ئەحمەد قەمتەرانی
٤- زازانا، ڕۆمان، کامەران خۆشناو.
٥- ئەتەکێتی سەردەمییانە، چۆنییەتی هەڵسوکەوتی ڕۆژانە بۆ گەیشتن بە لووتکە، ئەتەکێت، دۆرسیا جۆنسن، لیڤ تایلەر، وەرگێڕانی: کۆمەڵێك وەرگێڕ.
٦- پێغەمبەر و پێغەمبەرناسی، ئایینی، سەرحەد یونس محەمەد.
٧- هێزی ئێستا، ڕۆحانی، ئێکهارت تۆڵێ، وەرگێڕانی: بنار جەبار
٨- جثثُ أحلامٍ، شعر، نركز ادريس شكر.
٩- ضجيج أبْكَمْ، شعر، إليسا حاجو.
١٠- زنجیرەی ڕەوشتە باشەکان، منداڵان (٨ کتێب)، وەرگێڕانی: کەوسەر تەها
١١- زنجیرەی خێزانەکەم، منداڵان (٤ کتێب)، وەرگێڕانی: کەوسەر تەها.

## لیستی کتێبەکانی دەزگای فام (٢٠٢٠)

١- نیل بە سارای سیناوە، گەشتنامە، کەریم کاکە.
٢- سەما لەگەڵ ژیان، ژیاندۆستی، مەهدی ئەلموسەوی، وەرگێڕانی: ئاودێر ئەحمەد قەمتەرانی.
٣- دەمەوێ بژیم، ژیاندۆستی، مەهدی ئەلموسەوی، وەرگێڕانی: ئاودێر ئەحمەد قەمتەرانی.
٤- چوار ڕێککەوتنەکە، پەرتووکی ژیرییەتی شارستانییەتی تۆڵتیکەکان، گەشەپێدانی مرۆیی، دۆن میگێڵ ڕیز، وەرگێڕانی: کاژین ئەحمەد.
٥- ڕێکخستن، هونەری ژاپۆنییەکان بۆ نەهێشتنی ئاڵۆزی و ڕێکخستنی ماڵ، هونەری ڕێکخستنی ماڵ، ماری کۆندۆ، وەرگێڕانی: هێما ئەحمەد.
٦- ئەقڵییەت، گەشەپێدانی مرۆیی، کارۆڵ دوێك، وەرگێڕانی: بنار جەبار.
٧- ئاشتی لە هەموو هەنگاوێکدایە، گەشەپێدانی ڕۆحی، تیك نیۆت هان، بنار جەبار.
٨- کوردستان لە سیاسەتی ڕۆژئاوادا، خوێندنەوەی ستراتیژی، سەروەر حەمە ئەحمەد.
٩- مرۆڤی بێخود، فیکری، د. عەلی شەریعەتی، وەرگێڕانی: بەڵێن ئەنوەر.
١٠، بە بەتاڵی بمرە، گەشەپێدانی مرۆیی، تۆد هێنری، کۆمەڵێك وەرگێڕ.
١١- حەکایەتی کوردی، ئەفسانەی کوردەواری، م. ب. ڕوودینکۆ، وەرگێڕانی: ڕەنجدەر ئازاد عەزیز.
١٢- سێ کچەکەی حەوا، ڕۆمان، ئەلیف شەفەق، وەرگێڕانی: فەرهاد چۆمانی.
١٣- دواهەمین کاتژمێری ئێمە، زانستی (فیزیا)، مارتن ڕیس، وەرگێڕانی: بنار جەبار.
١٤- مرۆڤ زەوی نەدۆزیوەتەوە، ڕۆمان، دڵزار حەسەن.
١٥- ژووری ڕووداوەکان، یادەوەرییەکان لە کۆشکی سپییەوە، بیرەوەری، جۆن بۆڵتن، کۆمەڵێك وەرگێڕ.